د. عەبدولڕەحمان عالم

# بنەماکانی
# زانستە سیاسیەکان

وەرگێڕانی
دلاوەر عەبدوڵڵا – محەمەد کەریم

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٢

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لەبوارە هەمەجۆرەکاندا.


**بنەماکانی زانستە سیاسیەکان**

**د. عەبدولڕەحمان عالم**

**وەرگێڕانی: دلاوەر عەبدوڵڵا – محەمەد کەریم**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران**

**سلێمانی . ٢٠١٢**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ١٩١٢) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**زنجیرە: (٤٨٥)**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

سەرپەرشتیاری کتێب

**عوسمان حەمەرەشید گورون**

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی وەرگێڕ ........................................ | ٧ |
| پێشەکی نووسەر ........................................ | ٩ |
| بەشی ١:<br>پێناسە، کرۆك و جەوهەری زانستە سیاسیەکان | ١٢ |
| **١- ناساندنێکی بەرایی ........................................** | **١٢** |
| **٢- پێناسەی زانستە سیاسیەکان ........................................** | **١٧** |
| **٣ - مەیدانی زانستە سیاسیەکان ........................................** | **٢٣** |
| **٤ - پۆلێنکاری زانستە سیاسیەکان ........................................** | **٢٦** |
| **٥ - ئایا سیاسەت زانستە؟ ........................................** | **٢٧** |
| **٦ - رۆڵی زانستە سیاسیەکان لەدیموکراسیدا ........................................** | **٣٢** |
| بەشی ٢:<br>میتۆدەکانی زانستە سیاسیەکان | ٣٦ |
| **١ - پرسی میتۆدۆلۆژیا ........................................** | **٣٦** |
| **٢ - میتۆدەکانی زانستە سیاسیەکان ........................................** | **٣٨** |
| **٣ - هەندێك لەشێوازەکان ........................................** | **٤٥** |
| بەشی ٣:<br>زانستە سیاسیەکان و لقە هاوبەندەکان | ٦٤ |
| **پەیوەندییە نوێیەکان ........................................** | **٦٤** |
| بەشی ٤:<br>چەمکە نوێیەکانی زانستە سیاسیەکان | ٩١ |
| **١- ئایدیۆلۆژیا ........................................** | **٩٢** |
| **٢ – هێز ........................................** | **٩٧** |

| | |
|---|---|
| ٣- دەسەڵات ........................................................................ | ١١٢ |
| ٤ – ڕەوایی ........................................................................ | ١١٨ |
| ٥ – تازەگەری ........................................................................ | ١٢٣ |
| ٦ - کەلتووری سیاسی ........................................................ | ١٢٨ |
| ٧ - سیاسی بونی کۆمەلگا ........................................................ | ١٣٤ |
| فاکتەرە سەرەکیەکانی سیاسی بونی کۆمەلگا ........................ | ١٣٦ |
| ٨ - گەشەکردنی سیاسی ........................................................ | ١٤٠ |
| ٩ - جموجۆڵی کۆمەلایەتی ........................................................ | ١٤٧ |
| بەشی ٥:<br>دەوڵەت، نەتەوە | ١٥٥ |
| ١ - دەوڵەتی نوێ و توخمەکانی ........................................ | ١٥٥ |
| ٢ - چەمکی سیستمی سیاسی ........................................ | ١٧٣ |
| ٣ - نەتەوەو ڕەگەز ........................................................ | ١٧٧ |
| ٤ - سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم ........................................ | ١٨٤ |
| بەشی ٦:<br>تیۆرەکانی ئاخیزگەی دەوڵەت | ١٩٢ |
| ١- تیۆری ئاخیزگەی یەزدانی ........................................ | ١٩٢ |
| ٢ - تیۆری زەبروزەنگ ........................................................ | ٢٠٠ |
| ٣ - تیۆری ژینالۆژی ........................................................ | ٢٠٦ |
| ٤ - تیۆری سروشتیانەی ئەرستۆ ........................................ | ٢١١ |
| ٥ - تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی ........................................ | ٢١٢ |
| بەشی ٧:<br>کامڵبونی دەوڵەت | ٢٥٣ |
| ١ - تیۆری کامڵبون یان مێژوویی دەوڵەت(فاکتەرەکانی پێکهێنەری دەوڵەت) | ٢٥٣ |
| ٢ - گەشەکردن و گۆڕانی دەوڵەت ........................................ | ٢٦٣ |
| ٣ - هەنگاوەکانی گۆڕانی دەوڵەت ........................................ | ٢٧٦ |
| بەشی ٨:<br>جەوهەر و ئامانجەکانی دەوڵەت | ٢٧٩ |

| | |
|---|---|
| ١ - جەوهەری دەوڵەت ............................................................ | ٢٧٩ |
| ٢- دەوڵەت: ئامانج یان ئامڕاز؟ .................................................... | ٢٨٧ |
| ٣ - ئامانجەکانی دەوڵەت ............................................................ | ٢٩١ |
| بەشی ٩: سەروەری | ٢٩٦ |
| ١ - سروشتی سەروەری ............................................................ | ٢٩٦ |
| ٢ - مێژووی سەروەری ............................................................ | ٣٠٤ |
| ٣ - جۆرەکانی سەروەری ............................................................ | ٣٠٨ |
| ٤ - سەروەری پلۆرالیزمی ............................................................ | ٣١٦ |
| بەشی ١٠: ریزبەندی حکومەتەکان | ٣٢٥ |
| ١ - ریزبەندی کۆن و نوێی حکومەت ............................................................ | ٣٢٧ |
| ٢ - فۆرمە کلاسیکیەکانی حکومەت ............................................................ | ٣٣٧ |
| ٣ – دکتاتۆری ............................................................ | ٣٤٦ |
| ٤ – فاشیزم ............................................................ | ٣٥٣ |
| بەشی ١١: دیموکراسی | ٣٥٨ |
| ١ - واتاو پێناسەی دیموکراسی ............................................................ | ٣٦٠ |
| ٢ - بنەماکانی حکومەتی دیموکراسی ............................................................ | ٣٦٢ |
| ٣ - جۆرەکانی دیموکراسی ............................................................ | ٣٦٦ |
| ٤ - کارابیەکانی دیموکراسی ............................................................ | ٣٦٧ |
| ٥ - خەوشەکانی دیموکراسی ............................................................ | ٣٧١ |
| ٦ - هەلومەرجەکانی سەرکەوتنی دیموکراسی ............................................................ | ٣٨١ |
| ٧ - رێچکەکانی دیموکراسی راستەوخۆ ............................................................ | ٣٨٦ |
| بەشی ١٢: حکومەتە سەرۆکایەتی و پەرلەمانیەکان | ٣٩٤ |
| ١ - ئۆرگانەکانی حکومەت ............................................................ | ٣٩٤ |
| ٢ - جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ............................................................ | ٣٩٦ |

| | |
|---|---|
| ٣ - كۆنترۆڵ و هاوسەنگیەکان ........................................................ | ٣٩٩ |
| ٤ - فۆرمی حکومەتی پەرلەمانی .................................................... | ٤٠٢ |
| ٥ - فۆرمی حکومەتی سەرۆکایەتی ............................................. | ٤٠٧ |
| ٦ - بەراوردکاری حکومەتی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ...................... | ٤٠٨ |
| بەشی ١٣:<br>حکومەتە تاك فۆرم و فیدراڵەکان | ٤١٢ |
| ١ - حکومەتی تاك فۆرم .............................................................. | ٤١٢ |
| ٢ - فیدراڵ و کۆنفیدراڵ ............................................................. | ٤١٦ |
| بەشی ١٤:<br>پارتە سیاسیەکان، گروپەکانی فشار | ٤٢٢ |
| ١- پێناسەو جەوهەری پارتە سیاسیەکان ......................................... | ٤٢٢ |
| ٢ - ئەرکەکانی پارتە سیاسیەکان ................................................. | ٤٢٨ |
| ٣- شایستەیی و خەوشەکانی سیستمی پارتایەتی .......................... | ٤٣٢ |
| ٤ - سیستمەکانی پارتایەتی ......................................................... | ٤٣٣ |
| ٥ - گروپەکانی فشار .................................................................. | ٤٣٩ |
| بەشی ١٥:<br>رای گشتی و میدیاکان | ٤٥٠ |
| ١ - رای گشتی چییە؟ .................................................................. | ٤٥٠ |
| ٢ – میدیا .................................................................................. | ٤٥٣ |
| بەشی ١٦:<br>دەوڵەتی خۆشگوزەران | ٤٦٢ |
| ١ - دەوڵەتی خۆشگوزەران چییە ؟ ................................................. | ٤٦٣ |
| ٢ - ئەرکەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران .......................................... | ٤٦٥ |
| سەرچاوەکان | ٤٧٢ |

# پێشەکی وەرگێر

## سەرەتا بابزانین نووسەر کێیە؟

دکتۆر عەبدولڕەحمان عالم لەساڵی ١٩٥٠ لەشاری ئەردەبیل لەدایکبووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزانستە سیاسیەکانو لەساڵی ١٩٧٤ ماجستێری لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان وەرگرتووە. لەساڵی ١٩٨٥ لەکۆلێژی مافو زانستە سیاسیەکانی زانکۆی تاران بەئاستی دکتۆرا گەیشتووەو چۆتە ریزی کۆمیتەی مامۆستایانی زانکۆی تاران.

نووسەر جگە لەکاری وەرگێڕانی بابەتگەلێکی زۆر لەبوارەکانی ئاڕاستە سیاسیەکان، چەپی ناسیۆنالیست لەجیهانی عەرەبو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانو رەخنەو لێکۆڵینەوەکان، خاوەنی ئەم بەرهەمانەشە:

١- چەمکی دەستدرێژی لەیاسا نێودەوڵەتیەکان (بەهاوکاری).

٢- دەستدرێژی عێراق بۆسەر ئێرانو هەلوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان (بەهاوکاری).

٣- بنەماکانی زانستە سیاسیەکان.

٤- مێژووی فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوا (بەرایی تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست).

٥- مێژووی فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوا (چاخی نوێو سەدەی نۆزدە).

٦- هزری سیاسی چینی دێرین.

ئەم کتێبە یەکێکە لەکتێبە دەگمەنەکانی دونیای زانستە سیاسیەکان. هەڵبژاردەیەکە دەکرێت وەك بنەمایەکی سەرەتایی یان بلێین ئەلفو بێی سیاسەت سەیری بکەین بۆ قۆناغەکانی خوێندن، کە نووسەریش بۆ هەمان مەبەست نوسیوێتی. لەگەڵ ئەوەشدا

هەوڵدراوە بەزمانێكی ئاسانو مایەی تێگەیشتنو دوور لەئاڵۆزی وەربگێردرێتە سەر زمانی كوردی.

دیارە لەرووی زاراوەوە لەوانەیە دوچاری گەلەك ئاستەنگ هاتبین، بەڵام چونكە زانستەكە، وەك نووسەر ئاماژەی بۆ كردووە، خۆی هەڵگری گەلێك ناكۆكی و دژ بەیەكییە، ناچاربووین بۆ زاراوەكان تەنها پشت بەخودی دەقەكە نەبەستینو پشت بەباوی زاراوەكان ببەستین. بۆ نمونە لەدیاریكردنی ناونیشانی كتێبەكەدا لەجێگای (بنەماكانی زانستی سیاسەت) هاتووین (بنەماكانی زانستە سیاسیەكان) مان داناوە، كە بەرامبەرە لەگەڵ (principles of political science)

سەبارەت بەدەقەكە نووسەر خۆی لەپێشەكییەكەیدا هەموو شتێكی روونكردۆتەوەو بەباشی مەبەستو ئامانجەكانی شیتەڵ كردووە، بەڵام لەرووی وەرگێڕانەكەیەوە كتێبەكە هەڵبژاردەی هاوڕێم كاك (محمد كەریم) بوو، كە لەسالی ٢٠٠٨ دەستمكرد بەوەرگێڕانی، دەرفەت بواری نەدا لەكاتی خۆیدا تەواوی بكەمو هاوڕێم كاك (محمد كەریم)یش تەنها چوار بەشی وەرگێڕاو ئیتر بۆ من ئەركەكە گەورەتر بوو. پیاچوونەوەشی بۆ من لەوەرگێڕانەكەی بەئەركتر بوو، ئەوەش هۆیەكی تری دواكەوتن بوو. هەرچۆنێك بێت هیوادارم توانیبێتم پەیامو ئامانجی نووسەرم گەیاندبێت.

# پێشەکی نووسەر

لەدێر زەمانەوە زانستە سیاسیەکان بەباوکی زانستەکان ناوبراوە. ئەم وتەیە ئەمڕۆ وەك لاف لێدان دێتە بەرچاو، بەڵام لەحەقیقەتیشەوە دوورنییە. لەکۆمەڵگەی ئەمڕۆدا سیاسەت بەجۆرێك ئاوێتەی ژیان بوە، کەهەمووان جاربەجارێك دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەن یان کاریگەری لەسەر دادەنێن یان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مادیو مەعنەوی بەجۆرێك لەجۆرەکان هاوبەندی سیاسەت دەبێتو لەم ڕێگایەشەوە سیاسەت دەچێتە ئاستێکەوە، کە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووریو کەلتووری لەخۆدەگرێت.

ئەرکی زانستە سیاسیەکان ناساندنی سیاسەتەو بەهۆی ئەو پەیوەندییەی سیاسەت لەگەڵ هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیەتی، زانستە سیاسیەکانیش بەناچاری هاوبەندی هەموو زانستەکان دەبێت، کە هەریەکەیان ئەرکی ناساندنی لایەنێکە لەلایەنەکانی ژیانی مادی و مەعنەوی لەئەستۆدایە، سود لەدەستکەوتە زانستیەکانیان وەردەگرێت و وەك باوکی زانستەکانیش دەمێنێتەوە. بەهۆی شوێنگەیەکی لەوجۆرەوە زانستە سیاسیەکان لەنێو زانستەکاندا، بەتایبەتی زانستی کۆمەڵایەتی، جێگایەکی بەرجەستەی هەیەو لایەنگرانی زۆر بۆلای خۆی کێش دەکات تا فێریان بکاتو بۆ لەئەستۆگرتنی کارو فەرمان ئامادەیان بکات. لەپێناوی وەرگرتنی ئەم پەروەردەیەو بەدەستهێنانی ئامادەگی ئاشنابوون بەپرنسیپ، چەمكو بنەمای زانستە سیاسیەکان، وەك هەر زانستێکی دیکە پێویستە. بنەماکانی زانستە سیاسیەکان ئەو ئەرکەیان لەئەستۆ گرتووە تاخوێندکارانی زانستە سیاسیەکان بەو پرنسیپ، چەمكو بنەمایانە ئاشنا بکات.

لەنووسینی بنەماکانی زانستە سیاسیەکاندا هەوڵمداوە بەخستنەڕووی بابەتی پێویست خوێندکاران ماهیەتی چالاکیە سیاسیەکان، چۆنیەتی پەیدابونی دامەزراوە سیاسیەکان و شوێنگەی سیاسەت لەزەمینەی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی، بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی بناسێت. لێکۆڵینەوەکانی ناو ئەم کتێبە کۆمەك بەخوێندکاران دەکات وانە تایبەتمەندەکانی زانستە سیاسیەکان بەدەستبێنن و لە خوێندنەوەی سیاسەتدا زیاترو باشتر سوودمەند ببن.

لەنوسینی ئەم کتێبەدا سوودم لەسەرچاوەی جۆربەجۆر وەرگرتوە. ئەم سەرچاوانە هەر لەسەرەتاوە دەکرێت بۆ دوو دەستە دابەش بکرێن: سەرچاوەکان بەزمانی فارسی و سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی. بۆ زمانی فارسی لەبواری پرنسیپ و بنەمای زانستە سیاسیەکاندا ئێستا چەند کتێبێکی دانان یان وەرگێڕان لەبەردەستدایەو هەندێکیان خاوەنی بەهایەکی زانستی بەجێن. ریزکردنی ناوی ئەو کتێبانە لێرەدا سودێکی نییە، بەڵام لەپەڕاوێزو پاشکۆکاندا پێیان ئاشنا دەبیت. دەربارەی سەرچاوە ئینگلیزیەکانیش دەبێت باس لەوەبکەم، کە زۆربەیان لەکتێبخانەی کۆلیژی یاساو زانستە سیاسیەکان، کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی باڵای نێودەوڵەتی زانکۆی تاران و کتێبخانەی ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی سیاسیو نێودەوڵەتی وەزارەتی دەرەوەدا هەیە. ئەم رستە سەرچاوەیەی ئەم نوسینە زۆربەیان چاپی ئەمەریکاو ئینگلستانن، بەڵام لە سێ کتێبی چاپی هندستان و کتێبێکی نوسەرێکی ئەفریقایش سوودم وەرگرتوە.

بنەماکانی زانستە سیاسیەکان لە شانزە بەشدا رێکخراوەو خراوەتەڕوو. لەبەشی یەکەمدا پاش ناساندنی بەرایی ژیانی سیاسەت، باس لەپێناسە، تخوب و دابەشکاری زانستە سیاسیەکان کراوەو هەوڵدراوە کرۆك و ماهییەتی ئەم زانستە پێناسە بکرێتەوە. بەشی دووەم تایبەتە بەروونکردنەوەو دیاریکردنی میتۆدی زانستە سیاسیەکان و لەو میانەشدا باس لەشێوازە باوەکانی لێکدانەوەی سیاسیو رەوتەکانی ئەم زانستە کراوە. بەشی سێیەم پەیوەندییەکانی زانستە سیاسیەکان لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە پیشان دەداتو لەبەشی چوارەمیشدا هەندێك لەگرنگترین چەمکە نوێیەکانی زانستە سیاسیەکان وەك ئایدیۆلۆژیا، دەسەڵات، دەسەڵاتی یاسایی، رەوایی، تازەگەری و...هتد رونکراوەتەوە. بەشی پێنجەم خوێندنەوەیەکە بۆ ناسینی دەوڵەتو نەتەوەو لەم بەشەدا

توخمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتو فاکتەرەکانی پەیدابونی نەتەوەو گەشەکردنی رۆحی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێتەوە. لەبەشی شەشەمدا ئەو تیۆرانەی سەرچاوەی دەوڵەت رووندەکەنەوە خراوەتە بەرباسو لێکدانەوەو لەبەشی حەوتەمدا درێژەی پێدراوە، کە تایبەتە بەراڤەکردنی گۆڕانو مێژوویی و ناساندنی جۆرە بەرایییەکانی دەوڵەت. بەشی هەشتەم ماهیەت و ئامانجەکانی دەوڵەت شرۆڤە دەکات و لەوبەشەدا ماهییەتی دەوڵەت لەدیدی تیۆری ئۆرگانیکی و ئەوەی ئایا دەوڵەت ئامڕازە یان ئامانج راڤەکراوە. لەفەسڵی نۆیەمدا سروشتی حوکمڕانێتی و جۆرەکانی دەناسێنرێت. ریزبەندی حکومەتەکان ناوەڕۆکی بەشی دەیەمی پێکهێناوە. لەم بەشەدا پاش لێکۆڵینەوە دەربارەی ریزبەندی کۆنو نوێی حکومەتەکان باس لەفۆرمە کلاسیکیەکانی حکومەت کراوە. بەشی یانزە لەسەر دیموکراسیو پرسەکانێتیو پێناسەی دیکەی فۆرمەکانی حکومەت لە بەشەکانی دوانزەو سیانزەدایە. لەبەشی چوارەدە باس لە پارتە سیاسیەکانو گروپەکانی فشار کراوەو پاشان پارتی سیاسی، سیستمەکانی پارت و گروپەکانی فشار پێناسەکراوە. لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رای گشتیو میدیاکان ناوەڕۆکی بەشی پانزەیەو کتێبەکە بەهەندێك رونکردنەوە سەبارەت بەدەوڵەتی خۆشگوزەران کۆتایی دێت.

-١-

# ( پێناسە، کرۆك و جەوهەری زانستە سیاسیەکان )

## ١- ناساندنێکی بەرایی:

هزری سیاسی لە سەردەمی دێرین و لە خۆرئاوا لە یۆنانەوە دەستیپێکرد، بەڵام زانستە سیاسیەکان، وەکو لقی خوێندنی باڵا تا رادەیەك نوێیەو لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا گەشەی کردووە. بەرلەوە لێکۆڵینەوەو بایەخپێدانی بەردەوامی سیاسەت بە تەنها پاوانی میرەکان، سیاسەتمەداران، فەیلەسوفان و یاساناسان بوو. خەڵك لە کاروباری گشتیدا رۆڵیان نەبوو، هێندەش بایەخیان بە سیاسەت و تیۆریزەکردنی سیاسەت نەدەدا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی نوێ‌و ناسیۆنالیزم پاوانکردنی زانستە سیاسیەکان کۆتایی هات و سیاسەت گشتگیر بوو. فراوانبوونی پەروەردەو فێرکردن بوو بەهۆی گەشەکردنی زیاتری هۆشیاریی سیاسی کۆمەڵانی خەڵك و لەم رێگەیەشەوە خەڵك رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لە رووداوە سیاسیەکاندا بەشدارییان کرد. ئیدی هیچ سیاسەتمەدارێك یان بیریارێك نەیدەتوانی خەڵك فەرامۆش بکات. رای گشتی گرنگییەکی زۆری پەیداکردو بەمپێیە نەك تەنها حکومەتەکان، بەڵکو گروپە رێکخراوەکان‌و پارتە سیاسیەکانیش هەوڵێکی زۆریاندا بۆئەوەی کار لە رای گشتی بکەن. کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە فراوانەکان بوون بە تایبەتمەندی رەوتە سیاسیەکان. پێکهاتەی پارتایەتی بەرەو کامڵبون هەنگاوینا تا لە هەڵبژاردندا رۆڵی ململانێ تا ئاستی سەرکەوتن بباتە پێشێ‌و لەماوەی نێوان هەڵبژاردنەکاندا بۆ راکێشانی لایەنگرانی زیاتر بواری فراوانتر بۆ پروپاگەندەکردن برەخسێنێت. تەنها لەم رێگەیەوە پارتە سیاسیەکان توانیان دەسەڵاتی سیاسی بەدەستبێنن، بەرنامەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن و ئەگەری دیموکراسیبونی فراوانی سیاسەتێکی پراکتیکانە دەستەبەر بکەن. تیۆری سیاسی ناتوانێ ئەم هەلومەرجە نادیدە بگرێت. بەمپێیە ئەمرۆ دەگوترێ هەموو دەسەڵاتدارییەکی سیاسی هی خەڵکە، هێزی سیاسیش دەبێ لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا کاربکات. لە راستیدا هەنوکە تیۆری سیاسی دەزگا

جۆراوجۆره سیاسیەکان هەڵدەسەنگێنێت و تاوتوێیـان دەکـات بۆئـەوەی بزانێـت، کـە ئایـا ئـەو دەزگایانــە ئــەوەیان لەتوانادایــە بەرژەوەندییــەکانی جــەماوەر دابــین بکــەن یــان نــا. ئــەمڕۆ خۆخەریککردن بە تیۆری سیاسییەوە چیتر بۆکاتی بێئیشی کەسانێك نییـە، کـە غـەمی نانیـان نییە، بەڵکو کاری هەموو ئەوکەسانەیە کە حەزیان لێیەتیو دەیانەوێت سیاسەت تیۆریزە بکـەن تا رەوتە سیاسیەکان ئاشکرا بکەن.

بەڵام توێژینەوە لە سیاسەتەکان و لە لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسیەکاندا دژوارییـەکی گـەورە هەیە. هەروەك (یلینێـك - Jellink) بـە روونـی وتویـەتی، هـیچ زانـستێك هێنـدەی زانـستە سیاسـیەکان پێویـستی بـە زاراوەی زانـستی ورد نییـە. زاراوە زانـستیەکانی ئـەم زانـستە واتـای وردیان نییەو گرنگی زمانەوانی، بـەکارهێنانی گـشتی و واتـای زانـستی ئـەم زاراوە زانـستیانە زۆرجار جیاوازییان هەیە و دەبنە هۆی سەرلێشواندن و دەبنە هـۆی ئـەوەی زانـستە سیاسـیەکان ورد نەبێت .

ســەبارەت بــە زاراوە زانــستییەکانی زانــستە کۆمــەڵایەتییــەکانی دیکــەش کــەموزۆر ئــەم سەرلێشێواوی ورد نەبوونە هەیە، بـەڵام زانـستە سیاسـیەکان بـە شـێوەیەکی تایبـەتی کەوتۆتـە بەرهێرشە توندەکانی زاراوە تەم و مژاوییەکانەوە. (کاتلین - Catlin) پێیوایـە، کـە لـە باسـە سیاسـیەکانی زانـستە سیاسـیەکاندا بەدەگمـەن زاراوەیـەك هەیـە تـەم و مـژاوی نـەبێت. زانـستە سیاسیەکان تا رادەیەك ئەم کەموکوڕییەی وەکو میراتێك لە ئەدەبیاتی کۆن و پێشووی خۆیـەوە بۆماوەتەوە، بەڵام زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە زانستە سیاسیەکان زانـستێکی زینـدوەو روو لە گەشەکردنە. زاراوە زانستیەکانی زانستی سیاسـەت بـەهۆی ئـەو رەواجـە گـشتی و باوانـەوەی هەیانــە پــاکیزەیی خۆیــان لەدەســت دەدەن و توشــی جۆرەهــا ناڕۆشــنی دەبــن. هەنــدێ لەسیاســەتمەداران و یاساناســان، کــە ئــەنجامی بــە هەڵــە بــەکارهێنانی زاراوە زانــستییە جۆراوجۆرەکانی زانـستە سیاسـیەکانیان بـەلاوە گـرنگ نییـە، لـە قسەو نوسـینەکانی خۆیانـدا بەکاریـدێنن و دەبنـە هـۆی لێڵـی لـە تێگەیـشتندا. ئـەمجۆرە کەسـانە لـە راسـتیدا گـوێ بـە بــەکارهێنانی راســت و وردی زاراوە زانــستیە سیاســیەکان نــادەن، بــەڵکو بــۆ دروســتکردنی کاریگەریی یان کارتێکردن بەکاریدێنن. لەلایـەکی دیکـەوە بیرۆکـەی نـوێ و تیـۆری نەبیـستراو بڵاودەبنەوەو لە ئەنجامدا زاراوەی نوێ رەواج پەیدادەکەن و هەندێکجار وشە کۆنەکان لەمانایەکی

نوێدا بەکاردێن. ڕەنگە هەلومەرجێکی لەوجۆرە بۆ زانستێك کە ڕوو لەگەشەکردنە، قابیلی خۆلێلادان نەبێت، بەڵام بیرکردنەوەی روون و لێکتێگەیشتن دەشێوێنێت.

سیاسەتوانان ئاگاداری ناتەواوی زاراوە زانستیەکانن و جاری واش هەیە هەوڵێك دەخرێتەگەڕ بۆئەوەی زاراوەکان بە دروستی پێناسە بکرێنەوەو بەکاربهێنرێن، بەڵام ڕێگایەکی دوورودرێژ لەپێشەوەیە بۆئەوەی سەرئەنجام زانستە سیاسیەکان ببنە خاوەنی مانای ورد بۆ زاراوە زانستیەکانی خۆی.

سەرلێشێواوی و نەبوونی یەکدەنگی سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوە زانستییە سیاسیەکان تەنانەت ناوی زانستە سیاسیەکانیش دەگرێتەوە. هەندێ لە بیریاران و توێژەران زانستە سیاسیەکان (Political science ) بەکاردێنن، بەڵام هەندێکی تر هێشتا لایەنگری لەشێوازە یۆنانییە کۆنەکەی واتە سیاسەت (Politic ) دەکەن. گروپی سێیەم ناویان ناوە سیاسەتی تیۆری (Theoretical politic). سەرئەنجام گروپێکی تر بەزانستی سیاسی ( Political scienece) دەزانن نەك زانستی سیاسەت (the political science). دیارە ئەم ناولێنانانە روون نین و بەتایبەتی ئەوکاتەی کە زاراوەی سیاسەت واتە زاراوەی زانستی باوی یۆنانی بەکاربێنین، کە هەم مانای زانستە سیاسیەکان و هەم مەبەست لە خودی سیاسەتیشە یان سیاسەتی تیۆری و پراکتیکی دەگرێتەوە[١].

زاراوەی سیاسەت (politics) لە وشەی یۆنانی پۆلیس ( polis- شار) وەرگیراوە. (ئەرستۆ) وتویەتی: (مرۆڤ بەحکومی (physis) بوونەوەرێکە کە بۆ ژیان لە polis رسکاوە)[٢]. لەڕوانگەی یۆنانییەکانەوە سیاسەت زانستێکی پەیوەست بەکاروباری شارێکەوە بوو، بەڵام لە یۆنان شارو دەوڵەت قابیلی لێکجیابوونەوە نەبوون. یۆنانییەکان لە جێگایەکدا دەژیان کە ئێمە ئەمڕۆ ئەو شوێنانە بە (دەوڵەت - شار- city-stat ) ناودەبەین. هەموو (دەوڵەت - شار)ێك، شارو دەوروبەری و زەوییەکانی چواردەوری دەگرتەوە. جگە لەوەش وشەی (پۆلیس) لە زمانی یۆنانیدا تەنها ( شار )ی نەدەگرتەوە، بەڵکو بە واتای (قەڵا )،( دەوڵەت) و (کۆمەڵگا)ش بەکاردەهات. (حەمیدی عینایەت) لە پێشەکی وەرگێڕانی فارسی کتێبی (سیاسەت)ی (ئەرستۆ)دا ئەوەی روونکردۆتەوە کە:

**(واتای شار لەگەڵ - polis - ی یۆنانیدا جیاوازییەکی ئاشکرای هەیە. شار وەك شوێنی ژیانی خەڵك لەیۆنانیدا پێیان دەگوت (asty). (polis) لە سەرەتادا**

**قەڵایـەك بـوو لـەخوار ( asty)ەوە دروسـتدەکرا، بـەڵام واتاکـەی گـۆڕاو بـە واتـای کۆمـەڵگای ڕێکخـراوی سیاسـی بـەکارهات. هەنـدێ لـە توێـژەران دەڵـێن کـە وشـەی (polis) لە بەڵگەنامـەکانی ئەسینادا بە تایبەتی بە مانای کۆمـەڵگەی سیاسی وڵاتێك لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەدا یان بە دەربرینێکی باشتر بەمانای" کەسێتی نێو دەوڵەتی" وڵات هاتووەو لە بەرامبەر ئەویشدا زاراوەی (دیمۆس - demos ) (ریشەی دیموکراسی ) بەکۆی ریکخراوەکانی ناوخۆی وڵاتێك دەوترا[٣]) .**

بەمـپێیە ئەگـەر وشـەی ( پـۆلیس ) لـە زمـانی یۆنـانی کـۆن دابـڕین، دەسـتەواژەی (شـار- دەوڵەت) بێواتا دەبێت. لە راستیدا سیاسەت بەمانا یۆنانییەکـەی زانـستی حـوکمکردن بەسـەر شاردا بوو. (سیلی) ئەم واتایەی پێشنیازکردوەو سیاسەتی ناوناوە (زانستی شارەکان)[٤]، بـەڵام نابێ ئەم مانایە والێکبدرێتەوە، کە سنوری جیهانبینی بیریارە سیاسیەکانی یۆنانی کۆن تەسـك یان لۆکاڵی بووە. لێکۆڵینەوە سیاسیەکانی ئەوان لە زۆر لایەنەوە قوڵترو فراوانتربوو لەو جیهـان بینیانەی لە دوای هەڵوەشاندنەوەی شار- دەوڵەتەکانی یۆنان و رۆمی کۆن سەریانهەڵدا.

چـەمکی پەسـەندکراو و بـەکارهێنراوی ئـەمڕۆی (سیاسـەت) لـە چـەمکی ( زانـستە سیاسیەکان) واوەتـر دەڕوات. ئـەمڕۆ زاراوەی (سیاسـەت) ئامـاژە بۆمەسـەلە هەنوکەییـەکانی حکومەت و کۆمـەڵ دەکات، کە لەمـەفهومی زانستیدا ماهیـەتی سیاسـی و ئابووریـیـان هەیـە. (رۆبەرت دال) وتەنی: (سیاسەت راستیەکی دانەبڕاوی ژیـانی مرۆڤـە. مرۆڤـەکان لەهـەر سـاتە وەختێکدا لەگەڵ جۆرێ مەسـەلەی سیاسـی دەسـتەویەخە دەبـن[٥]). (تـەنها لـە ڕێگـەی رەوتـی سیاسییەوەیە، کە مرۆڤ دەتوانێ ئومێدەوار بێت ژیـانی خـۆی لەسـەر بنـەمای ئـەقڵ و خواسـتە کامڵەکان دابڕێژێ[٦]. (پیریکلسی) یۆنانی لە لاواندنەوەیەکدا وتویەتی: ( ئەوکەسەی سیاسـەت نەکات شایستەی ئەوەنییە سیفەتی هاوڵاتی بێزیانی بدرێتێ، بەڵکو دەبێ بە هاوڵاتییـەکی بـێ کەڵکی بزانین). کاتێك دەگوترێت کەسێك حەزی لە سیاسەتە، مەبەست لەوەیە ئەو کەسە بایـەخ دەدات بـە مەسـەلە هەنوکەییـەکانی وڵات، وەك هـاوردەو هـەناردە، مەسـەلە پەیوەسـتەکانی کاروکرێکار، پەیوەندییەکانی دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن لەگـەڵ دەسـەڵاتی یاسـادانان، چـالاکی حـزب و رێکخـراوە سیاسـیەکان و زۆر مەسـەلەی تـر لـە بابـەتی چـالاکی سیاسـی، ئـابووری، رۆشنبیریی و کۆمـەڵایەتی. بەم واتایە سیاسەت لە زانـستێك بـاڵاترەو سیاسـەتمەداریش کەسـێکە

لەوجۆرە مەسەلانەدا بەشداری کاریگەری هەیەو بڕیار دەدات، ئەگەرچی دوورنییە شارەزاییەکی ئەوتۆشی لەبنچینەو بنەماکانی زانستە سیاسیەکاندا نەبێت. جگەلەوە، لە کاتێکدا، کە زانستە سیاسیەکان بریتییە لە هۆشیاری هاوبەشی مرۆڤەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، سیاسەتی ولاتان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە. بەمپێیە هەم واتای زمانەوانی و پەلوپۆکانی و هەم بەکارهێنانی گشتی (سیاسەت) لە بابەتە راستەقینەو واقیعیەکەی (زانستە سیاسیەکان)کە هەیە، بەرفراوانتر دەکات، بەڵام باشترە بۆ ئاماژەکردن بە هۆشیاریی و زانستی سیاسی ناوی (زانستی سیاسەت) پەسەند بکرێت. زۆر لە بیریاران و توێژەرانی سیاسیش هەم بۆدەربرینی زانست و هۆشیاری هاوبەشی سیاسی ( زانستە سیاسیەکان)یان لە( سیاسەت) پێباشترە، کە بەمانا یۆنانیەکەی لایەنی تیۆری و پراکتیکی پێکەوە دەگرێتەوە[٧] یان بەواتایەکی دیکە، لایەنی تیۆری سیاسەتیان بە ( زانستە سیاسیەکان)و لایەنی پراکتیکیان بەهەمان زاراوەی (سیاسەت ) دەربڕیوە. زانا سیاسییە ناودارەکانی سەرانسەری جیهان، لە کۆنفرانسی یۆنسکۆ، کەلەئەیلولی ١٩٤٨ دا بەسترا، ( زانستی سیاسی )یان لە جیاتی ( زانستە سیاسیەکان) بۆناونانی ئەم بوارە زانستیە پەسەندکرد[٨].

بەڵام نوسەران یان بیریارانی مێژووی دێرین، وەکو (ئەرستۆ، یلینك، هێنری سجویك و پۆل ژانیت - Paul Janet) زاراوەی ( سیاسەت )یان لە( زانستە سیاسیەکان ) پێباشتربوو. هەندێ لە توێژەرانی هاوچەرخ لەوە دوودڵبون، کە ئایا دەتوانرێت وەك زانستێکی ورد لە دیاردە سیاسیەکان بکۆڵرێتەوە یان نا، سەرئەنجام گومانیان لە زانستیبوونی سیاسەت کرد، بەڵام زۆربەیان لەسەرئەوە کۆکن، کە دەبێت لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە سیاسیەکان لە کارە سیاسییە هەنوکەییەکان جیاوازو جودا بێت. ژمارەیەك لەو توێژەرانە لەو باوەڕەدان کە بەجیاکردنەوەی (سیاسەتی تیۆریی) لە سیاسەتی پراکتیکی یان پیادەکردن دەتوانرێت ئەو کارە ئەنجامبدرێت.

بەڵام کارێکی لەوجۆرە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان. زانستە سیاسیەکان نەك تەنها لە بنچینەو بنەماکانی تایبەت بە (رێکخراوە) سیاسیەکان و رەفتارە سیاسیەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵکو لەچالاکی گروپەکان و ستراکتۆرە جۆراوجۆرەکانیشی دەکۆڵێتەوە، کە لە هەوڵی بەدەستهێنان، بەرفراوانبوون یان پاراستنی هێزو کاریگەریدان. بەواتایەکی دیکە، زانستە سیاسیەکان لەلایەنە تیۆری و پراکتیکییەکانی دیاردە سیاسیەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم تێبینییە توێژەرانی وەك (پۆلۆك - Pollock) ی ناچارکردووە خودی زانستە سیاسیەکان بۆ سیاسەتی تیۆری و سیاسەتی

پراکتیکی دابەش بکەن. (گیتل- Gettel)یش ( زانستی سیاسەتی پراکتیکی) بە لقی زانستە سیاسیەکان دادەنێت. بەمپێیە دیاریکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە وەك (سیاسەتی تیۆری) لەگەڵ ئەوەشی گرنگە دەبێتە هۆی شڵەژانی هزری.

هەندێ لە توێژەرانی فەرەنسی لەوباوەڕەدان زانستە سیاسیەکان بەتەنیا بوونی نییە. هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی، کە سەروکاریان لەگەڵ کارەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخراوی مرۆڤایەتیدا هەیە، بە (زانستە سیاسیەکان) ناودەبرێن و زانستە سیاسیەکانیش تەنها یەکێکە لەوانە. بەپێی ئەم بۆچوونە زانستە سیاسیەکان، کۆمەڵناسی، ئابووری، مۆراڵ و لەو بابەتانە هەمویان بریتین لە(زانستە سیاسیەکان) و ئەم (زانستانە) نەك تەنها پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بەڵکو بەیەکەوە بەستراون.

لەم بۆچوونەدا ڕەگەزێك لە حەقیقەت هەیە. لە ڕاستیدا ئەوکارانەی پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە قۆرغ ناکرێن. توێژینەوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەبێت بە دروستی هاوئاهەنگ بکرێن بۆئەوەی باشتر لە کێشەکانی بگەین، بەڵام ئەم کارە ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان سەربەخۆ نەبێت یان وانەمێنێت. لایەنگری زۆر هەیە بۆ جیاکردنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان تا لێکۆڵینەوەکانی تایبەتمەندبن. ئێستا ئەوە پەسەندکراوە، کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هێندە جۆراوجۆرو ئاڵۆز بوون، کە تەنها بیرۆکەیەك ناتوانێت هەموویان لەخۆ بگرێت. بەمپێیە دەکرێت لە چوارچێوەی (زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا) ناوی(زانستە سیاسیەکان) بهێنرێت، بەڵام ڕاست نییە هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە زانستە سیاسیەکان بزانین، هەرچەندە نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ، کە هیچ شتێك لە سیاسەت بەدەرنییە.

## ٢- پێناسەی زانستە سیاسیەکان:

زانستە سیاسیەکان بایەخ بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی لایەنە سیاسیەکانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەدات. (شیکردنەوەی سیاسی یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆئەوەی باشتر شارەزایی ئەو دنیایە بێت، کە تیایدا دەژی و لەنێو بوارە جۆراوجۆرەکاندا باشترینیان هەڵبژێرێت و دواجار بتوانێ سەرکەوتوو بێت و کاریگەری زیاتری هەبێت لە گۆڕانە گەورەو بچووکەکاندا، کە هەریەکێکیان بەشێکن لە لایەنە دانەبڕاوەکانی ژیان[٩]). چەقی قورسایی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسیەکان دەوڵەتە (state). دیدی هەندێکی دیکە بەوجۆرەیە، کە

زانسته سیاسـیه‌كان سـه‌روكاری له‌گـه‌ڵ حكومــه‌ت (government) هه‌یـه‌. گروپـی سـێیه‌م ئاوێته‌یه‌كی ئه‌م دوو بۆچونه‌ په‌سه‌ند ده‌كه‌ن، وه‌كو (پول ژانیت)ی بیریارو توێژه‌ری فه‌ره‌نسی، كـه‌ ده‌ڵێت: زانسته سیاسیه‌كان ئه‌و به‌شه‌یه لـه‌ زانسـته كۆمـه‌لاَیه‌تییـه‌كان، كـه‌ لـه‌ سـتراكتۆره‌كانی ده‌وڵه‌ت و بنه‌ماكانی حكومه‌ت ده‌كۆڵێته‌وه‌.

له دیدی سونه‌تیه‌وه زۆرجـار گوتراوه‌،كـه‌ لێكۆڵینـه‌وه‌ لـه‌ ده‌وڵـه‌ت حكومـه‌تیش ده‌گرێتـه‌وه‌، چونكه ده‌وڵه‌ت به‌پێی نیازه پراكتیكیه‌كانی لـه‌ رێگـای ئۆرگانـه‌كانی حكومه‌تـه‌وه‌ كارده‌كـات. (هارولد لاسـكی) وتوویـه‌تی: ( بـه‌پێی بـه‌ڕێوه‌بردنی پراكتیكیانـه‌ی كاره‌كـان ده‌وڵـه‌ت خـودی حكومـه‌تـه [١٠]). بـه‌لاَم لـه‌ هه‌نـدێ رووه‌وه وشـه‌ی حكومــه‌ت گـشتگیرتره‌. (حكومــه‌ت) ئه‌گـه‌ر به‌مانایه‌كی فراوان به‌كار بهێنرێت به بیرۆكه‌ی بنـه‌ڕه‌تی كـۆنترۆڵ و ملكه‌چی پـشت ئه‌سـتووره‌، دیارده‌یه‌كه‌، كه له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵگه‌ی مرۆڤایه‌تیدا گه‌شه‌ی كـردووه‌. بـه بـڕوای (سـجویك) زانـسته سیاسیه‌كان(له‌و كۆمـه‌ڵگایانه ده‌كۆڵێته‌وه‌ كه حكومـه‌تیان هه‌یه‌. واته ئـه‌و كۆمـه‌ڵگایانـه‌ی، كـه ئه‌ندامـه‌كانی به‌لایـه‌نی كه‌مــه‌وه لـه‌ پرسـی دیـاریكراودا، له‌سـه‌ر جێبـه‌جێكردنی فه‌رمانـه‌كانی هه‌ندێ كه‌س یان كۆمـه‌ڵێ كه‌س راهاتوون، كه به‌شێكن له‌ كۆمـه‌ڵ [١١]). ئـه‌م پێناسـه‌یه بـواری زانسته سیاسیه‌كان فراوانتر ده‌كات و له‌ ده‌وڵه‌تیشی تێده‌په‌ڕێنێ.

چـه‌مكی ترادسـیۆنی زانـسته سیاسـیه‌كان، وه‌ك زانـستێك بـۆ لێكۆڵینـه‌وه‌ له‌ده‌وڵـه‌ت یـان حكومه‌ت چیدی به گونجاو نازانرێت. ئه‌م چه‌مكه جه‌خت له‌سـه‌ر فـۆرم ده‌كاتـه‌وه‌و ده‌بێتـه هـۆی یاساگه‌رایی یان ورده‌كاری رواڵه‌تیانه‌ی له راده‌به‌ده‌ر له جێبه‌جێكردنی یاسادا، هـه‌روه‌ها ره‌وتـی دینامیكی‌و ئه‌نجام نادیده‌ ده‌گرێت. به‌شێوه‌یه‌كی گشتی ئێستا ئه‌وه په‌سه‌ندكراوه‌، كـه پێویـسته زانسته سیاسیه‌كان لێكۆڵینه‌وه له دامه‌زراوه‌ی ناڕه‌سمی و ره‌فتاری سیاسی له كۆمـه‌ڵدا لـه‌خۆی بگرێت، كه دامـه‌زراوه‌ی ره‌سمی حكومه‌ت‌و ئه‌و هێزه سیاسیانه‌شی كاریگـه‌ریان له‌سـه‌ری هه‌یـه‌، ده‌گرێته‌وه‌[١٢].

هه‌روه‌ها به‌یه‌كسان ته‌ماشـاكردنی زانـسته سیاسـیه‌كان له‌گـه‌ڵ لێكۆڵینـه‌وه‌و توێژینـه‌وه‌ لـه‌ ده‌وڵه‌تی نوێ بووه‌ته جێگای ناڕه‌زایی. وشه‌ی ده‌وڵه‌ت هه‌تا پێش سـه‌ده‌ی پـانزه بـه‌كارهێنانێكی سیاسییانه‌ی نه‌بوو، كاتێ به‌كارهێنانێكی له‌و جۆره‌ی به‌خۆیه‌وه بینی، سیفه‌تی(نوێ)ی پێوه‌لكا. پێناسـه‌ی زانسته سیاسیه‌كان له‌گـه‌ڵ تێڕوانینێكـی تایبـه‌ت بـۆ ده‌وڵـه‌ت بـه رای ناڕه‌زایـان ئـه‌و ئه‌نجامـه‌ی لێده‌كه‌وێته‌وه‌، كه ده‌وڵه‌تی نوێ فۆرمی كۆتایی (نه‌ك تێپه‌ڕی) رێكخـراوی سیاسـییه‌،

کە زانستە سیاسیەکان سەروکاری لە گەڵدا هەیەو تاکە یەکەیەکی سیاسییە کەخۆشگوزەرانی مرۆڤ دابین دەکات.

بەمپێیە بواری ئەو زانستەی کە ئێستا زانستە سیاسیەکان هەوڵدەدات لەخۆی بگرێت، لەدەوڵەت پەرگیرترە. (کاتلین) لەوباوەڕەدایە (سیاسەت) لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵگای ڕێکخراوی مرۆییو بەرلەهەر شتێك لەلایەنە سیاسیەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە [١٣]. بەپێی بۆچوونی (بیرتران دی ژوونال) (سیاسەت) لەو پەیوەندییە سیاسییانە دەکۆڵێتەوە، کە هاوکات لەگەڵ گردبوونەوەی مرۆڤەکاندا هاتۆتە ئاراوە [١٤]. ئەمجۆرە بۆچوونانە بواری لێکۆڵینەوەکانی زانستە سیاسیەکان تا ئەو سنوورە فراوان دەکات، کە هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە، کە بەلایەنی سیاسی ژیانی کۆمەلآیەتییەوە پەیوەستە یان لە پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا دەکۆڵێتەوە. بەڵام سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی بەرفراوانی زانستە سیاسیەکان و توانا تازە بەدەستهاتووەکانی پێویستە لەبەرامبەر ئەو ڕاڕاییەدا خۆڕاگری بکرێتو جێگای هەموو شتێکی تێدا نەکرێتەوە، کە پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤەوە لەکۆمەڵگایەکی ڕێکخراودا هەیە.

توێژەران و بیریارانی وەکو ( هارولد لاسویل - H. Lasswell )، (چارلز میریام - Merriam)، (ماکس ڤیبەر - M. Weber) ( بێرتراند راسێل - B. Russel)، (ڤاتکینس - Watkins)و (هانس مورگنتاو - Hans Morgenthau)، کە جەختیان لەسەر سروشتی دینامیکیانەی سیاسەت کردۆتەوە، لەو باوەڕەدان دەسەلآت چەمکی بنەڕەتی سیاسەتەو هەموو لقەکانی زانستە سیاسیەکان پێکەوە گرێدەدات. بۆنمونە (لاسویل) لەپێناسەی زانستە سیاسیەکاندا وتویەتی: (زانستە سیاسیەکان لەشێوەی سیستەمێکی ئەزمونگەریدا بریتییە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی فۆرمگیری دەسەلآت و بەشداربون تیایدا) و( کاری سیاسی ئەو کارەیە لەسەر بنەمای دەسەلآت ئەنجام بدرێت)[١٥]. سیاسەت و زانستە سیاسیەکان لە رووی ماهیەت، بنچینە، بوارو ئەنجامەکانەوە سەروکارییان لەگەڵ ئەو دەسەلآتەدا هەیە، کە لە کۆمەڵگەدا هەیە. (کرۆکی بایەخدان)ی زانای زانستە سیاسیەکان روون و ئاشکرایەو بریتییە لەناساندنی ئەو ململانێیەی کە هەیە لە پێناوی بەدەستهێنان یان پاراستنی دەسەلآت، بەکارهێنانی دەسەلآت یان دانانی کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە یان ڕێگریکردن لەکارەکانی[١٦] . هەروەها وتراوە، کە سیاسەت ( وتەزایەکە ) دەربارەی دەسەلآت، واتە

پەیوەستە بەتوانای کارگوزاران، کارگوزارییەکان و دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە بۆ پاراستن یان گۆڕینی ژینگەی کۆمەڵایەتی یان مادی خۆیان. وتەزایەکە دەربارەی ئەو سەرچاوانەی کە بنچینەی ئەو توانایە پێکدەهێنن و ئەو هێزانەی پراکتیزەی دەکەن و کاریگەری لەسەر دادەنێن[١٧].

بایەخدان و جەختکردنەوە لەسەر دەسەڵات بووە بەهۆی لەناوبردنی بۆچوونی ترادیسیۆنانەی فۆرمگەرایی و شیکردنەوەی واقیعیانەی رەوتی سیاسی لێکەوتۆتەوە. هەروەها پێناسەی تایبەت بە دەسەڵات لە دیدی زانستە سیاسیەکانەوە دەخوازێت سەرنج لەو واقیعەی بدرێت، کە هێزە کۆنترۆڵکارەکانی فۆرم و رەفتاری دەوڵەت وەك ئەو هێزانەن، کە لەگروپە رێکخراوەکانی دیکەی وەکو خێزان، سەندیکای کرێکاری و هەرەوەزییەکاندا کاردەکەن، ( کە چالاکی زۆربەیان سیاسی نییە).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو تیۆرانەی پەیوەندییان بە پێناسەی سیاسەتەوە هەیە لەگەڵ وتەزای دەسەڵات لە هەندێك رووەوە جێگای رەزامەندی نییە. یەکەم، چونکە ئەم تیۆرانە جیاوازی لەنێوان کایە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی دەسەڵاتدا ناکەن. پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و کاریگەریدانان (نفوز) کاتێك (سیاسییە)، کە تا رادەیەك ریکخراوبێ و لەجێگایەکدا (سیاسییە) کە کاری دامەزراوەکان جۆرێ لە رەواییان هەبێت و خەڵك ملکەچیان بن و رێزیان لێبگرن. دووەم، سیاسەتی ململانێ لە پێناوی دەسەڵاتدا لە پاڵنەری ئامانجدار بەدەرنییە. بەڵام جەختکردنەوە لەسەر دەسەڵات ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویاندا دەسەڵات پیادەکراوەو ئەو دژە ئامانجانەی دەسەڵات لێیانەوە دروست دەبێت، تەماوی دەکات. لەراستیدا کۆتایی سیاسەت گەیشتنە بە ئەجندایەك – سازشی نێوان بەرژەوەندییە دژەکان بەپێی ئەو بەرژەوەندیو بەها دیاریکراوانەی کە هاوبەشن. ( دەیڤید ئیستۆن - D. Easton)یش باوەری وایە، کە سیاسەت پەیوەستە بە(دابەشکردنی فەرماندارانەی بەهاکان لە پێناوکۆمەڵگەدا).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گرنگترین رەگەزی دیاریکارو جێبەجێکردنی سیاسەت دەسەڵاتە و ناسینیشی ئەرکی سەرەکیو یەکەمی زانستە سیاسیەکانە. دەسەڵات ناوك و چەقی قورسایی سیاسەت پێکدێنێتو هەمووکێشمەکێشەکان لەژیانی سیاسیدا پەیوەندییان بەدەسەڵاتەوە هەیە[١٨].

(نولی) بەجۆرە چەند پێناسەیەکی سیاسەتی هێناوەتەوە :-

١- سیاسەت (هونەری سود وەرگرتنە لە تواناکان): زۆرجار مەحاڵە هەڵسوڕاوە سیاسیەکان بەهەموو ئامانجەکانی خۆیان بگەن، لەبەرئەوە دەبێت بەرزەفڕییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی خۆیاندا بگونجێنن. هیچ کەسێك ناتوانێت لە دەسەڵاتو توانای خۆی بەدەر لەسیاسەتدا کاریگەری هەبێت.

٢- سیاسەت ( حوکمڕانی کردنە بەسەر مرۆڤەکاندا): ( گایتانۆ مۆسکا- G. Mosca) لە چینی فەرمانڕەواو (ئەستین رونی - A. Runny) لە حکومڕانی بەسەر مرۆڤەکاندا، سەبارەت بە پەیوەندی ئەو کەسانەی کەحوکم دەکەن و ئەوانەی کە حکومیان بەسەردادەکرێ، لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمان بەسەرداکراودا گفتوگۆ دەکەنو بەڵگە دەهێننەوە لەسەر ئەوەی، کە ئەو پەیوەندییە تەوەری ژیانی سیاسیە.

٣- سیاسەت (ململانێیە لە پێناوی دەسەڵات): گرنگترین پێناسەی سیاسەت لەلای بیریارانی سیاسی خۆرئاوا ئەوەیە، کە بەخەبات لەپێناوی دەسەڵات و نفوزو پیادەکردنی لەکۆمەڵگەدا دەزانن.

٤- سیاسەت واتە زانینی ئەوەی کە:(کێ سوودمەندە ، لەچی سوودمەندە، کەی سوودمەندە، چۆن سوودمەندەو بۆچی سوودمەندە): ئەمە پێناسەی (هارولد لاسکی)یە بۆ سیاسەت، کە لەدروشم دەچێتو بەئاسانی دەتوانرێت دەرغ بکرێت. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەم پێناسەیە، پێناسەی زانستە سیاسیەکانە نەك خودی سیاسەت، چونکە باس لەزانین و زانست و هۆشیاری دەکات.

٥- سیاسەت (دابەشکردنی زۆرەملێیانەی بەهاکانە): کە ئەمە پێناسەی (ئیستۆن) بۆ سیاسەتو ئەبستراکترین واتای سیاسەتە.

سەرئەنجام (نولی) خۆی پێناسەیەکی سیاسەت دەخاتەڕوو: (هەموو ئەو چالاکییانەیە، کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت، مکۆمکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدواوەیە)[١٩]. پێناسەکەی خودی(نولی)یش تازەنییەو

لەراستیدا دەربڕینێکی دیکەیە بۆئەوەی، کە سیاسەت، ململانێیە بۆ وەدەستهێنان، پاراستن، بەرفراوانکردن یان نمایشکردنی دەسەڵات.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی تاڕادەیەك گشتگیری سیاسەتمان لەبەردەستدا بێت، دەتوانین بەمشێوەیە پێناسەی بکەین: سیاسەت رابەرێکی ئاشتیئامێز یان نائاشتیانەی پەیوەندییەکانی نێوان کەس، گروپ، پارتەکان (هێزە کۆمەڵایەتییەکان) ،کارەکانی حکومڕانی لەناوخۆی وڵاتێك و پەیوەندی دەوڵەتێکە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە لەمەیدانی جیهانیدا.

بەپێی ئەم پێناسەیە دەکرێت باس لەسیاسەتی کەسێك، گروپێك، پارتێك، یان حکومەتێك بکرێت و لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتیش دەستنیشان بکرێت. سیاسەت بەرژەوەندییەکانی هەریەك لە هێزە کۆمەڵایەتییە ناوبراوەکان لەخۆدەگرێت. لەحاڵەتی بونی ناکۆکی لەنێوان ئەم هێزانەدا ئەم بەرژەوەندییانە بەریەك دەکەونو لە حاڵەتی بوونی یەکێتی و هاوکاریدا هاوئاهەنگی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. بەدەربڕینێکی دیکە، هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە حاڵەتی بەریەك کەوتن یان دژ بە یەکبوونی بەرژەوەندیەکانیاندا لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە کێشمەکێشەوەو لەحاڵەتی هاوئاهەنگیو هاوبەشی بەرژەوەندیەکان لەگەڵ یەکتری یەکدەگرن. چۆنێتی رابەرایەتیکردن و ئاراستەکردنی ئەم بەریەککەوتنانە یان ئەم هاوئاهەنگیانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی سیاسەت. سیاسەت مەیدانی بەریەك کەوتن و هاوئاهەنگی بەرژەوەندییەکان و پەیوەندی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە.

لەم پێناسەیەدا مەسەلەی بەکارهێنانی دەسەڵاتیش لەبەرچاوگیراوە. ئەو سیاسەتەی لەناکۆکی یان لەتەباییەوە سەریهەڵدابێت، هەرچۆنێك بێت، لەدەسەڵاتەوە سەریهەڵداوە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی، کە لەناکۆکیدا، دەسەڵات بەشێوەی شەڕخوازانە لە رێگەی زەبروزەنگ و زۆرلێکردن یان توندوتیژییەوە، لەتەباییدا بەشێوەی ئاشتیخوازانە، لەرێگەی هاندان و پاداشت و ئەو جۆرە شتانەوە پراکتیزە دەکرێت.

بە بەرنامەو شێوازەکانی تاك، گروپ، پارت، حکومەت و دەوڵەتانیش بۆ گەیشتن بەئامانجەکان دەوترێت سیاسەت. ئەم مانایەی سیاسەت، پەیوەندی بە بەرنامە داڕشتن و بەدواداچوونییەوە هەیەو هەڵبەتە هەمیشە شانبەشانی مانای یەکەمی سیاسەت دەڕوات.

سیاسەت هەستیارترین چوارچێوەی چالاکی مرۆڤە لە کۆمەڵداو بەتوندی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کەلتوور، هێزی خەڵك، بەرژەوەندی و بۆچوونەکانی تاك و کۆمەڵ و فاکتەرە ئابورییەکانی هەر کۆمەڵێك و خۆشی کاریگەری لەسەریان هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەی سیاسەتدا دەشێ (زانستە سیاسیەکان)یش ئاوا پێناسە بکرێت: زانستە سیاسیەکان بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە ئەرکەکەی ناساندنی ڕێکوپێکانەی ئەو پرەنسیپو ڕێسایانەیە کە زاڵن بەسەر پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو یەك وڵات و پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەمەیدانی نێودەوڵەتیدا.

کارپێکردنی ئەم لقە لەهۆشیاری و زانستی کۆمەڵایەتی ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانە دەدۆزێتەوە کە باڵادەستن بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتی بەکاربردنیشیان فێر دەکات. زانستە سیاسیەکان بۆ دۆزینەوەی ئەم پرەنسیپ و ڕێسایانە، بەشێوەیەکی گشتی لەڕێکخراوەو کارکردنی حکومەتەکان، پارتە سیاسیەکان و گروپە بەنفوزەکان، دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسیەکان دەکۆڵێتەوە. لەڕووی پەیوەندی نێودەوڵەتیشەوە لەدامەزراوەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەت و حکومەت لەوڵاتە جۆراوجۆرەکان، دیپلۆماسی گشتی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، مافە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەکۆڵێتەوە تا زانیاریو هۆشیاری پێویست دەربارەی ستراکتۆری پەیوەندییەکانیان بەدەست بێنێت.

### ٣- مەیدانی زانستە سیاسیەکان:

پاش پێناسەی زانستە سیاسیەکان ئێستا پێویستە مەیدانەکەی دەستنیشان بکرێت. ئەنستیتۆی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمەریکا لە ٢٨-٢٩/دیسامبەری/١٩٦٥ بۆ باسوخواس دەربارەی مەیدان، ئامانج و میتۆدەکانی زانستە سیاسیەکان لە(فیلادلفیا) کۆنفرانسێکی سازکرد. (ئەلفرێد دی گرازیا - Alfred de Grazia)، (دەیڤید ئیستۆن)، (هاری ئێکستن - Harry Eckstein)، (هانس مورگنتنا و نۆرماڵ پالمەر - Noman Palmer) و چەند بیریارێکی دیکە بۆ بەشداری لەباسەکانی ئەم کۆنفرانسە بانگهێشت کرابوون[٢٠].

لـەم کۆنفرانـسەدا بـاس لـەوەکرا، کـە نـاتوانرێ سـنووره وردو دیاریکراوەکـانی زانـستە سیاسیەکان بەئاسانی دیاری بکرێـت. هـیچ لایـەنێکی ژیـانی کۆمـەڵایـەتی نییـە بەسیاسـەتەوە پەیوەست نەبێتو بەوپێیە نەکەوێتە ناو بازنەی لێکۆڵینـەوەی زانـستە سیاسـیەکانەوە. بەمپێیـە زانـستە سیاسـیەکان لـەزۆر بـواری لێکۆڵینـەوەی کۆمـەڵایەتیـدا بەشـدارەو پەیوەنـدی بـەبوارە زانستییەکانی وەکو مێـژوو، ئـابووری، کۆمـەڵناسـی، دەروونزانـی کۆمـەڵایـەتی، مـۆراڵ، یاسـا، ئامار، جوگرافیاو بوارەکانی تـرەوە هەیـە. بـەڵام هـەروەکو دەبیـنین، زانـستە سیاسـیەکان یـەك کوانوی بایەخپێدانی هەیە، کە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر رادەگرێ. هەروەها بابـەت و داتـای تایبەتی خۆی هەیە .

**زانستە سیاسیەکان، دینامیکـە**: زانـستە سیاسـیەکان لـە سروشـت، بنـچینە، رەوت، بـوارو ئەنجامەکانی دەسەڵاتو دەسەڵات لە کۆمـەڵدا دەکۆڵێتەوە. لەم واتایەدا نابێت (دەسەڵات) وەکو هێزێکی زۆرلێکەر لێکبدرێتەوە. بنچینەی مۆراڵی دەسەڵات و کاریگەری هزرەکان لەسەر مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرەکی لە فەلسەفەو سایکۆلۆژیای سیاسەتدا دەردەکەوێت. لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاخیزگەکان و ئامانجەکانی دەسەڵات بە ئەندازەی لێکۆڵینەوە لە پراکتیزەکردنی گرنگی هەیـە. سـەرباری ئەمـەش لێکۆڵینـەوە لـە دەسـەڵات سیاسـەتزان لـە ئۆرگانـەکانی حکومەتـەوە بـەرەو هەڵسەنگاندنی دامودەزگاکانی دیکەی وەك، یەکێتیە کرێکارییەکان و دامودەزگا ئاینییـەکان، کۆمپانیا بازرگانییەکان و شتی لەو بابەتە کێش دەکات. لە راستیدا لێکۆڵینەوە لە هەرجۆرێك لەو کۆروکۆمەڵانەی خولیای دەسەڵات و کاریگەرین پەیوەندی بە زانستە سیاسیەکانەوە هەیە.

بەمپێیـە، بابـەتی زانـستە سیاسـیەکان هـەموو ئـەو هـزرو دامـەزراوانـە لـەخۆدەگرێت، کـە سـەروکاریان لەگـەڵ دەسـەڵات و کاریگـەرییان لـە کۆمـەڵگـەدا هەیـە. هـەروەها ئـەم زانـستە لـەرەفتاری سیاسـی(واتـە دەسـەڵاتخوازی) ئـەو گـروپ، رێکخـراو و دامـەزراوانـەی کـەم تـازۆر لەدەوڵەت جودان، دەکۆڵێتەوە، کە هەوڵدەدەن کار لە سیاسەتی گـشتی و ئاراسـتەی ئـاڵوگۆری کۆمـەڵایەتی بکەن[٢١]. ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەت نییە بەهیچ قۆنـاغێکی تایبـەتی مێـژوویی و هـیچ بـوارێکی دیـاریکراوی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتییـەوە، مەگـەر لـە رووی ئاسـانکاری بـۆ لێکۆڵینەوەکان. لەرێی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و هەروەها لـەرێی لێکۆڵینـەوە لـەو رووداوانـەی لەکۆمـەڵدا هـەن دەتوانرێـت دەسـتکەوتی ئـەزمونی پێویـستی زانـستە سیاسـیەکان بەدەسـت بهێنرێت.

**زانسته سیاسیەکان، ڕونکردنەوەی هەنوکە:** لێکۆڵینـەوەی ئـەزموونیی دیاردەکـان و ڕەوتـە سیاسیەکانی لە ئارادان بەشێکی گرنگە لە ئەرکی زانستە سیاسیەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخ دەدات بـە چـەمکی سیاسـی بـاو و هـەروەها بـەوگروپ و ڕێکخراوانـەی خوازیـاری دەسـەڵات و کاریگەرین لە کۆمەڵدا. زانستە سیاسیەکان، بەتایبەتی چەمکی دەوڵـەت، لـە ڕەگوڕیـشەکان، تایبەتمەندییەکان، فۆرمو پێکهاتـەکانی، ڕەوت و کـارکردنی، ئامـانج و ئەرکـەکانی، پەیوەنـدی لەگـەڵ دانیـشتوانو هاوڵاتیـانو گروپـە جۆراوجۆرەکـان، هـەروەها لـە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ دەوڵـەتانی دیکـە و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـەکان دەکۆڵێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا پەرەسـەندنی مافـە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەهەندێکی تازەی بـۆ لێکۆڵینـەوەکانی زانـستە سیاسیەکان زیادکردوەو بە یەکێك لە واتاکان کردوویەتی بە سوسیۆلۆژیای سیاسی جیهانی(٢٢).

لێکۆڵینەوەکانی ڕەفتاری سیاسی، بە تایبەتی دەنگـدان، لـە ئێـستادا لـێڵ و تەمومژاوییـە. بەڵام هەڵسەنگاندنی بیروڕاو ئامارەکانی هەڵبژاردن داتـای پێویـست بـۆ ئـەمجۆرە لێکۆڵینەوانـە فەراهەم دەکەن و ئەم لێکۆڵینەوانە زانیارییـەکی زۆر دەربـارەی پاڵنـەری دەنگـدەران بەدەسـتەوە دەدەن.

**زانسته سیاسیەکان، تێگەیشتنی ڕابردوو:** لێکۆڵینەوەی دەسەڵات و کاریگەریی لە ڕابردوودا زۆر کۆمەك بە تێگەیشتن و ناسینی دامودەزگاکان، هزرەکان و ڕەوتەکانی ئـەمڕۆ دەکـات. ئـەم لایەنە لە لێکۆڵینەوە ئەو هەوڵ و کۆششانە لەخۆدەگرێت، کە لە کۆندا ئەنجامدراون تا دەربارەی دەوڵەت، حکومەت، یاساو ڕەفتارە سیاسیەکان تێگەیەك بەدەست بێت و بە ئەنجامێکی قـابیلی تاقیکردنەوە بگات. هەروەها لێکۆڵینەوەی قۆناغـە سـەرەتاییەکانی ژیـانی سیاسـی ڕێکخـراو، گەشەکردنی فۆرمە سیاسیەکان لە سادەوە بۆ ئاڵۆزو هەروەها لێکۆڵینەوەی مێـژووی نووسـینی دەستوور لەخۆدەگرێت. زانستە سیاسیەکان لێکۆڵینەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی هزری سیاسی و هـەروەها تێگەیـشتن و ناسـینی ڕۆڵـی ئـەو گـروپ و ڕێکخراوانـە دەگرێتـەوە، کـە خوازیـاری دەسەڵاتنو مەبەستیانە کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگەوە هەبێت.

**زانسته سیاسیەکان، پێشنیازکاری سیاسـەت:** ئامـانجی کۆتـایی هـەموو لێکۆڵینـەوەکانی زانستە سیاسیەکان ئەوەیە، کە دیاردە سیاسیەکان بەو دیدە بناسێنێ، کە بڕیاری پراکتیکیانەی لێبکەوێتەوە لە پێناوی ئەو سیاسەتەی دەبێت بیگرێتەبەر. لەمبارەیـەوە سیاسـەتزان میـتۆدی ئەزمونگەری، مێژوویی‌و پێوانەیی ئاوێتە دەکات. مەبەستی گشتی ئـەم میـتۆدی تێکەڵکردنـە

ئەوەیە، کە ئەگەر رەوتی گۆڕانکارییەکان ئاڕاستەیەکی هەبێت، ئەو ئاراستەیە بدۆزێتەوەو لەرووی ئەو ئامانجانەی دەخوازن بەدەستیبێنن لە رەوتە هەنوکەییە سیاسیەکان بکۆڵێتەوە. پێشنیازو پلانەکانی ریفۆرمی پێکهاتەو رەوتە سیاسییە هەنوکەییەکان بەشێکی پەسەندکراوی زانستە سیاسیەکانە.

**زانستە سیاسیەکان، لە قۆناغی کۆرپەلەدا:** وێڕای ئەو راستییەی، کە سەرهەڵدانی بیری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ( ٢٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا، زانستە سیاسیەکان هێشتا لەقۆناغی ساواییدایە. (ئێرنیست بارکەر) یەکەم مامۆستای زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی (کامبریج) لەوتەی دەستپێکی خۆیدا سەبارەت بەزانستە سیاسیەکان وتی، هەندێك زانستە سیاسیەکان بە (نارۆشن، رەنگە گوماناوی و مشتومڕئامێز) دەزانن[٢٣]. زانستە سیاسیەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەو مێژووەی ئاڵۆزە و بەراورد ناکرێت، بەبەراورد لەگەڵ یاسا یان ئابوورییەکی دوورلە میتۆدی تایبەتی بیرکردنەوەو زاراوەی هونەریی پەسەندکراو، بە بەراورد لەگەڵ زانستی سروشتی و ژینگەیی دوورە لە وردەکاری و بابەتی دیاریکراو. بەڵام ئەگەر زانستی سیاسەت لەگەڵ کۆمەڵناسییدا بەراورد بکرێت سادە، تۆکمەو چڕ دێتەبەرچاو. ئەگەرچی زانستی سیاسەت لەم سەدەیەدا زۆر پێشکەوتووە (مەبەستی سەدەی بیستە- و)، بەڵام هێشتا لە گۆڕانی بەردەوامو گەشەکردندایە.

### ٤- پۆلێنکاری زانستە سیاسیەکان:

ئەو کۆمیتەیەی یونسکۆ لەساڵی ١٩٤٨ دایمەزراند بۆئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنیستیتۆی نێودەوڵەتی زانستە سیاسیەکان ئامادە بکات، بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو بابەتانەی ریزکرد، کە زانستە سیاسیەکان لێیان دەکۆڵێتەوە:

١- تیۆری سیاسی.

ا-تیۆری سیاسی.

ب/ مێژووی هزرە سیاسیەکان.

٢- حکومەت.

أ- دەستوور.

ب- حکومەتی نیشتمانی.

پ- حکومەتی هەرێمیو لۆکاڵی ( ناوچەیی و ویلایەتی ).

ت- بەرێوەبردنی کاروباری گشتی.

ج- ئەرکە ئابووری کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت.

ح- دامودەزگای سیاسی پراکتیکی.

٣- پارتەکان، گروپەکان و رای گشتی

ا- پارتە سیاسیەکان.

ب- گروپو کۆڕوکۆبونەوەکان.

پ- بەشداریی هاوڵاتیان لە حکومەت و بەرێوەبردنی کاورباری گشتیدا.

ت- رای گشتی.

٤- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

ا- سیاسەتی نێودەوڵەتی.

ب- رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

پ- مافە نێودەوڵەتییەکان.

زانکۆی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەپێی پێویست گۆڕانکارییان لەم پۆلێنکاریەدا کردوە، بەڵام چوارچێوەی گشتی بابەت و باسەکانی زانستە سیاسیەکان بەهەمان شێوەی کە یونسکۆ خستویەتەڕوو، هەروا وەکو خۆی ماوەتەوە.

## ٥- ئایا سیاسەت زانستە؟

تائێستا بەو گومانەی، کە لێکۆڵینەوە لە دیاردە سیاسیەکان، دەکرێت لە جەوهەردا زانستی بێت، قسەکراوە. بەڵام دەربارەی متمانەی ئەو گومانە دودڵی لە ئارادایە و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

هەندێ لەوکەسانەی دەربارەی سیاسەت بیریان کردۆتەوەو نووسیویانە، ئەوەیان پەسەند نەکردوە، کە لقێکی زانستی بەناوی زانستە سیاسیەکانەوە هاتبێتە ئاراوە. لەساڵی ١٨٤٣دا (جۆن ستیوارت میل) گومانی لەزانستیبونی سیاسەت کرد[٢٤]. لەساڵی ١٨٥٧ دا (بوکلێ)

رایگەیانـد: (لـەقۆناغی ئێـستای زانـستی مرۆڤایەتیـدا سیاسـەت زۆر لەزانـستیبوون دوورەو یەکێکـە لەدواکـەوتوترین لقـەکان)[٢٥]. وێـڕای ئـەوەی لـەماوەی یـەك سـەدەو نیـوی رابـردودا پێـشکەوتنێکی زۆر لـە لێکۆڵینــەوەی دیـاردە سیاسـیەکاندا بـەدی هـاتوە، هەنـدێ لـەزانایان هێشتاش گیرۆدەی دودڵییەکی لەوجۆرەن. بەمپێیە دەبـێ دەربـارەی ئـەوەی چ شـتێك (زانـست) دێنێتە ئاراوە هەندێ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت تا بتوانرێت بۆچـونێکی دروسـت دەربـارەی ئـەم بابەتە بەرجەستە بکرێت.

لـە پێناسـەی زانـستدا وتـراوە شـێوەیەکە لـە هۆشـیاریو مـەعریفـەی کۆمـەلایـەتی، کـە ئەرکەکەی بریتییە لە ناسـینی سیـستماتیکانەی ئـەو یاسـا بابەتیانـەی زاڵـن بەسـەر سروشـت، کۆمەڵ، هزر، دۆزینەوەی چۆنیەتی کارکردنیان لە پراکتیکدا. زانـست هۆشـیاریو بیرکردنـەوەی مرۆڤە، کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو راستی و واقیعانەدا هەیـە سیـستماتیك بـوون و شـێوەی کـاری یاسا گشتییەکان پیشاندەدەن. زانست شتە واقیعیەکان کۆدەکاتەوەو بەپێی پەیوەندییەکی هۆ و هۆکار پێکەوەیان دەبەستێت بەومەبەستەی چەند ئەنجامێکی متمانـە پێکـراو بەدەسـت بێنێـت. مـەعریفەی زانستی لەسەر عـەقڵ و ئیستدلال بنیاتنراوە، بەمپێیە دەکرێت لە رێگای دەربڕینەوە بگەیـەنرێت و بگوازرێتـەوە. تایبەتمەندییــە سـەرەکییەکانی زانـست بریتییــە لــە: أ- توانــای خستنەڕووی فۆرمۆلێکی ورد، هەمیشەیی و پەیوەندار. ب- توانای گشتاندن و پێشبینی. پ- توانای راگەیشتن بە داتـاو گـشتاندنەکان. دەتوانرێـت دوو تایبەتمەنـدی دیکـە بخرێتـە سـەر ئـەو تایبەتمەندییە سەرەکیانە: ١- رێکەوتن لەسـەر شـێواز. ٢- فێرکردنـی گونجـاوی ئـەو کەسـانەی کەکاری زانستی دەکەن.

بەڵام بەڕای هەندێك ئەوەی زانـست دیـاری دەکـات ئەوەیـە کـە، ( بەشـێوەیەکی تایبـەت و لـەرووی میتۆدۆلۆجیـاوە لەسـەر عــەقڵ راگـیر بێـت) و ئـەزموونی بـوون و هـەبوونی توانــای پێشبینیکردن بە شتە پێویستەکانی زانست ناژمێردرێـت. زانـست جـەخت لـە هـەبونی سـتایلە رێکوپێکــەکانی لێکۆڵینــەوە دەکاتــەوە. بــەڕای (هاکـسلی) زانـست کۆمـەڵـە هۆشـیارییەکی سیـستماتیکە، کە لەسەر عەقڵ و بەڵگەهێنانەوە(استدلال) بنیاتنراوە.

ئەو زانـستانەی سـەروکاریان لەگـەڵ دیـاردە سروشـتییەکان هەیـە، بەزانـستی سروشـتیو زیندەوەرزانی ناودەبرێنو ئەو زانستانەی سەروکاریان لەگەڵ دیاردە کۆمـەلایەتییەکاندا هەیە بە سۆسیۆلۆژیا لەقەڵەم دەدرێن. زانستە سیاسیەکان سەر بەگروپی دووەمە.

هەروەكو ئاماژەی بۆكرا، هەندێ لەتوێژەرەكان زانستی بوونی لێكۆڵینەوەی سیاسییان رەتكردۆتەوە. (ئۆگست كۆنت)ی باوكی كۆمەڵناسی ڕایەكی لەوجۆرەی هەبوو، بەڵگەی دەهێنایەوە كە: ١- توێژەرە سیاسیەكان دەربارەی شێوازەكانی یەكدەنگ نین. ٢- بنەماو ئەنجامەكانی بەشێوەیەكی گشتی پەسەند نەكراون. ٣- گۆڕان و گەشەكردنی بەردەوام نییە. ٤- ناتوانێ كەرەسەكانی بۆ توانای پێشبینی دەستەبەر بكات[٢٦]. رەخنەگرانی دوای (ئۆگست كۆنت) چەند كەموكورتییەكی دیكەیان خستە سەر نەیارییەكانی ئەو: ٥- دیاردە سیاسیەكان هێندە ئاڵۆز، هەمەجۆرو ناڕێكوپێكن، كەشێوازە زانستییەكان ناتوانن لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكەن. ٦- ئەو هۆكارانەی كار لەدیاردە سیاسیەكان دەكەن نادیارن، لەبەر ئەوە جیاكاری‌و جڵەوكردنیان دژوارە. ٧- بێدەسەڵاتی لەكۆنترۆڵكردنی ئەو فاكتەرانەی كار لەدیاردە سیاسیەكان دەكەن تا ڕادەیەك پێشبینی‌و ئەنجامگیری مەحاڵ دەكەن. ٨- كەسایەتی‌و جیهانبینی توێژەر زۆرجار كار لەو ڕاستی‌و ئەنجامانە دەكات كە بەدەستیان دەهێنێ. تەنانەت ئەگەر بێ لایەنیش بێت، ناتوانێت وەكو توێژەری زانستی سروشتی و زیندەوەرناسەكان بێلایەن بێت. پەروەردە، فێركردن، ژینگەی كۆمەڵایەتی‌و پیشەكەی كار لە جیهانبینی و هەروەها تێگەیشتنەكەشی دەكات. سەرئەنجام بەهۆی نەبونی ئامرازی وردی پێوانەكردن لە دیاركردنی ئەنجامەكاندا دەمارگیریی زۆر زیاد دەكات.

ئەوە تەنها رەخنەگران نین گومانیان لەجەوهەری زانستیانەی لێكۆڵینەوە سیاسیەكان كردوە. هەندێ لەسیاسەتمەدارانیش ئەو جۆرە رەخنانەیان گرتووە. بۆنمونە لەساڵی ١٩٤٦ (بورگان) لەوتەی كردنەوەی زانكۆی كەمبریج وتی: (دەبێت ئەمڕۆ گومان بكەین، كە ئایا بوارێكی زانستی هەیە بەناوی زانستە سیاسیەكان، گومانێكی كە لەڕوی زانستییەوە لای پێشینان نەناسراو بوو).

ڕاستییەك لە قسەی رەخنەگراندا هەیە. لە ڕاستیدا لێكۆڵینەوەی زانستیانەی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لەدژواری بەدەرنییەو لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی بەپێ سروشتی خۆی ناتوانێت وەك زانستی سروشتی‌و زیندەوەرزانی ورد بێت. بەڵام سەبارەت بەوەی، كە ڕەخنەگران هەمووجۆرە ئەگەرێكی زانستی بونی لێكۆڵینەوە سیاسیەكان رەتدەكەنەوە، تا رادەیەك بەزیادەڕۆیی دێتە بەرچاو. رەنگە ئەوان تەنها ئەوە پەسەند بكەن، كە ئەوەی تایبەتمەندێتی بەلێكۆڵینەوەیەكی زانستی دەبەخشێت وردی لەئەنجامگیری و بەتوانایی بێت لەپێشبینی

کردندا. لە راستیدا ئەمـە تێگەیـشتنێکی نەشیاوە سـەبارەت بەسروشـت و جەوهـەری زانـست. هەندێ زانستی سروشتی هەن کە توانای پێشبینیکردنی تەواویان نییە، وەك ئەستێرەناسی. ئایا دەبێ زانستی بوونی ئەم زانستە رەتبکەینـەوە؟ کەواتـە چـۆن دەبـێ داوای وردیـی لـە رادەبـەدەر لەزانستە کۆمـەڵایەتییەکان بکەین؟

ئەگـەر متمانـەی گـشتی ئەنجامـەکان و تـەواو راسـتبوونی پێـشبینیکردن تاکـە پێـوەری زانستیبوون نـەبن، کەواتـە چ شـتێکی دیکـە زانـستی بـوونی لێکۆڵینەوەیـەك دیـاری دەکـات؟ لەوەڵامـدا دەبێـت بوترێـت کـە شـێواز فاکتـەرێکی یەکلاکەرەوەیـە. ئەگـەر شـێوازەکانی لێکۆڵینەوەیەك زانستیانە بێت و توێژەرێکی بە تواناش بەکاریان بێنێت لێکۆڵینەوەی بابەتەکـە شێوەیەکی زانستی وەردەگرێت.

زانستە کۆمـەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گـشتی ئـەو تایبەتمەندیـەیان هەیـە. هـەروەکو دەزانـین تەنها لە رووی زیندووبوونەوە زانستی سروشتی لەگەڵ شـتە بێگیانـەکان، رووەك و گیانـدارەکان مـامـەڵە دەکات، بەڵام زانستی کۆمەڵایـەتی وەکـو ئەنـدامێکی کۆمـەڵ پەیوەنـدی بـە مرۆڤـەوە هەیە. بە پێچەوانەی زانای کۆمەڵایەتییەوە زانای سروشـتی بەئاسـانی کـار لەبابەتەکـەی خۆیـدا دەکات، ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەسـەر دەکـات لـە هـەموو شـوێنی یـەك ئـەنجام بەدەسـتەوە دەدات. بۆ نموونە: دووکۆی دوو لە هەموو شوێنێ دەکاتە چوار یان ئاو لە هەموو شوێنێ لەپلەی سەدیدا دێتە کوڵ یان... بەڵام ئەم یەکبوونە سەبارەت بەرەفتاری مرۆڤ لە ئارادانییە. مرۆڤ ئەقڵ و لۆجیك و ویستێکی ئازادی هەیەو لەبەرئەوە کەسە جیاوازەکان لەبەرامبەر پاڵنەرە تایبەتەکانـدا کاردانەوەی جیاواز پیشان دەدەن. هـەرجۆرە ئەنجامگیرییـەکی راگیر لەسـەر ئـەو شـێوە پێـدراوە چۆنایەتیە نادیارە ئەگەری بەهەڵەداچونی هەیەو حساب بۆکردنی ئەگەرێکی لەوجۆرەش زۆرجـار دژوارە. لەمـەش بـترازێ بەئاسـانی دەکرێـت دیـاردە سروشـتییەکان لەکەشـوهەوای تاقیگـەدا کـۆنترۆڵ بکرێـت و لێـی بکۆڵرێتـەوەو بەمپێـە زانـینی هۆکارەکـانی ئـەنجامێك و ئەنجامـەکانی هۆکارێك زۆر ئاسان دەبێت. بەڵام دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەوجۆرە نین. نەك تەنها پاڵنـەرەکانی مرۆڤ ئاڵۆزن، بەڵکو هیچ گرەنتیەکیش لەئارادانییە بۆئەوەی فاکتـەرە حساب بۆنـەکراوەکانیش کار لەرەوتی رووداوەکان نەکەن. دژواری لەکاتێکدا زیاتر دەبێت، کە هیچ توێـژەرێکی سیاسـی، ناتوانێت بابەتی لێکۆڵینەوەکەی لە بارودۆخی تاقیگەدا بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو بابەتەکەی بخاتـە ژێر جۆرەها تاقیکردنەوە بۆئەوەی بەئەنجام بگات. ئینجا بەپێـچەوانەی زانـای سروشـتییەوە، کـە

ئامرازو ئامێری پێوانەی وردی لەبەردەستدایە بۆهەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان، زانای کۆمەڵایەتی هیچ جۆرە ئامرازێکی دەستکردی لەبەردەستدا نییە تا یاریدەی روانینە وردەکانی بدات(٢٧).

وێڕای ئەم دژواریانە زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوە. بەڵام ناکرێت چاوەڕوانی ئەو بیرە بکرێت کە هیچ یەکێ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەرادەی زانستە سروشتییە پێشکەوتووەکان وردبێ. ئەمەش کەمتەرخەمی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو هەروەکو (ئەرستۆ) وتویەتی، لە سروشتی بابەتەکەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو شتەی زانست لە توێژەرانی چاوەڕێ دەکات ئەوەیە، کە لەلێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا لەدەمارگیری بەدووربن و میتۆدێکی زانستی پەسەندکراو بەکاربێنن. لە ناسینی راستییەکاندا رێ لەتێکەڵبونی جیهانبینیی‌و هەستی خۆیان بگرن و وەکو زانایەك دەبێ زیاتر ئاگایان لەخودی راستی بێ تا ئەو ئەنجامانەی کەهەیەتی(٢٨).

دەبێ دان بەوەدا بنرێت، کە زانستە سیاسییەکان بەقەد زانستە سروشتییەکان وردنییەو ناشتوانێت وابێت. هەروەکو پێشان وترا زانستە سیاسییەکان تەنانەت زاراوەی زانستی وردو پەسەندکراوی گشتی نییە. زاراوەکان بەلای کەسە جیاجیاکانەوە مانای جیاجیایان هەیەو بنەماو ئەنجامەکانی زانستە سیاسییەکان بەتەواویش یەکلوکەرەوە نین. ناشتوانرێت پێشبینی هیچ رووداوێك بەوردیی‌و بەڕاستی بکات. مەیلی مرۆڤەکان بێگومان ئاڵۆزو نادیارن. نەریت و ژینگەی کۆمەڵایەتیش رۆڵی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لەبەردەوامی هاوئاهەنگی لەمەیلی مرۆڤدا هەیە، کە دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

جیاوازی بیروبۆچونی پسپۆڕانی بواری سیاسەت دەربارەی پرەنسیپ و بنەماکانی زانستە سیاسیەکان نابێت سەرسوڕهێنەر بێت. زانستە سیاسیەکان تاکە زانستێکی سەلێنەر نییە تا شتە واقیعیەکان کۆبکاتەوەو وەك پەیوەندییەکی باڵا رێکیان بخات. ئەگەر وابوایە جیاوازییەکی زۆر سەری هەڵنەدەدا. زانستە سیاسیەکان لەناوەڕۆکدا زانستێکی میتۆدییە. تەنها بایەخ بەلێکۆڵینەوەی ئەوە نادات کە هەیە، بەڵکو بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لەگۆرانکارییە سیاسییەکانیش دەکۆڵێتەوەو لەوێوە کە داوەریی بەهادانانی هیچ یەکێ لەسیاسەتزانان ناکرێ وەکیەك بێت جیاوازی سەبارەت بە ئامانجە خواستراوەکانی کۆششی مرۆڤ لەمەسەلە سیاسیەکاندا قابیلی خۆلێلادان نییەو ئەم جیاوازییانەش کار لەلێکۆڵینەوە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بنەمایانەی کە لەبارەیانەوە یەکدەنگی دروستدەبێت لەسەروەختی

سەرهەڵدانداندان. هەروەها ئێستا لەنێو توێژەرانی سیاسییدا سەبارەت بەشێوازە گونجاوەکان بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان لەیەکگەیشتنێکی باش هەیە. لەبەرئەوە ئیدی بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لەئارادا نییە بۆئەوەی زانستیبونی سیاسەت رەتبکەینەوە.

ئەم قسەیە بەو واتایە نییە، کە زانستە سیاسیەکان، هێشتا یەکێك نییە لەو زانستانەی گەشەی کەمیان کردوە. لێکۆڵینەوەی بەردەوام و پەسەندکردنی میتۆلۆجیای گونجاو پێشمەرجە پێویستەکانی گەشەکردنی زانستی سیاسین لە داهاتوودا. تا ئیستا هیچ شارێیەك دروست نەکراوە، بەڵام پێشڕەوانی ئەم زانستە چەند کوێرە رێگایەکیان دروستکردووە، کە بەتێپەربوون پیایاندا دەتوانرێت سەرلەنوێ ئەم زانستە دروستبکرێتەوە، بۆئەوەی (بیرنارد شاو) وتەنی (شارستانییەت رزگاری ببێت). ئەگەر زانستە سیاسیەکان پەیامێکی لەوجۆرە هەڵبگرێت، دەبێت بە هونەری باڵای مرۆڤایەتی، هونەرێك کە لە خودی سیاسەتدا شاراوەیە.

### ٦- رۆڵی زانستە سیاسیەکان لە دیموکراسیدا:

سەردەمی ئێمە سەردەمی دیموکراسییەو خەڵك لەدیاریکردنی سیاسەت و ئەرکەکانی سیاسیەتدا رۆڵێکی گەورەیان هەیە. سیاسەت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە. زانستە سیاسیەکان چەند بنەمایەك دەکەنە بڕیار، کە دەبێت لە کاروبارە گشتییەکاندا پەیڕەو بکرێت. زانستە سیاسیەکان خەڵك سەبارەت بەئەرك و مافەکانیان وریا دەکەنەوە. خەڵك سەبارەت بەئامانج و ئەرکەکانی دەوڵەت و پێگەی تاك و پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا ئاگایی بەدەست دێنن. خەڵکێکی لەوجۆرە دەتوانن لەکاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵێکی گرنگ ببینن. لەو وڵاتانەدا، کە خەڵك هۆشیاری سیاسییان نییە، پێوەرەکانی ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و هەڵبژاردنی سیاسەتمداران لەئاستێکی باڵادا نییە، رابەرەکان بەرپرسی کارەکانی خۆیان نین و لە رەخنەش ناترسن.

ئامانجی سەرەکی فێربونی زانستە سیاسیەکان بەخشینی هۆشیاری سیاسییە بەخەڵکی کۆمەڵگەیەکی ئازاد. هۆشیاری سیاسی خەڵكو هەست کردنیان بە لێپرسراوێتی لە بەرامبەر چارەنووسی گشتی خۆیان و وڵاتەکەیاندا دەتوانیێ ببێتە هۆی مانەوەی کۆمەڵگاکەیان. ئەگەر هۆشیاریو لێپرسراوێتییەکی لەوجۆرە نەبێت، کۆمەڵگە لەبەریەك هەڵدەوەشێت. هۆشیاری و

تێگەیشتن لە ئالۆزییەکانی حکومەت و سیاسەت بەهایەکە پێویستە هەموو خەڵکی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان بیدەن.

زانستە سیاسیەکان هەوڵدەدەن ئەم جۆرە هۆشیارییانە بهێننە ئاراوە. تەنها دەنگدان لەهەڵبژاردنەکاندا مەرجی تەواو نییە بۆ بەشداری سیاسی، بەڵکو زانینی وەڵامی راستی پرسیارە سیاسیەکان پێویستە. خەڵك دەبێ بزانن حکومەتی ولاتەکەیان چۆن کاردەکات و هەروەها دەبێت لەوە تێبگەن، کە چ بەرژەوەندیو هێزگەلێك لە پشت سیاسەتە تایبەتەکانەوەن‌و ئەنجامی پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتانە چییە. کێن ئەو کەسانەی بە راستی لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردراون و خەڵك ئەو کەسانەی بۆ گەیشتن بە چ ئاواتێك هەڵبژاردووە. ناهۆشیاری سیاسی زۆرجار بۆتە هۆی پوکانەوەی ولات و ژیانی مرۆڤەکان[٢٩].

هەروەها زانستە سیاسیەکان هەوڵدەدەن بە بەخشینی زانیاری شیاو بەکەسانی شیاو و ئارەزوومەند تا ئامادەیان بکەن بۆ کار لە بواری سیاسی، یاسایی، فێرکاری، خزمەتگوزاری ولاتو دەرەوەی ولات. ئەم ئەرکەی زانستە سیاسیەکان بەشێوەیەکی گشتی لە زانکۆکاندا ئەنجامدەدرێ و بەو کەسانەشی ئەم پەروەردەیە وەردەگرن، بڕوانامە دەدرێت.

## پــــەراوێزەکان:

١- لەهەمان شوێندا ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە سیاسەت لەگەڵ زانستی سیاسەتدا جیاوازی هەیە، سیاسەت لەمەفهومی گشتیدا لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بونی هەیە، بەڵام زانستە سیاسیەکان دەبێ وەکو هەر زانستێکی دیکە بخوێنرێ و ئەوەشە کە لە زانکۆکاندا دەخوێنرێت یان کەسانێك بۆخۆیان دراسەی دەکەن. بۆسیاسەت و زانستە سیاسیەکان بڕوانە بەشی ( پێناسەی زانستە سیاسیەکان ) لەهەمان بەشدا.

٢- ارسطو - سیاست - ترجمە حمید عنایت، چاپ سوم، تهران شرکت سهامی کتابهای جیبی ١٣٦٤ ص٥.

٣- هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢ لاپەرە ١٣،١٤ .

4- John R. Seeley .Introduction to Political Science (London: Gorge Allen and Unwin.1923 ) p.32.

٥- رابرت دال –تجزیە وتحلیل جدید سیاست – ترجمە حسین ظفریان ( تهران نشر مترجم ، ١٣٦٤ ) ص١ .

6-A. Rubinstein .G.Thumm .The Challenge of politics : Ideas and Issues, 3rd ed.(Englewood Cliffs, N.J,: prentice –Hall ,Inc,.1970) P.2.

٧-یەکێك لەیەکەمین بەکارهێنانەکانی زانستە سیاسیەکان لەدەیەی ١٨٩٠ کانە لەکۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەزانکۆی کۆڵۆمبیا بەناوی ( کۆلیژی زانستە سیاسیەکان ) دامەزرا ، ئەم کۆلێژە چەند بوارێکی وەکو ئابووری ، کۆمەڵناسی ، مێژوو، هیومانیزم ، ئامار ، مافە گشتییەکان و حکومەت یان زانستە سیاسیەکانی لەخۆگرتبوو بڕوانە : Seymour Maetin lipset ( ed) Politics and The Social Sciences ( London Oxford University Press 1969)p.x

ئەم کتێبە لەپەیوەندی زانستە سیاسیەکان لەگەڵ مێژوو، هیومانیزم، کۆمەڵناسی، ئابووری، دەروونزانی و ئامار دەکۆڵێتەوە.

8-Unesco.Contemporay Political Science A survery of Methods Research and Teaching Unesco 1950 p.4

٩- دال- سەرچاوەی پیشوو-ص٢.

10-Harold Laski A Grammar of Politics 5th ed (London : C. Allen 8 Unwin 1967 ) p .131.

11-Henry Sidgwick , The Elements of politics ( London :Mamillan 1920) p.2: cited in : N.N. Agarwal ,V.Bhushan, V.Bhagwan ,prinicples of political Scinece 13th ed ( New Delhi:R .Chond and Co .,1991)p.7.

12-Ronald pennock, David Smith , political Scince (NewYork :Macmillan, 1964) p.2.

13-G.E.C. Cotlin, Systematic Politics ( Toronto Vniv.press, 1963 ) P.36.

14-Bertrand de Jouvenal, The Pure Theory of politics (Cambridige: Cambridge University Press, 1963 ) p.82

١٥-دال - سەرچاوەی پێشوو ٧-٨ .

١٦- بۆچەند نمونەیەك لەلایەنگرانی هێز بڕوانە:

Hans J. Morgenth Politics Amony Nations: The struggle for Power and Peace New York:Alfred A Knopf Inc 1972 D D Raphael Problems of Political Philosophy 2nd ed London: Macmillan 1990.

17-D.Held and A.Leftwich , ( A.Disci po Litics) in : A. Leftch (ed , What is politics ( oxford ) : Busil Blackweell, 1986 ) P.144

١٨-لەفەسڵی چوارەمدا دەربارەی هێز و بەشێكی تر لەچەمك بنەما تازەكان لەزانستە سیاسیەكاندا زیاتر قسە دەكرێ لێرەدا تەنها لەبەرئەوەی هەندێ پێیانوایە ئەركی سەرەكی زانستە سیاسیەكان لێكۆڵینەوەی هێزە ئاماژەی بۆكرا.

19-Okwudiba Nnoli , Introduction to politics ( Essex: Longman Group Ltd ., 1990 ) P.2-5 and

بۆخوێندنەوەی دەربارەی زانستە سیاسیەكان لەیەكێتی سۆڤیەت ، بڕوانە:

20-Ronald J. Hill, Soviet Politics Political Science and Reform Oxford: Mortin Roberston and Co Ltd, 1980.

٢١-ك.ك. رودی ت ، ج- اندرسن و ك.ك : كريستول اشنايى باعلم سياست ، ترجمه بهرام ملكوتى . 2 جلد چاپ دوم ( تهران : كتابهاى سيمرغ 1351) ج 1، ص10.

22-C.F.Beni Prasad , The Democratic process ( London :Oxford University Press ,1932) p.6.

23-E.Borker, The Stuty of Political Science and it"s Relation to Cognate Studies (Canbridge: Cambridge University Press , 1928 )p.1 .

24-J.S. Mill, A System of Logic ,8 ht ed ( London :1900) cited in: Agarwal, op.cit, p.19.

25- Buckle , History of Civilization in England, Vols. 3 ( London: 1936) Vol 3.P.301,cited in Ibid.

26. Mill ,op .cip.p.547 ,in Ibid .p.20٢٦-

27-A.C.kapur, Principles of Political science , 17 th ed ( New Delhl :S . Chand and Co .Ltd, 1987 ) p.19,and Agrwal .op cit., p.21..

28-W.G.Runcimal, Scial Science and Political theory (Cambridge: Camirdge University Press , 1965 ) p.122.

٢٩- رودی - سەرچاوەی پێشوو ص٢٥.

– ٢ –

# ( میتۆدەکانی زانستە سیاسیەکان )

## ١- پرسی میتۆدۆلۆژیا :

هەتا پێش سـەدەی نـۆزدە زانـستە سیاسـیەکان، وەکـو لقێکـی زانکـۆ، تـەنها لـە سـوید هەبوو، پاشان لە ئەمەریکا و دواتر لە وڵاتەکانی دیکە سەریهەڵدا. سەرهەڵدانی وەکو بەشێك لە زانستێکی سەربەخۆ و نویێ ئەنجامی رزگاربوونی زەیـن و بـیری خۆرئـاوابوو لـە سیـستمە میتافیزیکییـەکان. ئـەم سیـستمانە دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکانیان کردبـووە پاشـکۆی (بـیری ئایدیالیـستیو راسـتییە مۆراڵیـەکان)[1]. هۆکـاری سـەرەکی ئـەم رزگاربوونـە بـەکارهێنانی میتۆدی زانستی بوو لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا.

لەدێر زەمانەوە بیریـارە سیاسـیەکان بایـەخیان بەمەسـەلەی میتۆدۆلۆژیـای لێکۆڵینـەوە سیاسـیەکان دابـوو. ئـەفلاتون، ئەرسـتۆ، مـەکیاڤیللی، بـودین، هـۆبز، ڤیکـۆ، مۆنتـسکیۆ و کەسانی تر، هەریەکەیان شێوازو میتـۆدی تایبـەتی خۆیـان هـەبووە. لـەدوای گەشـەکردن و گـۆڕانی لێکۆڵینـەوە سیاسـیەکان، بـۆ لقێکـی زانـستی سـەربەخۆ، مەسـەلەی میتۆدۆلۆژیـا بەجدی بووە جێگای بایەخدان. (ئۆگست کۆنت) باوەڕی وابـوو، کـە تەکنیکـە دروسـتەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان بـریتین لـەبینین، ئـەزموون و بـەراوردکاری. لەلایەکی ترەوە (جۆن ستیوارت میل) لەوباوەڕدابوو تاقیکردنەوەو ئـەزموون و میتۆدەکـانی ئەندازیاری ڕوت گومڕامان دەکەنو تاکە میتۆدی راست بـۆ لێکۆڵینـەوەی سیاسـی میتـۆدی پێوانکـاری دیـاریکراو و میتـۆدی مێژووییـە. بەهـەمان شـێوە (بلونـشلی – Bluntschli) باوەڕی وابوو تەنها میتۆدەکانی مێژوویی و فەلـسەفی راسـتن، هەرچـەندە دژی بـەکارهێنانی میتۆدی ئەزمونگەریی لەگەڵ میتۆدی فەلسەفی ـ مێژوویی نەبوو. (سیلی) لایـەنگری میتـۆدی بەدواداچوون (استقرائی)ی دەکرد. ( جەیمس بریس– Bryce) دەیوت میتـۆدە راسـتەکان بریتین لەبینین، تاقیکردنەوە، میتۆدی مێژوویی و پراکتیکی[2]. (گارنەر) لەگەڵ ئەوەشی کە

میتۆدەکانی تری بەبێبایەخ نەدەزانی، بایەخی بەمیتۆدی پراکتیکی و بەراوردکاریی دەدا، کە بەباوەڕی ئەو ( هێندە بەرفراوانە کەپرۆسەی ئەمبارکردن، ڕێکخستن، ریزبەندی، هاوئاهەنگی و سڕینەوەو بەراوردکاریش لەخۆدەگرێت). بەمپێیە پێیوابوو، کە میتۆدی مێژوویی، تەنها (شێوەیەکی تایبەتە لە میتۆدی سەلماندن)[٣].

(چارلز مەریام) چوار قۆناغی سەرەکی و ڕەوتی گەشەکردنی زانستی سیاسەت و میتۆدەکانی لە ئەمەریکا دەستنیشان کرد. بە قسەی (مەریام) هەتا ساڵی (١٨٥٠) میتۆدی فەلسەفی و بەراوردکاری جێگای بایەخ بووە. لەساڵی (١٨٥٠) تا (١٩٠٠) میتۆدی مێژوویی و پراکتیکی بەکارهێنرا. لە (١٩٠٠) تا (١٩٢٣) تێڕوانین و لێکۆڵینەوەو پێوانەکاریی ئەو میتۆدانە بوون چەندینجار بەکارهێنران. لە (١٩٢٣) بەدواوە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی دیاردە سیاسیەکان بەشێوەیەکی فراوان پەسەند کرا. ئەگەر گۆڕانە زانستییەکانی سەراپای جیهان لەبەرچاو بگیرێت، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە ئەو میتۆدانەی ناویان هات، هەموو میتۆدو شێوازە جۆربەجۆرەکانی لێکۆڵینەوەی سیاسی لەخۆناگرن. دەتوانرێ ئاماژە بۆ میتۆدی دیالەکتیکی مارکسیزمیش بکرێت، کە دیاردەکان بەپێی پەیوەندی ناوەکی و بەرامبەر هەڵدەسەنگێنێ[٤].

(مۆنتی پالمەر) و هاوکارانی بەکارهێنانی میتۆدی زانستییان لە لێکۆڵینەوەی سیاسیدا وەك لێکۆڵینەوەکانی دیکە بەپێویست زانیوەو بۆ ئەم میتۆدە پێشنیازی رەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیان کردووە، کە پێویستە هەموو میتۆدێکی زانستی ئەم خاڵانەی تێدا بێت:

١- پێناسەی وردی زاراوە زانستییەکان و چەمکە سەرەکییەکان.

٢- توێژینەوە لەقاڵبی ئەو شیمانانەی کە تاقیدەکرێنەوە.

٣- مایەی دوبارەکردنەوەی توێژینەوە.

٤- دوورگرتنی توێژینەوە لەو دەمارگیرییانەی لە بەها تایبەتییەکانی توێژەرەوەوە سەرچاوە دەگرێت[٥].

دەتوانین بڵێین، کە هیچ شێوازو میتۆدێك بەتەنیا ناتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو لەمەسەلەکانی بواری زانستی سیاسەت بکۆڵێتەوە. لەمڕووەوە مەسەلەی میتۆدۆلۆژیا

بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە دەبێت بە بەکارهێنانی میتۆدێ یان چەند میتـۆدێکی گونجـاو لە دیاردە سیاسیەکان بکۆڵێتەوە. بـەبێ بـەکارهێنانی میتـۆد ناسـینی دیـاردە سیاسـیەکان قورس دەبێت. بەهای دەرئەنجامەکانیش بەندە بە میتۆد و شارەزایی لە بەکارهێنانیدا.

ئەگەرچی خودی وشەی (میتۆد) تەواو روون نییە، بەڵام دەتوانرێت بـە کـردە ئـەقڵانی و لۆجیکییەکانی زەین دابنرێت لە گەڕان بەدوای زانست لەواقیعدا. هەنـدێکجار میتـۆد لـە واتـا تەکنیکیەکەیدا بۆ کۆکردنەوەی داتاکانیش بـەکاردەهێنرێت، هـەروەها دەشـێ بـەواتای ئـەو کەش و هەوا گشتییەش بێت کە بەسەر بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا زاڵە. لە زۆر لایەنەوە میتۆد روانگەی لێکۆڵیار یان توێژەر دەردەخات.

## ٢- میتۆدەکانی زانستی سیاسەت:

میتۆدە پەسەندکراوەکان یان بەکارهێنراوەکان لەزانستە سیاسیەکاندا بریتین لە:

أ– میتـۆدی مێـژوویی. ب - میتـۆدی بیـنین. پ - میتـۆدی ئـەزموونی. ت - میتـۆدی بەراوردکاری. ج - میتۆدی فەلسەفی.

بەکورتی لە هەریەکە لەم میتۆدانە دەکۆڵینەوە.

### أ– میتۆدی مێژوویی:

ئاشـکرایە رەگوڕیـشەی زۆر لـەرووداوەکانی ئـەمڕۆ دەگەڕێتـەوە بـۆ رابـردوو. لـەمڕووەوە لێکۆڵینـەوەی زانـستییانەی دیـاردەو دامودەزگـا سیاسـیەکان شـێوازی مێـژوویی دەکاتـە پێویـست. بـەهای شـێوازێکی لـەمجۆرە لـەو راسـتیەدایە، کـە نـەك تـەنها رابـردوو روون دەکاتەوەو ئەو توانایەمان پێدەبەخشێ ئـەنجامێکی شـایانی متمانـە بەدەسـتبێنین، بـەڵکو پرەنسیپی بنەڕەتیش بۆ شرۆڤەکردنی ئاینـدە فەراهـەم دەکـات. لـە رۆژگـاری هاوچـەرخدا، بیریارو توێژەری پێشڕەو و بەرجەسـتە مێتـۆدی مێـژووییان بـەکارهێناوە، لەوانـە دەتـوانین ناوی (باتیستا ڤیکۆ-Battista Vico)، (مونتـسکیۆ)، (سـاڤنی– Savigny)، (هێنـری ماین – Henry Maine)، (جۆن سی لی) و (فریمان– Freeman) بهێنین.

مرۆڤــەکان ئــەزموونی نــەوەکانی پێــشوو – میراتــی کۆمەڵایــەتی – دەپــارێزن. مێــژوو تۆمارکردنی ئەزموونەکانی رابردووە. خەیاڵێکی پووچە ئەگەر وابزانرێ بـەبێ لێکۆڵینـەوەی پێـشینەکان دەتـوانرێ راسـتیەکان بەدەسـت بێـت. لەراسـتیدا شـێوازی مێـژوویی ئاسـۆی بیرکردنەوە فراوانتر دەکاتو روانین راست دەکاتـەوەو ئیـستێك (attitude) سـەبارەت بـە رووداوەکان دێنێتە ئاراوە، کە دەتوانرێ بە هەستی مێژوویی ناوببرێت. لەبەرئەوەیە هەندێك سوورن لەسەر ئـەوەی پێویـستە میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی زانستی سیاسـەت مێـژوویی بێـت. لەروانگـەی ئەمانــەوە لێکۆڵینــەوەی راســتەقینەی مێــژوویی بەشــێکی دانــەبڕاوی فێرکــاری سیاسییە.

بە باوەڕی (ئەرستۆ) و (مارکس)یش بۆ زانـینی هەرشـتێ پێویـستە سـەیری قۆناغـەکانی سەرەتا و گۆڕان و پەرسەندنی ئەو شتە بکرێت. (مارکس پەیوەندی بەرامبـەری ناوەکیـشی دەخاتــە ســەر). دەوترێــت کــە ئــەم میتــۆدە ئەفرێنــەری بنــچینەی ناســاندنی دامودەزگــا سیاسیەکانە.

بەڵام پێویستە لە بەکارهێنانی میتۆدی مێژووییدا زۆر وریا بین، چونکە رەنگە ببێتە هۆی گەشــبینییەکی هــزری، کــە ئــەوەی ئێــستا روودەدات یــان بــەردەوام درێــژەی هەیــە، شایستەترینە. دەبێ سـەبارەت بـەم گەشبینییە ئاگامـان لـە پەرەسـەندنی مێـژوویی بێـت. مێژوو دەتوانێت رەوتەکە دەستنیشان بکات، بـەڵام نـاتوانێ بـەهای ئـەنجام دیـاری بکـات. مێژوو تۆمارکردنی شتێکە، کە بووەو چۆنیەتی سەرهەڵدانیەتی، ناتوانێت بڵێت کە پێویستە چی بێت.

هەڵەی پەرەسەندنگەرایان ئەوەیە، کە زیـادەڕەوی لەبایەخـدان بـە گشتاندندا دەکـەن و ئەو راستیە لەبەرچـاو نـاگرن کـە پەرەسـەندنی مـرۆڤ تاکـە رێگایـەکی نییـە. پێویـستە ئـەو باوەڕە زۆر باوەی ، کە مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە، بخرێتە سـەر ئـەم کەموکورتییـە. لـە راستیدا ئەم باوەڕە نیوەی راستە، نیوەکەی دیکەی ئەوەیە، کە مێژوو هەرگیز خۆی دوبارە ناکاتەوە. هەلومەرجەکانی قەومانی رووداوەکان هـەرگیز دوبـارە نابێتـەوە. بەمپێیـە ئەگـەر یـەکێك بڵێـت ئـەوەی لـەرابردوودا روویـداوە لـە ئایندەشـدا روودەداتـەوە تێکـدەری گیـانی زانستیانەی توێژینەوەیە.

**ب– میتۆدی بینین:**

ئەم میتۆدە، هەروەکو لەناوەکەیەوە دیارە، بریتییە لە بینینی وردی ئەو دیاردانەی لێکۆڵینەوەنەوەیان لەسەر دەکرێت. (لۆرانس لۆڤیل – L. Lowell) زۆر جەختی لەتوانستی بینینی زانستی سیاسەت دەکردەوە. جەختکردنەوەکەی بەهیچ شێوەیەك بێهۆ نییە، چونکە بەشێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە سیاسیەکان لە شیکردنەوەی دامودەزگا سیاسییە هەنوکەییەکان پێکدێت و ئەم کارەش پێویستی بە ئەنجامی بینینی دڵنیاکەرەوەیە. بە بینینی راستەوخۆ و چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسادانەران و سیاسەتمەداراندا دەتوانرێت باشتر لە رووداوە سیاسیەکان بکۆڵرێتەوە. زانیاری ناڕاستەوخۆ دەشێ جێگەی متمانە بێت یان نەبێت. ( جەیمس بریس) سەردانی هەموو ئەو وڵاتانەی کرد، کە دەیویست لە دامودەزگا سیاسیەکانیان بکۆڵێتەوەو لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە چاوپێکەوتنی ئەنجامدا. ئەمە وایلێکرد لە نزیکەوە کاری دامودەزگا سیاسیەکان ببینێ و سەبارەت بە واقیعی کارکردنیان زانیاری بە دەست بێنێت(٦). (هارولد لاسکی)ش هەوڵیدا سود لەم میتۆدە ببینێ. بەمپێیە بایەخی بینینی راستەوخۆ تەواو لەبەرچاوە.

بەڵام میتۆدی بینین دژواری زۆری هەیە. (سیلی) بە ئاگاداربوونی لەم دژواریانە وتویەتی، کە زانینی راستەقینەی راستییەکان لە زانستی سیاسەتدا لە زانستەکانی تر پڕ زەحمەتترە. (لاسکی) لەوەش زیاتر چۆتە پێش، کە وتویەتی تەنانەت ئەو کەسانەشی لە نزیکەوە پرۆسە سیاسیەکان دەبینن، رەنگە لە داوەریکردنی خۆیاندا هەڵە بکەن، چونکە پرۆسە سیاسیەکان ( زۆر لەو شاخە سەهۆڵەی سەر ئاو دەچێت، کە ئەوەی لەسەر ئاوەکە دەبینرێت تەنها بەشێکی بچوکی بەشە راستەقینە گەورەکەی ژێر ئاوەکەیە). کاتێك جیهانبینی بینەرو لاوازییەکانی کاریگەری لە کاری بینینەکەی دەکەن، دژواری میتۆدی بینین زیاتر دەبێت. دژوارە بینەر بتوانێ بێلایەن بێت، چونکە ئەزموونە تایبەتیەکانی کاریان لە زەینی کردوەو بەو زەینەوە لە رووداوەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانێت و دەیبینێت.

دژوارییـــەکی دیکـــەش هەیـــە. لەوانەیـــە بینـــەری سیاســـی ئـــەو خەیاڵـــەی هـــەبێت هاووێناکارییـەکی دەسـتکردو گـشتاندنی بـەرفراوان بـەکاربێنێ، کـە لەسـەر واقیـع بنیـات نەنرابن. بەمپێیە زانینی دروستی راستی و دڵنیابوون لێی بایەخێکی زۆری هەیە. سـەرەڕای ئەوەش لەوانەیە بینەر هـۆی تایبـەتی یـان رێکـەوت لەگـەڵ هـۆی گـشتی یـان راسـتەقینەدا تێکـەڵ بکـات. تـەنها بینـەرێکی، کـە توانـاو دیـدێکی ورد و داوەری هۆشـیارانەی هـەبێت، دەتوانێت ئەنجامێکی دروستی جێی متمانە بەدەست بێنێت.

**پ- میتۆدی ئەزموونی:**

هەنـدێك لـە توێـژەرانی سیاسـی دودڵبـوون لـەوەی کـە زانـستە سیاسـیەکان توانـای ئەزموونکردنی هەبێت. (ستیوارت میل)، (لاڤیـل) و (ڤیگـان) لـەو بیریارانـەن، کـە باوەڕیـان وایە، میتۆدی ئەزمونی  بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان مایەی جێبەجێکردن نییەو لە زانـستی سیاسـەتدا ناتوانرێـت وەك لێکۆڵینـەوەکانی فیزیـا یـان کیمیـا تاقیبکرێتـەوە. کیمیاگـەر دەتوانێـت ئـەو مادانـەی، کـە دەیـەوێت لێیـان بکۆڵێتـەوە، بـەجیا بیانخاتـە ژێـر جۆرەهـا کاریگەرییـەوە، بـەڵام ئەمـە لەگـەڵ مرۆڤـدا ناکرێـت، چـونکە ناشـێت مـرۆڤ لـە ژینگـە کۆمەڵایەتییەکەی جیا بکرێتەوەو لە تاقیگەدا بخرێتـە بـەر بزوێنـەر و پاڵنـەری دیـاریکراو و لەهەمانکاتدا چـاوەڕێی ئـەوەی لێبکرێت رەفتـاری ئاسـایی بێت. جگـە لـەوەش ناتوانرێـت بەشێك لە کۆمەڵ لە سەراپای کۆمەڵ جیابکرێتەوەو بخرێتە تاقیگـەوەو کاریگـەری فاکتـەرە جۆراوجۆرەکانی لەسەر تاقیبکرێتەوە.

لـە زانـستە تاقیگەییەکانـدا توانـای دوبارەکردنـەوەی تاقیکردنـەوە هەیـە، بۆئـەوەی ئەنجامێکی دیاریکراو بەدەست بهێنرێت. بەڵام لەگەڵ دیاردە سیاسیەکاندا ناتوانرێـت ئـەوە بکرێت، چونکە ناتوانرێت هەلومەرجی سیاسی رووداوی رووداوێك بـەو شـێوەیەی کـە بـووە، بخولقێنرێتەوە. هەموو رووداوێکـی سیاسـی یـەکجار بـۆ هەمیـشە سـەرهەڵدەدات و هـەرگیز بەوشێوەیەی کەبووە دوبارە نابێتەوە(٧).

لــە دیــاردە سیاســیەکاندا فاکتــەرەکانی وەك بیروباوەڕەکــان، بزوێنــەرەکانو هەســتە مرۆییەکان کاریگەرییان هەیە، کـە لێکۆڵینـەوەی تاقیگـەیی و بابەتییانـەیان، ئاسـان نییـەو هەندێکجار هەر لەبنەڕەتدا مەحاڵە.

بە ئاوڕدانەوە لەو تایبەتمەندییانەی باسکران دەتوانرێت راستەوخۆ ئەوە پەسەند بکرێت، کە هەڵسەنگاندن و تاقیکاری (زانستیانە) لە زانستی سیاسەتدا ناکرێـت، بـەڵام دەبـێ ئـەوە بزانرێ هەمیشە ئاگایانە یان نائاگایانە ئەزموونە سیاسیەکان هەبوون. هـەروەکو (ئۆگەسـت کۆنت) وتویەتی، هەموو گۆڕانێکی سیاسی جۆرێکە لـە ئـەزموون. هـەر یاسـایەکی نـوێ کـە پەسەند دەکرێت، هەر سیاسەتێکی نـوێ کـە پیـادە دەکرێـت و هـەر گۆڕانێـك لـە پێکهاتـەو رێکخراوی سیاسیدا دەکرێت، لەو روەوە کە شتێکی تەواو کاتین، ئەزموونین. پەسەندکردنی کۆتاییو بەرچاویان بەندە بەوەوەی بسەلمێنرێت گونجاون. ئەگـەر بـە کـردەوە ئاشـکرابێت نەگونجاون و ئەگەری ریفۆرمیش نییە لەگـەڵ شکست هێنانیانـدا دەسـتیان لێهەڵـدەگیرێت. بەڵام تەنانەت ئەگەر چەندان ئەزموونی سیاسی رووبـەڕووی شکستیش ببنـەوە، لـەمبارەدا زانیاری و وانەو پەندی پڕ بایەخمان دەدەنێ و یارمەتیمان دەدەن ئەنجامی بـاش بەدەسـت بێنین.

کەواتە زانستی سیاسەت توانای ئەزموونکاری هەیە، بەڵام نـەك بـە مانـای تاقیکردنـەوەو ئەزموونـە کـۆنترۆڵ کراوەکـانی تاقیگـە، بـەڵکو لـەو واتـا سـنوردارەدا، کـە داتـا راسـت و ناڕاسـتەکان لـە بینـینی راسـتەوخۆ و لـە ئـەزموونی تایبـەتیو لـە مێـژووی هاوچـەرخەوە بەدەسـت دێـن. بەسـەرنجدان لـەم واتایـە دەتـوانرێ بگوترێـت مێـژوو تۆمارکـەری ئـەو ئەزمونانەیە، لە ئەندازەگیرییەکی فراواندا روویانداوە.

**ت– میتۆدی بەراوردکاری:**

ئەم میتۆدە لەرێگەی بەراوردکردنەوە گشتاندن لەخۆدەگرێت. دەکرێت ئەم میتۆدە هـەم بۆ لێکۆڵینەوەی دەزگاو بیروبۆچوونە سیاسیەکانی وڵاتێك لە قۆناغە جیاجیاکانداو هـەم بـۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکانی وڵاتە جیاجیاکان بەکاربهێنرێت. لە هەردوو بواردا بنەمای میتۆدەکـە بریتییـە لـە سـەرنجدان لـەو خاڵـە جیـاوازو لێکـچووانەی دەشـێ لـە بـارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتانەدا هەبن، کە بەراورد دەکرێن. ئاوێتەکردنی گونجـاوی

پرۆسەی بەراوردکاری لەگەڵ پرۆسـەکانی دیکـەی لۆجێك و بەڵگەهێنانـەوەدا دەبێتـە هـۆی بەهێزکردنیان. کاتێ کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مێژوویی یان بیـنین ئاوێتە بکرێت، زۆر لەکێشەو کۆسپەکانی بەردەمیان لەناو دەبـات. ئـەم میتـۆدە لایـەنگرانی ناوداری وەکو (ئەرستۆ و مۆنتسکیۆ و بریسی) هەیە.

لایـەنێکی تایبـەتی میتـۆدی بـەراوردکاری میتـۆدی لێکـچواندنە. فـۆرمی ئاشـکرای ئـەم میتۆدە لێکۆڵینەوەیە لە دەوڵەت وەك گروپێکی زینـدوو یـان ئۆرگـانیزمی لەگـەڵ مرۆڤـەکان وەك بەشێك لەو دەوڵەتە. ئەم میتۆدە بە یارمـەتی تیـۆری پـەرەسـەندن، کـە لـە بایۆلۆژیـاو سۆسیۆلۆژیادا کاری پێدەکرێت، هەوڵدەدات لە دەوڵـەت بکۆڵێتـەوە. لـەم میتـۆدەدا هـەموو شتێ بە دەربڕینی فۆرم یان خستنەرووی بیروبۆچوون روون دەکەنەوە یان بـە خـستنەڕووی چەند نموونە لە ئۆرگانیزمی زیندوو چەند ئەنجامێك بەدەستدێت. بەڵام مـرۆڤ وەکـو ئـاژەڵی مۆڵدراو نییە، بەڵکو بۆ خۆی ئاژەڵێکی سیاسیە. ئەفلاتون لە یونـانی کۆنـدا ئـەم میتـۆدەی بەکارهێنا (بەڵام نەك لە لایەنی پەرەسەندنەوە). لە سەردەمی نوێـشدا (ئۆگەسـت کۆنـت) و (هێربەرت سپنـسەر) و کەسـانی دی بـەکاریان هێنـا، ئەگەرچـی شـێوازی مارکسیزمیش بـۆ کۆمەڵگە پەرەسەندنە، بەڵام تیایدا لێکچواندنەکان شوێنێکی نییە.

میتۆدی لێکچواندن شێوازێکی نازانستییەو لە باسـی دیـاردە سیاسـیەکاندا زیـاتر لـەوەی رۆشنکەرەوە بێت دەبێتە هۆی سەرلێشێوان. ئـەفلاتون بەشـێوەیەکی فـراوان لێکـچواندنی بـەکارهێناوە، بـەڵام باسـی مەسـەلە ئینـسانییەکانی دابەزانـدە ئاسـتی باسـێك دەربـارەی جیهـانی چـەند ئـاژەڵێکی وەکـو دێڵـە سـەگ و مـاین. ئـەم کـارە ئـەوەی ئاشـکرا کـرد، کـە ئەگەرچی بەکارهێنانی لێکچواندن دەبێتە هۆی روونکردنـەوەی مەسـەلەکە، بـەڵام نـابێ زۆر قوڵبکرێتـەوەو بەمـشێوەیە نـەبێت چـەند ئـەنجامێکی ناڕاسـت بەدەسـت دێـت. (هێربـەرت سپنسەر)یش نمونەی کلاسیکیانەی بەکارهێنەری ناڕاستی ئەم میتۆدەیە. تیۆری (سپنسەر) دەربارەی ئۆرگانیزمی دەوڵەت کەموکورتی زۆر تێدایە. رەنگە دەوڵـەت وەکـو ئۆرگانیزمێـك وابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە تاکە دەزگای لـەوجۆرە نییـە. لەئەنجامـدا بـەکارهێنانی میتـۆدی بەیەکچواندن لەلایەن (سپنسەر)ەوە زیـاتر بوەهـۆی سەرلێـشێوان تـا روونکردنـەوە. بـەڕای (بارکەر) نابێ ئەوە لەبیر بکرێت، کە خوازەو لێکچواندن، بەڵگەهێنانەوە نییەو دروستکردنی

هاوسەنگی نێوان دەوڵەتو تاكو پەیوەندییەكانیان روون ناكاتەوە[٨]. بەمپێیە ئاشكرایە كە پێویستە بەوریاییەوە ئەم میتۆدە بەكاربێت[٩].

**ج- میتۆدی فەلسەفی:**

ئەو میتۆدانەی تا ئێستا باسیان لێوەكرا بەشێوەیەكی سەرەكی میتۆدی پشكنین و بەدواداچوون (ئستقرائی)ن، بەڵام میتۆدی فەلسەفی پێوانەییە. ئەم میتۆدە بە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپێكی بەڵگەنەویستی دیاریكراو دەستپێدەكات، لەگەڵ پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەدا بەرەوپێش دەچێتو هەوڵدەدات تیۆرێك دەربارەی دەوڵەت و حكومەت بەدەستەوە بدات. ئەم شێوازە لە شیكردنەوەی فەلسەفەی سیاسیدا بەشێوەیەكی نادیار بوونی هەیە. (ئەفلاتون، تۆماس مۆر، ژان ژاك رۆسۆ، هیگڵ، گرین، بوسانكێ و سجویك) ژمارەیەكن لە لایەنگرە دیارەكانی ئەم شێوازە. هەندێ لەم بیریارانە راستییە سیاسییەكەیان لەبەرچاو نەگرتوەو چەند تیۆرێكیان هەڵهێنجاوە، كە لەخەیاڵیانەوە هەڵقوڵاوەو ئەوە پیشان دەدات واقیعگەرا نەبوون. تێگەیشتنو هەڵسەنگاندنیان سەبارەت بە دیاردە سیاسیەكانی رۆژگاری خۆیان نازانستیو ناڕاست بووە. ئەم شێوە مەعریفەیە گومانێكی ماقوڵی سەبارەت بەماهیەتی زانستی ئەم میتۆدە قوتكردۆتەوە. بۆ نموونە، (جۆن ستیوارت میل) (میتۆدی پێوانەیی ئەبستراكت)ی بەبێ هیچ موجامەلەكردنێك رەتكردوەو نكوڵی لەو بانگەشەیە كرد، كە میتۆدێكی راست و دروستی لێكۆڵینەوەی دیاردە كۆمەڵایەتییەكانە. كەسانی دیش گومانیان دەربارەی متمانەی زانستیانەی ئەم میتۆدی لێكۆڵینەوەیە هەبووە.

راستییەكی شاراوە لەم رەخنانەدا هەیە. لە لێكۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەكاندا بیركردنەوەی میتافیزیكیانە هەمیشە یارمەتیدەر نییە، بەڵام وتنی ئەوەی لە لێكۆڵینەوەی زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا میتۆدی فەلسەفی جێگایەكی نییە، بەدحاڵیبونە لە جەوهەری ئەم زانستە. زانستە كۆمەڵایەتییەكان لایەنێكی رێساییان هەیەو زۆرترین بەهایان بەم لایەنەی لێكۆڵینەوەوە پەیوەستە. ئەم لایەنە هەڵسەنگاندنی فەلسەفیانەی ستراكتۆرەكانی دەوڵەتو فۆرمەكانی دیكەی ئەو رێكخراوانە لەخۆدەگرێت، كە خوازیاری دەسەڵات و كاریگەرین. لەم

بارەیەوە باسێکی نموونە سەرەتاییەکان پێشکەش دەکرێ و پاشان ئەو دەزگایانەی هەن، لەبەر رۆشنایی ئەوباسەدا حوکمیان لەسەر دەدرێ و لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا دادەنرێن. بۆ نموونە، (سجویك) باوەڕی وایە یەکەم ئامانجی زانستی سیاسەت ئەوەیە، کە ئەوە دیاریبکات پێویستە چی بێت، یان رەوتی ئایندەی کار دەستنیشان بکات. دیارە ناتوانرێ ئەم ئامانجە بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی بەدواداچوون دیاری بکرێت. تەنانەت (ستیوارت میل)یش رووی کردە قبوڵکردنی (توێژینەوەی بەراوردکاری دیاریکراو). بەمپێیە ئەوەی کە هەندێك لە لایەنگرانی خراپ بەکاریان هێناوە، بەڵگە یان هۆکار نییە لەسەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بەناڕاست دابنرێت. ئەم کەموکورتیە لە میتۆدەکەوە نییە، بەڵکو کەموکورتی لەو کەسانەوەیە کە بەکاریان هێناوە[١٠].

لە راستیدا دەتوانرێ بوترێت لەنێوان هەردوو شێوازی بەدواداچوون و بەراوردکاریدا ناکۆکی نییەو لەزۆر رووەوە ئەم دووانە تەواوکەری یەکترین. لە توێژینەوەی دیاردە سیاسیەکانی ئێستاو رابردوودا پێویستە شێوازەکان ئەزموونی، بەدواداچوون و شیکاریانە بن، بەڵام هەرچی هەیەو هەبووە، هەمیشە کامڵ نییە. هەندێجار پێویستە چاك بکرێن. میتۆدی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ئەو رێساو پرەنسیپانە پێشکەش دەکات، کە بەپێی ئەوە، ئەو راستییە سیاسیانە هەڵدەسەنگێنرێ و بەراورد دەکرێن و چەندین پێشنیاز بۆ چاکسازی دەخاتەروو. میتۆدی فەلسەفی دەستنیشانکراو جگە لە بیرکردنەوەی ئەبستراکت هەوڵدەدات ئەوجۆرە پێوەرە رێساییانە فەراهەم بکات. زانستی سیاسەت لە تێڕوانینیدا، کە بۆ مەسەلە چەند رەهەندییەکان هەیەتی، ناچارە ئەو جۆرە شێوازانەی هەبێت[١١].

## ٣- هەندێك لەشێوازەکان:

لە چەند روانگەیەکی جۆراوجۆرەوە لە دیاردە سیاسیەکان کۆڵراوەتەوە. هەندێ لەرووی یاسایی و دامەزراوەییەوە لێیان دەکۆڵنەوەو هەندێکی دیکە دیدی ئابووریيان هەیە. بۆ لێکۆڵینەوەی رەفتاری سیاسیش لەرووی سایکۆلۆژییەوە کۆمەڵێ هەوڵ دراوە. سەرەنجام شێوازی رێسایی و ئەزموونی زانستیش هەن. بەکورتی لەم شێوازانە دەکۆڵینەوە.

ا- شێوازی یاسایی:

شێوازی یاسایی بریتییە لە راڤەکردنی دیاردە سیاسیەکان لە رووی یاساییەوە. ئەم شێوازە دەوڵەت وەکو کەسێکی یاسایی یان ئەنجومەنێك بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی یاسا دەبینێ. خودی یاساناسەکان میتۆدێکی تایبەتیان نییەو سەر بەقوتابخانە جۆراوجۆرەکانن.

گرنگترین کەموکورتی ئەم شێوازە تەسکی بواری کارکردن و سنورداریەتی. لە راستیدا ئەم شێوازە بایەخ بە یاساگەرایی و فۆرمگەرایی دەدات و پێگەو بایەخی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرە مەدەنیەکان کەمتر لەو رادەیەی هەیانە، پیشان دەدات، بێئەوەی دەرك بەوە بکات، کە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە دیاردە سیاسیەکان یەك لایەنە دەبێت.

ئەم قسەیە بەمانای نکوڵیکردن یان بچوك کردنەوە لە رادەی بەشداریی شێوازی یاسایی نییە لە لێکۆڵینەوە سیاسیەکاندا. یاساناسەکان نەك تەنها چەمکەکانی کەسایەتی یاسایی دەوڵەت و تیۆری سەروەرییان باسکردوەو برەویان پێداوە، بەڵکو لەتوێژینەوەی مافە سەرەکیەکان، مافی بەرێوەبەرێتی و مافە نێودەوڵەتیەکاندا بەشدارییەکی پڕ بەهایان هەبووە.

ب- شێوازی ئابووری:

شێوازی ئابووری لە سەردەمی (ئەرستۆ)وە لەئارادابووە. (ئەرستۆ) باوەڕی وابوو لە سەقامگیرکردنی فۆرمی حکومەتدا تایبەتمەندیی و دابەشکردنی سامان فاکتەرێکی چارەنووسسازە، کاروباری خەڵك کار لە ئیستی سیاسی و توانایان دەکات و شۆڕشەکان بەشێوەی ئاسایی بریتین لەرووبەڕوو بوونەوەی داراو نەدارەکان[١٢]. (جەیمز هارینگتون - J.Horreington) لەکتێبەکەیدا بەناوی (ئۆقیانوس - Ocean) لە (١٦٥٦) باسی ئەوەی کردووە، کە دەسەڵات بە شێوەیەکی سروشتی و بەناچاری دوای سامان دەکەوێت. (رۆبەرت دال) نوسیویێتی (دابەشکردنی دەسەڵات یەکسانە بە دابەشکردنی سامان[١٣]) و دامەزراوەی سیاسی رەنگدانەوەیەکی تەواوی دامەزراوەی ئابوورییە. لە سەدەی هەژدەدا (جۆهان ئادامس - Johan Adams) و (جەیمز مێدیسۆن - James Medison) لە ئەمەریکا پەیڕەوی هەمان هزریان دەکرد. بەڕای (ئادامس) کۆمەڵ بەسەر چەند چینێکی

دژبەیەکدا دابەشبووەو لەناڕەزاییەوەیە لەپێناو بەدەستهێنانی پێگەی باشی ئابووری کە ئۆپۆزسیۆنی گەورەی سیاسی لە کۆمەڵدا، بەتایبەتی لەنێو داراو نەداراندا، سەرهەڵدەدات. بەگوتەی (مێدیسۆن) مافی خاوەنداریتی (کۆسپی گەورەی بەردەم هەماهەنگی بەرژەوەندییەکانە). جیاوازی لە رادەو جۆرەکانی خاوەندارێتیدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ( هەست و بۆچوونی مرۆڤی داراو نەدار)هەیەو (کۆمەڵ بەسەر بەرژەوەندیو لایەنی جیاوازدا دابەش دەکات)[١٤].

لەسەر دەستی (مارکس) ئەم شێوازە بۆ ئامرازێکی بەهێزی شیکردنەوەو فەلسەفەی پراکتیکی گۆڕا. هەرچەندە (مارکس) جەختێکی زۆری لەسەر فاکتەری ئابووری دەکردەوە، بەڵام بایەخی هەموو فاکتەرە مادییە نائابورییەکانیشی پێناسەکردەوەو باوەڕی وابوو، کە شیکردنەوەی مێژوو یاساکانی پەرەسەندن ئاشکرا دەکاتو ئەو توانایەمان پێدەبەخشێ ئاقاری ئایندەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێشبینی بکەین. (مارکس) لەپشتیوانی سەرسەختانەیدا بۆ نەهێشتنی هەژاری و تازیارە چینایەتیەکان ئەم ئاقاری گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەی لە هەلومەرجێکی لەوەی دەبینرێت، کۆنکرێتیانەتردا دانا. ئامرازی شیکردنەوەکەی (مارکس) بە ماتریالیزمی دیالەکتیك ناودەبرێت، کە لەئێستادا بەشێکی زۆر لەخوێندکارانی کۆمەڵگا سۆسیالیستیەکانو شوێنانی دیکە پەیڕەوی دەکەن.

لە شێوازی مارکسیزمدا ئەو هێزەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبزوێنێ و روونی دەکاتەوە هەلومەرجی مادییانەی ژیانو بەتایبەتی شێوازی بەرهەمهێنانە. فاکتەرەکانی ململانێی چینایەتی لەشێوازی بەرهەمهێناندا حەشاردراوە. هەر شێوازێکی بەرهەمهێنان سیستمی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی تایبەتی خۆی هەیە. ململانێی چینایەتی شانبەشانی گۆڕان لە شێوازی بەرهەمهێناندا دینامیکی مێژوویی دێنێتە ئاراوە. دامەزراوەی سیاسی و یاساکانو کەلتووری کۆمەڵ لەپشکی کەسانێکدایە کە ئامراز و هۆیەکانی بەرهەم هێنانیان لە چنگدایە. بەوتەی (مۆریس دوڤرژێ): (پەیوەندی دیاردە سیاسیەکان بە سیستمەکانی بەرهەمهێنانەوە لەم رووەوەیە: هێزەکانی بەرهەمهێنان و شێوەی موڵکدارێتی — چینە کۆمەڵایەتییەکان — ململانێی چینەکان — ناکۆکیە سیاسیەکان[١٥]). لە ئەنجامی ناتەبایی بەرژەوەندییە ئابورییەکان دامودەزگاکان سەرهەڵدەدەن، ریفۆرمیان تیادا ئەنجام دەدرێت و

لەناودەبرێن. فۆرمەکانی ئایدیۆلۆژی لە یاسایی، سیاسی، ئاینی، ئیستاتیکی و فەلسەفیش لەگەڵ گۆڕانی بنەما ئابوورییەکانی کۆمەڵ گۆڕانیان بەسەردا دێت. لە فۆرمەکانی ئایدیۆلۆژیادا مرۆڤ سەبارەت بە ناکۆکیە ئابووری و چینایەتیەکان هۆشیار دەبێتەوەو دەست بەخەبات دەکات[١٦]. لەبەرئەوە دەبێت هۆشیاری و هەستی سەردەم بەسەرنجدان لە دژایەتی ژیانی مادی و دژایەتی لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان روون بکرێتەوە[١٧].

(مارکس) بەشێوەیەکی دیاریکراو باوەڕی وابوو، کە هەژاری نە ناچارییەو نە حوکمێکی خودایییە، بەڵکو لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری و سیاسی ژیانی خەڵکەوە سەرهەڵدەدات. لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە توانای زیادکردنی بەرهەم تا ئەو رادەیە فەراهەم بوو، کە هەژاری لەناو بچێت، بەڵام ئەم کارە پێویستی بە گۆڕانکارییە لە هەلومەرج‌و پێکهاتەی کۆمەڵدا. چینی فەرمانڕەوا لەڕووی ئابورییەوە حەز بەهیچ جۆرە گۆڕانکارییەك ناکەن، خۆیان ئەو گۆڕانە ئەنجام نادەن و بەئاسانیش رێگای پێنادەن. بەمپێیە تەنها لەڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانرێت چینی چەوسێنەر لەپێگەی دەسەڵات و تازیار دووربخرێتەوە. کاتێ شۆڕش بەئەنجام گەیشت، چەوسانەوەو ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی پیادەی دەکات بەرەبەرە دەسڕێتەوەو شانبەشانی ئەمەش دیمەنەکانی دەسەڵاتی چینی چەوسێنەر لە شێوەی دامەزراوەو لە مەیدانی هۆشیاری و ئایدیۆلۆژیدا لەناودەچێت.

(مارکس) دەیوت، بیریارانی پێشوو زۆر باسی گۆڕانی مێژوویی ئەم ململانێ چینایەتییە و هەروەها توێکاری ئابووریی چینەکانیان کردووە، بەڵام ئەوەی ئەم کردوێتی تەنها ئەوەبوو بیسەلمێنێ: ( ١- بوونی چینەکان تەنها پەیوەست بووە بە چەند قۆناغێکی مێژوویی تایبەتی گەشەکردنی بەرهەمهێنان. ٢- ململانێی چینایەتی بەناچاری دەبێتە هۆی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. ٣- خودی ئەم دیکتاتۆرییە تەنها قۆناغی گواستنەوەیە بۆ سڕینەوەی هەموو چینەکان و کۆمەڵگایەکی بێ چین[١٨]). چونکە هەندێکجار زاراوە زانستیە مارکسییەکان کە دەبنەهۆی سەرلێشێوان، پێویستە روون بکرێتەوە. بە باوەڕی (مارکس) پشتی شێوە جۆراوجۆرەکانی حکومەت هەمیشە چینایەتین، کە خاوەنی رابەرێتی و

سەرکردایەتین. (مارکس) وەك دیکتاتۆریی ئاماژە بۆ ئەم رابەریتیو سەرکردایەتیە دەکات، کە لەهەموو شێوەکانی حکومەتدا هەن.

مارکسییەکان جیاکاری لەنێوان (جۆرەکانی دەوڵەت)و ( فۆرمەکانی دەوڵەت)دا دەکەن. بەڕای مارکسییەکان جۆرەکانی دەوڵەت لەگەڵ سیستمێکی چینایەتی دیاریکراودا گونجاوە. دەوڵەت چوار جۆرە: دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان، دەوڵەتی دەرەبەگایەتی (فیودالی)، دەوڵەتی بۆرژوازی و دەوڵەتی سۆشیالیستی. لەناو کرۆکی هەریەك لەم جۆرانەدا چەندین فۆرمی حکومەت، واتە رژێمی سیاسی، هەن[١٩]. (دوڤرژێ) پەیوەندی سیستمەکانی بەرهەمهێنان و فۆرمەکانی دەوڵەت (حکومەت) یان رژێمە سیاسیەکان ڕووندەکاتەوە:

**(هەموو سیستمێکی بەرهەمهێنان ( یان شێوەی موڵکدارێتی) چەندین جۆر رژێمی سیاسی، واتە چەندان شێوەی ململانێی چینایەتی دێنێتە ئاراوە. دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکانی سەردەمی کۆن جارێك زۆرداری لە جۆری زۆرداری میسری یان ئێرانی، سەردەمێ حکومەتێکی دیکتاتۆری لە جۆری حکومەتی دیکتاتۆری یۆنان و سەردەمێ دیموکراسی لەجۆری دیموکراسی ئەسیناو سەروەختێ ئیمپراتۆری لەجۆری ئیمپراتۆریی رۆم بوو. دەوڵەتی فیودالی بنیاتنراو لەسەر دەرەبەگی سەربەخۆو لەیەك جیا و بەهۆی نەبوونی سەنترالیزمیەوە بەرەو سیستمێکی پاشایی چڕکراوە لەجۆرەکانی (پاشایەتی) لویسی چواردە گۆڕا. دەوڵەتی بۆرژوازی جارێ دیموکراسی خۆرئاواییەو سەروەختێ رژێمێکی فاشیستی. لە دەوڵەتی سوشیالیستی بنیاتنراو لەسەر دیکتاتۆری چینی کرێکاردا دەتوانرێت سیستمی سۆڤیەتیو رژێمە دیموکراسییە جەماوەرییەکان لەیەکتری جیابکرێنەوە[٢٠]).**

بەباوەڕی (لینین) ئەگەر کەسێ لە سیاسەتدا بیەوێ نەبێتە قوربانی هەڵخەڵەتاندنو خۆهەڵخەڵەتاندن پێویستە (فێر ببێت لەودیو دەستەواژەو پروپاگەندەو گوتە ئەخلاقیو ئایینیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانەوە بەرژەوەندی هەندێ لە چینەکان ببینێت). پێویستە بزانێت، کە هەموو دامەزراوەیەك (هێزەکانی چینی فەرمانڕەوای پاراستووە). بەمپێیە تاکە رێگای زاڵبون بەسەر بەرگری ئەم چینانە (لەناوبردنی چینی کۆن و هێنانە ئارای چینی نوێیە لەڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووە[٢١]).

لەنێو توێژەرە نامارکسییەکانی، کە بایەخیان بەشیکردنەوەی ئابووری سیاسەتداوە، دەتوانرێت ئاماژە بۆ ( ئاشیل لۆریا– Achille Loria) و کتێبەکەی (بنەما ئابوورییەکانی کۆمەڵ (١٩٠٧)، (سی. ئەی. بێرد – C.A.Beard) و کتێبەکەی (پایەی ئابووریی سیاسی) (١٩٢٢) بکرێت. زۆر لە توێژەرانی ئەم دواییەش بایەخێکی زۆریان بە فاکتەرە ئابوورییەکان داوە، وەك دەستنیشانکەری دیاردە سیاسیەکان یان ئابووری سیاسی و لەبواری ئابووری سیاسیدا گەلێ وتار و کتێبیان نووسیوە[٢٢].

**پ– شێوازی سایکۆلۆژی:**

بەکارهێنانی سایکۆلۆژی بۆ لێکدانەوەی سروشتی مرۆڤ و رەفتاری سیاسی مرۆڤ لە گۆڕانە نوێکانە. ئەمە بەو واتایە نییە، کە بیریارانی سیاسی پێشوو، ئاماژەیان بۆ سروشتی مرۆڤ نەدەکرد. لە راستیدا چەند شیمانەیەك دەربارەی سروشتی مرۆڤ لە نوسینەکانی ئەفلاتون، ماکیاڤیللی، هۆبز، لۆك، رۆسۆ و بنتام و کەسانی تردا هەیە، بەڵام گشتاندنەکانی ئەمانە لەسەر هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی رێکوپێکی سایکۆلۆژیانە بنیات نەنرابوو. شێوازی سایکۆلۆژی هەوڵدەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە سیاسیەکان ئەو کەموکورتیانە نەهێڵێت. توێژەران و بیریارانی سەر بەم شێوازە لەو باوەڕەدان لە توانادا هەیە لێکۆڵینەوە لەراستییە بنەڕەتیەکانی سروشتو رەفتاری مرۆڤ بکرێت. ئەمانە دەیانەوێت تیۆرێکی سیاسی نوێ لەسەر پایە جێگیرەکانی سایکۆلۆژی بهێننە ئاراوە. لە راستیدا ماوەیەك بەر لە ئێستا کلیلی سایکۆلۆژی بۆ کردنەوەی نهێنیەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەکارهاتووە[٢٣].

بناغەی ئەم لێکدانەوانە (لۆرانس لاویل) دایناو (لاسویل – Lasswell) بوو بەهۆی بەرەو پێشچوونی گەورەترو زیاتر لەم بوارەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو (رۆبسۆن) وتویەتی، دۆخی ئێستای سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی لای سیاسەتزان هێندە مایەی رەزامەندی نییە:

**( زەمینەیەکی هێند سەقامگیر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکی بێچەندوچون و رێکوپێك بەدەستەوە نادات، کە بتوانێت تیۆرەکانی رەفتاری سیاسی یان دیمەنەکانی رای گشتی لەسەر بنیات بنێیت. بەرهەمەکانی (فرۆید) و جێنشینانی، (یۆنگ) و**

**پەیڕەوانی تێگەیشتنی ئێمەیان سەبارەت بە هزری مرۆڤ هەڵگێڕایەوە. شیکردنەوەی سایکۆلۆژیانە کاری لە پێشکەوتنەکانی شۆڕشی چارەسەرکردنی پزیشکیانەی دەروونی کرد، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەخستە سەر زانستی سیاسەت)[٢٤].**

ئەمە لەکاتێکدایە، کە زانستی سیاسەت، بەشێوەیەکی گشتی لەم ساڵانەی دواییدا بەجۆرێکی بەرفراوان بۆتە زانستێکی واقیعگەرایی‌و ( لەبەکارهێنانی بەسەر دەزگای رەسمی حکومەتدا کەمتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە و بایەخی پێدەدرێت.[٢٥].

(واتکینس – Watkins) هەوڵیدا پیشانی بدات ئەو خەڵکانەی، کە سیاسەتناس لەهەنگاوی یەکەمدا بایەخ بەرەفتاریان دەدات، چ جۆرە بونەوەرێکن. بەباوەڕی ئەو چالاکیەکانی خەڵك چەند راستییەکی مایەی بینینەو بەسود وەرگرتن لەمیتۆدەکانی بینینی ژێر کۆنترۆڵ و تاقیکردنەوە، ئەو ئەگەرە هەیە، کە زۆر لە فاکتەرەکان، لەوانەش فاکتەرەکانی بایۆلۆژی، کە دەچێتە ناو بڕیارە سیاسیەکانی خەڵکەوە، جیابکرێتەوەو حسابی بۆ بکرێت[٢٦]. ئەگەرچی ئەو ئەنجامانەی تا ئێستا لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەدەستهاتووە (بە گشتگی نائومێدانەیە)، بەڵام شێوازێکی دڵنیابەخشە. گەورەترین کەموکورتیەکەی ئەوەیە کە (ئەنجامەکانی تەواو شیکردنەوەیەکی وەرگیراوە)[٢٧]. جگە لەوەش، بەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ (باری کۆمەڵایەتی خاوەن تایبەتمەندی تا رادەیەك سادەو وەرگیراو) سنوردارەو لەروونکردنەوەی رەوتەکانی دینامیکی سیاسی‌و حاڵەتە ئاڵۆزەکاندا هێندە بەسود نییە. هەروەها (میتۆدی رەفتار ناسی بە دژواری دەتوانێ ئیستە تایبەتیەکان شیبکاتەوەو پێوانەی بکات‌و هیچ ئامرازێك بۆ پیشاندانی چۆنیەتی گۆڕانی ئیستەکان و پێکهاتن وەك ئایدیۆلۆژیا کاریگەرەکان فەراهەم ناکات)[٢٨].

رەخنەیەکی دیکە کە لە شێوازی سایکۆلۆژی گیراوە ئەوەیە، کە بنچینەی داگەڕان بەرەو ئەقڵ و ئەقڵانیەت بەتاڵ دەکاتەوەو رۆڵی لایەنەکانی دژە فکری یان نائەقڵانی سروشتی مرۆڤ یان هەستەکان لەرادەبەدەر باڵاتر دەردەخات. دواجار دەسەپاچە دەبێت لە خستنەڕووی تیۆرێکی گونجاو سەبارەت بەخۆی.

**ت– شێوازی ڕێسایی:**

شێوازی سونەتیانەی زانستی سیاسەت، یاسایی – مێژوویی یان ڕێسایی– فەلسەفی بـوو. ئەم شێوازە لە بەرامبەر ڕاستیەکاندا جەختی لەسەر بەهاکان دەکردەوە. هەنـدێ لـەبیریارە هاوچەرخەکانیش، کە (ڕۆبەت دال) بە تیۆرسـینانی میتائـەزمونی ناوینـاون، باوەڕیـان وایـە لێکۆڵینەوەی سیاسەت پێویستە بەهاداریش بێـت. (ئیریـك هـیگلین – Erich Hegelin) بەناوبانگترین تیۆرسینی میتائەزمونیو (لیو شتراوس) باوەڕیان وایە پێویستە لێکۆڵینـەوەی سیاسـەت ئامـانجێکی لەگـەڵ بێـت بـۆ ئـەوەی توانامـان پێببەخـشێ بـۆ هـەنگاوی ڕاسـت، هەڵبژاردنی باشترین و بڕیاردان بۆ ژیانی باشتر لەگەڵ هاوڕەگەزان. ئـەمان بەڵگـە دێننـەوە، کە هەر جۆرە تیۆرێکی گشتگیر دەربارەی زانستی سیاسەت بەناچاری دەبێ بـەهاش لـەخۆ بگرێت، کە نەك تەنها وەسفی متمانەی ئەزموونی حوکمە تیۆرییەکان بکات، بەڵکو متمانـەی ئەزموونی چۆنایەتی ئەخلاقیانەی ڕووداوەکانو ڕەوت یان سیستمە سیاسـیەکانیش وەسـف بکات. هەڵسەنگاندنی سیاسی ئاوێتەکردنی نـاوەکیو بـەردەوامی ڕاسـتیەکانو بەهاگیرییـە. دانانی زانستی بابەتی و واقیعی لەلایەك و بەهاکانیش بخرێنە لایەکی دیکەوە هیچ سوودێکی نییە. هەموو بەهاکانیش بەرامبـەر نـین، هەنـدێ لـە بـەهاکان بەناچـاری بـەرزن و هەنـدێکی دیکەیان خۆبەخۆ لەخوارترن. باشترین هەڵسەنگاندنی سیاسـی ئەوەیـە کـە هـەموو ئەمانـە پێکەوە ببینێ.

هەروەها میتائەزمونەگەرایان لەوباوەڕەدان، کە میتۆدی زانستی دەتوانێت بەشـێوەیەکی باش هەم لە ڕاستیەکانو هەم لە بەهاکانیش بکۆڵێتەوە. (جۆن دیوی – John Deway) و (فلیکس کافمان – Flex Kaugfmann) باوەڕیان وایە، کە لەشیکردنەوەی کۆتاییـدا هـەر جـۆرە بڕیـاردانێکی زانـستی هەمیـشە بڕیـاردانێکی زانـستیە، چـەمکی زانـست دەبـێ ئەوەنـدە بـەرفراوان بێـت داوەری بـەهاش لـەخۆ بگرێـت. ئەمانـە بـەهۆی داخوازیـان بـۆ ژیاندنەوەی هەوڵی فەیلەسوفە یۆنانیەکان و زانا کریستیانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوونە خوازیاری (گەڕانەوە) و (دوبارە تیۆرسازی) زانستی سیاسەت.

ج- شێوازی تاقیکاری - زانستی:

هەڵوێستەکردنی زانستی نوێ سەبارەت بە سیاسەتو حکومەت بووەبەهۆی ئەوەی لەپێناوی ئاشکراکردنی کۆڵەکەی پرەنسیپە سیاسیەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان میتۆدی تاقیکاری و بینینی دامودەزگاو رەوتەکان بەکاربێت. حەزی بەکارهێنانی بەرفراوانی میتۆدی تاقیکاری - زانستی بینین و لێکۆڵینەوەو پێوانەکردنی چەندایەتی پەیوەست بووە بەگەشەکردنی زانستی ئامارو سایکۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیاوە(٢٩).

شێوەی باو لە میتۆدی زانستیدا ئەوەیە، کە لەنێوان راستی و بەهاکان، لەنێوان خودی و بابەتیدا جیاکارییەکی دیار دەکرێت. باوەڕ وایە ئەگەر سیاسەت زانست بێت، نابێت هیچ بەهایەك لەپێشدا لەبەرچاو بگرێت. سەلمێنەرە لۆجیکیەکان لە میتافیزیك دووردەکەونەوەو پشت بە ئەزموون دەبەستن(٣٠). (رۆبسۆن) ئاماژە بۆ شێوازێك دەکات، کە مایەی بەراوردکردنە، بەناوی (شێوازی دامودەزگایی). ئەم شێوازە (پێویستی بە بینینی وردی دیاردەکان، بینینی وردی رەوتەکانی پەیوەست بە شیمانەکان ، ئەنجام، پەسەندکردن و گشتاندن، شیکردنەوەی هۆو ئەنجامی تایبەت بە بایۆلۆژیا، پزیشکی، کیمیا یان فیزیا هەیە)(٣١). (رۆبسۆن) برەو و پەرەسەندنی ئەم شێوازە لە بەریتانیا وادەبینێ، کە پەیوەندیی بە نووسینی پێشڕەوانەی (سیدنی - Sidney ) و (بێترێس ویب - Webb Beatrice)ەوە هەیە، کە قوتابخانەی ئابووری و سیاسەتی (لەندەن) یان دامەزراند، کە ئێستا لە لێکۆڵینەوەی حکومەتو بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا وەکو میتۆدێك دەناسرێتو مایەی پشتگوێ خستن نییە. میتۆدی ئامارکردن پەیوەندیەکی پتەوی بەم شێوازەوە هەیە. بەڕای (بیئاترێس ویب) ئەنجامە بەدەست هاتووەکانی بینین یان تاقیکردنەوە پێویستە بەئاماری گونجاو حساب بکرێن و پەسەند بکرێن.

(بێرتران دو ژونال) باوەڕی وایە، کە (راستی)ی ئەبستراکت، هەرگیز زانست ناهێنێتە ئاراوە، ئەگەر رێکو پێك و سیستماتیك نەکرێت. رێکخستنی راستییەکان (هەوڵ و کۆشش بۆ دابەزاندنی ئەو هەمەجۆرییەی پەیوەندیی بە دیاردەکەوە هەیە بۆ ئاستی سادەیی هزریی) دەکاتە کارێکی پێویست. ئەم کارە بەچەند ئەنجامێکمان دەگەیەنێت، کە لەکۆکردنەوەی زیاتری راستیەکاندا رێنیشاندەرن. ئەم راستیانەش بەنۆرەی خۆیان ئەوەندە خوازیاری

ئەنجامدانی ریفۆرمە لە تیۆردا، کە چیتر بەرپرسیاریان نەبێت. بەمپێیە ( لە تیۆردا لەسادەیی سەرەتاییەوە بەرەو ئاڵۆزیی زۆر) دەجولێین تا بگەینە تیۆرێك کە (بە چاکی و بەوردی ئەرکی نوێنەرایەتی بەدەست دێنێت). (دو ژونالّ) بەداخەوەیە کە زانستی سیاسەت لە تیۆری رێسایی و بەهاییدا دەولّەمەندە، بەلاّم لە تیۆری (نوێنەرایەتی)دا لاوازە. لەگەلّ ئەوەشدا ئێستا توانای باش هەیە بۆ پەرەسەندنی (زانستی سیاسەتی واقیعی)، کە بەپێی سروشتی خۆی، ئەوشتەی زانستی دەرککردن هەولّیدا بەرپای بکات، لەناوی دەبرد. بەلاّم ئەم شێوازە سنورداریشی هەیە، واتە ناتوانیّ دەرەقەتی توێژینەوەی ئەو رەفتارە سیاسییانە بێت، کە مایەی پەسەند کردن نین. (دوایت والّدو)ش رەخنەی بنەڕەتیانەی هەیە. بەبڕوای ئەو تەرەفدارانی زانستی بیّ بەها لە لایەنگری گەرموگوڕیان لە زانستگەرایی زۆرجار چەمکی دەرئەنجام قبولّ ناکەن. (والّدۆ) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بەهاکان قابیلی خۆ لێلادان نین. (بێلایەن) کردنی زانستە کۆمەلاّیەتییەکان خەیالّێکی بێهودەیەو (توێژینەوە) خەیالّێکی بیّ فۆرم یان بیّ ناوەڕۆکەو پێویستە بەهای تایبەتی بۆ زیاد بکرێت. بەمپێیە ئەوەی توێژەرەوە دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەوەیە کە بە ئاشکرا (پێکهاتەی بەهاداری) خۆی رابگەیەنێت[٣٢].

(مۆرگینتاو – Morgenthou)ش باوەڕی وایە، کە ( بەشی زۆری زانستی سیاسەتی چەندایەتی کۆکردنەوەی رەوالّەتیانەی شتە بێبەهاکانە[٣٣]). لەلایەکی دیکەوە لە زانستی سیاسەتدا پشکێنەرانی وردو تواناکانی پێشبینی چیتر ناتوانن وەك ماهیەتێکی ئالّۆز لە بابەتەکەی بڕوانن. بەهەمان شێوە ( بەرنامەڕێژی ) زانستی سیاسەتیش چەند کەموکورتیەکی ئاشکرای هەیەو هەمیشە ئەو مەترسییە هەیە، کە بەرنامەدارێژەران هەولّبدەن بیروڕای خۆیان بەسەر کەسانی تردا بسەپێنن.

(نۆرمان جاکۆبسن)، کە دژی زانستگەرایی و ئاکارگەراییە، باوەڕی وایە بزوێنەری ئەو دوانە کاملّبوونە بابەتێکە، کە جێگای بایەخی تیۆری سیاسی نییە. تیۆر سەبارەت بەو تەکنیکانەی بۆ پشکنینی ئەقلّی سیاسی بەکارهاتوون بێلایەنەو تەنها خوازیاری چاودێری و هەستیاری تایبەتە لەپێناو بایەخی گشتیدا. لەراستیدا تیۆرسین (بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی هۆشیاری خودو دیدی خۆیەوە بەندە بەزانستی خۆیەوە) و پێویستە بیرۆکە

بەهادارەکان بەهێزی ئەقڵ و بەبێ دەمارگیری بگوێزێتـەوە. بەمپێیـە تەنانـەت ( پـەیڕەوانی زانستگەرایی دیلی مرۆڤبوونی خۆیانن[٣٤]).

**ح- شێوازی رەفتارگەرایی:**

گرنگی ئـەم شـێوازە لـەدوای دووەم جـەنگی جیهـان ناسـرا. سیاسـەتزانە ئەمریکییـەکان لایەنگری سەرەکی ئەم شێوازە بوون. بەقسەی (چارلز وَرس): ( بەپێچەوانەی تیۆرە گەورە کۆنـەکانی هـزری سیاسـی رابـردووەوە، تیـۆری نـوێ شـیکارییە، راسـتییەکی گـشتییە نـەك تایبەتی، روونکردنەوەیە نەك ئاکاریی). بێگومان شێوازی نوێی رەفتارگـەرایی تاقیکـاریتر و زانستیانەترە. لەم شێوازەدا خاڵی سەرەکی بایەخدانە بە رەفتاری سیاسـی تـاك. (دەیڤیـد ئیستۆن)، کە یەکێکە لەناودارانی ئەم شێوازە، دەڵێـت: (رەفتـاری سیاسـی هـەم نیـشانەی مەیلێکی هزرییەو هەم بزاوتێکی دیـارە بـۆ لێکدانـەوەی زانـستی). (رۆبـەرت دال) لـە فکـری سیاسی هاوچەرخدا ئاوا رەفتارگەرایی وەسف دەکـات ( کۆشـشە لـەپێناوی تاقیکردنـەوەی لایەنەکانی ژیانی سیاسی بەیارمەتی ئامرازەکانی میتۆدو تیۆرو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن، کە دەتوانن لە زانستە تاقیکاریەکاندا بۆ حوکمی گشتی، رێساو گریمانەی نوێ بگۆڕێن[٣٥]).

**١- ئاما نجەکانی رەفتارگەرایی:**

ئەگەرچـی ئاسـان نییـە جەوهــەری ئامـانج و گریمانـە بنـچینەییەکانی سـەراپای بـیری رەفتارگەرایی بـاس بکرێـت، بـەڵام بـە بـەکارهێنانی هەنـدێ لـەو گریمانانـەی، کـە (دەیڤیـد ئیستون) روونی دەکاتەوە، دەتوانرێت رونکردنەوەیەکی کورتیان باس بکرێت:

١- **رێسا**. (ئیستۆن) باوەڕی وایە لە رەفتاری سیاسیدا تایبەتمەندی مایەی ناسین هەیە، کـە دەتوانرێـت بـە گـشتاندن یـان بـەو تیۆرانـەی خـاوەنی بـەهای وەسـفی و پێـشبینین، بناسرێنەوە. تەنانەت ئەگەر رەفتاری سیاسـی هەمیـشە تـاك ریـتم نـەبێت، مـرۆڤ لـە چـەند روویـەکی تایبەتـەوە لـە شـوێنە جیاوازەکانـدا کـەموزۆر بەیـەك شـێوە رەفتـار دەکـات. بـۆ نموونە، لەکاتی دەنگدان لە هەڵبژاردنە خولییەکاندا دەنگدەران بەشێوەی یەك ریتم دەنـگ

بۆ کەسێك یان پارتێکی سیاسی دیاریکراو دەدەن. ئەگەر ئەم رەفتارە بەندبێت بە پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەفاداریی پیشەیی و شتی لەم بابەتەوە نمونەی باڵا سەرهەڵدەدات.

٢- **تاوتویێ**: گشتاندن جێگەی متمانە بێت یان نەبێت پێویستە بەرەچاوکردنی رەفتار پەیوەست بێت بە تاوتوێکردنەوە. پێویستە هەموو بەڵگەکان لەسەر بینین بنیاتنرابێت.

٣- **هونەرەکان**: ناتوانرێت بەئاسانی گریمانەی هونەرەکانی بە دەستهێنان و راڤەکردنی داتاکان بکرێت. پێویستە ئەم هونەرانە هۆشیارانە هەڵبسەنگێنرێن و وەها بپاڵێورێن تا وەك ئامرازی ورد بۆ بینین، تۆمارکردن و شیکردنەوەی رەفتار قبوڵ بکرێن. رەفتارگەرایان باوەڕیان وایە، کە بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانو بێمتمانەیی داتاکان، چەند میتۆدێك لە ئارادایەو پێشنیاز دەکەن هەتا ئەو شوێنەی دەشیٚ، پێویستە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی بابەتی بدرێت.

٤- **چۆنایەتی**: رەفتارگەرایان لەوباوەڕەدان کاتێك دەتوانرێت بەراستی ئاڵۆزییەکانی ژیانی سیاسی بناسرێت، کە داوەرییە چۆنایەتیە هەرەمەکیەکان جێگای خۆی بۆ پێوانەکاری وردو میتۆدەکانی ئاڵوگۆڕی داتاکان چۆڵ بکات. لەمەیدانی زانستی سیاسەتدا دەبێت داتاکانی هەڵسەنگاندن چەندایەتی بێتو هەموو داتاکان لەسەر دراوی مایەی چەندایەتی راگیر بێتو جگە لەم بارە میتۆدی کۆکردنەوەی داتاکان توشی هەڵە دەبێت و نابێتە جێگای متمانە.

٥- **بەهاکان**: لێکۆڵینەوەی زانستی ئەگەر بیەوێت بابەتیانە بێت، پێویستە لە بەهادانان بەدوور بێت. دەتوانرێت لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا بەهاکان بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە، دیموکراسی، یەکسانی یان ئازادی بەهای باڵان، بەڵام قورسە بەشێوەیەکی زانستی دەربارەی راستیو نا راستی ئەوانە داوەری بکرێت. بەمپێیە پێویستە لەسەر توێژەر بەهاکانی خۆی بەتەواوی لە توێژینەوەکانی بەدوور بگرێت. لەراستیدا دەتوانرێت بوترێت، کە زانستی سیاسەت لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسەتە لەلایەنە پراکتیکیەکەیدا، کە بەمیتۆدەکانی تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێتو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ پرسە مۆراڵیەکان نییە یان وابەستە بەمۆراڵەوە نییە.

رەفتارگەرایان بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بەپێی هونەرەکانی میتۆدە پێشکەوتووەکان، دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە بەها تاکە کەسیەکان بەدوور بگیرێت یان بەلای کەمەوە توێژەرێکی دیکە بەئاسانی دەتوانێ بە هەڵسەنگاندنی دووبارەی ئەنجامەکان بنەمای بەهایان بدۆزێتەوە.

٦- **هەبوونی سیستم:** بەشێوەیەکی گشتی رەفتارگەرایان داوایانکردووە توێژینەوەی زانستی سیاسەت سیستماتیزە کراوبێت، واتە (تیۆر ڕوانگەو تیۆری دروست) بێت. پێویستە تیۆر و لێکۆڵینەوە بەشی تەواو هاوبەندی مەعریفە بهێننە ئاراوە: ( تیۆر بەبێ پشتیوانی داتاکان بێسودەو هەر لێکۆڵینەوەیەك لە چوارچێوەی تیۆرێکدا نەبێت رەنگە بێبەهاو بێبایەخ بێت). بە رای رەفتارگەرایان تیۆر، هزرێکی تەواو تیۆری و خودی (زاتی) نییە، بەڵکو راڤەکردن، روونکردنەوەو پێشبینیە. رەفتارگەرایان بەڵگەی ئەوە دێننەوە، کە پێویستە گریمانەکان لەسەر کۆڵەکەی بنچینەیەکی باش رێکخراوی لۆجیکی چەمك و پێش شیمانە گرێدراوەکان بخرێنەڕوو.

٧- **زانستی ئەبستراکت:** رەفتارگەرایان باوەڕیان وایە، کە لەگەڵ تێگەیشتنی تیۆری رەفتاری سیاسیدا دەتوانرێت ئەم زانستە لەبوارەکانی ژیاندا بەکاربهێنرێت. هەم تیۆر و هەم پراکتیکەکەی بەشەکانی کاری زانستی پێکدێنن.

٨- **یەکپارچەیی:** زانستی سیاسەت پەیوەندی بە زانستە کۆمەڵایەتیەکانی ترەوە هەیە. رەفتارگەرایان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە چالاکیە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگیەکانو ئەو چالاکیانەی دیکەی پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە ناتوانرێت بەجیا لەیەکدی لێیان بکۆڵرێتەوە، چونکە پەیوەندیی ناوەکیان پێکەوە هەیە. بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی سیاسی تێگەیشتنێکی زیاتر سەبارەت بە چۆنێتی دیاردە ئابووریی‌و فەرهەنگی‌و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر پێویستە. ئەگەر رەفتاری سیاسیانەی مرۆڤ بە روونی بگەنرێت، ئیدی ناتوانی مرۆڤی سیاسی لە مرۆڤی ئابووریی، کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی جیابکەیتەوە.

بەسەرنجدان لەم گریمانانەی رەفتارگەرایی دەتوانرێ بوترێت، کە زانستی سیاسەت لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا کەموزۆر شانبەشانی پێشکەوتنەکانی دیکەی سۆسیۆلۆژی

پێشکەوتووە، لەراستیدا هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان چەند لقێکی پێکەوە گرێدراون. بەمجۆرە، شۆڕش لەهونەرەکانو بنەما بابەتیەکانی زانستی سیاسەتدا بە ئاشکرا مایەی دەستنیشانکردنە.

## ٢- شیکردنەوەی دیدی رەفتارگەرایان:

سونەتگەرایان بیروبۆچونی رەفتارگەرایانیان قبوڵ نەکرد. رەخنەیان لە گریمانەکانیان گرتو هەروەها رەخنەیان لەئامانجەکانیشیان دۆزییەوە. ئەوەی لەخوارەوە دێت خاڵە سەرەکیەکانی رەخنەگرتنە لەشێوازی رەفتارگەرایان:

١- رەفتارگەرایان باوەڕیان وایە زانستە کۆمەڵایەتیەکانو زانستە سروشتیەکان بەهای یەکسانیان هەیە، بەڵام لەراستیدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا راستییەکان کەمتر هەستیان پێدەکرێ و کەمتر یەکپارچەن. بەمپێیە بە بەراورد لەگەڵ زانستە سروشتیەکاندا توێژینەوەکانی زانستی سیاسەت قورسترە.

٢- رەفتارگەرایان پێداگرییەکی زۆر لەسەر میتۆدەکان دەکەنەوە. ئەوەی بایەخی هەیە، دەیخەنە لاوەو ئەوەی گرنگ نییە هەڵیدەبژێرن. بێهودە کاتی خۆیان لە کۆکردنەوەی راستییەکانو ژمارەکاندا بەفیڕۆ دەدەن.

٣- رەفتارگەرایان نازناوی هەڵاتوویان لێنراوە. خۆیان گیرۆدەی پرسی (هەیە) و (دەبێ هەبێت) دەکەن. بەمپێیە لەپرسە ئازاربەخشەکانی بەردەم خەڵك و میللەتان لەبەرەی سیاسی هەڵدێن.

٤- رەفتارگەرایان لە قسەکانی خۆیاندا قسەی بێمانای زۆریان هەیە، کە دەبێتە هۆی وێڵبونێکی زۆر.

٥- رەفتارگەرایان بەشێوەیەکی گشتی پێداگری دەکەن، کە سەلماندن ئامانجێکی سەرەکیە، کە پێویستە لەزانستی سیاسەتدا بەدەستبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی موحافیزەکاریی. لەلایەکی ترەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن لە بەهاکان ئازادن.

٦- رەفتارگەرایان زانستی سیاسەتیان لەناو جیهانی زانکۆدا قەتیس کردووە. بەمپێیە، ئەم بوارە زانستییە لە ئەرکی سیاسەت دارشتن دوورخراوەتەوە.

٧- ڕەفتارگەرایانی وەکو دال و (رامنی – Ramney) و (ئیولان – Eulan ) لەسەر ئەو بنەمایە مەحکوم کران، کە لەگەڵ ئەوەشدا کاتێکی زۆریان سەرف کرد نەیانتوانیوە زانستی ڕەفتاری مرۆڤ هەڵبهێنجن.

٨- ڕەفتارگەرایان، هاوکات بە میانەڕەو و نامیانەڕەو لەقەڵەم دراون. لەلایەکەوە باوەڕیان وایە ئەو ئەنجامانەی بەدەستی دێنن، ڕێژەییەو لەلایەکی ترەوە شتێکی چەندایەتی نەبوو بێت پەسەندی ناکەن. بەمجۆرە لەو دەمارگیرانە دەچن، کە تەنانەت ئەگەر بیروبۆچونەکانیشیان هەڵەبێ، بە سەختی داکۆکی لێدەکەن.

٩- شێوازی ڕەفتارگەرایان ئەوەی پیشانداوە، کە بەتەواوەتی بەرفراوانەو ئەوان سەرەڕای هەوڵی زۆر سەبارەت بە هێنانە کایەی تیۆرێکی مایەی پەسەندکردن دەربارەی زانستی سیاسەت ناکام بوون.

١٠- ڕەفتارگەرایان سەرەڕای بانگەشەکان نەیانتوانیوە دەستبەرداری تیۆری کۆن ببن و تیۆرێکی نوێ بخەنەڕوو.

١١- ڕەفتارگەرایان زەینێکی زۆر تەکنیکیان هەیەو جەختکردنەوەی لە ڕادەبەدەر لەسەر تەکنیك قابیلی قبوڵ نییە.

١٢- وێڕای ئەوەی ڕەفتارگەرایان لە ڕووداوەکاندا لە هەلومەرجی گۆڕاو و پێگە تازەکان دەکۆڵنەوە، بەڵام شێوازی ڕەفتارگەرایی جەخت لەهەلومەرجی جێگیر دەکاتەوە.

١٣- ڕەفتارگەرایان بە ئاشکرا پێداگری لەسەر ژمارە و سیستم و میتۆدەکان دەکەن.

١٤- ڕەفتارگەرایان لەگەڵ ئەوەشی بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە لەنێوان زانستە سروشتیەکانو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا جیاوازیی هەیە، بەڵام لە جیاوازی دانان لەنێوانیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

(هینس- Heins) سەرەڕای داننان بە کەموکورتی ئاشکرای ڕەفتارگەرایاندا دەڵێت: (هەڵبەتە سنورداریی هەن، بەڵام مەرجدارو پابەندن. وەك سنوردارییەکانی کات، دەرفەت و بەرژەوەندییەکان، سنوردارییەکانی ئەنجامی دەمارگیری، ترس و کورتبینیی، سنوردارییە خۆییەکانی خودی ئەم شێوازە زانستیە — سەرەتا ناڕاستەکان، بزاوتی هەڵە، هەڵەکانی پەیوەست بە کەموزۆری و کەموکورتیەکان و ئامڕازەکانی بەردەست و ئامڕازەکانی

لێکۆڵینەوەو میتۆدەکان[٣٦]. وێڕای ئەوەش (هینس) باوەڕی وایە دەتوانرێت ئەم سنوردارییانە چارەسەر بکرێن.

له توانا و سنورداری میتۆدو شێوازە جیاوازەکانمان کۆڵییەوە. مامەڵەی دیدگای زانایانی تاقیکردنەوەی — زانستیو پەیرەوانی میتۆدو شێوازە باو و بەکارهاتووەکانی زانستی سیاسەت گرنگترین مەسەلەیە، ناکۆکیش لە نێوانیاندا بنەڕەتییە. بەڵام لەوێوە، کە لێکدانەوەیەکی دەوڵەمەندترمان نییە، لەسەر بنەمای شێوازی تاقیکاری — زانستی، ناتوانین میتۆدە کۆن و باوەکانی لێکدانەوە رەتبکەینەوە. لەقاڵبدانی لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسەت بەهەر کام لە شێوازەکان سنوردارکردنی جەوهەرو مەیدانی زانستی سیاسەت دەبێت. رەنگە حەق بە (مۆرگێنتاو) بێت، کە وتویەتی: زانستی سیاسەتی هاوچەرخ یەک دید، میتۆد و ئامانجی نییە[٣٧]. بەڵام گەورەترین چاکەو تازیاری زانستی سیاسەت ئەوەیە، کە بەتەواوی ئامادەی فێربوونە لە لقەکانی دیکەی زانستی مرڤایەتیەوە، بێئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات، کە گەیشتۆتە پرەنسیپ و بنیادەکانی کۆتایی و بێچەندوچون. هەمان ئەم ئامادەییە هەندێکجار رادەی ژیانی بەتوانایی و بەردەوامی گەشەکردنێتیو بێگومان سەرئەنجام ئەو شتەی کە نییەتی، بەدەستیدێنێتو پێویستی بەو شتانە نابێت کەنیەتی.

## پەراوێزەکان:

1- Morgenthou op cit p 67

2- Kapur op cit p 21

3- JW Garner, Introduction to political Science (New York American Book co 1932 p 28.

4- Unesco op cit p 17-18

٥- مونتی پالمر، لاری اشترن، چارلز گایل. نگرشی جدید به علم سیاست، ترجمه منوچهر شجاعی (تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بینی المللی، ١٣٦٧) ص ٧-٦. ناونیشانی راستی ئەم کتێبە (مطالعة میان رشته أی علم سیاست است The Interdisciplinary study of politics کە بەو ناونیشانەی یەکەم تەرجومەکراوە بۆ فارسی. بەهەرحاڵ فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبە بە ناونیشانی (تجزیه و تحلیل تصوری) باسێکە دەربارەی میتۆدی لێکۆڵینەوە و بەشبەشکردن و شیکردنەوە لە زانستی سیاسەتدا، کە داوا دەکەم بیخوێننەوە.

٦- بۆ نموونە ئەم کتێبەی خوارەوە بەرهەمی ئەو میتۆدەیە:

James Bryce The
American Commonwealth New York: The Macmillan Co 1891

٧- بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی میتۆدی ئەزموونگەریی بروانە:

Jarol Manheim Richard Rich Empirical Political Analysis Research Methodes in Political Science. 2nd ed London Longman 1nc 1986.

8-Barker op cit pp. 106-108.

٩- بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی میتۆدی پراکتیکیو تاقیکاری بروانە:

W.J.M Mackenzie Politics and Social Sciences (Baltimore md.: Penguin Books Inc 1967) p 44-47.

10-Agarwal op cit p. 32

١١- بۆ خوێندنەوەی زیاتر، بڕوانە:

Kapur op. cit pp 21-32 and carl kalvelage Morley Segal Research Gvidem Political Science 2nd ed NJ Morristown General learning press 1976.
12-R. G. Gettell History of Political Thought (New York: Ginn and Co 1924) p. 51

١٣- دال، سەرچاوەی پێشوو ل ١١٩.

14-Agarwal op. cit p.33

١٥- موریس دوورژه، اصـول علـم سیاسـت، ترجمـه ابـو الفـضل قاضـي (تهـران شـرکت سهامی کتابهای جیبی، ١٣٢٩) ص ٧٧.

١٦- بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:

Nnoli op cit pp 35-37

17-T. D. Weldon The Vocabulary of politics (London: penguin 1953 p.120.
18-F.Engles (Letter to J. Bloch) S

لەم نامەیەدا ئەنگلس ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە ئـەوو مـارکس باوەڕیـان وابـوو کـە (فاکتەری ئابووری تەنها فاکتەری چارەنووسسازە)

١٩- دوورژە، سەرچاوەی پێشوو ل ٨٧.

٢٠- هەمان سەرچاوە.

21-V.I Lenin Selected Works in Two Volumes (Moscow: progress 1946) Vol. 1. p. 68.

٢٢- بۆ نموونەیەك لە خوێندنەوەی ئابووری سیاسی، بڕوانە:

Charles K. Wilber K. p. Jameson (eds) The political Economy of Development and Underdevelopment 5th ed New York: McGraw-Hill 1992.
23-.Barker op. cit p. 148.
24-Willam A Robson(ed) The University Training of Scocial Scinces: Political Scinece (A Report on Beholf of the International political Association) Unesco 1945. p. 20
25-Ibid. p 21.
26-F.M. Watkins "political Theory as a Datum of political Science" in: Ronald young(ed) Approaches to the study of politics (London: North Western Univ. Press 1958) p.157
27-.Ibid. p. 152.
28-Ibid. p. 153.

٢٩- رودی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥-١٦.

30-Dwight Waldo "Values in the political Science Cuvriulum in Young, op. cit. p. 103.

31-W. A. Robson, "Political Science in Great Britain in: Unesco op. cit p. 306.

32-Woldo op. cit. pp. 101- 106 and Gunnar Myrdal "The Relation Between Social Theory and Scoial Policy" British journal of Sociology (September 1953) p. 242

33-.H.Morgenthau (power as a political Concept) in: young op.cit.p.70.

34- N. Jacobson "The Unity of Political Theory: Science Morals and politics" in Ibid 121 and 117-124

35-J. A Gould and v.v. Thursby (eds) Contemporeny political Thought: Issues in Scope valve and Directions (New York: Holt Rinehart and Winston 1969) p.126

36-.Agarwal op. cit p 40-41

37-.Morgenthau "power as a" in: Young op cit p.

## -٣-

# (زانستە سیاسیەکان و لقە هاوبەندەکان)

### پەیوەندییە نوێیەکان:

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە فەلسەفە جیابونەوەو چەند ڕێگایەکی سەربەخۆیان گرتەبەر. کەڵەکەبوونی زۆری ڕاستیەکان جیاوازی و تایبەتمەندبوونی هەریەکەیانی دەکردە شتێکی پێویست. هەوڵی (ئۆگۆست کۆنت ١٧٩٨ — ١٨٥٧) بۆ برەوپێدانی زانستێکی کۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیر سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. هەستدەکرا زنجیرەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هێندە بەرفراوانەو جەوهەریان هێندە ئاڵۆزە، کە دوبارە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی لەتوانای هەوڵی تاقە هزرێك بەدەرە. بەمپێیە بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە لەلایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە دوایدا زانستێکی کۆمەڵایەتیانەی سەربەخۆش گەشەی کرد. لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکانیش لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەو مێژوو جیابۆوە. بڵاوبوونەوەو گەشەسەندنی زانستی مرۆڤ لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، مەیدانی لێکۆڵینەوە سیاسیەکانی فراوانترکردو میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەیانی گۆڕی.

هەتا نیوەی ئەم سەدەیە (مەبەست سەدەی بیستە - و) کەموکورتییەکانی جیابوونەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بوو، کە دەرکەوت ناتوانرێت چالاکییەکانی مرۆڤ بۆ بەشی تەواوی جیا لەیەکتری دابەش بکرێت. ناتوانرێت بیرو چالاکیی سیاسیی مرۆڤ جودا لەهەلومەرجی مادیانەی ژیانی یان جیهانبینی ئاکاریو کۆمەڵایەتی مرۆڤ سەیر بکرێت. بەمپێیە، ئێستا هەریەکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وێڕای بەکارهێنانی وتەزا پسپۆرییەکان، مەیدانی خۆی بەشێوەیەك دەستنیشان دەکات، کە پانتاییەکی تەواو لەژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت. ئامانجی لێکدانەوەکانی هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان

یەکسانە. واتە توێژینەوەو ناسینی مـرۆڤ و دامودەزگـا دەسـتکردەکانی مـرۆڤ لـە کۆمەڵـدا. زانستە سیاسیەکانیش لەبەریەك کـەوتنی لەگـەڵ دیاردەکـان لـە زانـستە کۆمەڵایەتییـەکانی دیکە جیاواز نییـە. بەقـسەی (لیپیـسیت): ( هـیچ فۆرمێـك لـە ڕەفتـاری مـرۆڤ نییـە، کـە تـا رادەیەك هەریەك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لێینەکۆڵنەوە. زانستە کۆمەڵایەتییـەکان تـەنها لە پرەنسیپ و بنچینەو یەکەم خاڵی سەرنجەوە جیاوازییان هەیە[1]). (ئۆڵـسۆن) جیاوازییـە بنەڕەتییـەکانی نێـوان زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان لەگـەڵ ئـەو بابەتانـەی لێیدەکۆڵنـەوە، بەهاوبەنـد نازانێـت، بـەڵکو بەهاوبەنـدی چـەمکە کۆنـە بۆماوەکـانی ئـەو میتۆدانـەی بەکاردەهێنرێن و ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیان[2]. جیاوازی نێوان زانستە کۆمەڵایەتییـەکان لە زۆر لایەنەوە بەسوودە، بەڵام ئەم زانستانە (بەرەبەرە لەیەکتر نزیـك دەبنـەوە) و دژواری و بەربەسـتە کۆنـەکانی یـەردەمیان لەناودەچـن. لـە هـەموو شـوێنێك قـسەوباس لەسـەر لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی نێو یەك لقە.

زانستە سیاسـیەکان، وێـڕای سـەربەخۆیی، پێویـستە پەیوەنـدیی نزیکـی لەگـەڵ زانـستە کۆمەڵایەتییەکانی ترو لقەکانی زانستی مرۆڤدا بپارێزێ. بەدەستهێنراوە خودییەکانی زانستە سیاسیەکان دەکەوێتە ژێر کاریگـەری زنجیرە زانستییەکانی دیکـەو دەوڵەمەنـدتر دەبێـت. بەمپێیـە، ئێـستا هـەموان لـەو بـاوەڕەدان زانـستە سیاسـیەکان تـەنها لەچوارچـێوەیەکی فراوانتری زنجیرە وابەستەکاندا دەتوانێ لەدیاردە سیاسیەکان بکۆڵێتەوە. ئامادەیی زانستە سیاسیەکان بۆ فێربوون لە لقـەکانی دیکـەی زانـستی مرۆڤـەوە گـرنگترین خـاڵی پـۆزەتیڤی بـووە. مێـژوو، فەلـسەفە، ئاکـار، ئـابووری و مـاف لـە خولقانـدنی زانـستە سیاسـیەکاندا بەشداربوون. لەناوەڕاستی سەدەی نـۆزدەدا تیـۆری پەرەسـەندنی (داروین) کاریگەرییـەکی گـەورەی هـەبوو. بایۆلۆژیـا بوبـەهۆی ئـەوەی دامودەزگـا سیاسـیەکان لەسـەر رووی مێـژوو ببینرێن و گۆڕانی مێژوویی و پەرەسەندنیان بخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوەوە. سـەرهەڵدانی سۆسـیۆلۆژی سیاسـەتمەدارانی هانـدا بایـەخێکی زۆر بەکاریگـەری هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان لەسـەر حکومـەت بـدەن. سۆسـیۆلۆژی سیاسـی یـەدەگێکی سۆسـیۆلۆژی پڕبەرهـەمتری لێکدانەوە سیاسـیەکانی فەراهـەم کـرد. فاکتـەرەکانی سۆسـیۆلۆژی، کـە کاریگـەرن لەسـەر رەفتاری سیاسی، بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتنـە بەرلێکۆڵینـەوە. شۆڕشـی پیـشەسازی و

گۆڕانکارییــەکانی دوای ئــەو شۆڕشــە لێکۆڵنــەوەی نــزیکتری فاکتــەر و هێــز و قەیرانــە ئابوورییــەکانی لەســەر رەفتــاری سیاســی کــردە پێویــست. گەشەســەندنی بــەرفراوانی دەروونزانــی کۆمەڵایــەتی بوبــەهۆی ســەرهەڵدانی ئــەو قوتابخانــە تیۆرییــە سیاســییە، کــە لەڕوانگــەی ســایکۆلۆژییەوە لــە رەفتــاری سیاســی دەکۆڵێتــەوە. ئامــار ئــەو توانایــەی فەراهــەمکرد رەفتــاری سیاســی بــەو میتۆدانــەی قــابیلی ئەنــدازەگیری و شــیکردنەوەی چەندایەتین، بخرێتە بەر توێژینــەوە. ئــەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایــەتی کۆمــەکی کــرد بەناسـینی باشــتری پــرس و هــەنگاوەکانی پەیوەیــست بــە دەســەڵاتی کۆلۆنیــالیزم و ناکۆکییــە نەژادییەکانی کۆمەڵگە روو لە گەشەکردنەکان و پرسی کــۆچ. لــەژێر کاریگــەری جیۆگرافیــادا بــوارێکی تایبــەت، کــە بــە (سیاســەتی جیۆگرافیــایی) ناودەبرێــت، (واتــە بەرکارخــستنی جوگرافیای سیاسی و ئابووری لــە پرســەکانی سیاســەتی دەرەوەی دەوڵەتانــدا) شــێوازێکی تازەی بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان فەراهەم کرد.

بابەتە نزیکەکان، کە زانینیان بۆ خوازیارانی زانــستە سیاســیەکان پێویــستە، بــریتین لــە: ئابووری، یاسا گشتییەکان، مێژوو، سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا. جگە لەو بابەتانەی سەرەوە بواری دیکەش هەن، کە دەتوانرێت بەو (ئامرازانــە) نــاو بــبرێن ئــەو توانایــە بــە سیاســەتزان دەدەن تێگەیــشتنێکی کــاملتری ســەبارەت بەلایەنــە تایبەتــەکان یــان لقــەکانی زانــستە سیاسیەکان هەبێت. ئامار، فەلسەفە، لۆجیك و زمانناسی لەم گروپەن.

### أ- زانستە سیاسیەکانو سۆسیۆلۆژیا:

سۆسیۆلۆژیا زانستێکی نوێیە، بەڵام بە باوکی هەموو زانستە کۆمەڵایەتییــەکانی دەزانــن. (ئۆگەست کۆنت)، داهێنەری ناوی (سۆسیۆلۆژی)، بە زانــستێکی هــەڵگری کۆمەڵناســییەکی سەرتاپاگیری دەزانێ. بەڵام سۆسیۆلۆژیا بــریتی بــوو لــە (زانــستی بنــەڕەتی پەرەســەندن و رێکخراوی کۆمەڵایەتی)، کە ســەروکاری لەگــەڵ زادگــا، پەرەســەندن، بنــەماو چــالاکییەکانی کۆمەڵدا هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، سۆسیۆلۆژیا زانینــی زادگــاو پەرەســەندن، دامــەزراوەو ئەرکەکانی گروپــە کۆمەڵایەتییــەکان، فۆرمــەکانیان، یاســاکان، دابونــەریت، دامودەزگاکــان، شێوەکانی ژیان، هزر، کارو بەشــدارییان لــەکولتورو شارســتانی مرۆڤایەتیدایــەو هەوڵــدەدات

پرەنسیپی گشتی دیاردەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوەو یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵ بەڕێوەبەرێت[٣].

زانستە سیاسیەکان و سۆسیۆلۆژیا دوو بابەتی سەربەخۆن، بەڵام پێکەوە گرێدراو و دانەبڕاوی زانستە کۆمەڵایەتییەکانن. دەتوانرێ بەگشتی ئاماژە بۆ جیاوازی و پەیوەندییە بنەڕەتیەکانیان بکرێت. مەیدانی سۆسیۆلۆژیا لەمەیدانی زانستە سیاسیەکان فراوانترە. سۆسیۆلۆژیا زانستی گشتیو سەرتاپاگیری کۆمەڵە. دەوڵەت، کە لەڕوانگەی سیاسەتزانانەوە بایەخێکی زۆری هەیە، گرنگترین دەزگایە، کە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هاتۆتەدەر. لەوێوە، کە سۆسیۆلۆژیا سەروکاری لەگەڵ سەرهەڵدان و جەوهەری هەموو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، میتۆدی سۆسیۆلۆژیا بۆ لێکۆڵینەوەی دەوڵەت گشتییە. لەلایەکی دیکەوە، زانستە سیاسیەکان بەشێوەیەکی فراوان لە دەسەڵات و دەسەڵاتی یاسایی لە کۆمەڵدا دەکۆڵێتەوە. سۆسیۆلۆژیا بایەخ بەفۆرمە رێکخراوەکان و هەروەها سەرەتاو بنەچەی کۆمەڵگەو لایەنە سیاسی و ناسیاسیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەدات. لە کاتێکدا، کە زانستە سیاسیەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بایەخ بەهیچکام لەوشتانە نادات، بەڵکو دەستکەوتەکانی سۆسیۆلۆژیا دەربارەی سەرچاوەی گۆڕانی کۆمەڵو هەروەها سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی یاسایی پەسەند دەکات. لەلایەکی ترەوە، سۆسیۆلۆژیا راستیەکانی پەیوەست بە رێکخراو و چالاکییەکانی دەوڵەت لە زانستە سیاسیەکان دەخوازێت.

سۆسیۆلۆژیا دەتوانێت لەگەڵ زانستە سیاسیەکاندا سودمەندانە هاوڕێ بێت. پەیوەندییەکانی ئەم دوو بوارە تەنها نزیك نین، بەڵکو لە روویەکیشەوە تەواوکەری یەکترین. دەتوانرێ بوترێت، کە (تیۆری فەرمی سیستمی کۆمەڵایەتی لە جێگەیەکدا کۆتایی دێت، کە تیۆری فەرمی سیستمی سیاسی دەستپێدەکات). لەبواری (پارتەکان، گروپەکان و رای گشتی)دا لێکۆڵینەوەی گرنگ ئەنجامدراوە، بەڵام بە ئەنجامی زۆر درەوشاوە نەگەیشتووەو سەبارەت بەبابەتە پەیوەستدارەکانی شتێکی زیادەشی نەخستۆتە سەر تێگەیشتنو مەعریفەمان. لەڕاستیدا لەنێوان گریمانەو بەدەستهێنراوەکاندا، لە نێوان بەرزەفڕیو تواناکاندا ناهۆمۆجینیەکی زۆر هەیە. ئەم پرسە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی

بـــەبێتوانایی چوارچـــێوەی چـــەمکی ئـــەمجۆرە لێکدانانـــەوە هەیـــەو دەرکـــەوتووە، کـــە دروستکردنی پرد لەنێوان بوارەکاندا، شتێکی زۆر پێویستە. سۆسیۆلۆژیای سیاسی (لقێکی زانستیانەی میانجیگەرە)، کە دەیەوێت میتۆدەکانی کۆمەڵناسی و سیاسـەت پێکـەوە گـرێ بدات[٤].

**ب– زانستە سیاسیەکانو مێژوو:**

هەندێك لە هەواڵـەکانی مێـژوو لـە زانـستە سیاسـیەکان جیـاواز نـین. مێـژوو تۆمـارکردنی رووداوەکانی رابردوەو پێمان دەڵێت ئەم رووداوانـە چـۆن بـەوجۆرە روویـان داوە. بەمپێیـە، مێـژوو، چـیرۆکی مـرۆڤ - چـیرۆکی کۆشـشەکان، سـەرکەوتنەکان، ناکامییـەکانی مرۆڤـە– لەپراکتیکدا. مێژوو لەمڕووەوە گەنجینـەی ئـەزموونی رابـردووی مرۆڤـە. بەواتایـەکی فـراوان، مێژوو چیرۆکی شارستانییەتی مرۆڤە.

پەیوەندی زانستە سیاسـیەکان و مێـژوو بەشـێوەیەکی ئاوارتـە نزیکـە. لەڕاسـتیدا، قـسە لەسـەر زانـستە سیاسـیەکان لەلایەکـەوە قـسەیە لەسـەر مێـژوو. بـەرای (سـیلی)، زانـستە سیاسیەکان لە مێژوو جیاواز نییە، بەڵکو لێی جودایە. (سیلی) لەساڵی (١٨٨٥)دا وتویەتی: سەردەمی ئەوە دوور نییە زانستە سیاسیەکان ببێتە خاوەنی چـەند راسـتییەك، کـە هێـشتا دروسـت مـوڵکی مێژوونوسـانە[٥]. پێویـست بـەوتن ناکـات، کـە چاوەڕوانییەکانی (سـیلی) نەهاتەدی. لەراستیدا، وێڕای پێشکەوتنی زانستە سیاسیەکان ئەگەری ئەوە نییـە مێـژوو لـە نـاو زانـستە سیاسـیەکاندا بخوڵێتـەوە. (فریمـان) یـش وتویـەتی: مێـژوو هـەمان زانـستی سیاسییە لە ڕابردووداو زانستە سیاسیەکانیش هەمان مێژووە لەسەردەمی ئێستادا. ئـەوەی کە (فریمان) بەهەڵـە لەماهیـەتی زانـستە سیاسـیەکان گەیشتووە، پێویـستی بـەوتن نییـە. بێگومان هەموو مێژوو زانستە سیاسیەکان نییە لـەڕابردودا، چـونکە بەشـی زۆری مێـژوو لـە دەرەوەی بـواری سیاسـەتە. (لیکۆك) وتویـەتی، زانـستە سیاسـیەکان لـە ڕووی پرەنـسیپە سەرەتاییەکانەوە بایەخ بەمێژوو نادات، گرنگی بە کەڵەکەبوونی رووتی رووداوەکـان نـادات، هـەروەها بایـەخ بەلایەنـە سـەربازی و بازرگـانی یـان ئابوورییـەکانی مێـژوو نـادات. تـەنها ئەوکاتەی ئەم بابەت و لایەنانە دەبنە هۆی پەرەسەندنی کۆنترۆڵی رێکخـراوی کۆمەلایـەتی،

تەنها تا ئەو شوێنەی ئەمانە چییەتی دەوڵەت ڕووندەکەنەوە، بەلای پشکێنەرانی زانستە سیاسیەکانەوە گرنگن. پشکێنەرانی زانستە سیاسیەکان بۆ بەدەستهێنانی بەشێکی زیاتری ئەو بابەتانەی بۆ لێکۆڵینەوەی خۆیان پێویستیانە، دەبێت ڕوو لەمێژوو بکەن، بەڵام هەمیشە بەشێوەیەکی هەڵبژاردن یان هەڵاوێردن لەگەڵ هاوئاهەنگکردنی ڕاستییەکان بە ئاوڕدانەوە لە گرنگی تایبەتیان[٦]. بەمپێیە، تەنها بەشێك لە مێژوو دەتوانێت بەشێك بێت لە زانستە سیاسیەکان نەك هەمووی. لەلایەکی دیکەوە، هەموو زانستە سیاسیەکانیش مێژووییەکی پراکتیکانە نییە. بۆ نمونە، هزری سیاسی، کە یارمەتییەکی بەرچاوی تێگەیشتن و دەرك کردنە بۆ ڕووداوە سەرەکییەکانی ئێستاو ئاقاری مێژوو، لە چەمکێکی وردا بەشێك لەمێژوو پێکناهێنێت. پێویستە ئەوە بزانرێت، کە مێژوو، وەکو تەنها تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو واتایەکی نییە. بەهەمان شێوەش زانستە سیاسیەکان بەبێ باکگراوندێکی مێژوو، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو باکگراوندە واتایەکی نییە، بەڵام نابێت ئەم دووانە بە تەواوی یەکسان بکرێت.

تەنانەت میتۆدو شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسیەکان و مێژوو جیاوازن. لێکۆڵینەوەی مێژوو بەشێوەیەکی سەرەکی ڕۆژژمێری و حیکایەتانەیە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسیەکان بەدواداچوون و هزری-ئەقڵانییە. مەیدانەکانیشیان جیاوازە. مێژوو سەرتاپاگیرترە، کۆمەڵێ شتی زیاتر لە ئاڵوگۆڕی ڕووتی سیاسی و دەزگایی لەخۆدەگرێت، کە مایەی سەرنجی سەرەکی سیاسەتزانانە. هەروەها مێژوو ناتوانێ ئامانجی کۆتایی و پێوەری چاك و خراپ، ڕاست و ناڕاست لەدامودەزگا سیاسیەکاندا بۆ ئێمە ئاشکرا بکات. لەڕاستیدا، هەموو سەردەمێك پرسی سیاسی تایبەتی خۆی هەیە، کە بۆ چارەسەرکردنیان بەگەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی سەدەکانی بەرلەوە تەنها دەتوانێت لاوەکیانە بێت. ئەو دەرئەنجامە پراکتیکانەیەی، کە دەتوانرێت لە مێژوو هەڵبهێنجرێ، جگە لەمێژویەکی نوێ، بەشێوەیەکی گشتی لە جۆری ناڕاستەخۆو نادیارە.

ئەگەرچی زانستە سیاسیەکان و مێژوو جوداو دیاریکراون، بەڵام هاوکاری و بەشدارییان هەیەو یەکتری تەواو دەکەن. هەروەکو (لیکۆك) وتویەتی، بونی زانستە سیاسیەکان بەبێ مێژوو موکین نییە. مێژوو کەرەستەی خاو فەراهەم دەکات و زانستە سیاسیەکان لەسەر

پایەی ئەو کەرەسەخاوانە بینای گەورەی خۆی دروست دەکات. مێژووی هزرە سیاسـیەکان بەشێکی دانـەبڕاوی تیـۆری سیاسـییە، بـەڵام بیرۆکـەکانی رابـردوو تـەنها لـە زەمینـەی ئـەو ماوەیـەدا دەتوانرێـت بناسـرێتەوە، کـە تیایـدا سـەریانهەڵداوەو پەیوەنـدیان بەپێویـستی کەسـانێکەوە هـەبووە. ئەگـەر مێـژوو سـتایلێك بـۆ زانـستە سیاسـیەکان فەراهـەم نـەکات، خوازیارانی زانستی سیاسەت سـەرگەردان دەبـن. بـۆ نمونـە، بـۆ تێگەیـشتن لـە تیۆرەکـانی (ئـەفلاتون و ئەرەسـتۆ) هـەبوونی زانیـاری سـەبارەت بـە مێـژووی یۆنـانی کـۆن پێویـستە. سەبارەت بە هزرە سیاسیەکانی سەردەمەکانی دوای ئەوی‌و شوێنانی تریش ئەو پێویـستییە هەیـە. بـۆ لێکۆڵینـەوەی دەزگـا سیاسـیەکانیش بەهـەمان شـێوەیە، کـە تیایانـدا زانیـاری مێژوویی بۆ تێگەیشتنی رەوتی دروستبونیان پێویستە. تەنانەت لەبەر رۆشنایی باکگراوندی پەرەسـەندنی مێژووییانـدا دەتـوانین باشـتر لەئەرکـەکانی حکومـەت تێبگـەین. هـەروەها هەروەکو (رۆبسۆن) وتویەتی، ئەو کەسـەی چـۆنییەتی دامەزرانـدنی وڵاتێـك یـان سیاسـەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لێکدەداتەوە بەبێ زانینی گـۆڕانی مێـژوویی چارەنوسـسازی ئـەو وڵاتـە تەنها هەندێ زانیاری بەدەست دێنێ، کە بۆ تێگەیشتنی راسـت و دروسـت رێنمـایی ناکـەن. بەقسەی (لیبلی): ( بۆ تێگەیشتنی تەواو لە جیهانی دیـاردە سیاسـیەکان پێویـستە رێگـەی پراکتیکانـــەی تۆمـــارکردن و راپەڕانـــدنی سیاســـەتە گـــشتییەکانی هـــەموو ســـەردەم و کەلتورەکان، ئامانجە بەدەستهێنراوەکان یان لەبەرچاوگیراوەکان بزانرێت[٧]) .

بەهەرحاڵ، پرەنسیپ و بونیادەکانی زانستە سیاسیەکان لەڕاستیدا ئـەو ئەنجامانـەن کـە لـەدراوە مێژوییەکانـەوە بەدەسـتهاتوون. (ماکیـاڤیلی) یەکـەم مێژوونوسـی نـوێ بـوو، کـە لـەپێناوی بـەکارهێنانی سیـستماتیکانەی ئـەزموونی رابـردوودا بـۆ رێنمـایی پراکتیکـی و کۆمەڵگەی هاوچەرخ هەوڵیدا. هەروەها (مۆنتیسکۆ) بۆ پشتیوانیکردنی هزری خـۆی کـەڵکی لەئـەزموونی رابـردووی مێـژوو وەرگـرت. (جـەیمز بـریس)، زانـای مێـژووی پراکتیکـی، لەلێکۆڵینـەوەکانی زانـستە سیاسـیەکاندا بەشدارییەکی گـەورەی هـەبوو. (لـۆرد ئـەکتۆن– Lord Acton) لەنمونەیەکدا وتویەتی: رەوتی مێژوو بە زانستە سیاسیەکان سـپێردراوە، هـەروەکو چـۆن خـۆڵی ئـاڵتون بـەلمی چـەم سـپێردراوەو ئێمـە هەوڵـدەدەین ئـەم (پارچـە

ئاڵتونانه) بۆ باشترکردنی باری هەنوکە بەکاربێنین. هەربۆیە (ویلۆفبی– Willoughby) وتویەتی (مێژوو رەهەندی سێیەمی زانستە سیاسیەکانە).

بەڵام ئەم مامەڵەیە یەك لایەنە نییە. مێژوو ئەگەر شتێك دەدات، شتێکیش وەردەگرێ و لەراستیدا بەبێ ئەم دانوستانە مێژوو دەوڵەمەند نابێت. ئەوەی زانستە سیاسیەکان بە مێژووی دەبەخشێ، گۆشەنیگایەکە بۆ دەرککردن و راڤەکردنی رووداوەکان. گرنگیی رووداوەکانی رابردوو بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەو راستیيانەی تیایاندایەو زانستە سیاسیەکان یارمەتی مێژوو دەدات بۆ ئەوەی راستییەکان بەدەست بێنێ تا لە حەقیقەتەکان تێبگات. (لیکۆك) وتویەتی: بەبێ بونی زانستێکی سیاسەتی تەنانەت پێنەگەیشتوو، مێژوو بایەخی بنەڕەتی خۆی لەدەست دەدات. کەواتە دەبێ لەگەڵ (سیلی)دا هاوڕابین، کە وتوویەتی مێژوو بەبێ سیاسەت لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواو و ناساز و بێسەروبەرەیە. لەلایەکی دیکەوە، زانستە سیاسیەکان بەبێ مێژوو پوچ و بێبنەمایە. بەواتایەکی دی، مێژوو بەبێ زانستە سیاسیەکان هیچ بەرهەمێکی نییەو زانستە سیاسیەکان بەبێ مێژوو رەگوڕیشەی نییە[٨]. ئەگەرچی ئەم قسەیەی (سیلی) تاڕادەیەك زیادەڕەوی تێدایە، بەڵام وابەستەیی ئەم دوو بوارە بەیەکەوە بەچاکی پیشان دەدات.

تیۆری کۆنی پەیوەندی زانستە سیاسیەکان و مێژوو هەندێك لە سیاسەتزانانی تازەتر پەسەندیان نەکرد. جەنگی یەکەمی جیهانی و رووداوەکانی دوای ئەوە بوون بەهۆی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەیەکی رادیکاڵتر سەبارەت بەجەوهەری زانستە سیاسیەکان. تراژیدیای جەنگ و بواری بیناکردنەوە رابردووی سڕییەوەو سەرنجی بۆ ئاییندە راکێشا. لەمڕووەوە، واهاتە بەرچاو، کە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی مێژوویی دامودەزگا یاسایی و حکومەتیەکان بەگشتی شتێکی زیادەیە. هەڵسەنگاندنی واقیعیانەتر پێداگری لەسەر پێویستی شیکردنەوە، بەرنامەڕێژی و هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کرد. (چارلز مەریام ١٨٧٤ – ١٩٥٣)، لەگەڵ ئەوەی پشتبەستنی بەرابردوو رەت نەکردەوە، بەڵگەداری ( استدلال) لەسەر ئەوە دەکرد، کە کاری مێژوونوسان پەیوەندی بە زانستە سیاسیەکانەوە نییە. بەڕای (مریام) مێژوونوسانی نوێ فاکتەرە سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و ئابورییەکان سەبارەت بەکاروباری مرۆڤایەتی نادیدە دەگرن. وێڕای ئەوەش،

میتۆدی وەسفی باو بۆ زانستی نوێی سیاسەت بنەمایەکی نەشیاوە. (مەریام) باوەڕی وابوو، زانستە سیاسیەکان دەتوانێ سوودێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕەفتاری سیاسی وەربگرێت. لەئەمەریکا، شۆڕشی ڕەفتاریی یان ڕەفتارگەرایی بەتەواوی زانستە سیاسیەکانی رامالّی و لە ماوەی سالانی (١٩٤٠–١٩٦٠) ستایلی زالّ بەدیهات. بەلام هێشتا ڕەفتارگەرایان کاری کۆمەلّناسانی خاوەن لایەنگری مێژوویی بەتایبەتی (موسێ سترۆ گۆرسکی، گایتانۆ مۆسکا، ماکس ڤێبەر، تالکۆت، پارسونز و سیمور لیپیست) بەباش دەزانن. لە ڕاستیدا نفوزی ئەو کۆمەلّناسانەی، کە سەبارەت بەدامەزراوە مێژووییەکان شیکردنەوەیەکی سیستماتیکیان بەکارهێنا، بۆتەهۆی تێگەیشتنێکی تازە سەبارەت بەتواناکانی توێژینەوەی مێژوویی. پشکنینی باکگراوند لە لێکۆڵینەوەی تایبەت بەهەلّبژاردن، پەیوەندییە نێودەولّەتییەکان، گۆڕانکارییەکان و لێکۆڵینەوەی پراکتیکی جێگای بایەخی زیاتر بووە.

لەیەك دوو دەیەی رابردوودا پێداگری لەسەر گەشەپێدانی تیۆری تاقیکاری کراوەتەوە، کە پێویستی بە گەلێ لە پێدراوەکانەو تەنها مێژوو دەتوانێت فەراهەمیان بکات. بەلام زۆربەی توێژەرانی زانستە سیاسیەکان لە لێکۆلّینەوەکانی سەبارەت بە ڕووداوەکان و دەزگا هاوچەرخەکان، هێندە بایەخ بەپێدراوەکانی پێش دووەم جەنگی جیهانی نادەن و لەکاری توێژینەوەدا، کاری مێژوونوسان بە بەکەلّك نازانن، چونکە بە رای ئەمانە لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە زۆر مێژوونوسی پرۆفیشنالّ دەرنەکەوتوون. بەڕای ئەم توێژەرانە مێژوونوسانێك هەن هێندەی حەزیان بەروونکردنەوەی چۆنێتی پەیوەندی فاکتەرە گرنگەکانە لەگەلّ بڕیاری ئەو خاوەن دەسەلاتانەی رووداوە گرنگەکان دروستدەکەن، هێندە حەزیان بەنوسینی رووداوە هاوچەرخەکان ناکەن، چونکە گەواهی دۆکیۆمێنتی بەردەست پێوەرێکی گونجاو ناخاتە بەردەستیان هەتا بڕیار دەربارەی بایەخی سەراپاگیری هەلومەرجو رەغبەتو رووداوەکان بدەن. بەمپێیە سیاسەتزان هەست دەکات، کە دەبێ مێژوونوس پسپۆڕیی خۆی بەدەستبێنێ تا زانیاری لەچاوپێکەوتن و رۆژنامە و بەلّگەنامە حکومییەکان دەربێنێ و فۆرمی گشتی رووداوە تازەکانی ولات یان ماوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکات.

(کارل فریدریك، هانس مورگنتاو، لیۆ شتراوس، سیگمۆند نیومان، بیرتران دو ژوونال، جیۆڤانی سارتوری، ئارنۆڵد بریخت، هیرمکان فاینەر و مورس دو ڤیرجی) لەو سیاسەتزانە دیارانەن، کە بەردەوام لەنوسینەکانیاندا رووداوە مێژووییەکانی هەموو سەردەمەکان بەکاردەهێنن. بەڵام هەموویان لەو ئەوروپاییانەن کە لەیاسا یان لەمێژووەوە شت فێربوون.

(ریچارد جینسین) باوەڕیوایە، کە هاوکاری راستەقینەی نێوان مێژوونوسان و سیاسەتزانان، وێڕای گەلێك دژواری، رەنگە زۆر جێگەی ئومێد بێت[٩]. بەڵام ئەم هاوکارییە پێویستی بەلەیەك گەیشتنی تەواوە. هەروەکو (کارل دویچ) وتویەتی: (پێویستمان بەمێژوویەك هەیە خزمەتکاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان نەبێت، بەڵکو هاوبەش و رێنیشاندەرو هاوەڵ و لۆژیکانەو پێگەیەنەریان بێت[١٠]).

**پ– زانستە سیاسیەکانو ئابووری:**

ئابووری زانستێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە چالاکییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە سامان یان خۆشگوزەرانی مادی دەکۆڵێتەوە. پەیوەندی زانستە سیاسیەکان و زانستی ئابووری هەمیشە زۆر نزیك بووە. زانستی ئابووری تا ڕادەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی بەراییەوە دەربارەی رێگاکانی بەدەستهێنانی دەرامەت بۆ دەوڵەت گەشەی کرد. ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانە لە ڕابردوودا بە زانستی ئابووری سیاسی ناودەبرا، بەڵام زانستە سیاسیەکان زۆر و خێرا پێشکەوتووە، بەشێوەیەك ئەمڕۆ دارایی گشتی تەنها یەکێك لە لایەنەکانی توێژینەوەی ئابووری پێکدێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا، پەیوەندی نزیکی ئەم دوو زانستە کۆمەڵایەتییە هەروا بەردەوامە. بەرای (بێنی پراساد– Beni Prasad) جیاکردنەوەی زانستە سیاسیەکان لەزانستی ئابووری، زانستە سیاسیەکان توشی پەڕاگەندەیی دەکات. مێزگردی (کەمبریج)، کە لەسەر خواستی یۆنسکۆ لەنیسانی (١٩٥٢)دا پێکهات، رایسپارد، کە پێویستە لە هەر قۆناغێکی خوێندندا گرنگی بدرێت بە پەیوەندی توندوتۆڵی زانستی ئابووری و زانستە سیاسیەکان. لەلایەکی دیکەوە، راپۆرتی یۆنسکۆ دەربارەی پەروەردەی زانستی ئابوری ئەوە پیشان دەدات، کە ئابوریناسان لەسەر ئەوە کۆکن، لێکۆڵینەوەی تیۆری سیاسی و دامودەزگاکان پێویستە بەشێك بێت لەبەرنامەی خوێندنی ئابووری.

له ژیانی نوێی ئاڵۆزدا پرسە سیاسیەکان و بەهەمان شێوە هەندێ لە تیۆرە سیاسیەکان وەها لەگەڵ زانستی ئابووریدا بەیەکداچوون، کە پێویستە خوێندکاری زانستە سیاسیەکان سەبارەت بەچەمکەکانی زانستی ئابووریش زانیاری بەدەستبێنێت. کاریگەری رەوتە ئابوورییەکان لەسەر ژیانی سیاسی یەکەمجار بەپێداگری زۆری (کارل مارکس) پشکنینی بۆ کرا. پێشرەوانی (مارکس) لەم پشکنینەدا (ئەرستۆ و فیزوکراتەکان و ئادەم سمیس) بوون. سیاسەتناس ژیانی ئابووری لەدوو وتەزادا راڤە دەکات. یەکەم: ئەو دەزگایەی هەیەو ئەگەری کاریگەریی ئابووری لەسەر ژیانی سیاسی. دووەم: ئەو پاڵنەرانەی کە رێکخراوەکەی بەرەو پێشەوە دەبرد. ئەگەر بزوێنەری ئابووری بەرادەیەکی باش بەهێز بێت، دامەزراوەی سیاسی ناچارە چاودێری رەوتەکانی بکات. بەڵام لەوێوە، کە نەمانی خستنەڕوو لەوانەیە زیان بە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بگەیەنێت، حکومەتەکان لەساڵی (١٨٩٠) بەدواوە بەشێوەیەکی بەرفراوان رووبەرووی کاریگەری سیاسی شێوەی بەرهەمهێنان و هەروەها هەلومەرج و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوونەوە. ئەم مەسەلەیە کرۆکی چالاکی حکومەتی کرد بەشتێکی زیندوو، کە هەم ئابوورییە و هەم سیاسی. تیۆرە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە ئامانج و ئەرکەکانی حکومەتو هەروەها نوێکردنەوەیان لایەنو کاریگەری ئابوری زۆرگرنگیان هەیە.

لەئەنجامی پەرەسەندنی رەوتی دیموکراسی، کە پێویستی بەگێڕانەوەی رۆڵە بۆ دەنگدەران، وادیارە خەڵك وریا بوونەتەوەو چیتر سیستمی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ئامادە بەسیستمێکی ئاسمانی و لەگۆڕان نەهاتوو نازانن. خەڵك لەوەگەیشتوون ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی، کە هەیە تا رادەیەکی زۆر هاوشان و بەرپرسیارە لەخراپ دابەشکردنی سامان لەکۆمەڵدا و بەدبەختی ئابووری و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆ جیهان ئارەزووی لە خۆشگوزەرانی ئابوورییە، لەبەرئەوە لەژێر کاریگەری تێبینییە ئابوورییەکاندایە، کە سەرهەڵدانی چەند چەمکێکی تازەتر روون دەکاتەوە. چەمکی وەك یەکسانی ئابووری، لانی کەمی خۆشگوزەرانی ئابووری، هەلی یەکسان، دیموکراسی پیشەسازی، خۆماڵیکردنی ئامرازو هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ، بەرنامەڕێژی دیموکراسییانە بۆ زیادکردن و بەئاوات گەیشتنی ئابووری، بەشداریکردنی کرێکاران

لەبەڕێوەبردن و لەم بابەتانەی کە هاتوونەتە ناو باسەکانی زانستی سیاسییەوە. ئەمڕۆ هاولاتیانی هۆشیار بەشێوەیەکی سەرەکی تەنانەت دامودەزگاو ڕەوتی سیاسی ئامادەش بەپێی وشەی چەمکە مادییەکەی خۆشگوزەرانی هەڵدەسەنگێنن. خودی چەمکی (دەوڵەتی خۆشگوزەران) پیشاندەری پێشبینییە، کە لە حکومەتەوە دەرکەوێت.

بێگومان ڕێکخراوی ئابووری نوێ کاریگەریی لەسەر چالاکییەکانی دامودەزگا سیاسیەکان دادەنێت. لەلایەکی ترەوە، حکومەت لە ڕێگای خزمەتگوزارییە ناچارییەکان و یاساکانی خۆیەوە لە هەوڵی ڕێکخستنی ژیانی ئابووریدایە. بەرژەوەندی و دیدی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لە ژێر ناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵدا دەخرێتە بەر راوێژ، تاوتوێ و داوەریکردنەوە. لە ئەنجامی ناکۆکی بەرژەوەندی لە نێوان گروپە جیاجیا ئابورییەکاندا ململانێی سیاسی سەرهەڵدەدات و حکومەت هەوڵدەدات تا ئەو شوێنەی دەکرێت لەچوارچێوەی دامەزراوەی ئەو ئابورییەی هەیە، کۆمەڵگە هاوسەنگ و یەکسان بکات(١١).

### ت– زانستە سیاسیەکان‌و ئاکار:

ئاکار سەروکاری لەگەڵ مۆدێلی ڕەفتاری مرۆڤدا هەیەو ئەوەی خەڵك (دەبێت) ئەنجامی بدەن یان (نابێت) ئەنجامی بدەن، دەستنیشان دەکات. ئاکار لەمڕووەوە لەوە دەکۆڵێتەوە، کە خەڵك بۆچی پێویستە ئەوەی ڕاستە ئەنجامی بدەن و ئەوەی هەڵەو ناڕاستە، نابێت ئەنجامی بدەن. ( ئاکار ئەو ڕێسایانە تۆمار دەکات و ڕێك دەخات، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێت کار لە ڕەفتاری مرۆڤ بکەن. لە ڕاستی و ناڕاستی ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو تەواوی ئەو پێداویستیانە ڕوون دەکاتەوە، کە پێویستە مرۆڤ لە پێناویاندا تێبکۆشێت (١٢). لەلایەکەوە، ئەمجۆرە پرسانە پەیوەندی بە بواری ئاینەوە هەیە. بەڵام مرۆڤەکان ئاینی جۆراوجۆریان هەیە، تەنانەت لەناو پەیڕەوانی یەك ئایندا، ڕەنگە دەربارەی مەسەلەی ئاکار جیاوازی بیروبۆچون سەرهەڵبدات. بەمپێیە ڕوونکردنەوە سەبارەت بە پایەی ئاکار یان بەڵگەو لۆجیکی ڕەفتاری ئاکاریی لەلایەن فەلسەفەوە لەئەستۆ گیراوە.

پەیوەندی نزیکی زانستە سیاسیەکان و زانستەکانی وابەستەی ئاکار بە باشی پەیوەندی یاسا بە ئاکارەوە پیشان دەدات. ئەم دوو چەمکە هەردوکیان لە ژیانی گروپی سەرەتاییدا

بەشێوەی عورف یـان دابونـەریتی کۆمـەڵ بـاو بـووە. لەگـەڵ پێـشکەوتنی شارسـتانییەت و ناکۆکی لەنێوان بەرژەوەندی تاك و گروپ، عورف لەلایەکەوە بووبەهۆی سەرهەڵدانی ئاکاری تاکەکەس یان (ویژدان)، لەلایەکی ترەوە بووبەهۆی سەرهەڵدانی ئاکاری گشتی (یان یاسا). پشتگیری بە کۆمـەڵی ڕاسـت و ناڕاسـت لـە ئـەرك و یاسـاکانی خـاوەنی پـشتگیری سیاسـی دیـاریکراوە جیـابۆوە. وێـڕای ئـەوەش، پەیوەنـدی ئـەم دوانـە بـەنزیکی مایـەوە. بیرۆکـە ئاکارییەکان لە ئەنجامی پەرەسەندن و بەهێزیدا وەك یاسا دەخەملێن، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە ئەو یاسایانە پەسەند نەکات، کە هەوڵدەدەن بنەمای ئاکاریی بەکاربێنن و جێبەجێی بکـەن، بەزوویی پوچەڵ دەبنەوە. لەمڕووەوە ئاکار و یاساش لە دواشیکردنەوەدا وەسـتاو نـین و لـە پەیوەندی بەرامبەردا لەگەڵ کۆمەڵگە گەشە دەکەن: ( ڕێسای ئاکاریی لەگەڵ گەشـەکردن و گۆڕانی هزرەکان، هەڵێنجانەکان و ئاڵوگۆڕی ژینگە دەگۆڕێن و پێویستە بگـۆڕێن[١٣]). یـەکێ لە ئامڕازەکانی کۆمەڵگە بۆ هاندانی یەکسانی ئەندامانی کۆمەڵگـە بـۆ کـردەوەی ڕاسـت ڕای گشتییە، کە بەلای سیاسەتزانانەوە زۆر بایەخی هەیە. نمونەیەکی تر سەبارەت بـە میتـۆدی ئاکار، کە لە مەسەلەکانی زانستە سیاسـیەکان بێـت، چـەمکی یاسـای سروشـتییە، کـە دوو هــەزار سـاڵ بەسـەر هـزری سیاسـی خۆرئـاوادا زاڵبـوەو بـەپێوەری هەڵـسەنگاندنی یاسـا دانراوەکـانی دەوڵــەت لەقەڵــەم دەدرا. بەهـــەمان شـێوە ســەرهەڵدانی یاســا گــشتییە نێودەوڵەتییەکان لە هەنگاوی یەکەمدا پەیوەستە بەکۆششی بیریـارانی سـەدەی حەڤـدەوە، کە دەیانەویست ڕێگەو ئامڕازەکانی لە قاڵبدانی بێبەزەیی نا پێویست و قـابیلی خـۆ لـێلادان بدۆزنــەوە. کاریگــەری ئاکـار هۆکـاریش بـوو بـۆ گەشــەکردنی مرۆڤدۆسـتی یـان ئاکـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لەوتەکەی (مۆنتیسکۆ)دا ڕەنگیداوەتـەوە، کـە دەڵێـت: (ئەگـەر بزانم کارێ بە قازانجی وڵاتەکەمە، بەڵام بەزیانی ئەوروپایە یان بەقازانجی ئەوروپایـە، بـەڵام بــە زیــانی مرۆڤایەتییــە بێگومــان ئــەو کــارە بــەتاوانێك دەزانم). پەرەســەندنی هەســتی نەتەوایەتی کۆتایی بەم هەستە مرۆڤدۆستانەیە هێنا. وەفاداریی بۆ گروپی نەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوو بە تایبەتمەندیی (باش بێ یان خراپ وڵاتی منە). (بیرکردنەوەی بێسەروبەری ڕۆژگاری ئێمە سەبارەت بە پەیوەنـدی سیاسـەت و ئاکـار لـە نـاکۆکی نێـوان ناسـیۆنالیزمی توندڕەوی نوێ و نەریتە مرۆییەکانـەوە سەرچـاوەی گرتـوە[١٤]). بەرژەوەنـدی گروپـەکان و

پلەوپایــەخوازی کەســێتیش یــەکبوون و یەکپارچــەیی سیاســەتی تێکــداوە. ئــەمڕۆ سیاسەتمەداران بەڕووکەش پێداگری لەسەر پێویستی ئاکارە پەسەندەکان لەسیاسەتدا دەکەنەوە، بەڵام کردەوەیان زۆرجار لەگەڵ بانگەشە گشتییەکانیاندا ناکۆکە.

بیریارانی سیاسی ئەورووپای سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، ئاکاریان بە دەسپێکی دانەبڕاوی لێکدانەوە سیاسییەکان دەزانی. (ئەفلاتون) سیاسەتی بە بەشێك لەئاکارەکان دەزانی. لە ڕوانگەی (ئەرستۆ)وە، کە زانستە سیاسییەکانی بە باوکی زانستەکان دادەنا، ئامانجی دەوڵەت پراکتیزەکردنی (ژیانی باشە). لە سەراپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە ئەوروپا، ئاین و حیکمەتە ئاینییەکان بەسەر لێکۆڵینەوەی سیاسەتدا زاڵبوون. پاش ئەم قۆناغە، هەموو بیریارانی قوتابخانەی ئایدیالیستی تیۆری سیاسی نوێ، وەکو (ڕۆسۆ، کۆنت، هیگڵ) دەوڵەتیان بە دامەزراوەیەکی ئاکاری دەزانی، کە لە گەشەکردنی ئاکاری مرۆڤەکان دانەبڕاوە. لە جیهانی ئیسلامیشدا (ئەبونەسر موحەمەد ئەلفارابی) ئاکار و سیاسەتی بەیەکسان و بە بەشێك لەحیکمەتی کرداری یان فەلسەفەی پراکتیکی دەزانی. زۆربەی فەیلەسوفانی جیهانی ئیسلامیش ئاکار و سیاسەتیان بەیەك پارچە زانیوە.

(فۆکس– Fox) وتویەتی: ئەوەی لەڕووی ئاکارییەوە ناڕاستە، ناتوانێ لەڕوی سیاسییەوە دروست بێت. لە هندستانیش (مەهاتما گاندی) جەختی لەسەر ئەخلاقیەتی یەکسانی هۆو ئامانجەکان دەکردەوە: (تۆو هەرچییەك بێت درەختەکەشی هەمان شت دەبێت). (ئیسلینگەر– Esslinger)یش باوەڕی وابوو، کە چاکی و باشی پاڵنەر یان ئامانج کارەکە ناکات بە ئاکاریی، ئەگەر خۆی لە خۆیدا ئاکاریی نەبێت. ئامانجەکان هەرچییەك بن، نابێت ڕێسا بنەڕەتییەکانی ئاکار پێشێل بکات. ئەگەر پێویستە شارستانیەتی مرۆڤ پارێزراو بێت، میانەڕەوی و پاراستنی سادەترین ڕێسای ئاکاریی پێویستە.

هەندێ لەبیریاران و توێژەران بەها بۆ هاتنە ناوەوەی ئاکار و فەلسەفە بۆ مەیدانی سیاسەت دانانێن. ئەم جۆرە بیروڕایانە دەدرێنەپاڵ (ماکیاڤیلی)، کە باوەڕی وابوو هەوێنی چالاکی سیاسی بە دەستهێنانو پاراستنی دەسەڵاتە. (ماکیاڤیلی) دەیوت، کە ڕۆڵی

زۆرداری‌و فرۆفێڵ له‌ پرسه‌ سیاسیه‌كاندا دروسته‌و باوه‌ڕی وابوو له‌ پرسه‌كانی ده‌وڵه‌تدا نابێت دیده‌ ئاكارییه‌كان له‌به‌رچاو بگیرێت. چاكه‌كاری میر و سیاسه‌تمه‌داره‌كان، به‌چاوپۆشی له‌و هۆكارانه‌ی به‌كاری ده‌هێنن، له‌ به‌ئامانج گه‌یشتنیاندایه‌:

**(هه‌مووان ده‌زانن، كه‌ بۆ میر چه‌نده‌ مایه‌ی ستایشه‌ دڵێكی پاكی هه‌بێت و به‌شه‌ره‌فمه‌ندی نه‌ك به‌زیره‌كی بژی، به‌ڵام ئه‌زموونی رۆژگاری ئێمه‌ پیشانی ده‌دات، كه‌ ئه‌و میرانه‌ كاری مه‌زنیان كردووه‌، به‌هایان بۆدڵپاكی دانه‌ناوه‌و به‌زیره‌كی خۆیان هزری خه‌ڵكیان به‌هه‌ڵه‌دا بردوه‌و سه‌ره‌نجام به‌سه‌ر ئه‌و كه‌سانه‌دا زاڵبوون، كه‌ باوه‌ڕكردن (به‌رێسا ئاكارییه‌كان)یان كردۆته‌ بنه‌مای كاره‌كانیان... كه‌واته‌ بۆ میر پێویست نییه‌ خاوه‌نی هه‌موو خه‌سڵه‌ته‌ (په‌سه‌ندكراوه‌) به‌رزه‌كان بێت. ئه‌وێرم بڵێم بوون‌و ره‌چاوكردنی ئه‌و خه‌سڵه‌تانه‌ ترسناكه‌، به‌ڵام خۆده‌رخستن به‌هه‌بوونیان به‌سووده‌[١٥]).**

به‌ڕای هه‌ندێ له‌بیریاران، ده‌وڵه‌ت له‌سه‌ر پایه‌و بنچینه‌ی زۆرداریی هاتۆته‌ئاراوه‌و ده‌وڵه‌ت یان حكومه‌ت ئه‌و زۆردارییه‌ به‌ قازانجی چینێ یان گروپێك له‌خه‌ڵك به‌گه‌ڕ ده‌خات. (فاینه‌ر) وتویه‌تی، كه‌ (هیچ ده‌وڵه‌تێ، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر قه‌شه‌كانیش حوكمڕانی بن، به‌بێ خوێنرێژیی و هه‌زاران كاری توندوتیژی فیزیكی و به‌بێ زوڵم و زۆری ده‌روونی بوونی نابێت. هیچ یه‌كێ له‌م ده‌وڵه‌تانه‌ش به‌بێ ئه‌م كاروكرده‌وانه‌ له‌ناونه‌چوون[١٦]).

له‌ سیاسه‌تدا ده‌توانرێ رۆڵی هێز په‌سه‌ند بكرێت، به‌ڵام پرسی ئامانجه‌ سیاسیه‌كان هێشتا به‌چاره‌سه‌رنه‌كراوی ماوه‌ته‌وه‌. فۆرمه‌له‌بونی ئامانجه‌ باڵۆكان و ته‌واوی ویسته‌ سیاسیه‌كان بۆ مۆدێلی سیاسه‌تكردن پێویسته‌. له‌به‌ر هه‌مان هۆ لێكۆڵینه‌وه‌كانی زانسته‌ سیاسیه‌كان چه‌مكی فه‌لسه‌فه‌ی سیاسیش له‌خۆده‌گرێت. له‌لایه‌كی تره‌وه‌، هونه‌ری سیاسه‌ت، له‌ نێو سیاسه‌ته‌ شیاوه‌كاندا پڕ به‌هاترینیان هه‌ڵده‌بژێرێ. (لیپسون) وتویه‌تی: (هه‌ڵبژاردن بنچینه‌ی سیاسه‌ته‌. ئه‌مه‌ش به‌واتای باڵاده‌ستی ئازادانه‌ی ژماره‌یه‌ك له‌ به‌هاكانه‌ به‌سه‌ر ژماره‌یه‌كی دیكه‌دا). له‌ حكومه‌تی دیموكراسیدا ده‌بێت به‌كارهێنانی هێز به‌پێی به‌رژه‌وه‌ندی گشتی كۆمه‌ڵ روون كرابێته‌وه‌. ڕای گشتی یان ده‌بێت رێزی لێبنرێت یان به‌زیره‌كی كۆنترۆڵ بكرێت. به‌مپێیه‌ ناتوانرێت به‌هاكان له‌ سیاسه‌ت دوربخرێنه‌وه‌.

لەپراکتیزەکردندا سیاسەت لەگەڵ بەهاکان بەرامبەر دەوەستن، پەیوەندییان ئەزموون دەکرێت، متمانەیان هەڵدەسەنگێنرێ[١٧]. بەقسەی (کاتلین)، ئاکار ئەوە پیشانی سیاسەتمەدار دەدات، کە کام ڕێباز پێویستەو زانستە سیاسیەکان فێری دەکات لەنێو چەندین ڕێبازدا کامیان شیاوە. بەبێ ئاکار بنەمای سیاسەت لەسەر بۆشاییە. چەند توێژەرێکی وەکو (ئیڤۆر براون) تا ئەو ڕادەیە پێیان داگرتووە، کە باوەڕییان وایە جیاوازی نێوان سیاسەت و ئاکار زیاتر چەندایەتییە تاچۆنایەتی: (تیۆری ئاکاریی بەبێ تیۆری سیاسی ناتەواوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو ناتوانێ بەتەنیا بژی" تیۆری سیاسی بەبێ تیۆری ئاکاریی بێ بنەمایە، چونکە لێکۆڵینەوەو ئەنجامەکانی لەبنچینەدا پەیوەندی بە بەها ئاکارییەکان، بە تێگەیشتن و وێناکردنی ئێمەوە هەیە سەبارەت بە ڕاست و ناراستی[١٨]). تیۆری سیاسی واقیعگەرایی پێویستە لە ڕاڤەکردنی ئامانجە سیاسیەکاندا ڕای گشتی و هێزە سیاسیەکان لەبەرچاو بگرێت.

### ج- زانستە سیاسیەکانو سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:

لەنێو پەیوەندییەکانی ناو ئەو لقانەی بۆ زانستە سیاسیەکان گرنگی پراکتیکی هەیە، پەیوەندییەتی لەگەڵ سایکۆلۆژیا. زانستە سیاسیەکان، کە سەروکاری لەگەڵ پەیوندی سیاسی نێوان مرۆڤەکان هەیە، ناتوانێت کاریگەرییەکانی سایکۆلۆژیا لەبەرچاونەگرێت. لەدەیەی (١٩١٠)دا، (ڤالتەر لیپمان) ڕایگەیاند، کە (گەورەترین هەڵەی هزری سیاسی ئێمە ئەوەیە، کە بەبێ ئاماژەکردن بۆ مرۆڤ، بمانەوێ قسە لە زانستە سیاسیەکان بکەین[١٩]). پێش باسکردنی تیۆری بابەتەکە پێویستە لە سایکۆلۆژیای مرۆڤ تێبگەین.

سایکۆلۆژیا ڕەفتاری مرۆڤ لێکدەداتەوەو کردەوەکانی ڕوون دەکاتەوە، لە دەروون و ڕەفتاری مرۆڤ بەشێوەی تاك و بەشێوەی گروپ دەکۆڵێتەوە. پاڵنەرەکانی کاری مرۆڤ ڕوون دەکاتەوەو هەوڵدەدات دەستنیشانی بکات، کە مۆدێلی ڕەفتاری مرۆڤ تا چ ڕادەیەك ئەقڵانی یان ڕەمەکی یان لەسەر ترادسیۆن بنیاتنراوە. سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی زانستی ڕەفتاری مرۆڤە لە ناو پەیوندییە کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەگەرچی ئەم زانستە بە بەراورد لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا تازەیە، بەڵام کارێکی زۆری لە گەشەکردن و گۆڕانی زانستە

کۆمەڵایەتییەکان کردووە. ئێستا هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە لێکۆڵینەوەی زانستیانەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بنەمایەکی سایکۆلۆژی هەبێت. راستییە سایکۆلۆژییەکانی پەیوەست بە سروشتی مرۆڤ نابێت هەروەکو بیریارانی سەرەتایی سیاسەت قبوڵ بکەین، بەڵکو دەبێت لە رێگەی بینینی راستەوخۆو هەروەها بەشێوەی تاقیکردنەوە لە واقیعدا بەدەستبێتەوە. ئەم کارە لێکۆڵینەوەکانمان واقیعانەترو پڕ بەرهەمتر دەکات. توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەم رەفتارەیان پەسەندکردوەو تاڕادەیەکی زۆر کلیلی سایکۆلۆژی بۆ کردنەوەی دەرگا مەتەڵئاساکانی چالاکی و رەفتاری مرۆڤ بەکاردەهێنن. لەوکاتەوە (ڤاڵتەر باژۆت) کتێبی (سروشتی سیاسەتی مرۆڤ)ی لە ١٨٧٣ نووسیوە[٢٠]، هەندێ لە تیۆرسێنانی سیاسەت بۆ سایکۆلۆژیستی کۆمەڵایەتی گۆڕان. (گراهام ڤالاس) بە کتێبی (سروشتی مرۆڤ لەسیاسەتدا)[٢١] چاپی سێیەم(١٩٢١) و (دەبلیو ریڤێرس) بەکتێبی (سایکۆلۆژیا و سیاسەت)[٢٢] ١٩٢٣، بەشدارییەکی سەرەکیان لە گەشەکردنی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا کرد. ئەم کتێبانە رێگەی هاوکاری پڕبەرهەمی لەبەردەم سایکۆلۆژیستانی کۆمەڵایەتیو سۆسیۆلۆژیستان و سیاسەتزاناندا کردەوە[٢٣].

(ڤالاس) پەیوەندیی نزیکی هەردوو بابەتی زانستی سایکۆلۆژی و زانستە سیاسیەکان بە پێویست دەزانێت. (جەیمز بریس)یش وتویەتی زانستە سیاسیەکان (رەگوڕیشەی لە سایکۆلۆژیادایە)، بەڵام (جەیمز)، لەبەرنەبونی ئامڕازی پێویست، زۆرکەم بایەخی پێدا. لەنێو توێژەرانی سیاسی دواتردا (هارولد لاسکی، جۆرج کاتلین) میتۆدێکی یەکپارچەی لەوجۆرەیان بە پێویستزانی. پەرەسەندنی دیموکراسی و بایەخی زۆری رای گشتی و راگەیاندن، مەیلی پشتبەستنی بە سایکۆلۆژیا بوژاندەوە. سیاسەتزانان بە هاوکاری سایکۆلۆژیستانی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیستەکان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی مەیدانە فراوانەکانی دینامیکی سیاسین.

بێگومان سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی زانستە سیاسیەکانی بە دەستکەوتی بەهادار چەکدار کردوەو سیاسەتزانی بۆ لێکۆڵینەوەی تاقیکاری رەفتاری سیاسی هانداوە. سیاسەتزانانی لەویژدانی نەستو هەروەها فاکتەری نالۆژیکانەی لە قاڵبدانی رەفتاری مرۆڤ ئاگادار

کردۆتەوەو بەتەواوی ئەوەی ئاشکرا کردوە، کە مرۆڤ وێڕای ئەوەی خاوەنی ئەقڵ و لۆژیکە، لە زۆر حاڵەتدا، بەبێ هەڵسەنگاندن و وردبونەوەی زۆر رەفتار دەکات.

توێژەرانی سیاسی ئێستا بە یارمەتی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی رای گشتی و رەفتاری هەڵبژاردن تاوتوێ دەکەن و دەتوانن ئەگەری (ناجێگیری) هەڵبژاردنی داهاتوو رونبکەنەوەو تەنانەت پێشبینی بکەن. تەنانەت دەتوانن ئەگەری کاردانەوەی هاوڵاتیان لەبەرانبەر دانانی یاسای داهاتوودا لێکبدەنەوە. دەتوانن دەربارەی سەرکەوتنی سیاسی، کە دەخرێتە قۆناغی پراکتیکییەوە، بیروڕا دەرببڕن، لەوبارەیەوە هێندە بدوێن تا هاوڵاتیان بەتەواوی لەسودو ئەنجامەکانی تری ئاگادارین.

ئەم توێژینەوانە پیشانیدەدەن، کە هاوڵاتیانی ناهۆشیار و چاوپۆشیکەر، مەترسییەکی گەورە بۆ رەوتی دیموکراسی دەهێننە ئاراوە. ئەم جۆرە کەسانە زۆر دەکەونە ژێر کاریگەریی هەست و پاڵنەری نائەقڵانییەوە. لێکۆڵینەوەکانی سایکۆلۆژیای زانستە سیاسیەکان پیشانی دەدات، کە بەڕاگەیاندنی پەروەردەیەکی بەردەوام، چۆن ئەگەری ئەوە هەیە پاڵنەرەکان و لاوازییەکانی مرۆڤ ببنە مەرج و سەرچاوەی سوودی راستەقینە. هەروەها ئەم لێکدانەوانە پیشانی دەدەن، کە بزوێنەرو ئەنگێزەکان بەچ جۆرێك دەتوانێت رێباز فەراهەم بکات. پاڵنەرەکان ئەو تیغە دوو رووەن، کە دەکرێت لە پێناو بیناکردن و هەم بۆ مەبەستی وێرانکردن بەکاربهێنرێن. سیاسەتزانان سوپاسگوزاری سایکۆلۆژیستانی کۆمەڵایەتین لە بەرانبەر بەخشینی زانیارییەکانیان سەبارەت بەکاری هزریو رەفتاری مرۆڤ، کە لە کۆمەڵدا کار لەپەیوەندییەکانی دەکات و ئومێدەوارن، کە لەئەنجامی چاکبوونو پێشکەوتن و تێگەیشتن لە رەفتاری مرۆڤ، زانستە سیاسیەکان بابەتی و واقیعانەتر بێت.

پێویستە ئاماژەش بۆ سنوردارییەکانی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو میتۆدی سایکۆلۆژی بکرێت. (مۆریس گینسبێرگ) رایگەیاند، گومڕاییە ئەگەر واوێنابکرێ، کە هەنوکە (زانستی کەسێتی و رەفتاری مرۆڤ {لەژێر کۆنترۆڵماندایە} و ئەو توانایەمان پێدەبەخشێ دەربارەی ئەوەی لە رێگەی هەولی مرۆڤەوە مایەی بەدەست هێنانەو ئەوەی مایەی بەدەست هێنان نییە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین). (مۆریس) دڵنیابوو، کە راستی ئەوەیە (زانستێکی

لەوجۆرە هێشتا لەقۆناغی ساواییدایەو رەنگە بەسەختی بتوانێ گشتاندێکی تاقیکاری بخاتەگەڕ[٢٤]). (رۆبنسۆن)یش ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەئێستادا:

**(سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هێندە زەمینەیەکی مکوم بۆ بە دەستهێنانی زانستێکی یەقینی و رێکوپێك بەدەستەوە نادات، کە بتوانرێ تیۆرەکانی رەفتاری سیاسی یان تێبینییەکانی سەبارەت بەرای گشتی لەسەر بنیات بنرێت. بەرهەمەکانی فرۆید و جێنشینانی و یۆنگ و پەیرەوانی تێگەیشتنی ئێمەیان سەبارەت بەدەروونی مرۆڤ گۆڕی. شیکردنەوەی سایکۆلۆژی کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی شۆڕشانەی تیمارکردنی نەخۆشییە دەروونیەکانی تاکە کەس داناوە، بەڵام کەمتر کاری لەزانستە سیاسیەکان کردووە[٢٥]).**

بەڕای (کاتلین) پێویستە زانستە سیاسیەکان لە خواستنی کۆمەك لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پشکداری بێت و پێویستە تەنها (ئەو ئەنجامانە لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەربگرێ، کە بۆ ئاشکراکردنی هەندێ پرس و ئاڵۆزییەکانی ئەم زانستە یارمەتیدەربن[٢٦]).

**چ- زانستە سیاسیەکان و یاسا گشتیەکان:**

لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ نوسینەکانی (بورگیرس - Burgers) و (گوودنۆ - Goodnow) زانستە سیاسیەکان وەك لقێکی زانستیی دیاریکراو لە ئەمەریکا سەریهەڵدا. لەوکاتە بەدواوە لێکۆڵینەوە لە حکومەت وانەکانی دەربارەی یاساو بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لەخۆگرتبوو. بەڵام ئەم بارە لەدەیەی (١٩٣٠) گۆڕاو یاسا گشتییەکان وەکو بابەتێکی فەرمی دەستکەوتی زانستە سیاسیەکان لەبەرچاو نەما[٢٧].

لەگەڵ ئەمەشدا، کەم نین ئەو سیاسەتزانانەی لە زانستی سیاسیدا بایەخ بەمەسەلەی یاسایی دەدەن. ناتوانرێت شارەزایی لەسەر سیستمی سیاسی وڵاتان بەدەست بێت بەبێ ئاگاداربوون لەدەستورەکانیان[٢٨]. بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی یاساکانی بەڕێوەبردن هەیە[٢٩]. یاسا نێودەوڵەتییەکان بەشێکی گرنگ لە توێژینەوەی سیاسی نێودەوڵەتی پێکدەهێنێت[٣٠]. سەرەڕای ئەوەش، سیاسەتزانان سیستمی داوەریش

بـه بەشـێك لـەدەزگای حكومـەت دەزانـن. هـەروەها لەتوێژینـەوەی دیـاردە سیاسـیەكاندا میتۆدی یاسایش هەیە، كە لە بەشی پێشوودا ئاماژەی بۆكرا.

بەمپێیە، بوونی وانە دەربـارەی پرەنـسیپەكانی داوەری یـان زانـست و فەلـسەفەی یاسـا لەزانستی سیاسیدا زۆر پێویستە. بابەتـەكانی زانـستە سیاسـیەكان و یاسـا تـەواو پێكـەوە گرێـدراون. لـەم سـەردەمەدا یاسـاو حكومـەت لـە ڕاسـتیدا (چـەمكی دانـەبڕاون و هـەموو دامودەزگاكان یەك لایەنی یاسایی و سیاسییان هەیە). لێكۆڵینەوەكانی (هـانس كێلـسۆن – Hans Kelson) و یاساناسـەكانی دیكـە دەربـارەی چـەمكی حـوكمڕانی ئـەو توانایـەی بەسیاسەتزانان بەخشی چیتر دەربارەی حوكمڕانێتی دەوڵەتان پێشداوەریی نەكەن. پرسـی پەیوەست بەسەرچاوەو زادگای حوكمڕانی، یاساو هەروەها چەمكی وەكو ماف و ئەركـەكان بەڕادەی بابەتی مافی دادوەری و یاسای گشتی بابەتی تیۆری سیاسییە.

بەڵام دەبێ لەفراوانكردنی مەیدانو دامێنی لێكۆڵینەوەكانـدا لەسـەر یاسـا لـە سیاسـەتدا وریـابین و دەبـێ هـەتا ئـەو شـوێنە بەدوایـدا بـچین، كـە بەشـێوەیەكی ورد پەیوەنـدی بەبەدواداچونەكانی زانستە سیاسیەكانەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشـی لـە زانـستە سیاسـیەكاندا بابەتی یاسایی زۆرە، بـەڵام دەبـێ ئـەو مامۆسـتایانە ئـەم بابەتانـە بڵێنـەوە، كـە بەتـەواوی دەركیان بەجیهانبینی و ڕۆحی زانستە سیاسیەكان كردبێت. بـەبێ سـەرنجدان بـۆ دیـدگای مامۆستایان بەكارهێنانی ئەوەی، كە بابەتێكە پەیوەست بە یاسا گشتییەكانەوە، نایگۆڕێـت بۆ لقێك لەزانستە سیاسیەكان[٣١].

**ح– زانستە سیاسیەكانو ئەنترۆپۆلۆژیا:**

ئـەنترۆپۆلۆژیا لـەجیاكاری نـەژادی، تایبەتمەنـدی فیزیكـی، دابەشـكردنی جوگرافیـایی، دەوروروبـەرو پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان و گەشـەكردنی ڕۆشـنبیری مـرۆڤ دەكۆڵێتـەوە. زانـستێكە سـەبارەت بەگەشـەكردنی سروشـتی، كۆمەڵایـەتی و كـەلتوری مـرۆڤ لێكۆڵینـەوە ئـەنجام دەدات. بەشـی ئـەنترۆپۆلۆژیا لەزانـستی سیاسـیدا مایـەی سـەرنجەو توێژینـەوە تازەكـان لـە جیاكـاری نـەژاد، نـەریت، ڕێـوڕەسمی دامـەزراوەكانی مرۆڤـی سـەرەتاییدا

یارمەتیـدەر بـوون تـا زێـدی دەوڵـەت و پەرەسـەندن و فراوانبـوونی دەزگـا سیاسـیەکان بناسین[٣٢].

سەردەمانێك ئەنترۆپۆلۆژیا بە گشتی یان بەشێوەیەکی سـەرەکی دەربـارەی کۆمەڵگـەی سەرەتایی لێکۆڵینەوەی دەکرد. ئەمڕۆ مەیدانەکەی فراوانبوەو لێکۆڵینەوە لە هەموو جـۆرە کۆمەڵگەکان لەخۆدەگرێت. زانستی ئـەنترۆپۆلۆژیا ماوەیـەکی زۆر بـۆ لێکدانـەوەی میتـۆدی بـەڕێوەبردنی کۆلۆنیـاڵی و ناسـینی ناکۆکییـە نـەژادی و نەتەوەییـەکان، کـۆچ و کۆچـبەر پەسەندی، یارمەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ وڵاتە تازەگەشەکردوەکان پێویست بوو.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی وڵاتـە تازەگەشـەکردوەکان گرنگـی ئـەنترۆپۆلۆژیاش زیـادی کـرد. لێکۆڵینـــەوەکانی سیاســـەتزانانی پێـــشوو دەربـــارەی دەســـتەبژێرە نیـــشتمانییەکان، کۆلۆنیالیزمی، گەشەکردنی ناسیونالیزم و سەربەخۆیی، سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەنـدی، مێژووی دەزگا یاساییەکان، هەڵبژاردنی نیشتمانی و سیاسەتە پارتایەتیەکان بوو، سیاسەتە لۆکاڵییـــەکان بەشـــێوەیەکی گـــشتی و بـــەخێرایی لێیدەکۆڵرایـــەوە. هەمـــەجۆریی یەکـــە نیشتمانییەکانی وڵاتە تازەکان بەقوڵی نەدەخرایە ژێر لێکۆڵینەوەوە. بەڵام هەروەك (لوسین پێ) رای خۆی دەردەبڕێ، لـەم سیستمانەدا گروپـی بـچوکی دەسـتەبژێرەکان سەرچـاوەو فاکتـەری ئـاڵوگۆڕی چـالاکین و کۆنترۆڵیـان بەسـەر دامودەزگـا فەرمییـەکانی حکومەتـدا دەشکێت، بەڵام ئەم حکومەتانە نوێنەری بەبنەما بوونی نمونە بالۆکـانی کـەلتوری خۆمـاڵی نـین، بـەڵکو هـاوردەی دەرەکـین[٣٣]. بەمپێیـە ئاشـکرایە، کـە توێژینـەوە دەربـارەی تایبەتمەندییە ناوەکیەکانی ئـەم کۆمەڵگایانـە پێویـستە ڕێچکەی گەشـەکردنی شـیمانەییان دیاریبکرێ. زۆربـەی ئـەم کۆمەڵگایانـە، کۆمەڵگـەی ترادیـسیۆنی ناخۆرئـاوایین و دامـەزراوە سیاسـییە لۆکاڵییـەکانیان هێـشتا بەتونـدی لـەژێر کاریگـەری و نفـوزی کـەلتووریی بـاوی خۆیاندایە. بەمپێیە لێکۆڵینەوەی هەمان ئـەو کـەلتورە باوانـە بایـەخێکی زۆری هەیـەو ئـەم کارەش پێویستی بەهاوکاری سیاسەتمەداران، ئەنترۆپۆلۆژیستان و سۆسیۆلۆژیستانە.

لـەم دواییانـەدا تیـۆری سیاسـی ژمارەیـەك لـەزاراوەکانی ئـەنترۆپۆلۆژیای ئەبستراکتانە وەرگرتووە. لەنێو ئەو چەمکە ئەبستراکانەی لـە ئـەنترۆپۆلۆژیا وەرگـیراوەو لەشـرۆڤەکردنی رەوتی پێکهاتنی نەتەوەدا بـەکارهاتووە، دەتـوانرێ ئامـاژە بـە پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتی،

نزیکی کەلتووری، هۆمۆجینی کلتووری و پەسەندکردنی کلتووری بکرێ. زانستی سیاسەت لەجاران زیاتر پەی بردوە بە پێویستی نوێکردنەوەی تیۆری سیاسی بەشێوەیەك، کە هەموو کۆمەڵگاکان جائیتر سادە یان ئاڵۆز بن، لەخۆ بگرێت.

ئەنترۆپۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیا لەسەر بەئەنجام گەیاندی کار لە زانستە سیاسیەکاندا پێداگری کردنیان بزواندوە. تیۆری کرداری ئەنجامدراو یەکێکە لەکاریگەرترین رێچکەکانی باس و لێکۆڵینەوە لە دیاردە جۆراوجۆرە سیاسیەکانی وڵاتە تازە سەربەخۆکان. تایپۆلۆژیای کۆنی سیاسەتی پراکتیکی چیتر بەرفراوانی هەمەجۆری دەزگا سیاسییە تازەکان لەخۆناگرێ[٣٤].

## خ- زانستە سیاسیەکانو ئامار:

شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەرەبەرە چەندایەتیتر بووە. سیاسەتزانان هەڵسەنگاندنی چەندایەتی دیاردە سیاسی و ئیدارییەکان بە هۆکارێکی پێویست دەزانن بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری. لەگەڵ پێشکەوتنی تیۆرو شێوازە ئامارییەکانو مەیلی نوێ بۆ ئەندازەگیری ئاماری بارە کۆمەڵاییەکان پەیوەندی زانستە سیاسیەکان و ئامار نزیکترو قوڵتر بووە.

زانستە سیاسیەکان، ئەگەرچی لەبەگەڕخستنی شێوازی چەندایەتییدا هێندە پێشنەکەوتووە، بەڵام لەمبارەیەوە توانای زۆری هەیە. بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵات سەبارەت بەحەزە ئامارییەکان لەداهاتودا زۆر پێویستی بەزانیاری ئاماریی و پێشبینییەکان هەیە. بەقسەی (گارنەر- Garner)، لەتوێژینەوەی دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا ئامار هەمان رۆڵی هەیە، کە میکرۆسکۆب لەپاتۆلۆژیی پزیشکییدا هەیەتی. بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە گرنگەکانی بەڕێوەبەرانی وڵات توانای تێگەیشتنی ئاراستەی ئامار زۆر پیویستە. بەئاگابوون لە پرەنسیپەکانی ئامار و شێوازی نمونە وەرگرتن زۆرجار بۆ سیاسەتمەدار بەسوودەو لەبنچینەدا پێویستە ئەم تاکانە (بیرکردنەوەیەکی ئاماری)یان هەبێت[٣٥]. لەهەمانکاتدا ئامار هۆکارێکە، کە دروست بەکارهێنانی تەنها لە سیاسەتزانیێ دەوەشێتەوە، زانیاریی قولێ سەبارەت بە زانستە سیاسیەکان هەبێت.

### د- زانسته سیاسیەکانو جوگرافیا:

جوگرافیا لەژینگەی سروشتی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. هەندێ لەبیریاران باوەڕیان وایە، کە هەلومەرجی جوگرافیاو سروشت کاریگەریی لەسەر تایبەتمەندی و کەسێتی مرۆڤ و ژیانی نیشتمانی و دەزگا سیاسیەکانی هەیە. (ئەرستۆ) باوەڕی وابوو بەبێ جوگرافیا ئەقڵی سیاسی و سەربازی درێژەی نییە. (ژان بۆدن) یەکەم بیریاری سەردەمی تازەیە، کە ئاماژەی بۆ پەیوەندی زانستی سیاسەت و جیۆگرافیا کردووە. (رۆسۆ) هەوڵیدا لەنێوان هەلومەرجی هەرێمایەتی و فۆرمەکانی حکومەتدا پەیوەندییەك دروست بکات و ئەوەی بە بەڵگە هێنایەوە، کە هەرێمە گەرمەکان ئامادەی ستەمکاری، هەرێمە ساردەکان ئامادەی حکومەتی سروشت دڕەندەو هەرێمە مامناوەندییەکان ئامادەی حکومەتی کۆمەڵگەی باشەیە. (مۆنتسکیۆ)ش لەسەر کاریگەریی دەوروبەری سروشتی لەسەر فۆرمەکانی حکومەت و ئازادی خەڵك جەختی کردۆتەوە. (بوکلێ) وتویەتی، هەڵسوکەوتی تاك و کۆمەڵەکان لە ژێر کاریگەریی ژینگەی سروشتیدایە، بەتایبەتی هەرێم، خۆراك، خاك و (لایەنە گشتییەکانی سروشت). ئەم بیریارانەو کەسانی تریش لەڕاستیدا هەوڵیاندەوە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بخەنە قاڵبی فەلسەفەوەو بەپێی رووداوی هەریەکە لەو حاڵەتانە چانسی وڵاتەکەی خۆیان گەورە پیشان بدەن. بەشێوەیەکی سروشتیی ئەم کارە دەبێتە هۆی بەدگومانی دەربارەی راستی زانستیانەی ئەم جۆرە گشتاندنانە. تەنانەت ئەگەر ژینگەی سروشتی کار لە خوڕەوشتی مرۆڤ و دەزگا و پەرەسەندنەکانی بکات، پێشکەوتنی شارستانیەت ئەو توانایەی بە مرۆڤ بەخشیوە هەرچی زیاترە، فاکتەرە سروشتییەکان رام بکات، بەجۆرێ کاریگەری ژینگەی سروشتی چیدی وەکو دەردەکەوت هێندە فراوان نییە. پێشان ئاماژەمان بۆ بەشێکی زانستی تازەکرد بەناونیشانی (سیاسەتی جیۆگرافیایی)، کە لە کاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، بەتایبەتی لەچەند مەسەلەیەکی وەکو سنورە سروشتیەکانی دەوڵەت و کاریگەرییان لەسەر مەسەلە

ستراتیژییەکان و هـەروەها هەلومـەرجی ولات لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا بایـەخێکی زۆری هەیە.

لـەکۆتایی ئـەم بەشـەدا، لەناسـاندنی گـشتی ئاسـتی گەشـەکردنی زانـستە سیاسـیەکاندا دەبێت بوترێت، کەمەیدان و ناوەڕۆکی زانستە سیاسیەکان و هەروەها وتنـەوەی بەشـێوەی جۆراوجۆر پەیوەندی بەئاستی گشتی گەشـەکردن و پەرەسـەندنی سیاسـیانەی کۆمەڵگـەوە هەیە. لەو کۆمەڵگەیانەی پەرەسەندنی سیاسی تەواویان نەبووە، فێرکاری زانکـۆیی زانـستە سیاسیەکانیش لەقۆناغی سەرەتایدایە. ئەگەر لەدەرەوەی زانکـۆو لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـە ئەدەبیاتی سیاسی گەشەنەکات، ئەم بابەتەش گەشەنەکردو و بێبـەر دەبێـت. بـەڵام ئەگـەر کۆمەڵگە هۆشیاری سیاسی هەبێت و بەیارمـەتی زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان، رەوتـی ئـازادی ئـاڵوگۆڕی هۆشـیاریەکان، بەتایبـەتی هۆشـیارییە سیاسـیەکانی لـەو کۆمەڵگەیـەدا هـەبێت، لێکدانەوەی سیاسیش دەگاتە ئاستێکی بەرزی گەشەکردن.

## پەڕاوێزەکان :

1. set op. cit. p
2. Mancur Olsen The Relation ship Bet ween Economics and other Social Sciences in; Lbidpp 139-140
3. Kapur, op cit p.33
4. Giovanni Sartori From the sociology of politics to political sociology in Lipset op. cit pp 68-69 and 87, 92-93

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆمەڵناسیو زانستە سیاسیەکان، بڕوانە بەشی سێیەمی کتێبەکەی پالمەر، (نگرش جدید به علم سیاست ـ تێڕوانینێکی نوێ بۆ زانستە سیاسیەکان) کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی چەمکەکانی کۆمەڵناسییەوە هەیە لەزانستە سیاسیەکاندا. چەند چەمکێکی وەکو بینای کۆمەلایەتی، دەور، گروپەکان، گروپی بچوك، چینی کۆمەلایەتی، ئەركو ئەرکگەرایی. هەروەها بڕوانە (بحثی در جامعه شناسی ــ باسێك دەربارەی کۆمەڵناسی) و

Kapur, op. cit. p,12 - 13

5. Seeley,op,cit. P,12 – 13
6. Stephen Leacock, Elements of political Science (London: constable, 1924). P.7
7. Mulford Liebley, (the place of classical political theory in the study of politics) in; Youngop cit p.128
8. C.Dillon, C.Leiden. p. stewart, Introdction to political Science (new york: D.van Noostrand co.Inc, 1965) p.4
9. R.Jenesn (history and the political Science) in:Lipstet op. cit p.25
10. Karl Deutsch, (the Limits of common sence) in:N.polsby, R Denthar, p.smith (eds) politics and socialife (Boston: Littell Brown, 19,3) p.57

١١.ئەم پەرەگرافە لە (حمید عنایت، بنیاد اندیشه سیاسی در غرب از هیدایت کلیت تا هۆبز (تهران: انتشارات خرمندن ، ١٣٤٩ ص ١٤٧ – ١٤٦) وەرگیراوە.

Agarwal op. cit p 48-50 kapurop cit p.38-41

12. Kaput, p. 41
13. Herbert Samuel, practicol Ethics (London: Allen 8 Unwin 1935) p.7,8
14. Agarwal op. cit p.51

١٥. ئەم پەرەگرافە لە حمید عنایت، بنیاد اندیشە سیاسی در غـرب از هیـدایت کلیـت تا هۆبز (تهران: انتشارات خرمندن ، ١٣٤٩ ص ١٤٧ – ١٤٦) وەرگیراوە.

16. Herman Finer the therory and practiceof Modern Govemm 4 thed (New york: Meth1962) p.29
17. Leslie Lipson the Great lssues of politics: An Introduction to political 4 thed (Englewood cliffs N.J:prentice hall 1970) p.18
18. Ivor Brrown, English political theory (London: Willam Hadge, 1929) p.2
19. Walter Lipmann, preface to politics (New york: 1913) p.2
20. Walter Bgehot physics and politics
21. Grdham Wallas, Human Nature in politics
22. W.H.R.Rivers psychol logy and politics

٢٣. بۆ نمونە یەك لێکۆڵینەوەی تازە دەربارەی سیاسەتو سروشتی مرۆڤ، بڕوانە:

lanforbes, stev Smith, politics and human nature, london: frances pinter pub 1983

24. M.Ginsberg, the psychology of Society $8^{th}$ ed. (london: Odhams press, 1951) p.viii.
25. Robson, opcit. P.20
26. G.Cattin, Astudy of the principes of politics (london: allen 8 unwin 1970) p.31

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەرونزانـیو زانـستە سیاسـیەکان، بڕوانـە فەسـڵی شەشـەمی کتێبەکەی پالمەر سەرچاوەی پێشوو ل١٣٩– ١٧٥.

27. Foster sherwood, (the Role of poblic Lawin political Science) in: young, op. cit p 86 – 67

٢٨. بۆ نمونە: ر.ك. ابو الفضل القاضي، حقـوق اساسـی و نهادهـای سیاسـی (جلـد اول) مبانی و کلیات، تهران: انتشارات دانشگاه تهران ١٣٦٨.

٢٩. بۆ نمونە: ر.ك عبدالحمید ابو الحمد، حقوق اداری ایران، چاپ چهارم، تهران: تـونس، ١٣٧٠.

٣٠. بۆ نمونە: ر.ك. محمد رضا ضیائی بیگدلی، حقـوق بـین الملـل عمـومی، چـاپ پـنجم، تهران: گنج دانش ١٣٧١ و هوشنگ مقتدر، حقوق بین المللی عمومی، تهـران دفـتر مطالعـات سیاسی و بین المللی ١٣٧٣.

31. Robson op. cit. p.24
32. Kapur, op cit p.35
33. L.pyeself–Govemment in Modernizing Nations (N.J: prentice – Hall , 1964) p.7

٣٤. بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی پەیوەنـدی زانـستە سیاسـیەکان و ئـەنترۆپۆلۆژیا و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگـەی بیابـان نـشین، کۆمەڵگـەی ترادسـیۆنی، کۆمەڵگـەی ترادسـیونی– مـۆدێرن، کولتـور، کولتـوری سیاسـی و نەتـەوەیی، بڕوانـە: فەسـڵی چـوارەمی کتێبەکـەی پاڵمەر، سەرچاوەی پێشوو ل٧٩–١٠٨.

٣٥. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (فیکری ئاماری) بڕوانە: جـان ال. فیلیـپ، تفکـر امـاری، ترجمە کاظم الیزدی، تهران: انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، ١٣٧١، بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربارەی بەکارهێنانی بیرکاری لە سیاسەتدا بڕوانە:

Gordon Tulloock, Towathematics of politics, Michigon: Michigan University press, 1972

-٤ -

# ( چەمکە نوێیەکانی زانستە سیاسیەکان )

لێکۆڵینـــەوە سیاســـیەکان لـــەکۆنترین جـــۆری لێکۆڵینـــەوەکانی مـــرۆڤن و زانـــستە سیاسیەکانیش لەنێوان ئەو زانستانەی لـە فەلسەفە جیابوونەتـەوە، رابردوویـەکی کـۆنتری هەیە. بەڵام ئەم زانستە بەشێوەیەکی سەرەکی تـا کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەی دەزگاکاندا سنوردار‌بوو، لە شێوازیشدا ئیقتیباسی کاری دەکرد. لە سـەرەتای سەدەی بیستدا لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و گەشەکردنی بیرو میتۆدی نویێ، یەکەی نوێی شیکردنەوە، میتۆدە نوێیـەکان و چـەمکە تازەکـان لەزانـستی سیاسـەتدا برەویـان پەیـداکرد. گریمانـە نوێیـە گەڵاڵـە کراوەکـان و لێکۆڵینـەوەی زانـستی سیاسـەت ئاراستەیەکی نـوێی وەرگـرت. هـەمووان لـەو بـاوەڕەدا بـوون، کـە پێویـستە لێکۆڵینـەوەی سیاسی لەگەڵ سیاسەتی پراکتیکدا، کـە بنـەماکانی گـۆڕانی تیـۆری نـوێی سیاسـی لەسـەر رۆنراوە، پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەبێت. لەبـەر هـەمان هـۆ زۆربـەی لایـەنگرانی تیـۆری نـوێی سیاسـی زانـستی سیاسـەت مـۆری ئەمـەریکییان لێـدرا. زانـستی سیاسـەت چـەمکە نوێیـــەکانی خـــۆی لـــە سۆســـیۆلۆژیا، ســـایکۆلۆژیا، بایۆلۆژیـــاو زانـــستە کۆمەڵایـــەتیو سروسـتییەکانی وەرگرتـووە. هەنـدێك لـەم چـەمکانە بـریتین لـە: دەسـەڵات، دەسـەڵات، رەوایەتی، تازەگەری، کەلتووری سیاسی، هاودەمیی سیاسی، گەشەکردنی سیاسی، بزاوتی کۆمەڵایەتی، کەناوەڕۆکی ئەم بەشە پێکدێنێت. لێکدانەوەی چەمکە سەرەتاییو دێرینەکانی لێکۆڵینەوەی سیاسی یان زانستی سیاسەت و توێژینەوەکانی هاوبەنـدێتی کـاری بەشـەکانی دواتری ئەم کتێبـە دەبێـت. بـەڵام پـێش هـەموو ئەوانـە پێویـستە روونکردنـەوە دەربـارەی یەکێك لە چەمکە هەرە بنەڕەتییەکانی زانستی سیاسەت بدرێت، کە ئەویش ئایدیۆلۆژیایە.

### ١- ئایدیۆلۆژیا:

وێڕای ئەوەی زۆربەی بیریارانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە پێناسەیەکی ورد یان واتای زاراوەی زانستیانەی ئایدیۆلۆژیا دیدی زۆر جیاوازیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرنگییەکەی لە سۆسیۆلۆژیای نوێ و لە زانستی سیاسەتدا پەسەندکراوە.

ئایدیۆلۆژیا لایەنێکی زۆر هەستیارو بێچەندوچوونی سیاسەتەو لەتێگەیشتن لەراستیو ێکهاتنەوەی وێناکردن لەگەڵ واقیع و بەهادانان بۆ واقیع سەریهەڵداوەو وەك جۆرە نەخشەیەك بۆ هەڵبژاردنی میتۆدو راڤەکردنی سیاسەت کاردەکات. لەمڕووەوە ئایدیۆلۆژیا رێنیشاندەر، پشتیوان، سنووردارکەرو بەدیهێنەری کاری سیاسییەو لە هەمان کاتیشدا وەك گەورەترین دانەمۆی بزاوتی کاری سیاسی جەماوەر بەکار دەهێنرێت. ئایدیۆلۆژیا بە دەسەڵاتترین لایەنی سیاسەتە. بەبێ ئایدیۆلۆژیا سیاسەت بوونی نییە، بەبێ سیاسەتیش ئایدیۆلۆژیا بوونی نییە.

بەشێوەیەکی ئاسایی رابەرانی سیاسی خاوەنی جۆرە بیروبۆچوونێکن، کە بۆ روونکردنەوەی سەرکردایەتیکردنو رەوایەتی بەخشین بە حکومەت بەکاردێن. بەبڕوای (دال)، ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە زۆرجار بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی ناودەبرێت. (مۆسکا) بە (فۆرمی سیاسی) ناوزەدی کردووە. هەوڵی سەرکردەکان بۆ هێنانە ئارای ئایدیۆلۆژیا زۆر سادەیە. دەیانەوێت رەوایەتی بە رابەرایەتییەکەیان ببەخشن، واتە بتوانن کاریگەری سیاسییان بۆ دەسەڵات بگۆڕن، چونکە حوکمڕانیکردن بە یارمەتی دەسەڵات زۆر کەمتری تێدەچێت لە حوکمڕانیکردن بەهۆی زۆردارییەوە. ئایدیۆلۆژیای سەرکردەکان بە ئایدیۆلۆژیای فەرمی یان فەرمانڕەوا دەزانرێت، کە بەشێوەیەکی سروشتی رۆحیەت، میتۆد، راستییەکانو پرسەکانی دیکەی رەوایەتی بەخشین بە سیستم دیاریدەکات. بەوتەی (دال): (لە سیستمی سیاسیدا کاتێك ئایدیۆلۆژیا کۆدەنگی بەدەستهێنا، سەرۆکەکانیش دەکەونە ناو ئەو واقیعەو دەبنە دیلی. بەجۆرێك، کە لەوانەیە تەنانەت بە بەزاندنی بچوکترین دیسپلینەکان مەترسی لە دەستدانی رەوایەتی سەرکردەکانی بەدواوە بێت).(١)

زاراوەی زانستی ئایدیۆلۆژیا کاتێك بەکار دێت، کە پەیوەندییەکی نزیك لەنێوان لقێکی هزرەکاندا هەبێت. دەتوانرێت بوترێت ئایدیۆلۆژیا نموونەی پەیوەندی ئەو بەهاو

گریمانانەیــە، کــە پەیوەندییــە سیاســیەکان پێکــەوە گــرێ دەدات. ئایدیۆلۆژییــەکان روونکــەرەوەو ئاراســتەکەری دابەشــکردنی تایبــەتی دەســەڵاتی سیاســین و ئایــدیۆلۆژیا لەهەرجێگایــەك هــەبێت، دەتوانێــت بــەپێی بــەها پەســەندکراوەکان ململانــێ و ناکۆکییــە سیاسیەکان چارەسەر بکات. لەهەمان کاتدا، ناجێگیری سیاسی بەرئەنجامی بەریەککەوتنی ئایدیۆلۆژیا بەهێزەکانە.[٢]

بەشــێوەیەکی گــشتی، وێــڕای کاریگــەری بێــچەندوچوونی ئایــدیۆلۆژیا لەســەر دیــاردە سیاســیو کۆمەڵایەتییــەکان، هێــشتا چــەمکی ئایــدیۆلۆژیا مایــەی باسوخواســی فراوانــە. باسوخواس سەبارەت بە واتای وردو پێناسەکردنی ئایدیۆلۆژیا لەم خواستەی رابەرەکانــەوە دێت، کە دەیانەوێت یان بایەخ بــە پێگــەی خۆیــان بــدەن یــان بیروبۆچــوونی کەســانی دیکــە بەدناو بکەن. بە واتایەکی دیکە ئایدیۆلۆژیا بە واتای وەسفکردن، وروژانــدن یــان بــە واتــای ســوکایەتیئامێز بــەکاردێت. ئــەم زاراوە زانــستییە بــۆ لێکۆڵینــەوەی هزرەکــان لــە کۆتــایی ســەدەی هــەژدە لــە فەڕەنــسا داهێنــرا. ئــارەزووی فەیلەســوفەکان بــۆ دەســتدانە بــاس و مشتومڕی رووت، کە پایەی بەرزو پیرۆزی دەسەڵاتەکەی (ناپلیۆن پۆنابــارت)ی خــستبووە بــەر رەخنــەو نەیارییــەکی هەمیــشەیی، بــەجۆرێك (نــاپلیۆن)ی تــوڕە کــرد، کــە بەگاڵتــە پێکردنــەوە هــەموو ئــەو فەیلەســوفانەی بــە (ئایــدیۆلۆگ)و فەلــسەفەو فەلــسەفاندنەکانیانی بە(دەسپێکی تاریکی فەلسەفەی سەرەتایی) ناوزەد کرد. بــەکارهێنانی ســوکایەتیئامێزانەی وشەی ئایدیۆلۆژیا لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا کاتێك بەربڵاوتربوو، کــە (مــارکس و ئــەنگلز) لەنووسراوێکیاندا بەناوی (ئایــدیۆلۆژیای ئــەڵمانی)، هیگڵییــە لاوەکانیــان بــە ئایدیۆلۆژیــستی سیــستمی بــورژوازی وەســفکرد، چــونکە ئــەم لایەنگرانــەی (هیگــڵ) نــەیانتوانی خۆیــان لــە سنووردارییە خودییــەکانی فەلــسەفەکەی (هیگــڵ) لەســەر بنــەمای هــزرو ئــاین ئــازاد بکــەن. هەمان جۆری بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیا، وەك هزرێکی یاوەری خود، لەلایەن (کارل مانهایم – K-Manheim)ەوە گشتێنرا.

بەڵام وێــڕای ئــارەزووی ئەنــدامانی چــینی دەســەڵاتدار بــۆ بــەکارهێنانی ئایــدیۆلۆژیا وەك سیفەیەك بۆ رژێمە خــاوەن بیروبــاوەڕە رادیکاڵــەکان، جــا هــزری بــێ یــان فــۆرمی نەســتی و هۆشــیاریی بــۆ بەدواداچــوونی بەرژەوەنــدیی تەســك، ئــەم زاراوە زانــستییە واتایــەکی

بەرفراوانتری هەیە، کە بۆ گروپەکانی لایەنگری هەلومەرجی باو یان شۆڕشگێڕان بـەکاردێت. بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە ئایـدیۆلۆژیا بـەواتای زنجیرەیـەکی سیـستمدارو هاوپەیوەنـدی هزرەکـان دێـت. ئایـدیۆلۆژیا تەواوی ئەو خواست و ئامانج و مەبەستانە لەخۆدەگرێت، کە دەبێت کۆمەڵگـە خـەباتیان بـۆ بکات. ئایدیۆلۆژیا لەسەر بنەمای ڕاڤەی ڕابردوو ئێستا ڕوون دەکاتەوە، وێنایـەك لـە ئاینـدە دەخاتەڕوو، ئامانج و سنووری هێزی سیاسی دیاریدەکات. ئایدیۆلۆژیا بـە جـۆرێکی ئاسـایی فەلسەفەیەك لەخۆدەگرێت، کە سروشتی مرۆڤ، بەرنامەی ئابووری، کە شێوە گونجاوەکـانی بەرهـەمهێنان و دابەشـکردن پێـشنیاز دەکـات، دامـەزراوەی گونجـاوی سیاسـی لـەپێناوی بەدواداچوون لە ڕێگەی بەرنامەیەکی تایبەت بە ئابووری و تەواوی خواسـتەکانی مرۆڤایـەتی ڕووندەکاتـەوە. ئایـدیۆلۆژیا لەئـەنجامی ئـەم ئاوێتـە تاقانەیـەی ڕۆڵـەکان، وەك ئـامرازی ڕاڤەکردنی واقیعی ڕابردوو، ڕێکخەری دیاردەکانی ئێستاو دامەزرێنەری ئەنگێزەی کـارکردن، بەپێی پێویست تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـە، کـە دیاریـدەکات، هەرچـەندەش بەتـەواوی لـە فۆرمەکانی دیکەی هزری سیاسی، وەك فەلسەفەی سیاسی، تیۆری سیاسی یان قوتابخانـەو ئاینەکان جیاوازە.

بەمپێیـە هـەر ئایدیۆلۆژیایـەك تـا ڕادەیـەك هەنـدێك یـان هـەموو ئـەم تایبەتمەندییانـەی خوارەوەی هەیە:

١. زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان لـە هەلومـەرجی قەیراناویـدا سـەرهەڵدەدەن. لـەم ڕێگەیـەوە کۆمەك بەو کەسانە دەکات تازیاری کۆمەڵایەتییان نییە تا بەگژ سیستمی باودا بـچنەوە یـان هاوکاری خاوەن تازیارەکان دەکات تا بایەخ بە تازیارەکانیان بدەن. بەمپێیە بێ هـۆ نییـە، چینە دەسـەڵاتدارەکان بەشـێوەیەکی ئاسـایی بەترسـەوە لـە قۆناغـە گـەورەکانی نائـارامی سیاسیو ئابووری دەنواڕن، چونکە ئەم نائارامیانە هاوشانی سەرهەڵدانی گروپی ئایدیۆلۆژی ڕادیکاڵە، کە خەبات بۆ دامەزراندنی فۆرمی تایبەتی سەقامگیر بەخۆیان دەکەن.

٢. ئایدیۆلۆژیا وەك سیستمی لێکدانەوەی واقیـع مەیـدانی جۆراوجـۆری هەیـەو ئەگـەری ئەوە هەیە لە فەلسەفەی دەستێوەرنەدان (لسەفر– Laissze-faire)ی (ئادەم سمـیس)

و (دەستی نادیاری) خواست و خستنەڕوو (عرض و طلب)ی ئەو وەك ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگرە تا کۆنترۆڵی گشتی و بەڕێوەبەرێتی چالاکی بەرهەمهێنانی سۆشیالیزمی زانستی لەخۆبگرێت. لەمەیدانێکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆژیایەکدا دەکرێت زنجیرەی ئەو راستی یان ئەو دیاردانەی، کە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت لە هەوڵی پێکەوە گرێدانیانە، ئەوە ببینرێت، کە تیۆرە سەراپاگیرو تەواو هاوبەندەکانی مارکسیزم یان پێشبینیە لێڵ و گشتگیر کراوەکانی لیبرالیزمی بورژوازی جێگایەکیان تیایدا هەیە.

٣. ئایدیۆلۆژیا پێشەنگێکی سیستماتیکی هزری سیاسییە. گرنگترین سیمای ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، کە وەك تیۆر لە واقیع رووت کراوەو تەنها توخمی بنەڕەتیتری واقیع وەسف و راڤە دەکاتو دەیگۆڕێت.

٤. هەموو ئایدیۆلۆژیایەك توخمی تاقیکاری و بنەڕەتی لەخۆگرتووە. توخمە تاقیکارییەکان زیاتر لەو تایبەتمەندییە واقیعییە کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئابوورییەوە سەرهەڵدەدات، کە کەم تا زۆر مایەی بینین، لە کاتێکدا توخمی بنەڕەتی ئایدیۆلۆژیایەك بریتییە لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی راستەقینەیە، تەنانەت ئەگەر نەشبینرێن بە پێویست دادەنرێن.

٥. زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان لە خەسڵەتدا پاوانخواز، رەهاگەراو سەراپاگیرین. هەموو سیستمێکی ئایدیۆلۆژی بە بانگەشەکردنی هاوئاهەنگی پاوانخوازانەی بۆ پرسەکانی سەردەمو زەمەنێکی دیاریکراودا جیادەکرێتەوە. دەرئەنجام لەخۆیدا پرەنسیپ، لۆژیك و دیالکتیکەکەی بە کامڵ دادەنرێت و ناکەوێتە بەردەم سازش و ریفۆرم. هەموو ئایدیۆلۆژیاکانیش تایبەتمەندی سەرەکیان هەیەو دەربارەی ئەو ئامانج و مەبەستانەی دەیانەوێت بیهێننەدی بانگەشەی سەراپاگیریان هەیە. لەبەرئەوەیە حکومەتی لیبراڵی بورژوازی، کە سەرمایەداران لایەنگری دەکەن و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، کە سۆشیالیستەکان لایەنگرین، لەرووی بەرژەوەندییەوە، کە بەحسابی خۆیان بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی دەستەبەردەکەن، بەشێوەیەکی رەها بە پێویستو سەراپاگیر دادەنرێن.

٦. ئایدیۆلۆژیا بەڵگەسازی ئارەزوومەندانەیە لەپێناوی هاندان بۆ چالاکی و بەشداریکردنی داهێنەرانەی لایەنگران. گرنگی ئەم تایبەتمەندیەی ئایدیۆلۆژیا لەوەدایە، کە

دواهێزی ئایدیۆلۆژیایـەك لـەهۆكارەكانی ئـەزموونی و لۆژیكییەكەیـدا نییـە، بـەڵكو لـەتوانای بەهرەبەخشی و پارێزگاری لەباوەڕو كارەكەیدایە.

٧. ئایـدیۆلۆژیا ئارەزوویـەتی ببێتـە خـودێتی و وەك بیروبـاوەڕی ئـاینی بـۆ بـاوەڕێكی پیرۆزكراو بگۆڕێت.

٨. ئایـدیۆلۆژیا گەشـە دەكـات، بـەڵام لـە بەرامبـەر گۆڕانـە بنەڕەتییەكانـدا بـەرگری دەنوێنێت.

ئایـدیۆلۆژیا بـەهۆی جەوهـەرو گرنگییـەوە لـە كۆمەڵگـەدا ئـەركی زۆر بەسـوودی بـۆ رێكخستنی كۆمەڵ هەیە. ئەو ئەركانەش بریتین لە:

١- ناسینی بنەمایە لەپێناو ناسینی كۆمـەڵ بەشـێوەیەكی گشتی. ئایدیۆلۆژیایـەك بـەم ئەركەوە توانایەك بەهەڵگرانی دەبەخشێت بۆ روونكردنەوە، ئاراستەكردن و رێكخستنی ئـەو هەلومەرجەی لە ئارادایە. لەمڕووەوە ئایـدیۆلۆژیا لەدەسـتی چـینی دەسـەڵاتداردا ئـامرازێكی كاریگـەرە بـۆ مكـۆمكردنو جێگیركردنـی توانـای حكومـەتو لـە دەسـت نـەیارانی چـینی حوكمڕاندا ئامرازێكە بۆ گۆڕینی حكومەت.

٢- ئایـدیۆلۆژیا كلێشـەیەكی فەرماندەرانـە فەراهـەم دەكـات. ئایـدیۆلۆژیا رێنمـای كـارو داوەری تاكە. ئـەم رێنمایكردنـە دەبێت ببێتـە هـۆی رەوایـدان بـەكارەكانی ئـەو كەسـانەی لەباری دەسەڵاتدارێتیدان، چونكە پیادەكردنی هێـز تـەنها كاتێك هەماهـەنگ لەگـەڵ رێساو بەهاكانی ئایدیۆلۆژیا دەبینرێت كە بتوانێت بەزەبر هێز بۆ دەسەڵات بگۆڕێت و هێـزی راگـیر لەسەر هەستی پێویستبوون بەبێ زۆرلێكردن بۆ ناچاركردن بگۆڕێت.

٣- ئایدیۆلۆژیا وەك ئامرازێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ناكۆكی و دروستكردنی یەكپارچـەیی لە كۆمەڵدا بەكاردەهێنرێت، چونكە سـنوری بـەهای كۆڵەكـەكان دیاریـدەكات و ئـەو بوارانـە دەستنیشان دەكات، كە ئەندامانی كۆمـەڵ دەتـوانن تیایدا نـەیاری خۆیـان ئاشـكرا بكـەن. سـوودی ئایـدیۆلۆژیا وەك ئامرازێـك بـۆ یەكپارچـەیی لـە رەوتـی پتـەوكردنی دەسـەڵاتی حكومەتـدا زۆرجـار لـە رەوتـی كۆمـەڵ بـوون بەگشتی و هـاودەمیی سیاسـی بـە تایبـەتی دەبینرێت، چونكە سەراپای رەوتی هاودەمی سیاسی لە واتا فراوانەكەیدا شتێك نییـە جگـە لە گواستنەوەی سیستمی ئایدیۆلۆژی تایبەت لە وەچەیەكەوە بۆ وەچەیەكی دیكە.

٤- لای زۆرێك لـه تـاك و گروپـەكان لایـەنگریكردن لـه ئایدیۆلۆژیایـەك وەك ئـامرازێكی شوناسـه. ئـەم ئـامرازە یاریـدەدەرە تـا پێداویـستییە تایبەتییـە كەسـییەكان لـەرێگای بەراوردكردنی خودو هاوبەندی كۆمەڵایەتیەوە دەستەبەرو تێر بكرێت.

٥- سەرەنجام یەكێك لە ئەركە گرنگەكان و رەنگە گرنگترین ئەركی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، كە وەك هێزێكی پڕ توانای دینامیكی لە پەیمانی تاك و گروپـدا لـه پێنـاو یـان دژ بـه چـینی دەسەڵاتدار بەكار دێت.[٣]

گرنگی جەوهەر، رۆڵ و ئەركی ئایدیۆلۆژیا لە كۆمەڵگەكاندا زۆرجار بینـراوە، كـه تیایانـدا گروپە جۆراوجۆرەكان هۆكاری پەسەندكردنی ئایدیۆلۆژیایەكی رۆشن و نوێی نیشتمانیان بـۆ وڵات خـستۆتە روو، لـه پێنـاوی بـه دیهێنـانی ئامانجـه نیـشتمانیەكان لـه چوارچـێوەی ئایدیۆلۆژیایەكدا خەباتیان كردووە.

**٢- هێز (توانا):**

چەمكی هێز چەمكێكی بنەڕەتی تیۆری سیاسیی نوێیە. بـەبڕوای هەنـدێك لـه توێـژەرانی سیاسـی، زانـستی سیاسـی، زانـستی بەدەسـتهێنان و پاراسـتنی هێـزی سیاسـیە. زۆر لـه سیاسەتناسان پەیوەندییەكانی هێز بەكرۆكی سیاسەت دەزانن و دەڵێن، ئەوەی پەیوەندییە سیاسیەكانی نێوان كەسەكان لە پەیوەندیەكانی دیكەیان جیادەكاتـەوە، هێـزە. تێكۆشـانی پارتەكان و حكومەتە جۆراوجۆرەكان خەباتكردنە لەپێناوی هێـزو لـەپێناوی بەدەسـتهێنانی هێز بۆ پاراستنی هێز یان بۆ نمایشكردنی هێز. لەپانتایی جیهانی سیاسەت و لە پەیوەندیـە نێودەوڵەتییەكانیـشدا خـەباتكردن لـەپێناوی هێزدایـە. (مۆرگنتـاو) سیاسـەتكردنی نێـوان نەتـەوەكان بەخـەباتكردن لـه پێنـاوی هێـز دەزانێـت و لەوباوەڕەدایـە ناسـینی دروسـتی خەباتكردن بۆ هێز كلیلی تێگەیشتنی پرسە سیاسیەكانە. سـەبارەت بەپێداویـستی ناسـینی دروستی هێز لە كۆمەڵگەی سیاسیدا (دال) وتویەتی:

**(هەركات مرۆڤ بە بێئاگاییەوە كار بۆ پەرتكردنی هێز بكات، بەو واتایەی بۆ نمونە، ئەگەر هێز لەباری پەرتبووندا بێت و ئەو بەچڕكراوەی بزانێ یان لەباری چڕبوونەوەدا بێت و ئەو بەپەرتبوو وێنای بكات، ئەوا لەوبارەدا بەبێئەوەی خۆی**

**ئاگادار بێت لەحاڵەتی هەڵەکردنێکی سیاسی گەورەدا دەبێت... کاتێك مرۆڤ دەرككردنێکی دروستی بۆ دابەشبوونی هێز نەبێت، ئاساییە ئەو دەربڕینانەشی بۆ هێزی دەکات، دروست نەبن).**[٤]

## أ- واتای هێز:

دژوارە واتایەکی وردی (هێز) بدرێت بەدەستەوە. (دال) وتویەتی: (راستییەکی بەرایی گرنگ دەربارەی هێز، کە دەبێت بزانرێت ئەمەیە، نە لە زمانی رۆژانەو نە لە زانستی سیاسیدا کۆدەنگییەك دەربارەی زاراوە زانستیەکان و پێناسەکانی هێز بوونی نییە). وشەی هێز هەندێکجار بەهاوتای (دەسەڵاتی یاسایی، کاریگەریی (دەسڕۆشتویی ـ نفوز)، زۆرداری، ناچارکردن یان هاندان) دەزانرێت.[٥]

توێژەرەوە سیاسیەکان، بەپێی ئایدیۆلۆژیاو جیهانبینی خۆیان، پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ هێز کردووە. هەندێك لەو پێناسە ریزکراوانە بەمجۆرەیە:

(ماکس ڤێبەر): (هێز توانستێکی تایبەتی بکەرێکە (تاك یان گروپ) لەپێناوی بەدەستهێنانی پێگەیەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتەکاندا، کە بتوانێت سەرەڕای پشتبەستنی بە کۆڵەکەی ئەم توانا تایبەتە، لەگەڵ بوونی بەربەرەکانێ ویستی خۆی بەرکار بخات).

(گرین): (هێز لە سادەترین شێوەیدا رادەی توانستی کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکەیە، بەجۆرێك، کە ئەو کارەی لێیان داواکراوە، ئەنجامی بدەن).

(دال): (هێز پەیوەندی نێوان گەمە کارانێکە، کە تیایدا گەمەکارێك گەمەکارانێکی دیکە ناچار بەکارێك دەکات، کە ئەگەر بەو جۆرە نەبێت ئەو کارە ئەنجام نادەن).

(لاسول): (هێز ، هاوبەشیکردن لە بڕیاردان و پەیوەندی نێوان کەسەکانە).

(مۆرگنتاو): (مەبەست لەهێزی سیاسی ئاماژەیە بۆ بوونی کۆنترۆڵ لەپەیوەندی دوالیزمانەی نێوان خاوەن دەسەڵاتی گشتی لەگەڵ خودی دەسەڵاتی گشتیو هەموو خەڵك).

پێناسەیەکی دیکەی بریتییە لەوە کە (دەسڕاگەیشتنی مرۆڤ بەسەر هزرو کاری کەسانی دیکە بریتییە لەهێز).

(هێربەرت گوڵدهایمەرو ئیدوار شلید): (هێز توانای کاریگەری دانانە لەسەر رەفتاری کەسانی دیکە بۆ ئامانجی تاکێك).

(شوازنبەرگەر): (هێز توانستی سەپاندنی ئیرادەمانە بەسەر کەسانی دیکەدا بەپشتبەستن بەگرنتی هەڵوێست وەرگرتنی کاریگەرانە لە کاتی ملنەدان).

(ماکیڤەر): (مەبەست لە هەبوونی هێز، توانای چڕکردنەوە، رێکخستن یان رێنوێنی رەفتاری خەڵك یان کارەکانە).

لەو پێناسانەی سەرەوە لە چەمکی هێزوە سێ بیرۆکە بەدەستدێنین:

١- هێز توانای سەپاندنی ئیرادەیە سەرەڕای بەربەرەکانێی کەسانی دیکە.

٢- هێز پەیوەندی نێوان خاوەن دەسەڵاتدارانی یاسایی و پەیڕەوانێتی.

٣- هێز هاوبەشیکردنە لەبڕیاردان.

بەمپێیە ئاشکرایە کە پێناسەی جۆراوجۆر بۆ هێز هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هێز واتە توانای پراکتیزەکردنی خواستەکان سەرەڕای بەربەرەکانێکردنی کەسانی دیکە، هەڵبەتە ئەگەر بەرگریکردنی لەوجۆرە لەئارادا بێت. تەنانەت (لاسوێل)یش، کە هێزی بەهاوبەشیکردن لەبڕیاردان پێناسە کردووە، ئەوە پەسەند دەکات، کە کردارو هزرەکان لەناو خودی هێزدا نین و بۆئەوەی بۆ هێز بگۆڕێن، دەبێت پیادەکارانی هێز ملکەچکاران پەیدابکەن و ناچاریان بکەن لەپێناوی حەلوفەسڵی پرسەکاندا کاربکەن. لەڕاستیدا هێز رەوتی کاریگەردانانە لەسەر سیاسەتەکان و کاری ئەوانی دیکە (تاکەکان، گروپ و پارتەکان، حکومەت و دەوڵەتەکان) لەرێگای بێبەشکردنی (واقیعیانە یان هەڕەشەئامێزانە) لەکاتی نەیاری و هاوشانینەکردنی سیاسەتەکانی جێگای مەبەستن. بەڵام ئەم قسەیەش بەو واتایە نییە، کە هێز هەمیشە لەسەر توندوتیژی وەستاوە یان بنچینەی هێز زۆرداریییە. هێز دەشێت لەسەر ئیمان و وەفاداری، نەریت و یەکسانی یان لەسەر بەرژەوەندی راگیر بێت. هێز کۆنترۆڵکردن و رامکردنی لێهاتوانەی ئەوانی دیکەیە، بەڵام ئامرازی ئەو رامکردنە دەشێت جیاجیاو جۆراوجۆر بێت. بەشێوەیەکی گشتی زانستی سیاسی بایەخ بە هێز دەدات، بەهەموو ئەو فۆرمانەی ئەگەری ئەوە هەیە بیپۆشێت.

هێز دابەشبوەو بەوتەی (دال)، ئەگەر مرۆڤ تێگەیشتنێکی دروستی بۆ دابەشبوونی هێز نەبێت، بۆچونەکانیشی بۆ هێز راست نابێت. ئامانجی زانستە سیاسیەکان ئەمەیە، کە دەستنیشانی بکات هێز چەندەو لەسەر کام کۆڵەکە دابەشبوەو خودانەکانی کێن و کام دەزگایانەن. بە واتایەکی دیکە، دابەشبوونی هێز لەکۆمەڵی سیاسیدا ئەوە دیاریدەکات، کە ناکۆکییەکان لەکوێدان و دەبێت چۆن چارەسەربکرێن‌و ئایا ئەم چارەسەرکردنە دەبێت بەشێوەیەکی کاریگەر هەموو لایەنەکان بەهەند وەربگرن یان هەندێك لەلایەنەکان.(٦)

لەوانەیە پێویست بێت دواجار پێناسەیەکی گشتی‌و پوخت بۆ هێز بکرێت، کە کۆی هەموو پێناسەکان بێت یان چەمکە شاراوەکانی تێدا بێت. بەمپێیە لەپێناسەکردنی هێزدا دەتوانرێت بوترێت بریتییە لە (توانای هزری و پراکتیکانە بۆ هێنانەدی هەلومەرج و دەرئەنجامی پێویست). فۆرم و ئاستی ئەم (توانا)یە جیاوازە: هەم سەپاندنی ویست لەخۆدەگرێت، هەم ئاماژەشە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەنجامی پێویست بەدیبێنن و ئەوانەشی دەبێت ئەو ئەنجامانە دەستەبەربکەن و هەروەها هەمەجۆری هاوبەشیکردنی سیاسیانەی ئاشتی ئامێز یان نائاشتیانەی خەڵك، گروپ و پارتەکان، حکومەت و دەوڵەتەکان لەخۆدەگرێت. توانستی هەریەك لەو لایەنە کۆمەڵایەتی ـ سیاسیانە، بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرج و ئەنجامی خواستراوی خۆیان لەمەیدانی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە هێزێکی وابەستەی ئەو لایەنە ئەژمار دەکرێت. بەمپێیە دەتوانرێت باسی هێزی تاك(٧)، گروپ یان پارت، هێزی حکومەت یان هێزی دەوڵەتێك بکرێت. ئەم لایەنانە توانای هزری و کارکردنی خۆیان لەمەیدانی کێبڕکێی سیاسی، ناوخۆیی و دەرەکی لەبەرامبەر لایەنەکانی دیدا پێکەوە گرێدەدەن، کە ئەگەری هەیە تاك، گروپ، پارت، حکومەت و دەوڵەتەکان بن تا بەو ئامانج و ئەنجامانە بگەن کە مەبەستیانە.

**ب- تایبەتمەندیەکانی هێز:**

(لاسوێل) و (کاپلان) تایبەتمەندییەکانی هێزیان بەمجۆرە دیاریکردووە:

١- **هێز لەسەر پەیوەندی بەندە:** هێز هەمیشە بەپەیوەندی نێوان مرۆڤەکانەوە پەیوەستە. بەوتەی (لاسوێل) هێز پەیوەندی نێوان تاك بۆ تاك یان پەیوەندی نێوان

تاکەکانـە. خـاوەن هێزەکـان بـە دەسـەڵاتدار دادەنـرێن و خـاوەنی پـشك و ئـازادین. لەبەرامبەریشدا کەسانێك هەن، کە دەبێت لە بەرامبـەر دەسـەڵاتداراندا کاردانـەوەی گونجـاو پیشان بدەن. بەمپێیە هێزی تاکێك یان دەوڵەتێك کاتێك بەرجەستە دەبێت، کـە کاریگـەری لەسەر پەیوەندییە چەسپاوەکانی لەگەڵ تاکەکان یان دەوڵەتـەکان دابنێـت. ئاشـکرایە هێـز تەنها یەك لایەنە نییە. لەبەرایی بەرفراوانبونی ئەم پەیوەندیەدا پەیوەندی بنیـاتنراو لەسـەر هێـز پێویـستی بـەدوو لایـەن هەیـە، یـەکێکیان هێـز پراکتیـزە دەکـات و ئەویـدییان هێـزی بەسەردا پیادە دەکرێـت. (رۆبنـسۆن کـرۆز) تـا ئـەو کاتـەی (فرایـدەی- هـەینی) نـەهاتبوو هێزێکی نەبوو.

٢- **هێز رێژەیی و گرێدراوی پێگەیە:** هێز رەها نییـەو رێژەییـە. ئەگـەر کەسـێك خـاوەن هێزە، دەبێت یەکێکی دیکەش ئامادە بێت پەسەندو پیادەی بکات. پەیوەنـدی هێـز بـەپێی تێپەربونی کات گۆرانی بەسەردا دێت.

٣- **دوالیزمی هێز:** هێز دوو لایـەنی هەیـە: أ/ واقیعـی. ب/ هـەژمونی. مەبەسـت لـەهێزی واقیعـی ئـەو دەسـەڵاتەیە، کـە کەسـێك، گروپێـك یـان حکومـەت و دەوڵـەتێك بەراسـتی پراکتیزەی دەکات. هێزی هەژمونی ئەو دەسەڵاتەیە، کە هێـزە کۆمەڵایـەتی- سیاسـیەکان دەتوانن پیادەی بکەن، بەڵام لەبەر هۆی تایبەت پیادەی ناکەن.[٨]

وێڕای ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە راڤەکردنی تیۆرەکـانی (رۆبێـرت دال و کـارل دویـچ) چەند تایبەتمەندیەکی دیکەش ئاشکرا دەکات:

٤- **هێز توانای کاریگەردانانە لەسەر کەسانی دیکە:** توانای کاریگـەری بەسـەر کەسـانی دیکەدا لە تایبەتمەنـدی سـەرەکی هێـزە. هێـزە کۆمەڵایـەتی- سیاسـیەکان کاتێـك خـاوەن هێزن، کە بتـوانن بـەپێی خواسـتی خۆیـان گۆڕانکـاری لـە ڕەفتـاری هێـزە کۆمەڵایەتییـە - سیاسیەکانی دیکەدا دروست بکەن.

٥- **هێز بەگرنتی پراکتیزەکردن.** دەبێـت هێـز گرنتی پراکتیزەکردنـی هـەبێت. هێزێکـی بەتاڵ لەگرنتی پیادەکردن یان ناچـارکردن پێـی ناوترێـت دەسـەڵات. بەوتـەی (دال) هـەموو کەسـێکی سـزا بەسـەر خەڵکیـدا دەسـەپێنێت لەهـەموو کۆمەڵگەیەکدا بـەگرنگ دادەنرێـت. لەراسـتیدا حکومـەت تـەنها بـەوەدا لـەهێزە سیاسـیەکانی دیکـە جیـا دەکرێتـەوە، کـە بـە

سەرکەوتویی خاوەن ماف تایبەتە بۆ دیاریکردنی ئەو هەلومەرجانەی، کە لەژێر سایەیدا جۆرەها سزای توند لەفۆرمی یاسایی و رەوادا دژ بەخەڵك دەسەپێنێت. بەوتەی (دال) هێزی سیاسی پەیوەندی و توانای کاریگەری دانانە لەسەر رەفتاری ئەوانی دیکە لەرێگای هەڕەشکردن و بە بەکارهێنانی شێوەیەك لەسزادان. سزادان چەندی گەورەو هەمەجۆر بێت هێزی سیاسیش بەهەمان ئەندازە گەورەترو زیاتر دەبێت.(٩)

٦- **ئامانجگەرایی هێز.** هێز لەپێناوی ئامانج و مەبەستدا پیادە دەکرێت و جگە لەو بارەش بێکاریگەر دەبێت. بەوتەی (کارل دویچ) ویست بەبێ هێز بێ کاریگەرە، بەڵام هێز بەبێ خواست و ئیرادە بەرێکەوت و دەگمەن کاریگەری دەبێت. هێز، ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەیی ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی نەبێت، تەنها لەرێگەی رێکەوتی بەدوای یەکداهاتوو کاریگەری لەسەر دەوروبەری کۆمەڵایەتی- سیاسی دەبێت.(١٠)

(جاك ناگل) لە لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتدا بایەخ بەبواری هێز، تخوب یان قەڵەمڕەوی هێز، بنەمای هێز، توانای هێز، رادەو ئاڕاستەی هێز، ئامرازی هێزو تێچوونی پیادەکردنی هێز دەدات.(١١)

**پ- سەرچاوەکانی هێز:**

ئەم بابەتانەی خوارەوە سەرچاوەی هێزی تاك و کۆمەڵن:

١- **زانست.** زانست یاریدەدەری گەشەکردنی مێشك و گیانە. سەرکردایەتیکردن لەم گەشەکردنەوە سەرچاوە دەگرێت. لە کۆمەڵگەی هۆشیاردا هیچ سەرکردەیەك ناتوانێت بگاتە هێز یان پراکتیزەی بکات مەگەر ئەوەی بە زانستێکی دروست و شیاو چەکدار بێت.

٢- **رێکخستن.** رێکخستن خۆی لەخۆیدا هێزە. لە سیستمی سیاسی دیموکراسیدا پارتە سیاسیەکان بۆ گەیشتن بەهێز خۆیان رێکدەخەن. لەپێناوی رزگاربوون لەملکەچی و ستەمکاری سەندیکاکانی زەحمەتکێشان پێکدێت.

٣- **پێگەکان.** پێگەکان سەرچاوەی هێزن. پێگەی ئابووری یارمەتی خودانەکانی دەدات بەسەر نەیارەکانیدا زاڵ بێت. پێگەی کۆمەڵایەتیش یاریدەدەرە بۆ بەدەستهێنانی هێزو

سەپاندنی کاریگەری بەسەر ئەوانی دیکەدا. پێگەی ئاینی سەرچاوەی هێزو کاریگەرییە. رابەرانی ئاینی کۆمەڵگە هەمەجۆرەکان هەمیشە هێزو کاریگەرییان بەکارهێناوە.

٤- **دەسەلات**. دەسەلات بەواتای هێزی رەوایە. بە دەستهێنانی پلەیەکی سیاسی یان یاسایی بەپێی یاساو بە شێوەیەکی رەوا پەرە بە هێزی تاك دەدات و کاریگەرتری دەکات. کەسێکە دەبێتە وەزیر، خۆبەخۆ گرنگی پەیدا دەکات.

٥- **شارەزایی**. شارەزایی پەرە بە هێزی تاك دەدات. کەسێکی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕ لەبوارێکدا لە ململانێیدا لەگەڵ کەسانی دیکە، کە خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی ئەو نین، سەرکەوتوو دەبێت.

٦- **بروا**. بۆدرێژەدان بەدەسەلات پیادەکردنی هێزی زۆردارانەی ئەبستراکت سوودی نابێت. حکومەت یان سەرکردەیەك بۆ درێژەدان بە دەسەلاتی خۆی پێویستی بە باوەڕی گشتی هەیە.

٧- **میدیاکان**. میدیاکان سەرچاوەی گرنگی هێزن. خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەرانی گۆڤارو رۆژنامە جۆراوجۆرەکان دەتوانن کاریگەری بەرچاو پراکتیزە بکەن. رادیۆو تەلەفزیۆنەکانیش لە هەژموون بەسەر رای گشتیدا خاوەنی رۆڵی زیندوون. لەمڕووەوە میدیاکان سەرچاوەی هێزن بۆ دەسەلاتداران و خاوەنەکانیان.

## سەرچاوەکانی هێزی دەوڵەت:

بەشێوەیەکی ئاسایی سەرچاوەکانی هێزی دەوڵەت لەدوو وتەزادا دەبن: سەرچاوە هەستپێکراوەکان و سەرچاوە هەستپێنەکراوەکان. دەتوانرێت بەئاسانی لەڕووی چەندایەتییەوە لەسەرچاوە هەستپێکراوەکان بکۆڵرێتەوە یان بە وشەی دیاریکراو دەرببڕێت. ئەو سەرچاوانەش بریتین لە:

١- **جیۆگرافیا**: پێگەو تایبەتمەندی جیۆگرافیایی رۆڵێکی زۆریان لە دیاریکردنی هێزی نیشتمانیدا هەیە. ئەو دەوڵەتانەی نەکەوتونەتە سەر دەریا، هێزێکی سنوورداریان هەیە. ناوچە شاخاوییەکان ناتوانرێت بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، لەبەرئەوە کاریگەریی لەسەر دەوڵەتەکانی خاوەنی ئەو جۆرە جیۆگرافیایە دادەنێت.

٢- **فراوانی خاك.** بەرفراوانی خاك دەبێتـە هـۆی زیـادبوونی هێـزی دەوڵـەت، چـونکە تـا رادەیەکی زۆر ئەگەری داگیرکاری دەرەکی کـەم دەکاتـەوە، بـەڵام پرسـی دەستڕاگەیـشتنی حکومەتیش بەسەر هـەموو بەشـەکانی وڵاتـدا دێنێتـە ئـاراوە. واتـە گـەورەیی و بـەرفراوانی خاکی وڵاتێك، ئەگەر خاوەنی سەرچاوەی نیشتمانی و هەلومـەرجی پێویـست بێـت، دەبێتـە مایەی بەهێز بوونی، بەڵام لە رکێفکردنی دانیشتواندا توانایەکی زۆری نابێت.

٣- **سەرچاوە نیشتمانیەکان.** ئەو سەرچاوە سروشتیانەی لەناو سنووری دەوڵەتدا هـەن رادەی هێزی دەوڵەت دیاریدەکـەن. چـەندە سەرچـاوە سروشـتیەکانی دەوڵـەت زیـاد بێـت، هێزیشی هێندە زیاد دەبێت. ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتەکانی دیکە هاوبەندی ببن و بەوپێیەش بکەونە ژێر کاریگەریەوە.

٤- **توانــای ئــابووری.** هێــزی دەوڵــەت هاوبەندییــەکی زۆری لەگــەڵ لێوەشــاوەیی ئابورییەکــەی هەیــە. ئــەمڕۆ رادەی بەپیــشەسازی بــوونی وڵاتــان گــرنگترین پێــودانگی لێوەشـاوەیی ئابورییـە. بەمپێیـە بـۆ هەڵـسەنگاندنی توانـای ئـابووری دەبێـت ئـاوڕ لـە فاکتەرەکانی بەپیشەسازیبوون بدرێتەوە: دەرامەتی تاك، بەخەرجدانی وزە، بەرهـەمهێنانی رۆژانە یان ساڵانەی پۆڵا، ئاستی شارەزایی هونەریی، هێزی کارو خاسـیەتی گرنگـی توانـای گۆڕینی پیشەسازی بەرخۆری بۆ بەرهەمهێنانی سەربازی.

٥- **توانای سەربازی.** لەدواشیکردنەوەدا بۆ راپەڕانـدنی هێـزی دەوڵـەت یـان حکومـەت ئەگـەری ئـەوە هەیـە هێـزی چـەکداری پێویـست بێـت. بەمپێیـە توانـای هێـزی چـەکداری رەگەزێکی بنەڕەتییە لە هاوکێشەی دەسەڵاتدا.

٦- **دانیشتوان.** ئەگەر هەموو شتێك هاوسەنگ بێت بوونی دانیشتوانی زۆری وڵات توانای دەسـەڵاتی دەوڵـەت زیـاد دەکـات، بـەڵام لـە هەلومـەرجی تایبەتـدا ئەگـەری ئـەوە هەیـە دانیشتوانی زۆر فاکتەری سنوردارکردنی هێزی دەوڵەت بێت.

سەرچـاوە هەسـتپێنەکراوەکانیش لـەدیاریکردنی هێـزی نیـشتمانیدا گـرنگن. ناتوانرێـت بەئاسـانی ئـەم سەرچـاوانە لـەرووی چـەندایەتیەوە دەستنیـشان بکرێـت یـان زۆر بـاش دەستنیشان بکرێت، چونکە لەبنەڕەتدا خاوەنی خەسڵەتی چۆنایەتین:

١- **چـۆنايەتی سـەرکردايەتیو حکومـەتی نیـشتمانی:** حکومـەت یـان ئـەو چـینە فەرمانڕەوایـەی، کـە ئـالودەی گەنـدەڵی، سـەرەڕۆیی، دەسـتەگەریی، خزمخزمێنـەو بـێ دیسپلینی بووبێت، ناتوانێـت سەرچـاوەکانی وڵات بـۆ ئامانجـەکانی هێـزی دەوڵـەت تایبـەت بکات.

٢- **ویستی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بـۆ دەستەبەرکردنی ئامانجـە نیـشتمانیەکان.** حکومەتێك مەیلی لـە بـەکارهێنانی زەبـروزەنگ بێـت بـۆ دابینکردنـی ئامانجـەکان، هێزێکـی زیاتر لە حکومەتێکی دیکە بەگەڕ دەخات، کە ئارەزووی لەو کارە نییە.

٣- **وره، دیسپلین، لێوەشاوەیی و چۆنایەتی هێزە چەکدارەکان.** سوپایەکی گەورەی پڕ چەکی نوێ بەڵام بەبێ بوونی لێوەشاوەیی، دیسپلین و ورە زۆر بێ کاریگەر دەبێت.

٤- **توانای راستەقینە بۆ یەکگرتنی دەوڵەت.** ئامـادەیی دەوڵـەتێك بـۆ یەکخـستنی هێـز لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە هێزی ئەو دەوڵەتە زیاد دەکات.

٥- **ئاسـتی هۆشـیاری سیاسـی لـەنێو خەڵکـدا.** چـەندە ئاسـتی هۆشـیاری سیاسـی لەکۆمەڵگەیەکدا بەرز بێت دەوڵەت باشتر دەتوانێت سەرچاوەکان بەگەڕ بخات. بەڵام ئەگـەر خەڵکی لەرووی سیاسیەوە ناهۆشیاربن نەك تەنها بەدەستهێنانی پشتگیری بـۆ پیـادەکردنی هێـزی دەوڵـەت دژوار دەبێـت، بـەڵکو دەوڵـەت لـە رێکخـستنو کـۆنترۆڵکردنی سەرچـاوە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردنی هێزیش رووبەڕووی دژواریی دەبێتەوە.[١٢]

**ت- هاوتاکانی هێز**

لەنێو هەموو ئەو وشە هاوتایانەی بۆ پیشاندانی توانایی بەکاردێت، دوو وشەی کاریگەری (نفوز) و دەسەڵات زۆرترین بەکارهێنانیان هەیـە. لـە خـوارەوە لێکدانەوەیـەکی کـورتی ئـەو دوو وشەیە دەکرێت:

**١- هێزو کاریگەری (نفوز):**

هێز یەکسان نییە بەکاریگەری. بەوتەی (دال): (کاریگەری بریتییـە لـە پەیوەنـدی نێـوان ئـەو گەمەکارانـەی، کـە گەمـەکارێك لـە گەمەیەکـدا ئـەوانی دیکـە ناچـار دەکـات بـەجۆرێك بجوڵێنەوە، کە بەخواستی خۆیـان نییـە[١٣]). بۆنموونـە، منـاڵ کاریگـەری لەسـەر رەفتـاری

دایكو باوكی هەیە، بەڵام ئەمجۆرە دەسرۆشتوویيە یەكسان نییە بەهێزی ناو كایەی سیاسی. توخمی گرنگی چەمكی بەهێزی دیاریكردنی رەفتاری ئەوانی دیكەیە بەپێی (خواستەكانی كەسێك سەرەڕای نارازی بوون). بەوتەی (لاسۆل) هێز (وێنەیەكی تایبەتی پیادەكردنی كاریگەرییە[١٤]). لەپێناوی خولقاندنی هەلومەرج و ئەنجامی خواستراو لەلایەن كەسانی دییەوە كە دەبێت بایەخ بە لێوەشاوەیی بەدەستهێنانو بەكارهێنانی گرنتی جێبەجێكردنەكان بدرێت.

دەكرێت بوترێت، كە هێز، بەندەی هەلومەرجەكانە" واتە كەسێك، كە لە هەلومەرجی شوێنێكی دیاریكراودا هێزی هەیە، ئەگەری ئەوە هەیە لە هەموو هەلومەرج و باوردۆخ و پێگەیەكدا هێزی نەبێت. لەوانەیە سیاسەتمەدارێك توانای كاریگەریی بەسەر دەنگدەرەكانیدا هەبێت، بەڵام هیچ توانایەكی بۆ كاریگەریدانان لەسەر هاوشانەكانی لە ئەنجومەنی وەزیراندا نەبێت. لەوانەیە باوكێك توانای دەسرۆشتنی بەسەر منالەكانیدا هەبێت، بەڵام دەستی بەسەر كارمەندەكانیدا نەشكێت. ئەگەری ئەوە هەیە (أ و ب) توانایان بەسەر (پ) دا بشكێت، بەڵام بەسەرنجدان لەپانتاییە جیاوازەكانی رەفتارەكانی (پ) لەوانەیە (أ) لەناو خێزاندا كاریگەریی هەبێت بەسەریەوە، بەڵام (ب) كاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسییانەی (پ) دابنێت. بەمجۆرە كەسێك، كە لەشوێنێك یان ئاستێكدا بەهێزە، ئەگەری ئەوە هەیە لە پێگەو جێگایەكی دیكەدا بەهێز نەبێت. هەروەها دەربارەی پەیوەندی نێوان هێزو كاریگەریی وتراوە، ئەگەر كەسانێكیش كاریگەریی پراكتیزە بكەن، كە دەسەڵاتیان نییە، ئەوەش هەر هێزە[١٥].

ئاشكرایە لەنێوان هێز و كاریگەری رابەرایەتیكردن یان داڕشتنو پیادەكردنی سیاسەتدا پەیوەندییەكی نزیك هەیە. بەبێ هێز ئەگەری سەركردایەتیكردن لە ئارادانییەو لەراستیدا سەركردایەتیكردن (ئەو بەشەی دەسەڵات دەگرێتەوە، كە پشتبەستنی راستەوخۆیە بەخەڵك بۆ پشتیوانیكردن لە ئەجندایەكی دیاریكراوی كاركردن. سەركردایەتیكردن بریتییە لەو شێوازە دیارانە بۆ هەڵبژاردنی تاكێك، كە هەوڵ دەدات هێز پراكتیزە بكات... دەتوانین وەك بەشە دیاریكراوەكانی هێز لە رابەرایەتی و كاریگەریی بڕوانین).[١٦]

**٢- هێزو دەسەڵات:**

زۆر کەس دەسەڵات بەهاو واتای هێز دەزانن، بەڵام ئەم دوانە لێك جیاوازن. بەبڕوای زۆرێك لە بیریارانی سیاسی دەسەڵات دەسەڵاتی سیستماتیزە کراوە. لەبارێکی لەو جۆرەدا هێز بوونی نییە، بەڵکو مافی ئەو سیستمە بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات بوونی هەیە. یاسا پەیوەستە بەدەسەڵاتەوە نەك بەهێزەوە. دەسەڵات سیماو روخساری هێزی لە پێگەکانی گروپی رێکخراوەوە بەدەستهێناوە. بەواتایەکی دیکە، دەسەڵات مافێکی رەوایە بۆ کاریگەردانان یان رێنوێنیکردنی رەفتاری کەسانی دیکە. دەسەڵاتیش وەك هێز ئامرازی رابەرایەتیکردنی کەسانی دیکەیە، بەڵام بەپێچەوانەی هێزەوە بنەماکەی زۆرداری یان سزادان نییە، بەڵکو رەوایەتی یان یاساییە. بەمپێیە هێزی مامۆستا بەسەر خوێندکاران، وەستا بەسەر کرێکاران، بەڕێوبەر بەسەر فەرمانبەران، سەرۆك وەزیران بەسەر ئەندامانی کابینەکەیدا هاوبەندی ئەو دەسەڵاتەیە کە خاوەنین. دەتوانرێت هێز بەهێزی دامەزراوەیی یان هێزی پێگەیی ناو ببرێت. کاتێك پێگەی یاسایی تەنها توانای کاریگەریدانانی کەسێك دیاریی بکات ئەوە دەسەڵاتە. هێز ئاماژە بۆ توانست یان بەتوانایی دەکات، لە کاتێکدا دەسەڵات واتە مافی کاریگەریدانان لەسەر رەفتاری کەسانی دیکە. بەمپێیە (دەسەڵات جودایە لە هێز، هەرچەندەش ئاساییە ئەو کەسانەی خاوەنی دەسەڵاتی زیاترن خاوەنی پشکێکی زیاتری هێزی سیاسیشن [١٧]).

**ج- جۆرەکانی هێز:**

دەتوانرێت لەسەر ئەم کۆڵەکانەی خوارەوە هێز پۆلێن بکرێت:

١- **کۆڵەکەی کاریگەریدانان:** هێز لەسەر کۆڵەکەی کاریگەریدانان سیّ لایەنەیە: زۆرداری، فەرمانڕەوایی (سوڵتە)، زیرەکی. لە زۆرداریدا رەفتاری کەسانی دیکە لەرێگای بەکارهێنانی زۆرلێکردنی جەستەییەوە، وەك زەبروزەنگی مشتەبازێك، دەخرێتە ژێر رکێفەوە. کاتێك هێز لەرێگای دەستوور یان راسپاردنەوە پیادە بکرێت فۆرمێکی فەرمانڕەوایکردنی هەیە. بۆ نموونە، دەسەڵاتی دایكو باوك بەسەر منداڵەکانیان، مامۆستایان بەسەر خوێندکارانیان.

کاتێك کەسێك دەستی بەسەر ڕەفتاری کەسانی دیکەدا بشکێت بەبێئەوەی نیەتەکانی خۆی ئاشکرا بکات بەزیرەکی ناوزەد دەکرێت وەك ڕاگەیاندن یان ریکلامی بازرگانی.

٢- **کۆڵەکەی یاسایی:** لە دیدی یاساییەوە هێز بۆ دوو جۆری ڕەواو ناڕەوا دابەش دەبێت. ئەگەری ئەوە هەیە هێزی ڕەوا سێ باری هەبێت: هێزی یاسایی، هێزی ترادسیۆنی و هێزی شکۆمەندی (کاریزمایی). هێزی یاسایی دەستوور یان یاساکانی دیکە دەیبەخشن، وەك هێزی سوپا یان پۆلیس. سەرچاوەی هێزی ترادیسیۆنی خونەریتی کۆمەڵگەیە، وەك هێزی دایك و باوك یان مامۆستایان. سەرچاوەی هێزی کاریزمایی لە چۆنایەتیەکی تایبەتدا قۆزاخەکراوە، وەك هێزی مامۆستای ئایینی. هێزی ناڕەوا هێزێکە کۆمەڵگە پەسەندی ناکات، وەك هێزی ڕێگران. (ڤێبەر) هێزی ناڕەوا بە هێزی ناچارکردن دەزانێت.

٣- **کۆڵەکەی ڕەوتی هێز.** لەمیانەی ڕەوتی هێزدا ئەگەری ئەوە هەیە هێز تاك لایەنە، دوو لایەنە یان چەند لایەنە بێت. هێزی دوو یان چەند لایەنە بەمشتومڕ ناوی دەبەن.

٤- **کۆڵەکەی سەنتراڵی:** لەم دیدەوە ئەگەری ئەوە هەیە هێز سەنتراڵی یان ناسەنتراڵی بێت. لەحکومەتە سەنتراڵییەکاندا هێز لە دەستی حکومەتی سەنتراڵدایە، لە کاتێکدا لە حکومەتە فیدراڵیەکاندا هێز ناسەنتراڵی یان پەرشوبڵاوە.

٥- **کۆڵەکەی خاك:** لەسەر ئەم بنچینەیە دەتوانرێت هێز بە لۆکاڵی، نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی ناوببرێت.

٦-**کۆڵەکەکانی دیکە:** کۆڵەکەی دیش بۆ جۆرەکانی هێز ئەژمارکراوە: لەسەر کۆڵەکەی دەرکەوتەیی هێز بۆ ئاشکراو نهێنی دابەش دەبێت. لەرووی ناچارکردنەوە هێز بۆ ناچارکردن و ئازاد دابەش دەبێت. لەرووی فەرمییەوە باس لەباری فەرمی و نافەرمی دەکرێت. لەسەر کۆڵەکەی پراکتیزەکردن لەوانەیە هێز ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، مەبەستدار یان بێ مەبەست بێت.

دەتوانرێت هێز بۆ سێ جۆری دیکەش دابەش بکرێت: هێزی زۆرداری، هێزێکی بەندە لەسەر پاداشت و هێزی خود. هێزی زۆرداری بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئامڕازی جەستەیی بەکاردەخات یان هەڕەشەی بەکارهێنانی دەکات. هێزی ڕاگیر لەسەر پاداشت، پاداشتی مادی بەکاردەهێنێت. هێزی خودێتی جۆرە ئاماژەیەك بەکار دەهێنێت، کە

هەڕەشەی جەستەیی یان پاداشتکردنی مادی نین، بەڵکو کاریگەری لەسەر خەڵك دادەنێت تا خۆیان وەك هاوتای ڕێکخراو دابنێن و بەرژەوەندیەکانی وەك بەرژەوەندی خۆیان سەیر بکەن.

پۆلێنکردنی دیکەش هەیە:

١- هێزی ڕاستەوخۆ (یان گروپی و ناکەسێتی).

٢- هێزی تاکڕەوانە یان هێزی تاکانە (یان هێزی کەسێتی).

٣- هێزی (سیستماتیکی) یان هێزی ڕاگیر لەسەر پێکهاتە (یان هێزی دامەزراوەیی).[١٨]

**چ- پێوانەکردنی هێز:**

پرسی گرنگ و ئاڵۆز ئەوەبووە، کە لەچی ڕێگایەکەوە دەتوانرێت بزانرێت ئەو تاکە یان گروپەی هێزی سیاسی پراکتیزە دەکات چۆن ئەو کارە ئەنجام دەدات و چۆن دەتوانرێت ڕادەی هێزیان پێوانە بکرێت. لەو بارەیەوە تەنها چەند ڕێنماییەکی گشتی هەیە. بەبڕوای (دال) دەتوانرێت هێز لەسەر کۆڵەکەی مەزنایەتی، دابەشبوون، کایەو دانیشتوان وەسف بکرێت. چوار شێوازی بۆ ئەژمارکردنی هێز داناوە: ١- ئەندازەگیری هێز بەپێی پێگەی فەرمی گەمەکار. ٢- هەڵسەنگاندنی هێزی گەمەکار لەلایەن لێکۆڵیارە بەرجەستەو بێلایەنەکانی دامەزراوەییەکی سەربەخۆوە. ٣- مافی بەشداریکردن لە بڕیاردان ڕادەی هێزێکی تایبەت دیاریدەکات. ٤- لێکدانەوەی ڕادەی چالاکییە پراکتیکەکانی گەمەکاران پێوانەی هێزیان مەیسەر دەکات. بەڵام ئەم میتۆدە تاکە میتۆدێك نییە، کە توێژەران پشتی پێببەستن. لە ڕاستیدا پێوانەکردنی هێزی تاکێك زۆر سەختە، چونکە هێز لە دواشیکردنەوەیدا وەسفییە. هەمیشە لە ڕەهەندەکانی هێزدا فشاری شاراوە هەبووەو لەکاتێکدا، کە فەرمانڕەوا، بە ڕەسمی سەرۆکی وڵات بووە، سەرمایەدارێك یان سوپاییەك هێزی ڕاستەقینەی پیادە کردووە.

(برتراند ڕاسڵ) دوا ڕۆڵی هێزی ئاشکرا کردووە. (ڕاسڵ) لەو باوەڕەدایە، کە یەکسانی هێز، لە یەکسانی سامان گرنگترەو مەرجی ئازادی مرۆڤە. چڕبوونەوەی هێزی سیاسی بەئەندازەی چڕبوونەوەی سامان هێزی داهێنانی مرۆڤ نابوت دەکات. (ڕاسڵ) پێیوایە

فراوانبوونی هێز لە مەیدانەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا مەترسیدارە. (راسڵ) لایەنگری جۆرێك لە رێکخستنەوەی ژیانی سیاسییە، کە هێز لەدەستی گروپێکی بچوکدا چڕ نەبێتەوە.[19]

**ح- پراکتیزەکردنی هێز:**

دەتوانرێت چەند شێوەیەکی پیادەکردنی هێز بەمجۆرەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

١- **هاندان:** پیادەکاری هێز یان دەستڕۆشتوو سەبارەت بە بابەتێك لەگەڵ کەسێکی جێمەبەست دەکەوێتە گفتوگۆ تا دروستی و سوودمەندی دیدو بۆچوونەکانی خۆی پێ بسەلمێنێت. کاتێك کەسی جێمەبەست باوەڕپێهێنا خاوەن هێز بەئامانجی خۆی دەگات و کاریگەری لەسەر دادەنێت. لەمجۆرەی بەکارهێنانی هێزدا پیادەکردنی هێز هەمیشە دژ بەخواستەکانی ئەوانی دیکە نییە، بەڵکو دەبێت وەڵامی تاك پۆزەتیڤانە بێت یان دژ بەئامانجەکانی دەسرۆشتوو (خاوەن نفوز) نەبێت. ئەگەری ئەوە هەیە لە سەرەتادا هزری تاك ئامادە نەبێت و پێویستە کاریگەری لەسەر دابنرێت تابچێتە سەر رێچکەی خۆی. هەندێکجاریش ئەگەری ئەوە هەیە تاك خاوەنی ئامانجێك بێت، کە لەگەڵ ئامانجی پیادەکاری هێزدا هاوئاهەنگ بێت.

٢- **پێشنیازی پاداشت:** خاوەن هێز بەڵێن بەلایەنی بەرامبەر دەدات ئەگەر رەزامەند بێت لەسەر خواستەکانی پاداشتی دەکات. دەکرێت ئەو پاداشتانە هەرجۆرێك بێت و لەسیاسەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا پێشنیاز دەکرێن. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پاداشتانە دراو بن وەکو بەرتیل، تێرکردنی چاوچنۆکی، پشتیوانی لە هەڵبژاردن، هەر لەپۆست و پلەو پایەوە تا بەڵێننامە یان بەڵێنی چاوپۆشی لەسزایەکی پێشووتر بێت.

٣- **بەخشینی پاداشت:** ئەگەری ئەوە هەیە کەسی دەستنیشانکراو لەلایەن پیادەکاری هێزەوە پێداگری بکات، کە پێش ئەوەی ملی بۆ بدات پاداشتەکەی وەربگرێت.

٤- **هەڕەشەی سزادان:** خودانی هێز هەڕەشە دەکات، ئەگەر کەسی دیاریکراو بەپێی خواستی ئەو نەجوڵێتەوە زیانی پێدەگەیەنێت. گریمانە دەکرێت سزادانەکان لەمجۆرانەبن: هەڕەشەی زیندانیکردن، بۆهەڵبەستن، بڕینی بودجە، بێبەشکردن لە چالاکییەکان یان

تەنانەت بەکارهێنانی زۆرلێکردن بێت. توخمی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە هەڕەشـەکە هێـشتا پیادە نەکراوەو ترس لە جێبەجێکردنی کەسی دیـاریکراو ناچـار دەکـات وەك ئـەوەی داوای لێدەکرێت بجولێتەوە. بەمپێیە دەبێت هەڕەشەکە جێگای بڕوا بێت، واتـە کەسـی دیـاریکراو دەبێت دڵنیا بێت، کە ئەگەر بەپێی خواستی بەهێز نەجولێتەوە، سزا دەدرێت.

٥- **سـەپاندنی سـزای نـەرم.** پیادەکـاری هێـز ئـەو سـزایانەی، کـە زۆر توندوتیـژی لەخۆناگرن، دەسەپێنێت.

٦- **فەرمانی کەسی هەڵگری دەسەڵات.** هەروەك لە باسی داهاتوودا دەیبینین، دەسەڵات شێوەیەکە لـەهێز. فەرمانـەکانی ئـەو کەسـانەی خـاوەنی دەسـەڵاتن بەشـێوەیەکی ئاسـایی لەلایەن ئەو کەسانەوەی لـە زنجـیرەی پۆسـتی دەسـەڵاتدا لـە خـوارترن رادەپـەڕێنرێت. بـۆ نموونە، سەرۆك کۆمار فەرمانەکانی بـەوەزیرەکانی دەداتو واچـاوەڕوان دەکـات جێبـەجێی بکەن. ئەمە ئەوە دەردەخات، کە رێگایەکی پراکتیزەکردنی دەسڕۆشتوویی خەباتکردنە بـۆ بەدەستهێنانی پێگەیەك، کە بتوانرێت لەوێوە فەرمان دەربکرێتو ئەوەش کۆڵەکەی خەباتە بۆ گەیشتن بە لێپرسراوێتی سیاسی. چەندە پلەو ئاست بەرزتر بێت دەتوانرێت هێـزی زیـاتر بەدەستەوە بگیرێت و پیادە بکرێت.

٧- **بەکارهێنانی زۆرلێکردن.** دارای هێز دژ بەکەسی دیاریکراو توندوتیژی بەگەڕدەخات، دەوڵەتێك هێرشی سەربازی بـۆ سـەر دەوڵـەتێکی دیکـە ئـەنجام دەدات. سـەرۆك کۆمـار بـۆ دامرکاندنەوەی هەڵگەڕانەوەیەك یان خۆپیشاندانێك پۆلیس یان هێزی سـوپا بـەکار دێنێـت. بـۆ تیرۆرکردنـی نـەیارێکی سیاسـی پیـاوکوژان رەوانـە دەکـرێن. هـەموو ئەوانـە نموونـەی بەکارهێنانی زۆردارین بۆ پیادەکردنی هێز. بەگشتی کاتێك توندوتیژی بەرکار دەخرێـت، کـە رێگەکانی دیکە بۆ پیادەکردنی هێز رووبـەڕووی شکست بووبێتـەوەو ئامـانجی دەسـەڵاتیش هێندە گرنگە، کە پیادەکاری هێز گوێ بە ئەنجامـە نێگەتیڤـەکانی بـەکارهێنانی توندوتیـژی نادات.[٢٠]

### ٣- دەسەڵات:

وشەی دەسەڵات لەریشەی وشەی لاتینی (ئۆتۆریتە) وەرگیراوە، کە پەیوەست بووە بەسەنای (رۆما)وە. سەنای (رۆما) پشتی بەیاسا دەنگ بۆ دراوە جێبڕواکانی خەڵکی دەبەست و رۆمییەکانیش دەسەڵاتی (ئۆتۆریتە)ی سەنایان پەسەند کردبوو.

چەمکی دەسەڵات پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ چەمکی هێزو کاریگەریدانان (نفوز) هەیە. دەسەڵات بە واتای هێزێکی رەوا دێت. دەسەڵات بەهێزی راگیر لەسەر رەزامەندی ناسێنراوە. (دال) لە روونکردنەوەی دەسەڵاتدا وتویەتی، کە کاریگەری سەرکردە سیاسیەکان کاتێك بەرەوا دەزانرێت کە پێچرابێت لە دەسەڵاتەوە. بەبڕوای ئەم: (دەسەڵات جۆرێکی تایبەتی کاریگەریدانانە، واتە کاریگەرییەکی رەوا بێت. لە سیستمە سیاسیەکاندا هەمیشە هەوڵی سەرکردەکان بۆئەوەیە، کە کاریگەرییەکانی خۆیان، بکەن بە دەسەڵات[٢١]). دەسەڵات فۆرمێکی زۆر کارای دەسرۆشتنەو نەك تەنها دڵنیاترو درێژکراوەتر دەبێت لە ناچارکردن، بەڵکو فاکتەرێکە هاوکاری سەرکردە دەکات تا بتوانێت بەکەمترین سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی سیاسی بە ئاسانی حوکمڕانی بکات. ئەگەری ئەوە نییە بتوانرێت تەنها بەپشتبەستن بە ترس و تۆقاندن حوکمڕانی بکرێتو لە دامەزراوە زەبەلاحەکانی ئەمڕۆدا ئەرکەکان بەسەرکەوتویی ئەنجامبدرێت. حوکمڕانیکردن بە یارمەتی دەسەڵات لەلای خۆیەوە کەم خەرجیترە لە حوکمڕانیکردن بەهۆی زۆرەملێیەوە.[٢٢]

پێناسەی جۆراوجۆریش بۆ دەسەڵات کراوە:

(ماکیڤەر): (زۆرینە دەسەڵات بە هێز دەزانن، هێزی فەرماندەر بۆ ملکەچی پێکردن).

(هێربرت سیمۆن): (دەسەڵات پشکی بڕیاردانە بۆ رێنمایکردنی هەنگاوەکانی ئەوانی دیکە. دەسەڵات پەیوەندی نێوان دوو کەسە، یەکێك باڵادەست و ئەویتریان ژێردەست).

(رۆبەرت دال): (زۆرینە هێزی رەوا بە دەسەڵات ناو دەبەن).

ئینسکلۆپیدیای سۆسیۆلۆژیا: (دەسەڵات توانستێکی خودییە یان توانایەکی بەدەستهێنراوە بۆ پیادەکردنی هێز بەسەر گروپێکدا. دەسەڵات خۆنواندنی هێزەو جەخت لەسەر پەیڕەوی لێکردنی دەکاتەوە).

دەتوانرێت دەسەڵات بەو هێزە دابنرێت، کە هاوەڵی زنجیرەی پلەداری پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکانەو توانستی فەرمان دەرکردن بەو کەسانە دەبەخشێت لەسەری هەرەمی ئەو زنجیرەیە وەستاون بەرامبەر بە کەسانی خوار خۆیان و ناچار بەملکەچکردنیان دەکات. ئەم هێزە دوو لایەنی هەیە: لایەنێکی زۆردارانەیەو ئەویدیان یاساییە. لەوانەیە دەسەڵات بەتایبەتی لەسەر یەکێك لەو دولایەنە یان ئاوێتەیەك لەهەردووکیان راگیربێت. لەهەلومەرجی ئاساییدا ئەو کەسانەی لە زنجیرەی پۆستدا لەبەشی خوارەوەن بەبێ بیرکردنەوە فەرمایشتەکانی سەروو خۆیان جێبەجێ دەکەن چونکە لەوباوەڕەدان ئەو فەرمانانە پشتگیری یاساییان هەیە. بەڵام لە سەردەمێکی دیدا ئەگەری ئەوە هەیە ژێردەستان پەیڕەوی ئەو فەرمانانە نەکەن، چونکە بە نایاسایی لەقەڵەمی بدەن. لەروویەکی دیکەوە، لەوانەیە سەردەستان بەهۆی بەکارهێنانی زۆرداریەوە یان بەهۆی هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی زۆرداری ژێردەستان ناچار بە ملکەچی نواندن بکەن.

دەسەڵات رێکخراو و سیستماتیزە کراوە. رۆڵە دیاریکراوەکان، بەرپرسیارێتیەکان، تازیارو سەرچاوەی دیاریکراو بەو کەسانە دراوە کە هاوبەندی دەسەڵات یان لەناو دامەزراوەی دەسەڵاتدانو هەتا ئەو کاتەشی لەنێو ئەو پەیوەندییەدابن یان لەناو ئەو دامەزراوەدا ئامادەییان هەبێت، دەتوانن هێز پیادەبکەن یان پەیڕەوی لێبکەن. ئەم کەسانە لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە یان لە دەرەوەی ئەو دامەزراوە دەسەڵاتدارێتیان نییەو بۆ پراکتیزەکردنی هێز دەبێت بە شوێن رێگای دیکەدا بگەڕێن.

### أ/ سەرچاوەکانی دەسەڵات:

بەبڕوای (ماکس ڤێبەر) دەسەڵات سێ سەرچاوەی هەیە:

١- نەریتی (ترادیسیۆنی).

٢- یاسایی- ئەقڵانی.

٣- کاریزمایی.

١. کاتێك بەکارهێنانی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی یان پیادەکردنی لەسەر بنەمای خونەریت پەسەند کرابێت و هۆکاری فەرمانڕەوایی بێت، بەدەسەڵاتی نەریتی ناو دەبرێت.

٢- کاتێك مافی حوکمڕانێتی لەرێسای دەستوریی یان یاساکانی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەدەسەڵاتی ئەقڵانی ناودەبەن.

٣- کاتێك مافی حوکمڕانی لەدینامیکی و سیفاتە تایبەتەکانی سەرکردەی سیاسییەوە سەرچاوە بگرێت بە دەسەڵاتی (کاریزمایی) ناوزەد دەکرێت.

لە کۆندا پاشاو راوێژکارەکانی سەرچاوەی دەسەڵات بوون. ئەمڕۆ لە دیموکراسیدا دەسەڵات لە فۆرمی زنجیرەی پلەداریدایە. کەسێکە لەسەر لوتکەی هەرەمەکەیە، خودانی زۆرترین رادەی دەسەڵاتە. سەردەستەکان دەسەڵاتێکی بڕیاردەرانەی زیاتریان لەژێردەستەکان هەیە.

**ب/ گرنتی جێبەجێکردنی دەسەڵات:**

بەکورتی ئەم بابەتانەی خوارەوە گرنتین بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵات:

١- **گرنتی کۆمەڵایەتی.** هەندێکجار تاك بەهۆی ترسی کۆمەڵایەتیەوە دەسەڵات پەسەند دەکات. لە هەندێك دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵ چاوەڕێی ئەوە لە تاك دەکات بێچەندوچون ملکەچی بنوێنێت.

٢- **ئاسایش‌و پێگەی ئابووریی.** ئەگەر دەسەڵات سوودمەندیی دارایی بەدواوە بێت یان باری ئابووری باشتر بکات، خەڵکی پەسەندی دەکەن.

٣- **گرنتی چاو لەئامانج بڕین.** هەندێکجار کارمەندان لەپێناوی کارامەیی دامەرزاوەکەدا دەسەڵاتی پایەبەرزەکان پەسەند دەکەن. بە واتایەکی دی لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکدا دەسەڵات پەسەند دەکرێت.

٤- **گرنتی سایکۆلۆژی.** باڵادەست بەهۆی باڵادەستییەوە دەسەڵات بەسەر ژێردەستدا دەسەپێنێت.

**پ/ تخوبی دەسەڵات:**

دەسەڵات تخوبی هەیە. ئەگەر خاوەن دەسەڵاتەکان ئەم سنورە پێشێل بکەن، پەیڕەوان دەتوانن نادیدەی بگرن یان دژی بوەستنەوە. بەوتەی (مریام) کەسی خاوەن دەسەڵات وەك شۆفێری پاس ئازادە بۆ هەڵبـژاردنی ڕێگا بـەپێی دیـدی خـۆی کـار بکـات، بـەڵام دەبێـت سەرنشینەکان بە ڕێگەی خواستراودا ببات، ئەگەر بەو جۆرە نەکات، سەرنشینەکان پاسەکە بەجێدەهێڵن‌و ئەو ڕێگەیە لەپێش دەگرن، کە خۆیان دەیانەوێت.

**ت/ دەسەڵات و هێز:**

زۆرجار هێزو دەسەڵات بەهاوواتا لێکدەدرێتەوە، بەڵام هـەروەك لەبەشـی پێشوودا وتـرا، ئەم دوو وشەیە جیاوازن. بەوتەی (ڤێبەر و لاسۆل) هێز کاتێك دەبێتە دەسەڵات کـە بەیاسـا کرا بێت. هێز لەقۆناغی بڕیاردان و دەرکردنی فرمانـدا بـەکار دێـت، بـەڵام دەسـەڵات کاتێـك ئاشـکرا دەبێـت، کـە بڕیـار دراوە، فـەرمان دەرچـووە. جیاوازییـە سـەرەکییەکانی هێـزو دەسەڵات بریتین لە:

١- دەسەڵات هەمیشە ڕەواو یاساییە، بـەڵام هێـز ئەگـەری ئـەوە هەیـە ڕەوا یـان نـاڕەوا بێت.

٢- دەسەڵات لەسەر ڕەزامەندی وەستاوە، بەڵام هێز بەگشتی لەسەر زۆرەملێ وەستاوە.

٣- بەپێی سروشت دەسەڵات لە هێز دیموکراسیانەترە، چونکە هەمیشە یاساییەو لەسەر پشتیوانی گشتی بەندە.

دەسـەڵات پیـشانی دەدات، کـە مـرۆڤ بـۆ سـەلماندنی ئامانجـەکانی خـاوەنی چـی جـۆرە توانستێکە، لە بارێکدا هێز توانستی مرۆڤە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەوانی دیکە.

لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازییانەش تێگـەی (مفهـومی) هێـزو دەسـەڵات تـوخمی بنـەڕەتیو زیندووی سیاسەتن و کرۆك و ناوکی لێکۆڵینەوەکانی زانستە سیاسیەکان پێکدێنن.

**ج/ جۆرەکانی دەسەڵات:**

سیماکانی دەسەڵات جۆراوجۆرن:

١- **دەسـەڵاتی زۆردارانـە:** دەسـەڵاتدارییەکی پـشتئەستوور بـە زۆردارەکـی ناڕەوایـە. ئـەمجۆرە دەسـەڵاتدارێتییە بـەپێی دەسـتورو یاسـا هەڵناسـوڕێن، بـەڵکو زۆردارەکـی رووت گرنتی پراکتیزەکردنێتی.

٢- **دەسەڵاتی هەڵقوڵاوی دەسـتوور:** ئەگـەر کەسـێك بـەپێی دەسـتووری وڵات خـاوەنی دەسەڵاتدارێتی بێت، بە یاسایی دادەنرێت، وەك دەسەڵاتی سەرکۆمار یان فەرمانبەر.

٣- **دەسەڵاتی کاریزمایی:** ئەگەر مـافی فـەرمانڕەوایی لـە سـیفاتی تایبـەتی سـەرکردەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەسەڵاتدارێتی (کاریزمـایی) سـەرهەڵدەدات. بەوتـەی (مـاکس ڤێبـەر) دەسەڵاتدارێتی کاریزمایی پشت بە سیفاتی تایبـەتی پیرۆزیـی قارەمـانێتی و نائاسـایی یـان خەسڵەت و سیفەتی چەسپاوی کەسێك دەبەستێت.

٤- **دەسەڵاتی ئاینی:** دەسەڵاتی ئاینی بـۆ ئـەو کەسـانە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە زنجـیرەی پلەداریی ئاینیدا پێگەیەکی باڵاتریان هەیە.

٥- **دەسـەڵاتی ئاسمـانی:** هەنـدێکجار خـەڵکانێك بانگەشـەیان کـردووە هەڵبـژێردراوی خواوەندن و خواوەند دەسەڵاتدارێتی پێبەخشیوون. (جەیمزی یەکەم) پاشای ئینگلستان و (لویسی چواردە)ی ئیمپراتۆری فەڕەنسا خۆیان بەهەڵبژێرراو و نوێنەری خواوەند دەناساند. ئەمڕۆ ئەم چەمکی دەسەڵاتدارێتییە چیدی پەسەند ناکرێت.

٦- **دەسەڵاتی باوان:** ئەگەر باوك دەسەڵاتدارێتی خۆی بۆ وەچە بگوێزێتەوە، دەسەڵاتی وەچـە بـەمیراتگری بـاوان دادەنرێـت. ئـەم جـۆرە دەسـەڵاتدارێتییە لـە فـۆرمی حکومـەتی پاشایەتیدا هەیە.

٧- **دەسەڵاتی دەستەبژێران.** ئەم جۆرە دەسەڵاتدارییە لەلای گروپە بـچوکەکانی خـەڵك هەیەو لەسەر بنەمای کەسایەتی، زانست و پسپۆڕی یان لەسەر بنەمای ساماندارییە.

٨- **دەسەڵاتی ترادیسیۆنی:** دەسەڵاتداری ترادیسیۆنی لەسەر خونەریتی دێرین، کەلتورو بڕیاری کۆمەڵایەتی بەندە.

٩- **دەسەڵاتی - ئەقڵانی:** کۆڵەکەی ئەم دەسەڵاتدارێتییە یاساکانی وڵاتەو بەشێوەیەکی گشتی لە سیستمی دیموکراسیدا هەیە.

چ/ تایبەتمەندیەکانی دەسەڵات:

ڕەوایی، فەرمانڕەوایی، چییەتی، ئەقڵانیبوون و بەرپرسیارێتی لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتن. لەخوارەوە ڕوونکردنەویەکی کورتیان بۆ کراوە:

١- **ڕەوایی:** ئەم تایبەتمەندییە کاریگەرێتی دەسەڵات دەستنیشان دەکات. لەمڕووەوە سمبولێکی بنچینەیی چەمکی دەسەڵاتە. بەبڕوای (دال)، (ئەلیف) فەرمان بەسەر (بێ)دا دەدات و (بێ)ش لەو باوەڕەدایە (ئەلیف) مافی تەواوی فەرمان دەرکردنی هەیەو دەبێت تەواو ملکەچی بنوێنێت. ئەم جۆرە پەیوەندییە بەگشتی بە ڕەوایی دادەنێن و هێزی ڕەوا زۆرجار بە دەسەڵات ناوزەد دەکرێت.

٢- **فەرمانڕەوایی:** دەسەڵات بریتییە لە توانستی یاساییانەی تاك بۆ فەرمان دەرکردن بەسەر کەسانی دیکەدا. ئەو تاکە یان گروپەی خاوەنی دەسەڵاتە بەسەر کەسانی دیکەدا فەرمان پیادە دەکات. دەسەڵات دەرکردنی فەرمانە لەلایەن سەردەستەوە بۆ ژێردەستە.

٣- **چییەتی:** دەسەڵات دەسەڵاتێکی کارتۆنی نییە، چونکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە سیمای بنەڕەتیانەی هێز پێکدێنێت. بەوتەی (فریدریك)، دەسەڵات هێز نییە، بەڵکو شتێکە هاوەڵی هێز دەکات" بریتییە لە سیفەتێك لە پێگەی مرۆڤدا، کە هێزەکەی پەرەپێدەدات" شتێکە هێز دەئافرێنێت، بەڵام خودی خۆی هێز نییە.

٤- **ئەقڵانیبوون.** ئەقڵانی بوون لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتە. کۆڵەکەی دەسەڵات ئەقڵ و لۆژیکە. خاوەنی دەسەڵات هەڵگری شتێکە دەکرێت بەتوانستی بەڵگەداریی ورد وەسف بکرێت بۆ خستنەڕووی وەڵامی جێمتمانە سەبارەت بەو کارەی ئەنجامی دەدات یان پێیوایە دەبێت کەسانی دیکە ئەنجامی بدەن.

٥- **بەرپرسیارێتی:** تاك یان گروپی خاوەن دەسەڵات لەنێو زنجیرەی پلەداری پەیوەندییە سیاسیەکانی کۆمەڵگەدا بەرپرسن بەرامبەر خاوەن دەسەڵاتە بەرزەکانی دیکە. لەسیستمی دیموکراسیدا هەبوونی بەرپرسیارێتی لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی دەسەڵاتە.[٢٣]

**٤- رەوایی:**

چەمکی رەوایی لەتیۆری سیاسی نوێدا جێگایەکی گرنگی بەدەستهێناوە. ئەگەرچی دەکرێت ریشەکانی ئەم چەمکە لەبۆچونی (ئەفلاتون) دا ببینرێت، کە لەکتێبی (کۆمار)دا بەراشکاوانە بیرۆکەی رەوایی رونکردۆتەوە، بەڵام بیریارە سیاسییە نوێیەکان بەشێوەیەکی رێکوپێك بەیانیانکردووە. هێز، دەسرۆشتوویی و دەسەڵات تەنها لەباری رەوایدا دەکرێت کاریگەر بن. ئەمرۆ لەپەیوەندییە سیاسیەکاندا لەدەرئەنجامی گەشەکردنی کەلتوورو شارستانی رۆڵی زۆرلێکردن کەمبۆتەوە. ئەمرۆ دەسەڵاتی زۆرداری بەوەحشیگەری دادەنرێت. رەوتە نوێیە سیاسیەکان سوود لە میتۆدی دوور لە ناچاری و زۆرداریەکانی وەك کاریگەریدانان، ناچارکردن، رابەریی، ئایدیۆلۆژی و هاوشێوەکانی وەردەگرێت. رەوایی پێشمەرجی دەسەڵاتە.

**أ- واتای رەوایی:**

رەوایی واتە یاساییوون یان هاورێکی یاسابوونە. لەرابردوودا و لەئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەهەمان مەبەست بەکارهاتووە. (سیسرۆ– Cicro) ئەم وشەیەی بۆ یاسایی بوونی هێز بەکاربردووە. پاشان ئەم وشەیە بۆ ئاماژەدان بە میتۆدەکانی نەریت، بنەمای دەستوورو لەبەرگیراوەی ترادیسیۆن بەکارهێنرا. پاش ئەوەش ئەو قۆناغە گەیشت، کە تیایدا توخمی (رەزامەندیی) بۆ زیادکراو رەزامەندی بە پایەو کۆڵەکەی فەرمانڕەوایەتی رەوا ناسرا. لەم سەردەمەدا سەرەتا (ماکس ڤێبەر) چەمکی رەوابوونی وەك چەمکێکی گشتی ناساند. بەبڕوای (ڤێبەر) رەوایی لەسەر (باوەڕ) دەوەستێتو داوای ملکەچی لەخەڵك دەکات. دەسەڵات تەنها کاتێك کاریگەرە، کە رەوایی هەبێت. بێگومان دەسەڵات مافی بەکارهێنانی سەپاندنی هەیە، بەڵام ئەم توخمە بنەڕەتی نییە. دەبێت دەسەڵات رەوایی هەبێت، جگە لەم شێوەیە رووبەڕووی دژواریی دەبێتەوەو بێکاریگەر دەبێت.

واتای رەوایی لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ رەزامەندیو پەسەندکردن یان نەیار بوون لەگەڵ تورەیی حکومەت

بەکارهێنراوە. بەڵام ئەمڕۆ ناتوانرێت هەموو شۆڕشو کودەتاکان بە ناڕەوا دابنرێت. بەمپێیە پرەنسیپی نوێی ڕەوایی جێگای پرەنسیپە کۆنەکانی گرتۆتەوە. ڕەوایی هاوواتای باوەڕی مۆراڵی یان ڕەفتاری گونجاو نییە، بەڵکو تەنها کۆڵەکەیەکە بۆ ئاڕاستەکردنی هەنگاوەکانی دەسەڵاتداران. لەمبارەیەوە (دال) وتویەتی:

**(سەرکردەی سیستمە سیاسیەکان هەوڵدەدەن لەوە دڵنیابن، کە هەرکاتێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەکان ئامرازەکانی حکومەت بەکارهێنرا، هەموو بڕیارە وەرگیراوەکان پەسەند دەکەن، نەك تەنها لە ترسی توندوتیژی، سزا یان ناچارکردن، بەڵکو بەپێی ئەو باوەڕەشی، کە پەسەندکردنی بڕیارەکان لەڕووی ئەخلاقییەوە دروستەو ڕاستە. لەڕووی بەکارهێنانی وشەی ڕەواییەوە دەوترێت، کاتێك حکومەت ڕەوایی هەیە، کە خەڵکی ژێر فەرمانی باوەڕێکی پتەویان بەوە هەبێت هەرچی دامەزراوە، پرۆسەکان، هەنگاوەکان، بڕیارەکان، سیاسەتەکان، ئاستەکان، سەرکردەکان یان حکومەت، هەیە خاوەنی شایستەیی، دروستکاریی یان مۆراڵی چاك – مافی دەرکردنی ڕێسای ناچارکردنیان– هەیە).**[٢٤]

(دال) بەم وەسفکردنەی ئەوە پیشاندەدات، کە ڕەوایی خاوەنی تایبەتمەندی درووستکاریی، ئەخلاقی بەرزو چاکەکارییە. هەموو حکومەتەکان هەوڵدەدەن ئەوە بخەنەڕوو، کە هەنگاوەکانیان ڕەوایەو بەوجۆرە دەبێت خەڵك پەیڕەوی لێبکات. سەرکردەی سوپاش، کە کودەتا دەکات و جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، هەوڵ دەدات شیاویی ئاڕاستەکردن یان دروستیی ئەخلاقی کارکردنی خۆی پیشانبدات. بە بەدەستهێنانی ڕەوایی حکومەتی (دیفاکتۆ) بۆ حکومەتی (ڕەوا) دەگۆڕێت.

لە دیموکراسیدا ڕەوایی گرنگی زیاتری هەیە، چونکە دیموکراسی پشت بە ڕەزامەندیی خەڵك دەبەستێتو بەپێچەوانەی ویستیانەوە ناتوانێت ڕەوایی بە سەریاندا بسەپێنێت. لەباری نەبوونی ڕەواییدا حکومەت متمانەی گشتی لەدەستدەداتو سەرەنجام دەڕوخێت. لەگەڵ نەبوونی ڕەوایدا دەسەڵات بەرگی زۆرداری ئەبستراکت دەپۆشێت. بە بڕوای (سترنبێرگەر) ڕەوایی بنەمای دەسەڵاتی حکومەتە، کە لەلایەکەوە مافی فەرمانڕەوایی بە حکومەت دەبەخشێت و لەلایەکی دیکەشەوە پەیڕەوانی حوکم لەو مافە هۆشیار دەکاتەوە.

بەبڕوای (لیپست) ڕەوایی بریتییە لە توانستی سیستم بۆ دروستکردن و درێژەدان بەو باوەڕەی، کە دامەزراوە سیاسیەکانی گونجاوترین دامەزراوەن بۆ کۆمەڵ. بەوتەی (ژان بیندال): (دەتوانرێت ڕەوایی بەوە پێناسە بکرێت، کە خەڵکی بەشێوەیەکی ئاسایی و بەدڵنیاییەوە ئەو ڕێکخراوە پەسەند دەکەن کە هی خۆیانە). (ج.ك. ڕۆبێرت) لەو باوەڕەدایە: (ڕەوایی ئەو پرەنسیپەیە پشت بە پەسەندکردنی گشتی دەبەستێت بۆ دەسڕاگەشتنی کەسێك یان گروپێکی دیاریکراو بەئاستێکی سیاسی، بەگشتی لە ڕێگای پراکتیزەکردنی دەسەڵات یان لە هەندێك رووی تایبەتەوە لەسەر ئەو بنچینەیەی، کە پیادەکردنی دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئاستە لەگەڵ هەندێك پرەنسیپ و رای گشتی پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسایدا هەماهەنگە).[٢٥]

لەراستیدا هەموو سیستمێکی سیاسی خەباتەکەی بۆ دەستەبەرکردنی ڕەواییە. سیستمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لەزەمەن و زەمینی جیاوازدا ڕەواییان هەبووە. سیستمی سیاسی کۆیلەداری، فیودالیزم، پاشایەتی، ئەرستۆکراسی، ئۆلیگارشی، پلۆتۆکراسی (حکومەتی ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی دەوڵەمەندان یان ئەو چینەی بەهۆی سامانەوە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتوە ـ و)، حکومەتی نوێنەرایەتی (مەرجدار) و دیموکراسی ڕاستەوخۆ لەکات و ساتی جیاوازدا ڕەواییان هەبووە. تەنانەت لە کۆمەڵگەی دیموکراسیشدا سیستمە سیاسییە خاوەن پرەنسیپە نەیارییەکانی دەسەڵات ڕەوایی بەدەستدێنن. بۆنموونە، نوێنەرانو پێکهاتە حکومییەکان یان هەندێك کۆمەڵەی ئاینی زیاتر لەسەر بنچینەی زنجیرەی پلەداری ڕێکخراون تا ئەوەی لەسەر پرەنسیپی دیموکراسی. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ڕەوایی بەو زنجیرەی پلەدارییانە دەدات. کەواتە دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی ڕەوایی بە واتای توانستێك دێت بۆ دروستکردنو درێژەدان بەبڕوایەك، کە ئەو سیستمە سیاسییەی لە ئارادایە شتێکی پێویستە بۆ کۆمەڵگە. دەبێت خەڵك بەبێ زۆرلێکردن ملکەچی بن و پیرۆزکردنی پەسەند بکەن و بە شایستەی ڕێزو حورمەتی بزانن.[٢٦]

### ب– سەرچاوەکانی ڕەوایی:

بەبڕوای (ماکس ڤێبەر) ڕەوایی سێ سەرچاوەی هەیە:

١- **ترادیسیۆن:** ئەگەری ئـەوە هەیـە رەوایـی لەسـەر بـاوەڕێکی فراوانـی نـەریتی کـۆن و پێداویستبوونی پەیڕەویکردن لەو سەرکردانە بەند بێت، کە بەپێی نەریت پیادەی دەسـەڵات دەکەن.

٢- **سـیفاتی تایبــەتی کەسـێتی:** ئەگـەری ئـەوە هەیـە رەوایـی راگـیر بێـت لەسـەر (لایەنگریکردن لە پیرۆزکردنێکی تایبەتو نائاسـایی یـان خەسـڵەتێکی کەسـێتی کـە مایـەی ستایشکردن بێت).

٣- **یاسایی:** لەوانەیە رەوایی پشت بـەو بـاوەڕە ببەسـتێت، کـە دەسـەڵات لەسـەر یاسـا بنیاتنراوە. ئەوەشی بە یاسایی ئەنجامدەدرێت، بە رەوا دادەنرێت.

(گریس جۆنز) سەرچـاوەکانی رەوایـی سیـستمی سیاسـی ئینگلـستان بـەم جـۆرە روون دەکاتەوە:

١- بەردەوامی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

٢- نەریتی نەرمونیانی (ناتوندوتیژیی).

٣- باوەڕە ئاینییەکان.

٤- باوەڕهێنان بە بەهاکان.

٥- رەوتی ئازادیو یەکدڵی هەڵبژاردنەکان.

٦- کۆمەڵگەی هەماهەنگو یەکپارچەو بەردەوامبوونی نەریتەکانی.

٧- کەلتووری سیاسی گونجاو.

بەبڕوای (فریدریك) سەرچاوەکانی رەوایی بریتین لە:

١- ئاینی.

٢- فەلسەفی و یاسایی.

٣- ترادیسیۆنی.

٤- میتۆدی.

٥-ئەزموونی.

بە وردبونەوە لەو سەرچـاوانەی رەوایـی کـە باسـکران، دەردەکـەوێت کـە رەوایـی تـەواو ئەبـستراکت یـان هەسـتی ئەخلاقییانـە نییـە، بـەڵکو شـتێکە هاوبەنـدی هـەموو سیـستمی

سیاسییە. باوەڕێکە ڕێنیشاندەری خەڵکە تا ئەوە پەسەند بکەن، کە لـەرووی ئەخلاقییـەوە بۆ سەرکردەو پۆستە بالۆکان دروست و حەقە رکێفی جەماوەر بکەن. رەوایی ئـەو توانـستە بەفەرمانڕەوا دەبەخشێت تا بە کەمترین رادەی سەرچاوەی سیاسـییەوە حـوکمڕانی بکـات. رەوایی رۆحی دیموکراسییە.

**پ- جۆرەکانی رەوایی:**

(دایڤید ئیستۆن) بەمجۆرە وەسفی سێ جۆر رەوایی دەکات:

١- **رەوایی ئایدیۆلۆژی:** کاتێك کە سەرچـاوەی ئایـدیۆلۆژی هـەژموونی کۆمەڵگـە بکـات، بەرەوایی ئایدیۆلۆژی ناودەبرێت. لەراستیدا سیستمی سیاسی هەموو ئەو خواست و ئامانجو ویستانە بەرجەستە دەکات، کە بۆ راڤەکردنی چارەسەرو روونکردنەوەی ئێستای کۆمەك بـە ئەنـدامانی کۆمەڵگـە دەکـات و وێنایـەك بـۆ ئاینـدە لـە مێـشکدا دەئافرێنێـت. ئایـدیۆلۆژیا ئامانجەکانی سیستمی سیاسی وێنادەکات و ئاشکرای دەکات.

٢- **رەوایـی دامـەزراوەیی:** هـەموو سیـستمێکی سیاسـی پرنـسیپی خـۆی بـۆ پێـدانی دەسەڵاتو پیادەکردنی دەسەڵات هەیەو لەسەر کۆڵەکەی ئـەو پرەنـسیپانە داوا لـە خـەڵکی دەکات متمانەی دامەزراوەو ئەجنداکانی رژێم پەسـەند بکـەن. ئەگـەر متمانـەی دامـەزراوەو ئەجنداکانی رژێم پەسەند بکرێت، رەوایی دامەزراوەیی بەدیدێت.

٣- **رەوایی کەسێتی:** ئەگەر سەرکردەکان کەسـێتیو رەفتـاری بەرجەسـتەیان هـەبێت و ئەگەر خەڵك وەك داکۆکیکارو متمانـەداری پرسـەکانیان لێیـان بـڕوانن یـان داوایـان لێبکـەن بـەجۆرێکی دیکـە کۆمەڵگـە بـەڕێوە ببـەنو ئـەوانیش پەسـەندی بکـەن، واقیعێکـی نکـۆڵی لێنەکراو بەدیدێت، کە بە رەوایی کەسێتی ناودەبرێت. لە دیدی (ئیـستۆن)ـەوە ژمارەیـەکی زۆری سەرکردەکان، سەرەڕای هەرجۆرە متمانەیەکی دەروونی یان شـارەزایی دەرەکیانـەی پەیڕەواکاران، باوەڕ بە رەوایی خودێتیان بەدیدێنن.

دەبێـت ئامـاژە بـەوە بکرێـت، کـە ئەگـەر بـاری رەوایـی سیـستمێکی سیاسـی بکەوێتـە بەرمەترسی، ئەو سیستمە رووبەڕووی قەیران دەبێتەوە. ئەگەر کۆمەڵگـە دوچـاری قـەیرانی رەوایـی بێـت، ئـاڵوگۆڕ ئـەو سیـستمی کۆمەڵایەتیـە دەگرێتـەوە. بەمپێیـە قـەیرانی رەوایـی

قەیرانی گۆڕانکارییە. بەوتەی (لیپست) هەرکاتێك پێگەی گروپە بنەڕەتییە پارێزکارەکان بکەوێتە بەرمەترسی یان لەنێوان گروپەکانی لە باری سەرهەڵداندان لە تافێکی دیاریکراودا بۆ دەستبەسەراگرتنی سیاسەت و دەسەلاتی سیاسی کێشمەکێش روو بدات، تەنانەت ئەگەر سیستمی سیاسیش بەشێوەیەکی گونجاو کارامە بێت، رەوایی سیستم دەکەوێتە باری خانەگومانییەوە. لەلایەکی دییەوە، ئەگەر کارامەیی سیستم بۆ چەند جارێك یان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ نەمێنێت، سەقامگیریی رەوایی سیستم دەکەوێتە بەرمەترسی.(٢٧)

### ٥- تازەگەری:

پێناسەکردنی زاراوەی زانستیانەی تازەگەری دژوارە. بەگشتی دەکرێت بە (رەوتی راگیر لەسەر بەکارهێنانی ئاقلانەی سەرچاوەکان بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ) پێناسە بکرێت. بەڵام کۆمەڵگەی نوێ چییە؟ لە رووی کۆمەڵگەکانی خۆرئاواوە، کۆمەڵگەی نوێ واتە دەستبەرداربوون لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆنیو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی جیاواز (لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و رۆحی زانست، لەسەر کۆڵەکەی دیدێکی ئەقلانی بۆ ژیان، میتۆدێکی نائاینیانە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، لایەنگریکردن لە دادپەروەری لە پرسە گشتییەکاندا، لە هەمووی گرنگتر پەسەندکردنی ئەو بڕوایەی بواری سیاسی، کە دەوڵەتی نیشتمانی دەبێت یەکەمین یەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت). کۆمەڵگەی نوێ کۆمەڵگەیەکە بەم دیاردانەوە: شارنشینی، خوێندەواری، جموجوڵی کۆمەڵایەتی، گەشەی ئابووریو هاوبەندی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر. تازەگەری ئەو هێزە جڵەونەکراوەیە، کە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەسەر هەموو جیهان و هەموو شارستانییەکاندا دەکشێت. (شوارتز- schwartz) بەمجۆرە پێناسەی تازەگەری کردووە: (بەگەڕخستنی سیستماتیکانە، پارێزراو، ئامانجداری وزەکانی مرۆڤە بۆ کۆنترۆڵکردنێکی ئاقلانەی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵی مرۆیی لەپێناو مەبەستی جۆراوجۆری مرۆڤایەتی). (رۆبەر وارد) تازەگەری بە بزاوتێك بەرەو کۆمەڵگەی نوێ پێناسە دەکات و بەبڕوای ئەم جیاکەرەوەکانی کۆمەڵگەی نوێ بریتین لە: (توانستێکی زۆر زۆر بۆ جڵەوکردن یان کاریگەریی دانان لەسەر

هەلومەرجی سروشتیو کۆمەڵایـەتی دەوروبـەرو بـەپێی سیـستمێکی بـەهادار، کـە بەرامبـەر خواست و دەرئەنجامی ئەو توانایە گەشبینە). [٢٨]

بەمپێیـە تێگـەی تازەگـەری گۆڕانکـاری بنەڕەتییانـە لـە پێکهـات، بیروبـاوەڕو بـەها کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك لە هەموو مەیدانـەکانی بـیرو کـاری مرۆڤـدا لـەخۆ دەگرێت. لایەنـە بنەڕەتییەکەی شارنشینی بە پیشەسازی بوون، دیموکراتیزە کردن، پەروەردەو فێرکـاریی و هاوبەشیکردنی میدیاکانە. باشترین ڕێچکەی ناسـینی ئـەم تێگەیـە ئەوەیـە چـاوێك بـە راڤـە جۆراوجۆرەکانیدا بخشێنرێت:

لەسـەر ئاسـتی سـایکۆلۆژیا، تازەگـەری گـۆڕینی سـتراکتۆری بـەهاکان، هەڵوێـستەکانو چاوەڕوانییەکانی خەڵك لەخۆ دەگرێت. مرۆڤی نوێ لەوباوەڕەدایـە، کـە گـۆڕانی سروشـت و کۆمەڵگە، نەك تەنها ئەگەری هەیەو پێویستە، بەڵکو مرۆڤ توانای ئەو گۆڕانکارییەشی هەیە. مرۆڤ دەتوانێت هەستی وەفاداری بەرفراوانتری لە وەفاداری سنورداری بۆ گروپە نزیکـەکانی وەك خێـزان و گونـد هـەبێت و هەسـت بکـات سـەر بـە گروپـی بـەرفراوانتری وەك میللـەت، دەوڵەتی جیهانی و شتی لەو بابەتەیە.

لەسـەر ئاسـتی هـزری، تازەگـەری واتـە پەرەسـەندنی سەرنجراکێـشی زانـستی مـرۆڤ دەربارەی دەوروبەری خـودی خـۆی و بڵاوکردنـەوەی لـەرێگای خوێنـدنی بـاڵا، پەیوەندییـە کۆگەلییەکانو پەروەردەو فێرکارییەوە. بەمپێیە تازەگەری بریتییە لە ئاسانکاری زیـاتر بـۆ دەستەبەرکردنی زانست و ئامرازی پێشکەوتووی میدیاکان.

لەسـەر ئاسـتی سۆسـیۆلۆژیا، تازەگـەری ئاماژەیـە بـۆ گـۆڕانی نموونـە بالۆکـانی ژیـان، گەشەکردنی بەرچاوی تەندروستیو درێژی تەمەن، بزاوتی زیـاتری کـارو جیـۆگرافی و کۆچـی بەکۆمەڵ لە گوندەوە بەرەو شار.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، تازەگەری ئاماژەیـە بـۆ گـۆڕینی وەفـاداری تـاك لـە خێـزان و گروپە سەرەتاییەکانی دیکەوە بۆ گروپە نێوەنجییەکان، کە خۆبەخشانە رێکخراون.

لەسەر ئاستی ئابووری، تازەگەری واتە گەشەکردنی بەرهـەمی کـشتوکاڵی، پیـشەسازی، بازرگانی.

بـەمجۆرە تازەگـەری زاراوەیـەکی زانـستیانەی گـشتگیرە، کـە گۆڕانکـاری بنـچینەیی لـە مەیدانی گەشـەکردنی ئـابووری، گۆڕانکـاریی لـە جەوهـەرو کرۆکـی سیـستمە سیاسـیەکان و هەروەها لە بوارەکانی کۆمەڵایـەتی و سـایکۆلۆژی ژیـان لـەخۆ دەگرێـت. تازەگـەری کاتێـك سەرهەڵدەدات، کە (نەریتەکان) لە قۆناغی هەڵوەشـاندنەوەدا بـن. تازەگـەری ڕێگـا خـۆش دەکات بۆ شۆڕشی سیاسی و ئابووری.

**تازەگەری سیاسی:**

بەگوتەی (هانتینگتۆن) تازەگەری ڕەوتێکی چەند ڕەهەنـدەو بریتییـە لـە گۆڕانکـاری لـە هەموو مەیدانەکانی هزرو کاری مرۆڤ. تازەگەری سیاسی گۆڕینی سیستمی سیاسی لەبەرچاو دەگرێت و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سیاسی، کەلتووری سیاسیو ڕەوتـە سیاسـیەکان لـەخۆ دەگرێت. تازەگەری سیاسی ڕەوتێکی هاوشـانی گەشـەکردنی سیاسـییەو بەگـشتی بـۆ ئـەو کۆمەڵگایانەی لەباری گەشەکردندان، بەکاردێت. پرسەکانی تازەگەری بریتین لە:

١- شوناسی نیشتمانی

٢- ڕەوایی سیاسی

٣- وەگیرهێنانی کاریگەری سیاسی

٤- هاوبەشیکردنی سیاسی

٥- یەکپارچەیی نیشتمانی

٦- دابەشکردنی سیاسی

تازەگـەری سیاسـی بـەوجۆرەی لـە خۆرئـاوا ڕوویـدا بـە ئـەنجامی بزاوتـی کۆمەڵایـەتی و گەشەو پەرەسەندنی ئابووری دادەنرێت. بزاوتی کۆمەڵایەتی واتە دابڕان لـە پـەیمانی کـۆنی کۆمەڵایـــەتی، ســـایکۆلۆژی و ئابوورییـــەکان و پەســـەندکردنی نموونـــە بـــاڵا نوێیـــەکانی بەکۆمەڵگـەبوون و ڕەفتـارە. تـەنها پـاش هەڵوەشـاندنەوەی نەریتگـەرایی دەروازەکـانی تازەگەری دەکەونە سەرپشت. گەشەکردنی ئابووری واتە گەشـەکردنی هـەموو چـالاکییەکی ئـابووریی و یاسـایەکی گـشتی کـۆی کۆمەڵگەیـە و بەشـێوەیەکی گـشتی لـە ڕووی بەرهـەم،

ئاستی بەپیشەسازیبوون و ئاستی خۆشگوزەرانی تـاك دەپێورێـت. تازەگـەری هـەم بزاوتـی کۆمەڵایەتی و هەم گەشەکردنی ئابووریی لەخۆ دەگرێت.

هەندێك لەوڵاتانی تازە گەشەکردووی ئاسیاو ئەفریقا، کە تازە بـەتازە بوونەتـە دەوڵـەتی نیشتمانیی سەربەخۆ، مۆدێلی تازەگەری خۆرئاوایـان لەپێـشگرتووە. لـەم وڵاتانـەدا رەوتـی شارنشینی لەوپەڕی خێرایدایە، خوێندەواریی پـەرە دەگرێـت، هـەوڵ بـۆ بەپیـشەسازیکردن دەدرێت و بەرهەمی خۆماڵی نیشتمانی پەرە دەسێنێت. بەڵام هێشتا زۆر لـە خاسـیەتەکانی تازەگـەری سیاسـی ـ دیموکراسـی، سـەقامگیریی، تازیـاری پێکهاتـەیی، نموونـە باڵوکـانی گەیشتن بـەئامانج و یەکپارچـەیی نیـشتمانی– بەدینـەهاتوون‌و پێـشبینی ناکرێـت بـەدیبێن. لەجیاتی بەپیرەوەچوونی دیموکراسی دووریی لێگیراوەو حکومەتـە سـەربازییە سـەرەڕۆکان یـان سیـستمی تاکـە پـارت دروسـتبوون. بـەهۆی کێشمەکێـشی نەتـەوەیی‌و جەنگـە ناوخۆییەکانەوە یەکپارچـەیی نیـشتمانیش لەبەریـەك هەڵوەشـاوە. کارامـەیی حکومەتـەکان کەمبۆتەوەو سیستمی پارتایەتی دەست بۆ شێوازی زۆر سوك و چروکانە دەبـات و هـەڵگری ناکۆکی زۆرە. لەوڵاتە تازە پێـشکەوتووەکاندا بزاوتـی کۆمەڵایـەتی و گەشـەکردنی ئـابووری نەبووە بەهۆی دەقاودەقی نموونەکەی خۆرئاوا. لەم وڵاتانـەدا رژێمـە سیاسـیەکان دوچـاری (لـێکترازان) یـان پەرشـوبڵاوی بـوون، بـەڵام دەبێـت بوترێـت، کـە ئـەم لێکترازانـە یـان پەرشـوبڵاوییە نەبۆتـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی هەمەلایەنـەی رژێمـی ئـەو وڵاتـە تـازە پێگەیشتووانە یان نەبووە بـەهۆی گەڕانەوەیـەکی تـەواو بـۆ جۆرێـك لـە پێکهاتـەی سیاسـی ترادیـسیۆنی. ئـەم وڵاتانـە لـەزۆر رووەوە بـەجۆرێك لـە سیـستمی سیاسـی گونجـاو لەگـەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیاندا دەسـتیان ڕاگەیـشتوەو لـە فۆرمێکدا قـەتیس مـاون، کـە لـە قۆنـاغی گەشەکردنی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی و کۆمەڵگەی ترادیسیۆنی ناچێت.

(ئـەدوارد شـیلز) پێـنج نموونـەی تازەگـەری سیـستمە سیاسـیەکان بـەم جـۆرە وەسـف دەکات:

١– **دیموکراسی سیاسی:** زۆربەی دەوڵەتە تـازە سـەربەخۆکان هەوڵـدەدەن دیموکراسـی سیاسی بەدیبێنن و پێکهاتەی سیاسـی خۆیـان لەسـەر رەوتـەکانی دیموکراسـی بنیـاتبنێن. بەڵام بەهۆی تایەبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانـەوە ناچـارن مۆدێلـە خۆرئاواییـەکان لەگـەڵ

هەلومەرجی ناوخۆییان بگونجێنن. سەقامگیریی سیاسی، رەوایی، دەسەڵاتی سەربەخۆی داد، ئازادییە سیاسییەکان، سیستمی هەڵبژاردن، پێگەی رێزداریی نەیارانی ناوخۆ، باڵادەستییەکانی پەرلەمان، کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و هەندێکی دیکە لە تایبەتییەکانی ژیانی سیاسی– کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە لە تایبەتمەندی خودی خۆیانە، وەك هندستان.

٢– **دیموکراسی پابەند.** دیموکراسی پابەند هەمان دیموکراسی ئاراستەکراوە. لەمجۆرە دیموکراسییەدا هەموو پێکهاتەکانی دیموکراسی سیاسی هەن، بەڵام دەسەڵاتی راپەڕاندن بەهۆی دیسپلینی توندوتۆڵ و چڕبونەوەی لە چنگی کەسانی خاوەن کاریگەریدا بەهێزترە. پارتە نەیارەکان، میدیاو رای گشتی ئازادی سنورداریان هەیە. دەستەبژێرە سیاسیەکان پایەدارترو بەهێزترن، وەك ئەندەنوسیای سەردەمی سوکارتۆ.

٣– **ئۆلیگارشی لایەنگری تازەگەری:** لەم فۆرمی سیستمە سیاسییەدا گروپێکی بچوکی حوکمڕان ئەرکی پاڵاوتنی ژیانی سیاسی و سەقامگیری ئاشتی و رێکخستنی لە وڵاتدا دەکەوێتە ئەستۆ. ئەنگێزەی گروپی حوکمڕان ئایدیۆلۆژیای تازەگەری و ئومێدەکانی بەرەو تازەگەری بردنی وڵاتە. پەرلەمان، ئەگەر هەبێت، تەنها رۆڵی راوێژکاریانەی دەبێت. کارمەندو رێکخراوە نهێنییەکان بە دەسەڵاتن و دەسەڵاتی داد سەربەخۆیی خۆی لە دەستداوە. پارتە نەیارەکان بە ئەنتی نیشتمانی ناوزەد دەکرێن. لەمجۆرە فۆرمەی سیستمە سیاسییەدا یان ئۆلیگارشی دەستبەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا دەگرێت یان پارتێکی سیاسی بە راگەیاندنی نایاسایی بوونی هەموو پارتەکانی دیکە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی دەکات. دەکرێت عێراق بە نموونەی ئەم جۆرە سیستەمە دابنرێت (مەبەست عێراقی سەردەمی رژێمی بەعسە ـ و).

٤– **ئۆلیگارشی تۆتالیتاری:** ئۆلیگارشی تۆتالیتاری لە راستیدا (دەوڵەتی پۆلیسی)یە، کە زیاتر پشت بە شێوەکانی زۆرەملێ دەبەستێت بۆئەوەی ئاسایش و سیستم بپارێزێت. لەمجۆرە سیستمە سیاسییەدا رای گشتی بوونی نییەو خەڵکی تەنها خاوەنی ئەو مافانەن کە چینی دەسەڵاتدار پێیبەخشیوون. ئەڵمانیای نازی، ئیتاڵیای فاشی و ژاپۆنی تۆتالیتاری لەوجۆرە وڵاتانە بوون. هیچ کام لە دەوڵەتە سەربەخۆ نوێیەکان ئەم شێوەیەیان هەڵنەبژاردووە.

٥- **ئۆلیگارشی ترادیسیۆنی:** ئەمجۆرە کۆمەڵگە مەدەنییە لەسەر بنچینەی خانەدانی راگیرەو حکومەت فۆرمی پاشایەتی هەیە. پاشا ئەنجومەنێك لە راوێژکاران بۆ کۆکردنەوە، راوێژو رێنمایی لە کاری حکومەتدا دادەمەزرێنێت. ولآتانی لەمجۆرە لەرووی سیاسییەوە بەدواکەوتوو دادەنرێن" وەك عەرەبستانی سعودی و نیپاڵ.

ئەمرۆ تازەگەری سیاسی لە ئاسیا، ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین وەك راستیەك دەبینرێت. لەم کیشوەرانەدا، لە بارێکدا کە سیستمی کۆن دەرمێت، هەمیشە سیستمێکی نوێی هاوشێوەی نموونەی رۆژئاوایی جێگای ناگرێتەوە. لە ولآتانی ئەم کیشوەرانەدا سیستمی سیاسی لەگەڵ گەلێك جۆر پرسی سیاسی و ئابووریی رووبەرووەو خەڵکی بەهۆی گەندەڵی ناوخۆیی، کێشمەکێشی ئابوری و توندوتیژییەوە دووچاری رەنجدان دەبن.

## ٦- کەلتووری سیاسی:

(گابریل ئالمۆند) بۆیەکەمجار زاراوەی زانستییانەی کەلتووری سیاسی لە زانستی سیاسەتدا بەکارهێنا.[٢٩] (ساموێل بوراندر ـ Samuel Burandar) و (ئادەم ئۆلام ـ Adam Ulam)یش لە پێشەنگانی بەکارهێنەرانی ئەو زاراوە زانستییەن.

(ئەلمۆند) کەلتووری سیاسی بە (نمونەی هەڵوێستەکان و لایەنگرییەکانی تاك بەرامبەر بە سیاسەت لەنێوان ئەندامانی یەك سیستم) پێناسە دەکات. بەبڕوای (باڵ) (کەلتووری سیاسی ئاوێتەی هەڵوێستەکان، بیروباوەڕەکان، خرۆش و هەست و بەهاکانی کۆمەڵگەی هاوبەندی سیستمی سیاسی و پرسی سیاسییە)[٣٠]. (سیدنی ڤێربا) لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە (کەلتووری سیاسی لەسەر سیستمی بیروباوەڕی ئەزمونکاری، نواندنە واتادارەکان و ئەو بەهایانە پێکدێت، کە وەرگێڕی چۆنایەتی ئەنجامدانی هەنگاوی سیاسین). (بیر) و (ئۆلام) لەو بڕوایەدان، کە (زۆر لایەنی تایبەتی کەلتووری گشتی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەستە بە چۆنایەتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەت و ئەوەی کە پێویستە چ ئەرکێك ئەنجامبدات، ئەم بەشەش لەو کەڵچەرە دەتوانرێت بە کەلتووری سیاسی ناوزەد بکرێت). (لوسین) رای خۆی بەوجۆرە دەخاتەڕوو، کە کەلتووری سیاسی (کۆمەڵێك هەڵوێست، بیروباوەڕو هەستە، کە واتاو سیستم بە رەوتی سیاسی دەدات و ئەو شیمانەو رێسایانە

دیاریدەکات، کە باڵادەستن بەسەر رەفتاری سیستمی سیاسیدا). بەبڕوای (ئێریك ئیۆ- Eric Eowe) (کەلتووری سیاسی نموونەی بەهاکان، بیروباوەڕەکان و تازیارەکانی هەستی تاکە). (رای مەردیس ـ Ray Maeridis) کەلتووری سیاسی بە (ئامانجی هاوبەش و ئەو رێسایانەی لەلایەن گشتەوە پەسەند کراوە) دادەنێت. (تالکۆت پارسۆنز) لەوبڕوایەدایە (کەلتووری سیاسی پەیوەندی هەیە بەلایەنگری کردن لە ئامانجە سیاسیەکان). (رۆس ـ Ross) لەو بڕوایەدایە، کە: (کەلتووری سیاسی وڵاتێك پێکدێت لە هەڵوێستە دیارەکانی دانیشتوانەکەی بەرامبەر بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستمە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی ناو سنوورەکانی، سروشتی رژێم، پێناسەی ئەگەرو نەگەرەکانی حکومەت و رۆڵی هاوبەشیکردنەکانی تاك و پەیڕەوانی حکومەت).[٣١]

شرۆڤەکردنی ئەو پێناسانەی بۆ کەلتووری سیاسی کراون، دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە کەلتووری سیاسی خاوەنی بەشی دیاریکراوە، کە لە مەیدانی سۆسیۆلۆژیادا خاوەنی پێگەیەکی بەرجەستەن. ئەو بەشانەش بریتین لە: بەهاکان، باوەڕەکان، هەڵوێستی هەستەکانی خەڵك بەرامبەر بە سیستمە سیاسییەکەیان. بۆ رونکردنەوەی بابەتەکە دەبێت بوترێت، کە بەها سیاسیەکان بریتین لە سازکردنی هەڵبژاردنی خولیی و ئازادو بێلایەنانە، دەست لەکارکێشانەوەی وەزیر لەکاتی نەمانی متمانەی خەڵکی و نوێنەران لە پەرلەمان و شتی لەوجۆرە. باوەڕە سیاسیەکان بریتیین لەو رێسایانەی ماف بەشداری کەسانی پێگەیشتووی وڵات لە کاروبارە سیاسیەکان لەخۆ دەگرێت. هەڵوێستەی هەستەکان، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا، کە چەندین سەدەیە خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەستوور دەکات، ئەم کردارانە دەگرێتەوە: ١- رەفتاری بەئەدەبانەی سەرۆکی ئەنجومەن. ٢- ئاوازی ئاخاوتنی لێکۆڵینەوەو مشتومڕەکان. ٣- هەماهەنگی ستایلی رەفتارو ئاخاوتن لەگەڵ رێساکانی پەرلەمان و کرداری لەوجۆرە).

## أ/ پۆلێنکردنی کەلتووری سیاسی:

پاش ئاشنابوونێکی کورت بەواتای کەلتووری سیاسی پێویستە جۆرەکانی کەلتووری سیاسیش باس بکرێت. (ئەلمۆند) و (پاول) لەسێ رێگاوە کەلتووری سیاسییان پۆلێن کردەوە:

**١- کـەلتووری سیاسـی سـنوردار:** تایبەتـە بـەو کەسـانەی هۆشـیارییەکی کـەمیان بـۆ کەلتووری سیاسی هەیە یاخود هەر نییانە. ئەم جۆرە کەسانە دەکرێت لە هەموو کۆمەڵێکدا ببینرێـت، بـەڵام لـە کۆمەڵگـە ترادیـسیۆنیو دواکەوتووەکانـدا ژمارەیـان زۆرتـرە. بـەبڕوای (ئەلمۆند) و (فوربا) لە (کەلتووری سیاسی سنورداردا توانستی پێوانەکردنی ئەو ئاڵوگۆڕەی کـە سیـستمی سیاسـی دەسـتپێکردووە، بـوونی نییـە. ئـەو کەسـانەی هـەڵگری کـەلتووری سیاسی سنووردارن یان دەسکەلای هزرێکی چەقبەسـتوون، چاوەڕوانی هـیچ لـە سیـستمی سیاسی ناکەن)[٣٢]. پێکهاتە سیاسیە خێلەکییەکان و پاشایەتییە سـەنترالیزمەکانی ئـەفریقا بەشێوەیەکی گشتی لەمجۆرەن.

**٢- کـەلتووری سیاسـی پـەیڕەوان:** ئـەو هاوڵاتیانـەی بەرامبـەر بـە ڕۆڵـە جیاوازەکـانی حکومـەت، وەك یاسـادانان و بـاجگری بـەئاگان، بـە پـەیڕەوانی سیاسـی نـاوزەد دەکـرێن. لەوانەیـە ئـەمجۆرە خەڵکانـە لـە ڕێچکەکانی کاریگـەری دانـان لەسـەر سیـستمی سیاسـی زانیارییـەکی تایبـەتییان نـەبێت یـان ژێرخانـەکانی کۆمەڵگـە نەناسـن و وەك گەلاڵـەکاری خواستەکان هیچ وێناکردنێکی روونیان بۆخۆیـان نـەبێت. ئـەم کەسـانە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتەکانی هاتونەتە پێش بۆلای سـەرۆکی لۆکـاڵی یـان سـەرۆکی خێزانـەکان دەگەڕێنـەوەو ناتوانن وێنای ئەوە بکەن، کە دەبێت خۆیان چارەسەری گرفتەکان بکەن.

**٣- کەلتووری سیاسی هاوبەشیکردن:** ئەم کەلتوورە لە کۆمـەڵگا زۆر پێشکەوتووەکاندا هەیـەو لەوێـدا خـەڵك هابەشـی ژیـانی سیاسـی دەکـەن. بەشـدارە سیاسـیەکان کەسـانێکن بەرامبـەر بـە پێکهاتـەو ڕەوتـی سیـستمی سیاسـی و خواسـتەکان و سیـستمی سیاسـییان بـەئاگان و لـەکاری بڕیاردانەکانـدا هاوبەشـی دەکـەن. هاوبەشـە سیاسـیەکان بەرامبـەر بـە دامــەزراوە سیاســیەکانی وەك پارتــەکان و گروپــە کاریگــەرەکان و ڕۆڵیــان لــەنێو ئــەو دامەزراوانەدا هەڵوێستی تایبەت دەگرنەبەر.

**کـەلتووری سیاسـی ئاوێتـە:** (ئەلمۆنـد) و (پـاول)، کەسـێ جـۆر کـەلتووری سیاسـییان جیاکردۆتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەڵـێن، دەکرێـت کەسـانی هـەردوو کـەلتووری سیاسـی سـنوودارو پـەیڕەوانیش لـەناو کـەلتووری سیاسـی هاوبەشـیکردندا ببینرێـتو دەکرێـت

تاکەکەسێك هەرسێ لایەنەکەی لە خۆیدا ئاوێتــە کردبێــت. لــەم ئاوێتەکردنــەوە ســێ جــۆری دیکە لە کەلتووری سیاسی سەرهەڵدەدات:

١- کەلتووری سیاسی سنووردار ـ پەیڕەوان

٢- کەلتووری سیاسی پەیڕەوان ـ هاوبەشی کردن

٣- کەلتووری سیاسی هاوبەشی کردن ـ سنوردار.(٣٣)

(ڕۆزنبــاون- Rosenbaun)یــش لەوباوەڕەدایــە کــە (ئەگــەری ئــەوە نییــە لەکۆمەڵگــە نوێکانــدا یــەك جــۆر کــەلتووری سیاســی هــەبێت، لــەجیاتی ئــەوە تێکەڵەیــەك لــە لایــەنگری جۆراوجــۆر هەیــە، بــەجۆرێك، کــە کــەلتووری سیاســی راســتەقینە، ئاوێتەیەکــە لــە تــوخمی جۆربەجۆر). هەروەها لەو بڕوایەدایە جگە لەو سێ جۆرەی کەلتووری سیاســی هــی دیکــەش هەیە: (ئەو سێ ڕێچکەیەی کەلتووری سیاسی چەند دانەیەکــە لــە نێــوان فــرە ڕێــچکەکاندا). کەلتوورە سیاسیەکانی دیکە بریتین لە:

١- **کــەلتووری سیاســی مــەدەنی:** ئــەم کــەلتوورە لــە کۆمەڵگایەکــدا دەبینرێــت، کــە دەســەڵاتو پــشکی بڕیــاردان لەدەســت دەســتەبژێرێکی تایبەتدایــەو خــەڵکی بەشــێوەیەکی راســتەوخۆ بەشــدارنین، بــەڵکو هەســت و ئارەزووەکانیــان لــە ڕێگــای نوێنەرەکانیانــەوە رادەگەیــەنن، کــە لەراســتیدا بەگشتی وەلامــدەرەوەی خــەڵك نــین. ئــەمجۆرە کــەلتوورە لــە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا هەیە.

٢- **کەلتووری سیاسی سکولاریزمی:** ئەم جــۆرە کــەلتوورە لــە کۆمەڵگایەکــدا هەیــە، کــە تیایدا خەڵکی بەبێ ئاوڕدانەوە لە ئــاین ئەقڵانیانــەو شــرۆڤەکارانە ڕەفتــار دەکــەن. بــەبڕوای (ئەلمۆند) و (پاوڵ) کەلتووری سکولاریزم ئەو کەلتوورەیە، کە تیایدا لایەنگری ترادیسیۆنیو هەڵوێــستەکان ڕێگــە بــۆ ڕەوتــەکانی دینــامیکی بڕیــاردان دەکاتــەوە، کــە پەیوەســتن بەکۆکردنەوەی زانیاری، هەڵسەنگاندنی زانیــاری، دیــاریکردنی ڕەوتــی کــاری ئەڵتــەرناتیڤ، هەڵبژاردنی ڕێگایەك لەنێو ڕێگا شیمانەکراوەکان و ئەو ئامرازانەی، کــە بەهۆیانــەوە کەســێك دەزانێت ئایا ڕەوتی کارێکی دیاریکراو دەرئەنجامی خواستراو بەدەستەوە دەدات یان نا.

٣- **کەلتووری سیاسی ئایدیۆلۆژی:** ئەمجۆرە کەلتوورە لــەو وڵاتانــەدا هەیــە، کــە تیایــدا هانی جۆرێك ئایــدیۆلۆژی تایبــەت دەدرێــتو خــەڵکی ناچــار بــە پــەیڕەوکردنی دەکرێــت. لــە

یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا کەلتووری سیاسی ئایدیۆلۆژی هەبوو. لە چین ئەم کەلتوورە هەیە.

٤- **کەلتووری سیاسی گشتی:** ئەمجۆرە کەلتوورە لە کۆمەڵگەیەکدا هەیە، کە خەڵکی سەبارەت بە ئامانجەکان و ئامڕازەکانی دەستڕاگەیشتن بەو ئامانجانە هاوڕای سیاسی یەکسانن. سەرکردەی پارتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیش هاو ئایدیۆلۆژین، وەك ئینگلستان و ئەمەریکا.

٥- **کەلتووری سیاسی پارچەپارچە.** ئەم کەلتوورە لە وڵاتێکدا هەیە خەڵکی دەربارەی ئامانجی سیاسی و ئامڕازەکانی هاودید نین، ئەمجۆرە کەلتوورە سیاسییە بەگشتی لە وڵاتە فرە پارتەکاندا هەیە. فەرەنساو ئیتاڵیا لە نموونەی ئەمجۆرە کەلتوورەن.

## ب/ گرنگی کەلتووری سیاسی:

١- گرنگی کەلتووری سیاسی لەم خاڵەدایە، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە لێکدانەوەکانی پەیوەست بە گەشەکردنی سیاسییەوە هەیە. سیستمێکی سیاسی دیاریکراو لەگەڵ سیستمێکی دیکەدا نەك تەنها بەهۆی کۆڵەکەی دامەزراوەکانیەوە، بەڵکو بەو کەلتوورە سیاسییەشی، کە هەڵگرین، جیادەکرێتەوە. زانایانی گەشەکردنی سیاسی دەستنیشانی ئەوەیان کردووە، کە ناتوانن دیاردەی گەشەکردنی سیاسی لە وڵاتێکدا لێکبدەنەوە هەتا لە کەلتووری سیاسی ئەو وڵاتە نەکۆڵنەوە.

٢- کەلتووری سیاسی لەسەر هەمان ریتم دامەزراوەکان و واتاکانی مەیدانی سیاسی ئاشکرا دەکات، کە کەلتوور بە گشتی هاوبەندی و یەکپارچەیی ژیانی کۆمەڵایەتی روون دەکاتەوە.

٣- کەلتووری سیاسی بۆ لێکۆڵینەوە لەرەفتاری تاکێکی ناو سیستمێکی سیاسی، کە کاری تێدا دەکات، ئامڕازێکی گرنگی پڕ بەهایە.

٤- تێگەی کەلتووری سیاسی لە گەشەکردنو بەرفراوانی تیۆری سیاسی نوێدا رۆڵێکی گرنگی وەك ئەم شێوانەی هەیە: کەلتووری سیاسی سەرەنجمان رادەکێشێت بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵی سیاسی وەك یەکەیەکی دینامیکی کۆگەلی جیاواز لە تاك. میتۆدی

کـەلتووری سیاسـی یاریـدەی ئاوێتـەبوونی زانستی سیاسـەت لەگـەڵ میتۆدەکـانی ئـەقڵ و گـەورەیی دەدات و هـانی سیاسـەتزانان دەدات بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو فاکتـەرە کۆمەڵایـەتی‌و کەلتوورییانەی قاڵبێکی فراوانتر بە کەلتووری سیاسی کۆمەڵگە دەبەخشن.

کەلتووری سیاسی یاریدەدەر بووە تا ئەو لێکدانەوانەی فاکتەری ئەقڵانین، کە تاڕادەیەك هـەنگاوەکانی تـاك دیاریدەکـەن، لەگـەڵ هۆکـارە شـاراوەو نائەقڵانییـەکانی رەفتـار ئاوێتـە ببێت. لەم رێگەیـەوە چـەمکی خەسـڵەتی نیـشتمانی، کـە لـە رابـردوودا لـەرووی میتـۆدەوە چەقبەسـتوو بـوو، تـا رادەیـەك بـووە پاشـکۆی چـەمکی توێژینـەوەی تاقیکـاری. میتـۆدی کـەلتووری سیاسـی یاریـدەدەربوو تـا بزانرێـت بۆچـی کۆمەڵگـە سیاسـییە جۆراوجۆرەکـان بەئاستی جیاوازی پەرەسەندنی سیاسیدا رۆشتوون یان بۆچی دوچـاری هەنـدێك ئاسـتەنگ، واتــە ئاســتەنگی کۆمەڵایــەتی، ئـابووری و سیاســی هــاتوون، کـە دواجـار دەبێتــە هــۆی لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسییان. بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ تەواو ئاشکرابووە، کە کەلتووری سیاسی رۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی گەشەکردنی سیاسی وڵاتدا دەگێڕێت.

دەبێت ئەوە بوترێت، کە هەندێك لە وڵاتـان میتـۆدی کـەلتووری سیاسـییان وەك ئـەوەی رێچکەیەکی محافیزەکارو دواکەوتووە، مەحکوم کردووە. ناتوانرێـت کـەلتووری سیاسـی بـە پێودانگێك بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتاری تاکەکـەس دابنرێـت. شـرۆڤەکردنی وردی کـەلتووری سیاسی ئەوە دەردەخات، کە بۆ پێشبینیکردنی رەفتاری تاك، لەمـەڕ بابـەتێکی دیـاریکراو، هێـشتا رێنیـشاندەرێکی دڵنیاکـەرەوە نییـە. هەنـدێکجار ئەگـەری ئـەوە هەیـە هــەنگاوی تاکەکەس کاریگەری گەورەی بەسەر کاری سیستمی سیاسییەوە هەبێت، بەڵام ئەو ئەگـەرە لەئارادا نییە، کە شرۆڤەکردنی کەلتووری سیاسـی ئەمـەریکا تـوانیبێتی پێـشبینی رەفتـاری (لی هارڤی ئوسواڵد) بکات، کە (کەنەدی) تیرۆر کرد.

سەرەڕای ئەوەش، ئەم زاراوە زانستییەی لایەنگرانی میتۆدی کـەلتووری سیاسـی روون و ورد نییەو لەبەرئەوە دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی زیاتری توێژەرانی زانستی سیاسـەت. لـە تێگەی کەلتووری سیاسیدا هەوڵ و تەقەلا هەیە بۆ بەدەستهێنانی نموونەیەك روونکـەرەوەی ئـەو شـتە بێـت، کـە لـە رابـردوودا وەك هەڵوێـست بـۆ سیاسـەت، بـەها سیاسـیەکان، ئایدیۆلۆژییەکان، کەلتووری نیشتمانی و نەریتی کەلتوور و شتی لەو جۆرە وەسفکراوە. هیچ

کام لەو زاراوانە هێندە بەرفراوان نین، کە بنەمایەك بۆ پۆلێنکردنی سیستمی سیاسی بە شێوەیەکی خاوەن شێواز پێوانە بکەن، بەڵام دەکرێت ئەوە پەسەند بکرێت، کە چەمکی کەلتووری سیاسی، لە گەشەپێدانی زانستی سیاسەتدا رۆڵێکی گەورەو زیندووی هەبووە.[٣٤]

**٧- بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە:**

بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە رەوتێکی پەروەردەییە، کە یاریدەی گواستنەوەی رەوش و رەفتاری پەسەندکراوی سیستمێکی سیاسی سەقامگیر دەدات لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە. بەمپێیە ئامانجی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە پەروەردەکردن یان فێرکاریی تاکە، بەجۆرێك کە ئەندامێکی لێوەشاوەی کۆمەڵگایەکی سیاسی بن.

بەبڕوای (سیگڵ) بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە (فێربوونی پلە بەپلەی رەوش، هەڵوێستو رەفتارە پەسەندکراوەکانە لای سیستمێکی سیاسی کە لەباری گۆڕاندایە).[٣٥]

(ئەلمۆند) و (پاوڵ) وتویانە: (سیاسیبوونی کۆمەڵگە رەوتی پاراستن یان ئاوەژووکردنەوەی کەلتوورە سیاسیەکانە. بەپێی ئەو رەوتە تاکەکان دەچنە ناو کەلتووری سیاسییەوەو لایەنگرییان بۆ ئامانجە سیاسیەکان فۆرمگیر دەبێت).[٣٦]

لە وەسفکردنەکەی (نوالی) بۆ بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە هاتووە:

**(بەگشتی سیاسیبوونی کۆمەڵگە بەواتای رەوتێك دێت، کە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك بەها جۆراوجۆرەکانی فیزیکی، کەلتووری، تەکنۆلۆژی و مەعریفەی ئیستاتیکی کۆمەڵ لەماوەیەکی دوورودرێژدا، زۆرجار بەدرێژایی ژیان، پلە بەپلە دەکاتە کرۆكو بەشێکی دەروونیی خۆی. بەمپێیە لە دیدی سیاسییەوە بەسیاسبوونی کۆمەڵگە بریتییە لە تەلقینکردنی زانیاری و هەڵوێست لەو زانیارییانەو نموونە دیارەکانی رەفتار بەرامبەر بەدەوڵەت و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ناو خەڵکی کۆمەڵگەیەك. ئەو تەلقینە ئەگەری ئەوە هەیە فەرمی یان نافەرمی، ئاشکرا یان نهێنی، بەپێی خواست یان بێ بەرنامەڕێژی بێت)**[٣٧]

هەروەها دەڵێت:

**(بەشێوەیەکی دیاریکراوتر، سیاسیبوونی کۆمەڵگە دەکرێت ئاوێتەیەك بێت لە میکانیزمەکان، رەوت و دەزگای جۆراوجۆری زانستی، کە بەهۆیانەوە ئەندامانی کۆمەڵگە وردە وردە هۆشیاری بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵەکەیان پەیدا دەکەن و دەیناسن و نموونەکان پەسەند دەکەن. وەك هەموو فۆرمەکانی بەکۆمەڵگەبوون سیاسیبوونیش رەوتێکە هاوبەندی سەرتاسەری ژیانە، بەزاین دەستپێدەکاتو بەمەرگ کۆتایی دێت).** [٣٨]

پرۆسەی سیاسیبوونی کۆمەڵگە لەسەر ریتمێکی ئارام و هەموار رێدەکات و تەنانەت خەڵکی لێی بێئاگا دەبن. خەڵکی ئەو رەوشە وەردەگرن پێی تەلقین کراون. لە راستیدا سیاسیبوونی کۆمەڵگە هەموو فۆرمەکانی پەروەردەی سیاسی، فەرمی یان نافەرمی، دڵخواز یان بێئەجندا دەگرێتەخۆو رەوتێکە بەهۆیەوە خەڵکی نەك لەرێگای بەشداری ئەکتیڤانەی سیاسی بەڵکو لەخولێکی پێش دەستکردن بەچالاکییەکی سیاسی ئاشکرا بەها سیاسیەکان بەدەستدێنێت. بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە پەروەردەیەکە بەهۆیەوە تاك لەلایەکەوە هەڵوێستەکانو لایەنگریکردن لەدیاردەیەکی سیاسی بەدەستدێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگە رەوشە سیاسی و بیروباوەڕەکان لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە دەگوێزێتەوە.

(ئیستۆن) سیاسیبوونی کۆمەڵگە بەڕەوتی گەشەکردن دەزانێت، کە بەهۆیەوە تاکەکان لایەنگری سیاسی و نموونەی رەفتار بەدەستدێنن. بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە گرنگترین پەیوەندییە لەنێوان سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسیدا.

بەکورتی، سیاسیبوونی کۆمەڵگە رەوتێکی پەروەردەو فێرکارییە، کە وێڵی تەلقینکردنی بەها، میتۆدو لایەنگیرییەکانە لە مێشکی تاکەکاندا، بەجۆرێك کە متمانە بە سیستمە سیاسیەکەی خۆیان بکەن.

سیاسیبوونی کۆمەڵگە لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر کۆششی گشتی بۆ بەدەستەوە گرتنی سیستمی پەروەردە، ئەرکی تایبەتی لەکۆمەڵیشدا هەیە، کە بریتین لە:

١- لەدیدی حکومەتێکەوە، دەکرێت بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە کاریگەر وەك جێکـەوتێکی ناچـارکردن لـە شـێوەی ئـامرازی درێـژەدان بـە پەیوەنـدی دەسـەڵاتی چـینی دەسـەڵاتدار بەکاربێت.

٢- بەسیاسـیبوونی کۆمەڵگـە دەکرێـت وەك ئامرازێـك بـۆ سـازکردنی خـەڵك لـە پێنـاوی ئامانجە تایبەتەکانی چینی دەسەڵاتدار بەکاربێت، کە جگە لەو شێوەیە دەستەبەرکردنیان دژوار دەبێت.

٣- سێیەمین ئەرکی سیاسیبوونی کۆمەڵگە ئەوەیە، کە وێڕای ئەو بـاوەڕە بـۆ پاراسـتنی پەیوەندی تایبەتی چینایەتی، خودی خۆی بەرهەمهێنەرەوەی ئەم پەیوەندییەیەو هەوڵ بـۆ جێگیرکردن و توندوتۆڵکردنی دەدات.(٣٩)

هەرچـەندە رەوتـی بەسیاسـیبوونی کۆمەڵگـە لەهـەموو ئانوزەمانێکـدا هـەبووە، بـەڵام چەندین قەیرانی گەورە خێرایی بەرەوتەکەی بەخشیوە. بۆ نموونە، وڵاتێکی لەگەڵ جـەنگ، هەڵاوسان یان ناسەقامگیری سیاسی رووبـەڕووە ئەگـەری ئـەوە هەیـە گۆڕانکـاری بنـەڕەتی لەهەڵوێـستەکانی خەڵکـدا دروسـت بکـات. بەهـەمان شـێوەش خێرایـی زۆری رەوتـی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە هەموو شت لەناو دەبات، بەڵام رەوتێکی ئـارام کـاروانی کـەلتووری سیاسی بە نـەرمی بـەرەوپێش دەبـات تـا وەك کـەلتورێکی سیاسـی وڵات بەباشـی پەسـەند بکرێت.

### فاکتەرە سەرەکییەکانی سیاسی بوونی کۆمەڵگە :

خێـزان، قوتابخانـە، گروپـە هاوتاکـان، ئەزموونـەکانی بـواری کـارکردن، میـدیاکانو پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ سیستمی سیاسی بە فاکتەرە سەرەکیەکان دادەنرێن.

### ١- خێزان:

خێزان کاریگەری شاراوەو ئاشکرای بەسەر هزری منداڵەوە هەیە. کاریگەرییـە نهێنییـەکان هەموو هەڵوێستەکانی بەرامبـەر بەدەسـەڵاتی یاسـایی دەخاتـە ژێـر رکێفـەوەو کاریگەرییـە ئاشکراکان دەبێتە هۆی گۆڕانی بیرکردنەوە سیاسیەکانی. هەڵوێستەکانی فرمان ڕاپەڕاندنو هاوکـاری، نـاڕازیبونو جـەنگخوازی لـە بـەردەم کاریگەرییـەکانی خێزاندایـە. ململانـێ و

مشتومڕە توندوتیژەکانی ئەندامانی خێزان دەربارەی سیاسەتە هەنوکەییەکان هەڵوێستی تایبەتی منداڵ بەرامبەر بە سیستمی سیاسی فۆرمۆڵە دەکات. بەوتەی (ڕۆبرت لین– Robrt Lane) خێزان بەسێ ڕێگا ستراکتۆری باوەڕە سیاسیەکان دادەڕێژێت. ١) تەلقینێکی زیاد لەرادەو پەنهان. ٢) پەروەردەکردنی منداڵ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت. ٣) لە قاڵبدانی کەسێتی منداڵ. (داڤیس– Davies)یش لەوبڕوایەدایە، کە خێزان بنەڕەتیترین ئامرازی گواستنەوەو گۆڕینی ئۆرگانیزمی نەرمی هزری ناسکی منداڵە بۆ هزرێکی پێگەیشتوو لەکەسایەتی خودی منداڵدا. بەوتەی (بوتەرو ستاتیس– Butter, States): (خێزان یەکەمین پەنجەرەی منداڵە بەرووی جیهانی دەرەوەی خێزان و یەکەمین بەریەککەوتنێتی لەگەڵ دەسەڵاتدا. لەخێزاندا یەکەمین جیاکاری لەرۆڵی چاوەڕوانکراوی نێوان ڕەگەزەکان ئاشکرا دەکرێت و لێکدانەوەکان هاوبەندی توندوتۆڵی ڕەفتاری سیاسی باوان و منداڵەکانی دەخاتەروو[٤٠]). دیارە نابێت خێزان بە تاکە فاکتەری بنەڕەتی دابنرێت. بەوتەی (هایمن–Hyman): (هەڵوێستە سیاسیەکان بەپێی نەیاری لەگەڵ هەڵوێستەکانی باوان دروست نابێت، کە هەرچۆنێك بێت لەوانەیە جیاواز بن، بەڵکو باوان تەنها یەکێکن لە فاکتەرەکان و ئەویش بەلایەنی کەمەوە بەپێی بەها سیاسیەکان نەك بەپێی وەفاداری پارتایەتی کاریگەرییان دەبێت).[٤١]

### ٢– قوتابخانە:

قوتابخانەش کاریگەری شاراوەو ئاشکرا دەگێڕێت. پەروەردەو فێرکاری لەخوێندنگە یان زانکۆکاندا قاڵبێکی تایبەت بۆ هزر فەراهەم دەکات، هەرچەندە ئاوارتەییش لەئارادا هەیە. هەندێکجار دامەزراوە پەروەردەییەکان بەجۆرە دیدێك دادەمەزرێن تا هەڵوێستێکی تایبەت لەنێو خوێندکاراندا تەلقین بکات. بەبڕوای (ئالمۆند) خوێندکاران لەبەئاگاییانەوە لەکاریگەری حکومەت لەسەر ژیانیان زیاتر روو لە سیاسەتن، سەبارەت بەرەوتی سیاسی زانیاری زیاتریان هەیەو شایستەیەکی بەرزتری سیاسییانە پیشاندەدەن. قوتابخانەکان لە فۆرمگیری هەڵوێستەکانی پەیوەست بەرێسا شاراوەکانی گەمەی سیاسی رۆڵی گرنگیان هەیە. لەهەمانکاتدا، کە سیستمی پەروەردە کاریگەری گەورەی بەسەر ئەم رەوتەوە هەیە،

بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەو بەهایانەی لە قوتابخانەو زانکۆکاندایە بەرئەنجامی تەلقینکردنێکی سیاسییانەی راستەوخۆ نەبێت. (لیپیست)یش باوەڕی وایە، کە کاریگەری زانکۆکان بەسەر بەها سیاسیەکانەوە ئاڵۆزەو ئەگەری ئەوە هەیە ژینگەکەی بەتەواوی پەرە بەهۆشیاری سیاسی بدات بەبێئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵوێستە سەرەکییەکانی سیاسەت دابنێت. هەموو ئەو دیدانە ئەوە پیشاندەدەن، کە خوێندنگاش فاکتەرێکی گرنگی بەسیاسی بونی کۆمەڵگەیە.

## ٣- گروپە هاوتاکان:

گروپە هاوتاکان یان هاوبەندەکان لە قوتابخانەو زانکۆکان زیاتر کاریگەرییان هەیە. ئەزموونەکانی تاك لەنێو هاوەڵەکاندا بۆ دروستکردنی ئاڵوگۆڕی تەواو لەهەڵوێستی هزرییاندا شتێکی بنەڕەتییە. دەرئەنجامی کاریگەری لەوجۆرە ئەگەری ئەوە هەیە هەڵوێستی توندوتیژانەو نەیارانە بەئاسانی بۆ هەڵوێستی هاوکارانە بگۆڕێت یان بەپێچەوانەوە. جەیمز کولمن ( G -Coleman) لەو بڕوایەدایە، کە لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی وەك ئەمەریکاو سوید کاریگەری هاودەمیی باوان و فێرکاران لەسەردەمی سەرەتای لاوێتیدا روو لەکەمبونەوەیە، لە بەرامبەردا گروپە هاوتاکان کاریگەری زۆر فراوان لەسەر هەڵوێست و رەفتاری سیاسی دادەنێن. چەند لێکدانەوەیەك دەربارەی رەفتاری سیاسی دەنگدان ئاشکرای کرد، کە لەرووی سیاسیەوە هاوشێوەترین گروپە ئەمریکییەکان هاوسەرەکان و پاشان هاوەڵان و ئینجا گروپەکانی کارکردنە. وێڕای باوان و فێرکاران زۆربەی خەڵکی زۆرترین بەشی ژیانی لەنێو گروپە هاوتاکاندا دەگوزەرێنێت - لەهاوەڵێکردنی کەسانی دەرەوەی خێزانەکان، کە تا رادەیەك هاوتەمەنن و پێگە، پرس و پەیوەندی هاوشێوەیان هەیە. بەمپێیە دەکرێت بەو دەرەنجامە بگەین، کە گروپە هاوتاکان یان گروپی سەرچاوەو هاوڕاز رۆڵی گرنگ لەرەوتی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە دەگێڕن.

## ٤- شوێنی کارکردن:

ئەزموونەکانی شوێنی کارکردنیش گرنگە. جۆری ڕەفتاری سەرکار لەگەڵ کرێکاران ڕوانگەو بیرکردنەوە سەبارەت بەسروشتی مرۆڤایەتیان تێدا دەئافرێنێت. ئەو منداڵەی لەژینگەی خێزانێکی دیموکراسیدا گەورە بوو بێت، ئەگەر ڕەفتاری سەرکار لەگەڵیدا بێناموسانەو لەرووی سوکایەتییەوە بێت، تووڕەیی پیشان دەدات. ئەو پێیوایە هاوبەشیکردن لەرەوتی مشتومڕی کۆگەلی یان بەشداریکردن لەمانگرتن ئەزموونێکی بەهێزی هاودەمی و تێکەڵاوبوون بەسەرکارو کرێکاریش دەبەخشێت. کرێکارانی مانگرتوو نەك تەنها تێدەگەن، کە دەتوانن لە پێناوی ئایندەی خۆیاندا، کاریگەری لەسەر بڕیاری باڵادەستان دابنێن، بەڵکو لەتوانای هەنگاوە تایبەتەکانیش، واتە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان، بەئاگا دێنەوە، کە دەتوانرێت لەهاوبەشیکردنە سیاسیەکاندا بەکار بهێنرێت.

## ٥- میدیاکان:

سیستمی کۆنترۆڵکراوی میدیاکان ڕۆڵێکی گەلێك سەرەکی لەبەسیاسیبوونی کۆمەڵگە دەگێڕێت. دەکرێت میدیاکان لە دروستکردنی یەکپارچەیی و هارمۆنی دیدەکانی تاك بەرامبەر بەسیستمی سیاسی ڕۆڵی گرنگی هەبێت و بەمپێیە (پلانی ناساندنی) بنەڕەتیانەی تاك فۆرمگیر بکەن. بە وتەی (هیوستن رانی)، لەهەموو ئەو وڵاتانەی خاوەنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیگرتنی گشتین، میدیاکان لە نەخشاندنی لایەنگری بنەڕەتی و هەروەها هزری تایبەتی زۆربەی خەڵکیدا ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان هەیە. (لویس پای) جەخت دەکاتەوە، کە میدیاکان گونجاوترین شێوازە بۆ مەیلی تێکەڵاوی و بە فاکتەری تازەگەری چارەنوسساز دادەنرێت.

## ٦-حکومەت و کاربەدەستانی پارت:

پەیوەندی ڕاستەوخۆی فەرمی یان نافەرمی لەگەڵ دەستەبژێرانی سیستمی سیاسی وزەیەکی پڕ توانا دێنێتە ئاراوە، کە یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە دەکات. پارتە سیاسیەکان بە پڕوپاگەندەی سیاسی، خەبات و

چالاکی هەڵبژاردن، خستنەرووی تێزی سیاسی بەشێوەی نوسراو یان سەرزارەکی بە دیاریکردن و کەڵەکردنی بەرژەوەندی سیاسی ڕۆڵی سەرەکی بۆ بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە دەگێڕن.[٤٢]

پاش ئەو ئاماژە کورتە بە فاکتەرەکانی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو خەڵك کەموزۆر بەئەزموونی سیاسیبوونی کۆمەڵگە رەت دەبن. ئەم رەوتە گشتگیرە، واتە هەموو ئەو دیاردانە لەخۆ دەگرێت، کە تەنانەت دووراودووریش هاوەڵی پەروەردەی سیاسین و ئەنجامەکانیشی پێکەوە گرێدراوەو کاروکاردانەوەیە. سیاسی بوونی کۆمەڵگە رەوتی بەرەوپێشچونەو لەبنەڕەتدا پەیڕەوی لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و رەوتی فێرکاری دەکات و لەو رەوتەشدا تەنها ئەو توخمانە رووت دەکاتەوە، کە لەگەڵ ئامانج و بەها سیاسیەکاندا هاویەش و گونجاون. (ئالمۆند و پاول) لەگەڵ پێداگرییان لەسەر رۆڵی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە لەسیستمی سیاسی وڵاتێکدا بەڕاستی باس لەوەدەکەن کە: (دیارە لێکۆڵینەوە لە بەسیاسیبوونی کۆمەڵگە یەکێکە لەهیوادارترین رێچکەکان بۆ پێناسەکردنی سەقامگیری و گەشەکردنی سیاسی. گرنگیشی لەجیهانی نوێدا بەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەیە کە کاریگەری لەسەر زۆربەی کۆمەڵگەکانی سەردەم دادەنێت).[٤٣]

## ٨- گەشەکردنی سیاسی:

تێگەی گەشەکردنی سیاسی، کە یەکەمجار سیاسەتمەداران و سیاسەتزانان باسیان لێوەکردوەو پاشان ئابوریناسان، کۆمەڵناسانو توێژەرە سیاسیەکان دەستیانداوەتێ، لە مەیدانی سیاسەت و زانستی سیاسەتدا پێگەیەکی گرنگی هەیە. وێڕای ئەوەش (هێشتا لێڵی و نا راستییەکی زۆر سەبارەت بەم زاراوە زانستییە) لە ئارادایە[٤٤].

ناساندنی چەمکی گەشەکردنی سیاسی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان هەیە، کە دەکەوێتە دەرەوەی دیدی ئەم کتێبەی کە لەسەر بنەماکانی زانستە سیاسیەکان نوسراوە. لێرەدا دەربارەی روونکردنەوەی تێگەی گەشەکردنی سیاسی تەنها ئاماژەیەکی کورت دەکەین.

سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی نەتەوەیی پاش خولی کۆلۆنیالیزم لە ئاسیا، ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین ئاڵوگۆڕی هەلومەرجەکانی بەرەوتێکی گەلێك خێرا خستەڕوو. لەم رێگەیەوە هانی وەچەی نوێی دانیارانی سیاسەتیدا تا بە ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی سیاسی– کۆمەڵایەتیدا بچنەوە. نەوەی نوێی سیاسەتزانان ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە لەگەڵ بوونی زەمینەی کۆمەڵایەتی– ئابوریی و کەلتووریی پاشماوەی سەدە دێرینەکان و مانەوەی کاریگەرییان، دەتوانن رەوتە سیاسییە ناخۆرئاواییەکان، تەنانەت لەگەڵ بوونی ناکۆکی لەگەڵ رەوتی خۆرئاواشدا، بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بخەنە ژێر لێکدانەوەوە. خودی ئەو حەقیقەتەی، کە رەوتە ناخۆرئاواییەکان جیاوازی لەگەڵ رەوتە سیاسیەکانی خۆرئاوادا هەیە، کە ریشەیان لە کەلتورێکی جیاوازەوەیە (ناچاریکردن لێکدانەوەکانیان بۆ هەموو زەمینەی ستراکتۆرەکانی کەلتووری و مێژوویی دەوڵەتە تازە گەشەکردوەکان بەرفراوان بکەن[٤٥]). دەرئەنجام ئەوەبوو میتۆدی نوێ بۆ توێژینەوەی زانستی سیاسەت هێندە بەرفراوان بوو، کە جگە لە شرۆڤەکاریی دەزگاو دامەزراوە سیاسیەکان، زنجیرەیەکی بەرفراوانیش لە هێزی ئیکۆلۆژی لەخۆ بگرێت.

هەروەك وترا زاراوەی زانستیانەی گەشەکردنی سیاسی پێناسەیەکی وردو دیاریکراوی نییە. دەبێت لە لێکدانەوەیەکی بەرفراواندا هۆکەی بدۆزرێتەوە، کە لە دیدی لێکدانەوە زنجیرەییەکانی سەبارەت بە (پەرەسەندن، تازەگەری، گەشەکردن)ی دەوڵەتە نوێیەکانی جیهانی سێیەم ئەنجامدراوە. نامەکانی (لوسین پای، گابرێل ئالمۆند، جەیمز کۆڵمن، لیونارد بیندر، مایرۆن وینز، دەڤید ئاپتەر، هارۆلد لاسوێل، کارل دویچ، تالکۆت پارسۆنز، ئەدوارد شلیز، جۆزێ لاپالمارا، رۆبەرت وارد، دانکۆت رۆشتو، والت ویتمن، سیدنی وربا)و دەیان تیۆرسینی کۆمەڵایەتی دیکە لەوبارەوە دەخرێتەڕوو، کە لێکدانەوەی ئەزموونی زۆریان دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی– سیاسی و کەلتووریی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان ئەنجامداوە، بە تایبەتی لە روانگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژیا و سیاسەتەوە تا رەوتی ئاڵوگۆڕ لەو وڵاتانەدا روون بکەنەوە. بەڵام ئەوەی دەتوانرێت سەبارەت بەهەموو ئەو لێکدانەوانە بوترێت، کە بۆگەشەکردنی سیاسی کراون، ئەوەیە کە

(پیشاندەری نیگەرانییەکی زمانەوانییە) و وێڕای ئـەو نیگەرانییـەش (پێدەچـێت جۆرێك لـە ڕێکەوتنی سەرکەوتووانەتر سەبارەت بە گەشەکردنی سیاسی هەبێت).

پێویستە (لوسین پای) بە یەکـەمین توێـژەری بەرجەسـتە لەقەڵـەم بـدرێت، کـە (تێگـەی گەشـەکردنی سیاسـی بـەقوڵی راڤـەکردوەو تیـۆرێزەی بـۆ کـردوەو کاریگەرییـەکی نکـۆڵی لێنەکراوی بەسەر هەموو لێکۆڵینەوەکانییەوە بەجێهێشت).[٤٦] (لوسین پای)، کە کارەکـانی لــە (١٩٣٦)ەوە دەســتپێکرد، بەســەرنجدان لــە پەرەســەندنی کــەلتووری لــە رووی پەسەندکردن، گونجاندن و ریفۆرمی نموونە کۆنەکانی ژیان لەگـەڵ پێداویـستییە نوێیـەکان، بیری لـە گەشـەکردنی سیاسـی دەکـردەوە. پێـداگری کـرد، کـە یەکـەمین هـەنگاو لـەرێگای گەشەکردنی سیاسیدا پەرەسەندنی سیستمی دەوڵەتی نەتەوەییە. گەشەکردنی سیاسـی بـە چــەمکێکی بنــەڕەتی دەزانێــت، کــە وردەوردە لــە سەرانــسەری هــەموو کۆمەڵگەکانــدا بڵاودەبێتـەوەو دەکرێـت بـە کـەلتووری جیهـانی نـاو ببرێـت. لـە دیـدی ئەمـەوە دەکرێـت ئاماژەکانی گەشەکردنی سیاسی لەسەر سـێ ئاسـتدا ببینرێت: لـەرووی دانیـشتوانەوە وەك گشتێك، لە رووی ئەنجامدانی رێکوپێکی کارەکانی حکومڕانی و گشتی و  لەرووی رێکخستنی کۆمـەڵی مەدەنییـەوە.[٤٧] پاشـان سـەبارەت بـە دیـدە جیاوازەکـان بـە پەسـەندکردن یـان رەتدانەوەی هەندێکیان باس لـەم بابەتانـەی خـوارەوە دەکـات: گەشـەکردنی سیاسـی وەك پێـشمەرجێکی پێویـستە بـۆ گەشـەکردنی ئـابووری، سیاسـەتە دەرکەوتـەکانی کۆمەڵگـە پیشەسازییەکان، تازەگەری سیاسی، کـاری دەوڵـەتی نەتـەوەیی، پەرەسـەندنی ئیـداریی و یاسـایی، جموجـوڵ و هاوبەشـیکردن، دامەزرانـدنی دیموکراسـی، جێگیریـی یـان گـۆڕانی سـامانداری، جموجـوڵ و دەسـەڵات، یـەکێك لـە لایەنـەکانی رەوتـی فـرە رەهەنـدی گـۆڕانی کۆمەڵایەتی، چەمکی رێزی نەتەوەیی لە پرسە نێودەوڵەتییەکانداو شتی لەو جۆرانە.[٤٨]

لـەپاش لێکدانـەوەی دیـدە جۆراوجۆرەکـان سـێ تایبەتمەنـدی بـۆ تێگـەی گەشـەکردنی سیاسی دیاریدەکات:

١- **یەکسانی**: لەمڕووەوە گەشەکردنی سیاسـی پەیوەسـتە بـە هاوبەشـیکردنی خـەڵکی و هەنگاوی گشتی لە چالاکییە سیاسـیەکاندا. ئـەو هاوبەشـیکردنە ئەگـەری ئـەوە هەیـە وەك جموجوڵێکی دیموکراسییانە یان تۆتالیتاریانە بێت، بەڵام خاڵی بنەڕەتی گۆڕانی خەڵکـە بـۆ

هاولاتیانی ئەکتیڤ. لەمبارەیەوە بەلایەنی کەمەوە وێنەی ڕەواڵەتیانەی حوکمڕانی گشتی پێویستە. هەروەها دەبێت یاساکان هەڵگری چییەتی گشتی بن و کەمونزۆر لەلایەنی جیاوازییە کەسایەتییەکانەوە دوور بن و دەستڕاگەیشتن بە پۆستی سیاسی دەبێت پشت بە شارەزایی، لێوەشاوەیی و توانستەکان ببەستێت، نەك لەسەر ڕێچکەی دامەزراندنەکانی ناو سیستمی کۆمەڵایەتی ترادیسیۆنی.

٢- **شوێنگە**: ئەم تایبەتمەندییەی گەشەکردنی سیاسی ئاماژە دەکات بۆ توانای سیستمی سیاسی لە بەخشینی (داتا دەرەکییەکان) و ڕادەی کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەو ئابوورییەوە. هەروەها شوێنگە هاوەڵی ڕاپەڕاندنی ئەرکە حکومییەکان و هەلومەرجی کاریگەریدانانە لەسەر ئەو جێبەجێکردنە. ئارەزوویەکە بۆ بە پسپۆڕیکردنی حکومەت، بە ئەقڵانیکردنی بەڕێوەبردن و بەخشینی لایەنگری مادیانە بە کۆمەڵگە. هەنگاوەکانی حکومەت زیاتر بەو توێژینەوەو ئاراستەکردنانە ڕێنوێنی دەکرێت، کە ئامانج و ئامڕازەکان بەشێوەیەکی گونجاو پێکەوە گرێدەدات.

٣- **گۆڕانی پلەبەپلە**: ئەم تایبەتمەندییەی گەشەکردنی سیاسی ئاماژەیە بۆ پەرەسەندن و پسپۆڕ بوونی دامەزراوەکان. پۆست و کارمەندەکان ئارەزوو پەیدادەکەن ئەرکی دیارو سنووردارییان هەبێت و دابەشبونێکی هاوسەنگانەی کار لەناو کرۆکی حکومەتدا هەبێت. هەروەها ئەم تایبەتمەدییە یەکپارچەیی گروپی دامەزراوەکان و پرۆسەکان لەخۆدەگرێت. بەمپێیە گۆڕانی پلەبەپلە (بەواتای بڵاوەپێکردن و گۆشەگیرکردنی بەشە جیاوازەکانی سیستمی سیاسی نییە، بەڵکو بەواتای بە پسپۆڕکردنیانە لەسەر بنەمای یەکپارچەییان).

لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی گەشەکردنی سیاسی پیشانی دەدات، کە تایبەتمەندێتی یەکسانخوازی بە کەلتووری سیاسییەوە پەیوەستە. تایبەتمەندێتی شوێنگە پەیوەستە بە ئەنجامدانی ئەرکی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی یاسایی حکومەت و تایبەتمەندێتی گۆڕانی پلەبەپلە بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ دامەزراوە نا دەسەڵاتدارێتییەکان و ڕەوتە سیاسییە گشتییەکانی کۆمەڵگە سەروکاری هەیە. ئەم هاوبەندیانەش پیشانی دەدەن کە: (لەدوا شرۆڤەکردندا پرسەکانی گەشەکردنی سیاسی هاوبەندی پەیوەندییەکانی نێوان کەلتووری سیاسی، دامەزراوەکانی دەسەڵات و ڕەوتی گشتی سیاسییە).[٤٩]

(لیۆنارد بیندر) لەگەڵ وردبوونـەوەی لـە گەشـەکردنی سیاسـی وڵاتـانی تازەپێگەیشتوو دیدی خۆی گەڵاڵە دەکات و ئەم بابەتانە بۆ ئەو گەشەکردنە دیاری دەکات :

١- گۆڕینی شوناس، لە شوناسی ئاینییەوە بۆ نەتەوەیی و لـە شوناسـی لۆکاڵییـەوە بـۆ کۆمەڵایەتی.

٢- گۆڕینی رەوایی لە سەرچاوەیەکی بەرزی نادیارەوە بۆ سەرچاوەیەکی ئاسایی.

٣- گۆڕان لە بەشداریکردنی سیاسی لە دەسـتەبژێرەوە بـۆ جـەماوەر، لـە خێزانـەوە بـۆ گروپ.

٤- گـۆڕینی دابەشـکردنی پۆسـتە حکومییـەکان لـە پێگـەی خێزانـی و تازیارییـەوە بـۆ پسپۆڕی و لێوەشاوەیی.

٥- گۆڕان لە رادەی کاریگەری ئیداریی و یاسـاوە بـۆ دامـەزراوەی کۆمەڵایـەتی و ناوچـە دووره دەستەکانی وڵات.[٥٠]

(فرێـد ریگـز) یـەکێکی دیکەیـە لـە تیۆرسـینانی گەشـەکردنی سیاسـی، بەوتـەی خـۆی هێزەکانی (دەوروبەر) لەگەڵ چەمکی گەشەکردنی سیاسـی ئاوێتـە دەکـات. بـە بـڕوای ئـەم کرۆکی سیاسییانەی زاراوەی (گەشەکردن) سنوورداربووە تا بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژە بـۆ ئـەو توانـا بەرفراوانـە بکـات بـۆ وەرگرتن و گواسـتنەوەی بڕیـاری کۆگـەلی کاریگـەر لەسـەر دەوروبەر (نەك خاك). بەوتەی ئـەم رەهەنـدی ئیکۆلـۆژی، کـە زاراوەی (دەوروبـەر) دێنێتـە ئـاراوە، لـە بڕیـارە سیاسـیەکاندا پێویـستی بەوەیـە کـە هـەم ژینگـەی کـەلتووریی و هـەم مرۆڤایەتی بۆ ژینگەی سیاسی زیاد بکرێت تا وێنەیەکی گونجاو لە ئیکۆلۆژی کاری سیاسیو بەڕێوەبردن بەدەستەوە بدات. بە هـەمان شـێوەش زاراوەی (خـاك) گرنگـی تایبـەتی خـۆی هەیە، کە وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوزارشت لە لێکدانەوەی دەوڵەت دەکـات. بەپشتبەستن بەم سەرچاوانە لە پێناسەی گەشەکردندا وتویەتی: (بە بڕوای مـن گەشـەکردن تێگەیشتنێکی بەرفراوانە لە تەگەرەو سەرچاوەکانی دەوروبەر. وێڕای ئەوەش، ئەمە زۆرجار تـوخمێکی زۆر هەسـتیارە لـە گەشـەکردندا، گریمانـەی ئـەوە هەیـە کۆمەڵگەیـەك بـەهۆی هەڵبژاردنی ئەو کارانـەی دەبنـە هـۆی گـۆڕینی دەوروبەرەکـەی، بـەجۆرێك بجوڵێتـەوە، کـە تەگەرەکان کەم بکاتەوەو پەرەش بە سەرچاوەکان بدات، بەو جـۆرەش ئامـادەگی تایبـەتی

خـۆی بـەرفراوان بکـات تـا بـە جۆرێـك بڕیـار بـدات کـە ئاسـۆی دیـاریکردنی چارەنووسـی بەرفراوانتر دەکات.[51]

گەشــەکردنی سیاسـی دوولایــەنی هەیــە. وێـڕای ئـەوەی گرنگـی بـەفرە ڕەهەنـدی و پەرەسەندنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی ـ سیاسـیەکان دەدات، چـاودێری پاشەکشەکردنیـشیان دەکات. بە واتایـەکی دیکـە، گەشـەکردنی سیاسـی یـەك ئاڕاسـتە نییـە. لەلایەکـەوە ڕەوتـە کۆمەڵایەتییــەکان پێکــدێت، بــەهێز و جــێگیر دەبێــت، لەلایــەکی دیکــەوە نــاجێگیری دامەزراوەکان ـ سیاسی، ترادیسیۆنی، گواستنەوە یان نویٚ ـ بەرفراوانتر دەبێت.

گەشەکردنی سیاسی هاوبەندی کارکردنی سیستمی سیاسییە. ئەگـەر سیـستمی سیاسـی خێرایی بـە ڕەوتـی دیمـوکراتیزەکردن ببەخـشێت، لەسـەر ئاسـتی بـەدیهێنانی گەشـەکردنی سیاسی بەرەوپێش دەچێت و لەو بارەشدا لایەنی پۆزەتیڤ یان ئاستی بەرزو پەرەسـەندوی دامــەزراوەکانی پیــشاندەدات. بــەڵام ئەگــەر سیــستمی سیاســی نــەتوانێت دامــەزراوە دیموکراسـییەکان جـێگیر بکـات یـان درێـژەیان پێبـدات لـە ڕەوتێکـی پاشەکـشەکردنەوە دەئاڵێت. تایبەتمەندی یان دیاردەکانی ئـەم دوو لایەنـەی گەشـەکردنی سیاسـی دەتوانرێـت بەم لیستە روون بکرێتەوە:

**أ/ دیاردە پۆزەتیڤەکان (گەشەکردن).**

١- دەوڵەتمەداریی یان یەکپارچەیی خاك.

٢- فۆرمگیری نەتەوە یان یەکپارچەیی نەتەوەیی.

٣- پەرەدان بە مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی ئازاد بۆ زۆرترین دەنگدەر.

٤- بە سیاسیکردن یان بەشداری زیاترو زیاتری خەڵك لە پرۆسە سیاسیەکاندا.

٥- بەشداریکردنی خەڵك لە ئەنجومەنەکانی بڕیاردان.

٦- گرنگیدانی زۆر بە گروپە ئۆتۆنۆمەکان.

٧- کەڵەکــەکردنی بەرژەوەنــدیی زۆری پارتــە سیاســیەکان لەگــەڵ جێگیرکردنــی دیموکراسی.

٨- ئازادی چاپەمەنیو پەرەدان بە میدیا گشتییەکان.

٩- ئەنتی سەنترالیزمی سیاسی و ئیداری.

١٠- خۆجێیەتی یەکە لۆکالییەکان یان حکومەتی هەرێمەکان.

١١- پەرەدان بە تواناکانی پەروەردە.

١٢- رۆڵی کاریگەری ئەنجومەنەکانی یاسادانان و خزمەتگوزاری دامەزراندنی نوێنەران.

١٣- رۆڵی کاریگەرانەی کارگوزارییە نیوەحکومییەکان وەك بەڵێندەرایەتی گشتی.

١٤- رۆڵی رێکخراوی بە دەسەڵات بۆ سەرپەرشتیکردنی سکالۆکانی خەڵك.

١٥- ئارامگرتن لەبەردەم نارازییان و کۆنترۆڵکردنی بزاوتی نەیاران.

١٦- فراوانکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی دەستەبژێرە سیاسیەکان.

١٧- شەفافیەت لە کاری حکومەتو بەرپرسیارێتی حوکمڕانان لەبەرامبەر خەڵکدا.

١٨- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییو سەروەری یاسا.

١٩- هێزی چەکداریی ناسیاسی.

٢٠- سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان بە پشتبەستنی بە رەوشەکانی دەستوور.

٢١- بێلایەنی یان سەربەخۆیی کارمەندان.

٢٢- بەجیهانیکردنی کەلتوری سیاسی.

**ب/ دیاردە نێگەتیڤەکان (داکشانی سیاسی)**

١- هەڵبژاردنی ساختەو چاوپۆشیکردن لە یاساو بڕیارەکان.

٢- خۆپیشاندانی نارەزایی ئامێز بە بەکارهێنانی توندوتیژی.

٣- ئاژاوەی نەیاران، چالاکی ژێرزەمینی و هێرشی چەکدارانە.

٤- گەندەڵیی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

٥- پەرتوبلاوی پارتە سیاسیەکان.

٦- سەرکوتکردنی نارازییەکان.

٧- پیرۆزبوونی فەرمانڕەواکان.

٨- مەزنکردنو پیاهەڵدانی ئایدیۆلۆژی فەرمی و حوکمڕان.

٩- مەبەستی خراپی سیاسیانە.

١٠- بەسیاسیبونی هێزە چەکدارەکان.

١١- ملکەچی کارمەندان بۆ هێڵی پارتی دەسەڵاتدار.

١٢- گەندەڵی بەرفراوان و خراپی بەڕێوەبردن.

١٣- بە سەنترالی بوونی بڕیارەکان.

١٤- زیندانیکردنی بەکۆ.

١٥- دەستێوەردانی دەرەکی لەکاروباری ناوخۆ.

ئەم دیاردانە پیشانی دەدەن، کە وڵات لە چی قۆناغێکی گەشەکردندایە: لە قۆناغی هەڵکشان و گەشەی دامەزراوە جەماوەرییەکان یان لە قۆناغی بەرفراوانبوونی ناسەقامگیری و داکشانی دامەزراوەکان [٥٢].

## ٩- جموجۆڵی کۆمەڵایەتی:

جموجۆڵی کۆمەڵایەتی رەوتێکە لە تازەگەری، کە بەهۆیەوە بەهای کۆنی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، کەلتوری، میتۆدەکان، ئەخلاق، نەریتەکان، پێداویستی و نموونەی رەفتارەکان هەڵدەکشێن یان دادەکشێن و نموونەی نوێی پەسەندیی هاودەمیی و رەفتاری تازە لەلای خەڵکی سەرهەڵدەدەن. جموجۆڵی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕ لە شوێنی نیشتەجێبوون، کار، پێگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی کارکردن، دامەزراوەکان، رۆڵەکان، ئەزموونەکان، پێشبینییەکان، خونەریتەکان و پێداویستییەکانی لە وێنەی نموونەی نوێی هاوبەندی گروپ و وێنە تازەکانی شوناسی تاك و کەسێتی لەگەڵ خۆی دێنێت. بۆ نموونە، لە هەندێك کۆمەڵگەدا لەناوچوونی هەندێك لە پیرۆزییەکان، سەرهەڵدانی سەوداگەری نوێ، شارەکان و هۆکارەکانی گواستنەوە، بزاوتی نوێی فیزیکی و ئابووری، چاککردنی رەوشەکانی هاونیشتمانی لە بەرهەم و رەوشی خاوەندارێتی زەوی، ریفۆرمی سنوردار، بەڵام گرنگی رەوشەکانی قەرزپێدان و لەوەڕگاکان، ریفۆرمی دارایی و موڵکایەتی، بڵاوکردنی گرنگی ژنان لەژیانی بازرگانی، سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی ئەنجومەنەکان وەك ئەنجومەنە هاوبەشەکان ئەمانە بە دیاردەی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی لێکدەدرێتەوە.[٥٣]

بەمپێیە ڕەوتی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی دوو قۆناغی هەیە: ١- قۆناغی هەڵکەندن لە ریشە یان دوورکەوتنەوە لەمیتۆد، خونەریت و بەڵێننامە کۆنەکان. ٢- قۆناغی پەسەندکردنی نموونەی نوێی تا رادەیەك سەقامگیر لەلایەن خەڵکانی ریشەکێشراو لە ئەندامێتی گروپ، رێکخراو، بەهاداری یان پەیماننامەیی. بۆ نموونە، ئیمپریالیستەکان لەکاتی خولی سەرەتایی ئیمپرالیزم لە ئەفریقا بۆ کارکردن لە کۆمپانیا ئیمپریالیستەکان پێویستیان بە دەستی کاری خەڵکە لۆکاڵەکە هەبوو. بەڵام ئەو کۆمپانیایانە دەرەکی بوون و هیچ لەگەڵ خواست و کەلتووری خۆماڵیدا نەگونجابوون. لەبەرئەوە ئەفریقییەکان خۆبەخشانە نەدەچوونە ناو سیستمی ئیمپرالیزمەوە. ئیمپرالیزم دەبوو بەزۆر سیستمە ئەفریقییەکانی پێشخۆیان ریشەکێش بکەن تا خەڵکی بێڕیشەبن و بۆ کار بکەونە بەردەستی ئیمپرالیزم. خەڵکەکە لەسەر کاری بەزۆر، دراوی باوی ئیمپرالیزم، باجی نوێ و حەقدەستی زۆر کەم راهاتن. ئەفریقییەکان بۆ باجی نوێ دەبوو دراوی ئیمپرایالیزمی بە دەستبێنن، ئەوەش تەنها لە رێگای دەرچوون لە شێوەی کۆنی ئابووری و چوونە ناو ئابوری ئیمپریالیزمەوە مەیسەر دەبوو.

هەژموونکردنی ڕەوتی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارە تا لەوە دڵنیا بێت، کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی، هیچ لەمپەرێك نایەتە بەردەمی یان بەرژەوەندی مرۆییانەی تەواوی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی بەرنامە هەمەجۆرەکان لە بەردەستدایە. پشکی لەوجۆرە زۆر پێویستە، چونکە جموجۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئەو توێژانەی لەرووی سیاسییەوە هاوبەندی دانیشتوانن. پرۆسەی سیاسییانەی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کرێکاران، گوێگرانی رادیۆو زیادبوونی خوێنەواران لەناو شارو گوندەکان لەخۆ دەگرێت. زیادبوونی ژمارەی ئەم تاکانە فشار بۆ گۆڕینی میتۆدو پێکهاتەی سیاسی دێنێتە ئاراوەو سەرەنجام ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە هۆی شۆڕشی دژ بە چینی دەسەڵاتدار.

جموجۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو پێداویستییانەی مرۆڤ ئاوەژوو دەکاتەوە، کە فشار بۆ سیستمی سیاسی دەبەن. هەر هێندەی مرۆڤەکان لە گۆشەگیری فیزیکی و هزری شوێنگە سەرەتاییەکانی خۆیان، لە خونەریتە کۆنەکانیان، لە نموونە باڵا دێرینەکانی کارو شوێنی

نیشتەجێبونیان هەڵکەندران، هەست بە گۆڕانی گەورە لـە پێویـستیەکانی خۆیانـدا دەکـەن. ئەگەری ئەوە هەیـە هەسـت بەپێداویـستبوونی بیمـەی کۆمەڵایـەتی لەبەرامبـەر نەخۆشـی و پــیری، تەندروســتی گــشتی و تەندروســتی ژینگــەو کــار، بیمــەی ڕێکــەوت و زیانــەکانی بەرئەنجامی کار بکەن. لەوانەیە بەرامبەر بە زیادبوونی کرێـی خانوبـەرە، سـوی قـەرزەکانی بانك و بەهای کاڵا بنەڕەتییەکان پێویستیان بە پشتیوانیکردن بێت. لەوانەیە بۆ پـەروەردەو فێرکاری خۆیانو منداڵەکانیان مـەیلیان روو لـە زیـادبوون بێـت و ئـاوڕی جـدی لێبدەنـەوە. دەستەبەرکردنی هەموو ئەو پێویستیانە وابەستەی هەنگاوەکانی حکومەتە. ئەگەر حکومەت نەتوانێت تاڕادەیەکی گونجاو ئاست و خێرایی تەوژمی ئەم گۆڕانکارییانە جڵـەو بکـات، ئـەوا چالاکییەکانی دادەکشێت و دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار دەکەوێتە بەرمەترسی.

لە دیدی جەماوەری بێپیشە، بێنەواو بێلایەنگرەوە، کە بەهۆی جموجۆڵی کۆمەڵایەتیەوە دێنـە ئـاراوە، بـە دڵنیاییـەوە راسـت نییـە کـە (باشـترین حکومـەت ئەوەیـە کـەمترین مـاوە حـوکمڕانی دەکـات)، چـونکە پێویـستی زۆری خزمـەتگوزاری گـشتی بەشـێوەیەکی ئاسـایی فـشارێکی بـەردەوام دەخاتـە سـەر مەیـدانی فراوانبـووی چـالاکییەکانی حکومـەت. بـەڵام ئــەمجۆرە پەرەســەندنەی ئەرکــەکانی حکــومڕانی پێویــستی بــە فراوانبــوونی تواناکــانی حکومەتە. پێداویستی زیادبوونی ژمارەو پەروەردەکردنی کارمەنـدان، پۆسـتدارو دامـەزراوە گشتیەکان بەرزکردنەوەی چۆنایەتی دامەزراوەو کارامەیی بەڕێوەبردنە. لەمروەوە پرۆسـەی بە پەلەی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی فشاری زۆر بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی و بـەڕێوەبردن دروست دەکات. گریمانە دەکرێت ئەمجۆرە ریفۆرمسازییە زیادبوونی چەندایەتی بیرۆکراسـی و چۆنایەتی ئاڕاستەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێت.

ئەگـەری ئـەوە هەیـە بـەهۆی ماهیـەتی ناهـارمۆنی جموجـوڵی کۆمەڵایەتیـەوە لەناوچـە جیاجیاکانی وڵاتێکدا هەلومەرج ئاڵۆزتر ببێت. لە ئەنجامی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی نایەکسان پەیوەندی نەژادەکان دوچاری زیان ببێت، کە ریشەیان لە رابردوودایەو ئەگەری ئـەوە هەیـە لەنێو نەژادەکانی وڵاتدا مابێتەوە. یەکەم بەریەککەوتنی ئەو نەژادانە لەگەڵ ئیمپریالیزم لەو وڵاتانــەی رابردوویــەکی لەگــەڵ ئیمپریــالیزدا هــەبووە بــوە بــەهۆی ئــەوەی مــەیلیان بــۆ پەسەندکردنی بەهاو رەوشەکانی ژیانی ئیمپریـالیزم بجوڵێـت، پێگـەی پێویـستی لۆکاڵییـان

لەناو ئەجێندای کۆمەڵایەتی– ئابوری ئیمپریالیزم و ئیمپریالیزمی نوێدا بووە بەهۆی ئـەوەی هەندێك گروپی نەژادی لە هەندێك بەشی وڵاتدا بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تریدا جموجۆڵی کۆمەڵایەتیانەی زیاتر بە دەستبێنێت. ئەم دۆخە لـە سیـستمی ئیمپریـالیزم و ئیمپریـالیزمی نوێدا هەلی نوێی رەخساند و کاریگەری لەسەر ئەم بەشانە دانا. لە هەلومەرجی لەو جۆرەدا حکومــەت دەبێــت بەشــداری بکــات، ناهاوســەنگیو نایەکــسانی لابــداتو کاردانــەوەکان بسڕێتەوە.(٥٤)

جموجۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی برەودان بە هەرچی زیاتری بەشـداریکردنی سیاسـی. ئەم هاوبەشیکردنە سیاسـییە لـە پێداویـستی هـەنگاونانی حکومەتـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتــەکانی ژیــانی ئــەو تاکانــە سەرچــاوە دەگرێــت، کــە ریــشەکێش کــراون و لــە رووی کۆمەڵایەتییەوە کەوتوونەتە جموجۆڵ. ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەم بەشـداریکردنە سیاسـییە لەشـێوەی خۆپیـشاندان، یـاخیبوون، کـۆڕو کۆبوونـەوەو ڕێپێـوان، مـانگرتن و ئاژاوەگێڕیـدا دەرکەوێت یان لەناو ژمارەیەکی کەمتری خەڵکدا، وەك وەرگرانـی بـەرفراوانی چـالاکیەکانی میدیای وێنەیی و ئەلکترۆنی بەشداری تێدا بکەن. تەنانەت هەندێك لەو ڕێکخراوانەشی، کـەوا دەردەکەون دورن لە جموجـۆڵی کۆمەڵایەتییـەوەو بـە ئاشـکرا ناسیاسـین، وەك گروپـەکانی پاراستنی ژینگە، یەکێتییە نەتەوەییەکان، یانە جەماوەرییەکان، دامەزراوەکانی توێژینـەوە، یانەکانی مۆزیك، ئەنجومەنو سەندیکاکانی کشتوکاڵ و بازرگانی، ئەگەری ئەوە هەیە روو لە بەدەستهێنانی سوودو رۆڵی سیاسییانەی نـاڕەسمی بکـەنو ئـەرکی گرنگـی سیاسـییانە بـۆ لەبارکردنی زەمینەی بەشداریکردنی سیاسییانەی خەڵك، هەندێکجاریش وەك خەباتی دژ بـە چینی دەسەڵاتدار، راپەڕێنن.

ئەگەر حکومەت نەتوانێت لەعۆدەی بارگرانی جمۆجۆڵی کۆمەڵایەتی بێت، گریمانەی ئەوە دەکرێت بەشێکی زۆری دانیشتوان دوچاری نیگەرانی بن بەرامبـەر بەحکومـەت و پێـی نـامۆ بن، تەنانەت لەگەڵ بوونی هاوزمانی و کەلتووری فەرمانڕەوایان و فەرمانبەرانو هەماهەنگی بنەما بنەڕەتییەکانیش خەڵکی پشتی لێبکەن. بەمپێیە لەسەردەمی جموجۆڵی کۆمەڵایەتیدا تواناکـانی حکومــەت بنــەماو بنـچینەی پەسـەندکردنی گـشتی سیـستم پێکـدێنێت. ئەگـەر ئاشکرابوو حکومەت بیتوانایە یان پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خەڵکی پشتگوێ دەخـات،

هەندێك لە هاوڵاتیان رەوایی راستەقینەی ئەو حکومەتە ناسەلمێنن و سەرئەنجام حکومەت بەزۆرەملێ حوکمڕانی دەکات. لەو هەلومەرجەشدا بەناچاری سیستمی دیکە جێگای دەگرنەوەو بەلایەنی کەمەوە بەڵێن بە خەڵکی دەدەن بەشێوەیەکی کاریگەر پێداویستیو چاوەڕوانییەکانی خەڵك دەستەبەر دەکەن.

## پەراوێزەکان:


١.    دال، سەرچاوەی پێشوو ، ص٧٣

2. AlenR, Ball, Modern politics and Government (London: Macmillan, 1971)

3. Nnoli, op.cit.p.148-151

٤.    دال، سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٤

٥.    بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی بەکارهێنانی ئەم زاراوە، بەتایبەتی زۆرلێکردن و ملکەچپێکردن بڕوانە:

J.R.Lucas, the principles of politics (oxford: clarendon press, 1985) p 56-62

6- Ball, op.cit.p 25-26

٧.  لەکتێبەکەی (دال)دا لێکدانەوەو شرۆڤەکردنێکی نوێی سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەکی دووردرێژی دەربارەی مرۆڤی سیاسیو دەسەڵاتخوازییەکەی تێدایە. بڕوانە فەسڵی حەوتەم، لاپەڕەکانی ١٢٩ تا ١٦٥

8. H.D.Lasswell and A.Kaplan, Power and Society; A framework for political analysis (New Haren; yale university press, 1950) p 76

9. Ball, op.cit.p 27

10. Karl Devtsch, politics and Government, 3rd ed. (Boston: Houghton Mifflin 1980) p34

11. Jack H.Nagel, some questions about the concept of powers behavioral since,vol 13, No.2 (1968) p129-137

12. Nnoli, op.cit.p.33-75; and Geoffrey pontoon and peter gill, introduction to politics (oxford: basil black well Ltd, 1987) p49-53

١٣. دال، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨ و Ball, op.cit.p27 فەسڵی سێیەمی کتێبی دال، لە لا ٢٢ تا ٥٩ لێکۆڵینەوەیەکی دووردرێژ لەسەر نفوز.

14. Lasswell, Loc.cit

15. C.Roseman, C.G.Mayo, F.B.Colling, Dimention of politicol analysis; An introduction to the contempor ary study of politics (N.J, Englewood cliffs; prentice-Hall, 1966) p.175

١٦. پالمەر، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٣٧

١٧. هـەمان سەرچـاوەی پێـشوو ، هـەروەها بـۆ لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بەدەسـەڵات و هەژموون بڕوانە:

(Raphael, op.cit. p.75-76, 167-172 and Nnoli.op.cit.p71-91)

١٨. ز.و.لاپیر، دەسەڵاتی سیاسی، ترجمه بزرگ نـادرزاد (تهـران: کتـاب زمـان، ١٣٦٢) ص ٢٣و ٢٤و بـۆ خوێندنـەوەی زیـاتر ٢٣-٥٦. هـەروەها بڕوانـە: عبدالحمیـد ابـو الحمد، مبانی سیاست، چاپ ششم (تهران: توس، ١٣٧٠) ص ٨٤-٩٨.

١٩. بۆ خوێندنەوەی هزری راسل دەربارەی دەسـەڵات بڕوانـە: براترانـد راسـل، قـدرت، ترجمه نجف دریابندی (تهران: خوارزمی، ١٣٦٧).

20. Nnoli.op.cit.p.77-78

٢١. دال، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٠.

٢٢. سەرچاوەی پێشوو ، ص ٧١- ٧٢.

23. Agarwal, of.cit.p.616-618, Kapur.op.cit.p 57-59
24. Robert A.Dahl, Modern political Analysis 5thed (N.J, Englewood cliffs; prentice-Hall, 1991) p60

هەروەها بڕوانە ترجمەی فارسی ئەم کتێبە ص ٧٠

٢٥. بۆ خوازەی وتەکان بڕوانە: Agarwal, of.cit.p 620

٢٦. بڕوانە: Nnoli, op.cit.p 90-91

٢٧. بۆ خوێندنەوەی زیاتری شەرعیەت بڕوانە: ابوالحمد، پێشوو، ص ٢٤٧-٢٧٤

28. Robert ward, political Modernization, world politics vol 15, No.5(oct 1963) p 59
29. G.A.Almond and G.B powell, Campartive politics: A developmental Approach, (Boston; little brown and Co. 1978) p50
30. Ball, op.cit. p56

٣١. بۆ خوازەی وتەکان بڕوانە:

Lucian pye and Sidney verba (eds) political Gultre and political Development (Princeton N.J: Princeton university press, 1965) passm

32. G.A.Almond and sioley verba, the ciric culture: political altitudes and democracy in five nations (Princeton, N.J: Princeton university press, 1963) p115

33. Lbid. P 117

٣٤. بۆ خوێندنەوەی زیاتری کەلتووری سیاسی بڕوانە: پـالمر، پێشوو، ص ١٠١-١٠٤، Ball.op.cit.p 56-76، هەروەها دەربارەی دەوڵـەت و گەشـەکردنی سیاسـی بڕوانە:

Nnoli, op.cit.p 212, kapor, op.cit. p54-56

35. Robert Sigel, Assumption about the learning of political valves in: the annual of the American academy of political and social science, vol 36(sept-1965) p1
36. Almond and powell.op.cit.p 64
37. Nnoli.op.cit.p 151
38. Lbid
39. Lbid
40. Agarwall, op.cit. p 629
41. Lbid
42. Nnoli, op.cit. p 153
43. Almond and powell.op.cit.p 68
44. Lucian w.pye, aspects of political development (Boston: little brown, 1966) p 33
45. S.P.Varma, modern political lheory (Delhi: vikas, 1975) p 270
46. Lbid. P 275
47. Lucian w.pye, communication and political development (prncetion: pricpton university press 1963) p 19

٤٨. بۆ زیاتر خوێندنەوە بڕوانە:

J.C.Johari comparative politics, 3rd ed (New Delhi: sterling publishers private limited 1991) p 170-173

49. aspects of political development. Op.cit.p 48
50. Leonard Binder, Crises and sequences in political development (prncetion: pricpton university press 1971) p 66
51. Fred w.Riggs (further considerations of development administrative change, vol, 4, No.1, (1976) p3

٥٢. بۆ زیاتر خوێندنەوە سەبارەت بەگەشەکردنی سیاسی بڕوانە:

Johari, op.cit.p 168-193

53. Nnoli.op.cit.p 222
54. Lbid. P 222

-٥-

# ( دەوڵەت ، نەتەوە )

تاکو ئێستا هەندێك زاراوەی زانستیو چەمکی بنەمای زانستی سیاسەتی وەك دەوڵەت، حکومەتو سیستمی سیاسیمان بەبێ پێناسەکردن بەکارهێنا. ئێستا کاتی ئەوەیە بەوردی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم زاراوە زانستیانەو هەندێکی دیکەی وەك نەتەوەو نەتەوەیی ئەنجام بدەین تا بەوردی واتا جیاوازەکانیان دەستنیشان بکرێت.

### ١- دەوڵەتی نوێو توخمەکانی:

تێگە یان چەمکی دەوڵەت (state) تا سەدەی شانزەیەم رەواجێکی سیاسانەی بەدەست نەهێنابوو. بەکارهێنانی یەکەمجاری دەدرێتە پاڵ توێژینەوە سیاسیەکەی (نیکۆلۆ مکیاڤیلی) (١٤٦٩- ١٥٢٧). ئەم چەمکە لای یۆنانیەکان ناسراو نەبوەو لەجیاتی ئەوە زاراوەی (پۆلیس)یان بەکار هێناوە، کە دەکرێت بە (دەوڵەت - شار) یش ناوببرێت. لەو (دەوڵەت - شار)ە تەواو لەیەك نزیك و بچوکانەی یۆنانی کۆندا جەخت لەسەر خاوەنداریێتی یاساو گردبوونەوە دەکراو ئاوڕ لە دەسەڵات و ملکەچی نەدەدرایەوە. (کاتلین) پێیوایە باشترە بە (جڤاتی شاری) ناویان ببرێت تا دەوڵەت. (شار)ەکانی (رۆما)ش لایەنگری تەواویان لە خودانی یاساو ئەرکە مەدەنییەکان دەکرد. بەمپێیە (دەوڵەت- شار)ەکانی یۆنانو رۆم گردبوونەوەیەکی زۆر توندو تۆڵی جڤاتی بوون، کە لەسەر چەوساندنەوەی کۆیلەکان دەژیان.

تێگەی دەوڵەتی نوێ لە بەشی سەرەکی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بوونی نەبووە. لەو قۆناغەدا تەوەری بیرکردنەوەی سیاسی دەربارەی ئیمپراتۆریی و فەرمانڕەوایی شازادەکان بوو. لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا وردەوردە چەمکی دەوڵەت

بەدەرکەوت، بەڵام تەواو روون نەبوو. کاتێکیش بەرکارخرا، دەوڵەت هی خودی خەڵکی نەبوو، حکومڕانی تایبەت بە پاشاکان بوو. لەو دەمەدا دەوڵەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی یەزدانی بە یەکسان دەزانی، بەڵام هەندێکجاریش بە (دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی بۆ کراوە). بە تێپەڕبوونی کات دەوڵەت وێڕای پرنسیپ و ئاقارەکان چەمکێکی سروشتیانەی دەسەڵاتی یاسایی سادەو سانا یان پێکهاتەیی پەیدا کرد.

لە گفتوگۆ گشتیەکاندا چەمکی (دەوڵەت)یان بەواتای جۆراوجۆر بەکار دەهێنا. بۆ نموونە، یەکەی پێکهێنەری فیدراسیۆنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە زمانی ئینگلیزیدا بە (state) ناوبراوە. بەهەمان شێوەش باس لە کۆمەکی دەوڵەتو بڕیارە دەوڵەتییەکان یان پەروەردەی دەوڵەتی دەکرێت، لەکاتێکدا، کە لەراستیدا کۆمەکی حکومەت بڕیاری حکومیو شتی لەو بابەتەیە. دەوڵەت، حکومەت نییە، بەڵکو حکومەت کارگوزاری دەوڵەتە. هەروەها دەوڵەتیش لەگەڵ کۆمەڵگەو کۆمەڵو نەتەوەدا جیاوازە[1]. هەندێکجاریش وشەی (دەوڵەت) یان لەگەڵ وشەی (وڵات) بەیەکسان بەکاردەهێنا. هەندێجاریش بۆ رەواندنەوەی ئەو لێڵییەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی خۆماڵیانەی (دەوڵەت) دروست دەبێت، لێکدراوی (دەوڵەت – وڵات[2]) بەباش زانراوە. پاش شرۆڤەکردنی چەمکی دەوڵەتو بەدەستهێنانی پێناسەیەکی پراکتیکانەی دەتوانین جیاوازییە دیارەکانی لەگەڵ حکومەت بناسین.

لەوانەیە مایەی سەرسوڕمان بێت، کە بیریارو لێکۆڵیارە سیاسیەکان، سەبارەت بەپێناسەی دەوڵەت هاودید نین. جیاوازی دیدەکان بەرلەهەرشتێك پەیوەستە بە هەمەڕەنگی هزرەکانەوە سەبارەت بەسروشتی دەوڵەت، کە کاریگەری لەسەر پێناسەکان دادەنێت. لەکاتێکدا هەندێك لە بیریارانی سیاسی لەبنچینەدا دەوڵەت بە دامەزراوەیەکی چینایەتی دەزانن، ئەوانی دیکە لەو باوەڕەدان دەوڵەت لە چینەکان باڵاترەو نوێنەری کۆی کۆمەڵگەیە. هەندێ بە سیستمی دەسەڵاتی دەزانن‌و هەندێکی دیکە بە سیستمی خۆشگوزەرانی. بەشێك دەوڵەت بە دەستەبەرکردنی ژیانی کۆی کۆمەڵگەو لەکاتێکدا بەشێکی دیکەیان بەدامەزراوەیەکی ئەخلاقی دەزانن، کە لەخۆشگوزەرانیو زامنکردنی ئەخلاقی مرۆیی دانەبڕاوە. کەسانێك لە دیدێکی یاسایی ئەبستراکتەوە بە جڤاتێکی

دادەنێن، کە بەپێی یاسا ڕێکخراوەو کەسانێکی دیکە لەگەڵ خودی کۆمەڵ یان نەتەوە بەیەکسانی دەزانن[٣]. ژمارەیەك پێداگری لەسەر لایەنە دامەزراوەییەکەی دەکەنەوەو هەندێکی دیکە لەسەر لایەنی کارکردنی.

لەسەرەتای هزری سیاسییەوە دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی یان دەوڵەت بیروباوەڕی جیاواز لەئارادا بووە. بۆ نموونە، سۆفیستەکانی یۆنانی کۆن، کە فەلسەفەی ئەوروپا لەوانەوە داکەوتووە، کۆمەڵگەی مەدەنیان بە پەیماننامە زانیووە. بەڵام بیریارانی دوایی، وەك ئەفلاتون (٣٤٧– ٤٢٨ پ.ز) و ئەرستۆ(٣٢٢– ٣٨٤ پ.ز)، هاوڕای ئەو بیرۆکەیە نەبوون. بۆنموونە، (ئەرستۆ)، (پۆلیس)ی بە سروشتی و پێویست داناوەو گوتویەتی (پۆلیس) لە ڕەمەکی سروشتی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات، بەرئەنجام و هەروەها ترۆپکی پێداویستی مرۆڤە لە ژیانی کۆمەڵایەتیداو بۆ گەشەکردنی لایەنە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ پێویستە. لەدیدی ئەمەوە ئەو تاکەی لە دەرەوەی (پۆلیس) دەژی یان لە مرۆڤ بالاترە یان خواروترەو بونەوەرێکی سروشتیانەی مرۆیی نییە[٤]. ئایدیالیستە نوێیەکانی سەدەکانی هەژدەو نۆزدەی وەك (هیگڵ، ڕۆسۆ، کۆنت، گرین، بوسانکە) کەموزۆر هاوڕای ئەو بیرۆکەیە بوون. ئەوانە دەوڵەتیان بە دامەزراوەیەکی ئەخلاقی زانیوە، کە بۆ گەشەکردنی کاملی ئەخلاقی مرۆڤایەتی مایەی پشتگوێخستن نییە. (ئەڵتۆسیۆس)و (گرۆسیۆس) بیروڕای هاوشێوەی ئەوانیان هەبووەو دەوڵەتیان بە دامەزراوەیەکی گشتی بۆ پەرەسەندنی خۆشگوزەرانی مرۆڤ زانیوەو هەمان ئەو دیدەش لە سەرهەڵدانی چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەراندا کاریگەری هەبووە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی تەنها بۆ کۆمەڵگە گەورەکان گونجاوەو شیاوە.

لەلایەکی دیکەوە، کەسانێك هەبوون لەو باوەڕەدا بوون، کە دەوڵەت ئازادی سروشتیانەی تاك سنوردار دەکات و لەباشترین حاڵەتدا خراپەیەکی پێویستە. یەکێك لەوبیریارە بەرجەستانەی هەڵگری دیدێکی لەوجۆرە بوو ( هێربێرت سبنسەر ١٨٢– ١٩٠٣)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی بوو، کە لەو باوەڕەدا بوو دەوڵەت (کۆمپانیایەکی هاوبەشی بەشداربوانی بیمە یەکسان)ە و ئەندامبوون تێیدا ئازادو بە هەڵبژاردن بێت. لەدیدی ئەمەوە

دەوڵەت دەتوانێتو دەبێت مۆڵەت بە هاوڵاتیەکانی بدات خاوەنی ئـازادی پاشـکۆبوون بـن و هەروەها باری قورسی پاشکۆیەتیش لە ئەستۆ داڕنن.

لە روویەکی دیکەی زیادەڕەوییـەوە فەیلەسوفە ئانارشیـستەکانی وەك (پـرۆدۆن ١٨٠٩- ١٨٦٥) و (کروپتکین ١٨٤٢- ١٩٢١) لەو باوەڕەدا بوون دەوڵەت خراپەیەکی رەهایە. ئەمانە دژی بوونی دەوڵەت بوون و دەوڵـەتیان بـە بەرجەسـتەکاری زۆرداری و دەسـەلآت دەزانـی و دەیانوت، لەوانەیە دەوڵەت (یان حکومەت) کۆمەکی بە کەسێك کرد بێـت، بـەلآم بەدەگمـەن بۆ سوودی گشتی بووە، لەبەرئەوە چەندە زووتر لەناو ببرێت، هێندە زووتـر رەنـج و ئـازاری مرۆڤ کەمتر دەبێتەوە. لێرەدا دەبێـت ئامـاژە بـەوە بکرێـت، کـە (ماکیـاڤیلی و تریـشکە)ش لەسەر ئاستێکی دیکە دەوڵەتیان وەك سیـستمی دەسـەلآت راڤـە کـردووە. ( کـارڵ مـارکس ١٨١٨- ١٨٨٣) لەو باوەڕەدا بوو دەوڵەت رێکخراوی گروپ یان چینێکە بـۆ چەوسـاندنەوەو دەسەلآت پراکتیزەکردن بەسەر گروپ و چینەکانی دیکە. لە دیدی (مارکس)ەوە حکومەت ( کۆمیتەی راپەڕاندنی چینە چەوسێنەرەکان)ە [٥].

دەکرێت دیدوبۆچوونی دیکەش بۆ ئەو بابەتەی سەرەوە زیاد بکرێـت، وەك بیروبۆچـوونی ( هۆلاند- Holland)، کە دەوڵەتی بە دەستەواژەی یاسایی ئەبستراکت پێناسە کردووە. (فیلمـۆر- Philimore)، لـە روانگـەی مافـە نێودەوڵەتیەکانـەوە لـە دەوڵـەتی نواڕیـوە. دیارە بۆچوونی دیکەش لە ئارادایە.

بەوجۆرە دەبینین جیاوازی بۆچـوونی بیریـارانی بـواری زانـستی سیاسـەت سـەبارەت بـە دەوڵەت رەنگدانەوەی بیروباوەڕیانە دەربارەی سروشتی دەوڵەت. تاکە رێگەی دەرباز بوون لەو چەندایەتی دیدوبۆچوونانە ئەوەیە هـەموو ئـەو پێناسـانەی بـۆ دەوڵـەت کـراون، نادیـدە بگرین و تەنها سەرنج لە پێناسانە بدەین لەسـەر فاکتـەرە بابەتییـەکان یـان شـاتوخمەکانی دەوڵەت راگیرە.

**أ- پێناسەی دەوڵەت:**

(بـۆرگیس- Burgess)، (بلونـشلی) و (ۆدرۆ ویلـسن- Woodrow Wilson) پێناسـەی باشـتریان هەیـە، کـە بابـەتین، بـەلآم بـە هـیچ کلۆجێـك کـامڵ نـین. لەدیـدی

(بـۆرگیس)ەوە دەوڵـەت (بەشـێکی تایبەتـە لـە گردبوونـەوەی جۆرەکـانی مـرۆڤ، کـە وەك یەکەیـەکی ڕێکخـراو دەبینـرێن). لەروانگـەی (بلۆنـشلی)یـەوە دەوڵـەت (کۆمەڵـە خـەڵکێکی لـەرووی سیاسـییەوە ڕێکخـراون لەسـەر پارچـە خـاکێکی دیـاریکراو). (ویلـسن) دەوڵـەت بە(خەڵکی ڕێکخراو لەرووی یاساییەوە لەچوارچێوەی خاکێکی دیاریکراو) پێناسـە دەکـات. وادەردەکەوێت ئەم بیریارانە ئەوەیان فەرامۆش کردبێت، کـە هـەموو ئـەو یەکانـەی لـەرووی سیاسییەوە مرۆڤ ڕێکدەخەن، تەنانەت ئەگـەر لـە ناوچـەیەکی تـەواو دیاریکراویـشدا بـووبن، مەرج نییە دەوڵەت بن. یەکە سیاسیەکان کاتێك بـە دەوڵـەت ئـەژمار دەکـرێن، کـە خـاوەنی سەربەخۆیی بن. لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا خاکی نائۆتۆنۆمی هەبووە، کـە دانیـشتوانەکەی لەژێر سایەی حکومەتێکی ڕێکخراوی ناو سـنورێکی دیـاریکراودا دەژیـان، بـەڵام دەوڵـەتیش نەبوون.

پێناسەکەی (گارنەر) ئەو کەموکورییەی تێدا نییە. بەبڕوای ئەم دەوڵـەت (گردبوونـەوەی کەم یان زۆری مرۆڤەکانە، کە بەردەوام لەسەر خاکێك نیـشتەجێن و لـە کـۆنترۆڵی دەرەکـی سـەربەخۆن یـان نیمـچە سـەربەخۆن و حکومـەتێکی ڕێکخراویـان هەیـە، کـە زۆربـەی دانیشتوانەکەی وەك نەریت پەیڕەوی لێدەکەن[٦]). ئـەم پێناسـەیە بەتـەواوی ئـەوە ئاشـکرا دەکات، کە خەڵکانێکی ڕێکخراوی ناو چوارچێوەی خـاکێکی دیـاریکراو دەبێـت پێـشئەوەی دەوڵەتـداری بەدەسـتبێنن، خـاوەنی سـەربەخۆیی بـن. ئـەم دیـدە پێـداگری لەسـەر بـوونی دەسـەڵاتێکی یاسـایی دیـاریکراوی نـاو هەنـدێك لایـەنی نـاوخۆیی دەکـات. ئەگـەر خـەڵکی دامەزراوەیەکیان دروستکرد، کە بەشێوەیەکی سـەربەخۆ لـە چوارچـێوەی سـنورێکی دیـارو دەستنیـشانکراودا دەسـەڵاتی یاسـایی پراکتیـزە بکـات و بتوانێـت ملکەچـی خـەڵکیش دەستەبەر بکات، دەتوانرێت بوترێت دەوڵـەت پێکهـاتووە. (دال) وتویـەتی: (بـە سیـستمی سیاسی پێکهاتوو لە دانیشتوانی خاکێك و حکومەتەکەی دەوترێت دەوڵەت[٧]).

پێناسەی (ماکیڤەر) بۆ دەوڵەت ئەمەیە: (دەوڵەت گردبوونەوەیەکە لەلایـەن حکومـەتێکی خاوەن دەسەڵاتی ناچارکردن لەکۆمەڵێکی خاوەنی خاکێکی دیاریکراو، کە پشتئەستوور بـە یاسـا هەلومـەرجی گـشتی و دەرەکـی سیـستمی کۆمەڵایـەتی دەپارێزێـت[٨]). (هارۆڵـد لاسـکی)ش دەوڵـەت بـە گردبوونـەوەی سـەر پارچـە خـاکێکی دابەشـکراو بـۆ حکومـەت و

پـەیڕەوان، تـاك یـان كۆمـەڵی تاكـەكان دەزانێـت، كـە پەیوەندییـەكانیان دەسـەڵاتێكی زۆرلێكەری باڵاتر دیاریكردووە: (گردبوونەوەی سـەر خاكێك، كـە بـۆ حكومـەت و پـەیڕەوان دابەشـبوەو لـە سـنورێكی دیـاریكراوی خۆیـدا بانگەشـەی باڵادەسـتی بەسـەر هـەموو دامـەزراوەكانی دیكـەدا دەكـات[٩]). (لاسـكی و ماكیڤـەر) چـونكە لـە لایـەنگرانی تیـۆری (پلۆرالیزم)ی حكومڕانێتی بوون، نیگەرانی ئەوەبوون شتێك لەپێناسەكەیاندا هەبێت ئامـاژە بۆ دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت بكات.

بۆ مەڵۆكردنی هـەموو پێناسـەكانی دەوڵـەت دەبێـت بوترێـت، كـە بـە گـشتی سـێ جـۆر پێناسەكردن بۆ دەوڵەت هەیـە: پێناسـەی یاسـایی، فەلـسەفیو سیاسـی. هەریـەك لەوانـەش یاریدەدەرن بۆ تێگەیشتنو دەرككردنی كامڵی دەوڵەت.

لە پێناسەی یاساییدا دەوترێت: (دەوڵەت ئـەو یەكەیەیـە خـاوەنی ئـەم تایبەتمەندیانـەی خوارەوەیە:

١– دانیشتوان

٢– حكومەت

٣– خاك

٤– حوكمڕانێتی (قۆرغی دەسەڵات).

ئەو پێناسانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆكرا، گرنگیان بەهەمان ئـەو تایبەتمەندیانـە داوەو لە درێژەی لێكۆڵینەوەكەش لەسەر دەوڵەت راڤەی هەمان ئەو تایبەتمەندیانە دەكەین.

پێناسەی فەلسەفی بۆ دەوڵەت تاكە ئامانجێكی بنەڕەتی هەیە: تایبەتمەندییـە پێویـست و پەسەندكراوەكانی دەوڵەتی پێگەیشتوو وەسفی دەوڵەتی چـاك یـان دەوڵـەتی پـەرەسـەندوو بكات. لە رووی فەلسەفییەوە سێ قوتابخانەی هزری هەیە:

١– دەوڵـەت بـۆ دروسـتكردنی هەماهـەنگی لـەنێوان بەشـە جۆربـەجۆرو پێویـستەكانی كۆمەڵگەدا لە ئارادایە. ئەم دیـدەش بـۆ فەیلەسـوفانی وەك (ئـەفلاتون، ئەرسـتۆ)، باوكـانی كلێسای وەك (ئاكویناس، ئاگوستین) و (سیسرۆ) دەگەڕێتەوە.

٢– دەوڵەت لەئەنجامی (بڕیارێكی كۆمەڵایەتی[١٠])یەوە بەرهـەمهاتووە. ئـەم بۆچـوونەش بۆ فەیلەسوفانی وەك (هۆبز، لۆك و رۆسۆ) دەگەڕێتەوە.

٣- دەوڵــەت لــە دەرئــەنجامی ململانێــی نێــوان هێــزە ناکۆکــە کۆمەڵایەتیەکانــەوە سەریهەڵداوە. (مارکس) و پەیڕەوانی ئەم تیۆرەیان خستۆتەڕوو.

پێناســەی سیاسـیانەی دەوڵــەت لەســەر بنــەمای کـۆی ئــەو خواسـتانەی فەیلەسـوفان ئارەزوویان بووە نەوەستاوە، بەڵکو پشت دەبەستێت بەو واقیعانەی لە رابـردوودا هــەبوون، ئێـستا هــەنو لــە ئایندەشـدا دەبـن. لـەبارەی ئــەم دیـدەوە دەوترێـت، کــە کۆمەڵگــە لــە شێوەگەلێکی زۆر سـادە تـا زۆر ئـاڵۆز لەسـەر بنـچینەی ئـاڵوگۆڕی سیـستمی بەرهــەمهێنان پەرەیسەندووە. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەردەمی زۆر کۆن و نزیکەی سێ ملیۆن ساڵ بەر لەئێستا دەستیپێکرد. هــەزاران سـاڵ تێپـەڕی تـا سـەرئەنجام مرۆڤـەکان لـە ژیـانی ئـاژەڵی هاتنەدەرو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سـەریهەڵدا. کرۆکـی بنـەڕەتی ئـەم کـاروانی پەرەسـەندنی مرۆڤە کار بووە، کە دەبێتە هـۆی بەرهـەمهینان. هـیچ کۆمەڵگەیـەك نـەبووە بەرهـەمی تێدا نەبوو بێت، چونکە مرۆڤ پێداویستی بنەڕەتیانەی هەیە، کـە بـەبێ بەرهـەمهێنان دەسـتەبەر ناکرێت. لە پرۆسەی ئەم بەرهەمهێنانەدا گروپ، چینی کۆمەڵایەتی و ئـابووری سـەریانهەڵداو لەنێوان ئەم و کاری مرۆڤدا دابڕانێك دروست بوو. (مارکس) و (ئەنجلز) لەو بڕوایەدابوون، کە لە رەوتی پەیدابوونی چینەکاندا نامۆبوون لەنێوان مرۆڤ و کارەکەیدا هەبوەو مرۆڤ بـەردەوام لـە هــەوڵی کـۆنترۆڵکردنی ئـەو خـودە نامۆییـە مـادی و مەعنەوییەدایـە و تاکـە رێگـای ئـەو کۆنترۆڵکردنەش دەسـتگرتنە بەسـەر پرۆسـەی بەرهەمهینانـدا. بـەبڕوای ئـەوان زیـادەڕەوی پەیوەندییــەکانی بەرهــەمهێنان لــە کۆمەڵگــە پێــشکەوتوەکاندا ململانێــی نێــوان چــینە جیاوازەکانە بۆ دەستەبەرکردنی پێگـەی کـۆنترۆڵکردن لـە بـواری بەرهەمهێنانـدا و دەوڵـەت بەرئەنجامی ئەو ململانێیەو هەروەها بەرجەستەکردنێتی[11].

### ب/ توخمە بنچینەییەکانی دەوڵەت:

لێکدانــەوەو راڤــەکردنی پێناســەکانو بــوونی واقیعیانــەی دەوڵــەت بەتــەواوی ئــەوە دەردەخات گەلێك توخمی بنچینەیی هەن، کە بۆ بوون و درێژەدان بـە دەوڵـەت بنـچینەیین. لەحاڵەتی نەبوونی هەریەك لەو توخمانە ئەوا دەوڵەتیش بوونی نابێت. توخمە بنەڕەتیەکانی

بـوونی دەوڵـەتیش بـریتین لـە: ( ١- خـەڵك، ٢- خـاك، ٣- حكومـەت یـان ڕێكخـراو، ٤- سەروەری). یەكە بە یەكە لەم توخمانە دەكۆڵینەوە.

**١- خەڵك یان دانیشتوان:**

توخمی یەكەم و بنەڕەتی بوونی دەوڵەت خەڵكە. ناتوانرێت دەوڵەت وەك دامەزراوەیەكی مرۆیی خەڵك وێنا بكرێت. بونەوەرە زیندووەكانی دیكە لەرووی كۆمەڵبونەوە گەشـەیان كـرد بێت یان نا، دەوڵەت پێكناهێنن. بەوتەی (لیكـاك): (پێویـست بـەوتن ناكـات، كـە ئەوبەشـە چۆڵەی سەرزەوی خۆبەخۆ ناتوانێت دەوڵەت بێت.)

بەڵام كام چەندایەتی مرۆڤ دەوڵەت دروسـت دەكـات؟ لـە چـیرۆكی بـەناوبانگی (ڕۆبنـسن كرۆز)دا، (ڕۆبنسۆن) لە دورگەیەكی دوورەدەست بـە هـاوەڵی هاوڕێكـەی بـەناوی (هـەینی- فرایدەی) دەژیا. لەراستیدا پاشای هەموو شتەكانی ئەو دورگەیە بوو. ئایا ئـەم دوو كەسـە، یەكێكیان خودانو ئەویدیان كۆیلە، دەوڵەتیان پێكدەهێنا. ئاشـكرایە وەڵامەكـە نێگەتیڤـە. دەبێت كەموزۆر مرۆڤ هەبێت و بۆ فەرمانڕەواو فەرمانبەر دابەشبووبن تا دەوڵەت پێكبێت.

بۆ ئـەو پرسـیارە سـەبارەت بـە چـەندایەتی پێویـست یـان خـوازراوی مـرۆڤ بـۆ دەوڵـەت ناتوانرێت وەڵامێكی زۆر ئەبستراكت بدرێتەوە. (ئەفلاتون) (٥٠٤٠) كەسی بەپێویست دەزانی (ئەو دەرئەنجامەی لەلێكدانی ١ تا ٧ بەدەستدێت). (ئەرسـتۆ) ئـارەزووی نـەبووە بـاس لـە ژمارە بكات و لەو بڕوایەدابوو، كە نابێت (پۆلیس) هێندە بچوك بێت نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و هێندەش گەورە بێت نەتوانرێت باش بەڕێوە ببرێت. سەد كەس زۆر كەمەو سەد هەزاریش مایەی وێناكردن نییە. بەهـەمان شـێوەش (ڕۆسـۆ)، كـە لەستایـشكارانی كۆمـاری بچوك و دیموكراسی راستەوخۆ بوو. پێیوابوو (دە) هەزاركەس ژمارەیـەكی گونجـاو دەبێـت. دەیگوت (دانیشتوانی زۆر واتە ئازادی كەمتر).

سەردەمی ئەوە بەسەرچووە ئەو جۆرە ژمارانە بەجدی وەربگیرێـن. ئێـستا شـاری چـەند ملیۆنی و وڵاتـی چـەند سـەد ملیـۆنی یـان زیـاتر لەیـەك ملیـاری و سێسەد ملیـۆنی (چـینی كۆمۆنیستی) هەیە. لەلایەكی دیكەوە، دەوڵەتی گچكە یـان بـچوكیش هەیـە، وەك (مۆنـاكۆ، سان مـارینۆ، لیخنتاشـتاین و ئەنـدۆرا)، (ئێـستا ئەگـەر لـە ئـەوروپا بنـواڕین)، كـە ژمـارەی

دانیشتوانی تەنها پێنج خانەییە. بەمپێیە تەواو روونە، کە ئەمڕۆ دەوڵەتان لەرووی ژمارەی خەڵکی یان دانیشتوانەوە زۆر لەگەڵ یەکدی جیاوازن و لەمڕووەوە ناکرێت رێسایەکی کۆنکرێتی دابڕێژرێت. لەوانەیە (گارنەر) راستی کردبێت، کە گوتویەتی، باشترین رێسا ئەوەیە، کە دەبێت دانیشتوان هێندەبن بتوانن ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن پێکبێنن، واتە کۆی دانیشتوانی حکومەتێك هێندە بێت، کە توانستی تەواویان بۆ پشتیوانکردنی دامەزراوەی دەوڵەت هەبێت. بەڵام ئەم وتەیە گرفتەکە چارەسەر ناکات.

پرسی کەموزۆری دانیشتوانیش لەئارادایە. ژمارەی زۆری دانیشتوان هەمیشە نابێتە فاکتەری سەرکەوتوویی‌و توانایی دەوڵەت. ئەو وڵاتانەی دانیشتوانێکی زەوەندیان هەیە، هەمیشە نیگەرانی بەرنامەڕێژیە ئەقڵانی و گەورەکانیانن. دەوڵەتی (چین) پێش شۆڕشی ساڵی (١٩٤٩) لەگەڵ بوونی دانیشتوانێکی زەوەندا لەڕیزی وڵاتە لاوازەکاندابوو، بەسەختیش خەباتی بۆ پاراستنی یەکێتی سیاسیانەی خۆی دەکرد. جابۆیە ئەوەی دەتوانرێت بوترێت ئەوەیە، کە ئەگەر هەموو دۆخ و هەلومەرجێکی وڵات گونجاو بێت بوونی ژمارەی زۆری دانیشتوان بەتازیار ئەژمار دەکرێت، چونکە هێزێکی مرۆیی زۆر دەستەبەر دەکات. لەلایەکی دیکەوە، لەوانەیە نزمبوونەوە یان کەمبوونەوەی رێژەی بەرهەمهێنانیش هەندێکجار ببێتە فاکتەری مەترسی جدی، وەك ئەوەی لە ( فەڕەنسا)ی نێوان دوو جەنگدا بوو. هەروەها جۆرە ئاماژەیەك لە ئارادایە، کە ئێستا زۆری خەڵك تازیارەکانی دەوڵەتە گەورەکان دیاریدەکەن. بزاوتە چالاك یان راوەستاوەکان لە ئەوروپا، جیهانی عەرەب و لەهەندێ شوێنی ئەفریقاش زۆرتر بەلای ئەوەدا دایدەشکێنن.

پێکهاتەی خەڵکیش لایەنێکی دیکەی پرسەکەیە، کە گرنگییەکەی بەمجۆرە دیاریکراوە. ئایا تاك رەگەزیی دەوڵەت لە رووی نەتەوەییەوە بەتازیار دادەنرێت؟ زۆر لەبیریاران و لەوانەش (جۆن ستیوارت میل) لایەنگری (دەوڵەتی نەتەوەیی) تاك رەگەزی بوون. لە جەنگی یەکەمی جیهانی و پاش ئەویش یەکێتی سۆڤیەت و (ویلسن)ی سەرکۆماری ئەمەریکا تەکانێکی دییان بە بیری دەوڵەتی نەتەوەیی بەخشی. بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی هێشتا مایەی سەرنجڕاکێشانی گشتیەو لەوانەشە تا ئەو کاتە درێژە بکێشێت، کە خەڵکە ناسەربەخۆکانی جیهان، سەربەخۆیی نەتەوەییان بەدەستبێنن و لەسەر بنەمای تاك

ڕەگەزی نەتـەوەییان دەوڵـەت بنیـات بنـێن. پێـشبینیکردنی ئاینـدەی دەوڵـەتی نەتـەوەیی دژوارە، بەڵام ئاماژەش لە ئارادایە بۆ دروستکردنی یەکەی سیاسـی گـەورەتر، کـە دەوڵـەت نەتـەوە تێدەپـەڕێنێت، وەك ئـارەزووکردن بـۆ پێکهێنـانی یـەکێتی ئـەوروپاو پێکـەوەنانی ویلایەتە یەکگرتوکانی ئەوروپاو هەندیك گروپبەندی ناوچەیی.

کەواتە رادەی کەمورزۆری دانیشتوان پێـودانگی بـوونی دەوڵـەت نییـەو دەکرێـت بـە هـەر رادەیەکی دانیشتوانەوە دەوڵەت پێکبهێنرێت. لـەرووی مـافی نێودەوڵەتیـشەوە دەوڵەتـەکان بەبێڕەچاوکردنی رادەی دانیشتوان پێگەیەکی یەکسانیان هەیەو زۆروکەمی دانیشتوانەکەیان کاریگەری لەسەر ئەو پێگەیەیان نییە. لەگەڵ ئەوەشی لـەرووی پراکتیـك و تیۆرییـەوە هـیچ جۆرە سنوردارییەك سەبارەت بە دانیـشتوانی دەوڵـەتێك لـە ئـارادا نییـە، بـەڵام دانیـشتوان دەبێت بەڕادەیەك بێت بتوانێت دامەزراوەکان و ئاسایشی دەوڵەت بپارێزێت و سەرچاوەکانی ناو خاك و ئابورییەکانی دەوڵـەتیش توانـای دەسـتەبەر کردنـی ژیانیـان بـۆ دانیـشتوانەکەی هەبێت. لێرەوەیە کە پێویستیی بوونی سیاسەتەکانی دانیشتوانی وڵاتەکان خۆی بەرجەستە دەکـات. لەهـەمان کاتیـشدا لـە پـشت ئـەم فاکتەرانـەی چـەندایەتیەوە لـە هەڵـسەنگاندنی چۆنایەتی دانیشتواندا ڕەگەزەکانی چۆنایەتیش لە ئارادایە. نابێت ماتماتیکانە هەلسەنگاندن بۆ دانیشتوان بکرێت، چۆنایەتی خەڵك لە چەندایەتیان گرنگترە. (ئەرستۆ) دروستی وتووە، کە هاوڵاتی چاك دەوڵەت چاك دەکاتو هاوڵاتی خراپیش دەوڵەت گەندەڵ دەکـات. هـاوڵاتی چـاك ئـاقڵ و بـە دیـسپلین و تەندروسـتە. هاوڵاتیـانی تەندروسـت تەندروسـتی دەوڵـەت دەستەبەر دەکەن. نەخۆشکەوتنی هێزی بە ئەقڵانیکردن، توانستی کـارکردن، وزەو توانـای ژیان نابووت و بەرهەمهێنان لاوازو تەمەڵی زیاد دەکات. هەروەها هاوڵاتی چاك رێگـە نـادات کێشەی ئەتنی، زمان، ئاین و سیاسی یەکێتی دەوڵەت لەناو ببات.

**٢- خاك:**

هەمووان لەسەرئەوە کۆکن، کە دەبێت دەوڵەت خاکێکی دیاریکراوی هەبێت. بەڵام دیـارە (هـال- Hall)، (دۆگیـوت- Duguit) و (سـیلی) بـەجۆرێکی دیکـە بیریانکردۆتـەوەو لەوبڕوایـەدا بـوون، کـە تەنانـەت دەوارنـشینانی بیابانـەکانیش دەتـوانن دەوڵـەت پێکبێـنن،

هەرچەندە گریمانـەی ئـەوەش هەیـە کـە دامـەزراوەی سیاسـیان کارامـە نـەبێت. لـە چـاخی بەرایی شارسـتانیەتی مرۆڤـدا گروپـی ڕێکخـراوی بێشومار هـەبوون، کـە خـاوەنی خـاکێکی دەستنیـشانو دیـاریکراو بـوون. ئـەمڕۆ بـیروڕای بـاو بەوجۆرەیـە، کـە ئـەم شـێوە پێکهاتـە خێڵەکییە یان کۆنفدراسـیۆنی خێڵەکیانـە، تـا ئەوکاتـەی نیـشتەجێ نـەبوون و بـە خـاکێکی دیـاریکراوەوە پابەنـد نـەبوون، دەوڵـەتیان دروسـت نـەکردووە. شـتێك بـەناوی دەوڵـەتی کۆچەرییەوە بوونی نییە. کەشتی چـەتەکان لـەناو دەریـای ئـازادا تەنانـەت ئەگـەر خـاوەنی سیفەتەکانی دیکەش بن، دەوڵەت نییە. دەوڵەتی نوێ بەپێی سروشت وابەستەی خاکە.

بەڵام سەبارەت بە ئەندازەی خاکی دەوڵـەت هـیچ ڕێـسایەکی کـۆنکرێتی لـەئارادا نییـە. ئەندازەی دەوڵەتە نوێیەکان زۆر جۆراوجۆرە. بەرفروانترین وڵات یەکێتی سۆڤیەت بـوو، کـە خاکەکەی نزیکەی یەك بۆ شەشی هەموو وشکانی زەوی لەخۆدەگرت، واتە زیاتر لـە (٤ر٢٢) ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە. لەلایەکی دیکـەوە دەوڵـەتی (سـان مـارینۆ) تـەنها (٦١کـم)ی چوارگۆشە فراوانە.

سەردەمانێك بووە، کە بیریارانی سیاسی لەوباوەڕەدا بـوون، دەوڵـەتانی بـچوك باشـترن. ئەم دیدە لە یۆنانی کۆندا برەوی هەبوو. لەبەرئەوە (ئەرستۆ) یەکە زۆر گەورە سیاسیەکانی وەك ئیمپراتـۆری (ئەسـکەندەری مەکـدۆنی) قوتـابی خـۆی لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا پـەراوێز کردووە. (ڕۆسۆ) ش هەمان بیروڕای هەبوو. لەوانەیە هەڵوێستەیەکی لـەو بابەتـە ناچـاریانە بووبێت، چونکە هێشتا ئامێری گواستنەوەو هەڵگرتن و پەیوەنـدیگرتن پـەرەی نەسـەندبوو، دامـــەزراوەکانی نوێنەرایـــەتی هێـــشتا بەباشـــی ڕێکنـــەخرابوون، هێـــشتا کارامـــەییان دەرنەکەوتبوو، دامەزراوە لۆکاڵییە ئۆتۆنۆمەکان کـامڵ نـەببوون، فیـدراڵیزم هێـشتا ڕێگـەی یـەکگرتنی دور لـە ئاوێتـەبوونی نەخـستبووە ڕوو، لـە کاروبـاری گـشتیدا داوای هاوبەشـی ڕاسـتەوخۆو چـالاکانەی هاوڵاتیـان دەکـراو دەستخۆشیـشی لێدەکرا. بـەڵام لەگـەڵ گـۆڕانی هەلومەرجی ژیاندا ئێستا ئەگەری ژیان لەناو دەوڵەتی گەورەدا هەیە بەبێئەوەی ئازادی تـاك پێشێل بکرێت. تەنانەت تازیاری ئابووری و هی دیکەی دەوڵەتی گەورە ئاشکرا بووە. لەگەڵ ئەوەشی دەکرێت نکوڵی لەراستی ئەو گوتەیەی (لۆرد ئـاکتۆن) بکرێـت، کـە (گۆشـەگیری و بچوکردنەوەی خەڵك دەبێتـەهۆی تـەنگی دیـدەکانیان) و (ڕای گـشتی توانـای خۆپاراسـتنو

رزگارکردنی خۆی نییە لە پانتایی بچوکدا)، بەڵام ئەوەش راستە، کە نەك تەنها لـە دەوڵەتـە بچوکەکاندا، بەڵکو تەنانەت لە دەوڵەتە گەورەکانیشدا گریمانەی ئەوە لە ئارادایە ئازادی تاك لەنێوبچێتو بەهۆیەوە دانیشتوان بکەونە تەنگەتاوییەوە.

وێڕای ئەوە فراوانی خاکیش گرنگە. دەوڵەتی گەورە واتە هەبوونی سەرچاوەی سروشـتی زیاترو توانستی ئابوری زۆرتر. لەمڕووەوە چەندی خاك بەرفراوانتر بێت، توانای زیاتر دەبێـت بـۆ پارێزگـاریکردن لەسـەربەخۆیی ئـابووریو دابینکردنـی پێداویـستیە بنەڕەتیـەکانی هاوڵاتیانو بەختەوەری ئابووری. لەلایەکی دیکەوە، بەرفراوانی زۆری خاك بەرگری لێکردنـی لەبەرامبەر هێرشدا سەخت دەکات، هەرچەندە ئەمڕۆ بەهۆی هێزی ئاسمـانی و بـەکارهێنانی موشەکەوە لەڕادەی ئەو سەختی و دژوارییە کەمکراوەتەوە.

دەبێت دەوڵەت گرنگی بـە پەیوەنـدی نێـوان رادەی دانیـشتوان و بـەرفراوانی خاکەکـەی بدات. ئەگەر ژمـارەی دانیـشتوانی وڵات لـەوەزیاتر بێـت سەرچـاوە سروشـتیەکانی بتوانێـت تێریـان بکـات، دژواری سـەرهەڵدەدات، مەگـەر ئـەوەی کۆمەڵگـە بەخێراییـەکی زۆر بـە پیشەسازی ببێت و لە رووی ئابوورییەوە کارایی بە دەسـتبێنێت. لەلایـەکی دیکـەوە ئەگـەر ژمـارەی دانیـشتوان کـەم بێـت و ناوچـە گـەورە چـۆڵەکان بەچـۆڵی و بێـسود لێـوەرگرتن بمێنێتەوە، سەرچاوە سروشتیەکان لەدەستدەچێت.

زێـدی دەوڵـەت خـاك، ئـاو، بۆشـایی ئاسمانـە. قەڵـەمڕەوی خـاکی دەوڵـەتان سـنوری سروشتی یان رێکەوتننامە دیاریدەکات. لە رابردوودا سنوری دەریایی تا دوری سێ میـل لـە کەنارەوە دیاریکرابوو، بەڵام دەوڵەتانی سەر دەریا بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لـە سەرچـاوەی دەریایی سنوری خۆیان تا رادەی دوانزە میل درێژکردەوە. درێژکراوەی دەسەڵاتی دەوڵـەت بە کەشتیەکانی هەڵگری ئاڵۆکەی لە دەریای ئازادو هەروەها بە باڵوێزخانەکانی نـاو وڵاتـانی دیکـەش دەگـات. بـاوەڕ بەوجۆرەیـە، کـە ئـەو باڵوێزخانانـە، بەشـێکن لـە خـاکی دەوڵـەتی خۆیان. سنوری نێوان وڵاتان ئەگەر رووبـار بێـت، بـەپێی هێڵـی (تـالوگ) یـان هێڵـی (ژرفـا) دیاریـدەکرێت. سـنووری ئاسمـانیش پێبـەپێی سـنوری خـاکی و ئـاوی ئـەو دەوڵەتـە درێـژ دەبێتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆدەنگییەوە هەتا ئێستا قوڵاییەکەی پێناسە نەکراوە.

ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەت خاوەنی خاکێکی دابڕاویش بێت. (بەریتانیا) بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەخولی ئیمپریالیزمدا دەوڵەتێکی لەوجۆرەبوو. دەوڵەتی (پاکستان) تاساڵی (١٩٧١)یش خاوەنی دوو پارچە خاکی لێکدابڕاو بوو، کە زۆر لەیەکەوە دوور بوون و تەنها بەپەڕینەوە بە (هندستان)و هەروەها لەڕێگای دەریاوە دەکرا پێیبگەن، کە ئەویش (بەنگلادیش) بوو. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی خێرای هۆکارو ئامێری هەڵگرتن و گواستنەوەو پەیوەندیگرتن دامەزراندن و پاراستنی خاکێکی دابڕاوی دەوڵەتێك چیدی بە گرفت دانانرێت.

خاڵێکی دیکە سەبارەت بەزێدی دەوڵەت ئەوەیە، کە هەندێك لە بیریان باوەڕیان بە کاریگەری بەرفراوانی خاك هەبووە لەسەر سیستمی سیاسی وڵات و ئەندازەی بچوکی و گەورەیی خاکیان بەپێی جۆری سیستمی سیاسی بە گونجاو زانیوە. بۆ نمونە (مۆنتسکیۆ) نوسیوێتی:

**(خاسیەتی سروشتی حکومەتە جیاوازەکان ئەوەیە، کە دەوڵەتە بچوکەکان خاوەنی حکومەتی کۆماری و دەوڵەتە مامناوەندیەکان حکومەتی مەرجدارو ئیمپراتۆریەکانیش خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆردارانەبن و لەم خاسیەتە سروشتیەوە بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە لە پێناوی پاراستنی پرنسیپەکانی حکومەت دەبێت دەوڵەت بەهەمان ئەو گەورەییەی هەیەتی، درێژەی پێبدرێت و بەو ڕێژەیەشی سنووری وڵات بچوکتر یان گەورەتر بێت، پێویستە رۆحی حکومەتیش بگۆڕێت و بەپێی ئەو خاسیەتە سروشتیە سروشتی رژێم گۆڕانی بەسەردا بێت [١٢]).**

**٣- حکومەت:**

خەڵکی ناتوانن ئامانجە هاوبەشەکانیان بەدەستبێنن مەگەر بەدروستی رێکخراوبن و رێسای دیاریکراوی جۆری کارکردن پەسەند بکەن. ئەو کارگوزارەشی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەرپرسیاری راپەڕاندنی رێساکانی رەفتارەو ملکەچی دەستەبەر دەکات، بەحکومەت ناو دەبرێت. بە دامەزراوە بوونی رێکخراوی سیاسی یان حکومەت شتێکی بنەڕەتیە بۆ بوونی دەوڵەت. لەراستیدا بەبێ حکومەت هیچ دەوڵەتێك بوونی نییە، هەرچەندە حکومەتی بێدەوڵەتیش هەیە. زاراوەی حکومەت ئاماژە نیە بۆ (خاك). حکومەت

ئەو كارگوزارەیە بەهۆیەوە ئیرادەی دەوڵەت بەرجەستە دەبێت، رادەگەیەنرێتو بەرگی پراكتیكی دەپۆشێت. (دال) وتویەتی: (هەر حوكمڕانێك بتوانێت لە سنووری خاكێكی دیاریكراودا بە مەبەستی پیادەكردنی یاساكان بەسوود وەرگرتن لە بەكارهێنانی ناچارییەكی سەركەوتووانە بانگەشەی تایبەتی رەوایی بوونی خۆی بەدەسەلات بگەیەنێت، بە حكومەت ناودەبرێت[١٣]). فرەجۆری فۆرم و دامەزراوەی حكومەت هەیە، بەلام بەهەمان شێوەی كە (لیكاك) وتویەتی: بۆ پێكهێنانی حكومەت (بوونی ملكەچییەكی رووت بۆ هێزێكی بالاتر بەسە. فۆرمی زۆرداری و زۆرەملێیەكانی حكومەت بە فەراهەمكردنی ئەو مەرجانە هەمان ئەو هەلومەرجە بەدیدێنێت، هەرچەندە ئەگەر دەسەلاتی حكومەتیش لەسەر رەزامەندی گشتیش بنیاتنرابێت[١٤]). بەمپێیە چییەتی حكومەت لە هەموو شوێنێك وەك یەكەو لەسەر ملكەچی رۆنراوەو هەڵبەتە (هەركاتێك لەسەر پارچە خاكێكی دیاریكراو گروپێكی گەورەی خەڵك لە ئاست زۆردارەكی حكومەت راستببنەوە یان رەتی بكەنەوە، لەوبارەدا وڵات دەكەوێتە بەر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە[١٥]).

ناتوانرێت چاوپۆشی لەبوونی حكومەت بكرێت، چونكە هیچ كۆمەڵگەیەكی شارستانی ناتوانێت بەبێ حكومەت بوونی هەبێت. تەنانەت ئانارشیستەكانیش، كە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی زۆردارن، پێویستبوونی جۆرێك دەوڵەت دەستنیشان و پەسەند دەكەن، بەلام دەیانەوێت خودی خەڵكی خۆبەخشانەو بێ زۆرلێكردن ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنن. كۆمۆنیستەكان، كە وای وێنا دەكەن پاش سەقامگیر بوونی كۆمەڵگەی كۆمۆنی بە پێوانەی جیهانی دەوڵەت دەتوێتەوە، ئەوەش پەسەند دەكەن، كە هێشتا لەوجۆرە كۆمەڵگەیەشدا دەسەلات پێویست دەبێت. حكومەت فۆرمی جیاوازی هەیە. هەریەك لەو فۆرمانە سیستمی سیاسی یان رژێمی سیاسی تایبەت دادەمەزرێنن.

**٤- سەروەری:**

سەروەری بە گرنگترین توخمی دەوڵەتی نوێ دادەنرێت. سەروەری شتێكە دەوڵەت لە گروپ و كۆمەڵگە مرۆییەكانی دیكە جیا دەكاتەوە. (لیكاك) وتویەتی، بۆ ئەوەی سەروەری لە ئارادا بێت: (نابێت خاك و خەڵك سەر بە یەكەیەكی سیاسی جودا بن، خاك نابێت بەش

یان چەند بەشێکی هەبێت، کە لەرووی جوگرافیاوە سەر بەو خاکە بن، بەڵام لەرووی سیاسییەوە پارچەیەك نەبن لەو(١٦). بەکورتی دەبێت خەڵك سەربەخۆبن تا سەروەرییان هەبێت. لەباری ناوخۆوە نابێت نەیار یان هاوشانی دەسەڵاتی یاسایی هەبێت. لە رووی دەرەکییەوە دەبێت وڵات لە دەسەڵات یان کاریگەری دەوڵەتێکی دیکە رەها بێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ملکەچی ئەو رێکەوتننامەو پەیمانانە بێت، کە بە رەزامەندی خۆی پەسندی کردوەو هەروەها بە فەرمیش ناساندونی(١٧).

وێڕای ئەو توخمە بنەڕەتیانەی لەسەرەوە وترا، لەلایەن لێکۆڵیارانی ئەم یان ئەو سەردەمەوە ئاماژە بۆ هەندێك توخمی دیکەی دەوڵەت کراوە. بۆنمونە، (ویلۆفبی) بۆ دامەزراندنو درێژەدان بە دەوڵەت جەختی لەسەر گرنگی ئارەزووی دەروونی مرۆڤیش کردۆتەوە(١٨).

لە سەردەمی ژیانی دیموکراسی و ناسیۆنالیزمدا ناتوانرێت ئەم فاکتەرە، ئارەزووی خەڵك، بە تەواوی نادیدە بگیرێت، بەڵام مەرجێکی دانەبڕاوی بوونی دەوڵەتیش نییە. لەمێژوودا گەلێك نموونەی ئەو دەوڵەتانە هەیە، کە بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی گروپگەلێکی دانیشتوان بۆ سەروەری، درێژەیان بەبوونی خۆیانداوە. بەوجۆرەی (لیکاك) ئاماژەی بۆ کردووە، تەنانەت بوونی دیکتاتۆری یان ستەمگەریش لەو روەوە بە رێگر دانانرێت. لەبەرئەوە ناتوانرێت (ئارەزووی دەروونی خەڵك) لە لیستی بنەماو توخمە سازێنەرەکانی دەوڵەت دابنرێت.

هەروەها وتراوە، کە دانپیانانی نێودەوڵەتی تاکە پێوەرێکی تەواوی دەوڵەتمەدارییە. لەبەرئەوە دەبێت وەك یەکێك لە توخمی دامەزرێنەری دەوڵەت وەربگیرێت، بەڵام کەمێك رامان ئەوە دەردەخات، کە سەلماندنی دەوڵەتێك لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە پرۆسەیەکی سیاسییە، کە لەسەر هیچ بنەمایەکی بابەتیانە رۆنەنراوەو بەڵکو پەیوەستە بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە هەیە. لەرووی مێژوویشەوە گەلێك نموونە هەیە، کە دەوڵەتانی دیکە بە هۆکاری سیاسییەوە بە فەرمی نەیانناساندون. بۆنموونە، ئەمەریکا لەساڵی (١٩٣٤)دا یەکێتی سۆڤیەتی بەفەرمی ناساند. تا (١٩٧١) هەندێك وڵاتی کەم (کۆماری چین)یان بەفەرمی ناساندبوو. لەبەرئەوە ئەو فاکتەرە، واتە بە رەسمی ناساندنی

نێودەوڵەتی، ناتوانرێت بۆ بوون یان درێژەدان بە دەوڵەت بە توخمێکی بنچینەیی دابنرێت، هەرچەندە ئەم توخمە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا گرنگییەکی زۆریشی هەیە[١٩].

### پ/ دەوڵەت و حکومەت:

زۆرێك تێگەی دەوڵەت لەگەڵ تێگەی حکومەت تێکەڵ دەکات. هەروەك وترا، حکومەت توخمی بنەڕەتی دەوڵەتەو ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی ئەندامانی دەوڵەت، واتە خەڵکی. بەوتەی ( لیکاك)، وشەی (حکومەت) بەواتا فراوانەکەی (لەسەر بیرۆکەی بنەڕەتیانەی هێنانەژێربارو ملکەچی وەستاوەو ئاماژەیە بۆ دەسەڵات و خۆڕادەستدان بەو دەسەڵاتە یاساییە[٢٠]). بەمجۆرە ناکرێت هیچ دەوڵەتێك بەبێ حکومەت بوونی هەبێت. حکومەت بە هەرجۆرێکیش رێکخرابێت، دەبێت لە پێناوی دەوڵەتدا بێت. بۆنموونە، ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکی نائۆتۆنۆم حکومەتی لۆکاڵی یان هەرێمییان هەبێت، دەکرێت تا رادەیەك باس لە حکومەتە جڤاتیەکان، کارگوزارییەکان و دامەزراوەی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی بکرێت، بەڵام هیچ کام لەوانە بە دەوڵەت ئەژمار ناکرێن.

هەندێك لە بیریارانی سەدەی بیستەم، وەك (لاسکی) و (کۆڵ– Cole)، بەرمەبنای ئامانجی پراکتیکانە جیاوازیکردنیان لەنێوان دەوڵەت و حکومەت پەسەند نەکردووە. بەبڕوای (کۆڵ) دەوڵەت: (کەموزۆر جگە لە دەزگایەکی سیاسیانەی حکومەت لە جڤاتەکاندا شتێکی دیکە نییە). بەهەمان شێوەش (لاسکی) وتویەتی، بەپێی ئامانجی پراکتیکانەی بەڕێوەبردنی وڵات، دەوڵەت جگە لەخودی ئەو حکومەتە شتێکی دیکە نییە: (ویستی دەوڵەت هەمان ویستی حکومەتە[٢١]). لەکاتێکدا ناکرێت نکوڵی لەوە بکرێت، کە حکومەت، هەمیشە بەناوی دەوڵەتەوە کاردەکات، بەڵام بەیەکسان ئەژمارکردنیان دروست نییەو ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە هۆی لێڵی لە شرۆڤەکردنو هزرو نیگەرانی لە ژیانی واقیعی سیاسیدا. دەبێت ئەوە بزانرێت، کە حکومەت ناجێگیرە، بەڵام دەوڵەت جێگیرە. حکومەت لە ئەنجامی هەڵبژاردن یان کودەتاکانەوە دەگۆڕێت، دەستاودەست دەکات، بەڵام دەوڵەت ناکەوێتە بەرگۆڕانی لەو جۆرە. بەمپێیە نابێت یان ناکرێت دەسەڵاتێکی باڵاتر یان سەروەرییەك لەجیاتی دەوڵەت بە حکومەت بدرێت. کەواتە ناشتوانرێت باس لە دەسەڵاتی

ڕەهای حکومـەتیش بکرێـت. دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە بـاش بزانرێـت، کـە پێویـستە حکومـەت لەچوارچـێوەی دەسـتورو یاسـا ئاسـاییەکاندا ڕەفتـار بکـات و نابێـت دەسـەڵات خـۆی تێپەڕێنێت. هەروەها باشترە بزانین لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسـیدا، کـە هاوڵاتیـان خـاوەنی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسین، بڕیارو کاری حکومـەت هـیچ سـەربەخۆ نییـە، چـونکە ئەگـەر لەلای خەڵکەوە فشاری تەواو هەبێت، حکومـەت دەبێـت خـۆی ڕادەسـتبدات، خـۆی ریفـۆرم بکات تا سیاسەت و کارەکانی بخاتە سەر ئاڕاستەی ڕای گشتی.

(لاسـکی) و (کـۆڵ) بەپـشتیوانی هەنـدێك بـەکارهێنراوی بـاو حکومـەتو دەوڵـەتیان بـە یەکسان داناوە. کاتێك باس لە بەشداریکردنی دەوڵەتی فیدراڵ لـە حکومـەتی ویلایـەتی، لـە کۆمەکی دەوڵەتی یان سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا دەکرێت، لەڕاستیدا بیر لە چـالاکی حکومـەت دەکەینـەوەو دەربـارەی دەدوێـین. (کـۆڵ) لێـرەوە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی، کـە دەوڵـەتو حکومەت یەك شتن. بەڵام (سایت– Sait) لەوبڕوایەدایە، کە ئـەنجامگیری دروسـت ئەوەیـە بزانین ئەمجۆرە بەرکارهێنانە پراکتیکی نین‌و گومڕاکارن و تەنها لەلایەن خەڵکی ڕەشـۆکەوە بەوجۆرە بەکار دێت، چونکە پەیوەندییـەکی تایبـەت لـەنێوان دەوڵـەت و حکومەتـدا هەیـە. هەرچەندە دەوڵەت گردبوونەوەیەکی سەر خاکێکە، بەڵام تەنها لەلایەن حکومەتی خۆییـەوە دەتوانێـت چـالاکانە کاربکـات. کاتێـك حکومـەت بـەناوی دەوڵەتـەوە کارێـك ئـەنجام دەدات دەکرێت بوترێت دەوڵەت ئەوکارەی لە ڕێگای خزمەتگوزاری خودی خۆیەوە، واتە لە ڕێگـای حکومەتەوە، ئەنجامداوە. ئەم بارە (لاسکی) ناچارکردبوو بڵێت، لە ڕاستیدا دەبێـت بـەهۆی هەلومەرجی بەڕێوەبردنەوە دیدی کـارکردنی دەوڵـەت لەبەرچـاو بگیرێـت، چـونکە ئـیرادەی دەوڵەت لەبەرگی بڕیاردا خۆی بەرجەستە دەکات، کـە ئەوهێنـدە کەمـەی خـاوەنی پـشکی یاسـایی بڕیـاردانن، ئـەو بڕیارانـەیان داوە، لەبەرئـەوە دەوڵـەت بـەهۆی مەبەسـتەکرداری بەڕێوەبردنەوە هەمان ئەو حکومەتەیە(٢٢). لەبەرئەوەش ئەو دوانەی بەیەك شت دادەنا(٢٣).

لەهەمان کاتیشدا (لاسکی) دان بەوەدا دەنێت، کـە ئامـانجی جیاکردنـەوەی دەوڵـەت لـە حکومـەت ئەوەیـە سـنورەکانی حکومـەت دیـاریکراوبن، بـەجۆرێك بەتـەواوی لـەپێناوی ئـەو ئامانجەدا بێت، کە دەوڵەتی بۆ دامـەزراوە، واتـە دۆخێـك بێتەکایـەوە تـا حکومـەت بـەناوی دەوڵەتەوە کاربکات:

**(چونکە هەموو حکومەتێك لـە مرۆڤـی سـادە پێکـدێت و ئەگـەری هەڵـەکردنیان هەیەو لەوانەیە بەهۆی ئەو دەسەڵاتە یاسایییەوەی هەیانە، کار بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیـان بکـەن. لەوانەیـە نیـەتی چـاکەکارییان هـەبێت، بـەڵام تـەواو نائەقڵانەیـە بەرژەوەندی کەسێتی و تایبەتی دەستەیەکی بچوك لەگەڵ خۆشـگوزەرانی هـەموو کۆمەڵگە بەهەڵە تێکەڵ بکەن. گریمانەی ئەوەش هەیە لـە دۆخ و هەلومـەرجی بـاو بێئاگا بن یان لەپێناوی رووبەڕوو بوونەوەیاندا بێدەسەڵات بن. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو بارودۆخەش لە هەر کۆمەڵگەیـەکی سیاسـی و لـە هەرسـاتێکی مێژوویـدا بێتـە کایەوە. لەبەر ئەوە جیاکردنەوەی دەوڵەت لـە حکومـەت هـەل دەڕەخسـێنێت بـۆ گۆڕانکاری لە کارگوزارییەکانی دەوڵەتدا، واتـە لەحکومەتـدا، هـەرکاتێك نـەتوانێت ئەرکەکانی راپەڕێنێت و گۆڕانکاری لە میکانیزمی دامەزراوەکەدا بکات[٢٤])**.

دەتوانرێت جیاوازی نێوان دەوڵەت و حکومەت بەکورتی بەمجۆرە بخرێتەڕوو:

| دەوڵەت | حکومەت |
|---|---|
| کۆیەکی گشتییە | تـەنها بەشـێکە لەدەوڵـەت، واتـە ئـامڕازی کارکردنێتی. |
| ئەبستراکتە | دیاریکراو و راستەقینەیە. |
| هەموو خەڵکی ئەندامن تیایدا | تەنها بڕێکی کەم لـەکۆی دانیـشتوان بەشـدارن لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانیدا. |
| کەموزۆر هەمیشەییە | دەگۆڕێت. |
| پێویستی بەفۆرمی حکومەت هەیـەو ناکرێت وێنـای دەوڵەتی بێ حکومەت بکرێت | لەفراوانترین واتادا پێش دەوڵەت و جیا لەویش هەبووە. |
| حوکمڕانێتی سیفەتی دەوڵەتە | لەپراکتیکـدا هـەموو حکومەتـەکان پاشـکۆی سنورداریێتی جۆراوجۆری یاسای کارکردنن. |
| بەدڵنیاییەوە لە زۆربەی وڵاتەکاندا خـەڵکی سـکاڵای یاساییان دژ بە دەوڵەت نییە. | ئەگـەری ئـەوە هەیـە خـەڵکی ناڕەزایـەتی و سکاڵای یاساییان دژ بە ئۆرگانـەکانی حکومـەت یان دژ بە کارمەندانی حکومەت هەبێت. |

حکومەت بەشێکە لەدەوڵەت و بەشێوەیەکی سروشتی سێ دەسەڵاتی هەیە: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی راپەڕاندنو دەسەڵاتی دادوەری. سەبارەت بەم دەسەڵاتانەو پەیوەندیو فۆرمەکانی سیستەمی سیاسی، کە بەهۆی ئەو پەیوەندیانەوە سەرهەڵدەدەن، لە بەشەکانی تایبەت بە حکومەتو دیموکراسیدا ( فەسڵی دەیەم تا سیانزەیەم) لێکۆڵینەوەی لەمەڕ دەکرێت.

## چەمکی سیستمی سیاسی:

تێگەی سیستمی سیاسی (politcal system) میتۆدێکی نوێیە نەك تەنها بۆ ناسینی دیاردەی سیاسی و دەزگا فەرمییە سیاسیەکان، بەڵکو بۆ هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسیش لە کۆمەڵدا. سیستمی سیاسی بەشێکە لە سیستمی گشتی و ئاماژە بۆ پەیوەندییە ناوکۆییەکانی بەشە جیاوازەکانی ئەم سیستمە دەکات[٢٥]. چەمکی سیستمی سیاسیو تیۆری سیستمی سیاسیش دەرکەوتەی ئەو سالأنەی دواییە. لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیادا یەکەمجار تێگەی سیستم لە ئەنترۆپۆلۆژیادا بەکار هێنراوە. لە زانستە سیاسیەکاندا (ئیستۆن و ئالمۆند) رۆڵی بەرجەستەیان لە گەڵاڵەکردنی تیۆری سیستمدا هەبوو.

### أ/ واتای سیستم:

پێناسەی جۆربەجۆر بۆ سیستم کراوە، وەك (کۆمەڵێك توخمی خاوەن کارو کاردانەوە)، (کۆمەلێك ئامانج و پەیوەندی نێوان ئەو ئامانجانەو خاسیەتەکانیان[٢٦]) و (گشتێکە لەبەشی زۆر پێکهاتووە ـ کۆمەڵێك سیفاتی تایبەتە). (دال) بەمجۆرە پێناسەی سیستمی کردووە: (هەرکۆمەڵە توخمێك بتوانێت بەشێوەیەکی تێکچڕژاو کاربکات، دەکرێت وەك سیستم سەیری بکرێت، خەتی کاکێشان، تیمەکانی فوتباڵ، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و پارتی سیاسی هەریەکەیان بۆ خۆی سیستمێکە[٢٧]). ئەم پێناسانە لەسەر ئەم بیرۆکەیە رۆنراون، کە سیستم زنجیرەیەك ئامانج یان توخمە لەناو هەندێك پەیوەندی دیاریکراوی دامەزراوەیی خاوەن کارو کاردانەوەو لەسەر رێچکەیەکی ئاراستەکراو. زاراوەی (سیستم) دەلالەت لە پەیوەندی بەپێشەنگکراوی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی بونیادێك دەکات، کە لەسەر

پەیوەندی کارکردن راگیرەو ئەو شتەیە بەشەکان چالاك دەکات و یەکبوون و یەکێتییان پێدەبەخشێت.

بەکورتی تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی سیستمێك بەمجۆرەیە:

١- سیستم لە بەشی جیاواز پێکهاتووە، کە هەموویان بەیەکەوە یەك یەکە پێکدەهێنن. سیستم چەمکێکی یەکتاگەرا نییە.

٢- سیستم کۆکردنەوەی ئەبستراکتی بەشەکان نییە، بەڵکو دەبێت ئەو بەشانە لەسەر نەسەقێکی رێکوپێك رێکخراوبن، دەبێت پەیوەندیەکی گونجاو لەنێوانیاندا هەبێت.

٣- نەسەق و رێکخراوەیی ئەم بەشانە دەبێت پێشەنگی و نموونەیی بێننە ئاراوە. دەبێت بەشەکانی سەعات بە جۆرێك رێکخراو بێت، نموونەیەك پێکبێنێت تا پێیی بڵێین سەعات.

٤- لەنێو بەشەکانی سیستمدا پەیوەندییەکی بنچینەیی هەیە. هەر بەشێك ئەرکێکی تایبەتی بۆ راپەڕاندن هەیە. هەر بەشێك لەگەڵ سیستم و سیستمیش لەگەڵ هەر بەشێك هاوبەندە.

٥- هەموو بەشەکان بەکۆ یەك یەکە پێکدێنن، ئەگەرچیش هەربەشە ئەرکێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لە رووی کارکردنەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوبەندی بەشەکانی دیکەیەو یەکەیەکی نوێ پێکدێنێت. بوونی کەموکوڕی لە هەربەشێکیدا ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەری لەسەر کۆی سیستم دابنێت.

سیستم دوو جۆرە: ١- سروشتی. ٢- دروستکراوی مرۆڤ. سیستمی سروشتی، سروشت ئەفراندویەتی و سەربەخۆیە لەویستی مرۆڤ. خودی سیستمی سروشتیش دوو جۆرە: ١- نائامێری. ٢- رۆبۆتی. سیستمی سروشتی نائامێری بە (نازیندوەکان)ی وەك سیستمی خۆر دەوترێت. سیستمی سروشتی رۆبۆتی بە (زیندەوەران)ی وەك مرۆڤ یان رووەکەکانەوە پەیوەستە.

سیستمی دروستکراوی مرۆڤیش لەلایەن مرۆڤەکانەوە داهێنراوەو دەکرێت بەچوار شێوە دەرکەون: ١- سیستمی میکانیکی. ٢- سیستمی کەسێتی. ٣- سیستمی کەلتووری. ٤- سیستمی کۆمەڵایەتی.

سیستمی سیاسی ئاوەزی سیستمی کۆمەڵایەتییە.

**ب/ واتای سیستمی سیاسی**

(ماکس ڤێبەر) بەمجۆرە پێناسەی سیستمی سیاسی کردووە: (گردبوونەوەی مرۆڤەکانە لەسەر خاکێکی دیاریکراو، کە رەوایی بە بانگەشەی بەکارهێنانێکی تایبەتی زۆرلێکردنی جەستەیی دەدات)، بەڵام (ئەلمۆند) ئەم پێناسەیە بەگونجاو نازانێت، چونکە پێدەچێت زیاتر پێناسەیەك بێت بۆ دەوڵەت تا سیستمی سیاسی. (ئەلمۆند) پێناسەکانی ( ماریۆن لیڤی- Marionlevy)، (کاپلان- Kaplan)و (لاسۆل)یشی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، زۆر بەفراوانی داناون و رەتیکردونەتەوە. پێناسەی (ئیستۆن) بۆ سیستمی سیاسی ئەمەیە: (سیستمێکە لە کاروکاردانەوە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، کە بەهۆیەوە دابەشکردنی زۆرلێکردن یان دەسەڵاتدارانە دێتەکایەوەو پیادە دەکرێت). پێناسەکەی (ئیستۆن) بۆ سیستمی سیاسی سێ بەشی بنەڕەتی هەیە: ١- دابەشکردنی بەهاکان لەگەڵ ئامرازە سیاسیەکان. ٢- دابەشکردنی دەسەڵات. ٣- گرنگی زۆری دابەشکردنی دەسەڵات. ئەم بەشە پێکهێنەرانە سیستمی سیاسی لە سیستمەکانی دیکە جودا دەکاتەوە. سیستمی سیاسی هەنگاوەکانی ئەو تاکانە دەئافرێنێت، کە هاوبەشی ژیانی گشتی دەکەن و بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەستن بە دارشتن یان جێبەجێکردنی سیاسەتەوە. تێگەیشتنی (ئیستۆن) بۆ سیستمی سیاسی هاوبنەماو گشتگیرە. سیستمی سیاسی ئاوەزی سیستمی کۆمەڵایەتیە. تەنانەت لە سیستمی سیاسیشدا برێك کۆلکە سیستمی وەك سیستمی پارتایەتی و سیستمی گروپی هەیە. ( ئیستۆن) ئەوانە بە (بەشی سیستمی سیاسی) ناوزەد دەکات. بەبڕوای ئەو سیستمە سیاسیەکان کراوەو بە دیسپلینن. هیچ سیستمێکی سیاسی ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات مەگەر ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی کاری تێدادەکات، خۆی بگونجێنێت. (ئیستۆن) کاری سیستمە سیاسیەکان بەپێی (داتای ناوەکی) و (داتای

دەرەکی) روونکردۆتەوە. داتا ناوەکییەکان ئەو خواست و پشتوپەنایەیە، کە سیستم لە کۆمەڵگەوە بەدەستیدێنێت. داتا دەرەکیەکانیش بڕیارو هەنگاوەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتە.

(ئەلمۆند) پێناسەکەی (ئیستۆن) زۆر بە پەسەند دەزانێت. بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی (بەهێزا) ناکۆکە، چونکە بە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە سیستمی سیاسی لەسیستمەکانی دیکەی وەك دامەزراوەی ئاینی یان کۆمپانیایەکی بازرگانی بەتەواوی جیاناکرێتەوە کە لەوانیشدا جۆرێك لە تواناوهێز پیادە دەکرێت. (ئەلمۆند) بۆ پێناسەکردنی سیستمی سیاسی وتویەتی: (سیستمێکە لە کاروکاردانەوەو لە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆدا دەبینرێت، کە لەرێگای زۆرلێکردن یان هەرەشەی بەکارهێنانی کەموزۆری رەوایی زۆرلێکردنی جەستەییەوە ئەرکەکانی یەکپارچەیی‌و یەکسانکردن جێبەجێ دەکات[٢٨]).

بەمجۆرە (ئەلمۆند) پێیباشبووە دەستەواژەی (رەوایی ناچارکردنی جەستەیی) لە جێگای (بەهێز)ی (ئیستۆن) بەکاربێنێت. وایپێباشترە دەسەڵات بە (رەوایی ناچارکردنی جەستەیی) پێناسە بکات. پاساوەکەی بۆ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە ئەوەیە، کە یارمەتی جیاکردنەوەی سیستمی سیاسی لە سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە دەدات. بە بەکارهێنانی سیفەتی (رەوایی) بۆ ناچارکردنی جەستەیی ( ئەلمۆند) بەنیازە بەتەواوی ئەوە روون بکاتەوە، کە سیاسەت بە زۆرلێکردنێکی ئەبستراکت نازانێت. ئەم رەوابوونە سیستم و چۆنایەتیە تایبەتەکەیەتی و هەروەها هاوبەندی سیستمێکیش پیشان دەدات.

لە دیدی (دال)ەوە هەموو سیستمێکی سیاسی ئامانجی جیاوازی لەگەڵ سیستمێکی سیاسی دیکەدا هەیە: (ناکۆکی و کۆك بوون دوو لایەنی گرنگی سیستمی سیاسین. ئەو تاکانەی پێکەوە دەژین، هەرگیز سەبارەت بەهەموو شتەکان پێکەوە کۆك نین. بەڵام ئەگەر بیانەوێت پێکەوە درێژە بە ژیان بدەن، ناتوانن هەوڵ بۆ ئەو ئامانجانە بدەن، کە دژی یەکترن[٢٩]). بەبڕوای (دال) هەموو تیۆرسێنانی سیاسی پەییان بەو دوالیزمەیە بردووە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی پێداگریان زیاتر لەسەر لایەکیان کردووە:

**(ئەوانەی، وەك هۆبز، مرۆڤ بەوە دادەنێن ئارەزووی لە بەدواداچوونی ئامانجە ناکۆکەکانە، هەمیشە ئامادەن پێداگری بکەن لەسەر پرسی پێداویستی بەدیهێنانی**

**هێـزو دەسـەڵاتی چـڕكراوە، ملكەچـی، وەفـاداری، گونجـاوی، ناچـاری، ئـەرك و دیسپلین. بە پێچەوانەی ئەمانەوە (ئەرستۆ) و (رۆسۆ) بڕوایەكی زیاد لە رادەیان بە حەزی مرۆڤ بۆ هێنانەدی هاوكاری هەبوو، ویستویانە پێداگری لەسەر ئەو كۆمەكانە بكەنەوە كە سیستمە سیاسیەكان و بە تایبـەتی وڵاتـەكان دەتـوانن پێـشكەش بـە مرۆڤەكانی بكەن[٣٠]).**

تێگـەی سیـستمی سیاسـی بـووە بـەهۆی راڤـەكردنی (دامـەزراوە– پراكتیـك) لـە تیـۆری سیاسی نوێدا. بەڵام تیۆری سیـستم لـە فۆرمـدا بەشـێوەیەكی گـشتی بـەرفراوان بـووەو لـە راڤەكردنی دیاردەی سیاسیدا هێـشتا وەك یەكپارچـە بەگەڕنـەخراوە. زانـستە سیاسـیەكانی نوێ تەنانەت هەندێكجاریش بەبێ هەڵاوێردن، تەنها هەندێك لە چەمكی ستراكتۆرەكانی ئـەم تیۆرەی پەسەندكردووە. هەڵبەتە تیۆری سیستم ئـەوەی دەرخـستووە كـە بـەكارهێنانی لـە رووەكانی (دامەزراوە– پراكتیك)ەوە زۆر سودبەخشە بۆ شیكردنەوەی سەلماندنی سیستمە سیاسەكان[٣١]).

### ٣- نەتەوەو رەگەز:

زاراوەی زانـستیانەی (نەتـەوە) و (رەگـەز) لەلایـەن بیریـارو لێكۆڵیـارو هـەروەها سیاسـەتمەدارو هاوڵاتیـانی ئاسـاییەوە بەشـێوەی جۆراوجـۆر بـەكارهێنراوەو راڤـە كـراوە. زۆرجار نەتـەوەو رەگـەز تێكـەڵ بەیـەك دەكـرێن و بـە دژواری لـە دەوڵـەت جیادەكرێتـەوە. لەمڕووەوە سەبارەت بە بەكارهێنانی زاراوەی زانستیانەی (نەتەوە) و (رەگەز) لە ئـەدەبیاتی سیاسی خۆرئاوادا لاوازییەكی زۆر هەیە. هەندێك لە لێكۆڵیاران تەنانەت لە سـەردەمی كـۆنی مێژووی مرۆڤایەتیشدا ئاماژەیان بۆ بوونی ئـەو دوو زاراوەیـە كـردووە، بـەڵام سـەبارەت بـە خەسڵەتی مێژووییان بەگشتی كۆدەنگییەك هەیە.

#### أ/ پێناسەی نەتەوەو رەگەز:

بەپێی وەرگێراوی تێرمۆلۆژیانە زاراوە زانستیەكانی (نەتەوەو رەگـەز) لـە وشـەی لاتـینی (natio) وەرگـیراوە، كـە بـەواتای زایـدەن یـان بـاوانی هاوبـەش دێـت. بـەڵام لێكۆڵیـارە سیاسیەكان ئەم زاراوە زانستیانەیان بەواتای جۆراوجۆری لەیەك جیاواز بەركارهێناوە.

(ئەلفرێد زایمرن) بەمجۆرە پێناسەی (رەگەز)ی کردووە: (فۆرمێکە لە هەستە هاوبەشەکان، کە لە جۆشوخرۆش و وەفاداری شکۆمەندی تایبەت بە نیشتمانەوە سەریهەڵداوە[٣٢]). (بارنز– Barnes)یش (رەگەز)ی بەوە داناوە کە: (ناوێکی گشتییە بۆ کۆی کەڵەکەبوونی ئەو فاکتەرە سایکۆلۆژی و کەلتوورییەی بنەمای هاوبەندی و یەکێتیی نیشتمانی پێکدێنێت). بەبڕوای (ئۆپنهایمەر– Oppenhiemer) ( هۆشمەندی رەگەزیی نەتەوە دروست دەکات).

(جەیمز بریس) بەجۆرێکی دیکە بیردەکاتەوە. لە دیدی ئەمەوە، نەتەوەیی بۆ ئاماژەکردن بە خەڵکێك بەکاردێت کە هێشتا سەربەخۆییان بەدەستنەهێناوە. لەوباوەڕەدابوو، کە نەتەوەیەك (ئەو هەستە نەتەوەییەیە لەناو گروپێکی سیاسی سەربەخۆ یان گروپێکی ئارەزوومەندی ئازادیخوازیدا خۆی رێکخستووە). (ستالین)یش زاراوەی (رەگەز)ی بەکارهێناوە بۆ بە کۆمەڵبوون لەسەر خاکێك لەلایەن ئەو  مرۆڤانەی لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی خێڵەکان و گروپە نەژادیەکان لەسەردەمی کۆن و فیودالّی مێژووی مرۆڤایەتیدا پەیدابوون. لە دیدی (ستالین)ەوە رەگەز بەهۆی بوونی زمانی هاوبەشەوە جیادەکرانەوە[٣٣].

روانگەی ئەو بیریارانەی باسکران سەبارەت بە رەگەز هیچ زەمینەیەکی هاوبەش ناخاتەڕوو. لە کاتێکدا کە (زایمرن، بارنز، ئۆپنهایمەر) رەگەز بەشتێکی خاوەن ماهیەتی دەروونی و سایکۆلۆژی دەزانن. (برنس و ستالین) بە فۆرمێکی کۆمەڵبوونی مرۆڤەکانی دادەنێن لە قۆناغێکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ. ئەم دوانە رەگەز لەنەتەوە جیادەکەنەوەو نەتەوە بە قۆناغێکی پێشووتری بە کۆمەڵبوونی کۆمەڵایەتی دەزانن. لەهەمان کاتدا (بریس) لەوباوەڕەدایە کۆڵەکەی سەرەکی جیاوازی ئەو دووانە ئەوەیە، کە نەتەوە لە رووی سیاسییەوە کۆمەڵێکی رێکخراوی جەماوەرە، کە لە پێشتردا سەربەخۆ بووە یان بەلایەنی کەمەوە حەزیان بەسەربەخۆییە. بەڵام لە روانگەی (ستالین)ەوە نەتەوە هاوبەندترە لە رەگەز، کە بەشێوەیەکی رێژەیی بەهۆی زمانی هاوبەشەوە پێکەوە گرێدراوەو ئەو هاوبەندییەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەئەنجامی چالاکی هێزە ئابورییەکانەوە پەیدابووە. وێڕای ئەوەش بە بڕوای (ستالین) نەتەوە مەرج نییە بە

واتای بونێکی جیاواز و خاوەنی دەوڵەت بێت. لە دیدی ئەوەوە لە هەلومەرج و دۆخی تایبەتدا زۆر باشەو لەوانەیە واباشتر بێت نەتەوەکان یەکبگرن و لەسەر کۆڵەکەی یەکسانی کامڵی نیشتمانی، دیموکراسی پایەدارو ئەنتی نەژادی پێك بێن.

دەبێت ئەوەش بوترێت، کە زاراوەی زانستیانەی (رەگەز) لە تێگەیەکی دیکەدا، واتە لە ئاماژەکردندا بۆ پێگەی یاسایی، وەك پەیرەو یان هاوڵاتیش بەکاردەهێنرێت. لە گەشتکردنەکاندا بۆ دەرەوەی وڵات چەندینجار ئەو پرسیارە دەکرێت کەسەر بەکام رەگەزی. مەبەستی پرسیارکارەکە بە سادەیی ئەوەیە، کە بزانێت ناوی ئەو دەوڵەتە چییە، کە کەسەکە لەسەری حسابە. لە بەکارهێنانی گشتیدا ئەم زاراوە زانستییە بۆ ئەو گروپە نیشتمانیانەی ناو دەوڵەتە چەند (نەتەوە)کانیش بەکاردێت. بۆنموونە، لە (سویسرا) سێ نەتەوەی سەرەکی هەیە: ئەڵمانی، فەرەنسی و ئیتالی. لە بەریتانیاش سکۆتلەندی و وێڵزەکان هەیە.

(زایمرن) لەنێوان رەگەزو دەوڵەتمەداری ئەم جیاکاریانەی دیاریکردووە:

١- رەگەز خودی و دەوڵەتمەداری بابەتیانەیە.

٢- رەگەز سایکۆلۆژی و دەوڵەتمەداری سیاسییە.

٣- رەگەز بارێکی دەروونی و دەوڵەتمەداری بارێکی یاساییە.

٤- رەگەز لایەنێکی مەعنەوی هەیەو دەوڵەتمەداری ئەرکێکە دەبێت ئەنجام بدرێت.

٥- رەگەز جۆرێکی هەستکردنەو دەوڵەتمەداری جۆرێکی جیاواز نییە لە شێوەکانی ژیانی شارستانی(٣٤).

لە بەکارهێنانی زاراوەی زانستیانەی (رەگەز) چاوپۆشیکردنی زیاتر هەیە. هەندێك لە لێکۆڵیاران لەگەڵ دەوڵەتمەداری یەکسانی دەکەن و لەو بڕوایەدان خەڵکی ناو دەوڵەتێك نەتەوەن. بەڵام لێکۆڵیارە تەسکبینەکان لەمجۆرە گشتاندنە ئاسانانە خۆدەبوێرن. (هانز کۆهن، ئارنست رێنان، فریدریك هرتز، فریدریك شۆمان، مارکس، ئەنجلز، لینین و ستالین) پێیانوایە نەتەوە بێچەندوچوون دیاردەیەکی مێژووییە. هەموو ئەم بیریارانە ئەوە پەسەند دەکەن نەتەوە دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسانەیەو پێکهاتەیەکە لە گروپی نەژادی و ئەتنی، زمان و فاکتەری جۆراوجۆر، کە پاش دارمانی قۆناغی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی

سەریهەڵداوە، کە ئـەوەش لـەخولی سـەردەمی نـوێ (١٤٩٢- ١٧٨٩ن) و بـە تایبـەتی پـاش ڕێکـەوتنی (وێـستفالیا)ی (١٦٤٨)دا بـووە. ئـەم کـۆدەنگی و گردبوونەوەیـەش هەیـە، کـە نەتەوە گروپێکی وابەستەیە بەخاکەوەو بەشێوەیەکی دیـاریکراو سـەر بـە گروپـی نـەژادی ، خێڵەکی یان ئاینییە[٣٥].

ب/ هۆکارە بابەتیەکانی سەرهەڵدانی نەتەوە:

هەموو ئەو بیریارانەی دەربارەی نەتەوە وتارو لێکدانەوەیان هەیە ناوی هەندێك فاکتـەری بابەتی دەبەن، کـە بوونیـان کۆمـەکی بـە سـەرهەڵدانی نەتـەوە کـردووەو لەهـەمان کاتیـشدا رایدەگەیەنن، کە بوونی هەریەك لەو فاکتەرانە بەشێوەیەکی رەها پێویستن. گرنگترینی ئـەو فاکتەرانـە بـریتین لـە (نـەژادو خزمایـەتی، ئـاینی هاوبـەش، زمـانی هاوبـەش، هـاوجۆگرافی، هاوبەندی ئابووری، مێژوو یان نەریتی هاوبەش). بەڵام سەبارەت بەبوونی یەکەبەیەکەی ئەو فاکتەرانە هاوڕایی لەئارادا نییە. (ماکیڤـەر) وتوویـەتی، بـە دەگمـەن دوو نەتـەوە هەیـە کـە (بێچەندوچوون خاوەنی هەموو فاکتەرە بابەتیەکان بن).

١- نەژادو خزمایەتی:

لە کاتێکدا کە دەتوانرێت بەوپەڕی ئامادەییەوە ئەوە پەسەند بکرێت، کە باوەڕهێنان بـە تاکە نەژادی و خزمایەتی دەتوانێت کۆمەك بەگونجاندنی خەڵك بکات، بەڵام بەڵگە هێنانـەوە بۆ ئەوەی بەتەنها یەکێکـە لـە فاکتـەرە بابـەتی و پێویستەکانی پێکهێنـانی نەتـەوە، ئـەوە باسێکی دیکەیە. هەروەك (ڕێنـان) وتویـەتی: ئەوەیـە راسـتییە، کـە هـیچ نـەژادێکی پوخـت بوونی نییە. بە وتەی (شۆمان)، تەنانەت ئەگەر سەردەمانێك (نەژادی پوخت) هـەبوو بێـت، ئەوە زۆر دەمێکە بەهۆی کۆچ و کۆچباری، جەنگەکان، سەرکەوتنەکان و هاوسـەرگیری، بـە پێوانەیەکی بەرفراوان و لە ماوەی هەرزان ساڵدا ئیدی لە پوخت بوون شۆراونەتەوە. هـەموو نەتەوە نوێیەکانی ئەمڕۆ لە خەڵکی سەر بە گروپی نەژادی و هۆزی جۆراوجۆر پێکهاتوون.

٢- ئاینی هاوبەش:

لەگەڵ پەسەندکردنی ئەوەی تاکە ئاین فاکتەرێکی گرنگی پێکەوە گرێدان بوەو دەتوانێت ببێت، لە رابردوودا لە هاوبەندکردنی نەتەوەکاندا رۆڵێکی گرنگـی هـەبووە، بـەڵام ناتوانرێـت

وەك فاکتـەرێکی بابەتیانـەی پێویـست وەربگیرێـت. هـەروەك وتـرا، نەتـەوەی نـوێ کـۆی دانیشتوانی سەرخاکێکن. بە پێناسەیەکی ورد، نەتەوە هەموو ئەو مرۆڤانە لەخۆ دەگرێت و دەگرێتەوە، کە بەهەر هۆیەك لەسەر خاکێك نیشتەجێن و هەروەها لە مێژوو، لـە خونـەریتی ئەو خاکەدا هاوبەش بوون. لە کۆمەڵگە دیموکراسـی و سـکولاریزمەکاندا ئـەژمارکردنی ئـاین وەك فاکتەرێکی بابەتیانە بۆ پێکهاتنی نەتەوە بە کارێکی دەمارگیرانە دادەنرێت، لەبەرئەوە بە تێکدەری بنەماکانی دیموکراسی و سکولاریزم دەزانرێت. دەشـێت لـەنێو ئیماندارانـدا بـە فاکتەرێکی کامڵی هاوبەندی نیشتمانی دابنرێت.

**٣- زمانی هاوبەش:**

زۆربەی بیریارو لێکۆڵیاران بوونی زمانی هاوبەش بـۆ بـوونی نەتـەوە بەپێویـست دەزانـن. (هرتز و فیختـە) یەکـەمین کەسـانێك بـوون کـە جـەختیان لەسـەر گرنگـی زمـان کردۆتـەوە. بەبڕوای (بارکەر): (پەیوەندییەکی نزیك لەنێوان زمان و نەتەوەدا هەیە. زمـان تـەنها بـوونی وشەی ڕووت نییە. هەموو وشەیەك هەڵگری بارێکی تایبەتی بیرهێنانەوە(تداعیات)ی واتایە، کـە پەیوەسـتە بـە هەسـتەکان و خـەیاڵ دەبزوێنێـت. ناتوانرێـت ئـەم هەسـت و خەیاڵانـە بەدەستبێن مەگـەر کلۆمی ئـەو بەبیرهێنانەوانـە بـە کلیلـی زمـان بکرێنـەوە[٣٦]). (فریـدریك شۆمان)یـش ئامـاژە بۆئـەوە دەکـات، کـە زمـان چـۆن (باشـترین دیمـەنی فـەزای کەڵـچەری خەڵکە)و دەڵێت: (زۆربەی نەتەوەکان بەوهۆیەوەی، کە لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆو لـە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە یەکپارچەن، نەتەوە نین، بەڵکو بەوهۆیـەوە بـە نەتـەوە دادەنـرێن کـە خەڵکەکە یەك زمانی هاوبەش بەکاردێنن، کە جیاوازە لـەزمانی نەتـەوەکانی دیکـە[٣٧]). لـەو بیریارانەی دیکەش، کە پێداگرییان لەسـەر گرنگـی زمـانی هاوبـەش بـۆ نەتـەوە کردۆتـەوە، دەکرێت ناوی ئەمانە بهێنرێت (ڕامسی مـۆیر- Ramsay Muir، هـانز کـۆهن- Hans Kohan، ستالین).

نەیارانی ئەم دیدەش زۆربەیان نموونەی ( سویسرا، بـەریتانیای گـەورە) دێننـەوەو بـاس لـەوە دەکـەن، کـە لەگـەڵ بـوونی چـەندین زمـانیش دانیـشتوانی ئـەو وڵاتانـە بـە نەتـەوە دادەنرێن. کەسانێکیش هەن لەوباوەڕەدان (سویسرا) دەوڵەتێکی فرەنەتەوەییە. هەندێکیش

هەوڵیانداوە پرسەکە بەمجۆرە چارەسەر بکەن، کە فەڕەنسییە سویسری، ئەڵمانییە سویسری و ئیتاڵیە سویسرییەکان سێ نەتەوەی جیاوازن و نەتەوەی سویسری پێکدێنن.

لەلایەکی دیکەوە، گریمانەی ئەوەش هەیە دانیشتوانێکی زمان هاوبەش نەتەوە پێکنەهێنن. بۆنموونە، زۆر نەتەوە هەیە خەڵکەکەی بە ئینگلیزی قسەدەکەن، وەك بەریتانیەکان، کەنەدییەکان، ئوسترالیەکان و نیوزلەندییەکان...هتد. لە راستیدا نەتەوە تەنها لە ئەنجامی خواستی تەواو قوڵ و ڕێکخراوی وەچەکانەوە فۆرمگیری کردووە، کە بەبێ بوونی خاکێکی هاوبەش ئەگەری دروستبوونی لەئارادا نەبووە.

**٤- پەیوەندی جوگرافیا:**

کاتێك جوگرافیای هاوبەش بە پێداویستیەکی گرنگی بوونی نەتەوە ئەژمار دەکرێت، کە بە واتای هاوبەندی خەڵك دێت بۆ خاکێکی لەسەری دەژێن، بەیەك زمان دەپەیڤن، ئەزموونی مێژوویی هاوبەشیان هەیە، هەست و جیهانبینی و خۆشەویستی بەهێز بۆ خاکی هاوبەش لەخۆیاندا پەروەردە دەکەن. هەمان هەستی خۆشەویستی بۆ زێدی دایك نیشتمانپەروەرییە (patriotism).

**٥- هاوبەندی ئابوریی هاوبەش:**

یەکەمجار (کارل مارکس) هاوبەندییە ئابوریەکانی وەك فاکتەرێکی پێکهێنەری نەتەوە گەڵاڵە کردو لەوکاتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی زیاتری پێدراوە. کاتێك باوەڕ بەوجۆرە بێت، کە نەتەوە دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، دەبێت سەرنج لەو هەلومەرجانە بدرێت کە نەتەوەی تێدا دروست دەبێت. چاوخشاندێکی خێرا ئەوە ئاشکرا دەکات، کە نەتەوە وەك گروپێکی وابەستە بە خاکەوە لە سەردەمی کۆن یان لە قۆناغی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا بوونی نەبووە. نەتەوە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی بەرەبابەکان، خێڵ و گروپە نەژادیەکانەوە سەریهەڵداوە. بەبڕوای (لینین) گەشەکردنی ئاڵ و وێر (سەوداومامەڵە-و) لەنێوان ناوچەکان و دروستبوونی بازاڕی لۆکاڵی بووە بەهۆی دروستبوونی نەتەوەکان. تا

ئەوکاتەی خەڵکی هاوبەندی ئابووری یەکپارچەیان نەبێت، کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری گەشەکردو دروستی دەکات، ناتوانن وەك نەتەوە هاوبەندی بەدەستبێنن.

**٦- مێژوو یان نەریتە هاوبەشەکان:**

بوونی زمانی هاوبەش، هاوبەندیی جوگراف و هاوبەندیی ئابوریی هاوبەش لەو فاکتەرانەن، کە ئەو خەڵکانەی لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە پێکەوە ژیاون، کردوونی بە خاوەنی ئەزموونی یەکسان، رادەی جیهانبینی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم خەڵکە پێکەوە ژیاون، پێکەوە کاریان کردووە، پێکەوە هەستی خۆشی و ناخۆشییان هەبووە یان پێکەوە دووچاری ئازارو رەنج بوون. ئەمەش هەمان ئەوشتەیە کە لەناو خەڵکدا دەکرێت بە (پێکهاتەی سایکۆلۆژی) هاوبەش یان کەسایەتی و ناسنامەی نیشتمانیی ناو ببرێت. ئەم کەسایەتییە لای خەڵکی جێگیرە. بەشێوەیەکی گشتی کەسێتی تاك رەنگدانەوەی هەلومەرجی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی و ئەم کەسێتیە بەپێی گوزەرکردنی کات و گۆڕانی هەلومەرجی ژیان دەگۆڕێت. وەك ئاماژەکردن بۆئەوەی کەسێتی نەتەوەیی جێگیرو نەگۆڕە لەگەڵ ناجێگیری کەسێتی تاك ناکۆك نییە، بەڵکو بریتیە لە حەزو مەیلی نێوان خەڵکە هاوبەندەکە بۆبەرزکردنەوەی ناسنامەی کۆمەڵ.

**پ/ جیاوازی نەتەوەو دەوڵەت:**

بەئاوڕدانەوە لەو فاکتەرە بابەتیانەی بەکورتی باسیان لێوەکرا، ئێستا دەکرێت خاڵە سەرەکییە جیاوازەکانی نەتەوەو دەوڵەت دووبارە پێناسە بکرێتەوە:

| دەوڵەت | نەتەوە |
|---|---|
| ١- دەوڵەت لەرێگای بوونی فاکتەری بابەتی دیاریکراو، لەهەمووی گرنگتر، بوونی سەربەخۆیی سیاسیەوە دیاریدەکرێت. | ١- نەتەوە لەئەنجامی فاکتەری جۆراوجۆرەوە دیاریدەکرێت، کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مێژوویی جێگیر. |
| ٢- دانیشتوانی ناو دەوڵەتێك ئەگەری ئەوە هەیە لە توخمی یەك نەتەوە بن یان | ٢- نەتەوە دەشێت بونێکی سیاسیانەی سەربەخۆی هەبێت یان بەشی دەوڵەتێکی گەورەی فرە ئەتنیك |

| | |
|---|---|
| نەبن. | پێکبێنێت. هەندێك لە نەتەوەکانیش لەوانەیە بەسەر چەند کیانێکی سیاسیدا دابەشبووبن ، وەك کۆریاکان. |
| ٣-دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسی- یاساییە. | ٣- نەتەوە دەرکەوتەیەکی مێژوویی- سیاسی و کەلتوورییە. |
| ٤-دەوڵەت بەرهەمی پەرەسەندنێکی ناچاریانەی مێژوو نییە. رەنگە لە گردبوونەوەیەکی سیاسی گەورەترەوە دابڕابێت یان لە تێکەڵبوونی گروپی بچوکەوە پێکهاتبێت. | ٤- نەتەوە بەرئەنجامی ژیانێکی هاوبەشی دوورو درێژی خەڵکە. |
| ٥- لە هەموو سەردەمێکدا دەوڵەت خاکێکی دیاریکراوی هەیە. بەڵام گریمانەی ئەوە لەئارادایە خاکەکەی دەرئەنجامی زۆرلێکردن یان رێکەوتنێك بگۆڕێت. | ٥- نەتەوە، کە لەرووی مێژوییەوە، کۆمەڵێکی جێگیرە، بەپێی ویست گەورەو بچوك نابێت. رووداني لەو جۆرە پێویستی بەخولی تاڕادەیەك دوورودرێژو هەروەها هەلومەرج و دۆخی گونجاوە. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە لەو بارەشدا هەربەنەگۆڕی بمێنێتەوە. |
| ٦- تەنانەت لەکۆنترین سەردەمی مێژووی مرۆڤیشدا دەوڵەت هەبووە. | ٦- نەتەوە، لە سەردەمی خولی نوێدا، لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی بەرەبابەکان، خێڵەکان و گروپە نەژادییەکان و لەژێر فشاری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ژێر گەشەکردنی سەرمایەداریدا سەریهەڵداوە. |

## ٤- سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم:

ناسیۆنالیزم (nationalism) لە نیشتمانپەروەری (patriotism) جیاوازەو دیاردەیەکی تا رادەیەك نوێیە. لە سیستمی کۆندا حوکمڕانەکان بە فەرمی خەڵکیان وەك نەتەوە نەناساندوەو خەڵکیش خۆیان بەنەتەوە ناوزەد نەکردووە. بۆتەقەی گشتی حکومەتەکان نانەتەوەیی بوون. بانگەشەکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی وەك بانگەشە مافدارییەکانی تاك بە سانایی نادیدە دەگیرا. لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا هیچ گرنگییەك بە ویستەکانی جەماوەر نەدەدرا. بەرژەوەندیەکانی خودانی حوکمڕانەکان سنوری بۆ هەموو شتێك دیاریدەکرد. ئەم دۆخە لە ئەوروپا لە پێش هەموو شوێنەکانی دیکەوە هەبوەو

کاتێکیش گۆڕانی بەسەرداهات، کە ئیمپراتۆریی (نەمسا) پارچەپارچە بوو. پاشان ئەم بیرۆکەیە برەوی پەیداکرد، کە پێکهاتەی باوی دەوڵەتەکان گونجاونین و سنورەکانیان، بەلایەنی کەمەوە لەهەندێك رووەوە، نەك تەنها سروشتی نییە، بەڵکو نادادپەروەرانەشە. دەبێت ئەو سنورانە بگۆڕێن و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی خاکە جۆراوجۆرەکان، لەسەر بنەمای فاکتەری بابەتی هەریەکێکیان هارمۆنی بکرێت. بەتێپەڕینی کات ئارەزوو کردن بۆئەو هاوئاهەنگییە زیاتر بوو، بەرەو هەستی نەتەوەخوازی ملیناو بەشێوەیەکی بەرفراوان پرسی نەتەوەیی ئاڵۆز کرد.

لەسەدەی بیستدا، هەستی ناسیۆنالیزم لەناو گەلانی ژێردەستەی وەك ئاسیا، ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. ناسیۆنالیزم لەوێوە، کە بەرەیەکی دژ بەئیمپریالیزم هەڵبژاردوەو بۆ بەرژەوەندی سەربەخۆیی و نەتەوەییە، گۆڕانێکی تەندروست و بەهاداربوەو لەو ڕێگایەوە توانیوێتی پانتایی ئازادی نەتەوەیی و ئازادی تاکەکەس بەرفراوان بکات[٣٨].

## أ/ یەك نەتەوە، یەك دەوڵەت:

تیۆری (یەك نەتەوەو یەك دەوڵەت) زەمانێکە لە ئارادایە. ئەم تیۆرە بەناونیشانی (دەوڵەتی نەتەوەیی– nation state)یش ئاماژەی بۆکراوە. (مازینی– Mazzini) یەکەم کەس بووە بانگەشەی بۆ ئەم تیۆرە کردوەو (جۆن ستیوارت میل)یش یەکێك بووە لە لایەنگرە بەرجەستەکانی. (مارکس، ئەنگلز، لینین)یش لە فۆرمی مافی دیاریکردنی چارەنوسدا بە مافێکی پێویستیان زانیوە. لە یەکەم جەنگی جیهانی و دوای جەنگیش (ویلسن)ی سەرکۆماری ئەمەریکا پشتیوانی لەو مافە کردووە.

ئەم تیۆرە بەو واتایەیە، کە دەبێت هەموو نەتەوەیەك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ڕێکبخرێت. (میل) لەوباوەڕەدابوو، کە لە هەرشوێنێك (هەستی نەتەوەیی بەهەر تەوژمێك هەبێت بە ئاماژەیەکی سەرەتایی دادەنرێت بۆ یەکگرتنی هەموو ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە لەژێر سایەی حکومەتێکی سەربەخۆی خۆیاندا). ئەم یەکگرتنەی وەك بەکارهێنانێکی لۆژیکانەی بنەچەی خودی حکومەت دەبینی و بڕوای وابوە کە: (لەنێو

کۆمەڵگا فرە نەتەوەییەکاندا بوونی دامودەزگا ئازادەکان تاڕادەیەك ئەگەری نییە). لەنێو دانیشتوانێکی فرەنەتەوەیی ئاسانترین ڕێگای حوکمڕانیکردن ئەوەیە کە بەسەرکەوتویی سیاسەتی ( پەرتکەو زاڵبە) پیادە بکەیت، چونکە ئەو ئەگەرە لە ئارادا نییە سەربازانی وڵاتێکی فرەنەتەوەیی لەگەڵ خەڵك هاوبەندییان هەبێت و هیچ گرنتیەکی کاریگەریش نییە لەبەردەم زۆرداری حکومەتدا[٣٩].

تیۆری ئۆتۆنۆمی نیشتمانیی لەلایەن راگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسەند کراوەو پێشکەش بە خەڵکی خاکە داگیرکراوە خاوەن خەسڵەتە شۆرشگێڕەکانی کردووە. لەماوەی چەندین دەیەی رابردوودا ئەم تیۆرە بۆتە ئامرازی بەهێزو بەڵگەنەویست دژ بە درێژەدان بە دەسەڵاتی دەرەکی لە ئاسیا، ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین. گەورەترین سەرکەوتنی تیۆریانەی ئەم پرنسیپە ناوەڕۆکی فەسڵی نۆیەمی بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانە دەربارەی خاکە نائۆتۆنۆمەکان.

**ب/ خەوشەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی:**

لەکاتێکدا رەوشی دژ بە ئیمپریالیزم لە ئاسیا، ئەفریقاو ئەمەریکای لاتیندا درێژەی هەبوو، مەیلێکی پێچەوانەش لە ئەوروپای خۆرئاواو لە هەندێك شوێنی ئاسیا – ئەفریقا سەریهەڵداوە. لەو ناوچانە زۆرجار ئەو بیرۆکەیە دەخرایە روو، کە بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بچوك نەك تەنها دەبێتە رێگری بەردەمی گەشەکردنی خێرای مادیانەی مرۆڤ، بەڵکو دەبێتە ئاستەنگیش لەبەردەم چارەسەرکردنی گرفتە جۆراوجۆرەکانی سیستم و هاوکاری نێونەتەوەیی. مەیلی لەمجۆرە زیاتر لە ئەوروپای خۆرئاوا، جیهانی عەرەب، ئەفریقای خۆرهەڵات و ئەو ناوچانەدا هەبووە، کە ئارەزوویان لە پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی گەورەترە. هەندێك لە ئاراستەکاران یان لایەنگرانی سیستمە روو لەناوچووەکانی ئیمپراتۆری بە ئاماژەکردن بۆ ئەوجۆرە مەیلانە دەستیان دایە ستایشکردنی پاشماوەی پەیوەندییە دێرینەکانی ئیمپراتۆری، کە ریفۆرمی تێداکراوە. بەمپێیە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەم ستایشکارانە لەناو ئەو کەسانەی دەیانەوێت جڵەویان بکەن، هیچ جۆرە خۆشەویستیەکیان نییە. راستیەکەی ئەوەیە، کە تا کۆتایی دیلێتی ئەگەری ئەوە نییە

خەڵکانی نائۆتۆنۆم هیچ دیدو گرنگییەکی بدەن بەو تێزانـەی لـە سەرچـاوەی گوماناوییـەوە دەردەچن.

هەمیشە بیریارانێکیش هەبوون پرنسیپی دەوڵەتی نەتەوەییان خستۆتە ژێر پرسـیارەوە. بۆنموونە، (لۆرد ئاکتۆن) ئەم پرنسیپەی دژ بە ئـازادی و بـە هـەنگاوێك بـۆ دواوەی مێـژووی مرۆڤایەتی دانـاوە. بـەبڕوای ئـەو پرنـسیپی دەوڵـەتی نەتـەوەیی نەتـەوە سـەرەڕۆ و زۆردار دەکات و پێویستی بە بەقوربانیکردنی مافەکانـە لـەپێناوی یـەکێتی نەتەوەییـدا. سـەرەڕای ئەوەش دەبێتە هۆی تایبەتمەندی تـەنگبینی لـە جیهـانبینی و نائـارامی. بـەهۆی پێـداگرتن لەسەر یەکپارچەیی نەتەوەییەوە پەسەندکردنی نەتەوە جیاوازەکان مەحاڵ دەبێت و یەکێك لە مەرجەکانی یەکسانی نێـوان مرۆڤـەکان لـەبار دەچـێت. بەمپێیـە نـەیاریی ئـازادی تـاك و حکومەت لەخۆ دەگرێت. بەبڕوای (ئاکتۆن) پێکهاتـەی نەتـەوەیی جۆراوجـۆر لەدەوڵەتێکـدا مەرجی پێویستە بۆ بوونی کۆمەڵی مەدەنی. سـەرئەنجامی دەرخواسـتی بـەردەوام هـەژاران بە ئاستێکی بەرزتر دەگەن و نەتەوە پڕ لە ئاژاوەو روو لەناوچووەکان دەمێننەوەو توانستی ژیان بەدەستدێنن، نەتەوەی بێئەخلاق هەلی بەئەخلاقبوونی بـۆ دەڕەخـسێت. ئاوێتـەبوونی نەتــەوەکان لــە بۆتەقــەی دەوڵەتێکـدا توانـست و وزەی ژیــان بەنــەدارەکان دەبەخــشێت. بەمپێیە ئەم رەوتە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و شارستانیەتیش بەرەوپێش دەبات. بەکورتی، (ئاکتۆن) پێکەوە ژیانی چەند نەتەوەیەك لـەناو دەوڵەتێکدا بـە پێـودانگو باشـترین گرنتـی ئازادی دەزانێت. دەوڵەت بە ئەرکدار بوونی بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی و هـارمۆنی لـە نێـوان بەرژەوەنــدی خەڵکــە جیاوازەکــان ئــازادی و خــود حــوکمڕانێتی دەئافرێنێــت، هــانی درووسـتبوونی ئـەو ئەنجومەنانـە دەدات، کـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەوڵەنـد دەکـەن، کۆمـەك بەکامڵبوونی تەواوی کەسایەتی مرۆڤایەتی دەکات و پارێزگاری لە مافەکانی تاك دەکات.

(میل) و (ئاکتۆن) لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بەزاراوەی ئەبستراکت راگەیانـدوە. (میـل) بـە پێداگرتنی لەسەرئەوەی دەبێت هەموو نەتەوەیەك دەوڵـەتی سـەربەخۆی هـەبێت لەراسـتیدا مافی ئازادانەی نەتەوە بۆ رێکخستنی کاروبارەکـانی خـۆی رەتدەکاتـەوە. ئـەم گریمانەیـەی ئەو، کە بەپێی پێویست دەوڵەتێکی فرەنەتـەوەیی دیکتـاتۆری دەبێـت، سـتراکتۆری گـرنتی کراوی نییە. لە راستیدا هۆکارێك لە ئارادا نییە، کە ئەگـەر نەتەوەیـەك بیـەوێت و بڕیاربـدات

بۆچی نابێت خۆبەخشانە دەوڵـەتێکی فرەنەتـەوەیی لەسـەر بنـچینەی دیموکراسـی پتـەو و جیاوازینەکردنی ڕەگەزی بنیات بنێت. لەلایەکی دیکەوە (لۆرد ئاکتۆن) ئـەوە لـەیاد دەکات کاتێك نەتەوەکان ئازادبن لە رێکخستنی هەلومەرجی جیابونەوەو سەربەخۆییان لە نەتەوەی سەردەست لەناو دەوڵەتێکی فـرە نەتەوەییـدا، لەوانەیـە بـە پاسـاوی بـەخۆوە شـەتەکدانی زۆردارانەی بێگانەکان و ئەوانەی ئارەزوو لە جیابونەوە ناکەن ئیستدلالەکانی خۆی پێشنیاز بکـات. ئـەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە نـەبوونی هـیچ جـۆرە پێـشنیازێکی دیـاریکراوە لـەو نوسینانەیدا سەبارەت بەوبابەتەی، کە چۆن دەتوانرێت پراکتیکانە رێگری لە سـەرکوتکردن و جیاوازی نەتەوەیی بگیرێت.

## پەراوێزەکان:

* فەرهەنگی (المورد) بەمجۆرە پێناسەی ئەو دوو زاراوەیەی کردووە:

– (nation) / امة، شعب، قوم، دولة، عشيرة، عشائر

– (nationality) / الصفة القومية، القومية، الشعور القومي، الجنسية، التابعية.

١. بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی جیاوازی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، کۆمەڵبوون یان جڤات بڕوانە ( اندرو وينست، نضريه هاى دولت ، ترجمه حسين بشيريه" تهران : نشرنی ١٣٧١" ص ٤٤–٥١ " و Kapur,cit.p.75-82; Agarwal,cit.p.68-74

٢. بۆڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە: ابوالحمد" مبانى سياست، ص ٥٨، و قاضی،پێشوو، ص١٢٢ –١٢٨

3. Robert M. Maclver, the modern state (newyork:oxford univ.press,1964)p.3-4

٤. ئەرستۆ، پێشوو، ص٥ .

٥. بۆئاگاداری زیاتر لەدیدی مارکس بڕوانە :Nnoli,op.cit.p.46-70

6. J.W.Garner,politicalscienceandgovernment(newyork:haperandpow, 1925)p.47

7. Dohl,op.cit.p12

٨. هەروەها بڕوانە ترجمەی فارسی ص٢٠Maclver,op.cit.p12

9. Harold Laski,the stste in thory and practical( london: allen and Unwin1936)p21

١٠. یان (قرارداد اجتماعى) هۆی دانانی (قرار اجتماعى) لەجیاتی (قرارداد اجتماعى) لەفەسڵی شەشەم بەشی (٥) ڕونکراوەتەوە.

١١. بۆ پێناسەکردنی زیاتری دەوڵەت بڕوانە:

Kapur,cit.p.65-68 ; Agarwal,cit.p.61-64; Nnoli,op.cit.p.21-22,35-37

١٢. منتسكيۆ، روح القوانين، ترجمه علی اكبر مهتدى، چاپ سوم( تهران: بنگاه، مطبوعاتي صفيعليشاه، ١٣٣٦) ص ١٢٧

١٣. دال، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٢١

14. Leacock.cit.p.18

۱۵. دال، سەرچاوەی پێشوو ، ص ۲۱

16. Leacock.cit.p.18

۱۷. لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی حوکمڕانێتی بابەتی فەسلی نۆی ئەم کتێبەیە.

18. w.willoughby, the government of modern stste (newyork; D.Appleton cuntury co.ltd,1936) P.12

۱۹. بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێگەی دەوڵەت لەسیاسەتی نێو دەوڵەتی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بڕوانە: جوزف فرانکل، روابط بین الملل در جهان متغیر، ترجمه عبدالرحمن عالم، چاپ سوم، تهران : دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، ۱۳۷۳)

20. Leacock.cit.p.3-4
21. Laski, Agramerof ….op.cit.p.26
22. Ibid.p.26,35,131
23. Laski, the stste in ….op.cit.p.8-9
24. Ibid.p.24-25
25. Ball,op.cit.p.46
26. David Easton, Asystem Analysis of political life( newyork: wiley,1965)p.282

۲۷. دال، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٤

28. Almond and Powell,op.cit.p53

۲۹. دال، سەرچاوەی پێشوو ، ص٦٨

۳۰.هەمان سەرچاوەی پێشوو

۳۱. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی سیستمی سیاسی بڕوانە :Ball,op.cit.p.46-52

32. Alfred E.Zimmern,nationalty an gozerment 2nd ed( gondon: cosmopolity Book corp.1949) p.52
33. J.V.Stalin, the national qestion and Leninism ( Moscow: progress.1950)
34. Zimmern, op.cit. p.51; and kapur, op.cit. p.144

۳۵. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تیۆرەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەو ئەوەی کە نەتەوە دیاردەیەکی مێژوییە بڕوانە / ابو الحمد، سەرچاوەی پێشوو ، ل ۱۱۱–١٤٠ ,E.Barker political thought in England (london: oxford university press.1971) p.45

36. F.Schuman, international politics( newyork: MC.Graw Hill.1948) p424

٣٧. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بڕوانە : فرانکلین، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٣٤–٤٤ و

T.V sathyamurthy, Nationalism in the contemporary world: political and sociological perspective > gondon; France pinter publisher, 1983; and Hans kahan, the Idea of nationalism: Astudy in its origins and bakgraund . newyork: the macmillan co.1945; and kapur, op.cit. p140-161

38. J.S Mill, utilitarainism, liberty and Representative Government , new ed,(london: Dent, 1972)p.360-362

-٦-

# ( تیۆرەکانی ئاخیزگەی دەوڵەت )

ئاخیزگە (زێدگا)ی دەوڵەت لە تەمومژدا ماوەتەوە. سەختە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئاماژە بە سەردمی پەیدابوونی دەوڵەت بکرێت. بێگومان هەندێك زانستی نوێ، وەك ئەتنۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی پرشنگێکی زۆریان خستۆتە سەر لایەنە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی مێژووییەوە ناتوانرێت سەردەمی پەیدابوونی دەوڵەت دەستنیشان بکرێت. هەروەها سەبارەت بە کاریگەری دەوروبەریش لەسەر پێکهاتنی ئاگایی سیاسی شتێکی کەم دەزانین یان لە بنەڕەتدا هەر هیچ نازانین[1]. لەوانەیە بەهۆی نەبوونی داتای گونجاوی مێژووییەوە بێت، کە بیریاران سەبارەت بە سەرچاوەو ئاخیزگەی دەوڵەت، بەناچاری روویان لە تێڕامانی تیۆریی کردووە. دواجار، تیۆری جۆراوجۆر بەرهەمهێنراوە تا ئاخیزگەی دەوڵەت روون بکرێتەوە. بە وتەی (رودی) و هاوکارانی: (دەوڵەت دوا دەرئەنجامی زۆر فاکتەری بایۆلۆژی، ئابووری، کەلتووری و سوپاییەو وەك هەموو دامەزراوەکانی دیکەی مرۆڤایەتی لەگەڵ لێکدانەوە بەپێی هۆو هۆکاری سادەو پەرەسەندن ناکۆکە[2].

## ١- تیۆری ئاخیزگەی یەزدانی:

لەوانەیە تیۆری ئاخیزگەی یەزدانی دەوڵەت لە تیۆرەکانی دیکە دەربارەی ئاخیزگەی دەوڵەت کۆنتر بێت. بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت ئافریدەی خوایە. خوا دەوڵەتی بەهێزو جێگیر کردووە. پاشا بریکارو نوێنەری خوایەو دەبێت خەڵك ملکەچی بن و رێزی لێبگرن. لەم جیهانەدا هیچ کەسێك لە فەرمانڕەوا باڵاتر نییە. فەرمانەکانی یاسایەو هەموو کارەکانی دروستن. سەرپێچیکردن لە فەرمانی فەرمانڕەوا دژ بە ویستی خوایە، تاوانەو گوناهەیە.

**أ- مێژووی تیۆری یەزدانی:**

تیۆری ئاخیزگەی یەزدانی بە رادەی هزری سیاسی کۆنە. لە رابردوویەکی دووردا گومان وابووە، کە دەسەڵاتی یاسایی سیاسی پەیوەندی بە هێزە نادیارەکانەوە هەیە. دەوترێت کاتێك خەڵك لەوە گەیشتن هەلومەرجەکە مایەی تەحەمولکردن نییە لەخوا پاڕانەوە سەرۆکێکیان بۆ دابنێت پشتیوانیان بێت. لە دەقە حەماسیەکانیشدا ئاماژە بۆئەوە کراوە، کە پاشاکان خاوەنی جەوهەرێکی خوداین. لە (تەورات)یشدا ئاماژە بۆ هەڵبژاردن، دانان، لەکارخستن و تەنانەت کوشتنی پاشاکان لەلایەن خواوە هەیە، کریستیانی باوەڕی خودایانەی دەوڵەتی بەهێز کرد. (سان پول) وتویەتی: (رەوایە رۆحەکان پاشکۆی دەسەڵاتی باڵاترین، چونکە جگە لە خوا هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بوونی نییە، دەسەڵاتە هەنوکەییەکان بڕیارلێدراوی یەزدانین.)

تیۆری یەزدانی لە ئیمپراتۆرییەکانی خۆرهەڵاتدا باو بوەو فەرمانڕەواکان وەك وەچەی خوا دەناسران. عیبرانیە بەراییەکانیش لەو باوەڕەدا بوون رێکخراوی حکومەتەکەیان لەلایەن خواوەندەوە ئەفرێنراوە. کریستیانە سەرەتاییەکانیش لەو باوەڕەدا بوون خوا دەوڵەتی وەك سزای گوناهەکانی مرۆڤ بەرقەرار کردووە، کە ئەو گوناهەیە دەرئەنجامی دەرکردنی (ئادەم) بوو لەباخی (عەدەن)، لە عەرشی خوا. لە سەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا هیچ پرسیار و تێزێك دەربارەی ئاخیزگەی نەمری دەوڵەت ناخرێتە روو. ریفۆرمەکانی ئاینی پرۆتستانی چەندین زەمینەی گونجاوی بۆ پاشاکان فەراهەم کرد تا بانگەشە بکەن، کە دەسەڵاتەکەیان راستەوخۆ لەخواوە وەرگرتوەو بەپێی (بەخشندەیی خوا) حوکمڕانی دەکەن. ئەم تیۆرە کاتێك لەلایەن پاشکانەوە زیاتر جەختی لەسەرکرایەوە، کە چینە ناوەندەکان لە سەروبەندی دروستبووندا بوون، کە رێبازی حوکمڕانی گشتیان ئەفراند تا دەسەڵاتی پاشاکان سنووردار بکەن. شۆرشەکانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە بەناوی خەڵکەوە دژ بە هەنجەتی خودایی و ستەمگەریی پاشاکان روویاندا[٣].

لێکدانەوەی شیکردنەوەی مێژوویی بۆ ئاخیزگەی یەزدانی سێ ڕاڤەی باو ئاشکرا دەکات. یەکەم، خواوەند هەڵبژێراوەکانی خۆی بۆ حوکمڕانیکردن لەسەر زەوی دەنێرێت. زۆربەی خەڵك و ئاینەکان تا ئەو دواییانەش حوکمڕانەکانیان بەنوێنەری سیستمی خودایی دەزانی.

دووەم، هەندێك خەڵكی وەك جوەكان لەو باوەڕەدان خواوەند راستەوخۆ حوكمڕانیان دەكات. هندیەكانیش تیۆری دۆنادۆنی خوا لە شێوەی مرۆڤیان لاپەسەندە. راڤەی سێیەم هزرییە. بەپێی ئەم راڤەكردنە خواوەند یان سروشت رەمەكی بە ئامانەت لە مرۆڤدا چاندووە، كە شایستەیی‌و حەزی رابەریكردنی بە هەندێك دەدات و بەوانی دیكە رۆحی ملكەچی. ئەم بارە بە تێپەڕبوونی كات بووبەهۆی سەرهەڵدانی فەرماندەیی و ملكەچی و سەرئەنجام فاكتەری پەیدابوونی دەوڵەت.

پەروەردەكردنەكانی تەورات و كڵێسای كریستیانی كاریگەری لەسەر بڕیارانی سەدەكانی ناوەڕست دانابوو. ئەم تیۆرە، كە ئەوە ویستی خواوەندە ملكەچی خەڵكی بۆ فەرمانڕەوا سەپاندووە، بە سێ قۆناغی بنەڕەتیدا تێپەڕیوە. یەكەم، لە مشتومڕی نێوان (پاپاكان) و ئیمپراتۆرەكان. (پاپاكان) و ئیمپراتۆرەكان بانگەشەیان دەكرد، كە جێگرانی خواوەندن لەسەر زەوی. پارێزەرانی كڵێسا خەباتیان لە پێناوی سەقامگیری و چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسایی كڵێسادا كردوەو لایەنگرانی ئیمپراتۆرەكانیش لە تەقەلادا بوون باڵادەستی بەسەر كڵێسادا راگەیەنن. قۆناغی دووەم، پەیوەستە بە گۆڕانی تیۆر بۆ كێشمەكێشی نێوان یەكبەیەكی دەوڵەتەكان و حكومەتی (پاپا). لە ماوەی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی پرۆتستانی (لۆتەر و كالڤن) چەندینجار ئاخیزگەی خودایانەی دەسەڵاتی یاسایی مەدەنی و سیاسیان دوبارە كردۆتەوەو پێداگرییان كردووە لەسەر ئەركی ملكەچی خۆبەخۆیانە یان بەرگری نەنواندن لە بەرامبەر دەسەڵاتی حكومەت. قۆناغی سێیەم، پەیوەستە بە گۆڕانی ململانێی نێوان فەرمانڕەوایان و خەڵكی لە سەدەی شانزە بەدواوە.

دەوڵەت لە دیدی ئاینی ئیسلامەوە لەسەر فۆڕمی (خەلافەت) وەك دامەزراوەیەكی سیاسی– كۆمەڵایەتی، نەك لەسەر فۆڕمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و پاشان عوسمانی، كۆڵەكەیەكی قورئانیی هەیە. ئایەتی(٣٠) سورەتی(٢)، بەڵگەی ئاخیزگەی خواوەندیانەی دەوڵەتە: ( وإذا قالَ رَبّكَ للملائكة إني جاعِل في الارض خليفةً، قالو أتجعلوا فيها مَن يفسِدُ فيها و يسيفك و الدماءَ....). (كاتێك خوای تۆ بە فریشتەكانی راگەیاند جێنشینێك لەسەر زەوی دادەنێم، ئەوان وتیان جێنشینێك لەسەر زەوی دادەنێیت تا گەندەڵی و خوێنڕێژی بكات...). ئایەتی (٢٦) سورەتی (٣٨) ئەركی قەزایی حكومەت یان

خەلیفە بەمجۆرە دەردەبڕێت: ( یا داود انا جعلناك خلیفة في الارض فاحکم بين الناس بالحق ولاتَّتبع الهوى...).(ئەی داود ئێمە لەسەر زەوی تۆمان کردە جێنشینی خۆمان، کەوایە بەدادپەروەرانە لەناو خەڵکدا حوکمڕانی بکەو لەهەواو هەوەس خۆت بەدوور بگرە....). لەم دوو ئایەتەوە ماهیەت و زادگای ئەم دامەزراوە سیاسی– کۆمەڵایەتیە، واتە حکومەت و دەوڵەت، لە دیدی ئیسلامەوە ئاشکرا دەبێت و دەکرێت بوترێت: (سەرچاوەی دەوڵەت و حکومەت لە سەرەتادا لەسەر بنچینەی دەستووروو سروشی خوا بووە[٤]). بەپراکتیکی ئەم دامەزراوەیەیان بەمجۆرە لێکداوەتەوە، کە خەلیفە جێنشینی حەزرەتی (محمد)ە (د.خ) و بەمپێیەش جگە لە دەسەڵاتی دنیایی سەروەریی رۆحانی و مەعنەویشی هەیە، ملکەچ بوون بۆئەو وەك گوێڕایەڵی بۆ (ولی ئەمر) پێویستە، وەك چۆن ملکەچ کردن بۆ پەیامبەری خوا ئەرکە. لەو بارەیەشەوە پشت بەم ئایەتەی قورئان بەستراوە: ( یاایهُا الذين أمنوا اطيعو اللة واطيعوا الرسول واولى الامر منكم فان تنازعتُم في شيْ فردوهُ الى الله والرسول ان كنتم تؤمنون باﷲِ واليوم الاخر ذلك خير؛ واحسن تاويلا). واتە (ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ملکەچی بۆ خواو پەیامبەرو خاوەنەکانتان بنوێنن و هەرکاتێك لەسەر شتێك دوچاری گرفت بوون، ئەگەر ئیمانتان بەخواو رۆژی دوایی هێناوە، بەخوای بسپێرن، کە ئەوە باشترین و چاکترین چارەسەرە) (سورەتی –٤– ئایەتی ٥٩)

بەڵام پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە بەراییە ( لەسەردەمەکانی دواتردا بەهۆی حوکمڕانە زۆردارو زەوتکارو گومڕاو زۆردارەکانەوە (حکومەت) لەسەر رێچکەی خۆی لایداو هێزو دەسەڵاتی حکومەت دژ بە بەرژەوەندی وسودی خەڵك بەکارهێنرا[٥]). بەهەرحاڵ، لە دیدی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە فۆرمی حکومەتی پاشایەتی، بەتایبەتی پاشایەتی رەها پەسەند نییە: (ئەمجۆرە حکومەتە لەبەردەم ئەقڵ و ویژداندا لە ناشرینترین و گەندەڵترین جۆرەکانی حکومەتەکانەو باشترین دەربڕین بۆ ماهیەتەکەی وتەی خوایە لە قورئانی پیرۆزدا، کە سەبارەت بە (شاژنە سەبا) دەفەرموێت: ( وقالت ان الملوك إذا دخلوا قرية افسدُوها و جعلوا اعزة أهلها إذالة و كذلك يفعلون). (ئەو پاشایانەی کاتێك دەچنە ئاوەدانی و کۆمەڵێکەوە دوچاری گەندەڵی دەکەن و ئەزیزەکانیان زەبوون دەکەن و رەوشی ئەوان بەوجۆرەیە). (سورەتی نمل، ئایەتی ٣٤ [٦])

**ب – مافی یەزدانیانەی پاشاکان:**

لە سەدەکانی شانزەو حەڤدە ململانێ و کێشمەکێشی نێوان کڵێسە و ئیمپراتۆرەکان بۆ دژایەتی نێوان خەڵك‌و پاشا گۆڕا. پاشاکان بۆ بەرگریکردن لەبەرامبەر نەیاری خەڵك پشتیان بە تیۆری ئاخیزگەی خوایانەی دەسەڵاتەکەیان دەبەست. لایەنگرانی پاشایەتی ئەوەیان بە بەڵگە دەهێنایەوە، کە خواوەند بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەسەڵاتی یاسایی بە پاشاکان سپاردووە. (جۆن لۆك) دەڵێت: (هەر دەسەڵاتێکی رەوا، کە هەر کەسێك لە هەر سەردەمانێکدا بەسەر کەسانی دیدا پیادەی کرد، دەسەڵاتێکە دواجار خوا پێیبەخشیوە[٧]) و بەرگری نواندن بەرامبەر بە دەسەڵاتی پاشایەتی گوناهەیە).

ئەمجۆرە دیدو بیرۆکانە لە خۆرهەڵاتیشدا هەبوون. بۆ نمونە، (ئیمام موحەمەد غەزالی) وتویەتی:

> **(کەواتە دەبێت بزانین ئەو کەسەی لەلایەن ئەوەوە {خوای گەورەوە} پاشایەتی و بەرزێتی پێدراوە دەبێت خۆشتان بوێت، گوێڕایەڵی پاشایان بکرێت و ململانێ لەگەڵ شاکان نەکرێت و دوژمنایەتیان نەکرێت.... خوای مەزن شای هەموو شاکانە و پاشایەتی بەو کەسە دەدات خۆی دەیخوازێت و بە فەزڵی خۆی کەسێك ئازیز دەکات و یەکێکی دی بە دادپەروەرانە زەبوون دەکات و لە راستیدا سوڵتان ئەو کەسەیە دادپەروەرانە لەنێو بەندەکانی ئەودا بجوڵێتەوەو خراپەو گەندەڵی نەکات، ئەگەر سوڵتان خراپەکاربوو، مانەوەی نامێنێت[٨])**

بەڵام دەبێت بزانرێت لە روانگەی (شیعە)وە، لە جیهانی تیۆری و پراکتیکیدا، حکومەتی بەردیدەی شیعە کۆمەڵ دەکاتە یەکپارچە و لەسەنتەردا چڕی دەکاتەوەو بەردەوامی و ئارامی پێدەبەخشێت. بەپێی دیدی شیعەکان پاشاکان دەسەڵات و سەروەرییەکی یەزدانییان نییە، بەڵکو راپەڕێنەری بریارو بیروڕای رۆحانیەکانن و بەڕێوەبەری ئەبستراکتی سیاسی وڵاتن. دەسەڵات و سەروەری تەواوی ئاینی ـ سیاسی، لە هەر سەردەمێکدا لەئەستۆی ئیمامی ئەو سەردەمەدایە، کە دیاری دەکرێت و مەعسومە و جێگرێتی[٩]).

لایەنگرانی بەرجەستەی تیۆری نوێی یاسای یەزدانیانەی پاشاکان لە خۆرئاوا پاشای ئینگلستان (جەیمزی یەکەم) و ( رۆبرت فیلمەر – Robert Filmier) بوون. (بۆسێ – Bousset) لە (فەرەنسا) بۆ پشتگیریکردن لە زۆرداریی (لویسی چواردە) شارەزایانە ئەم تیۆرەی بەگەڕخست. (جەیمزی یەکەم) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مافی پاشا ئازادەکان) ئەم تیۆرەی باش روون کردۆتەوە. باسی لەوە کردووە، کە پاشا، دەسەڵاتەکەی لە خواوە وەردەگرێت‌و خەڵکی بەرپرسی ئەونین لەسەر زەوی. پاشا لەسەروو یاساوەیەو تەنها پاشکۆی خوایە. دەسەڵاتی بەسەر هەموو کەسێکدا دەڕوات‌و خاوەنی پشکی ژیان و مەرگیانە. تەنانەت ئەگەر پاشا شەرەنگێز و خراپەکاریش بێت خەڵکی مافی یاخیبونیان نییە لە دژی. ملکەچنەبوون بۆ پاشا یاخیبوونە دژ بەخوا. بەبڕوای ئەو دەبێت لە راستیدا پاشا بەخوا ناوببرێت، چونکە ئەمانیش لەسەر هەمان فۆرمی دەسەڵاتدارێتیانەی خوا لە ئاسمان پیادەی دەسەڵات دەکەن: (هەروەك چۆن قسەکردن لەسەر توانا‌و بێتوانایی خوا کفرو ئیلحادە، بەهەمان شێوەش گفتوگۆو مشتومڕ لەبارەی ئەوەی پاشا دەتوانێت ئەم یان ئەو کار بکات یان نەکات، یاخیبوون و سوکایەتیکردنە). (رۆبرت فیلمەر)یش بڕوایەکی هاوشێوەی هەبوو. لە کتێبەکەیدا لەژێر ناوی (باوك سالار)، کە لەسالی (١٦٨٠) بڵاوی کردۆتەوە، بە دیدەکانی پشتگیری لە بانگەشەی خانەدانی (ستیوارت) کردووەو گوتویەتی، (هۆبز) هەڵەی دەکرد، کە دەیگوت دەوڵەت دەرئەنجامی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە[١٠]، لەراستیدا دەوڵەت دەرئەنجامی ئیرادەیەکی یەزدانییە. (بوسوییە)ی وەزیری (فەرەنسا)ش رایگەیاندووە، کە بەبێ پاشا شارستانیەت بوونی نییە. بەمپێیە خەڵکی جگە لە خۆڕادەستدان بەپاشا مافی هیچ پشکێکی دییان نییە. تەنها خواوەند لەبارەی پاشای خراپەوە داوەری دەکات، لە جیهانی سەرزەویدا هیچ کەسێك ناتوانێت دادگایی پاشا بکات.

دەکرێت تایبەتمەندیەکانی یەکەمین تیۆری مافی یەزدانیانەی پاشا بەمجۆرە کورت بکەینەوە:

١– پاشایەتی لەلایەن یەزدانەوە بڕیاری لەسەردراوەو پاشا دەسەڵاتەکەی لەوەوە وەردەگرێت.

٢- پاشایەتی بە میراتەو مافی میراتگری پاشایەتی لە باوکەوە بۆ وەچە دەگوێزرێتەوە.

٣- پاشاکان تەنها لەبەردەم خوادا بەرپرسیارن و لەبەردەم خەڵکی رەشۆکدا بەرپرس نین .

٤- بەرگری نواندن لەبەردەم دەسەڵاتی پاشادا گوناهەیە[١١].

ئەمڕۆ چیدی تیۆری مافی یەزدانیی پاشاکان متمانەیەکی نەماوە. بەڵام ئەو باوەڕەی، کە پاشا نوێنەری خوایە، هێشتا لەنێو خەڵکانێکدا کە لەرووی سیاسیەوە دواکەوتون، باوی ماوە. پێدەچێت سێ هۆ بۆ لەدەستدانی متمانەی ئەم تیۆرە هەبێت: یەکەم، سەرهەڵدانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە جەختی لەسەر ویستی گشتی کردەوە. دووەم، جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، کە وایکرد ئاین لە پرسە دونیاییەکاندا گرنگی خۆی لە دەست بدات. سێیەم، سەرهەڵدانی دیموکراسی، کە خەڵکی لە مافەکانی خۆیان هۆشیار کردەوە. بەبڕوای (فیگس- Figgis) هۆکاری بێمتمانەبوونی ئەم تیۆرە ئەو راستیەیە، کە ئەمڕۆ هەموو بڕوایان بە باڵادەستی رۆڵی ئەقڵ هەیەو پێگەی شایستەی ئیمان تەنها لە شتە مەعنەویەکاندایە. لەبەرئەوە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی خواوەند فەرمانڕەوا هەڵدەبژێرێت لەگەڵ ئەقڵی تەندروستدا سازگار نییە. وێڕای ئەوەش، دژوارە باروودۆخی سەرۆك کۆمارێکی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراوە بەپێی ئەم تیۆرە روون بکرێتەوە.

تیۆری ئاخیزگەی یەزدانی لەلایەنی دیکەشەوە رەخنەی لێگیراوە. بۆنموونە، وتراوە ئەم تیۆرە پشتگیری مێژوویی نییە. مێژوو هیچ بەڵگەو ئاماژەیەکی راستەقینەی بەدەستەوە نەداوە بۆ بەشداریکردنی راستەوخۆی خواوەند لە پێکهێنان یان دامەزراندنی دەوڵەتدا. لەراستیدا دەوڵەت پێکهاتەیەکی گەشەکردووی مێژوییە نەك ئافریدەیەکی یەزدانی. وێڕای ئەوە، ئەم تیۆرە نالۆژیکیانەیە، چونکە دەربارەی پاشایانی بێنرخ و زۆردار هیچ روون کردنەوەیەك نادات. مێژوو پڕێتی لەو زۆردارانەی حوکمڕانی خەڵك بوون، بەڵام لۆژیك ئەوە دەسەپێنێت، کە چونکە خواوەند تەقوا دەکاتە ئەرك، پێویستە نوێنەرەکانیشی چاکەکاربن. بوونی پاشای خراپ بەو واتایەیە، کە یان خواوەند زاناو دادپەروەر نییە، کە ئەوە راست نییە، یان ستەمگەر و زۆردار جێنشینی خودا نییە، چونکە خواوەند جێگری زۆردار هەڵنابژێرێت.

لەوەش زیاتر، ئەم تیۆرە تەنها فۆرمی پاشایەتی حکومەت روون دەکاتەوە، ئاراستەی دەکات و بەپێویستی دەزانێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە، کە ئەو فۆرمەی حکومەت پەسەندکراوی خواوەند بێت.

بەهەمان شێوەش ئەم تیۆرە رۆڵی مرۆڤ لە دامەزراندنی دەوڵەتدا نادیدە دەگرێت. بەواتایەکی دیکە، ئەم تیۆرە بە گێڕانەوەی ئاخیزگەی حکومەت بۆ فەرمانێکی بێچەندوچوونی داوەریکردنی یەزدانی و رەتکردنەوەی رۆڵی رەزامەندی گشتی دژایەتی هەموو دەسکەوتە دیموکراسیەکان دەکات.

سەرئەنجام ئەم تێورە نەك تەنها کۆنسەرڤاتیڤە، بەڵکو لە رووی سیاسیشەوە مەترسیدارە، چونکە باوەڕهێنان بە دەسەڵاتی یەزدانی پاشاکان ئاراستەکاری بانگەشەدەرانی فەرمانڕەوا خۆپەرستەکانەو پرەنسیپی دوا بەرپرسیارێتی فەرمانڕەواکان لە بەرامبەر فەرمانبەران تێکدەشکێنێت.

هەرچەندە ئیدی تیۆری مافی یەزدانی قبوڵکراو نییە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، کە بەهۆی رامبوونی خەڵك بۆ ملکەچی نواندن بۆ دەسەڵاتدار، لە سەردەمی پاشەکشەکردنی هەلومەرجی سەرەتایی ژیان و سەرهەڵدانی ژیانی کشتوکاڵی ئاین ڕۆڵی گرنگی گێڕا. هەندێك لە فەرمانڕەوایانی سەردەمە بەراییەکانی مێژوو خواپەرست یان لە گروپی پیاوانی ئاینی بوون. لەودەمەدا یاسای حکومەت ئەرکێکی ئاینی هەبوو. لەبەرئەوە تیۆری ئاخیزگەی یەزدانی دەوڵەت خەڵکی فێرکرد، ئەگەر ئامادەنین خۆیان بەرپوەببەن، ئامادەی ملکەچی بن. ئەم دیدە تا ئەو شوێنەی، کە تێگەیەکی ئەخلاقی بە سیاسەت دەبەخشێت، بەهادارە: (ئەژمارکردنی دەوڵەت بە خواستێکی یەزدانی بە واتای بەخشنیی پێگەیەکی ئەخلاقی بڵندە بە دەوڵەت تا هاوڵاتیان حورمەتی لێبنێن، پارێزگاری لێبکەنو بەتەواوکاری ژیانی مرۆڤایەتی بزانن[١٢]). ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئامانجی حکومەت چاکەی حوکم بەسەرداکراوەکانەو فەرمانڕەوا لەرووی ئەخلاقیەوە بەرپرسە بەرامبەر بەشێوەی حکومڕانیکردن بەسەر پاشکەوتووانیدا[١٣].

### ٢. تیۆری زەبروزەنگ:

تیۆری زەبروزەنگ راڤەی مێژوویی سـەرهەڵدانی دەوڵـەت و ئاراستـەکاری ئـەقڵیبوونێتی. بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت بەرئەنجامی ئەو زەبروزەنگە ئاشکرایەیە، کە بـەهێزەکان بەسـەر لاوازەکاندا پیادەیان کردووە تا ملیان پیٚ کەچ بکەن.

کۆمەڵگە یەکەمین بەرهەمی کێشمەکێش و جەنگەکانی نێـوان خێـڵ و چـینە جیاوازەکـان بـوو. هـۆز یـان خێڵـی پـیرۆز دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر هـۆز یـان خێڵـە تێکـشکاوەکاندا دەسەپێنێت. لـە ئـەنجامی جەنگـە یـەك بـەدوای یەکـە سـەرکەوتووەکاندا سـەرۆکی خێڵێـك دەسەڵاتی بەسەر خـاکێکی دیـاریکراودا دەشـکێت، کـە خـاوەنی گـەلێك خێڵـی دیـار بـووەو سـەرئەنجام دەوڵـەت پێکـدێت. بـەپێی ئـەم تیـۆرە دەوڵـەت لـە ئـەنجامی ناچـارکردنی جەستەییەوە پەیدا بوو. لەبەرئەوە دەوڵـەت لەسـەر نـا دادپـەروەری راگیرەو لـە بنـچینەدا خراپەیە: (بەهێزەکان ویستی خۆیان بەسەر لاوازەکاندا سەپاندو بەرگی رەوابوونیان پۆشـی و پشتیان لە مافەکانی ئەوانی دیکە کرد[١٤]). بەبڕوای (ماك لـۆد): (بـەهۆی ئـەو جیـاوازی و دابەشبوونەی لە هەناوی جڤاتێکدا روو دەدەن ویستی گـروپ یـان چـینێکی باڵادەسـت وەك یاسـا بەسـەر گـروپ یـان چـینی ژێردەسـتدا دەسـەپێنرێت) و هـەروەها بـەبڕوای (فـرانتس ئۆپنهایەر): (یاسا ئـەو حوکمانەیـە، کـە گروپـی سـەرکەوتوو بـە زیـانی گروپـی ژێرکـەوتوو، دەریکردووە[١٥]). بەکورتی سەرکەوتن لە کێـشمەکێش و جەنگەکانـدا فاکتـەری پێکهێنـانی دەوڵەت بووە. بەبڕوای (لیکاك) ئەم تیۆرە:

> **(لەرووی مێژووییەوە بەو واتایە دێـت، کـە حکومـەت بەرئـەنجامی دەسـتدرێژی مرۆڤە، دەبێت بۆ سـەرەتاکانی دەوڵـەت لـەنێو سـەرکەوتنی مـرۆڤ بەسـەر مـرۆڤ، سـەرکەوتن و ملپێکەچـکردنی خێڵـە لاوازەکـان و بەگـشتی لـەنێو دەسـەڵاتخوازی زۆرداراندا پشکنین بکرێت. گەشەی پێشڕەوانەی خێڵ بۆ پاشایەتی و پاشـایەتیش بەرەو ئیمپراتۆری شتێك نیە جگە لەدرێژەی یەك پرۆسە[١٦]).**

بەهەمان شێوەش (ئیدوارد جەنکس) بڕوای وایە، کـە: ( لـەرووی مێژووییـەوە دژوار نییـە ئەوە پیشان بدرێت، کە بـوونی هـەموو گردبوونـەوە سیاسـیە شـێوە نوێیـەکان قـەرزارباری جەنگە سەرکەوتووەکانە[١٧]). کریستیانە سەرەتاییەکان سەرهەڵدانی رژێمـی (رۆمـا)یـان بـە

بەرئەنجامی زۆرداری دەزانی. بڕیارانی کڵێسایی سەدەکانی ناوەڕاست جەختیان لەسەر رۆڵی زۆرداریانەی دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایانە کردۆتەوە، کە پیاوانی ئاینی نەبوون و سەرچاوەی رەخنەی کڵێسا بوون تا بێمتمانەیان بکەن.

ئەم تیۆرە لە نوێبوونەوەدا (گامپلۆ فیچ ــ Gumploiwcz، ئۆپنهایمەر و جەنکس) گەشەیان پێداوە. (ئەسمال) و (وارد)ی ئەمەریکایی لە لایەنگرانی ئەو دیدەن. (ئۆپنهایمەر) لە کتێبەکەیدا ( دەوڵەت)، کە لەساڵی (١٩١٢) بەئەڵمانی نوسراوەو لە (١٩٢٦)دا بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوە، بۆ پەیدابوونی دەوڵەت شەش قۆناغی دیاریکردووە. قۆناغی یەکەم، لەپێکدادانی بەردەوام و رووبەڕووبوونەوەی بێکۆتا پێکدێت. لەو قۆناغەدا تیرۆرو چەتەوڵی برەوی هەبوەو سەرکەوتوان ژێرکەوتوانیان کوشتوەو ژنان و کچانیان وەك دەستکەوت دەبرد. لە قۆناغی دووەمدا، جوتیاران هەوڵێکی نا سەرکەوتوویان داوە تا کۆتی راوشکارو شوانکارە بێگانەکان لە مل دابماڵن و کاتێك بێهیوا بوون، دەستیان لە بەرگریکردن هەڵگرتووە. سەرکەوتوانیش لەلای خۆیانەوە دەستیان لە کوشتنی ژێرکەوتووان هەڵگرتوەو کردویانن بە کۆیلەی خۆیان. بەمجۆرەش چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە سەریهەڵداوە. لە قۆناغی سێیەمدا، سوودمەندی بەرامبەر لە نێوان سەرکەوتووان و ژێرکەوتواندا بەدیهاتوەو سەرئەنجام بە ئاشتییەکی گشتی دانەبڕاو دوایهات. لە قۆناغی چوارەمدا، خودان و کۆیلەکان فێری ئەوەبوون پێکەوە بەرامبەر مەترسییە دەرەکیەکان بجەنگن. ئەم کارەش هەستی یەکێتی لە نێوانیاندا گۆش کرد. لە قۆناغی پێنجەمدا، هەست بە پێویستبوونی دەزگایەکی دادپەروەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان کراوە، کە نوێنەری بەراییانەی حکومەتە. لە دواقۆناغدا، سەرکردە سەربازییەکان بوونە پاشاو جێگرەکانیان بوونە راوێژکار. پاشا بڕیاریدەدا، دەستووری دەردەکردو تاوانبارانی سزادەدا. سیستم و یاسا بەتەواوی بەرقەرارکراو ملکەچی بوو بە نەریت. بەمجۆرە دەوڵەت پێکهات.

دەوڵەت تەنانەت پاش سەقامگیربوون هێشتا لە پێنای مانەوەیدا پەنای بۆ زەبروزەنگ دەبرد. بەکاربردنی زەبروزەنگ لە پێناوی پاراستنی ئارامی ناوخۆو دەرەکیدا پێویستە. بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەت بە دەستی هێزی نەیار لەناو بچێت.

ئارەزووەکانی ئەمڕۆ بۆ گرێبەستی پەیمانی سوپایی و پەرەدان بە دەسەڵاتی سەربازی ئاماژەیە بۆئەوەی، کە هێشتا دەوڵەتەکان لە پێناوی مانەوەیاندا بەکارهێنانی زەبروزەنگ بە پێویست دەزانن.

**أ- راڤە جۆراوجۆرەکان:**

بۆ مەرامی جۆراوجۆر سوود لە تیۆری زەبروزەنگ بینراوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لایەنگرانی کڵێسا بۆ بێمتمانەکردنی دەوڵەتو دەرخستنی باڵادەستی ئەخلاقی کڵێسا بەسەر دەوڵەتدا ئەم تیۆرەیان بەکارهێناوە. بەڵگەیان دەهێنایەوە، کە پایەی دەوڵەت لەسەر زەبروزەنگی دڕندانە بەندە، لە کاتێکدا کڵێسا دامەزراوەیەکی ئەفرێنراوی خوایەو لەبەرئەوە لە دەوڵەت باڵاترە. بۆنموونە، (پاپا گریگۆری هەشتەم) لەساڵی (١٠٨٠) نوسیویەتی: (کێ هەیە نەزانێت پاشاو هاودەمانیان کەسانێکن لە خوا غافڵن و بەگومڕایی، زۆرداری و غەدرو هەموو جۆرە تاوانێك، بە وەسوەسەی شەیتانیەوە، کە گەورەی جیهانن، بە ئارەزوویەکی کوێرانەی سامان کۆکردنەوەو خۆبەزلزانیەکی لە رادە بەدەرەوە درێژەیانداوە بە فەرمانڕەوایی خۆیان بەسەر خەڵکدا[١٨]).

تاکگەرایان ئەم تیۆرەیان بۆ پشتیوانیکردن لە دیدەکانی خۆیان بەکارهێناوە. بەڵگەیان هێناوەتەوە کە حکومەت یان دەوڵەت بەرئەنجامی باڵادەستی زەبروزەنگە. بەمپێیە دەبێت چاودێری بێمەرج و رەها بە رەوا دابنرێت و مانەوەو خۆشبەختی گونجاو بەشیاو دابنرێت. بەکورتی، نابێت هیچ رێسا و یاسایەکی سانسۆر لە کۆمەڵگادا هەبێت. نابێت حکومەت پارێزگاری لە لاوازەکانی کۆمەڵ بکات، دەبێت خۆیان پارێزگاری لەخۆیان بکەن. بە بڕوای تاکگەراکان کۆمەڵگای پێشکەوتوو ئەو کۆمەڵگایەیە پانتاییەکی بێسنور بۆ چالاکیەکانی تاك فەراهەم بکات. ئەرکی دەوڵەت بریتیە لەوەی لەژێر چاودێریەکی تەواودا درێژە بە ئاشتی و ئارامی بدات، دادپەروەری بەرقەرار بکات و پیادەکردنی پەیمان و بەڵێنامەکان هەموار بکات.

بەبڕوای مارکسییەکان بەهۆی چەوسانەوەی چینێك لەلایەن چینێکی دیکەوە، کە بەوهۆیەوە بەشێکی زۆری دانیشتوان لە رۆژانەی رەوای خۆیان بێبەش کران، دەوڵەت یان

حکومـــەت پەیــدابوو. بەمپێیــە، حکومـــەت ئـــامرازی چەوســانەوەی چــینەکانەو کاتێــك سەرهەڵدەدات، کە سروشتی خاوەندارێتی تایبەتی پەیدا دەبێت، واتـە ئـەو کاتـەی چـینی خاوەنـدار لـە کۆمــەڵگادا ســەریهەڵداوەو بـۆ پارســتی خاوەنـدارێتی و بەرژەوەندیــەکانی پێویستی بە سیستمێکی یاسایی، پۆلیسی و سیستمێکی بەڕێوەبەرێتی هەستیار هەبوو، کە جودا لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، کار بۆ پشگیریکردنی خاوەندارێتی ئـەو چـینە و سـەپاندنی سیستمی یاسایی بکات، کە لەسەر پێناسەکردنی ئەو یاسایانە راگیرە. (مارکس) و (ئەنگلز) جـەختیان لەســەر ئــەوە کردۆتــەوە تــا ئــەو دەمــەی خاوەنـدارێتی تایبــەتی وەك ئــامرازی چەوسانەوەی ئابووری مرۆڤ لەلایـەن مرۆڤـەوە بـەردەوام بێت، تـا ئەودەمـەی کۆمـەڵگا بـۆ چینەکان دابەش بوو بێت، کە بەرژەوەنـدی بنـەڕەتیان پێکـەوە نـەگونجاوە، دەوڵـەت یـان حکومـــەت وەك ئـــامرازێکی دەســـەڵاتداری چــینایەتی دەمێنێتـــەوە. (کـــارڵ کاوتـــسکی) لەوبڕوایەدابوو کە: (ئاشکرایە دەوڵەتی نوێ ئامرازی یاسـەوانیکردنە لـە بەرژەوەندەیـەکانی چـینی دەســەڵاتدار)و لــە کۆمــەڵگای ســەرمایەداری هاوچــەرخدا ســەرمایەداران دەســەڵاتی یاسایی حکومەت بەکاردەهێنن تا درێـژە بـە تازیارەکـانی خۆیـان بـدەن و چـینی کرێکـاران بچەوسێنەوە. ئامانجی مارکسیستەکان ئەوەیە، کە خەسڵەتی چەوسێنەرانەی دەوڵەتی نوێ پیشان بدەن و لایەنگری لە سڕینەوەی دەکـەن. لەلایـەکی دیکـەوە سۆشـیال پێرفێکتـەکان دەیانەوێت درێژە بەبوونی دەوڵەت بدەن، سـوود لـە باڵادەسـتیەکەی دەوڵـەت وەرگـرن بـۆ ڕێگریگردن لە چەوسانەوەی بەهێز بۆ لاواز و لە پێناوی زەحمەتکێشاندا دادپەروەری بـەرپا بکەن.

لەو دواییانەدا تیۆری زەبروزەنگ لە نوسینی هەندێك لە بیریارانی ئەڵمانی وەك (ژەنەراڵ فون بێرنهارد– Bern Hardt، سـوێل– Sorrel، نیـچەو ترێتـشکە– Treitschke)دا دیـارو بەرجەسـتە بـوون. بـەبڕوای (بێرنهـارد) دەسـەڵات: (بـاڵاترین مافـەو نـاکۆکی لەسـەر حەقبوون حوکمی جەنگ دەستنیشان دەکات. جەنگ بڕیـاری دروسـت دەدات، چـونکە ئـەم بڕیارە لەسەر سروشت و ماهیەتی شتەکان راگیرە). ( ترێتشکە) وتویەتی: (دەوڵـەت هێـزی گـشتی هێـرش‌و بەرگرییــە، یەکـەمین ئــەرکی ئەوەیــە جــەنگ بــەرپا بکــات‌و دادپــەروەری بگێڕێتــەوە). بــەبڕوای ئــەم: (جــەنگ خــەڵك پێکــەوە دەبەســتێت و تونـدوتۆڵیان دەکــات،

پوچێتی رێژەیی تاك لەلای تاك خۆی ئاشكرا دەكات و دەبێتە هۆی ئەوەی دوژمنایەتی پارتایەتی بزر بێت و نیشتمان پەروەری و ئایدیای نیشتمانی برەو پێدەدات) و (مەزنایەتی مێژوو لەنێو كێشمەكێشی هەمیشەیی نەتەوەكاندایە) و (پەنابردن بۆ جەنگ تا كۆتایی مێژوو درێژەی دەبێت). (نیچە) و (سۆرێل) راشكاوانە رێبازی هێزو دەسرۆیشتوویی پیاوانیان راگەیاند، كە تاكە شایستەن بۆ پێشڕەویكردنی چارەنووسی خەڵك. (هیتلەر) و (مۆسۆلینی) هەوڵیاندا بەرگێكی پراكتیكیانە بە بەر تیۆرەكانی ئەم بیریارانەدا ببڕن. بە شانوباهوی جەنگدا هەڵیانداوەو وەك ئامرازێكی باو بۆچارەسەركردنی كێشەی نێوان دەوڵەتەكان وەریانگرتووە. لە سەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانیدا لە ئەڵمانیا، ئیتالیاو ژاپۆن تیۆری زەبروزەنگ (لە رێگای تۆقاندن - توندوتیژی لەناو پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەكانو سەركوتكردنی زۆردارانەی نارەزایانی سیاسی لە حكومەتی ناوخۆیدا، بۆ ئاینی دەسەلات گۆڕا[(١٩)]).

لەوانەیە تەنها هەندێك ئەوە پەسەند نەكەن، كە بوونی زەبروزەنگ بۆ دەوڵەت لە ناوخۆ و دەرەوە پێویستیەكی بنەڕەتی نییە. لە ناوخۆی وڵاتدا دەبێت حكومەت بۆسەركوتكردنی رەگەزی تێكدەری كۆمەڵگا سود لە بەكارهێنانی زەبروزەنگ وەربگرێت و لەرووی دەرەكیەوە بۆ رێگاگرتن لە دەستدرێژی یان دورخستنەوەی پێویستی بەزەبروزەنگ هەیە. لەوانەیە بەبێ بەكارهێنانی زەبروزەنگ پارێزگاریكردن لە دەوڵەت كارێكی دژوار بێت، تەنانەت هەندێك لە لایەنگرانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش لەوباوەڕەدان: (ئەگەری ئەوە هەیە ئاشتیخوازی رێخۆشكەری جەنگ بێت).

هەندێك لەرەخنەگران لە تیۆری زەبروزەنگ رەخنەی توندیان لە پرەنسیپە بنەرەتیەكانی ئەو تیۆرە گرتووە. بەبڕوای ئەم رەخنەگرانە ئەو تیۆرەی كە زەبروزەنگ بە تاكە فاكتەری دامەزراندنی دەوڵەت دادەنێت، هەڵەیە، چونكە لە پەیدابوونی دەوڵەتدا فاكتەری دیكەش رۆڵی گرنگیان گێڕاوە. سەختە بتوانرێت ئەوە پەسەند بكرێت، كە هەموو دەوڵەتەكان لە رێگای بەكارهێنانی زۆرو زەبرەوە پەیدابوون. (سیلی) وتویەتی: (سەرهەڵدانی دەوڵەت وابەستەی زەبروزەنگ نەبوو، هەرچەندە لە رەوتی گەشەكردن و فراوانبوونیدا بێگومان زەبرو زەنگ رۆڵی هەبووە). هەروەها وتویەتی: (زەبروزەنگ ناتوانێت

کۆڵەکەی پایەداری دەوڵەت بێت. زۆرداریی دڕندانەو ستەمگەری لە توانایاندا نیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەوڵەت بپارێزن: دەسەڵات بەبێ بوونی یاسا لە باشترین حاڵەتدا تەنها ماوەیەك بوونی دەبێت، بەڵام دەسەڵات کۆڵەکەی پایەداربوونی دەوڵەتە. بەمپێیە تەواو روونە، کە دەسەڵاتی توندوتیژو خۆسەپێنەرئامێز بنچینەی دەوڵەت نییە[٢٠]). لە روانگەی (گرین)ەوە (ئاگایی گشتی بۆ ئامانجە هاوبەشەکان) بنچینەی دەوڵەت پێکدێنێت. بە زۆرداری ئەبستراکت ناتوانرێت درێژە بە هیچ بدرێت: (هەموو شتێك لەبەریەك هەڵدەوەشێت، مەگەر ئەوەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ بەڕێوەبردنی کارە گشتیەکان بەسوود بێت[٢١]). زۆرداری دڕندانەی ئەبستراکت بۆ دیکتاتۆری، توندوتیژی و شۆڕش دەگۆڕێت. بەگوتەی ئەو، دەسەڵاتی سەپێنەری یاسا دەوڵەت دروست دەکات[٢٢]. ئیرادەی خەڵك، نەك زۆرداریی، پایەی دەوڵەتە. هەوڵدان بۆبەرزڕاگرتنی هێزو زۆرداری و بەکارهێنانی، بەبێ گرنتی پیادەکردنی ویستی گشتی، دامەزراوەی دەوڵەت دەڵەرزێنێت. هەروەها ئەم تیۆرە تەنها لایەنی دەسەڵاتخوازی سروشتی مرۆڤ گەورە دەکات و هەستی هاوکاریکرنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کە ئەنگێزەی سەرەکی رەفتاری مرۆڤە، نادیدە دەگرێت. مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیە، لەمبارەیەوە کۆمەڵگە پێکدێنێت و بەردەوام پەیڕەوی لە رێساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات.

سەرئەنجام، پیاهەڵدانی ئەم تیۆرە بۆ جەنگ نادروستە. بێگومان جەنگ هەندێك خاسیەتی وەك نیشتمانپەروەری و ئازایەتی پەروەردە دەکات، بەڵام دەستکەوتەکانی لەبەرامبەر ئەو تێچونانەی سەرف دەکرێت شتێکی ئەوتۆ نییە. جەنگ پرەنسیپێکی وابەستەی کۆمەڵگەی دەوارنشینانەیەو لە کۆمەڵگە مەدەنیەکاندا پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەر بنەمای هێز و زۆر نییە، ئەگەر بەوجۆرەش بێت زۆر ئاشکرا نییە. لە سەدەی بیستدا ناتوانرێت چاوپۆشی بکرێت لە سەرهەڵدانی هزری گشتی جیهانیی، وەك گرەنتیەك بۆ پیادەکردنی رێسای یاسا نێودەوڵەتیەکان و بە راگەیاندنی بنچینەیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش دادەنرێت. بەمجۆرە زەبروزەنگ وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵی کەم بۆتەوە.

### ٣- تیۆری ژێنالۆژی - genealogy ( تیۆرەکانی باوکسالاری و دایکسالاری ) :

تیۆری ژێندەرناسی لەوباوەڕەدایە، کە دەوڵەت بەرهەمی گەشەکردنی سروشتیانەی خێزانە. لە کۆندا بەپێی پرۆسەی سروشتییانەی ئەم گەشەکردنە لەیەك خێزانەوە چەند خێزانێك دروستبووە. خێزانەکان یان گروپە خزمەکان یەکیان گرتووە تا گوندێك پێکبێنن. گوندەکانیش لەلای خۆیانەوە بۆ شوێنگەیەکی بەرفراوانتر، کە بەشار ناوزەد دەکرێت، گەشەیان کردووەو یەکیان گرتووە تا دەوڵەت پێکبێنن. (ئەرستۆ) وتویەتی: (یەکەمین فۆرمی گردبوونەوە، کە بەجۆرێکی سروشتی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی رۆژانە دامەزرا، خێزانە... پاش ئەویش گوندە... کاتێك بە گردبوونەوەیەکی کۆتایی و کامڵ دەگەین، کە لەچەند گوندێك پێهاتووە، لە راستیدا بە – پۆلیس – گەیشتووین).

دوو بەرئەنجام لەم دیدەدا هەیە: تیۆری باوکسالاری و تیۆری دایکسالاری. جیاوازی نێوان ئەم دووانە پەیوەستە بەو باوەڕەی، کە بنەمای خێزانی سەرەتایی بنەچەکەی دایکسالاری یان باوکسالاری بووە.

#### أ– تیۆری باوکسالاری:

(هێنری ماین) نوسەری یاسا دێرینەکان (١٨٦١)و مێژووی دامەزراوە بەراییەکان (١٨٧٤) بەرجەستەترین لایەنگری تیۆری باوکسالارییە. بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت درێژکراوەیەکی سروشتیانەی یەکەی خێزانی سەرەتاییە، کە تیایدا بەهۆی پیاوانەوە وەچەکان بەردەوام بوون و بە تەمەنترین پیاو فەرمانڕەوایی رەهای هەبووە. خێزان یەکەمین یەکەی کۆمەڵایەتی بووە. بەبڕوای (ماکیڤەر) لە هەموو خێزانێکدا ئەو پەیوەندی و پشکانە هەیە، کە بنچینەی حکومەت پێکدێنێت. هەمان ئەو پێداویستیەی خێزانی ئەفراندەوە یاساکانیشی خولّقاندووە. لەپێش هەموو شتێکەوە حکومەت لەسەر فۆرمێکی بچوك لەناو خێزاندا هەیە.

(ماین) لە بەراوردکردنی یاسا کۆنەکانی (رۆم، سلاڤی، هند و چینی)یەوە گەیشتۆتە ئەوەی، کە لە خێزانی بەراییدا بە تەمەنترین باوانی خێزان دەسەڵاتێکی رەهای پیادەکردوەو ژیان و مەرگی وەچەو کۆیلەکانیش لە پشکی ئەودا بووە. لە کتێبی یاسا دێرینەکانیدا هاتووە: (بە تەمەنترین باوك لە خێزاندا دەسەڵاتی رەهای بەسەر ئەندامانی

خێزانەکەیدا شکاوە. نەك تەنها خاوەنی رەهایی دارایی خێزان بەڵکو تەنانەت خاوەنی ویستی وەچەکانیشی بووە) کاتێك وەچەکان ژن و ژنخوازیان دەکرد، بەشێوەیەکی سروشتی خێزان پەرەی دەسەند، بەڵام دەسەڵات یەکەمین سەرۆکی خێزان لەلایەن هەموو وەچەکانی هەمان خێزانەوە پەسەند دەکرا. بە مردنی گەورەی خێزان دەسەڵات بۆ بەتەمەنترین وەچەی نێرینە دەگوێزرایەوە. بەمپێیە وەچەی هاوبەش ئەندامانی خێزانە جیاوازەکانی پێکەوە گرێدەدا.

بەرفراوانبوونی خێزانەکان (بەرەبابەکان– و)، کە لەژێر کۆنترۆڵی یەك سەرۆکدا بوون، بوو بە فاکتەری سەرهەڵدانی خێڵ (قەبیلە–و). بەپێی تێپەڕبوونی کات زۆربەی ئەندامانی خێڵ لە خێڵی بنەڕەتی جیابونەتەوەو لەسەر خاکێکی نوێ نیشتەجێ بوون. ئەمەش هۆکار بووە تا عێل و بنەماڵە و بەرەباب و تیرەی نوێی زیاتر سەرهەڵبدەن. ئەم خێڵانە، کە بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە گرێدراوی یەکدی بوون، بە پێی ئامانجی هاوبەش، بە تایبەتی بۆ بەرگریکردن لە هەڕەشەو ترسە دەرەکیەکان، هەنگاویان ناوەو یەکیانگرتووە. ئەم کارانە جۆرێك لە ناساندنی شەقڵی دەسەڵات هاوبەش بۆ هاوبەندبوون و پاراستنیانی تێدا بووە. ئەندامانی سەربەو هۆز و خێڵانە لە دەوری جۆرە دەسەڵاتدارییەکی هاوبەش گردبونەوەو دەوڵەت پێکهات. (ماین) وتویەتی: (خێزان گروپێکی پیرۆزە، کە ملکەچییە گشتییەکەی بۆ باڵاترین باوانی نێرینە دەگواستەوە. لەگەڵ گەشەکردنی خێزانەکان بنەماڵە و بەرەباب و تیرە پێکهات. پەرەسەندنی ئەوانیش هۆزو خێڵی لێکەوتەوە. لەگەڵ گەورە بوونی هۆزو خێڵەکان کۆمەڵگەی بەرژەوەندی هاوبەش (یان دەوڵەت) دامەزرا). بەمپێیە، بە بڕوای ئەو، لە قۆناغی بەراییدا کۆمەڵگە گردبوونەوەی تاکەکان نەبوو، بەڵکو کۆی خێزانەکان بوو. خێزان یەکەی کۆمەڵگەی سەرەتایی بوو.

لەسەردەمە نوێیەکانی تردا (دوگی) مافناسی فەڕەنسی پشتیوانی لە تیۆری باوکسالاری کرد. بە وتەی ئەو (باوکی خێزان سەرۆکێکی سروشتیە، فەرمانڕەوای دەوڵەتێکی بچوکە، کە ئەندامەکانی ئەو خێزانە فەرمانبەری ئەون. شارە کۆنەکان یەکێتییەکی تەواوی خێزانەکان بوو، کە تیایدا دەسەڵاتی سیاسی وابەستەی باوان بوون.)

تیۆری باوکسالاری پشت بە سێ گریمانە دەبەستێت:

١- له كۆمه‌ڵگای سه‌ره‌تاییدا هاوسه‌رگیری له‌سه‌ر فۆرمێكی هه‌میشه‌یی و بنه‌مای باوكانه په‌سه‌ند بووه.

٢- پشت ته‌نها له ڕێگه‌ی باوانه‌وه درێژه‌ی هه‌بوه‌و هیچ كام له وه‌چه مێینه‌كان به درێژه پێده‌ری پشت ئه‌ژمار نه‌كراون.

٣- دوا ده‌سه‌ڵات له ده‌ستی سه‌ركرده‌ی نێرینه‌ی خێزاندا بووه، كه ده‌سه‌ڵاتێكی ره‌های به‌سه‌ر هه‌موو ئه‌ندامه‌كانی دیكه‌ی خێزاندا هه‌بووه.

(هێنری ماین) بۆ پته‌وكردنی تیۆره‌كه‌ی خۆی پشتی به گه‌واهی مێژووی خێزانه عیبری، یۆنانی و روسه‌كان به‌ست. له خێزانه عیبریه‌كاندا به ته‌مه‌نترین پیاو ده‌سه‌ڵاتێكی سته‌مكارانه‌ی به‌سه‌ر خێزاندا پراكتیزه ده‌كرد. له كۆمه‌ڵگاكانی تریشدا خێزانه‌كان له پشكی به ته‌مه‌نترین پیاوی خێزاندا بوون. به‌مجۆره تیۆری باوكسالاری خزمایه‌تی وه‌چه‌ی نێرینه، هاوسه‌رگیری هه‌میشه‌یی و ده‌سه‌ڵات باوكانه‌ی به تایبه‌تمه‌ندی بنه‌ڕه‌تی كۆمه‌ڵگه‌ی به‌رایی داناوه‌و له‌و باوه‌ڕه‌دایه، كه له ئه‌نجامی گه‌شه‌كردنی خێزانه‌كانه‌وه كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی سه‌ریهه‌ڵداوه‌و به ته‌مه‌نترین سه‌رۆكی خێزانه‌كان وه‌ك پاشایه‌ك ده‌ركه‌وتووه.

تیۆری باوكسالاری له زۆر رووه‌وه ره‌خنه‌ی لێگیراوه. (ماكلینان[٢٣]، مۆرگان[٢٤] و جنكس)، كه لێكۆڵینه‌وه‌یان ده‌رباره‌ی كۆمه‌ڵگای سه‌ره‌تایی ئه‌نجامداوه، به‌و ده‌رئه‌نجامه گه‌یشتوون كه هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی مێژوویی تیۆره‌كانی (ماین) ناسه‌لمێنێت. خێزانی باوكسالاری له‌گه‌ڵ بوونی پیاوێك له پۆستی سه‌ركردایه‌تیه‌كه‌یدا ڕێكخراوێكی كۆمه‌ڵایه‌تی بنه‌ڕه‌تی و سه‌ره‌تایی نه‌بووه، به‌ڵكو خێزانی دایكسالاری، كه په‌یوه‌ندیه خێزانیه‌كان له ڕێگه‌ی دایكه‌وه درێژ بوونه‌ته‌وه، یه‌كه‌یه‌كی به‌رایی بووه. له‌به‌رئه‌وه‌ی له كۆمه‌ڵگه به‌راییه‌كاندا نه‌ریتی چه‌ند هاوسه‌ریی بره‌وی هه‌بووه‌و پشتی دایكایه‌تی ئاشكرا دیار بووه، به‌ڵام پشتی باوك ته‌نها له ڕێگای هه‌ست و گومانه‌وه ده‌كرا دیاری بكرێت. دیاریكردنی پشتی نێرینه‌و وه‌چه له‌ڕێگای مێینه‌وه به‌سه‌ختی ده‌ستنیشان ده‌كرا. بوونی شاژنه‌كان لێره‌و له‌وێ به‌ڵگه‌ی بوونی سیستمی دایكسالارییه.

هه‌روه‌ها به‌ڵگه‌ی ئه‌وه هێنراوه‌ته‌وه، كه ره‌وتی په‌ره‌سه‌ندنی خێزانه‌كان بۆ بنه‌ماڵه و ئه‌وانیش بۆ هۆزو خێڵه‌كان، به‌وجۆره‌ی (ماین) وتویه‌تی، له‌گه‌ڵ راستیی مێژوویی هاوڕێك

نییە. بە بڕوای (جنکس) یەکەی سەرەتایی کۆمەڵگە خێڵ بووە نەك خێزان. هەر خێڵێك بۆ چەند تیرەیەك دابەش دەبوو، تیرەکان لە خانەدان و بنەماڵەکان بوون و ئەوانیش لە خێزانەکان پێك دەهاتن. هەروەها گریمانەی پەیوەست بە بوونی بنەمای هاوسەرگیری هەمیشەییش لە کۆمەڵگەی بەراییدا جێگای بڕوا نییە.

بەهەمان شێوە وتراوە، فۆرمە بەراییەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی وەك ئەوەی بەرچاو دەکەوێت، کە تیۆری باوکسالاری بەرجەستە دەکات، سادەنەبووە. (فریزەر) لە نوسینێکیدا (لقی ئاڵتونی) هۆشیاریداوە، کە ئەو کەسەی: (توێژینەوە لەسەر مێژووی دامەزراوەکان دەکات دەبێت بەردەوام ئەو فرە فاکتەرە ئاڵۆزانەی لە هزردا بێت، کە بنچینەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکدێنێت و لە مەترسی جوانکاری باوی ناو زانستەکان وریا بێت، مەترسی حەزکردن بۆ سادەکردنەوەی ناڕەوای هەمەجۆری بێسنوری دیاردەکان لە ڕێگای چڕکردنەوەی سەرنجەکان لەسەر چەند دیاردەیەك و دەرکردنی حوکمێکی گشتگیر بەسەر هەموویاندا[٢٥].

بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە تیۆری باوکسالاری گرنگی ڕۆڵی خزمایەتی لە گەشەکردنی دەوڵەتدا ئاشکرا کردووە. بەشێوەیەکی لۆژیکی دەکرێت گروپە خزمەکان بە پایەی هەموو فۆرمەکانی یەکێتی سیاسی دابنرێت و لەنێو هەمان ئەو گروپانەدایە یەکەمین وانەکانی فەرماندەرکردن و پەیڕەوی کردن فێرکراون.

**ب- تیۆری دایکسالاری:**

(مالکلێنان، مۆرگان و جنکس) لە لایەنگرانی تیۆری دایکسالاری دەوڵەتن و لەو باوەڕەدان یەکەی بەرایی خێزان باوکسالاری نەبووە، بەڵکو خێزانی دایکسالاری بووە. بەگومانی ئەمانە تاکە هاوسەریی یان چەند هاوسەرگیری بە تەنها دەیتوانی دیاریکەری پشت بێت لە باوانی نێرینەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە بەراییەکاندا چەند مێردیی، واتە ئەوەی ژن چەند مێردێکی هەبێت، برەوی هەبووە. دیدی ئەمانە ئەوە بووە، کە لە هەر شوێنێك دیاردەی چەند مێردیی برەوی هەبووبێت، پەیوەندی ئاسایی مێرد- ژن بوونی نەبووە. لەو سەردەمانەدا لە جیاتی خێزان گروپ یان دەستەی خاوەن پەیوەندیەکی سست هەبووە، کە

لەناویاندا پەیوەندی سێکسی بڕێسا باو بووە. لە سیستمێکی لەوجۆرەدا خزمایەتی لە ڕێگای دایکەوە بووە نەك باوك. پشتی دایکایەتی ڕاستییەکی مایەی سەلماندن بووە، لەبارێکدا کە پشت لە باوکەوە تەنها گومان و هەستێکی ئەبستراکت بووەو وەچەکان وابەستەی تیرەی دایك بوون. لە ئەنجامی بەربڵاوی نەریتی فرەمێردیی باوك سەر بەتیرەیەکی جیاواز لە تیرەی دایك بووە. هاوسەرگیری لەگەڵ تاکێکی دەرەوەی تیرە یان خێڵ ئەنجامدەدرا.

(جنکس) سیستمی بەهێنانەوەی نموونەکانی دانیشتوانی بنەڕەتی ئوستراليا فرەمێردایەتی پیشان دەدات، کە لە (گروپی تەوتم)دا ژیاون و نەیانتوانیوە لەناو تەوتمەدا هاوسەرگیری بکەن. (جنکس) ئەنجامگیرییەکانی (ماین)ی ڕەتکردۆتەوە، کە گوایە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە خێزانەوە دەستیپێکردوە بۆ خانەدان و بنەماڵە و تا بە ئاستی هۆز و خێڵ گەیشتووە. بەبڕوای (جنکس) خێڵ یەکەمین گروپ بووە، کە بۆ تیرە و خانـدان و بنەماڵەو پاشان بۆ خێزان دابەش بووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیانی شوانکارەیی و بڵاوبونەوەی پلە بەپلەی هاوسەرگیری تاکە ژنی یان چەند ژنی خێزانی باوکسالاری پێکهاتووە. تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی سیستمی دایکسالاری بە کورتی بەمجۆرە بووە:

١- هاوسەرگیری زوو تێپەڕ (یان هاوسەرگیری بە گروپ)

٢- خزمایەتی لە ڕێگای ژنانەوە.

٣- بەردەوامی خاوەندارێتی خێزان تەنها لە ڕێگەی ژنانەوە.

٤- ڕاستەقینەیی دەسەڵاتی دایکایەتی.

زۆر لە بیریاران ڕەخنەیان لە تیۆری دایکسالاری گرتووە. وتویانە تیۆری دایکسالاری وەك تیۆری باوکسالاری لە کۆمەڵگا بەراییەکاندا خاوەنی بەڵگەی گشتی مێژوویی نییە، دەربڕینێکی تەوسئامێزی واقیعە. هەروەك (ماکیڤەر) وتویەتی، ژن تاکە فاکتەری گواستنەوە بووەو هەرگیز خاوەنی دەسەڵات نەبووە. کەواتە ئەوە دروست نییە، کە دەوڵەت لە ڕێگای گەشەو پەرەسەندنی خێزانی باوکسالاری یان دایکسالارییەوە گۆڕا بێت. بەهەمان شێوە (گارنەر) وتویەتی: (خێزان و دەوڵەت لە پرەنسیپی ڕێکخراوەیی، ئەرك و ئامانجەکاندا زۆر لەیەك جیاوازن و بەڵگەیەکی ئەوتۆش لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت لە

یەکتریـەوە گـۆڕاون یـان پەیوەنـدی لەنێوانیانـدا هەیـە). لـە خێزانـدا شـوێنگەی دەسـەڵات سروشـتییە (واتـە بـاوك)، بـەڵام لـە دەوڵەتـدا شـوێنگەی دەسـەڵات ملكەچـی هەڵبژاردنـە. پاشكۆ بوون بنەچەی خێزانەو یەكسانی بنەمای دەوڵەتە. بەمپێیە بەستنەوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت بە گەشەكردنی خێزانەوە زۆر نەشیاوە[٢٦].

بە سەرنجدان لـە تیۆرەكـانی باوكسالاری و دایكسالاری ئـەو ئەنجامـەی بەدەسـت دێـت ئەوەیە، كە هیچ كام لەوانە كۆمەك بـە تێگەیـشتن و دەرككردنـی راسـتەقینەی سـەرهەڵدانی دەوڵەت ناكەن. ئەم تیۆرانە لەگەڵ پەرەسەندنی خێزانـدا پەنجـە نـەرم ئەكـەن نـەك لەگـەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت. هەروەك (فیلۆبی) وتویـەتی، هـەردوو تیۆرەكـە: (زیـاتر گریمانەیـەكی كۆمەڵایـەتین تـا سیاسـی... دروسـت نیـە بوترێـت دەوڵـەت لەویەكـە بـچوكە كۆمەڵایەتیەوە {خێزان} سەری هەڵداوە. ئەم دوو دامەزراوەیە لە بنەڕەتدا لەیەك جیاوازن... هەروەها كار و ئەركەكان یان ئامانجەكانی دەوڵەت لە بنەمادا لە ئەرك و ئامانجەكانی خێزان جیاوازە و تەنانەت كۆكیش نین[٢٧]).

## ٤- تیۆری سروشتییانەی ئەرستۆ:

ئەو دیدانەی (ئەرستۆ) سەبارەت بە سەرهەڵدانی دەوڵەت ئاشكرای كـردووە، هەنـدێكجار بەناوی تیۆری سروشتیی ئاخیزگەی دەوڵەت ئاماژەی بۆكراوە. بەبڕوای (ئەرستۆ) كۆڵەكەی دەوڵەت لە سروشـتی مرۆڤدایـە. دەوڵـەت لـە پێنـاوی دابینكردنـی پێداویستیەكانی مرۆڤـدا هاتۆتەكایـەوە. یەكـەمین پێداویـستی مـرۆڤ فیزیۆلـۆژی یـان جەسـتەییە، كـە بـووە بـەهۆی دروستبوونی خێزان. بـەڵام هـەروەها مـرۆڤ پێویـستی بـەخۆراك، پۆشـاك، نـوا یـان شـوێنی نیشتەجێیە بۆ ژیان. مرۆڤ دەرك بەوە دەكـات، كـە ئـەو و خێزانەكـەی نـاتوانن هـەموو ئـەو پێداویستیە ئابوورییانە بە شێوەیەكی ڕەزامەنـد دەسـتەبەر بكـەن. لـەوێوە، كـە بـەردەوام پێداویستی نوێ سەرهەڵدەدات و ژیانی مادی گرانتر، دەبێت تایبەتمەندی و دابەشبوونی كار دەبنە پێویست و فاكتەری سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوە.

بنـچینەی خێـزان تـەنها فیزیكـی نیـە، بـەڵكو خێـزان پێداویـستیەكانی عیـشق و خۆشەویستیو سـۆز و ئـەقڵیش تێـر دەكـات. لـە راسـتیدا، هـەمان ئـەو لایەنـە ئـەخلاقی و

سۆزدارییەیە کەبەو شێوەیە خێزان لە ژیانی مرۆڤدا گرنگ دەکات. دەرئەنجامی ڕەوتی سروشتیانەی پەرەسەندن خێزان بۆ خانەدان و بنەماڵە دەگۆڕێت. بنەماڵەکان گوند دروست دەکەن و یەکگرتنی چەند گوندێك دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەت (پۆلیس). بەمپێیە، دەوڵەت ترۆپکی ڕەوتی گەشەکردنی سروشتییە، کە لەگەڵ تێکەڵی ڕەمەکیانەی ژنان و پیاوان دەستپێدەکات. خێزان و گروپەکان کەمتر لە دەوڵەت توانای تێرکردنی هەموو پێداویستیە کۆمەڵایەتی، کەلتوری و سیاسیەکانی مرۆڤیان هەیەو ناتوانن مەرجی پێویست بۆ ژیانێکی باش فەراهەم بکەن" تەنها ئەوە دەوڵەتە دەتوانێت هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکات. بە بڕوای (ئەرستۆ) شار (پۆلیس)، کە دەکرێت بە دەوڵەت ناوزەد بکرێت، (دیاردەیەکی سروشتیانەیە و مرۆڤ بە حوکمی سروشت ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیەو ئەو کەسەشی لە ڕووی ڕەمەکەوە نەك ڕێکەوتەوە لە دەرەوەی شار (دەوڵەت) بژی بونەوەرێکی لە مرۆڤ نزمتر یان باڵاترە[٢٨]).

(ئەرستۆ) بە سەرنجدانی لەم پانتاییە سایکۆلۆژییەی ئاخیزگەی دەوڵەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن کۆمەڵگەی سیاسی بۆ مرۆڤ پێویستە. مرۆڤ لەگەڵ گیانەوەرەکانی دیکە لەوەدا جیاوازی دەبێت، کە خاوەنی توانای قسەکردن و ئەقڵە. ئەم توانستانەش ئەو بوارەی بۆ دەڕەخسێت بیرورا ئاڵوگۆڕ بکات و هاوبەشی ژیانی گشتی بکات. لە ڕاستیدا بەبڕوای (ئەرستۆ) هزری هاوبەشی یاساو دادپەروەری لە چوارچێوەی دەوڵەتدا خەڵکی پێکەوە دەبەستێت. ئەمەیە بنەمای ئەقڵی یان فەلسەفەی دەوڵەت.

### ٥- تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی:

تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی[٢٩]، کە سەردەمانێك هەژموونی هزری سیاسی ئەوروپای کردبوو، ڕۆڵێکی گرنگی لە تیۆری سیاسی نوێدا گێڕاوە. بنەمای ئەم تیۆرە لەسەر ئەو گریمانەیە ڕاگیرە، کە پێش پێکهاتنی دەوڵەت مرۆڤ لە (دۆخی سروشتی ـ State of nature)دا ژیاوە.(دۆخی سروشتی) هەندێك بە حاڵەتێکی پێش جڤات و هەندێکی دیکەش بە پێش سیاسیبوونی دەزانن، بەڵام هەرچییەك بووبێت هەلومەرجێکی پێش پەیدابوونی دامەزراوەی حکومەتە. لە بارودۆخی سروشتیدا کۆمەڵگە ڕێکخراو نەبوو، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی تێدا نەبوو تا یاساو بڕیارەکان دابڕێژێت و پیادەی بکات. تەنها دەستەواژەی

(یاسای سروشتی) ڕێکخەری تەرزو ڕەفتار و کاری مرۆڤ بوو. هەموو مرۆڤێك ژیانی تایبەتی خۆی هەبوو، پەیڕەو و ملکەچی تەنها ئەو ڕێسایانە بوو کە وابیریدەکردەوە بۆخۆی شیاوە.

لایەنگرانی هەمەجۆری ئەم تیۆرە سەبارەت بە هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا هاوڕا نین. هەندێك ئەو هەلومەرجەیان بە دۆخێکی تەواو ڕەفتار دڕندانە وێناکردوە، کە یاسای جەنگەڵ کۆنترۆڵی ژیانی مرۆڤی کردووە. هەندێکی دیکە بە ژیانێکی (بێگوناه و بەختیار)یان زانیووە. هەروەها کەسانی دی بە بارودۆخێکی تەواو نائارام لێیان ڕوانیوە، گەرچی تا ڕادەکیش بە مرۆڤدۆستانەیان زانیوە. هەلومەرجی ئەو ژیانە هەرچییەك بووبێت مرۆڤ لەباری سروشتیدا بەپێی ئەم یان ئەو بەڵگەیە بڕیاریداوە ئەو باروهەلومەرجە بەجێبهێڵێت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لەسەر بنچینەی بڕیارێکی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێت. پاشئەوە یاسای سروشتی شوێنی بۆ یاساکانی مرۆڤ چۆڵکرد، کە لەلایەن دەسەڵاتداری سیاسیەوە پراکتیزە دەکرا.

بەپێی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی دەوڵەت بەری ڕەنج و کۆششی هەڵسەنگێنراوی مرۆڤەو دەسەڵات لە ڕەزامەندی خەڵکەوە خۆی بەرجەستە دەکات، کە لەسەردەمە کۆنەکانی مێژوودا لەڕێگای پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە خۆیان لە فۆرمی گروپی سیاسیدا ڕێکخستووە. سەبارەت بەمەرجەکانی ئەم پەیمانە هەرکام لە بیریاران دیدی جیاوازیان هەیە. بە گومانی هەندێك لەوانە ئەم پەیمانە تاکە دامەزرێنەری دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، لە بارێکدا هەندێکی دیکە وەك پەیمانێکی حکومەت لێیدەڕوانن، کە لەنێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانبەراندا بێت. هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدان لایەنەکانی ئەم پەیمانی کۆمەڵایەتییە تەنها ئەو کەسانە بوون، کە لە هەلومەرجێکی سروشتیدا دەژیان و فەرمانڕەوا یەکێك نەبووە لەلایەنەکان. کەسانی دی لەو بڕوایەدان لایەنەکانی ئەو پەیمانە لەلایەك خەڵك و لەلۆکەی دیکەی فەرمانڕەوا بوون.

جیاوازی دیکە لە بیروڕا لە نێوان بیریارانی لایەنگری ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە هەندێك بە ڕاستییەکی مێژوویی دەچوێنن و بەرامبەرەکەشیان بە میتۆلۆژیای مێژووی دەزانن. جیاوازی دیکە پەیوەستە بە بەرکارخستنە جۆراوجۆرەکانی لەلایەن شرۆڤەکارانی ئەم تیۆرەوە خراوەتە ڕوو. (هۆبز) تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ ئاڕاستەکردنی دیکتاتۆری، (لۆك) بۆ

پشتیوانی کردنی حکومەتێکی راگیر لەسەر دەستور و (رۆسۆ)ش بۆ پارێزگاریکرن لە یەکەمین حکومڕانێتی گشتی بەکاریانهێناوە.

### أ- گەشەکردنی بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی:

بیرۆکەی پشتبەستنی دەسەڵات بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ریشەیەکی کۆنی هەیە. سەرەتا (سۆفیستەکان)، کە پێش (ئەفلاتون) ژیاون، ئەو بیرۆکەیان گەڵاڵە کردووە. ئەوان دەوڵەتیان بە ئەفرێنراوێکی ناسروشتی یان ساختە دەزانی، کە لە پێناوی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ئەندامەکانیدا دامەزرا بوو. (ئەفلاتون) لە (کریتۆ) و (کۆمار)دا و(ئەرستۆ) لە (سیاسەت)دا ئەم تیۆرەیان تەنها لە پێناوی رەتدانەوەی ئەو بابەتەی ئەواندا رۆناوە، چونکە بە بڕوای ئەم دووانە دەوڵەت سروشتی و پێویست بووە نەك ناسروشتی و ساختە. فەیلەسوفە (ئەپیکۆر)ییەکانیش لە سیاسەتدا پشتگیری ئەم تیۆرەیان کردووەو لەو باوەڕەدا بوون دادپەروەری کارێکی بەڵێندان و بەرئەنجامی بڕیارێکی کۆمەڵایەتیە.

تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی سەرەتای کریستیانیدا تا رادەیەك لە لێڵیدا بوو. لە (ئنجیل)دا نموونەی ئەو بڕیارانە هەیە لە نێوان خەڵك و پاشادا ئەنجامدراوە. یاسای (رۆما)ش تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی بە زیندوویی هێشتەوە. بەپێی یاساکانی (رۆما) خەڵك بە سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی زانراون. لە هزری سیاسی (سیسرۆ)دا رەزامەندی گشتی پایەی دەوڵەت پێکدێنێت. لە (سیسرۆ) بەدواوە ئەم بیرۆکەیەی، کە خەڵك سەرچاوەو بناغەی دەسەڵات سیاسین، بەردەوام دوبارە کراوەتەوە. باوکانی کڵێساکانیش لە نوسراوە سەرەتاییەکانی خۆیاندا تا رادەیەك لایەنگریان لەم تیۆرە کردووە، بەڵام دواجار دەستیان لێبەردا. هزری حوکمڕانێتی (توتونی[٣٠])ش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ئەم تیۆرە هەبوو. لە تیۆری (توتونی)دا دەسەڵات سیاسی لە خەڵکەوە سەرچاوەی دەگرت. پاشای (توتونی) لەکاتی هەڵبژاردندا لەگەڵ خەڵك رێکەوتنی ئەنجامدەداو بەڵێنی حکومەتێکی باشیدەدا. کۆمەڵگای فیودالی راگیر لەسەر هەمان پەیوەندی پەیمانبەستن لە نێوان خودانو رەشۆکدا تەواو لەگەڵ بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی هاوڕا بوو. بەمجۆرە ئینجیل، یاساکانی رۆما،

دیدی حکومەتی توتونی و فیودالیزم پشتیوانیان لەو تیۆرەکرد، کە دەوڵەت بەرئەنجامی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە.

تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لە هزری سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستدا شوێنگەیەکی گرنگی بەدەستهێنا. (مان گۆڵد– Mane gold )ی خەڵکی (لوتنباخ) یەکەمین گرێدراوی کڵێسابوو کە لەسەر تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی راگەیاندنێکی روونیدا. ئەم لەو بڕوایەدابوو ئەگەر پاشا خۆی لەو پەیمانە بدزێتەوە، کە بەهۆیەوە هەڵبژێراوە، ئەقڵ بڕیار دەدات کە خەڵك سەرپێچی لەفەرمانەکانی بکەن، بە تایبەتی لە کاتێکدا سەرەتا پاشا ئەو پەیمانە بشکێنێت، کە خۆی و خەڵکی پێکەوە دەبەستێت[٣١]. سوێندخواردنی خەڵکی بۆ ملکەچی و وەفاداربوون هاومەرجی ئەوەیە پاشاش رێز لە سوێندەکەی خۆی بگرێت سەبارەت بە پاراستنی یاساو دادپەروەرییەکی کامڵ.

تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە لەسەدەی یانزەوە دەستی بە گەشەکردن کرد، لە سەدەی شانزە بەدواوە بە فراوانی پەسەندکراوە. (لەخولێکی سەدەی شانزە تا سەدەی هەژدە هزرو هەنگاوەکانی مرۆڤ بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەری هزری بڕیارگەراکان– Contractionlists). لەنێو لایەنگرانی بەرجەستەی ئەم تیۆرەدا دەکرێت ئاماژە بۆ(جۆرج بوکانان– George Buchanan، ئالتۆس ماریانا– Althusius Marian، فرانسیس سورز – Francis Suarez، گرسیۆس، پۆفندرۆف– Pufendor، ریچارد هۆکەر– Hooker، هۆبز، سپینۆزا، لۆك و رۆسۆ) بکرێت. (هۆکەر) یەکەمین نوسەری ئینگلیزی بوو، کە روونکرنەوەیەکی دیاریکراوی دەربارەی ئەم تیۆرە ئاشکرا کردو بۆ بەرگریکردن لە کڵێسا لەبەرامبەر دوژمنانیدا ئەم تیۆرەی بەکارهێنا. ئەو پرسە سەرەکیەی (هۆکەر) لەکتێبەکەیدا: (یاساکانی جڤاتی کڵێسایی) خستویەتیەڕوو، ئەوە بوو کە ئایا دەبێت تاکەکان پەیڕەوی لەو دەسەڵاتدارێتییە بکەن، کە خۆیان دروستیان نەکردوە یان نا؟ وەڵامەکەی بەمجۆرە بوو، کە پەیمانی بەرایی و بنەڕەتی خەڵکی ناچار دەکات ملکەچ بن و ناکرێت ئەم پەیمانە بەلاوە بنرێت مەگەر بەپێی هاوکۆکی گشتی، بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانرێت هاوکۆکیەکی گشتی بە دەست بێت ملکەچی نەنواندن بۆ دەسەڵات مایەی پەسەندکردن نییە. لەگەڵ ئەوەشدا (هۆکەر) بە گشتی دەوڵەتی بە ساختەو راگیر لەسەر

پەیمان نەدەزانی. بە پێچەوانەی (هۆبز، لۆك و رۆسۆ)وە لەو باوەڕەدابوو، کە خەڵکی ئەو پەیمانەیان بەپێی رەمەکی خۆیان داوە نەك بەهۆی بوونی فشاری بەرئەنجامی هەلومەرج و دۆخی کۆمەلایەتی. پاش (رۆسۆ) تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی رووی لەئاوا بوون کرد، هەرچەندە (کۆنت و فیختە)ش بڕیاری کۆمەلایەتیان وەك ئەندێشەیەکی فەلسەفی پەسەندبوو. گەشەکردنی رێچکەی زانستی و مێژوویی لە سەدەی نۆزدە ئەو تیۆرەی وەك روونکردنەوەیەك بۆ زادگاو ئاخیزگەی دەوڵەت بێمتمانە کرد: (تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی، کە تیۆرێکی میکانیکی راگیر لەسەر ژمارەیەك گریمانەیە، لەگەڵ گەشەکردنی هزری سیاسی و ئەزموونگەری لە سیاسەتدا قۆناغ بە قۆناغ پاشەکشێی کرد[٣٢]).

**ب- تیۆرەکانی هۆبز، لۆك و رۆسۆ:**

پاش لێکۆڵینەوەیەکی کورتی پەیمانی کۆمەلایەتی وەك ئاخیزگەی دەوڵەت ئینجا لە دیدی سێ کەس، واتە (تۆماس هۆبز، جان لۆك و ژان ژاك رۆسۆ) لە لایەنگرانی بەرجەستەی ئەم تیۆرە دەکۆڵینەوە.

**١- تۆماس هۆبز:**

تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) لە کتێبەکەیدا بەناوی (لیڤایەسان)، کە لە (١٦٥١) بلاوکرایەوە، تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی گەلاڵە کرد. بە توندی کەوتبووە ژێرکاریگەری ئەو نەهامەتیانەی سەرچاوەکەی جەنگی ناوخۆیی ئینگلستان بوو لە دەیەی (١٦٤٠) و لەو بڕوایەدابوو ئینگلستان تەنها بە بوونی پاشایەکی بەدەسەلات دەتوانێت لە ئاژاوە رزگاری ببێت.

دەبێت بوترێت، کە (هۆبز) بیرۆکەی پەیمانی کۆمەلایەتی بەکارهێناوە بۆ ئامانجێکی جیاواز لەوەی تا ئەو سەردەمە بۆ ئەو تیۆرە لە ئارادا بوو. واتە روونکردنەوەی زادگای دەوڵەت، بەلام ئەو بۆ بەرگریکردن لە پشکی دەسەلاتەکانی پاشایەتی زنجیرەی (ستیوات) بەکاری هێنا. بەلام تیۆرەکەی بە جۆرێك لە بەرگی زاراوەی گشتیەوە پێچاوە تا بتوانێت پشتگیری لە هەموو حکومەتێکی بەهێز بکات.

**سروشتی مرۆڤ.** (هۆبز) دەربڕینی بیروڕاکانی بە راڤـەکردنی سروشـتی مـرۆڤ دەسـپێکرد. بەبڕوای ئەو مرۆڤ بونەوەرێکی خۆپەرست و خۆویستە. مـرۆڤ بونـەوەرێکی تەنهایـە، چـونکە جیهانەکەی لە جیهانی بونەوەرەکانی دی جیاوازە. چێژو ئارەزووی تایبـەت بـەخۆی هەیـەو وابەستەی هیچ سیستمێکی ئەخلاقی یان سیاسی نییە. بەڵام جیاوازتر لە هـەموو بونـەوەرە زینـدووەکانی دیکـە خـاوەنی ئەقڵـە و ئـەو هێـزی ئەقڵـە مـرۆڤ لـە گیانـەوەرەکانی دی جیادەکاتـەوە. بـەڵام ئـەم ئەقڵـە هەڵـچونانەیە لـە کاتێکـدا کـە پێداویستیە دەروونیـەکانی چـالاكو بەوزەیـە. جیـاوازی فاکتـەری دەروونـی دەبێتـە هـۆی جیـاوازی لـە هێـزی ئـەقڵی مرۆڤەکاندا. هەروەها لە مرۆڤەکاندا رەمەك و ئەنگێزەی باڵاتربوون هەیە. ئەم ئەنگێزانـە بـۆ بەدەسـتهێنانی سـامان، زانـست و شـانازیکردن مرۆڤـەکان بـەرەو ململانـێ کێـشدەکەن. بـەکورتی ململانـێ لـەپێناوی دەسـەڵاتدایە. سـەرئەنجام نـەفرەت و ئیرەیـی، کۆشـش بـۆ ملپێکەچـکردنی ئـەوی دی لـە پێکهاتەیدایـە. بـەڵام سروشـت مرۆڤـەکانی لـە رووی هێـزی جەستەیی و هزرییەوە بەجۆرێك ئەفراندووە هیچ کەس نەتوانێت بانگەشە بکات شتێکی هەیە کەسانی دی نییانە. ئەگەر کەسێك لـە رووی جەسـتیەوە بـەهێز بێـت، ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئەوی دیکە بیر تیژتر و زیرەکتر بێت و (سروشـتی مـرۆڤ بەجۆرێکـە لەگـەڵ ئـەوەی ئەگـەری ئەوە هەیە پەسەندی بکات، کە ئەوی دی سروشتی کۆمیدیتر وتاربێژتر و بەهۆشـترە، بـەڵام بەگران ئەوە پەسەند دەکات، کە ئەوی دیکە ئاقڵتر بێت، چونکە هێزی ئەقڵ و هۆشی خۆی لە خۆیدا دەبینێت، بەڵام ئەقڵ و هۆشی ئەوانی دیکە لەو دیدە دوورە). درەوشانەوەی خود مرۆڤی کوێرو خۆپەرست و نامۆ بە خۆی کردووە.

**دۆخی سروشتی.** لە باکگراوندی ئـەم سروشـتەی مرۆڤـدا (هـۆبز) دیـدێکی لێـڵ وتـەماوی دەربارەی ئەو دۆخـە سروشـتیەی دەخاتـە روو، کـە مـرۆڤ پـێش پەیـدابوون و سـەرهەڵدانی دەوڵەت تیایدا ژیاوە. دیدی ئەو بەمجۆرەیە، کە ژیانی مرۆڤ لـە دۆخـی سروشـتیدا دۆخێکـی جەنگیانەی بەهێز بوو. ئەو دۆخە (جەنگی هەموان لەگەڵ هەموان بـوو). ئـەنگێزەی گـشتی ئەوە بوو بە هەر شێوەیەك ئاسـایش یـان ئـارامی تایبـەتی خـود بەدەسـتبهێنرێت. کـە ئـەو پێداویستیە بنەڕەتیانەی سروشتی مروڤ لە خواست یان ئـارەزووی ئـارامی و ئاسـایش، ئـەم

پێداویستییه بنەڕەتیانەی سروشتی مرۆڤ، لە پێناو هەموو ئامانجە پراکتیکیەکاندا لەخواست و ئارەزووی دەسەڵات دانەبڕاوە:

**(من مەیلی گشتی مرۆڤایەتی لە پلەی یەکەمدا بە داواکاری و بێقەراری گەڕانی بۆ دەسەڵات و دوبارە بۆ دەسەڵاتی دەبینم. ئەم ئارەزووە تەنها بە مەرگ دادەسەکنێت. فاکتەری ئەمەش هەمیشە ئەوەنییە خەڵك چێژی ئەوەی بەدەستی هێناوە کاوێژی دەکاتەوەو ناتوانێت بە دەسەڵاتێکی میانڕەو جڵەو بکرێت، بەڵکو فاکتەرەکەی ئەوەیە کە ناتوانێت دەسەڵات و ئامڕازەکەی خۆی بۆ خۆشگوزەرانی درێژە پێبدات، مەگەر ئەوەی دەسەڵاتێکی زیاتر بە چنگ بێنێت[٣٣])**.

دواجار، لە تەقەلایدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر هەموو کەسێك لەبەردەم ئەگەری کوشتندایە لەلایەن ئەوی دییەوە. بەمپێیە لە دۆخی سروشتیدا ژیانی مرۆڤ بە (تەنیایی، بێنەوایی، دڕەندەیی و ماوەی کورت)دا تێدەپەڕی. هەموو مرۆڤێك دوژمنی مرۆڤەکەی دیکە بوو (مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگ بوو). هیچ ئاگاییەك لە دروست و نادروست، دادپەروەری و بێدادی بوونی نەبوو. ڕێسای ژیان (تەنها ئەوەبوو، کە هەرکەسێك تاچەند دەتوانێت بە دەستی بێنێت تا چەندیش دەتوانێت بۆخۆی گلی بداتەوە). یاسای زەبروزەنگ دەسەڵاتدار بوو. هێزو فێڵ دوو دیاردەی بنەڕەتی سەردەم بوو. (هۆبز) دەیگوت، لەو دۆخەدا پیشەو هونەر بوونی نەبوو، چونکە هیچ بەهەرمێکی متمانەبەخش نەبوو. دەرئەنجام هیچ کشتوکاڵێك، هیچ جۆرە چالاکیەکی دەریاوانی، هیچ کالآیەك، کە بکرێت لە دەریاوە بێت، هیچ بینایەکی گەورە، هیچ ئامڕازێك بۆجوڵەو گواستنەوەی شتەکانی پێویستیان بە وزەی زۆرە، هیچ زانیاریەك دەربارەی رووی زەوی، هیچ راڤەکردنێك سەبارەت بەسەردەم و مێژوو، هیچ هونەرێك، هیچ نوسراو و هیچ کۆمەڵگەیەك نەبوو. لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو ترس و مەترسییەکی هەمیشەیی مەرگێکی تۆقێنەر بەردەوام لە ئارادا بوو. بەکورتی بارودۆخی سروشتی مایەی گوزەران نەبوو. سێ فاکتەری بنەڕەتی ببوە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەوجۆرە بارودۆخە سروشتیە: (یەکەم، ململانێ. دووەم، ترس. سێیەم، شانازیکردن. فاکتەری یەکەم مرۆڤ دەکاتە بەرژەوەندچی. فاکتەری دووەم هانی دەدات گیانی بپارێزێت. فاکتەری سێیەم وایلێدەکات خۆی بەرز رابگرێت[٣٤]).

بەڵام مرۆڤ ئەقڵیشی هەیە، کە هێزێکی ئەژمارکردن یان ئایندەبینی پێدەبەخشێت. مرۆڤ بە بێئەوەی لە ڕێسای گشتی خۆپاراستن دەستهەڵگرێت، بەپێی ئەقڵ شارەزای ئەوەبوو بۆ خۆپاراستن ئاشتیو هاوکاریکردن لە توندوتیژیو ململانێکردنی گشتی سودێکی زۆرتری هەیەو ئەوەیشی پێداویستی ئاشتیە متمانەی بەرامبەرە.

بەکوتی لە دیدی (هۆبز)ەوە بارودۆخی سروشتی:

١- مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نەبوو.

٢- خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤ مایەی تێربوون نەبوو.

٣- خۆپەرستی و هەستی نائارامی مرۆڤی ناچارکرد جەنگێکی بێکۆتا دژ بەهاورەگەزەکان درێژە پێبدات.

٤- مرۆڤ لە دۆخێکی (تەنیایی، بێنەوایی، پەستی، درەندەیی)دا دەژیا.

٥- ئاشتی و ئارامی بوونی نەبوەو گیانی مرۆڤ هەمیشە لەمەترسیدا بوو[٣٥].

**پەیمانی کۆمەڵایەتی:** مرۆڤەکان لە پێناوی بەدەستهێنانی ژیانێکی ئارامدا بڕیاریاندا لەو بارە بێئارام و شڵەژاوە خۆیان ڕزگار بکەن. ترسی تەگبیرکراو وادەخوازێت و ئەقڵ واپێویست دەکات ڕێساگەلێك دیاریبکرێت تا ئاشتی و ئارامی دەستەبەر ببێت. (هۆبز) ئەم ڕێسایانەی بە (یاسا سروشتیەکان) ناوزەد کرد. بەبڕوای (هۆبز) هەموو تاکێك بەهۆی ئەنگێزەی ئەقڵەوە ڕازیبوو بۆ هاوەڵێکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە واز لە مافی سروشتی خۆی و لە پشکی پیادەکردنی دەسەڵاتی کەسێتی بهێنێت. هەموان پێکەوە وتویانە: (من مافی حوکمڕانی خۆم بەو کەسە یان ئەم کۆمەڵە کەسە دەبەخشم و ئەو مۆڵەتە بە ئەو یان ئەوان دەدەم بەو مەرجەی تۆش مافی خۆتی پێببەخشی و وەك من هەموو هەنگاوەکانی ئازاد بکەیت[٣٦]).

بەمپێیە، هەموو تاکەکان مافی سروشتی خۆیان بە کەسێك یان گروپێك لە کەسەکان بەخشی، کە لە دواییدا بوونە فەرمانڕەوا. حاکم یان فەرمانڕەوا، کە لایەنێکی ئەو بڕیار و ڕێکەوتنە نەبوو، خۆی پابەندی هیچ مەرجێك نەکرد. دەسەڵات تەواوی خۆی لەو بڕیارەوە بە دەستهێنا، کە نابێت پێشێل بکرێت. کاتێك خەڵکی پشکگەلێك بە حاکم دەدەن ناتوانن وەریبگرنەوە. خەڵکی مافی ئەوەیان نییە نەیاری لەگەڵ دەسەڵاتدار بکەن یان گومان

لەدەسـەڵاتەکەی بکـەن، چـونکە خۆیـان بنیاتنـەری کردارەکـانین. بەمپێیـە دەسـەڵاتی فەرمانڕەوا بێسنوورە. هەرچۆنێك دەسـەڵاتەکەی پیـادە بکـات، پێویـستە خـەڵك پـەیڕەوی لێبکەن.

دەکرێت لە پەیمانی کۆمەڵایەتی (هۆبز)ەوە ئەم خاڵانە ئاشکرا بکرێت:

١. **فەرمانڕەوا لایەنی پەیمانی کۆمەڵایەتی نییە:** فـەرمانڕەوا، کـە بەرهـەمی ئـەو بڕیـارە کۆمەڵایەتیەیەو پێش ئەوەش بـوونی نـەبوو، دەسـەڵاتێکی بێـسنووری هەیـەو هـیچ مـەرج و کۆتێك پەسـەند ناکـات. دەسـەڵاتدار ناتوانێـت ئـەو پەیمانـە بـشکێنێت و دواجـار هـیچ کـام لەپەیڕەوانیشی ناتوانن خۆیان لە ئەرکـەکانیان بدزنـەوە. دەسـەڵاتدار سەرچـاوەی تـەواوی دەسەڵات و بنچینەی شانازییە.

٢. **هەرجۆرە نافەرمانییەکی پـەیڕەوان نادروسـت و نادادپەروەرانەیـە:** بـەبێ گرنگیـدان بەوەی هۆکاری ئەو نافەرمانیە هەرچییەك بێت. کەسێکی سەرپێچی فەرمانڕەوا بکـات، سـزا دەدرێت، بەڵام کارەکانی فەرمانڕەوا بێدادو نایاسایی و ناڕەوا نییـە، چـونکە بـە بەخـشینی دەسەڵات باڵا بە فەرمانڕەوا مۆڵەتی ئەوهەنگاوانەشی پێدراوە.

٣. **پەیمانی کۆمەڵایەتی ناچارییەو مایەی هەڵوەشاندنەوە نییە.** پێچەوانەی هەلومەرجی پەیمانی کۆمەڵایەتی گەڕانەوەیە بـۆ هـەمان ئـەو دۆخـە شـڵەژاوە سروشـتییە، کـە تەنانـەت تیرۆرکردنیش بێ سزا بـوو. تەنانـەت ئـەو کەسانەشـی نـاڕازین لـەم پەیمانـە ئێـستا دەبێـت لەگەڵ ئەوانی دیدا هاوڕێ و هاودەست بن، واتە پێویـستە هـەموو هـەنگاوەکانی فـەرمانڕەوا بەمۆڵەتدراو بزانن، ئەگەر وانەبێت، ئەوانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە پاکتاویان بکەن.

٤. **پەیڕەوان تەنها خاوەنی ئەو مافەن کە فەرمانڕەوا پێیانی ڕەوا بینیـوە:** فـەرمانڕەوا (پشکداری تەواوی ڕەوا کردنی ڕێساکانی هەیەو بەو هۆیەوە خەڵك تێدەگەن دەتوانن لەچـی سـوودمەند بـن و بێئـەوەی پـەیڕەوانی دیکـە ببنـە ڕێگـر دەتـوانن چـی بکـەن). (هـۆبز) لـە کۆمەڵگەی مەدەنی تازە پێگەیشتوودا ماف بە تاکەکان دەدات بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیـان بەرگری بکەن.

٥. **فـەرمانڕەوا یاسـا دادەڕێـژێت، پراکتیـزەی دەکـات و سـەبارەت بـە هـەموو پرسـە گشتیەکان بڕیـار دەدات:** فـەرمانی حـوکمڕان یاسـایە. فـەرمانڕەوا بـە تـەنها یاسـادانەرەو

هەروەها خاوەنی پشکداری دادوەریکردنیشە، واتە مافی گوێگرتنی لەلایەنە سکالۆکارەکان و دەربڕینی بیروڕا سەبارەت بە یاسای مەدەنی و سزاکان یان هەر یاسایەکی هاوبەندی سکالا هەیە. وێڕای ئەوەش مافی ڕاگەیاندنی شەڕو ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەیە.

٦. بەبڕوای (هۆبز) **تەنها پەیمانێکی کۆمەڵایەتی تاک لایەنە هەیەو** ئەویش ئەو پەیمانەیە خەڵکی لە نێوان خۆیاندا داویانە تا کەسێك بکەنە فەرمانڕەواو هیچ بەڵێن و پەیمانێك لەنێوان خەڵك و فەرمانڕەوادا نەدراوەو بەپێی ئەوەش ئەو بڕیارە تاك لایەنەیە.

٧. **دەسەڵاتی حکومڕان ڕەهاو جێگیرەو مایەی پارچەپارچەکردن نییە**. ئەگەر حوکمڕان پێیباشبوو گروپی خەڵکی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەگۆڕێن. بەمپێیە سەروەری دەسەڵاتێکی باڵاترەو بنچینەی کۆمەڵگەیە.

٨. **داڕمانی حکومەت بە واتای توانەوەی دەوڵەتە**، چونکە لە دیدی (هۆبز)ەوە لە نێوان دەوڵەت و حکومەتدا جیاوازی نییە.

بەمجۆرە دەبینرێت، کە (هۆبز) هەوڵیداوە پاشایەتیەکی بەهێز لەگەڵ ئەو بڕوا روو لە گەشەکردنە ئاشت بکاتەوە، کە دوا دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت. خەڵك بە ویستی خۆیان لە پێناوی پارێزگاریکردن لە خۆیان هەموو مافەکانیان بەخشی، ئەو بەخشینی مافانەیان بێهیچ بەندوباوێك بەخشی، کەواتە ئیدی ناتوانن هەڵیوەشێننەوە. لێرەوە، کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە دەسەڵاتی هەریەکێك یان هەموو پەیڕەوان باڵاترە، شکۆمەندی و شانازیشی زۆرترە.

(هۆبز) سەر بە قوتابخانەی تاکگەرایەو بڕوای وایە تاك مافی خۆیەتی خەبات لە پێناوی مانەوەیدا بکات. بە بڕوای ئەو تاك هەرکاتێك هەست بکات ژیانی لە مەترسیدایە، ئازادە هەرچۆنێك دەیەوێت و دەتوانێت بجوڵێتەوەو لەو بارانەشدا کە فەرمانڕەوا نەتوانێت پارێزگاری لە ژیانی بکات، مافی هەیە وەفاداری خۆی بە هەردەسەڵاتێکی پراکتیکی ببەخشێت کە بتوانێت بەرگری لێبکات.

تاك لە کۆمەڵگەی مەدەنیشدا ئازادە. بەبڕوای (هۆبز) بێدەنگی یاسا واتە سودمەندبوونی مرۆڤ لە ئازادی. لەبەرئەوەی ئەرکەکانی دەوڵەت یان حکومەت لە ماوەی سەدەی هەژدەدا سنوردار بوو، مەیدانێکی بەربڵاوی ئازادی تاك لە کۆمەڵگەو پرسە ئابوورییەکاندا هەبوو.

**رەخنەگرتن لەتیۆریەکەی (هۆبز).** لەچەند لایەکەوە رەخنە لە تیۆرەکەی (هۆبز) گیراوە.

**یەکـەم:** وتـراوە لێکدانـەوەکانی بۆسروشـتی مـرۆ نادروسـتە. ئـەو دیـدەی (هـۆبز)، کـە خۆپەرستی مرۆ تاکە بزوێنەری کارکردنێتی، لەگەڵ واقیعی بەرجەستەدا یەکانگیر نییە. مرۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لەو دەمانەوەی مرۆ پەیدا بووە، سەریهەڵداوە. ئەوە بەتەواوی روونە، کە مـرۆ بەپێی سروشت و پێداویستی کۆمەڵایەتی ناتوانێت لـە تـەنیایی و گۆشـەگیریدا بـژی. کۆمەڵایـەتیبوونی مـرۆ هەسـتی هاوکـاری و هاودەردی لەگەڵ هاورەگەزەکانیدا بزواندووە. لەبەرئەوە لێکدانەوەکانی (هۆبز) بۆسروشـتی مرۆ یەکلایەنەیە.

**دووەم:** سایکۆلۆژیای (هۆبز) سەبارەت بەئەقڵ و رەمەك یان چۆنایەتی کاریگەری ئـەقڵ لەسەر رەمەك روون نییە. پێشئەوەی دامـەزراوەی دەوڵـەت پێکبێت، تـا رادەیـەك مرۆڤـی سروشتی وەك نائەقڵانیەك وێناکراوە، بەڵام لەگەڵ دامەزرانـدنی دەوڵەتـدا بـە بونـەوەرێکی مامەڵەچی ناسێنراوە. ئەوەش ئاماژەیە کـە ئەگـەر بـەپێی دەسـتەواژەی دۆخـی سروشـتی بێت، ئەگەر هەبوو بێت، ئەوا نائەقڵانی یان خۆپەرست نەبووە. ئەگـەر بـەوجۆرە نائـەقڵانی بوو بێت، هەرگیز نەیدەتوانی بیر لەدامەزراندنی کۆمەڵگەی نوێ بکاتەوە. هەروەك (سابین– Sabine) وتویەتی: (ئەگەر بڵێین مرۆ لە سەرەتادا وەك دڕندە ئەفرێنراوەو هێنـدە دژ بـە کۆمەڵبوون بووە کەواتە بونەوەرێکی لەوجۆرە ناتوانێت حکومەت پێکبێنێت. ئەگـەر بڵـێین مرۆ بە رادەیەکی وا ئاقڵ بووە بیر لە پێکهێنانی حکومەت بکاتەوە، کەواتە نابێـت هـەرگیز بێ حکومەت بووبێت).

**سێیەم:** تیۆرەکەی (هۆبز) مێژوویی نییە. هەلومەرجی سروشتیی (هۆبز)، کە تیایدا ژیان هێندە پڕ لە نەهامەتی بووە، هەرگیز لە مێژوودا نەبووە. هیچ کاتێکیش مرۆ بـەبێ جۆرێـك لە رێکخراوی کۆمەڵایەتی نەژیاوە. هـەروەها هـیچ گەواهییـەکی مێـژوویش نیـە کـە دەوڵـەت لەخولێکی تایبەتی مێـژوودا لـە ئـەنجامی برِیارێکـەوە سـەریهەڵدا بێـت کـە خـەڵکی دڕەنـدە لەنێوان خۆیاندا ئەو بریارەیان دابێت.

**چـوارەم:** تیۆرەکـەی (هـۆبز) تەنانـەت لـە رووی یاساییـشەوە نادروسـتە. بـەپێی یاسـا پەیماننامـە لـە نێـوان دوو لایەنـدا دەبەسـترێت و ناکرێـت تـاك لایەنـە بێـت. بـەڵام لەدیـدی

(هۆبز)ەوە پەیمانی کۆمەڵایەتی یەك لایەنە بوو، واتە تەنها خەڵك بوون و حوکمڕان لایەنی دووەمی ئەو بڕیارە یان پەیمانە کۆمەڵایەتیە نەبووە. ئەگەری ئەوە هەیە مافناسێك لە (هۆبز) بپرسێت لایەنی دووەمی پەیمانەکە کێیە؟ هەروەها (هۆبز) ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە بە هەتاهەتایی و مایەی هەڵنەوەشانەوە دادەنێت، لە کاتێکدا بەپێی یاسا لە ژێر کاریگەری هەلومەرجدا دەکرێت پەیمانەکان هەڵوەشێنرێتەوە یان بسڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لایەنێکی رێکەوتنێك پێشێلی پەیماننامەیەك بکات لایەنی دووەمیش ناچار بە پیادەکردنی ئەو پەیمانە نابێت.

**پێنجەم:** تایبەتییەکی دیکەی دیدی (هۆبز) ئەوەیە، کە ناتوانێت جیاوازی لەنێوان دەوڵەت و حکومەتدا بکات. هەروەك پێشتر زانیمان دەوڵەت نەك حکومەت خاوەنی حوکمڕانیە. حکومەت تەنها خاوەنی ئەو پشکانەیە، کە دەستوری وڵات پێیداوەو گۆڕینیشی بە واتای مەرگی دەوڵەت نایەت. بەڵام (هۆبز) نەیتوانی ئەوە جیابکاتەوە، کە بوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەپێی پێویست واتای دەسەڵاتی رەهای کەسانی تایبەت نییە، کە پراکتیزەی دەکەن.

**شەشەم:** دەرککردنی (هۆبز) بۆمافی سروشتیش لێڵە. مافی سروشتی هەم رەمەکی ئاژەڵی لەخۆ دەگرێت و هەم دەرککردنی ئەخلاقیشەو (هۆبز) بەشێوەیەکی رێژەیی و پەیوەست بە بابەتەکەوە سوود لە هەردوکیان وەردەگرێت. بە ئاشکرا پێناسەی ئەو دەستەواژەیە ناکات و هەرکاتێك پێویست بکات، هەلپەرستانە زەمینەی لێکۆڵینەوەکەی دەگۆڕێت.

**حەوتەم:** (هۆبز) نەیتوانیوە تیۆری سەروەری سیاسی پێناسە بکات. تیۆری سەروەری یاسایی گەڵاڵە کرد، بەڵام دیاری نەکردووە کە لە پشت سەروەری یاسایی و لەسەروو ئەویشەوە ئەم راستیە شاراوەتەوە، کە یەك حوکمڕانی سیاسی یان ویستی خەڵك بوونی هەیە. پاشا بەگشتی لەویستی خەڵك جودا نییە. ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکی پێگەیەکی یاسایی پێبدەن، بەڵام بەخشینی ئەو پێگە یاساییە بە واتای مافی سەرکوتکردنی خەڵك نایەت. ئەگەر فەرمانڕەوا بۆ چاکەی گشتی حوکمڕانی نەکات خەڵك دەتوانن بیگۆڕن و گۆڕینی فەرمانڕەواش بە واتای داکشان بۆ دۆخە سروشتیەکەی (هۆبز) نییە.

**هەشتەم:** بە بەڵگە سەلمێنراوە، کە تیۆریەکەی (هۆبز) ئازادی تاک نادیدە دەگرێت و بەتەواوی دەیخاتە ژێر ویستی حوکمڕانەوە. خەڵك لەگەڵ بوونی ستەمگەریی پاشایەکی زۆرداریشدا مافی شۆڕشکردنیان نییە. لە ڕاستیدا تیۆرەکانی (هۆبز) دەرگاکانی دیکتاتۆری دەکاتەوەو بنەمای دەوڵەتێکی دەسەڵاتخواز دادەڕێژێت: (... بەبڕوای لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی دۆستایەتی (هۆبز) بە ئەندازەی دوژمنی (کرامۆل) مەترسیدارە(٣٧)).

**بەهای تیۆرەکەی (هۆبز):** وێڕای ئەوانەش، نابێت گرنگی (هۆبز) نادیدە بگیرێت. (لیڤایەسان)ی (هۆبز) یەکێکە لە گرنگترین و ڕەسەنترین نوسینەکانی زانستە سیاسیەکان. دروستی مێژوویی دۆخی سروشتی لای (هۆبز) گرنگی نەبووە، ئامانجی ئەو مێژوو نەبوو، بەڵکو شیکاریی بوو. تیۆرەکەی بەردەوام گەشەی کرد. دەتوانرێت بۆ ڕۆشنگەری لۆژیکی ئیستدلال سوود لەم تیۆرە ببینرێت و سەرەڕای بەراوردکردنی بە تیۆرەکانی دیکە شکۆدارترین تیۆرە، کە لەکاتی جەنگی ناوخۆیی ئینگلستان لەدەیەی (١٦٤٠)دا خرایەڕوو. (هۆبز) یەکەمین فەیلەسوفی سیاسی ئینگلیزیی بوو، کە بەهای سیستمی کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمەڵایەتی ناساند.

کتێبەکەشی یەکەمین بەیانی سەروەرییە لە مێژووی هزری سیاسی ئینگلستاندا. وێڕای ئەوە دەرئەنجامەکانی سەبارەت بە سەروەری یاسایی بە وردەکارییەکی مایەی ستایشکردنەوە خستەڕوو. دەسەڵات سەپێنەری پایەو بنچینەی یاسایە. پەیڕەوی لە یاسا دەکرێت، چونکە فەرمانی دەسەڵاتی حوکمڕانە. نوسینەکەی یەکەمین بەیانی شیاوی ڕێبازی سەروەریش بوو. هەروەها کۆتایی هێنا بە ڕەوتی پاشکۆیەتی کڵێسا بۆ دەسەڵاتی سیاسی، کە بە (مارسیلیۆ پادوا– Marsilio Padua) دەستپێکردبوو. یاسای لە ئەخلاق جیاکردەوەو لە یاساوە دیدێکی قەزایی گەڵاڵە کرد. (هۆبز) ئەو توانایەی پێبەخشین تا وەك پێویست پێکهاتەی حکومەتێکی بەهێز و هەروەها ئارام و ئاسایش بناسین. دواجار ڕەنگە (هۆبز) دیموکراسیخوازێك نەبووبێت، بەڵام تاکگەرابوو. لەگەڵ ئەوەی (لیڤایەسان)ەکەی تەواو بەهێزە، بەڵام هەرگیز ئەو واقیعەش فەرامۆش ناکات کە هۆکاری بونی (لیڤایەسان) لە پێناوی دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی و لە پێناوی مانەوەیدا بوونی هەیەو دەسەڵاتەکەی لە ڕەزامەندی حوکم بەسەرداکراوانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەبڕوای

(واپیێر– Way per): (هـۆبز، لیـبراڵ یـان دیموکراسـی نییـە، بـەڵام تاکگەرایـە، نـەك لەبەرئەوەی بڕوای بە پیرۆزی تاك هەیە، بەڵکو چونکە لە دیدی ئەوەوە جیهان هەمیـشە لـە تاك پێکهـاتوەو دەبێـت هـەرواش بێـت). توانـستی کـامڵی دەسـەڵاتخوازیی حوکمڕانیەکـەی (هـۆبز) تەواوکـەری پێویـستی تاکگەراییـە. بێگومـان دەوڵـەت (لیڤایەسـان)ە، بـەڵام هـیچ کەسـێك لـەپێناوی خۆیـدا ئـەو (لیڤایەسـان)ەی خۆشـناوێت. لەوانەیـە ئـەم روونکردنەوەیـە پێویست بێت، کە (هۆبز) وتویەتی تایتڵی کتێبەکەی لەبابی چلویەکەمی کتێبی (ئەیوب) لـە (تەورات)ەوە خواستووە. (لیڤایەسان) لە (تەوارات)دا ناوی (تیمساح)ێکی گەورەیە، کە:

**(لەسەر زەوی لە وێنەی نییە، کە بەبێ ترس ئەفرێنرابێت، بەسەر هەموو شتێکی بڵنـدا دەڕوانێـت و بەسـەر هـەموو ئاژەڵـە سەرکێـشەکاندا پاشـایە). هەنـدێك لـە ئاژەڵەکانی ژێردەستی (لیڤایەسان) بەهۆی لەخۆباییبوونەوە هەوڵدەدەن پۆستەکەی داگیر بکەن، بەڵام ژێردەکەون و (هۆبز) لەم شانۆگەریەوە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی لەخۆباییبوون و بەرزەفڕی پێچەوانەی واقیع بینیەو کەسی ئاقڵ و دووربین دەبێـت بۆپارێزگـاریکردن لـەخۆی پـەیڕەوی لـە دەوڵـەتێك بکـات. لـە رووی هەیبـەت و توانستەوە (لیڤایەسان) بێت و بزانێت هەوڵدان بۆ لە کارخستنی حکومـەتێکی لـەو بابەتە شێتیە[٣٨]).**

(هۆبز) سودمەندی (لیڤایەسان) روونـدەکاتەوەو دەڵێـت، کـە (لیڤایەسـان) ئامڕازێکـە بـۆ زامنکردنی ئارامی ژیانی تاك. چاکەو نیەتی باشەی تاك ئاڕاسـتەکاری دەسـەڵاتی دەوڵەتـە. (سابین) بە تەواوی بڕوای وایە (هۆبز) سودمەندگەرا و تاکگەرایە. درەوشانەوەی (هۆبز) لەو راستیەوەیە کە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی ـ ئامرازی لیبرالیزمـی بـەرایی ــ بـۆ بەشـێك لـە ستەمگەری بێسنورو رەهای سەردەمانێك بگەڕێنێتەوە، کە زەمینەی ستەمگەری بە خێرایی لەنێو دەچوو. وێڕای ئەوە (هۆبز) بنەمایەکی زانستی بە ستەمگەری و سکولاریزم بەخشی و لێدانێکی گورچکبڕانەی سرەواندە تیۆری ئاخیزگەی یەزدانیانەی دەوڵەت.

**٢– جۆن لۆك:**

(جۆن لۆك) (١٦٣٢–١٧٠٤) لە هـزری سیاسـی بـەریتانیادا سـیمایەکی بەرجەسـتەیە. لـە کۆتایی دەیەکانی (١٦٦٠) بووە بە سـکرتێری جێمتمانـەی (لـۆرد شـافت سـبرۆی– Lord

shaft esbruy)ی ئازادیخواز. کاری یاریدەدەری بـرەوی بـە ئەزمونەکانیـداو زیـاتر بـیری ئازادیخوازانەی گەشەپێدا. (جۆن لۆك) پشتیوانی لـە پاشـایەتی سـنوردار یـان مەرجـدار لـە بەریتانیاو مافی خەڵك بۆ لادانی پاشـا کـرد، ئەگـەر سـتەمکارانە رەفتـار بکـات. کتێبەکـەی بەناوی (دوو نامە دەربارەی حکومەت)، کە زۆر پێشتر نوسـرا بـوو، لـە (١٦٩٠) بـەبێ نـاوی نوسەر بڵاوبۆوە.

**دۆخی سروشتی:** دۆخی سروشتی لای (لۆك) لەوەی (هۆبز) جیاوازە. بـە گومـانی (لـۆك) مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا لە بارێکی هەمیشەیی جەنگ یان ترسدا نەژیاوە، بەڵکو مرۆڤـەکان یەکسان بوون و ئازادانە بیریان لەو شتە دەکردەوە کە لەگـەڵ یاسـای سروشـتدا هارمۆنیـەو کاریان پێکردووە. (لۆك) نووسیویەتی: (دۆخی سروشتی رێسایەکی هەیـە، کـە بـە هۆیـەوە حوکمڕانی دەکات، هەموو تاکەکان ئەرکدار دەکات و ئـەقڵ، کـە هـەمان یاسـای سروشـتیەو هەموو رۆڵەکانی مرۆڤ، کـە بـە هۆیـەوە هاوبەرژەوەندیانـە پێکـەوە دەژیـن، فێریـان دەکـات هەموویان یەکسان و سەربەخۆن و نابێت هیچ کەسێك زیان بە ژیان، تەندروستی، ئـازادی و سامانی کەسی دیکە بگەیەنێت[٣٩]).

ئەو دۆخە سروشتیەی لە دیدی (لـۆك) دایـە، دۆخێکـی پـێش کۆمـەڵبوون یـان بێیاسـایی نەبوو. دۆخێك نەبوو مرۆڤەکان تیایدا لەباری دوژمنایەتی بەرامبەردا ژیابن، بـەڵکو ئاشـتی و هۆشیاری تێدا بەرقەرار بوو. لە کۆمەڵگەدا یاسای سروشتی کـۆنترۆڵی رەفتـاری مرۆڤـەکانی کردووە. یاسای سروشـتی نـەك تـەنها مافـەکانی مـرۆڤ، بـەڵکو ئەرکەکانیـشی دیاریـدەکرد. زۆربـەی خـەڵك پـەیڕەوی یاسـای سروشـتییان دەکـردو بـەپێی ئـەو یاسـایانە ئەرکـەکانیان هەڵدەسوڕاند. بەبڕوای (لۆك) ئەو جـۆرە دۆخـە سروشـتیە (دۆخێکـی ئاشـتی، خێرخـوازی، هاوکاری و چاودێریکردنی یەکدی بووە) نەك (دۆخێکی دوژمنایەتی، کینەو تۆڵە، توندوتیـژو وێرانکاری بەرامبەر). لە دۆخە سروشتیەکەی (لۆك)دا مرۆڤ خـاوەنی مـافی سروشـتی ژیـان، ئازادی و خاوەندارێتی بوەو هەموو کەس لەگەڵ بەهادانانی بۆ مافی تایبەتی خۆی رێزی بـۆ ژیان، ئازادی و خاوەندارێتی کەسانی دیش هـەبوەو بـە ئـەرکێکی دانـاوە کـە یاسـای ئـەقڵ دیـاریکردووە. بەمپێیـە لـە دۆخـە سروشـتیەکەی (لـۆك)دا مـافـو ئەرکـەکان بەشـێوەیەکی دیاریکراو هەبوەو خاوەنی خەسڵەتی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا لەدیدی (لۆک)ەوە لە دۆخی سروشتیدا جۆرێك ناهارمۆنی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگی هەمووان دژ بە هەموان نەبوو، بەڵام دۆخێکیش بوو ئاشتی تێدانەبووە. هەرچەندە مافەکان دیاریکراو بوون، بەڵام داوەری کۆتایی و بێلایەنی بوونی نەبوو تا پشتیوانی لە بەهرەمەندبونی تاك لە مافەکانی بکات. (گەندەڵی و خراپەکاری گەندەپیاوەکان) بەردەوام دۆخی سروشتیان پەرێشان دەکرد. لەبەرئەوە هەلومەرجێك لە ئارادا بوو، کە تیایدا سەرەڕای ئازادی (ژیانی مرۆڤ هێشتا پڕ لە ترس و مەترسی بەردەوام بوو). ئەو دۆخە هۆکاربووە تا زۆربەی خواستەکان - پێداویستییەکانی مافی مرۆڤ، (دادوەری ناسراو و بەئاگا و بێلایەن) و (دەسەڵاتێکی راپەڕاندن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت)– دەستەبەر بکرێت. بەمپێیە بەبڕوای (لۆك) ئاستەنگە گەورەکانی دۆخی سروشتی بریتیبوون لە: ١. یاساکان بە روونی پێناسە نەکرابوون. ٢. هیچ دەسەڵاتدارییەکی گشتی، کە مافە سروشتیەکان پراکتیزە بکات، بوونی نەبوو. ٣. هیچ دادوەرێکی ناسراو و پەسەندکراوی گشتی نەبوو تا کێشەو پرسەکان چارەسەر بکات. ئەگەر بڕیار بوو بێت مرۆڤەکان دۆستانە پێکەوە هەڵبکەن، پێویستبوو دادوەرێکی پەسەندکراو هەبێت، کە بەپێی یاسای دانراو دادوەری بکات و توانای پیادەکردنی بڕیارەکانی خۆشی هەبێت. لە دۆخی سروشتیدا دەسەڵاتدارییەکی لەو بابەتە بوونی نەبوەو مرۆڤەکان لە (دۆخێکی ناتەندروستدا) دەژیان.

**جەوهەری پەیمانی کۆمەڵایەتی:** مرۆڤەکانی نێو دۆخی سروشتی بۆ رزگاربوون لەو (دۆخە ناتەندروستە) رازیبوون کۆمەڵگایەکی مەدەنی بۆ پارێزگاریکردن لە ژیان، ئازادی و سامانی خۆیان، کە (لۆك) بە مافی خاوەندارێتی ناوی دەبات، دروست بکەن. ئەم پەیمانە هەمووان لەگەڵ هەمووان بوو، بێئەوەی کەسی تێدا ئاوارتە بێت و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە خەڵکی لەنێو خۆیاندا بڕیاریان لێدبوو. لەژێر هەلومەرجی ئەو بڕیارەدا تاك رازی بوو بۆ سوودی دەسەڵاتدار دەست لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆی هەڵگرێت، کە لەوەودوا بەپێی ئەو رێسایانەی هەموو کۆمەڵگە دایدەڕشت، یان لەلایەن کەسانێکەوە کۆمەڵگە ئەو پشکەی پێدابوون ئەو دەسەڵاتەی خۆی پیادە دەکرد. بەمپێیە مرۆڤەکان هیچ کام لە مافە سروشتیەکانی خۆیان، کە لەدۆخی سروشتیدا هەیانبوو، نەبەخشیوەو تەنها لایەنێکی

مافەکانیان سپارد. واتە مافی راڤەکردن و راپەراندنی یاسای سروشتی یان دیاریکردنی سنوری مافی سروشتی. ئەم مافە تایبەتە بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە مافەکانیان بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر سپێردرا. (لۆك) لە رووی ئەم تیۆرە کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ (هۆبز)دا جیاوازی بنچینەیی هەیە: یەکەم، پەیمانە کۆمەڵایەتیەکەی (هۆبز) گشتی و کۆگیربوو، لە بارێکدا کە پەیمانی کۆمەڵایەتی (لۆك) تایبەت و سنووردارە. دووەم، لە دیدی (هۆبز)ەوە تاك بەبێ هیچ مەرج و سنوردارییەك هەموو مافەکانی خۆی سپارد، لە کاتێکدا لە دیدی (لۆك)دا مرۆڤەکان تەنها مافی راڤەکردن و پیادەکردنی یاسای سروشتیان سپاردووە. سێیەم، لە بۆچونی (لۆك)دا ئەم مافە بە هەموو کۆمەڵگە دراوە نەك بەیەك کەس یان گروپێك لەکەسەکان وەك (هۆبز) وتویەتی. چوارەم، پەیمانی کۆمەڵایەتی لای (لۆك) کۆتایی کاری یاسای سروشتی یان مافی سروشتی نییە. مرۆڤ لای (لۆك) لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەروەك رابردوو پەیرەوی یاسای گشتی دەکات، بەڵام پەیمانی کۆمەڵایەتی لای (هۆبز) حوکمڕانی دەسەڵاتدار لە جێگای یاسای سروشتی دادەنێت.

(لۆك) ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەی ئاماژەی بۆکرا، بە رێکەوتنێکی دیکە کامڵ دەکات، کە دەتوانرێت بە بڕیاری حکومەت ناوزەد بکرێت. بەپێی ئەو بڕیارە ئەو خەڵکەی لە پێشتردا وەك کۆمەڵگەیەکی سیاسی دەرکەوتوون، بڕیار دەدەن لە پێناوی بە ئەنجامگەیاندنی ئەو بڕیارە رەسەن و بەراییەدا حکومەت پێکبێنن. (لۆك) بە روونی باسی لەم دووەم بەشەی پەیمانەکە نەکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی شاراوە لە هزریدا هەیە. دەکرێت ماهییەتی ئەو تەوافوقە لەو لایەی هزری (لۆك)وە تێبگەین کە هەڵبژاردنی داڕشتنی یاسا بەپێی رەزامەندی خەڵك باڵاترین ئیختیاری کۆمەڵگەی بەرژەوەند هاوبەشە، بەڵام ناکرێت رەها بێت. دەبێت ئەم هەڵبژاردنە بەخێرو چاکەی پەیرەوان پراکتیك بکرێت. بەگوتەی (لۆك) :

**(هەر کەسێك پشکی داڕشتنی یاسا یان دەسەڵاتێکی باڵاتری کۆمەڵگەی سیاسی هەیە ناچارە بەپێی ئەو یاسا جێگیرو دانراوانەی بۆ خەڵك راگەیەنراوە حوکمڕانی بکات، نەك بەپێی حوکمە دروستکراوەکانی خۆی و دادوەرانی دادپەروەرو بێلایەن بەپێی یاساکانی تایبەت بە کێشەکان بڕیار بدەن. لە ناوخۆی وڵاتدا هێزەکان تەنها پیادەی ئەو یاسایانە دەکەن. لە دەرەوەش بۆ رێگریکردن یان قەربووکردنەوەی**

**زیانە دەرەکیەکان و دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە لە هەر هێرش و کارێکی تێکدەرانە بەکاربرێت. هەموو ئەوانە دەبێت لە پێناوی ئاشتی و ئارامی و چاکەی گشتی خەڵکدا بێت.)**

بەبڕوای (لۆك) حکومەت لە سروشتدا تاکە بەهادارەو تەنها ئەو پشکانەی هەیە، کە هەر لەسەردەمی دامەزراندا پێیدراوە. یاسای سروشتی تاکە ڕێسایە بۆ مرۆڤەکان و دەسەڵاتی یاسادانان و دامەزراوەکانی دیکەش. ئەو یاسایانەی حکومەت دایدەڕێژێت دەبێت لەگەڵ یاسا سروشتیەکان هەماهەنگ بێت. وێڕای ئەوەش ئەو دادوەرانە دەبێت بەپێی یاسا داڕێژراوەکان دادپەروەری دەستەبەر بکەن. ناکرێت کەس بەبێ ڕەزامەندی خۆی لەخاوەندارێتی دابماڵرێت. ناتوانرێت بەبێ ڕەزامەندی خەڵك یان نوێنەرانی هیچ باجێك بەسەریدا بسەپێنرێت، مەگەر لە هەلومەرجی زۆر ئاوارتەدا نەبێت. لە روانگەی (لۆك)ەوە دەسەڵاتی باڵا تاهەتایە لە پشکی کۆمەڵدایە بۆئەوەی ئەگەر هەرکاتێك تاکەکان یان تەنانەت یاسادانەران نیەتێکیان بەرامبەر ئازادی و خاوەندارێتیەکان هەبێت، بتوانن خۆیان لەبەرامبەر ئەو هەوڵ و نییەتانە بپارێزن. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە حوکمڕانەکەی (لۆك)، کە تاکە سەرپەرشتیارە، تەنها دەتوانێت بانگەشەی دەسەڵاتدارییەکی سنوردار بکات و ئەگەر مەرجەکانی سەرپەرشتیاریی پێشێل بکات، دەبێت بەشێوەیەکی یاسایی کەنارەگیر بکرێت. دوا حوکمڕانێتی لەو کۆمەڵبونەوەیەو ئەگەر حکومەت مەرجەکانی ئەو سەرپەرشتیاریەی لە ئەستۆیدایە، بەلاوە بنێت، خەڵکی مافی تەواویان هەیە بیگۆڕن.

دەکرێت لە تیۆرەکەی (لۆك)ەوە ئەم بابەتانە بەدەست بێت:

١. دۆخە سروشتیەکەی (لۆك) هەلومەرجێکی پێش بە سیاسیبوون بوو تا ئەوەی پێش کۆمەڵبوون بێت. دۆخێك بوو مرۆڤ لە مافی سروشتی ژیان، ئازادی و خاوەندارێتی بەهرەمەند بوو. هەلومەرجێك بوو مرۆڤ لە یاسای ئەقڵ و لۆژیك و ئەرکەکانی خۆی بە ئاگا بوو، کە سەرچاوەکەی هەمان ئەقڵ و لۆژیك بوو.

٢. مافە سروشتیەکان بەوردی پێناسە نەکرابوون. لە پراکتیزەکردنی ئەم مافە سروشتییە ئەقڵانیانەدا پیادەکارێکی پیناسەکراویش لەئارادا نەبوو. دەسەڵاتی گشتیش، کە بەپێی یاسا سروشتیەکان چارەسەری کێشەکان بکات، نەهاتبووە ئاراوە.

٣. پەیمانە ناسراوەکەی (لۆك)یش دوو قۆناغی هەبوو: قۆناغی کۆمەڵایەتی و قۆناغی سیاسی. بەهۆی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤەکان دەستیان لە دۆخی سروشتی بەرداو کۆمەڵگەی سیاسییان پێکهێنا. بەهۆی بڕیاری سیاسییەوە گروپ نەك تاك ئۆرگانەکانی حکومەتەکەیان پێکهێنا.

٤. پەیمانی کۆمەڵایەتی بە ڕێکەوتنی هەموان و بەهاوڕابوون ئەنجامدرا. لەوەبەدوا ڕێکەوتن لەسەر بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ بێت.

٥. خەڵکی دەستیان لە هەموو مافە سروشتیەکانی خۆیان هەڵنەگرت، بەڵکو تەنها مافی ڕاڤەو پیادەکردنی یاسای سروشتییان بەخشی، کە ئەویش بە پێی تێڕوانینەکانی خودی تاك.

٦. حکومەت سەرپەرشتیارێکەو ئەگەر نەتوانێت مافەکانی خەڵکی بپارێزێت و پاسەوانی بکات و کار بۆ (چاکە و باشەی گشتی) بکات، خەڵك ئەو مافەیان هەیە لەسەرکار لایبدەن و حکومەتێکی نوێ دروست بکەن.

٧. دەسەڵاتی حوکمڕان پابەندی ئامانجێکە، کە لە پێناویدا هاتۆتەئاراوە. لەمڕووەوە (لۆك) فۆرمی سنوردارو مەرجداری حکومەت بە پێویست دادەنێت.

٨. حکومەت لە پێناوی پیادەکردنی ویستی کۆمەڵدا کارگوزاری دەوڵەتە و سێ کۆڵەکەی هەیە: یاسادان، ڕاپەڕاندن و فیدراسیۆن. کۆڵەکەی یاسادانانی حکومەت ئیرادەی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات. کۆڵەکەی ڕاپەڕاندنی حکومەت (کە دەسەڵاتی دادیش لەخۆدەگرێت) ویستی کۆمەڵگە پراکتیزە دەکات، کە پایەی یاسادانانی بەرجەستەکردووە. لایەنی فیدراسیۆنیش پەیمان دەبەستێت و پەیوەندییە دەرەکیەکانی حکومەت بەڕێوە دەبات. بەمجۆرە (لۆك) جیاکاری لەنێو دەوڵەت و حکومەتدا دەکات. ئەرکەکانی حکومەت ئەژمار دەکات و لە ڕووی پراکتیکەوە پشکداریی جۆراوجۆری حکومەت بەدەست کەسانی جیاوزەوە دەدات.

٩. حکومەت لە پێناوی ئەو کەسانەی پێکیانهێناوە بوونی هەیە. ئامانجی حکومەت چاکەی کۆمەڵگەیەو نابێت تەنها سیستم پێکبێنێت، بەڵکو پێویستە سەرەڕای ئەوەش لەپێناوی خۆشگوزەرانی خەڵکدا حوکمڕانی بکات.

١٠. حكومەت پشت بە رەزامەندی خەڵك دەبەستێت و دەبێت هەموو حكومەتەكانیش لە پراكتیدا بەوجۆرەبن. دەبێت حكومەت مەرجدارو سنور بۆكێشراو بێت و مرۆڤەكانیش تیایدا حكومڕانی یاسا پەسەند دەكەن.

١١. ئەگەر حكومەت لە خزمەت چاكەی خەڵكدا نەبێت، ئەگەر خاوەنی رەزامەندیان نەبێت، ئەگەر مەرجدار نەبێت و ئەگەر دەسەڵاتەكانی خۆی تێپەڕێنێت یان ئەگەر سەرپێچی لە ئامانجەكانی بكات، دەتوانرێت بەشێوەیەكی رەوا لەكار بخرێت.

**رەخنە لە تیۆرەكەی (لۆك).** مشتومڕی جۆربەجۆر سەبارەت بە تیۆری پەیمانی كۆمەڵایەتی (لۆك) ئەنجامدراوە. یەكەم، بەگوتەی (سابین): (گەورەترین لاوازی تیۆرەكەی (لۆك) لە هەموو لقەكاندا ئەوە بوو هەرگیز باسی لە روونكردنەوەی پرنسیپە بەراییەكان نەكردووە. لەوانەیە ئەقڵە تەندروستەكەی لە گەمەی زمانە دیالێكتیەكان دووری خستبێتەوە، بەڵام دواجار راڤەیەكی نەشیاوی كردوەو گریمانەی وای پێكهێناوە، كە شرۆڤە و راڤەكردنیان ئەوەی دەرخستووە نەگونجاون[٤٠]). وێڕای سادەیی رواڵەتی فەلسەفەكەی لە راستیدا پێكهاتەیەكە لە پرەنسیپی نەگونجاو. (لۆك) هەرگیز ئەو پرەنسیپانەی بەشێوەیەكی سەرەكی میراتگریان بوو بەجۆرێكی ورد هەڵسەنگاندنی بۆ نەكرد. بەرامبەر واقعەكان زۆر هەستیار بوەو لە هەوڵوتەقەلۆكانیدا بۆ رووبەروو بونەوەیان بەرەهایی راشكاو بووە. (سابین) وتویەتی: (فەلسەفەی سیاسی لۆك هەوڵێك بوو بۆ ئاوێتەكردنی رابردوو لەگەڵ ئێستاو هەروەها بەدەستهێنانی كرۆكێكی هەڵكردن بۆ مرۆڤە ئاقڵەكان، بەڵام هەموو ئەو شتانەی ئاوێتەی كردون، وەك هاو ستراكچەرێك نەیخستەروو[٤١]).

دووەم، تیۆری سەروەری (لۆك) تێكەڵوپێكەڵە. لە راستیدا (لۆك) جیاوازی نێوان كۆمەڵگەی وەك كەڵەكەبونێكی كۆمەڵایەتی و وەك ئەنجومەنێكی سیاسی بە روونی دیارینەكردوە. لە بیری كردەوە، كە سەروەری لە چەمكی یاساییدا پەیوەستە بە ئەنجومەنی سیاسی یان دەوڵەتەوە نەك بە كۆمەڵگەوە. دەكرێت لە ئاست بەراوردكردن لەنێوان (هۆبز) و (لۆك)دا بوترێت، كە (هۆبز) بەبێ ناساندنی بوون و دەسەڵاتی سەروەری سیاسی تیۆری سەروەری یاسایی خستەڕوو، (لۆك) پێناسەی هێزی سەروەری سیاسی كرد،

بەڵام پێناسەیەکی گونجاوی سەروەری سیاسی بەدەستەوە نەدا. وێڕای ئەوەش (لۆك) دیدێکی روونی بۆ ماهیەت و پێگەی سەروەری نەبوو. هەندێکجار باسی دەسەڵاتی باڵای خەڵك یان کۆمەڵگەی کردوەو هەندێکجاریش بە زەبری دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتی باڵای داناوە. هەندێجاری دیکەش ویستویەتی بڵێت، کە دەسەڵاتی راپەڕاندن لە ئەستۆی یەك کەس رۆنراوە، کە لە دەسەڵاتی یاسادانانداا بەشداره. لەو بارەدا ئەو کەسە بەپێی چەمکی پەسەندکراو دەکرێت بە دەسەڵاتی باڵا ناو ببرێت.

سێیەم، (لۆك) رەزامەندی خەڵکی گەڵاڵە کرد. هەموو حکومەتێك دەتوانێت بەشێوەیەکی رەوا بانگەشە بکات کە رەزامەندی خەڵکی لەپشتە. بەڵام هیچ کام لە حکومەتە پاشایەتی و دیکتاتۆریەکان لەسەر رەزامەندی حوکم بەسەردا کراوەکان راگیر نین. سەبارەت بەو شتەی دەبێتە دەرئەنجامی (پەیمانی بەرایی)، دیدێکی روونی نییە. ئایا کۆمەڵگەی مەدەنییە یان تەنها حکومەتە؟ پێدەچێت دوو (پەیمانی)ی لەبەرچاو گرتبێت، هەرچەندە هەرگیز هیچ ئاماژەیەکی بۆنەکردووە. ئەم جۆرە پەیمانە دوالیزمە هیچ شتێك روون ناکاتەوەو دروست بەکارخستنی ئەم چەمکە جێگای گومانە. لەوانەیە بەوجۆرەش بووبێت، کە (لۆك) دامەزراوەی حکومەتی بە رووداوێکی ناچیزی پەیمانی بەرایی زانیبێت، کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێنێت.

تیۆرەکەی (لۆك) زیاتر تیۆرێکی شۆرشگێڕانەیە تا تیۆری حکومەت، چونکە مۆڵەت بە خەڵك دەدات هێرش بکەنە سەرحکومڕان. هەروەها ئەوەشی دەستنیشان نەکردووە، کە چەندە شۆڕش پێویست بێت هەرگیز ناتوانێت یاسایی بێت.

چوارەم، (لۆك) تاك لەبەرامبەر دەوڵەت دادەنێت. لە دیدی ئەوەوە دەوڵەت کەڵەکەبونێکی تەواوی تاکەکانە، کە لە پێناوی ئامانجی تایبەتیدا گردبوونەتەوە، بەڵام ئازادییە بەراییەکانی خۆیان پاراستووە. لەمڕووەوە دەوڵەت بە بەرپرسیارێتیەکی سنوردارەوە تا رادەی کۆمپانیایەك نزم دەبێتەوە.

پێنجەم، داکۆکی لە ئازادی دەکات، بەڵام لە هاوشانکردنی لەگەڵ یەکسانیدا و لەناساندنی پەیوەندی نێوان ئەو دووانەدا ناکام دەبێت.

**بـەهای لـۆك.** لەگـەڵ هـەموو ئـەو رەخنانـەی لـە (لـۆك) گـیراوە، ناكرێـت بەشـداری و گرنگییەكەی لە هزری سیاسییدا نادیدە بگیرێت و لە راستیدا نوێنەری پێشكەوتنی گەورەیە لە هزری سیاسیدا. بە پێداگرتنی لەسەر ئەوەی دەبێت دەسەڵاتی حكومەت لەسەر بنـەمای رەزامەندی خەڵك بێت، كۆمەڵگە سەرچاوەی رەوای دەسەڵاتی سیاسییە، پـشكەكانی پاشا سنورداره، ئامانجی باڵای حكومەت كۆمەككردنە بەخەڵك نەك وێرانكردنـی ژیانیـان و ئەگـەر حكومـەت دەسـەڵاتی خـۆی تێپەڕانـد یـان چـاكەی گـشتی نادیـدە گـرت، دەبێـت بـەرگری بەرامبەر بنوێنرێت، پایەی دەوڵەتی لیبراڵ و مەرجداری دارشـت. تیۆرەكـانی لـە دامـەزراوە سیاسیەكانی ئەمەریكاو فەرەنسادا گەیشتنە تروٚپك. داكۆكیكردنی لە خاوەنداریێتی و ئازادی دەسـتكەوت و سـودوەرگرتن لـە خاوەنـداریێتی كاریگـەری زۆری لەسـەر ئـەو وڵاتانـە دانـا. بەوتەی (سابین) سوربوونی (لـۆك)، بیروبـاوەڕە ئەخلاقیـە تونـدوتۆڵ و قوڵـەكانی، بـاوەڕی پتـەوی بـە ئـازادی و مـافی مـرۆڤ و ئـەركی سروشـتیانەی مـرۆڤ هاوشـان لەگـەڵ میـانڕەوی ونەرمونیانی و هەستی چاكە (لۆك)ی كردە وتەبێژی هزرمەندی شۆرشـی چـینی ناوەنـد[٤٢]. كرۆكی رۆحـی فەلـسەفەی سیاسـی (لـۆك) بـوو بـە میراتێـك بـۆ فەلـسەفەی (سـودگەرایی– Utilit arianism)، كە سەبارەت بە پێداویستی ریفۆرمی بنچینەیی، بەڵام بەتەگبیرانە، بڕوابوون بـە لیبرالیـزم، ناسـاندنی مافـەكانی تـاك و بڕواهێنـان بـەوەی حكومـەت لـەپێناوی چاكەی خەڵكدا دروستبووە درێژپێدەری رۆحی فەلسەفەكەی (لۆك)ە.

### ٣. ژان ژاك رۆسۆ:

(رۆسـۆ) (١٧١٢–١٧٧٨)ی فەیلەسـوفی بەرجەسـتەی سـەدەی هـەژدەی (فەرەنـسا) تیۆرەكەی خۆی (پەیمانی كۆمەڵایەتی) لە كتێبەكەیدا بەناوی (پەیمانی كۆمەڵایەتی) گەڵاڵـە كرد، كە لە ساڵی(١٧٦٢) بڵاوی كردەوە. بە پێچەوانەی (هۆبز) و (لۆك)وە هـیچ ئامـانجێكی دەمودەستانەی لـە نوسـینەكەی نـەبوو. بـە گوتـەی (مـۆرلی– Morley)، (رۆسـۆ) تـەنها لەبەرئەوە قسەی لەسەر دۆخی سروشتی و پەیمانی كۆمەڵایەتی كرد، چونكە كەسانی دیكـە (لەوبارەیەوە بیریان كردۆتەوە و قسەیان كردوە) و لەگەڵ ئەوەشدا گومانی هەبوو پـەیمانی كۆمەڵایەتی لە واقیعدا پراكتیزە كرابێـت. لەراسـتیدا ئـارەزووی لـەوە بـوو بڵێـت، كـە چـۆن

دەتوانرێت دوڵەت لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان پێکبهێنرێتەوەو چۆن سیستمی رەوای حکومەتو بەڕێوەبەرێتی دەتوانرێت فەراهەم بکرێت. (رۆسۆ) نوسیوێتی: (مرۆڤ بە ئازادی لە دایك بووە، بەڵام لە گشت شوێنێك کۆیلەیە: زۆرن ئەو کەسانەی خۆیان بەخودانی کەسانی دیکە دادەنێن، بەڵام لەوان زیاتر کۆیلەن. ئەم گۆڕانکارییە چۆن رەوایداوە؟ نازانم. چشتێك دەتوانێت رەوایی بەو کارە بدات؟ بەگومانم بتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە[٤٣]). لەمڕووەوە تیۆرەکەی هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان و ئاشکراکردنی دەسەڵاتی ئەو جۆرە دەوڵەتە. بیرۆکەکانی (رۆسۆ) کۆمەڵگەی سڤیلی (فەڕنسا)ی لە (١٧٨٩)دا لەرزاند. (رۆسۆ) لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دژ بەسونەتی فەلسەفی و پشت بەستوو بە ئەقڵ و ئەزموون خرۆشابوو.

**سروشتی مرۆڤایەتی:** بە بڕوای (رۆسۆ) دوو رەمەکی بنچینەیی هەیە کە سروشتی مرۆڤ پێکدێنن. ئەو رەمەکانە بریتین لە خۆپەرستی یان رەمەکی خۆپاراستن و هاودەردی یان غەریزەی گروپ دۆستی. بە گشتی ئەم رەمەکانە زیاتر بۆسوودی کۆمەڵگەیە تا بۆ زیان پێگەیاندنی. بەپێی ئەمە وا دەردەکەوێت مرۆڤ لە بنەچە و بنچینەدا چاك و هاوبیرە، هەروەها خاوەنی شتێکیشە دەکرێت بە (ویژدان) ناو ببرێت، کە ئەو توانایەی پێدەبەخشێت لە هەڵسەنگاندنی دروستی کارە چاکەکاندا داوەری بکات. لە روانگەی (رۆسۆ)وە لە بارێکدا، کە رەمەکە بەراییەکان مرۆڤ یەکگرتوو دەکات ( ئەقڵ لە یەکیان جیا دەکاتەوە). لەمڕووەوە ویژدان و ئەقڵ، کە لە مرۆڤدان، لە کارکردنیاندا پێکەوە، ئەگەری ئەوە هەیە مەیلەکانی مرۆڤ سنوردار بکەن.

**دۆخی سروشتی:** (رۆسۆ) لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دۆخی سروشتی روون نەکردۆتەوە. دەبێت لە وتارێکیدا بەناوی (سەرچاوەی نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکان چییە؟) دیدەکانی سەبارەت بەو بابەتە بدۆزرێتەوە، کە لە (١٧٧٥)دا نوسیوێتی. بە گشتی دیدەکانی سەبارەت بە دۆخی سروشتی زۆر روون و پایەدار نین. لە تێڕوانینی مرۆڤەوە وا دیارە دۆخی سروشتی بەسەر کۆمەڵگای سڤیلدا باڵادەست بووە. مرۆڤی بەرایی لە دۆخێکی

بەختیاردا دەژیا. (دڕندەیەکی نەجیبزادە)بوو، کە بە کۆتەکانی دەسەڵاتی یاسایی زنجیر نەکرا بوو، بەبێ کۆتکردنی بە یاسا دەستکردەکان ئازادانە دەژیا. هەموو کەس دەیتوانی بەدوای بەختیاری خۆیدا بگەڕێت و دەستەبەری بکات. دۆخی سروشتی تەواو لە جێگای خۆیدا بوو. مرۆڤ دروست و نادروستی نەدەناسی و هیچ وێناکردنێکی بۆ چاکە و خراپە نەبوو. خاوەنی ئازادی و یەکسانیەکی تەواو بوو، ژیانێکی سادە و پڕ ئارامی هەبوو. مرۆڤ لەژیانی هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشتدا بەهێزو تەندروست بوو. بەپێی رەمەکی سروشتی دەژیاو ئالودەی کاری نائەخلاقی نەبوو. هەوڵیدەدا تەنها ئەو شتە بە دەستبێنێت کە پێداویستی دەمودەستی بوو. موڵكو دارایی کەڵەکە نەدەکردو لە چنگ کاریگەری گەندەڵبوونی بازرگانی و پشەسازی رەها بوو. بە کورتی مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیدا ئازد، تەندروست، بە شانازی و شادمانیەوە دەژیان.

بەڵام ئەم دۆخە بەراییە بەختەوەرئامێزە درێژەی نەکێشا. هەلومەرجێك بۆ مرۆڤی دۆخی سروشتی هاتەپێش، کە پارێزگاریکردن لە ئازادی و یەکسانی سەرەتایی، بوو بە کارێکی سەخت و دژوار. گەشەکردنی دانیشتوان، باری ئابووری و پێشهاتەکانی شڵەژانی لە دۆخی سروشتیدا هێنابووە ئاراوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی بنەماکانی خاوەنداریێتی تایبەتی ژیانی سەرەتایی سادەو بەختەوەرئامێز لەنێوچوو. مرۆڤ بیرکردنەوەی لەسەر بنچینەی (موڵکی من) و (موڵکی تۆ) دەسپێکرد. ئەقڵ سوودی تایبەتی بەهێز کرد. سروشتی مرۆڤ، کە پێشتر سادەبوو، ئیدی ئاڵۆز دەبوو. مرۆڤی نەجیبزادەی دۆخی سروشتی بۆ خۆپەرست و لەخۆبایی گۆڕا. ئازادی سروشتی لەنێو چوو. نادادپەروەریو نایەکسانی برەوی سەند. هەژاران کۆت و زنجیری نوێ و دەوڵەمەندان توانست و دەسەڵاتی نوێیان بەدەستهێنا.

ئەمەی لەخوارەوە دێت، دەرئەنجامی تیۆری دۆخی سروشتی (رۆسۆ)یە:

١- دۆخی سروشتی لە بنچینەدا دۆخی ئاشتی و بەختەوەری بوو.

٢- دوو فاکتەری - گەشەکردنی دانیشتوان و بنەمای خاوەنداریێتی- لە دۆخی سروشتیدا بەختەوەری مرۆڤەکانی لەناوبرد.

٣- پاشئەوەی ئەم دوو فاکتەرە بەختەوەری دۆخی سروشتیان لەنێوبرد، مرۆڤ لەواقیعدا بۆ دۆخی سروشتی (هۆبز) داکشا.

**پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆ:** بە گومانی (رۆسۆ) کاتێك بەختەوەری دۆخی سروشتی لەناوچوو، مرۆڤ بۆ درندەیەکی فێڵباز گۆڕا. پێداویستی خۆپاراستن مرۆڤی ناچارکرد لە دەوری یەك گردببنەوە، بە گەیشتن بە پەیمانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکیان پێکهێنا (کە بە هەموو وزەو توانایەکی کۆمەڵایەتیەوە بەرگری لەتاك و خاوەنداریێتی و هەموو کۆمەڵ بکاتو بیپارێزێت) و لەو رێگایەوە هەموو تاکێك بە هاوەڵی هەموان تەنها پەیڕەوی لە خۆی بکات تا وەك رابردوو بە ئازادی بمێنێتەوە[٤٤]).

ئەم پەیمانە، کە هەم کۆمەڵایەتی و هەم سیاسییە، تاکەکانی کۆمەڵگایان لە بارێك هاویشت، کە هەموو تاکێك (خۆی و هەموو پشکەکانی لە فۆرمێکی هاوبەشدا دەخاتە ژێر رابەرایەتی گشتی و لە توانستی هاوکاریدا هەر تاکێك دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی گشت[٤٥]). تاك خۆی لەژێر سایەی گشت نەك کەسێکی دیاریکراو دەهاوێت. سەروەری خراوەتە ئەستۆی کۆمەڵگە، کە تاك ئەندامێکی دانەبڕاوێتی. (رۆسۆ) نووسیویەتی: (لەبەرئەوەی هەر کەسێك مافی خۆی بە هەموان دەبەخشێت لە پراکتیکدا هیچ نادرێت. لە راستیدا لە هەموو کۆمەڵێکدا هەمان ئەو مافەی هەیە کە خۆی دەسبەرداری بووە. بەمپێیە مرۆڤ نەك هەر بەرامبەر بەوەی دەسبەرداری بووە بە دەستیهێناوەتەوە، بەڵکو دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ پاراستنی ئەوەی پێکەوەیناوە، بەدەستدێنێت). بەمپێیە بە بڕوای (رۆسۆ) تاك بەدەسبەردانی لە هەموو پشکەکانی دوچاری هیچ زیانێك نابێت. هەموو تاکێك بە سفەتی ئەندامی کۆمەڵگەی سیاسی بەشێکی یەکسان و دانەبڕاوی سەروەری گشتیەو وەك رابردوو بە ئازادی دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی دەوڵەت لە تاکی هاوماف پێکهاتووە، هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەر کەسەکانی دیکەدا ناشکێت. لە پێکهێنانی ویستی گشتیدا، کە تاکە سەرچاوەی دەسەڵاتێکی رەوایە، هەموان هاوبەشی دەکەن.

بەمجۆرە بە پێچەوانەی تیۆرەکەی (لۆك)ەوە، لە دیدی (رۆسۆ)وە تەنها یەك پەیمانی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە بووە بە فاکتەری دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە تاك تیایدا لەگەڵ هەموان رێکەوتوەو هەموانیش لەگەڵ هەریەك

لەتاکەکان. لەپێناوی چاکەی گشتی و هەروەها لەپێناوی چاکەی هەر تاکێکدا ئەم بڕیارە دراوە.

**ویستی گشتی:** تێگەی ویستی گشتی مەتەڵی سیستەمی سیاسی (ڕۆسۆ) و بەشداریکردنی بەرچاوێتی لە هزری سیاسیدا. لەگەڵ ئەوەشدا بە وردی ئەم تێگەیەی پێناسە نەکردوەو لەقسەکردن لەسەریان تا رادەیەك لێڵی تێدایە. دەستەواژەی (ویستی گشتی) دوو بیرۆکە لەخۆدەگرێت: ژمارەی دەنگدەران و ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەی هەیانە. (ڕۆسۆ) وتویەتی: (ویست پێویستە لە هەموانەوە بێت و بۆهەموان بەگەڕبخرێت[٤٦]). ئەو شتەی ویست گشتی دەکات (زیاتر بەرژەوەندی دەنگدەرانە تا ژمارەیان). بەمپێیە ویستی گشتی ویستی هەموو هاوڵاتیانە. ئەوەش لە کاتێکدا کە بیر لە بەرژەوەندی خۆیان ناکەنەوە، بەڵکو لە بیری چاکەی گشتیدان. ویستی گشتی ویستی هەموانە بۆ چاکەی هەموان یان بەجۆرێکی سادە هۆشیاریی گشتییە بۆ چاکەی گشتی.

بۆ تێگەیشتن لە تێگەی (ویستی گشتی) پێویستە لە (ویستی زۆرینە) و (ویستی کۆ) جیابکرێتەوە. ویستی زۆرینە بەپێی پێویست ویستی گشتی نییە، چونکە بەرکارخستنی زۆرینە بە ژمارە ویست ناکات بەگشتی، مەگەر بۆ چاکەی گشتی بێت. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە ویستی هەموانیش ویستی گشتی نەبێت. زۆرجار جیاوازی زۆر لە نێوان ویستی گشتی و ویستی هەمواندا هەیە. کۆی ویستی تاکەکان ناتوانێت ویستی گشتی پێکبێنێت، چونکە ویستی تاکەکان گرنگی بە بەرژەوەندی تایبەتی و پرسی تایبەت دەدات، لەکاتێکدا، کە ویستی گشتی تەنها لە پرسە گشتیەکان دەنوارێت. پێدەچێت ویستی گشتی ویستی کەسێك بێت، کە وەك گروپێکی سیاسی ئەرکەکانی ئەنجام دەدات یان ویستی گروپێك بێت، کە وەك ئۆرگانێکی زیندوو و خاوەن ئەقڵ دەبینرێت. ویستی گشتی ویستی هەموو هاوڵاتیانە، کاتێك وەك گروپێکی سیاسی کاردەکەن و گرنگی بە چاکەی گشتی دەدەن نەك بەرژەندی تایبەتی. ویستی گشتی بەرجەستەکاری باشترین ویستەکانی هەموو ئەو هاوڵاتیانەیە، کە خواستیان باشترین بەرژەوەندی دەوڵەتە. پێکهاتەی هاوبەش ویستە راستەقینەکانی هەموو تاکەکانە ـ ویستی گشتی بەردەوام بە دروستی بۆ بەرژەوەندی ئەوانی دیکە کاردەکات.

بەبڕوای (ڕۆسۆ) لەبەرئەوەی ویستی گشتی تایبەتە بەچاکەی گشتی و لەهەمان کاتیشدا ویستی راستەقینەی خودی کەسە، پێدەچێت واپێویست بێت هەموان ملکەچی بنوێنن. بەواتایەکی دی، ویستی گشتی حوکمڕانە. ئەگەر کەسێك خۆبەخۆ پەیڕەوی لێنەکات، ویستی گشتی بە شێوەیەکی رەوا دەتوانێت ناچار بەو کارەی بکات. لە راستیدا ویستی گشتی تاکە دەسەڵاتێکە دەتوانێت بەشێوەیەکی رەوا تاك ناچار بکات. بەوتەی (ڕۆسۆ) ئەگەر کەسێك سەرکێشی بکات لە ملکەچی نواندن، ویستی گشتی وەك گروپێك ناچار بەملکەچی دەکات، چونکە ویستی گشتی ئیرادەی واقعیانەی خودی ئەوە، هەرچەندە هەمیشە بەوجۆرە سەیری نەکات. ناچارکردن بەملکەچی تەنها بەو واتایە تاك ناچار بێت لە ژیان و بیرکردنەوەی بۆگەن دوور بێت و ژیانێکی ئازادانەی ئەخلاقی هەبێت. ئەم کارە وەك ئەوەیە بە زۆر کەسێك ناچار بکەیت لە پردێك نەپەڕێتەوە، کە خۆی مەترسییەکانی نازانێت یان هەستی پێناکات.

ویستی گشتی دوورە لە هەڵە، مایەی گواستنەوەو دابەشکردن نییە. ویستی گشتی بۆ چاکەی گشتیەو شتێك نییە بەرژەوەندی تایبەتی ئەندامان لەخۆ بگرێت. ویستی گشتی هەمیشە راستەو هەمیشە چاوی لە شتێکە، کە لە هەموو هەلومەرجێکدا دروست و باشترینە. وێڕای ئەوەش، دیدی (ڕۆسۆ) لەوبارەیەوە روون نییە. لەوبڕوایەدا نییە هەرچی دەوڵەت ئەنجامی دەدات، هەمیشە راستە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئەگەر دەوڵەت بەباشی لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان دامەزرابێت ناتوانێت خراپ و گەندەڵ بێت. بەڵام ئەو گریمانەیەش نادیدە ناگرێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکانیش هەمیشە دروست نەبن و ئەگەری ئەوەش هەیە سیاسەتەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراویش لەپێناو باشترین بەرژەوەندی خەڵکدا نەبێت.

ناتوانرێت ویستی گشتی لە دامەزراوە پەرلەمانیەکاندا بخرێتە روو، چونکە گروپ ناتوانێت لەخۆی جودابکاتەوە. (ڕۆسۆ) وەك دیاردەی کۆیلەیی رەخنەی لە حکومەتی نوێنەرایەتی گرتوەو گوتویەتی: (هەرهێندەی نەتەوەیەك نوێنەرانی خۆی دانا، ئیدی ئازاد نابێت و بوونی نابێت). ناتوانرێت ویستی گشتی بە نوێنەران بسپێرێت. هەرجۆرە کۆششێك

بۆ سپاردنی بە نوێنەران بەواتای کۆتایی هاتنی دێت. ویستی گشتی بەشێوەیەکی گشتی ویستی خەڵگە.

دەکرێت بەکورتی تایبەتمەندییەکانی ویستی گشتی بەمجۆرە ئەژمار بکرێن:

١- ویستی گشتی نوێنەری ویستی تایبەتی مرۆڤ نییە، واتە ویستی ئەو مرۆڤە نییە کە تەنها بەرژەوەندی خۆی دەبینێت. ویستی گشتی ویستی کۆو زۆرینەش نییە، ویستی گشتی نوێنەری هۆشیاری گشتییە بۆ چاکەی گشتی یان هاوبەشە.

٢- ویستی گشتی حوکمڕانە، لەسەر هەموانە پەیڕەوی لێبکەن. ئەگەر کەسێك خۆبەخۆ پەیڕەوی لێنەکات ناچار بەوکارە دەکرێت و لەو ڕێگەیەوە بە زۆر ئازاد دەبێت.

٣- ویستی گشتی تاکە داوەری بەرژەوەندییە گشتیەکانەو ڕێگا نادات هیچ بکەوێتە نێوان ئەو و هاوڵاتیانەوە.

٤- ویستی گشتی مایەی گواستنەوەو دابەشبوون نییە. (ڕۆسۆ) وتویەتی: (دەنگی خەڵك دەنگی خوایەو ناکرێت لە دامەزراوە پەرلەمانیەکاندا بەرجەستە ببێت).

٥- بۆئەوەی ویستی گشتی بە ڕاستی ویستی گشتی بێت، پێویستە لە ئامانج و بنچینەدا گشتی بێت.

٦- ویستی ڕاپەڕاندن ویستی گشتی نییە. خەڵکی پشکەکانی ڕاپەڕاندن بە کارمەندانی ویستی گشتی، واتە حکومەت، دەسپێرن.

٧- لەدیدی ویستی گشتیەوە ئیرادەی ڕاپەڕاندن گرنگیەکی لاوەکی هەیە. گرنگ ئەوەیە سەروەری لە دەستی ویستی گشتیدا بێت. تا ئەوکاتەی ویستی گشتی حوکمڕانە، لە ڕاستیدا جیاوازی نییە حکومەت دیموکراسی، ئەرستۆکراسی یان پاشایەتی بێت. هەموو ئەو حکومەتانە تەنها کارگوزارن و کەی پێویست بێت دەتوانرێت بگۆڕێت یان لابدرێت.

٨- ویستی گشتی هەڵە ناکات. هەمیشە ڕاست کاردەکات و مەیلی بۆ چاکەی گشتیە: (ئیرادەی گشتی هەمیشە دروست کاردەکات، بەڵام ئەو دادوەرەی ڕێبەرایەتی، دەکات هەمیشە هۆشیار نییە). ڕۆشنگەری گشتی لە گروپی کۆمەڵایەتیدا هەمیشە دەبێتە هۆی یەکێتی ویست و چەمك.

٩- ویستی گشتی چەمکێکی چۆنایەتیە نەك چەندایەتی. ژمارەو چەندێتی تیایدا گرنگی نییە، بەڵکو سیفات و تایبەتمەندیەکەی گرنگن.

١٠- ویستی گشتی هەتاهەتاییە. نابێت لەناو جۆشوخرۆشی هەستە گشتی و هەوەسبازییەکانی سیاسەتمەداراندا ببینرێت. پێویستە لە ناو تایبەتمەندیەکانی خەڵکدا بە دوای ویستی گشتیدا بگەڕێین. ویستی گشتی لە هەموو کارێك یان بزاوتێکی تایبەت هەمیشەییترە، کە خۆی تیایدا دەگۆرێت.

١١- هەماهەنگی پراکتیکانەی تاك لەگەڵ ویستی گشتی بە واتای ئازادی راستەقینەی ئەوە.

**پەیوەندی (رۆسۆ) لەگەڵ (هۆبز و لۆك).** (رۆسۆ) هەندێك بیرۆکەی لە(هۆبز) و هەندێکی دیکەشی لە (لۆك) وەرگرتووە. دەوترێت لێکۆڵینەوە بنەڕەتی و توێژینەوەکەی (هۆبز)ی لەگەڵ دەرئەنجامەکانی (لۆك) ئاوێتە کردووە.

(رۆسۆ) لەوباوەڕەدابوو، کە مرۆڤ لە قۆناغی بەرایی دۆخی سروشتیدا ئازادو بەختەوەر بووە. لەمبارەیەوە لەگەڵ (لۆك) هاوڕایە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی تایبەتمەندێتی تایبەت لە دۆخی سروشتیدا هەست بە پێویستیبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کرا. زیادبوونی دانیشتوان و سەرهەڵدانی بنەمای خاوەندارێتی فاکتەری ناکۆکی بەرژەوەندی و گەندەڵی دۆخی سروشتی بوو. بەبڕوای (لۆك) لە دەرئەنجامی گومان کردن لە کاریگەری یاسا ئەقڵانیەکان، نەبوونی داوەرێك بۆ بڕیاردان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی بەوهۆیەوە سەرهەڵدەدەن و نەبوونی دەسەڵاتێکی راپەڕاندنی گشتی بۆ پیادەکردنی ئەو بڕیاریارانە نائارامی لەناو کۆمەڵگەدا سەریهەڵداوە. مرۆڤەکانی بەر تێڕوانینی (رۆسۆ)، وەك (لۆك)، پشکەکانیان بە فەرمانڕەوایەك نابەخشن، بەڵکو بە کۆمەڵگەی دەبەخشن. هەردوکیان (لۆك، رۆسۆ) مرۆڤ بەسەرچاوەو کوانی دەسەڵات سیاسی دەزانن. هەردوکیشیان جیاکاری لە نێوان دەوڵەت و حکومەتدا دەکەن و لایەنەکانی مافداری و سیاسی سەروەری لە یەك جودا دەکەنەوە، هەرچەندەش (رۆسۆ) لەوبڕوایەدا بوو، کە دامەزراوەی حکومەت دەرئەنجامی پەیمانی کۆمەلایەتی نییە.

دەرككردنی(ڕۆسۆ) بۆ سەروەری، کە ڕەها، جێگیرو یەکپارچەیە، لەگەڵ دەرككردنی (هۆبز)دا وەك یەکە. (ڕۆسۆ)ش وەك (هۆبز) ئاماژە بۆ بڕیارێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە لەئەنجامی ئەوەوە دەوڵەت پەیدا بوو. هەردوکیان لەو بڕوایەدان حکومەت لایەنێکی ئەو هاوپەیمانیە نییە. لە دیدی هەردوکیانەوە خەڵك هەموو مافەکانی خۆیان بە حوکمڕان بەخشیوەو حوکمڕانەکەی بەر دیدی هەردوکیشیان دەسەڵاتێکی بێسنوری هەیە. بەڵام حوکمڕانی (هۆبز) پاشایەو هی(ڕۆسۆ) کۆمەڵگە یان ویستی گشتییە. وەك دەڵێن: (پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕۆسۆ هەمان لیڤایەسانی (هۆبز)ە بەسەربڕاوی).

(ڕۆسۆ) توخمی جۆراوجۆری تیۆرەکانی (هۆبز و لۆك) ئاوێتە دەکات. لە (هۆبز)ەوە بیرۆکەی سەروەری و لە (لۆك)یشەوە بیرۆکەی چاکەی گشتی وەك پێودانگێك بۆ حکومەتێکی باش وەردەگرێت و پێکەوە ئاوێتەیان دەکات تا تیۆری ویستی گشتی خۆی فۆرمگیر بکات. (لێرەوە، کە تیۆرەکەی هۆبز پشتیوانی لە ستەمگەری دەکات و لۆك بڕوای بە حکومەتێکی ڕاگیر لەسەر دەستورە، تیۆرەکەی ڕۆسۆ پشیوانی لە سەروەری گشتی دەکات[٤٧]). بەوتەی (لۆرد– lord): (دەنگی ڕۆسۆ دەنگی (لۆك)ە، بەڵام دەستەکانی هی (هۆبز)ە).

**ڕەخنە لە تیۆرەکەی ڕۆسۆ:** تێگە وەسف نەکراوەکەی (ڕۆسۆ) بۆ ویستی گشتی بەتوندی کەوتۆتە بەر ڕەخنە. هەندێك لەو ڕەخنانە بەمجۆرەیە:

**١– دیاریکردنی جێگای چەمکی ویستی گشتی (ڕۆسۆ) دژوارە:** ناکۆکی زۆر لە تێگەی ویستی گشتی (ڕۆسۆ)دا هەیە، کە تا ڕادەیەك بەهۆی لێڵی هزرەکانی و ئارەزوویەتی بۆ پارادۆکس. ئەگەر ویستی گشتی ویستی زۆرینە نییە، لەوبارەدا زۆر دژوارە بەرجەستە بکرێت و شوێنگەکەی دیاری بکرێت. (ڕۆسۆ) هەرگیز پێمان نالێت چۆن دەتوانین لە بەدەستهێنانی ویستی گشتی دڵنیابین. سەرودەرنەکردن دەربارەی شتێکی گرنگی وەك بەدەستهێنانی ویستی گشتی مایەی داخە. لە ڕاستیدا لە شوێنێکدا ئێمەی ڕەها کردووە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت دڵنیا بێت سەرچاوەی پرسی تایبەتی ویستی گشتی چییە.

٢- **ئەنجامی تیۆری ویستی گشتی (ڕۆسۆ) دیکتاتۆریەتە.** لە بەرامبەر ویستی گشتیدا ویستی تاك گرنگی نییەو تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ بەناوی ئازادییەوە ملکەچی ویستی گشتی بکرێت. ویستی گشتی هیچ کاتێك ناحەق نییەو هەرگیز تاك ناتوانێت بەرهەڵستی بکات. یاسا ویستی گشتی بەرجەستە دەکات. ئەم وتەیەی (ڕۆسۆ)، کە مرۆڤ: (ناچارە ئازاد بێت) دەروازەکانی ستەمگەری دەکاتەوە.

٣- **چەمکی ویستی گشتی (ڕۆسۆ) لەسەر بیرۆکەی بەرژەوەندی گشتی ڕۆنراوە:** بەڵام پێناسەکردنی (بەرژەوەندی گشتی) گەلێك دژوارە. مارکسیستەکان گومانیان لە بەرژەوەندی گشتی لە دیدی (ڕۆسۆ)وە کردوەو گوتویانە ئەوە تەنها بەرژەوەندی چینەکان یان بەرژەوەندی بەشێك لە خەڵکە، کە زۆرجار بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە دەخرێتە ڕوو. ئەو تەمومژەی بەسەر ویستی گشتییەوەیە، ئەگەری ئەوە هەیە هەلومەرجێك بخوڵقێنێت تەنانەت زۆردارێکیش بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە هەنگاو بنێت. لەوەش زیاتر، بەوتەی خودی (ڕۆسۆ) ناکرێت پێشبینی بکرێت، کە ئایا ئاشکراکردنێکی تایبەتی ئەم ویستە بۆ بەرژەوەندی گشتییە یان نا. لەمبارەدا لەوانەیە مرۆڤ ناچاربێت بەهۆی بیرۆکەی نادیاری (چاکەی گشتی)یەوە بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکات بە زیانی خۆی تەواو بێت.

٤- **دژوارە جیاوازی لەنێوان ویستی گشتی و ویستی هەمواندا بکرێت:** بە هەمان شێوە دژوارە بزانرێت، کە ئایا کەسێك بەپێی ویستی راستەقینە کاردەکات یان لەسەر بنچینەی ویستی پراکتیکی. قسەکردن دەربارەی هاوبنچینەیی ویستی راستەقینە لەگەڵ ویستی گشتی زۆر رواڵەتیانە دەبێت.

٥- **(ڕۆسۆ) جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگەو دەوڵەت ناکات** و بەمپێیە ڕەوایی دەدات بە باڵادەستی تەواوی دەوڵەت بەسەر ژیانی مرۆڤدا. تیۆرەکەی (ڕۆسۆ) سەبارەت بە دەوڵەتیش مایەی ڕەخنەلێگرتنە. دیدی بۆ ماهیەتی دەوڵەت پایەدار نییە. لەلایەکەوە دەوڵەت بە کەسێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، کە مرۆڤ پەیڕەوی لێدەکات، چونکە لەوکارەیدا پەیڕەوی لەواقیعی خۆی دەکات و بە ڕاستی ئازادە. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەت بەشتێك دادەنێت، کە مرۆڤ بۆ ئامانجی تایبەتی دایدەمەزرێنێت و دەچێتە ناوییەوە. بەمجۆرە

سەبارەت بە ماهیەتی دەوڵەتی (ڕۆسۆ) دوو ڕوانگە دەبینین - یەکێکیان ڕوانگەیەکی ئۆرگانیەو ئەویدییان دیدێکی میکانیکی. ویستە گشتیەکەی ڕەنگدەرەوەی دیدی ئۆرگانیکە. پەیمانە کۆمەڵایەتیەکەی ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی میکانیکیە. هەرگیز هەوڵی نەداوە ئەم دوو ڕوانگەیە بسازێنێت، بەڵام بێگومان باڵادەستی بە ڕوانگەی ئۆرگانیکی کۆمەڵگەی سیاسی بەخشیوە.

**بەهای ڕۆسۆ:** بێگومان (ڕۆسۆ) هاوبەشییەکی زۆری لە هزری سیاسیدا کردووە. یەکەم، لەبەرئەوەی دیدەکانی ئەوە پیشان دەدەن، کە دواجار ئەوە خەڵکن حوکمڕانن و ویست نەك زۆرداری پایەو بنەمای دەوڵەتە. دووەم، لەبەرئەوەی تیۆرەکەی (ڕۆسۆ) بووە ئیلهامبەخشی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕەکانی سەدەکانی هەژدەو نۆزدە لە پێناوی مافی دیموکراسی. پێداگرتنی لەسەر سەروەری گشتی و هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی حکومەت لەسەر بنەمای ڕەزامەندی خەڵك بووە هۆی یاخیبون دژ بە حوکمڕانە خۆپەرستەکان. سێیەم، ئازادی تاکی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا ئاشت کردەوە. چوارەم، چەمکی ویستە گشتیەکەی وێڕای بوونی لێڵی بووە پێشەنگی ئایدیالیزمی نوێ لە هزری سیاسیداو ڕاستەخۆ بووە بەهرەبەخشی (کۆنت، هیگڵ گرین و بوسانکە). پێنجەم، تیۆری ویستە گشتیەکەی ئەرکی سیاسی لە ئەرکێکی یاساییەوە بۆ ئەرکێکی ئەخلاقی گۆڕی.

کاریگەری و کارتێکردنی (ڕۆسۆ) بەسەر هزرو کاری سیاسی بیرمەندانی پاش خۆیەوە مایەی نکۆڵی لێکردن نییە. هەروەها هزرەکانی بوونە هەوێنی شۆڕشی فەرەنسا لە (١٧٨٩) دا. هەندێك بزوتنەوەی ئازادیخواز لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە فەلسەفەکەی ئەوەوە هەڵقوڵاون.

**پ/ ڕەخنە لە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی:**

ئەم بیرۆکەیەی، کە دەوڵەت دەرئەنجامی پەیمانێکە خەڵك لە دۆخی سروشتیدا وەریانگرتووە، لە لایەن زۆر لە بیریارانی وەك (هیوم، بنتام، یورك، ئوستین، لیبر، فولسی، ماین، گرین، بلونشلی و پولۆك) و کەسانی دیکەوە ڕەخنەی لێگیراوە. (ماین) بە (بێبەها)

،(گرین) بە ئەفسانە، (فوکس) بە ( درۆی رووت)، (بنتام) بە (بلمەبلم) بۆسەرگەرمی و (پولۆك) بە (سەرکەتوترین و کارەساتاویترین فێڵی گەمەی سیاسی) ناویان بردووە. ئەم تیۆرە لە سێ لایەنی جیاوازەوە، واتە مێژوویی، یاسایی و فەلسەفیەوە رەخنەی لێگیراوە.

**دیدی مێژوویی:** هەندێك لە بەڵگەدارییە مێژووییەکان بۆ رەتکردنەوەی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی بەمجۆرەیە:

**١- وتراوە پەیمانی کۆمەڵایەتی لە رووی مێژووییەوە مایەی بەرگریکردن نییە:** لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ قۆناغێك، کە تیایدا گروپ یان خەڵکی، بەبێ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ژیابن. ئەنترۆپۆلۆژیستان پیشانیان داوە، کە تەنانەت خەڵکی دەوارنشینیش لەنێو جۆرێك لە سیستمدا ژیاون و لەگەڵ جۆرێك لە نەریتی کۆمەڵایەتی هەماهەنگیان هەبووە. ئایا جێگای گومان نییە تاکی جێمەبەستی لایەنگرانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لەراستیدا لەسەر زەوی ژیا بن؟

٢- مێژوو وێنەی هیچ مرۆڤێك پیشان نادات، کە لەدەوری یەکتری گردبووبنەوەو هۆشیارانە رێکەوتنێکی وەك پەیمانی کۆمەڵایەتیان بەجێهێنابێت. ئەم گریمانەیەی، کە مرۆڤی بەرایی، وەك ئەوەی (هۆبز) وەسفی کردووە بیری لە پێکهێنانی دامەزراوەی سیاسی کردبێتەوەو رازی بوو بێت بە بێبوونی هیچ جۆرە ئەزمونێکی پێشوو لە حکومەتدا ئەو دامەزراوە دروست بکات. ئەمە لە رووی مێژووییەوە بێسەرچاوەو بنەمایە. بیرۆکەی دەوڵەت پێشتر پێویستی بەزانیاری هەیە سەبارەت بە بنەما سیاسیەکان یان ئاگایی کۆمەڵایەتی تەواو گەشەکردوو. زانیاری لەو بابەتە یان ئاگایی لەوجۆرە لەگەڵ نەزانیو سادەیی بەربڵاوی دۆخی سروشتیدا نەگونجاوە. زۆربە وەك نمونەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لە پەیمانی (١٦٢٠)ی (مایفلاوەر- Mayflower) دەڕوانن. لەو ساڵەدا، کە کۆچبەرانی ئینگلیزی بەرێوەبوون بۆ ئەمەریکا، لە کاتێکدا هێشتا لەسەر کەشتی (مایفلاوەر) بوون بەیانێکیان راگەیاند، کە تیایدا هاتبوو: (ئێمە لەبەردەم خواوەندو بە ئامادەییەوە بەشێوەیەکی فەرمی و بەرامبەر پەیمان دەبەستین لە پێناوی رێکخستن و باشتر پارێزگاریکردن لە خۆمان پێکەوە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دروست دەکەین[٤٨]). بەڵام ئەم پەیمانەی (مایفلاوەر) پەیوەست نەبوو بە دروستکردنی دەوڵەتەوە، بەڵکو تەنها وابەستەی

دەوڵەتێکی دیاریکراو بوو. هەروەها ئەم کۆچبەرانە بەشێوەیەکی تـەواو ئاشـنای دامـەزراوە سیاسیەکانی وڵاتی خۆیان بوون و خاوەنی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بـوون. ئـەوەی بە گشتی ئەنجامیاندا، ئەو دامەزراوانە بوو کە پاش ریفۆرمی پێویـست لەسـەر خـاکی نـوێی ئەمەریکا دایانمەزراند.

٣- تیـۆری پـەیمانی کۆمەڵایـەتی ئـەوە بـە راسـت دەزانێـت، کـە تاکـەکان لـە پێنـاوی دەسـتەبەرکردنی ئاسایـشی کەسـێتی و زامنکردنـی خاوەنـدارێتی خۆیانـدا ئـەم پەیمانـەیان بەستووە. بەڵام مێژوو دەڵێت کە یاسا بەراییەکان زیاتر گـشتی بـوون نـەك تاکانـەو یەکـەی کۆمەڵگەی بەرایی. واتە گروپی کۆمەڵایەتی شوێنگەی تاکی دیاریدەکردو تـاك ئـازاد نـەبووە لە گۆڕینیدا. بەمپێیە پەیمانی کۆمەڵایـەتی بـاس لـە قۆنـاغێکی پێـشکەوتووتری کۆمـەڵگای مرۆڤایەتی دەکات و ناکرێت لە دۆخی سروشتیدا داڕێژرابێت.

**دیدی یاسـایی:** لـە رووی یاسایـشەوە تیـۆری پـەیمانی کۆمەڵایـەتی رەخنـەی لـێگیراوە. هەندێك لە بەڵگە یاساییەکان بەمجۆرەیە:

١- وتراوە پەیمانی کۆمەڵایەتی وەك پەیمانێکـەو بـوونی گرنتـی جێبـەجێکردن متمانـەی پەیمانێك دەستەبەر دەکات. بەڵام بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی هـیچ گرنتیـەکی جێـەجێکردن لـە ئارادا نییە، چونکە دەوڵەت لایـەن نییـە. بەوتـەی (گـرین): (ئەوپەیمانـەی لـەو سـەردەمەدا دەسەڵاتی مەدەنی پێکهێنا، مەحاڵە پەیمانێکی متمانەدار بوو بێت، چـونکە ئـەو کەسـانەی ئەم پەیمانەیان بەست، لە بنەڕەتدا لەپێگەیەکدا نەبوون تا پەیمانێکی متمانەدار ببەستن).

٢- کاتێك خودی پەیمانەکە متمانەدار نەبێت، ئەو مافانەشی بەرئەنجامی ئەو پەیمانەیە، بـە هـیچ کلۆجێـك بنـەمای متمانـەداری یاسـایی نابێـت. بەمپێیـە پرسـی ئـەرکی سیاسـیش بێچارەسەر دەمێنێتەوە.

٣- پەیمان تەنها بۆ ئـەو لایەنانـەی کـە ئازادانـە و بـێ زۆرلێکـردن بەسـتوویانە، مایـەی ناچارییە و ناکرێت وێنای ئـەوە بکرێـت ئـەو نەوانـەی دوایـی دێـن و پـشتگیریان نـەکردووە، ناچاریان بکات. پەیمان بە مردنی لایەنە سودمەندەکان کۆتایی دێـت و تـەنها لـە سـنورێکی تەسکدا میراتگـران و جێگرەوەکانیـان ناچـار دەکـات. هـیچ بەڵگەیـەك نییـە گومـان بکرێـت

لەوەی ئەو پەیمانـە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەی کـە باپیرانمـان بەسـتویانە، پـاش تێپـەڕینی چەندین سەدە لە سەردەمی خۆی بۆ ئێمە مایەی ناچاری و ئیلتزام بوو بێت.

دیدی فەلسەفی: پەیمانی کۆمەڵایەتی لە رووی فەلسەفیشەوە رەتکراوەتەوە:

١. دەرککردن و هەڵهێنجانی پـەیمانی کۆمەڵایـەتی بـۆ ماهیـەتی دەوڵـەت دروسـت نییـە. دەوڵەت ئافەریدەیەکی دەستکردەو بەو واتایە نییـە کـە بێئاگایانـە دروسـتکرا بێـت، بـەڵکو ئەفەریدەیەکی سروشتییە بەو واتایەی کە بەرجەستەکاری سروشتی مرۆڤە. دەوڵەت ریشەی لەناو پێویستیی مرۆڤدا هەیە.

٢. لە دۆخی سروشتیدا مەحاڵە ئازادی بوونی هـەبوو بێـت. بـوونی ئـازادی پێویـستی بـە تێپەڕبوونـە بـە سیـستمی یاسـاییداو یاسـا لـە پێناسـەی کۆمەڵگـەدا بـۆ چـاکەی گـشتی سەرهەڵدەدات و ئەرکی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە. لـە دۆخـی سروشـتیدا پـێش کۆمـەڵبوون یاسا تەنها دەیتوانی لەسەر هێـز بەنـد بێـت. بـەڵام زۆرداری هـەرگیز یاسـا دروسـت ناکـات. بەوتەی (گرین): (رەتکردنـەوەی واقیعیانـەی تیـۆری پـەیمانی کۆمەڵایـەتی ئـەوە نییـە کـە نامێژووییە، بەڵکو ئەمەیە کە ئاماژە بۆ ئەگەری بوونی یاساو ئەرکی سەربەخۆ لـە کۆمەڵگـە دەکات).

٣. تیـۆری پـــەیمانی کۆمەڵایـــەتی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەت و تـاك بـۆ جۆرێـك لـە هاوبەشیکردن دادەبەزێنێت. پەیوەندی دەوڵەت و تاك، جا لەسـەرەتادا یـان لـە پاشـاندان، پەیوەندییەکی خۆبەخشانە نییە. ئێمـە هـەمووما خۆبـەخۆ ئەنـدامی دەوڵـەتێکین و کـەس ناتوانێت لە رووی ویستەوە ئەندامێتی خـۆی بـسڕێتەوە. بەمپێیـە نابێـت وەك رێکـەوتنێکی بازرگانی کاغەز و چا لە دەوڵەت بنواڕێت. تاك بە ئەنـدامێتی دەوڵەتـەوە لـە دایـك دەبێـت و ئەرکەکانی پەیوەست نییە بـە بەسـتنی پەیمانێکـەوە، بـەڵکو وابەسـتەی بەرژەوەنـدی یـان پێداویستیەکانی کۆمەڵگەیە.

٤. بەوتەی (بلونشلی) تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی (زۆر مەترسـیدارە، چـونکە دەوڵـەت و دامەزراوەکانی دەکاتە پاشکۆی حەزو ئارەزووەکانی تاك). دەوڵەت داهێنراوێکی میکانیکیو ئـەنجامی هەوەسـی تـاك نییـە. بەهـەمان شـێوەش هەڵەیـە بوترێـت، وەك ئـەوەی پـەیمانی

کۆمەڵایەتی دەیلێت، کە دۆخی سروشتی خەیاڵێکی خودی سروشتیانە بووەو کۆمەڵگەی مەدەنیش دەستکردە.

٥. لەنێو لایەنگرانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی هاوڕایی سەبارەت بەدۆخی سروشتی، ماهیەتی بڕیارو کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی ئەو ڕێکەوتنە لە ئارادا نییە. لەبەرئەوەیە وتراوە پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەفسانەیە.

**ت/ بەهای تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی:**

بینیمان تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لە رووی مێژووەوە درۆیە، لە رووی یاساییەوە بێمتمانەو لە رووی فەلسەفیەوە مایەی بەرگری لێکردن نییە. (دوگی) وەك (شیمانەیەکی، کەمایەی تەحەمول کردن نییە) رەتی دەکاتەوە. تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی وەك کوانویەك بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت بەتەواوی بە گومانــاوی دەزانرێت. بەڵام وەك راگەیاندنی پەیوەندییەك لەنێوان فەرمانڕەوایان و فەرمان بەسەرداکراوەکاندا بەهادارە. تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەم بیرۆکە بنەڕتیە دەخاتەروو، کە هەموو حکومەتەکان پشك و دەسەڵاتەکانیان لە رەزامەندی حوکم بەسەرداکراوەکان یان خەڵکەوە وەردەگرن و حکومڕان مافی ئەوەی نییە تاکڕەوانە فەرمانڕەوایی بکات. ئەم تیۆرە بە پێداگرتنی لەسەر رەزامەندی خەڵك وەك کۆڵەکەیەکی حکومەت پێشانیدا، کە نەیاری سەرەکی تیۆری یەزدانیانەی پاشاکانە، کە داوای لە پەیڕەوانی دەکرد بەبێ بیرکردنەوە ملکەچی (سێبەری خوا بن لەسەر زەوی). (ماکیڤەر) وتویەتی، کە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی:

**(ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەی پشتبەستوو بە شیکارە هزریەکانی کتێبی (پیرۆز)ی هەموارکردو دەوڵەتی خستە سەرپایەی راستەقینەی خۆی، واتە ویستی مرۆڤەکان و ئامانجی گشتی، کە پیشانیدا دەوڵەت و حکومەت دامەزراوەی مرۆڤن و دەسەڵاتی خۆیان لە مرۆڤەوە بەدەستدێنن. ئەم تیۆرە دژ بە بانگەشەکانی حوکمڕانە نابەرپرسەکان وەستایەوەو بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆگەشەکردنی تیۆری نوێی دیموکراسی[٤٩])**.

تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان بەجێهێشت. لە جیهانی نوێدا یەکەمجار لە (فەرەنسا) پیادەکراو ئەو هۆڵەندیانەی لە ژێر

دەستی (ئیسپانیا)دا بوون، لەو تیۆرەدا فاکتەرو بەڵگەیان دۆزییەوە بۆ یاخیبوون دژ بەستەمگەری. لە بەریتانیا ئەم تیۆرە هەم بۆپشتیوانیکردن و هەم بۆ نەیاریی دژ بەستەمگەری پاشاکان بەکارهێنراوە. پەیمانی کۆمەڵایەتی (رۆسۆ) بووە پێشەنگی شۆڕشی فەرەنساو ئەمەریکا. راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا و راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبوونی فەرەنسا لە بیرۆکەکانی پەیوەست بە یاسای سروشتی، سەرچاوەی پەیمانی دەوڵەت و حوکمڕانی گشتیەوە پەرەیان گرت.

لە مەیدانی تیۆری سیاسیدا (هۆبز) رێگای لەبەردەم ناساندنی سەروەری یاسایدا هەموار کرد. (لۆك) زەمینەی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی هێزی (مۆنتسکیۆ)ی ئامادەکردو (رۆسۆ) بووە ئیلهامبەخشی ژمارەیەك لە بیریارانی دیموکراسی و ئایدیالیزمی سیاسی. لایەنگرانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە حوکمڕانێتی سێ چەمکیان خستۆتەروو: (هۆبز) چەمکی سەروەری یاسایی پێشکەشکرد، (لۆك) لایەنگری چەمکی سەروەری سیاسی بوو، (رۆسۆ) لایەنگری بە هێزی سەروەری گشتی بوو. بەمجۆرە لایەنگرانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی پشکی سەرەکیان لە تیۆری سیاسیشدا هەبوو.

## پەراوێزەکان

1. R.N. Gilchrist, Rrinci ples of political science (London: Longman Green and Co Ltd, 1938)P.72.

٢. رودی، سەرچاوەی پێشو،لا٢٩٧.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو لا٢٩-٣٠

٤. أيت الله حسینعلی منتظری. بنەمای فقیەی حکومەتی ئسلامی، بەرگی یەکەم: دەوڵەتو حوکمەت، وەرگێڕان و راپۆرتی محمود صلواتی، (تهران: انتشارات کیهان، ١٣٦٧) لا ٨٦.

٥. هەمان سەرچاوە.

٦. هەمان سەرچاوە ، لا٨٧، بۆلێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی پێویست بونی حکومەت، جۆرەکانی و حکومەتی ئیسلامی بڕوانە لایەڕەکانی (٨٣-٩٢) و بەشی سێیەمی هەمان کتێب، هەروەها: ابو الفضل شکوری، فقه سیاسی اسلام، دوو بەرگ، تهران:١٣٦١.ئان.کی.ئیَس، لمبتون، دولت و حکومت در اسلام، ترجمة و تحقیق سید عباس صالحی، محمد مهدی فقیهی، تهران: موسسة چاپ و نشرعروج

7. John Locke, two Treaties on Civil Govermment( ١٣٧٤) London: Heffner Press, 1943.P72.

٨. امام محمد غزالی، نصیحة الملوك، بة تصحیح جلال الدین همایی (تهران: انتشارات بابك،١٣٦١) ص٨١-٨٢. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هزری سیاسی غەزالی بڕوانە: هانری لایوست، سیاست و غزالی، ترجمة مهدی مظفری، جلد(تهران: انتشارات بنیاد فرهنگ ایران،١٣٥٤)، سید جواد طباطبایی ، درامدی فلسفي برتاریخ اندیشة سیاسی در ایران (تهران: دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، ١٣٦٧) فصل سوم، حاتم قادری، اندیشه سیاسی غزالی (تهران: دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی ١٣٧٠)

٩. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی دیدی شیعه بڕوانه :

١٠. محمد تقی مدرس، جهان بینی الهي و نضرات بشر، ترجمة محمد مجدی، تهران: انتشارات نوید،١٣٦١، وحمید عنایت، اندیشه سیاسی در اسلام معاصر، ترجمة بهاالدین

خرمشاهر، تهران: انتشارات خزارزمی، ١٣٦٢، وحمید عنایت،(نهادها واندیشەهای سیاسی در ایران و اسلام) جزوه درسی رشته علوم سیاسی دانشکده حقوق وعلوم سیاسی، دانشگاه تهران، بی تا، هەروەها :

Erwin I. J. Rosenthal, Politic the ought in Medieval IsLam, An Introductory outline, Cambridge: Cambridge University press, 1958.

١١. هەروەك پێشتر وترا پەیمانی کۆمەڵایەتی لەجیاتی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.

بڕوانە ئەو رونکردنەوەیەی لەمبارەیەوە لەسەرەتای ئەمە فەسڵەداکراوە .

12. Gilchrist, Loc cit .and kopur, op. cit. p 93. 29-30
13. Gilchrist, p. 74
14. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : Kaptur, op. cit. p. 91-94
15. C. C. Rodee ,T.J. Anderson ,K . Christol, Jntroductiion to Politicol Science (Newyork:Mc Graw-HALL koga Kusha Ltd.,1957)p.23.

١٦. هەروەها سەرچاوەی رابردوو،لا٣٣

١٧. ه.ا.بارنز وە.بکر، تاریخ اندیشة اجتماعی، ترجمة واقتباس جواد یوسفیان و علی اصفر مجیدی، چاپ دوم (تهران:شرکت سهامی کتابهای جیب ١٣٥٨)لا٤٦.

18. Leacock . Op.cit.p.32.
19. Edward Jenks, A short History of politics (London :Duc Kworth,1946)P.71
20. Kapur,op.cit.p.95 , and Agarwal . Op .cit 91
21. بۆگواستنەوەی وتەکان بڕوانە : Kopur,p.96 and Agarwal.
22. Seeley, op. cit .p .75.
23. Gilchrist , op .cit. p 76.
24. Maclver , op. cit .p222.
25. J .f. Mclenan ,Primitive Society,1867.
26. L.H. Morgan, studies in Ancient Society, 1878.
27. KAPUR. , op. cit .p 121.
28. Willoughby, , op. cit .p 20.

29.ibid .and Kaptur , op. cit .p 118.

٣٠. ئەرستۆ، سەرچاوەی پێشوو،لا٣,٣,٤.

٣١. The social Contract Theory. لەزمانی فارسیدا بە (نظریە قرارداد اجتماعی) ناسراوە. زاراوەی (قرارداد) بەشێوەیەکی ئاسایی بۆبەڵگە نامەیەکی نوسراو بەکاری دەهێنن. کاتێك ئەم زاراوەیە لەگەڵ (اجتماعی– کۆمەڵایەتی) بەکاردەهێنن وادێتە بەرچاو

مەبەست لەبەڵگەنامەیەکە لـەنێوان خەڵکدا نوسـراوە و ئیمزاکـراوە، لەبارێکدا مەبەست لەوەنییە، لەبەر ئەوە نوسەر بۆهەڵاتن لەو واتا نادروستە پێی باش بووە لـەجیاتی (قـرارداد اجتماعی– پـەیمانی کۆمەڵایـەتی) (قـرار اجتمـاعی – پـەیمانی کۆمەڵایـەتی) بـەکاربهێنێت. لێکدانەوەی تیۆرەکە هەمان ئەو مانایە دەسەلمێنێت.

٣٢. Teutonic lades of Government توتونـەکان خێڵێکـی دێرینـی (ئەلمانی)بوون.نەژادی بنەڕەتیان دیارنییە.

33. G .Sabine , Ahistory of political theory 3rd ed. (New york : Hoit, Rinehart and Winston 1961) p.241.

34. Agarwal, op. cit .p98.

35. Thomas Hobbes, Leviathan, ed. By johnplmenatz (London: Fontana, 1962)p123.

36. Ibod. P.124

٣٧. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی دیدی هۆبز سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ و دۆخی سروشتی بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٥-٢١٢.

38. Hobbes. op. cit .p 176.

39. Sabine, op. cit .p .456.

٤٠. سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٩-٢١٠

٤١. و.ت.جونز.خواوندان اندیشه سیاسی. ترجمة علی راسین. بـەرگی دووەم، بەشی یەکەم(تهران: انتشارات امیر کبیر،١٣٥٨) بەرگی دوەم ،لا٢١٤.

42. Sabine op. cit .p.524.

43. Ibid.p.537.

٤٤. جرج سابابن، تاریخ نظریات سیاسی، ترجمة بهاءالدین ثاساکاد، چاپ دوم (تهـران: انتشارات امیر کبیر، ١٣٥١) لا ١٧٩-١٨٠

٤٥. لـەوەرگێڕانی فارسـی (پـەیمانی کۆمەڵایـەتی)دا دەسـتەواژەیەك وەرگـیراوە بەمجۆرە:(لەگەڵ ئەوەشدا کەمرۆڤ بـەئازادی لـەدیك دەبێت لەهـەموو جێگایـەکی دنیـادا بەکۆیلەیی دەژی. ئەوانەشی کەخۆیان بەخاوەنی کۆیلەکانی دی دەزانن لەهەمانکاتدا لـەژێر دەستەکانی خۆیان کۆیلەترن.)

٤٦. چۆن ئەم گۆڕانە رویدا؟ (وەڵامی ئەم پرسیار دەگەڕێتەوە بۆئـەوەی چـی دەتوانێـت ئەم کۆیلەو بەندییەی مرۆڤ بکاتە رەواو بەراستی بەرەو پێشەوەی ببات؟ گومانم هەیە بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەی دووەم بدەمەوە.)

٤٧. بڕوانـە(ژان ژاك رۆسـۆ)، پـەیمانی کۆمەڵایـەتی، ترجمـة علامحـسین زیـرك زادە چـاپ ششم (تهران: شرکت سهامی ضهر ١٣٥٨) لا ٣٦.

48. J .J .Roussau, the socid Contract (London: Everyman's Library, 1953) p.15.

49. Ibid

50. Ibid. P. 27

51. Gilchrist. op. cit .p. 63.

52. Kaptur . op. cit .p.114.

53. Malver, op. cit .p.439

## -٧-

# ( كاملبونی دەوڵەت )

### ١- تیۆری کاملبون یان مێژوویی دەوڵەت ( فاکتەرەکانی پێکهێنەری دەوڵەت ):

لەتیۆرە جۆراوجۆرەکانی ئاخیزگەی دەوڵەتمان کۆڵییەوەو بینیمان زادگای راستەقینەی دەوڵـەت لـەژێر رووپۆشـی رازەکاندایـە. ئـەم تیۆرانـە، کـە ئاخیزگـەی دەوڵـەتیان روون دەکردەوە، لە باشترین حاڵەتدا هەستو گومـانی شـیمانەی چۆنیەتی پەیدابوونی دەوڵـەت بوون. بەڵام ئێستا توێـژەرانی ئـەنترۆپۆلۆژی، سۆسـیۆلۆژی مێـژووی زانیـاریو دەسـکەوتی راسـتەقینەی زەوەنـدیان سـەبارەت بـەکاملبونی دەوڵـەت پێـشکەش کـردووە. بـە بـڕوای (گارنەر) دەوڵەت ئەفرێنراوی خواوەنـد، بەرئـەنجامی زەبروزەنگـی جەسـتەیی، ئـەفرێنراوی پـەیمانێکی کۆمەڵایـەتی یـان کۆپیـەکی گـەورەتری خێـزان نییـە، بـەڵکو دەرئـەنجامی پرۆسەیەکی پلە بەپلـەی گەشـەکردنی کۆمەڵایەتیـە. وێـڕای ئـەوەش لـەتواناداا نییـە کاتێك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دیاری بکرێت بۆ کاملبونی دەوڵەت. لەراستیدا بەراییەکەی لێڵە، بەڵام بنـەماو بنـچینەی مەبەسـتەکە ئەوەیـە، کـە کۆمەڵگـە بـە قۆنـاغی جیـاوازی گەشـەکردندا تێپەڕیوەو دەوڵەت بەرهەمی رەوتێکی هارمۆنی پەرەسـەندنێکە، کـە تیایـدا گـەلێك فاکتـەر رۆڵی گرنگ دەگێڕن. (گتل) نوسوێتی: (دەوڵەتیش وەك دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لە زۆر پرەنسیپ و لەژێر هەلومەرجی جۆربەجۆرو تا رادەیەکیش هەست پێنـەکراودا پەیـدابوو. ناتوانرێت هیچ ریزبەندییەکی بێچەندوچوون بکرێـت لـەنێوان فۆرمـە بەراییـەکانی دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کە دەوڵەت نین و فۆرمەکانی دواتر کە دەوڵەتن). [1]

تیـۆری مێـژوویی یـان کـاملبون راڤـەکردنی چـەند لایەنـەی دیـاردە سیاسـیەکانی لێدەکەوێتەوەو جەخت لەسەر ئـەو فاکتەرانـە دەکاتـەوە، کـە کاریگـەری لەسـەر پێکهـاتنی دەوڵەت و رێچکەی گەشەکردنی داناوە. ئەو فاکتەرانەش بریتین لە:

١- خزمایەتی.

٢- ئاین.

٣- فاکتەری ئابووری.

٤- کێشمەکێشو جەنگەکان.

٥- پێویستی هێزی سیاسی.

١- **خزمایـەتی:** رێکخـراو و دەسـەڵات یـان فەرمانـدەیی و پـەیڕەویکردن لـە توخمـە بنەچـەییەکانی دەوڵـەتن. ریـشەی ئـەم توخمانـە دەکرێـت لـە پەیوەندییـە بەراییـەکانی خزمایـەتی یـان پەیوەنـدیی خوێنـدا ببینرێتـەوە. ئـەوەی کۆمەڵـە بـچوکە سـەرەتاییەکانی پێکـەوە دەبەسـت، بڕوابـوون بـە چارەنووسـی هاوبـەش بـوو. بـە وتـەی (هێنـری مـاین): (تازەترین توێژینەوەی مێژووی کۆمەڵی سەرەتایی ئاشکرای کردووە، کە قەومو قیلەیی یان خزمایەتی یەکەمین فاکتەری وابەستەیی مرۆڤەکان بووە لە گردبوونەوەیانـدا).[٢] (ماکیڤـەر) لەمبارەیـەوە وتویـەتی: ( خزمایـەتی ئاگـایی هاوبـەش، بەرژەوەنـدی هاوبـەشو ئامـانجی هاوبەشی هێنایەکایەوە. خزمایەتی کۆمەڵگەی ئەفراندو سەرئەنجام دەوڵەتی دروستکرد).[٣]

(ماکیڤەر) لەوبڕوایەدایە یەکەمین جۆری هەموو کۆمەڵێکی ئاژەڵیو مرۆیی خێزانـە، بـەڵام بەندی شـاراوەی خزمایـەتی مەحاڵـە لـە تـەنیایی رووتـدا هـەبێت. رەمـەکی جوتبـوون لاوی خێزانێك بۆ پێکهێنانی خێزانێکـی دیـی نـوێ رێنـوێنی دەکـات و هـەموو خێزانێکـی تـازەش یەکبوونی دوو خێزانی کۆنە.

هێشتا قسەوباس لەسەرئەوە هەیە، کە ئایا خێزان لە پیش خێڵەوەیـە یـان خـێڵ بـەر لـە خێزانەو ئایا خێزانی بەرایی باوکسالاری بووە یان دایکسالاری؟ لەوانەیە بە ئاسانی بتوانرێت بوترێت خێزانی بەرایی فۆرمی جۆراوجۆری هەبوەو لە جوتبوونی بێڕێساوە بگـرە تـا ژیـانی ناو گروپگەلی بچوك، کە تیایدا هاوسەرگیری دەرەکی یاساغ بـوو، لـەخۆدەگرێت. خزمایـەتی خێزانێکە گەورەتر یان پێکهاتەیەکە لە خێزانەکان. خزمەکان بەهۆی پەیوەنـدیی خوێنـەوە، راستەقینە یان وەهمی، پێکەوە بەستراونو خزمایەتیان لە باوانی هاوبەشەوە بۆ ماوەتەوە.

هەستی یەکێتیو هاوبەندییان بەپێی سەرنجدانی سروشتیانە بۆ مافو بەرژەوەندیی ئەندامانی گروپ بەهێز بووە. ملکەچی بۆ باوك لە خێزانو رێزگرتنی خوونەریتی گروپە.

لە پێکهاتنی خێزانەکان نەژادێك یان تیرەیەك هاتۆتە ئاراوە، کە سەرۆکایەتی هەموو خزمەکانی کردووە، تیرەکانیش خێڵیان دروستکردوەو خۆیان بۆ باوانی هاوبەش گێڕاوەتەوە. سەرۆك فەرمانڕەوایی ئەو خێڵانەی کردووە، کە هەموو دەسەڵاتێکی سوپایی، دادوەری و ئاینی لە پشکدا بووە. راستییەکەی ئەوەیە، کە لە هەموو کۆمەڵە بەراییەکاندا، مافو ئەرکەکان تەنها لە نێو ئەو پیاوانەدا پەیڕەوی کراوە کە بڕوایان بە هاوخوێنی هەبوەو بە چاوێکی دوژمنکارانەوە لە بێگانەیان روانیووە. لەمبارەیەوە (گتل) وتویەتی: (دەوڵەت لە خێزانەوە پێگەیشت و ئەرکەکەی وەك ئەرکی گروپەکانی خزمایەتی بوو).[٤] بەوتەی (ماکیڤەر): (سروشتی دەسەڵاتداری ناو خێزانی باوکسالاری رێگای لەبەردەم سەرۆکایەتی خێڵدا هەموار کرد).[٥]

کۆمەڵگە سادەکان لەژێر فەرمانی رستێك خونەریتدا بوون. لەگەڵ گەورەبوونی قەبارەیان هەندێك بەرژەوەندی تایبەتی گرنگی پەیداکردو هەلی زیاتر رەخسا تا ئەرکی دیاریکراو بخرێتە ئەستۆی خەڵکی تایبەت یان گروپە بچوکەکان. ئەم کەسایەتی یان گروپانە جۆرە تازیارێکیان بەدەستهێنا، کە لە هەموو تازیارە بەرجەستەکانی دی ناو کۆمەڵ جیاواز بوو. هەموو ئەو فاکتەرانە لە دروستبوونی جۆرێك دامەزراوەی سیاسی لە قۆناغی سەرەتاییدا بەشدار بوون. رەوتی ئەو گەشەگردنەی، کە بەهۆیەوە دامەزراوەی سیاسی سەرەتایی پەرەی بە کاری تایبەتی خۆیداو جێگای یەکە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی گرتەوە، لە هەموو شوێنێك یەکپارچە نەبوو، هەرچەندە لە هەموو شوێنێك پەیوەندیی خزمایەتی یان وابەستەیی بەراییو بنەمای یەکێتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە بەراییەکاندا هەبوو. ئیدی دوای ئەوە وابەستەیی سەربەخۆ سەریانهەڵدا.

٢- **ئاین:** پاش خزمایەتی ئاین لە ئەفراندنی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو لە پەیدابوونی دەوڵەتیشدا رۆڵی گرنگی گێڕا. (فریزەر) لە توێژینەوەکەیدا لە کتێبی لقی ئاڵتونی پیشانیداوە، کە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی سیاسیدا ئاین فاکتەرێکی گرنگ بووە. بەوتەی

(گتـل) خزمایـەتیو ئـاین دوو رووی یـەك شـتن. كاتێـك پەیوەنـدی خزمایـەتی بـەهۆی فراوانبـوونی خێزانـەكان بـۆ تـیرەو ئـەویش بـۆ خێڵـەكان سـست بـوو، ئـاین بـە تـەنها بـوو بەفاكتەری بەهێزكردنی هەستی یەكێتیو رێز بۆ دەسـەڵات. ئـاین واتـای بـەكاری مرۆڤـەكان بەخشی و رۆڵـی گـەورەی خـۆی بـینی. بیركردنـەوە، خونەریتـەكانی مرۆڤـە سـەرەتاییەكان لەژێر فـەرمانی ئـاینی بەراییـدا بـوو. مـرۆی سـەرەتایی هێزێكـی بیركردنـەوەی سنورداریان هەبوو، نەیانتوانیوە دەرك بە دیاردە سروشتیو كۆمەڵایەتیەكانی دەوروبـەریان بكـەن، ئـەو دیاردانەیان بە رەنگدانەوەی هێزی میتافیزیكی لێكدەدایەوەو پاشان بڕوایان بە خودی ئـەو هێزانـە هێنـا. رای گـشتی وابـوو، كـە هێزەكـانی سـەروویان بڕیـار لـە رێـساكانی خونـەریت دەدەنو پیادەی دەكەن. لەم رێگایانـەوە بـیروڕای ئـاینی یاریـدەدەر بـوو تـا پاشـاگەردانی لەنێو بچێتو مرۆڤە سەرەتاییەكان رێزو پەیڕەویكردن فێربن.

(جنكس) لەو باوەڕەدایە، كە پەرستنی باوانەكان بـە شـێوەیەكی گـشتی ئـاینی سـەرۆك خێزانی باوكسالاری بووە. مرۆڤـە سـەرەتاییەكان سـەبارەت بـە نهێنیـەكانی ژیـانی وەك لـە دایكبوون، مەرگو خەون هیچیان نەزانیوەو زۆر لە ژێركاریگەری ترسـدا بـوون. هەوڵـدان بـۆ دۆزینەوەی نهێنیەكانی ژیان بـەرەو بڕواهێنـان بـە بـوونی رۆحـەكان كێـشی كـردون. رۆحـی سـەرۆكی گـەورەی خێـزان گرنگیـەكی تایبـەتی هـەبوەو رەوشـی پەرسـتنی بـاوانی مـردوو گشتگیر بوو. مرۆڤە سەرەتاییەكان قوربانییـان بـۆ باوانـە مردووەكـان كـردوەو پـەیڕەوی و لایەنگریان لـە دەسـتووری كاركردنـەكانیان كـردوەو هەرچـۆنێك بێـت، هەوڵیانـداوە رێـز لـە مردووەكان بنێن. فیداكاری هاوبەش لە پێناوی باوانەكان پایەی جادوانەی یەكێتیانی هێنایە ئاراوە.[٦]

لە هەمان سەردەمدا تەوتمیەتو بڕوابوون بە هێزی جادویش پەرەیسەندوەو برەوی پەیدا كرد. لە یەكەمین گردبونەوەكاندا سروتو ئەفسونگەری و جادوبازی بەشـێوەیەكی تایبـەتو گشتی پەیڕەو دەكرا. هەر كەسێك بانگەشەی ئەوەی كردبێت توانـای كۆمـەك خواسـتنی لـە رۆحـەكان هەیـە، پێگەیـەكی زۆر باشـی لـە نێـو هەموانـدا بـە دەسـتدەهێناوە. لـەو روەوە جادوگەری گرنگی كۆمەڵایەتی پەیدا كرد، چونكە وا دەردەكەوت خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی وابەستەی جادوەكەی ئەوە. (جیمـز فریـزەر) پێـداگری زیـاتری لەسـەر ئاسـتێكی بـەرزتری

جادوگـەر کـردووە. جادوگـەران، کـە زۆربـەیان خـەڵکی زرنـگ و بێپـەروا بـوون، واخۆیـان دەرخستووە خاوەنی هێزی نائاسایی غەیبزانیو ئەفسونگەرین. خەڵکی لـەو بڕوایـەدا بـوون بەپیتی خاك، بارانبارین یان هاتنی وشکەساڵیو سەرکەوتن یان شکستی سـوپا لـە جەنگـدا زیاتر پـەیوەستن بە سروتو ئەفسونی جادوگەرانەوە تا کارو چـالاکی مرۆڤـەکان. کاریگـەری ئەمانە بە تایبەتی لەنێو جوتیاراندا زۆر زیاد بوو. سەرئەنجام جادوگەران خۆیـان بـە پیـاوی ئایینی پاشا راگەیاند.

کاتێك هۆشیارانی خێڵەکان پەییان بە فریودەری جادوگەران برد، ئەمانە شـوێنی خۆیـان بـەو رۆحانیانـەدا، کـە لـە جیـاتی پەرسـتنی هێـزە سروشـتیەکان بـۆ پارێزگـاریکردنو خۆشگوزەرانی کۆمەڵ، روویان لە خواکان کـرد. دەسـەڵاتی پیـاوانی ئـایینی (رۆحانیـەکان) لەحکومەتو سیاسەتدا بە درێژایی مێژوو گەلێك زۆر بووە. لە یۆنانی کۆندا پاشا دێرینـەکان گـەورە پیـاوی ئـایینیش بـوون. لـە رۆمـای کۆنـدا بـەرزترین پلـەداری وڵات رۆحـانیش بـوو. بەمپێیـە ئاشـکرایە زۆر لـەوە پێـشتر خزمایـەتی بـەهۆی فراوانبوونـەوە ئیـدی نـەتوانێت پەیوەندیـەکانی خـێڵ بپارێزێـت. ئـاین لـە بـواری دۆزینـەوەی یـەکێتی خـەڵكو سـەرئەنجام کۆمەککردن بۆ پەیدابوونی کۆمـەڵی سیاسـی ببـووە هێزێکـی بـە توانـا. ئەگـەر پەیوەنـدی فەرمانو گوێڕایەڵی (پەیڕەویکردن) بنچینەی کۆمەڵی مەدەنی بێت، دەبێت لە گەشـەکردنو گۆڕانی دەوڵەتدا دان بە بەهای بەرزی ئاین دابنرێت.

دەکرێت زۆر نموونەی مێژوویی جۆراوجۆر دەربـارەی کاریگـەری ئـاین لەسـەر فـۆرمگیری کۆمەڵگە سیاسیەکان ئەژمار بکرێت. پەرستنی (یەهوە) گەورەترین هێزی یەکخستنی خێڵـە یەهودیەکان بوو. (دەوڵەت – شار)ەکانی یۆنانو رۆما لە دەوری (ئارك) پێکهاتنو گەشەیان کرد، کە پەرستگای ئەو خوایانە بوون لە لایەن کۆمەڵەوە دەپەرستران. لە شوێنەکانی دیش ئاین کاریگەری گرنگی بەسەر گەشەکردنی دامەزراوە سیاسیەکانەوە بەجێهێشت. لە ئێرانـی کۆنیـشدا (شـا)کـان پلەوپایـەی ئاینیـشیان هـەبوو یـان موغـە زەردەشـتیەکان کـارتێکردنی زۆریـان بەسـەر سیاسـەتەوە هـەبوو. بـەربڵاوی تیـۆری مـافی یەزدانیانـەی پاشـاکان، کـە لەسەدەی هەژدە بە دواوە هێدی هێدی برەوی نەما، بەڵگەی تەواوە بۆ رۆڵی زیندووی ئـاین لەسەر پێکهاتنو بە هەتاهەتایکردنی دەوڵەت. تەنانەت ئەمڕۆش لە هەندێك شوێنی جیهانـدا

ئاین بەردەوام کارتێکردنێکی بەرچاو لە سیاسەتدا پیادە دەکات و تەنانەت حکومەت هەیە لەسەر پایەو بونیادی ئاین دروست بووە. هەموو نمونەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە هەتا ئەمرۆش، ئاین یەکێك لەو فاکتەرانە بووە لە دروستبوونی دەوڵەتدا رۆڵی هەبووە.

٣- **فاکتەری ئابووری:** مرۆڤ بۆئەوەی بژی، پێویستی بە خۆراکەو بۆ بە دەستهێنانی خۆراکیش دەبێت چالاکی بنوێنێت. کاروچالاکی مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی خۆراكو هەروەها پەناگەیەك بۆ درێژەدان بە ژیان، کە سەرئەنجام سامانو خاوەنداریێتی ئەوانی هێنایە ئاراوە، لە پەرەسەندنی دەوڵەتدا پشکێکی گەورەی هەبوو. لەنێو بەراییەکاندا سێ قۆناغی دوابەدوایەکی ئابووری هەبوو، کە ئالۆگۆڕی هاوبەندیان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دروستکرد. ئەو قۆناغانەش بریتیبوون لە قۆناغی راووشکاری، قۆناغی ئاژەڵداری و قۆناغی کشتوکاڵ. هەریەك لەو قۆناغانە بەپێی فۆرمی ژیانی ئابووری رادەیەك لە هاوکاری نێوان خەڵکی پێویستبوو.

لە قۆناغی راووشکاردا خەڵکی لەسەر شێوەی گروپەکان بەردەوام لەباری جوڵەدابوون و بەبێ جیاوازی کۆمەڵایەتی یان چینایەتی پێکەوە دەژیان. ئەم گروپانە لەسەر ئاوێتەیەك لە نەریتو ترادسیۆنی باو دەژیان و لە دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەدا هاوبەش بوون. لەنێو ئەوانەدا خاوەنداری بوونی نەبوو، هێشتا لە هەلومەرجێکی درندەیی سەرەتاییدا دەژیان. لە قۆناغی ئاژەڵداری یان شوانکارەییدا جۆرێك لە کەڵەکە بوونی خاوەنداریێتی، دابەشکردنی دیاریکراوی کارو سەرئەنجام جیاوازی چینایەتی کۆمەڵایەتی راگیر لەسەر سامان پەیدا بوو. دەسەڵاتی پیاوانیش لە ماوەی ئەم قۆناغەدا گەشەی کرد. سەرۆکی خێزان بەسەر ئەندامەکانی خێزانەکەیدا دەسەڵاتی رەهای پیادە دەکرد. دیسپلینی باوکسالارانە رێگەی لەبەردەم زۆرداریدا خۆشکرد. کەڵەکەبوونی خاوەنداریێتی رێکخستنی کردە کاری پێویستو یاساکانی پەیوەست بە دزینی میرات و بابەتەکانی دی پەیوەست بە خاوەنداریێتی دارێژران. سەرئەنجام هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی خێڵ پێشکەوتنو لە رووی ئابرووو، متمانەو کاریگەرییەوە خۆیان لە هاوتاکانیان بالاتر داناو بوون بە سەرۆکیان.

وێڕای ئەوەی لە قۆناغی ئاژەڵداریدا دەوڵەت لەسەر فۆرمێکی سادە دەرکەوت، لەگەڵ هەڵگری تایبەتمەندییەکان یان توخمی کۆمەڵبوون، ڕێکخراو و سەروەری هێشتا دەوڵەتێکی ڕاستەقینە نەبوو. دەوڵەت تەنها لە قۆناغی کشتوکاڵیدا خەسڵەتی ڕاستەقینەیی بەدەستهێنا. لەگەڵ دۆزینەوەو برەوی کشتوکاڵ خەڵك لە شوێن نیشتەجێبونێکی دیاریکراودا وابەستەی خاك بوون. زەوی کشتوکاڵی بووە فۆرمی بنەڕەتی بەرهەمهێنانی سامانو جیاوازی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی سامان پەرەیسەند. بۆ پاراستنی خاوەنداریتیو حەلوفەسڵی ململانێکانی کۆمەڵێك یاساو ڕێسا پێویست بوو. بە بڕوای (ڕۆسۆ، مارکس، ئەنگلس) بنچینەی خاوەنداریتی تایبەت کۆمەڵی چینایەتی ئەفراند، کە دواجار بە دروستبوونی دەوڵەت کۆتایی هات تا دەسەڵاتی چینی خاوەندار بکاتە هەمیشەیی. (گتل) نوسیویەتی: (چالاکی ئابوورییانەی مرۆڤی بەرایی لە چەندین ڕووەوە کاریگەری لەسەر پەیدابوونی دەوڵەت هەبوو. جیاوازییەکان لە پێگەی کۆمەڵایەتیو ساماندا هۆکاربوون بۆ یەکگرتنی چینەکان یان توێژەکانی کۆمەڵ، دەسەڵاتی چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا بە ئامانجی چەوساندنەوەی ئابووری و لە سەرهەڵدانی حکومەتدا فاکتەرێکی گرنگ بوو. هەرهێندە سامان فراوان و هزرو بنچینەی خاوەنداریتی تایبەت گەشەی کرد بۆ پاراستنی مافی خاوەنداریتی و حەلوفەسڵی ململانێ هاوشانەکانی، پێویستی یاسا هاتۆتە ئاراوە).[٧] بە بڕوای (ماکیڤەر)، هاوشێوەیی ڕەگەزو خاوەنداریتی لە ستراکتۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە).[٨]

٤- **کێشمەکێشو جەنگەکان:** ئەو دامەزراوەی بەرئەنجامی پەیوەندییەکانی خزمایەتی، ئاینو چالاکی ئابووری سەرەتایی بوو، خودێتی، سنوردارو بێ‌مێمل بوو. ئەندامێتی لەم دامەزراوەدا لەسەر بنچینەی خزمایەتی بوو نەك لەسەر کۆڵەکەی شوێنی نیشتەجێبوون. یاسا پەیوەستبوو بە کەسەکانەوە نەك وابەستەی خاك بێت. بێگانەکان تەنها لە ڕێگای هاوسەرگیرییەوە دەیانتوانی وەك ئەندامی ئەو دامەزراوەیە پەسەند بکرێن. دابونەریت ژیانی ڕێکدەخست. ئاڵوگۆڕ یان پێشکەوتن بە شتێکی پێویست نەدەزانرا.

گروپی یەکەی بنەڕەتی کۆمەڵ زۆر لە تاك زیاتر خاوەنی ئازادیو سەربەخۆیی بوو. پێشئەوەی سەربەخۆیی بیرو هزری تاك گرنگی هەبێت، پەیوەندییەکانی بەرامبەر بە گرنگتر زانراوە. فۆرمە تەواو سیاسیەکانی گردبونەوەی کۆمەڵایەتی، جگە لە خێزان، گروپی ئاینیو گروپە ئابورییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی جەنگو سەرکەوتنەکانەوە گەشەی کرد. جەنگەکان کۆمەکی بە ئاوێتەبوونی خێزانەکان لەناو تیرەکان، تیرەکان لەناو هۆزەکان و هۆزەکانیش لەناو یەکەی گەورەتری شێوە دەوڵەتدا کرد. لەگەڵ نەمانی وابەستەیی خزمایەتی بۆ درێژەدان بە ئاشتیو سیستمی کارکردن زۆرلێکردن بووە شتێکی پێویست. ئەندامانی گروپێك پێویستبوو لەگەڵ رێبەرێکی ناسراو بۆ بەرگری یان دەستدرێژیکردنە سەر گروپەکانی دیکە بە هەماهەنگی کار بکەن. هێزی سەپێنەری رابەر سەرئەنجام فەرمانڕەوایی سیاسی هێنایە ئاراوەو هەستی وەفادار بوون بۆ فەرمانڕەوا تەلقین و پیرۆز کرا.

فشاری بەرفراوانبوونی دانیشتوان یان کەمبوونی سەرچاوەی سروشتی یان هەردوکیان فاکتەر بوون تا پەیوەندی زیاتر لەگەڵ دەرەوەی گروپ ساز بکرێت و لە زۆر رووەوە دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیگرتنە جەنگو کێشمەکێش بوو. پەیوەندیگرتن بە دەرەوەی جڤات لە هەنگاوی یەکەمدا لاوازەکانی ملکەچی بەهێزەکان کرد یان هۆزە خزمەکانی دژ بە دوژمنێکی هاوبەش یەکخست. بە بڕوای (ماکیڤەر) سەرکەوتن لە جەنگو پیادەکردنی دەسەڵاتی سەرکەوتووانە رێگای لەبەردەم سەرهەڵدانی دەوڵەت هەموار کرد: (لە رەوڕەوەی مێژوودا تا رادەیەك هەمیشە هێزەکانی سەنتەر هاوشان بە هێزێکی زۆرەوە بەشێوەیەکی رێکوپێك فراوان بوون و تەنها پاش دەرککردن و تێگەیشتنی ناچاریانەی پێداویستیەکان بەهای دامەزراندنی سیستمێکی گەورەیان پەسەند کرد).[٩] سەرەڕای ئەوە لەباری نەبوونی ئامرازەکانی خێرای گواستنەوەو پەیوەندی پاش قۆناغی یەکێتی لاوازی کۆنفدراسیۆنی هۆزەکان رێکخراوێکی دیکەی جگە لە ئیمپراتۆرییەك ناکرێت بوونی هەبێت. یەکێتیو کۆنفدراسیۆنی هۆزەکان هەرگیز بەراستی دەوڵەت نەبوون. دەوڵەت لە رێگای دییەوە پەیدابوو، کە سمبولی سەرکەوتنی هزری هێز بەسەر هزری دادپەروەریدا بوو.[١٠] لە قۆناغی کێشمەکێشی نێوان هێزو دادپەروەریدا، لە جیاتی یەکسانی، ملکەچی هاتە ئاراوە.

دەسەڵات بەسەر دۆستایەتیو سیستمی چینایەتی بەسـەر کۆمـەڵی بەرژەوەنـد هاوبـەش و هاوکـاریکردنی بـاڵادا سـەرکەوت. ئـەم ئـاڵوگۆڕە سـەرئەنجام (کەڵەکـەبوونی سـامانی گوێزراوە)ی هەموار کرد .[11]

دامەزراوەی سیاسی لە قۆناغی سەرەتایدا سادەو تـا رادەیـەك چاڵاکیەکانی یەکەیەکـەی تاکەکانی کۆنترۆڵ کردبوو. کاتێك دامـەزراوەی سیاسـی هاتـە ئـاراوە، هـۆزو دەسـەڵاتەکەی بـەهۆی فراوانبـوونی کـۆنترۆڵی بەسـەر مەیـدانێکی بـەرفراوانتری بەرژەوەنـدی خـەڵكو دامەزرانـدنی لێزانانـەی پێکهاتـەی حکومەتەکـەی بـوون بـە دەسپێـشخەر بـۆ گەشـەکردنی دەوڵـەتی نـوێ. بـە گومـانی هەنـدێك لـە فەیلەسـوفە ئەڵمانیـەکانی وەك (نیـچەو تریـشکە) شـەیدایی بـۆ هێـزو هەسـتی خۆپەرسـتی مەیـدان و ئـەنگێزەی پێکهێنـانو دروسـتکردنی دەوڵەتە. لە دیدی (مارکس)ەوە دەوڵەت بەرهەمی چینی دەسەڵاتداری ئابوورییەو ئەم چـینە دەوڵەتی بۆ چەوساندنەوەی خەڵكو هێشتنەوەی خـۆی بەسـەر دەسـەڵاتەوە کـردە هۆکـار. (گـامپلۆڤیتس) بـڕوای وابـوو، کـە جـەنگو ململانێکـان گـرنگترین تـوخمی پێکهـاتنو پەرەسەندنی دەوڵەت بوون.

٥- **پێویستی هێزی سیاسی (هۆشیاری سیاسی):** دوایین فاکتەری گەشەسەندنی دەوڵـەت سـەرهەڵدانی هێـزی سیاسـی بـوو، کـە پێویـستبوونی لەگـەڵ هۆشـیاری سیاسـیدا هەستپێکراو بوو. هۆشیاری سیاسی بریتی بوو لە ناسینی ئەو پێداویستیە دیاریکراوانەی کە دەبوو رێکخراوی سیاسی دەستەبەریان بکات. ئەم پێداویستیانە بـریتی بـوون لـە دامـان بـۆ ئاسایشی کەسێتی و پاراستنی خاوەنـدارێتی، پێویـستی بـەرگریکردن لـە بەرامبـەر هێرشـە دەرەکیــەکان و پێداویـستی گەشــەکردنو گــۆڕانی کۆمەڵایــەتی، مــۆراڵیو هــزری. ئــەم پێداویــستیانە بوونــەهۆی پەیــدابوونی هێــزی سیاســی و پەســەندکردنی هۆشــیارانەی دامەزراوەی سیاسی لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجی دیاریکراو. ناتوانرێت بوترێت، کـە ئاگایی سیاسـی دەقـاودەق لـە چـی کاتێکدا بـۆ یەکـەمینجار خـۆی دەرخـست. دەبێـت لـە سەرەتادا لـە هـزری هەندێکدا دەرکـەوتبێتو پلەبەپلـە لـەنێو ژمارەیـەکی زیـاتری خەڵکدا بڵاوبووبێتەوە. بەبڕوای (ماکیڤەر) ناکرێت بوترێـت کـە: (کـەی یـان لـە کـوێ دەوڵـەت دێتـە

ئاراوه. به دڵنیاییەوه دەوڵەت ریشەی لەنێو مەیلی گشتیدایه بۆ رابەرایەتیکردنو ملکەچی، بەڵام کاتێك سەرهەڵدەدات که دەسەڵات بۆ حکومەتو نەریت بۆ یاسا بگۆرێت (١٢)). دامان بۆ پارێزگاریکردنی کۆمەڵایەتیو حەز بۆ هێز هانی پێکهاتنی دامەزراوەی دەوڵەتیدا. ئەم دوو ئەنگێزەیە هاوشان بوون تا دژ بە دوژمنانی دەرەکی هێزی چەکدار پێکبهێنرێت. وادەردەکەوت هێزی سەرۆك هێزی گەل بێت. سەرفرازی سەرۆکیش سەرفرازی ئەوان بوو. دەوڵەت لە باری گەشەکردندا بە دامەزراندنی ئاشتی لە ناوخۆ و جەنگ لە دەرەوە بووە کارگوزاری دەسەڵات.

دەسەڵات، پیادەکردنی کاریگەرانەی ویست، هەرگیز بە واتای ملکەچی رووتی ژمارەیەکی زۆر لە بەرامبەر یەك تاکەکەسدا نەبووە. هێز بەسەر پێکهاتەیەکی چینایەتیدا ئاماژەیە کە سەرچاوەکەی لەناو نایەکسانی خودی ئامادەییەکانی مرۆڤدایە. لە جەنگە جۆراوجۆرەکاندا هاوپەیمانان و گروپە چاکەکان لەسەر ئەم یان ئەو بنچینەیە بانگەشەی مافی زیاتر دەکەن:

**(ئەمانە بەهۆی خۆسەپاندنیان بەناوی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لەباری گەشەکردندا بانگەشەکانیان بە هێز دەکەن، لەو رێگایەوە ئامانجەکانیان دەستەبەردەکەن و پشتگیری کۆمەڵایەتیانە لەو حکومەتە دەکەن، کە فراوانبوونی دەسەڵاتدارییەکەی پێویستە. بەڵام لەم رەوتەدا دەوڵەت دەبێتە چینایەتی و تازیاری گروپی خونەریتی هۆزایەتی سنوردار دەکات. سیاسەتی دەوڵەت لەسەر رێچکەی دەستەبەرکردنی ئامانجی دەسەڵاتداران بەرەوپێشەوە دەچێت و لە ئامانجەکانی خۆشگوزەرانی گشتی دوردەکەوێتەوە).**[١٣]

دەوڵەت لەگەڵ چینە داراکاندا یەکسان دەبێت. دەوڵەت دەبێتە بەرجەستەکاری دەسەڵات.

لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاری سیاسیدا ئەرکەکانی دەوڵەت زۆرتر دەبێت. دەسەڵاتی حکومەت نەریتێك کە بۆ یاسا گۆراوە، پیادە دەکاتو نیشتمانپەروەری جێگای پەیوەندییە خێزانیو ئاینیەکان دەگرێتەوە.

لەو لێکۆڵینەوەیەی سەرەوەدا دەربارەی فاکتەرە کاریگەرەکانی پێکهێنانی دەوڵەت دەردەکەوێت، کە لە مێژووی شارستانیدا ناتوانرێت هیچ کاتێك بۆ پەیدابوونی دەوڵەت

دەستنیشان بکرێت. لەوێوە کە دەوڵەت دیاردەیەکی لەباری گەشەکردندا بووە، تەنها دەکرێت ئەو فاکتەرانە دەستنیشان بکرێن کە رۆڵیان لە پێکهێنانو گەشەکردنی دەوڵەتدا گێڕاوە. ئەو فاکتەرانەش وەك بینیمان خزمایەتی، ئاین، پێداویستیە ئابورییەکان، جەنگو سەرهەڵدانی هێزی سیاسی بوون، کە پێکەوە کاریانکردوە: (هەندێك گرنگتر بوون و هەمووشیان بە کۆمەکی هێزە مێژووییەکانو مەیلە سروشتیەکانی مرۆڤ رەوتێکیان دروستکرد، کە خەڵکی ناشارستانی لەو هەلومەرجە دەرکەوتنو بوونە پاشکۆی دەسەڵاتی دەوڵەت).[١٤]

پەرینەوە لە دامەزراوەی خێڵەکییەوە بۆ دامەزراوەی سیاسی لە هەموو جێگایەکدا وەکیەك نەبوو. کاتی پێویستیش بۆ ئەم رەوتە پەیوەندی هەبوو بە هەلومەرجو دۆخی فۆرمگیری دەوڵەتەکانەوە. دامەزراوەی حکومەت، پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی و رێسای رەفتاریش جیاواز بوو. بەمپێیە دەوڵەت دیاردەیەکی دینامیکییە، کە دوا هۆکاری نازانرێت. دوا هۆکاری پەیدابوونی تەنها سیاسەتمەدار دەتوانێت بە گومانو هەست بیدۆزێتەوە. تیۆری پەرەسەندن کەمێك لەو هەستە زیاتر دەڕوات و بە ئاشکرا پیشانی دەدات، کە دەوڵەت دیاری خوا نییە، بەڵکو کاری هەڵسەنگێنراوی خودی مرۆڤە. لە راستیدا دەوڵەت:

**(پەرەسەندنی پلە بە پلەو سروشتیانەی مێژووییە. دەوڵەت بەخشراوی هێزە ئاسمانیەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی هەڵسەنگێنراوی کاری خودی مرۆڤە. بەڵام سەرەتاکانی لەنێو رابردووی پڕ غوباردا بزر بووە، کە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان نا ئاگایانە پەیدا دەبوون و گەشەکردنو گۆڕانەکانی پەیڕەویان لە یاسا گشتیەکانی پەرەسەندن کردووە ).[١٥]**

### ٢- گەشەکردن و گۆڕانی دەوڵەت:

پەرەسەندنی دەوڵەت لەسەر یەك ریتم، سیستماتیك و بەردەوام نەبووە. هەندێك لە توێژەران لەو باوەڕەدان ئەوەی دەوڵەت بە خولێکی رێکوپێك و تەواو دیاریکراودا تێپەڕیبێت، لەگەڵ واقعی مێژوویی ناگونجێتو هەر لە سەردەمی پێکهاتنی دەوڵەتە بەراییەکانەوە تا دەوڵەتی نوێ هیچ پەرەسەندنێکی یەك جۆری دەوڵەت بوونی نییە.

فاكتەرە جیاوازەكان فۆرمی جۆراوجۆری حكومەتەكانی لە كۆمەڵگە جیاوازەكاندا هێناوەتە ئاراوە. بەڵام لە رووی مێژووییەوە ئیمپراتۆرییە سەرەتاییەكان، دەوڵەت – شارەكان، ئیمپراتۆریی رۆما، حكومەتی فیودالیو دەوڵەتی نوێ فۆرمی پەرەسەندنی دەوڵەت بوون.

**أ– فۆرمی خێڵەكیانەی دەوڵەت:**

یەكەمین شێوەی دامەزراوەی سیاسی وەك فۆرمی خێڵ پەیدا بوو. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆكرد، وێنە بەراییەكانی دەوڵەتداری لە كۆمەڵگەی باوكسالاریدا هەبوو، كە خاوەنی دامەزراوەو دەسەڵات بوو، بەڵام خاكی بەرفراوان یان دانیشتوانی زۆر نەبوو. فۆرمی خێڵەكیانەی دەوڵەت بە شێوەیەكی گشتی بچوك بوونو ئەو كەسانەی لەخۆ دەگرت، كە خزم بوون. هەندێك لەم هۆزو خێڵانە دەوارنشین بوون، بەڵام زۆربەیان لە شوێنی دیاریكراودا نیشتەجێ ببوون. دەسەڵاتی سیاسیان كەم بوو، چونكە بەراییەكان بە شێوەیەكی سەرەكی لە ژێر سەروەری دابونەریتی كۆنی رابردوودا دەژیان. فەرمانڕەوایی لەژێر كۆنترۆڵی سەرۆك خێڵەكاندا بوو. لە هەندێكیاندا دەسەڵاتی سەرۆك رەها بوو، بەڵام لە هەندێكی دیكەیاندا هێزەكەی لەلایەن ئەنجومەنی جەنگاوەرانو گروپگەلی لەو شێوەیەوە سنوردار دەكرا. لە هەندێك رووەوە دەسەڵاتی سیاسی میراتگرانە بوو، لە هەندێكی دیكەدا ئەندامانی خێڵ سەرۆكیان هەڵدەبژارد. هەندێكجار دامەزراوەی خێڵ هەمیشەییو هەندێكجاری دیكە كاتی بوو. لە هەندێك رووەوە چەند خێڵێك یەكیان دەگرت تا یەكێتیەك یان كۆنفدراسیۆنێك پێكبێنن. بە بڕوای (ماكیڤەر) ئەمجۆرە فۆرمی خێڵانە هەرگیز وەك دەوڵەتێكی راستەقینە گەشەیان نەكرد، چونكە لە ژیانی مرۆڤی سەرەتاییدا زیادە سامان نەبوو تا سیستمی چینایەتی لەسەر پێكبێتو دەوڵەت جودا لە كۆمەڵگە پەیدا ببێت. تەنانەت ئەمڕۆش لە هەندێ ناوچەی تازە گەشەكردوی جیهانداو لەنێو خەڵكێكی دواكەوتوودا فۆرمی خێڵەكیانەی دامەزراوەی سیاسی هەر ماوە .

### ب- ئیمپراتۆری خۆرهەڵاتی:

یەکەمین دەوڵەتەکانی سەر زەمین، ئەو ناوەی بە باڵایاندا براوە، دەوڵەتانی ئیمپراتۆرییە خۆرهەڵاتیەکان بوون. لە دۆڵە بە پیتەکانی نیل، گنگ، سەند، میزۆپۆتامیا، روباری زەردو یانگ تسە یەکەمین شارستانیەکان سەریانهەڵداوە. دانیشتوانی ئەم دۆڵانە سامانیان گرد کردۆتەوەو ئەو شارانەیان دروستکرد، کە سەنتەری سامانەکەیان بوون، کە ئەمەش مەرجی یەکەمی پەیدابوونی ئیمپراتۆرییەکان بوو. کەسانێکی خاوەنی سامانو ئارامی زیاتر بوون و سەرئەنجام بەسەر ئەوانی دیدا زاڵ بوون. ئیمپراتۆرییە دێرینەکانی وەك سۆمەریەکان، ئاشورییەکان، ئێرانیەکان، میسریەکانو چینیەکان هەمووان لە شارەکاندا چڕببونەوەو نەزمێکی سوپایی راگیر لەسەر سیستمێکی سەختی فەرمانداریيان هەبوو. دەوڵەت بە هێزی سوپایی و هەیبەتی ئایینیەوە بە جۆرێکی دووهێند چەکدار بوو.

ئیمپراتۆرییە سەرەتاییەکانی خۆرهەڵات چڕبوونەوەیەکی زۆریان نەبوەو لە خێڵە ملکەچەکان پێکهاتوون، کە لەکارکردندا ئۆتۆنۆمی لۆکاڵیان هەبوو، بەڵام لە ژێر چاودێری سەختی سەنتەردا ئەرکی ئەوەیان لەسەر شان بوو پێداویستیەکانی دەستەبەر بکەنو سەربازی بکەن و باج بدەن. ئەم خێڵانە دامەزراوەی بەرهەمهێنەری سەرباز و دارایی بوون بۆ ئیمپراتۆریی و بنەماکەیان لەسەر سامان، هێزی سوپاییو کۆیلەداری رۆنرابوو. لە نێو ئیپمراتۆریدا خێڵەکان بە شێوەیەکی تەواو هاوبەندی یەکدی نەبوون. وەفاداریی گشتی لە ئارادا نەبوو. دەسەڵاتی ئیپمراتۆرییەکان لەسەر ترسو زۆرداری بوو، کە بەسەر هەموو خەڵکدا دەیانسەپاند. بەهۆی نەبوونی توانای پەیوەندیگرتنی خێراوە وەکیەکی پیادەکردنی دەسەڵات لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەکەدا دژوار بوو. بەمپێیە فەرماندارە هەرێمیەکانو حوکمڕانی ویلایەتەکان زۆرجار دەکەوتنە گومانەوە دژ بە ئیمپراتۆر دەسیسە ئەنجام بدەن و بە ئامانجی جیاوە ویستی ئەزموون بکەن. لە دەرباری خودی ئیمپراتۆردا نەجیبزادە بەهێزەکان بە تاسەوە چاوەنواڕی گرتنی جڵەوی حوکم بوون. بەمپێیە ئیمپراتۆرییە سەرەتاییەکان دەسکەلای ناجێگیریی بوون. ئەم ئیمپراتۆرییانە ( لە باشترین حاڵەتدا

کۆمەڵێ دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆ بوون و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی نەك تەنها لەمەوە بەو زنجیرەیەدا، بەڵکو لەم شارەوە بۆ ئەو شاریش دەگوێزرایەوە).[١٦]

لە ئیمپراتۆرییە خۆرهەڵاتیەکاندا، کە لەسەر نەتەوەی جۆراوجۆر راگیر بوون، یەکێتیو هاوبەندی ناوخۆیی بۆ دەوڵەتو ئازادی بۆ تاك مەحاڵ بوو. هەرکاتێك زنجیرەی حوکمداری لاواز دەبوو، ئیمپراتۆرییەکە هەڵدەوەشا. هێزی زۆرداری راگیر لەسەر زۆرەملێی رووتو دژ بەویستی گشتی بوارێکی بۆ پێشکەوتنی تاك یان سیاسی نەدەرەخساند. بەڵام ئەم ئیمپراتۆریانە بەباشی کاریان کردبوو لەهەمبەر هەڵتەکاندنی پایەکانی پەیوەندیی خزمایەتی ناو فۆرمی سنورداری خێڵەکیانەی دامەزراوەی سیاسییەکان و ئاشناکردنی خەڵکی بە ملکەچی نواندن بۆ دەسەڵاتێکی بێسنورو گەورەتر.

**پ- دەوڵەت - شارە بەراییەکان:**

ئیمپراتۆرییە خۆرهەڵاتیەکان هێزێکی نێوکیشوەری بوون و لەنێو دۆڵەکاندا شارستانی خۆیان پێکهێنابوو. بەڵام لە جێگاکانی دی خەڵکی پلەبەپلە بەهێزو سامانی دەریا ئاشنا بوون و لە کەنارەکانی دەریای ئاژەو دورگەکانیدا یەکەمین ئیمپراتۆریی دەریایی، فۆرمێکی نوێی هێزی سیاسی سەریانهەڵدا. ئەم شارستانیە دەریاییانە لەگەڵ شارستانیەکانی سەر وشکانی میسر، هندستان یان ئاسیای بچوك جیاواز بوو، پاشماوەی رۆشنگەریانەی لە کریت، تەروا، مەکدۆنیاو شوێنەکانی دی بەجێهێشت. لەبارێکدا دەوارنشینەکان (جموجولێکی بێسامان)و جوتیاران سامانێکی جێگیریان هەبوو، ئەو خەڵکەی لە پاڵ دەریادا دەژیان، شتێکیان لە هەردوو تازیارەکە هەبوو. خەڵکانی ئەم دەوڵەتانە ئازادانە ئاوێتەی یەکدی دەبوون. بۆنمونە، لە (ئۆدیسە)دا (کریت) بە خاکی پێنج گروپ لە خەڵك زانراوە. لەمجۆرە دەوڵەتانەدا نەك تەنها ئاڵوگۆڕی هەمیشەیی بەرهەمەکان، بەڵکو ئاڵوگۆڕی هزریش لەئارادا بوو.

هەرچەندە شارستانی پێشکەوتوو لە (تەروا، کریت، مەکدۆنیا)و شوێنەکانی دی پەیدابوو، بەڵام لە یۆنان کەلتوری (هیلینیزم) لە سەدەکانی پێنجەمو چوارەمی پێش زایین بە ترۆپکی گەشەکردنی خۆی گەیشت. خاکی یۆنان بەهۆی چیاکان و دەریاوە بۆ چەندین

دۆڵو دورگـه دابەشـبووبوو. ژینگـه سروشـتیەکەی بـۆ گەشـەکردنی چـالاکی ئۆتۆنۆمیانـەی (دەوڵەت – شار)ەکان فاکتەری یاریدەدەر بوو. یۆنانیـەکان بـۆ (دەوڵـەت – شـار)ەکانیـان وشـەی (پـۆلیس) یـان بـەکارهێناوە. پـۆلیس بـە واتایـەکی ورد شـوێنێکی قـایمکراوی سـەربەرزاییەك بـوو، کـە دانیـشتوانی دەوروبەرەکـەی لـە کـاتی نزیکبوونـەوەی دوژمنـدا دەیـانتوانی پـەنای بـۆ ببـەن. هەریـەك لـەو شـارانە بـەهۆی رێگـری سروشـتییەوە ژیـانی هەمەلایەنەی تایبەتی خۆی گەشەپێداو کۆمەڵگەی خۆی کامڵ کرد.

ئەندازەی (دەوڵەت – شار)ەکانی (یۆنان) بچوك بوو. لە سەدەی پێنجـەمی پـێش زایـندا ژمارەی دانیـشتوانی (ئەسـینا) نزیکـەی (١١٩) هـەزار کـەس بـوو، کـە نزیکـەی (٤٠) هـەزار کەسیان بە هاوڵاتی ئەژمار دەکران. زۆرینەی دانیشتوانی ناودارترین (دەوڵەت – شار)ەکانی (یۆنان) کۆیلە بوون. لە (سپارتە) جگە لە کۆمەڵێکی بچوکی هاوڵاتیان غولام و (دانیشتوانی دەوروبەر) هەبوون بەبێئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت و باجو خەراجیان دەداو راژەیان بە سیـستم دەکـرد. ژیـانی گـشتی چـالاکی شـارە یۆنانیـەکان هۆشمەنـدیو وزەی هزریـی مرۆڤـەکانی تیـژترو هەسـتیارتر کـرد. دەبـوو هاوڵاتیـان لـە کارەکـانی حکومەتـدا هاوکـاری چالاکانە بکەن. بێگومان لە کەشێکی لەوجۆرەدا زۆرداریو ستەمکاری مەحاڵ بوو. بەوپێیـە هەموو شارێك پەرەی بە ژیـانێکی نیـشتمانپەروەرانەی بـەربڵاوداو توانـستەکانی هاوڵاتیـانی بۆخۆی کێشکرد، بەجۆرێك کە ژیانی هاوڵاتیان لەگەڵ ژیـانی شـار یەکـسان بـوو. (ئەسـینا، سپارتە، کورینت، ئارگۆسو تیس) لە گرنگترین (دەوڵەت – شار)ەکانی (یۆنان) بوون.

لەبارێکـدا (دەوڵـەت – شـار)ەکـانی (یۆنـان) بـە ئاسـتی بـەرزی سیاسـی گەیـشتو لـە فۆرمگیری دامەزراوەی حکومەتو ئازادی تاکدا رۆڵێکی گرنگی گێڕا، هەندێك دژواری نوێـشی هەبوو. ریزبەندییە ناوخۆییـەکانی شـار بوونـە هـۆی نـاکۆکی نـاوخۆییو کینـدۆزیو ئیرەیـی نێوان شارەکان بوونە رێگر لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوی (یۆنان)ی. جەنگە چەندبارەکانی نێوانیان توانستی گرنگترین شـارەکانی پوکانـەوە. ئـەم شـارانە لـە باشـترین حاڵەتدا کۆنفرادسیۆنێکی لاوازیان پێکهێنـا. نـەبوونی یـەکێتیو دیسپلین لاوازیـی سـەرەکی سیستمی سیاسی (یۆنان) بوو. لەبەرئەوە یۆنانیەکان لاواز بوون و بە ئاسانی بوونـە پـاروی مەکدۆنیو پاشان رۆمەکان.

سـەرەڕای ئـەوەش چـەمکی (دەوڵـەت – شـار) واتـە هاوبەشـی سیاسـی گـشتگیر، جەختکردنەوە لەسەر خۆبەڕێوەبردن (واتە سەربەخۆیی)و ئوتارکی (واتە خۆپەرستی) بووە ڕێگری گەورەی بەردەم پەرەسەندنی ڕۆحیـەتی یۆنـان. چـەمکی هاوڵاتیبونەکـەی (خـەڵکی خـراپ، ناوچـەیی‌و بێگانـەکان‌و سـەرەڕای ئەوانـەش غولامـە زۆرەکـان یـان کۆیلـەکان)ی نەدەگرتەوە.

**ت– ئیمپراتۆری ڕۆما:**

لە کاتێکدا (دەوڵەت ـ شار)ەکانی (یۆنان)ی بەرەو پوکانەوە دەچوون، چەمکی دەوڵـەت لە کۆمەڵە نوێیەکانی دەریای ناوەڕاستدا، لە کۆلۆنیەکانی هیلنی ماگناگراسـیا، لـە کارتـاژ و لە ڕۆم لەباری گەشەکردندا بوو. سەرەتاکانی ژیانی سیاسی ڕۆما وەك یۆنان بوو، (دەوڵـەت – شار)ەکانی زۆر بە دەوڵەت ـ شارەکانی یۆنان چووە، بەڵام ئەم دەوڵەتە بەسـێ قۆنـاغی گەشەکردندا تێپەڕی: یەکەم، قۆناغی (دەوڵەت ـ شار). دووەم: قۆناغی کۆمـاریی. سـێیەم: قۆناغی ئیمپراتۆریی.

لەقۆناغی یەکەمدا، کە تا (٥١٠)ی پیش زاین بەردەوام بوو، دەوڵەتی ڕۆما هەمان ویـستی (دەوڵەت ـ شار)ەکانی یۆنانی خستۆتەڕوو. لە مـاوەی ئـەم خولـەدا سـەرۆکی (دەوڵـەت ـــ شـار)ی ڕۆمـا پاشـا بـوو، کـە لـە هـەمان کاتـدا سـەرۆکی میراتگـر، باوکـسالاری خـەڵکی، فەرمانڕەوای هەڵبژێراوی دەوڵەت، دکتـاتۆر، پاشـاو پیـاوی ئـاینی بـوو. نـەجیبزادەییش لـە دەسەڵاتی سیاسیدا پشکی هەبوو. پاشا لـە پرسـە چارەنوسـسازەکاندا لەگـەڵ ئەنجومـەنی بەتەمـەنانی (سـەنا)، کـە لـە نزیکـەی سـێ سـەد ئەنـدام لـە خێزانـە چاکەکان پێکهـاتبوو، گفتوگۆی دەکرد. بە گشتی پەیڕەوی لە ڕاسپاردەی بەتەمەنەکان دەکرد. خەڵکە بێ زەوی‌و موڵکەکان، کە بە (پلێبیۆن – PLebion) ناوزەد دەکران، خاوەنی هیچ مافێکی مـەدەنی نـەبوون. هێـزی سیاسـی لـە دەسـتی دەوڵەمەندەکانـدا بـوو، کـە بـە (پاتریـسیان – Patrician) نـاودەبران. بـەڵام ڕۆمـا لـە ڕێگـەی فراوانکردنـی پلەبەپلـەی هـاوڵاتی بـوونی خۆیەوە توانی یەکێتی‌و جێگیری سیاسی دەسـتەبەر بکـات، ئـەو دەسـتکەوتەی لـە یۆنانـدا بێئاکام بوو.

کۆماری ڕۆما لە ساڵی (٥١٠)ی پێش زاین دامەزرا، بەڵام کۆماری خەڵکی نەبوو، کۆماری پاتریسیانەکان (دەوڵەمەندەکان) یان ئەرستۆکراتەکان (نەجیبزادەکان) بوو. پشکی مەدەنیو هێزی سوپایی لە ئەستۆی دوو سەرۆکی گەورە نران، کە لە دواییدا بە (کۆنسۆڵ) ناسران. لە ماوەی نزیکەی دوو سەدەدا (پاتریسیان)و (پلێبیۆن)ەکان دوچاری کێشمەکێشی سیاسی بوون. ئافاتو زیانە ئابوورییەکانی جەنگە ناوخۆییەکانی کۆماری ڕۆما ئەو کێشمەکێشەی تیژتر کرد. سەرئەنجام (پلێبیۆن)ەکان توانییان مافی یەکسانی سیاسیو مەدەنی بۆ چینەکەیان بەدەست بێنن. لەوە بەدواوە پێویست بوو یەکێك لە(کۆنسۆڵەکان) لە(پلێبیۆن)ەکان بێت. دواجار هەردوو چینی (پاتریسیان)و (پلێبیۆن)ەکان وەك یەك گروپی هاوڵاتیان لێهات. دەستور یان دامەزراوەی کۆماری ڕۆما لەسەر چوار کۆڵەکەی سەرەکی راگیر بوو: دەسەڵاتی دابەشکراو، خولی کورتی بوون بەسەرۆك، فەرمانڕەوایی گشتی، دەسەڵاتی سوپایی سنورداری سەرۆکەکان. ئۆرگانە گرنگەکان بریتیبون لە: سەنا، کۆمیتەکانی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی نەتەوەو خێڵەکانو ئەنجومەنی کۆمەڵانی خەڵك.

ڕۆما خولەکانی سەرکەوتن و فراوانخوازییەکانی بە داگیرکردنی دەوڵەتە هاوسێکانی دەسپێکردو پاش داگیرکردنی سەرانسەری ئیتالیا، کارتاژی وێرانکردو هەندێك بەشی ئیمپراتۆری (ئەسکەندەر)ی لە خۆرهەڵات کۆنترۆڵ کرد. نزیکەی یەك سەدە پێش زاین ڕۆما بووە ئیمپراتۆرییەکی جیهانی، کە سیستمێکی کاریگەری پسپۆڕی بەڕێوەبردنی چڕی سەرانسەری ئیمپراتۆرەکەی لە دەستدابوو. لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی حکومەتی ئیمپراتۆری چڕبوونەوەی دەسەڵات بوو لە دامەزراوەیەکی گونجاودا. ئیمپراتۆر بووە سەرۆکێکی زۆردارو چیدی ئەرکی گرنگ نەخرایە ئەستۆی گروپەکانی خەڵك. (سەنا) هێدی هێدی کشایە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆر. سەرئەنجام فەرمانەکانی ئیمپراتۆر وەك یاسا فەرمیەتی وەرگرت و پەرستنی بوو بە ئەرکێکی نیشتمانی. لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زاینیدا بە پەسەندکردنی کریستیانی وەك ئاینی دەوڵەت ئیپمراتۆر وەك پیادەکاری ویستی خوا لەسەر زەوی ناسرا. هەموو خواستەکانی ڕۆما بریتیبوون لە یەکبوون، سیستمو بەنیشتمانبوونی جیهان.

رۆمـەکان سـەرکەوتوو بـوون لـە پێکهێنـانی رێکخراوێکـی ئیمپراتۆریانـە. ئـەوان کەسـانی ئارام، پراکتیك و شـارەزا بـوون. بـە جیهانیـان سـەلماند، کـە دەکرێـت دەوڵـەتی فـراوانیش سەقامگیر بێتو باش بەڕێوە ببرێت. لـە گـەورەترین دەسـتکەوتە سیاسـیەکانیان دەکرێـت ئاماژە بۆ دارشتنی کۆمـەڵێك یاسـای گـشتی بکـەین. بـەڵام لـە هـەناوی ئیمپراتـۆری رۆمـادا لاوازی تایبەتی هەبوو، کە هەڵوەشاندنەوەی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەقوربانیکردنی ئازادی تاك لـەپێناو یـەکێتی سەرانـسەریدا لەخاڵـە لاوازەکـانی بـوو. سیاسـەتمەدارەکانی رۆمـا هێنـدە هۆشیار نەبوون تا پایەی سیاسی ئیمپراتۆرییەکی جیهانی شارستانی بینا بکـەن. کارامـەیی بێگیان، کە خاڵی ناسراوی حکومەتی رۆما بوو، گەندەڵی چینی بـاڵا، بنکـەی بـێ متمانـەی ئـابووریی ئیمپراتـۆری، بێئاکـام بـوون لـە جێگرتنـەوەی ئیمپراتۆرەکـان بـە ئاشـتیانە، پەرشـوبڵاوی مەزهـەبیو هێرشـی بەربـەرەکان هـەموو ئەوانـە بـۆ لەبەریـەك ترازانـدنی ئیمپراتۆری رۆما کاریگەر بوون. بەگوتەی (گتیل): (یۆنان توانی دیموکراسییەکی بێ یەکێتی دابمـەزرێنێت. رۆمـا یـەکێتی دۆزییـەوە، بـەڵام بـەبێ دیموکراسـی). بـەڵام رۆمـا کۆمـەکی بەئالۆگۆڕێکی سیاسی کرد: یەکێتی بەربڵاو، تاکە یاسایی، دامـەزراوەی حکومـەتیو ئاشـتی جیهانیی، کە لەو سەردەمەدا بۆ فۆرمگیربوونی دەوڵەت زۆر پێویست بوون.

### ج- حکومەتی فیودالی:

دژوارە بوترێت حکومەتی فیودالی کەی دامەزرا. پاش دارمانی ئیمپراتۆری رۆما ئەوروپای خۆرئـاوا دوچـاری پەرێـشانی بـوو. ئیمپراتـۆری رۆمـا لـەنێوان هـۆزە سـەرکەوتووەکانی (توتنی)دا، کە لە باکورەوە هێرشیان کردبووە سەری، دابەشکرا. ئەو هۆزانە هێشتا لەسـەر شێوەی بەرایی کۆمەڵایەتی دەژیانو هیچ وێناکردنێکیان بـۆ دەسـەڵاتێکی سـەنترالی بـەهێز نەبوو. ئەگەر دەسەڵاتێکی لەوجۆرەش هەبوو بێـت، بـە گـشتی لەسـەر وەفـاداری کەسـێتی بەند بووە. ئەمانە هەروەها حەزیان بە سەربەخۆیی لۆکـاڵیو ئـازادی هـەبوو. سـەرانی ئـەم خێڵانە خەڵك هەڵیاندەبژاردنو هـەموو پیـاوە ئازادەکـان لـە کاروبـاری گـشتیدا بەشـدارییان هەبوو. سیستمی سیاسیانەی (تـوتنی)یـەکان، کـە لەسـەر تاکگـەرایی، ئـازادیو ئۆتۆنۆمی لۆکاڵی بەند بـوو دروسـت خـاڵی بەرامبـەری هـەموو خواسـتەکانی دەسـەڵاتو سـەنترالیزمی

رۆمیەکان بوو. بەبڕوای (ماکیڤەر)، لەو سەردەمەدا دەوڵەت لە ئەوروپای خۆرئاوادا نەبوو یان لەو کۆمەڵەدا نەشیاو بوو. دواجار سیستمی فیودالی لە ئەوروپای خۆرئاوادا فراوانو برەوی پەیدا کرد. مەیلی فیودالیزم بۆ پەیوەندییەکی ئابوورییانەی تایبەتی خزمایەتی بوو. بوونە خاوەن سامانو هەبوونی پلەی فەرمی بوو بە میراتی. بیروباوەڕی ئایدیالیستانە بەسەر هزرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەجۆرێك زاڵ بوو، کە تا ئەو کاتە لە مێژووی شارستانی ئەوروپای خۆرئاوادا نەبینرا بوو.

لەگەڵ لاوازبوونی بازرگانی زەوی بۆ سەرچاوەی سەرەکی سامان گۆڕا. لە سیستمی فیودالیزمدا دەسەڵاتی سیاسی وابەستەی زەوی بوو. پەیوەندی تاك بەزەوییەوە مافو ئەرکە سیاسیەکەی دیاریدەکرد. خودانی گەورە زەوییەکەی لە نێوان کرێگرتەی بنەڕەتی یەکەم و ئەوانیش بە کرێگرتە بچوكو ئەمانیش بەسەر رەعیەت و غولامدا دابەشیان دەکرد. بەمجۆرە زنجیرەی پلەدارێتی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنچینەی چۆنایەتی خاوەنداریێتی زەوی دروست ببوو. رەعیەت بە پاشکۆی خودانەکەی دادەنراو ناچاربوو راژەی سەربازی ئەنجام بدات. پەیوەندی خودانو رەعیەت تەواو کەسێتیانە بوو. موڵکی خودان بە (فیف) ناودەبرا، لەو روەوە زاراوەی (فیودالیزم) بۆ وەسفکردنی هەلومەرجی باو بەکاردەبرا. بەکورتی تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی فیودالیزم بریتی بوون لە:

١- رەعیەت چاوی لەدەستی خودان بوو.

٢- پەیوەندیەکی کەسێتی لە نێوان خودان و رەعیەتدا هەبوو.

٣- خودان دەسەڵاتێکی تەواو بێ سنوری بەسەر دانیشتوانی موڵکێکدا هەبوو.

٤- خودانی گەورە یان پاشا لەسەرەوەی زنجیرەی پلەداری کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە کۆنترۆڵکردنێکی ناڕاستەوخۆی بەسەر رەعیەتو غولامەکان لەبەشی خوارەوەی زنجیرەکەدا پیادە دەکرد.

وەفاداری رەعیەت سنوردار بوو. لەبەرئەوە لە سیستمی فیودالیزمدا بیرۆکەی دەسەڵاتی حوکمڕانی بونی نەبوو. لەجیاتی سیستمی یەکجۆر یاسا زنجیرەی پلەداریی هەبوو. حکومەتی سەنترالی لاواز بوو، جەنگ بە یاسای دەوڵەتی فیودالیزم ئەژمار دەکرا. غولام و رەعیەت لەبەدبەختیەکی تەواودا ژیانیان دەگوزەراند. بەوتەی (گتل): (لە فیودالیزمدا

یەکێتی‌و ئازادی مومکین نەبوون، واپێدەچوو کە گەشەکردنی سیاسیانەی چەندین سەدە لە دەست چوبێت).

تاکە دامەزراوەیەك کە لە ئیمپراتۆری رۆما بەجێما، کڵێسەی کریستیانی بوو. مەسیحیەت لەنێو چینە هەژارەکانی کۆمەڵدا وەك ئیمانێکی خاکی دەستیپێکرد، بەلآم لەپاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە لەنێو چینە بالآو دەسەلآتدارەکاندا رێی خۆی دۆزییەوە. لەکۆتایی سەدەی چوارەمدا تاکە ئاینی فەرمی جیهانی رۆم بوو. ئەم ئاینە لەسەر نمونەی بالآی رۆم رێکخرا بوو، بەمپێیە کاتێك ئەوروپا پارچەپارچە بوو، توانی جۆرێك رێکخستنی تێدا بەرقەرار بکات. نەبوونی حکومەتێکی بەهێزو دەسەلآتی ئایدیالی ئاینی بەسەر هزری مرۆڤەکانەوە کڵێسەی بەرەو ئەوە کێشکرد زۆر ئەرکی دەوڵەتی لە ئەستۆ گرت. وردەوردە خودی کڵێسە بۆ دەسەلآتێکی دنیایی گۆڕاو بووە گەورە خاوەندارێکی زەوی. ئاشتی و رێکخستن بە گشتی لەدەستیدابوو. (پاپا)، کەسەرۆکی کڵێسە بوو، بانگەشەی بالآتر بوونی بەسەر هەموو هاوولآتیەکانی دیکەدا کرد. بانگەشەی بالآتر بوونی کڵێسە کێشمەکێشی توندو تاڵی لەنێو کڵێسەو هاولآتیەکاندا هێنایە ئاراوە.

هەرچەندە سیستمی فیودالێزم لە چەمکی واقعیانەی زاراوەییدا دەوڵەت نەبوو، چونکە دەسەلآتی سەنتراڵی تاکە یاسایی و هاولآتی گشتی بوونی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا فیودالیزم بێ سیستم نەبووە. بیرۆکەی بالآتری‌و هەروەها ناونیشانەکانی (پاشا)و (ئیمپراتۆر)یش بەکاردەهێنراو وا وێنادەکرا ئەمانە بۆ خەڵکی ئەوروپا ئاشتی و پارێزگاری دەستەبەر دەکەن. بۆ گێڕانەوەی یەکێتی‌و یەکپارچەیی رابردووی ئەوروپا کۆشش‌و تەقەلادرا، بەلآم هیچ فۆرمێکی نوێی دەوڵەت لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست پەیدا نەبوو تا جێگای ئیمپراتۆری جیهانی رۆما بگرێتەوە.

### ح- دەوڵەتی نوێ:

سیستمی فیودالیزم فۆرمێکی دیاریکراوی بۆ ژیانی سیاسی نەبوو. بەلآم لە ناسەقامگیری فیودالیزمەوە فۆرمێکی نوێی دەسەلآتی سیاسی هێدی هێدی پەیدابوو. بە تێپەڕینی سەدەکانی ناوەڕاست پەیوەندی زەوی جێگای پەیوەندی کەسێتی نێوان خودان و رەعیەتی

گرتەوە. لەگەڵ گەشەکردنی بەرژەوەندی گشتی سنورەکانی دەوڵەتی نوێ لەگەڵ هێڵە جۆگرافیو نەتەوەییەکاندا هەماهەنگ بوو. لە سەدەکانی پانزەو شانزەدا زمانە لۆکاڵیەکان جێگای زمانی لاتینی گرتەوەو جەخت لەسەر چەمکی نەتەوەو هەستی نەتەوەیی کرایەوە. پلەبەپلە ئاگایی نیشتمانی گەشەی کردو جێگیربوونی حکومەتێکی مەرکەزی بوو بەشتێکی پێویست تا بەرامبەر فەرمانڕەوایی چەوسێنەری خودانە فیودالیزمەکان ئارامی بۆ خەڵك دەستەبەر بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا شارەکان پەرەیانسەندو بازرگانی برەوی پەیدا کرد. بوژانەوەو گەشەکردنی ئابووری، داهێنانی باروت، چاکبوونی شێوەکانی بارکردنو گواستنەوەش بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیودالی و گەشەکردنی سیستمی نوێی کۆمەڵ، بەڵام تا ئەو کاتەی کڵێسا وەك دامەزراوەیەکی رێکخراو بوونی هەبوو، دەوڵەتی نیشتمانیی توانای گەشەی نەبوو. ریفۆرمی پرۆتستانی خەسڵەتی رێکخراوی کڵێسای بە نیشتمانیی کردو تەنانەت هەستی نەتەوەیی قوڵتر کرد. ریفۆرمخوازانی وەك (جان کوی کلیف،[١٧] جان هاس[١٨] و مارتین لۆتەر) لاوازی، گەندەڵی، خراپ رەفتاریو فێرکارییە نادروستەکانی کڵێسایان رسواکردو جەختیان لەسەر بەهاو گەورەیی مرۆڤ و گرنگی هەستو ئازادی تاك کردەوە. وردەوردە تیۆری نەتەوەیی بۆ سودی تاکگەراییو ناسیۆنالیزم گۆڕاو کۆتایی بەچەمکی ئیمپراتۆری جیهانیو کڵێسە هێنا.

لە سەدەی شانزەدا دەوڵەتانی یەکپارچە نەتەوەیی لە ئینگلستان، فەرەنساو ئیسپانیا سەریانهەڵدا. پایەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەدەی هەژدەو پاش جەنگی ناوخۆیی و شۆڕشی شکۆمەندی (١٦٨٨)ی (ئینگلستان) بەرفراوانتر بوو. دەوڵەتانی نوێ لەسەر فۆرمی پاشایەتی زۆردار سەریانهەڵدا. ژمارەیەك فاکتەری وەك گەشەکردنی پیشەسازیو بازرگانی، سەرهەڵدانو پەرەسەندنی شارەکان، بەکارهێنانی باروت لە جەنگەکاندا یارمەتیدەربوون بۆ کۆتایهێنان بەهێزی خودانی فیودالیزم. لەگەڵ ئەوەی دەسڕۆیشتویی ئەرستۆکراتەکان لاواز بوو، بەشێوەیەکی رێژەیی پاشاکان بەهێزتر بوون. سوپای نەتەوەیی و سیستمی نەتەوەیی باج و خەراج جێگای خودانی فیودالی گرتەوە. خەڵکی، کە بەری تاڵی سیستمی فیودالیزمیان چەشتبوو، پێشوازییان لە حکومەتی دەسەڵاتداری پاشاکان کرد.

بیرکردنەوەی سیاسیانەی سەردەمیش بووە پشتیوانی ئەمان. ڕێبازی ڕۆمیەکان، کە یاسا هەمان ویستی پاشایە، تیۆری مافی یەزدانیی پاشاکانی نۆژەن کردەوە. پاشا زۆردارەکانی (تودرەکان) لە ئینگلستان و پاشای خۆپەرستی وەك (چارلی پێنجەم) لە (ئیسپانیا) و (لویسی چواردە) لە (فەرەنسا) یان دروستکرد. بەوتەی (گتل): (دەوڵەتی نیشتمانیی لەگەڵ حکومەتێکی چڕبووەوە لە دەستی پاشایەکی زۆرداردا — ڕێکخراوێکی بێ ئازادی— دەرئەنجامی راستەوخۆی هەڵوەشانەوەی سیستمی فیودالّی بوو).[١٩]

پاشایەتی زۆردارانە قۆناغێکی تێپەڕبوو. هێزە نەیارەکانی فیودالیزم بۆ ماوەیەك پشتگیریان لێکرد، بەڵام دواجار هێریشیان کردە سەر خودی ئەمیش. بەپێی تێپەڕبوونی کات هێزە پشتیوانەکانی نەتەوەیی خواستی هەلومەرجێکی کامڵترو چالاکتریان کرد. چینی ناوەندی تازە پەیدابوو داوای مافی سیاسی دەکرد و ئەم خواستەش زۆرجار بووە بەهۆی کێشمەکێشی دورودرێژی نێوان چینی ناوەندو پاشا. بەوتەی (ماکیڤەر): (هەمان ئەو هێزەی پاشای بەرزکردەوە، پاش گەشەکردن هێنایە خوارەوەو لە بۆتەی پاشایەتی سنورداری خزاند).[٢٠]

لە سەدەی نۆزدەدا دیموکراسی بە پرنسیپی یەکسانی، فەرمانڕەوایی گشتی و ناسیۆنالیزم گەشەی کردوەو فراوان بوو، بەڵام رەوتی گەشەکردنی یەك ریتم نەبوو. لە ئینگلستان رەوتێکی پلەبەپلەو ئاشتی ئامێزی هەبوو. لە (فەڕەنسا) بووە هۆی شۆڕشو سەرهەڵدانی ناپلیۆن، لە جێگاکانی دی لەگەڵ زیادبوونی فشاری سیاسی پاشاکان پاشەکشەیان کرد. لە دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا دامەزراوە حکومیە ئۆتۆنۆمیەکان زامنکردنەکانی ئازادی مەدەنی و سنوردارییەکان بەسەر حکومەتی سەنترالّیدا سەپا. سەبارەت بە پەرەدان بە مافی دەنگدانو هەڵبژاردنی نوێنەران لەناو رەگەزی جۆراوجۆری بیروڕای گشتی لە لقی یاسادانانی حکومەتدا داواکاری خرایەڕوو. بەڵام لە حاڵێکدا، کە دیموکراسی لە سەدەی نۆزدەدا گەشەی دەکرد، ئیمپراتۆری گەورەش پێکدەهاتن، کە بەشێوەیەکی گشتی لایەنی کۆلۆنیالیزمیان هەبوو. خەڵکی لە ئەفریقاو ئاسیا دەکرانە پاشکۆی ئیمپراتۆریەکانی بەریتانیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، پورتوگال، هۆڵەنداو ئەڵمانیا. بەمجۆرە لە سەدەی نۆزدەدا هاوژیانیەکی ئاشتیخوازانەی سەرنجڕاکێش لە نێوان

دیموکراسیو ئیمپریالیزمدا هاتبووه ئاراوه. له ئێستادا ئەم ئیمپراتۆرییه کۆلۆنیالیزمانه یەك بەدوای یەك لەبەریەك ترازاونو دەوڵەتی دیموکراسی پێشکەوتوترین فۆرمی پەرەسەندنی دەوڵەت بەرجەستە دەکات. دەوڵەتی دیموکراسی بە ئاوێتەکردنی حکومەتی ئۆتۆنۆمی لۆکاڵی لەگەڵ نوێنەرایەتی هەوڵدەدات لەنێوان ئازادی و دەسەڵاتدا هاوسەنگیەك دروست بکات.

ئاشکرایه دەوڵەتی نیشتمانیی نوێ له ڕێچکەی پەرەسەندنی دەوڵەتدا دوایین قۆناغ نییە. له ئێستادا دوو مەیلی بەهێز سەریانهەڵداوه. لەلایەکەوە خەڵکی نائۆتۆنۆم داوای ئازادیی نیشتمانیان کرد، که کەموزۆر تا ئێستا بەدەستیانهێناوه. لەلایەکی دییەوە گەشەکردنی هۆشمەندیی سیاسی، فشاری بەرژەوەندی ئابوری و پێداویستیەکانی ئاشتی جیهانی تخوبی چەمکەکانی ناسیۆنالیزمو دەوڵەته نیشتمانییه سەربەخۆکانی دیاریکردووه.

جیهان بووه به یەك. جێگیری و سیستم لەناو دەروونی دەوڵەتدا بە گشتی تا رادەیەك بەجێگیریو سیستمی جیهانیەوه بەستراوەتەوه. ململانێ نێودەوڵەتی و توندوتیژییەکانیش ئەم ترسه بەرهەمدێنن، که جەنگێکی نەویستراو لە هەر دەمێکدا لەوانەیە نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی بێنێت. لۆژیکی ئەو هەلومەرجه واپێویست دەکات ئاشتییەکی جیهانی له ڕێگای مافه نێودەوڵەتیەکانەوه بەرقەرار بکرێت. (لاسکی)، که له خەباتگێرانی ڕێگای فیدراسیۆنی جیهانی بوو، لەوبڕوایەدا بوو فشاری هێزه جیهانیەکان تا ئێستا حاکمیەتی دەوڵەتیان بۆ هەموو مەبەستێکی داهێنەرانە لاواز کردوەو ئەگەری ئەوه هەیە فیدراسیۆنێکی جیهانی هەموو پرسەکانی ئاشتیو پێشکەوتن چارەسەر بکات.

هاوڕێژەنەبوونی یەکەکان یان دەوڵەته نیشتمانییه بچوکەکان وردەورده بەدەر دەکەون و تا ئێستا بە ئاڕاستەی ڕێکخستنی یەکەی سیاسی چەند نەتەوەیی هەنگاونراوه. بە تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ مرۆڤ هەر لە دەوڵەتی سەرەتایی خێڵەکیەوه بەرەو ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتوەکان ڕێگای بڕیوه. ڕێکخراوه هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەبن. پێویستبوونی هاوژیانی ئاشتیخوازانه پڕ بەهاترو توندوتۆڵتر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندی نیشتمانیی و ئایدیۆلۆژیای سیاسی دەوڵەتەکان بەجیا رادەگرێت. بەمپێیە

پێشبینیەکانی فیدراسیۆنی جیهانیی لە ئێستادا لێڵە، بەڵام دژوارە پێشبینی ئایندە بکرێت و فۆرمی گریمانەیی دامەزراوەکانی داهاتوو دیاری بکرێت.

## ٣- هەنگاوەکانی گۆڕانی دەوڵەت:

لەو توێژینەوە کورتەی ڕێچکەی کامڵبونی دەوڵەتەوە دەتوانرێت ئەم گشتاندنە فراوانەی خوارەوە بەدەستەوە بدرێت:

١- کامڵبونی دەوڵەت لە سادەوە بۆ ئاڵۆزی بووە. ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حکومەت ئێستا ئەرکی تایبەت رادەپەڕێنن. دەسەڵاتی دەوڵەت، کە سەردەمانێك نادیاریکراو و ناسیستماتیك بوو، ئێستا دیاریکراو و سیستماتیك بووە، لەهەمان کاتیشدا دەوڵەت ئازادی زۆری بە تاك بەخشیوە.

٢- کامڵبونی دەوڵەت لەگەڵ گەشەکردنی هۆشمەندی سیاسی هاوشان بووە. بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتی سەرەتایی خۆبەخۆ بوو، بەڵام پلەبەپلە مرۆڤ هەنگاوی پێویستو ئامانجداری ڕێکخستوەو هەوڵیداوە بەپێی تەواوی خواستەکانی فۆرمو قاڵبی دەوڵەت دابڕێژێت.

٣- کامڵبونی دەوڵەت لەگەڵ فراوانبوونی خاكو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی هاوشان بووە. لەنێو ئەو فاکتەرانەی کە دامەزراوەی دەوڵەتانی گەورەی مەحاڵ کردووە، دەکرێت ئاماژە بە پەرەسەندنی ئامرازەکانی پەیوەندی و بارکردنو گواستنەوە، باشتربوونی هەلومەرجی ئابووری، گەشەکردنی دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبردنو خواستی زۆر بۆ ڕێکخستن و یاسا بکرێت.

٤- کامڵبونی دەوڵەت لەگەڵ لاوازبوونی هێزی دەوڵەت لە هەندێك بوارو زیادبوونی ئەو هێزە لە هەندێکی دیدا هاوڕێ بووە. ئاین، کە لەسەردەمە بەراییەکانەوە، پەیوەندییەکی فراوانی بە دەوڵەتەوە هەبوو ئەمرۆ بە تەواوی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە دەوڵەت جیابۆتەوە. ئەمرۆ لەو وڵاتانەدا ئاینو ئەخلاق بەدەر لە مەیدانی چالاکیەکانی دەوڵەت سەیر دەکرێن. بەڵام لە هەندێك وڵاتی دیدا ئاین هەروا درێژەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەت داوەو تەنانەت هێشتا حکومەتی ئاینیش دروست دەبن. لەلایەکی دییەوە چەمکی

دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانیش ئەرکـەکانی زیـاتر دەبێـت و حکومـەت دەبێـت پیـادەی بکـات. گەشـەکردنی ئایـدیۆلۆژیای سۆسیالیـستیش فاکتـەرێکی تـەواوی پـشت پـەردەی گـۆڕانی مرۆڤەکانە بەرامبەر بە دەوڵەت.

٥- تایبەتمەندییـەکی گرنگـی دیکـەی کـاملبونی دەوڵـەت پـەرەگرتنی هاوسـەنگیەکی گونجاوی نێوان سـەروەری دەوڵـەتو ئـازادی تـاك بـووە. ئیمپراتۆرییـە خۆرهەڵاتیـەکان نـە دامەزراوەیان هەبوو نە ئازادی. دەوڵەتە یۆنانیەکان ئازادی تاکیان دەستەبەر کردبوو، بەڵام یەکێتی وڵاتیان کردبووە قوربانی. ئیمپراتـۆریی رۆمـا دامـەزراوەی خـۆی کـامڵ کـرد، بـەڵام ئازادی لەناو بـرد. (تـوتن)ەکـان ئازادییـان لەگـەڵ سـەروەری دەوڵـەت گونجانـدو لـەوەودوا دەوڵــەتی دیموکراســی ئــەو تایبەتمەندییــەی لەگەڵدایــە. ئــەرکی مرۆڤــی سیاســییە کــە هاوسەنگیەکی شیاو لە نێوان سەروەری و ئازادیدا بپارێزێت. ئـەو ئەرکـەش لـەلای خۆیـەوە پێویستی بـە هۆشـیاریو ئاگـایی سیاسـی هەمیـشەییە نـەوەکو سـەروەری بـۆ دکتـاتۆری و ئازادی بۆ ئاژاوە بگۆڕێت.

## پەراوێزەکان:

1. Gettel.op.c.t.p41.
2. H.Maine,the Early History of Instition,1874.Gted in kapure,op.cit.p119.
3. Maclver,op.cit.p33,35.
4. Getell,op.cit.p.45.
5. Maclver,op.cit.p43.
6. Edward Jenks, the state and the Nation (London: J.M. Dent, 1982) p.61,70.
7. Gettell, op.cit.p.65-66.
8. Maclver,op.cit.p 30-31.
9. Libid, p.51.
10. Libid, p.52.
11. Libid, p.52.
12. Libid, p.42.
13. Libid, p.48-49.
14. Agarwal, op.cit. p.125.
15. Libid.
16. Maclver, op.cit. p.58.
17. John coy cliffe.
18. John huss.
19. Gettell. Op. cit. p.62.
20. Maclver, op. cit. p.135.

## -٨-

# ( جەوهەر و ئامانجەكانی دەوڵەت )

### ١. جەوهەری دەوڵەت:

بینیمان چۆن لەدیدی جۆراو جۆرەوە لـە دەوڵـەتیان كۆڵیوەتـەوە تـا پەیـدابوونی روون بكەنەوە، بەڵام سەبارەت جەوهەر (ماهیەت)یشی دیدو تیـۆری جۆربـەجۆر هەیـە. لەدیـدی بایۆلۆژیستەوە دەوڵـەت ئۆرگانێكـە، بوونـەوەرێكی زینـدووە. لـە دیـدی سۆسیۆلۆژیـستەوە دەوڵـەت بـوون یـان دیاردەیـەكی كۆمەڵایەتییـە. لـە دیـدی سایكۆلۆژیـستەوە دەوڵـەت دروستكراوی هۆشمەندییە. لە دیدی مێژوونووسەوە دەوڵەت بەرهەمی هێـزە مێژووییەكانـە. لـە دیـدی ئایدیالیـستەوە دەوڵـەت بەرجەسـتەی ویـستی راسـتەقینەی خەڵكـە. لـە دیـدی واقیعگـەراوە دەوڵـەت ئۆرگـان یـان دامەزراوەیـەكی دەسـەڵات یـان زەبروزەنگـە. لـە دیـدی یاساناسـەوە دەوڵـەت كەسـایەتییەكی یاسـاییە، كـە مـاف و ئەركـەكانی هاوڵاتیـانی خـۆی شرۆڤەو راڤە دەكات و ویستیان وەك یاسا دەردەبڕێت. لـە دیـدی ماركسیـستەوە دەوڵـەت میكانیزمێكە بۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی چینێك بەسـەر چینێكی دیكـەدا. لـە تۆژینـەوەكانی پێـشوودا كـەموزۆر ئامـاژە بـەم تیۆرانـە دراوە، بـەڵام پێویـستە لـە نێـو ئـەو تیـۆرە جۆراوجۆرانەی پەیوەستن بە جەوهەری دەوڵەتەوە، پەیوەندیی تاك بە دەوڵەتـەوەو تیـۆری ئۆرگانیكی تا رادەیـەك بـە دووروودرێـژی بـاس بكـەین، كـە لـەلای خۆیـەوە كاریگـەری زۆری لەسەر هزری هەندێك لە بیریاران و تیۆری سیاسی بەجێهێشتووە.

### أ- تیۆری ئۆرگانیكی:

تیۆری ئۆرگانیكی دەوڵـەت چـەمكی بایۆلۆژیـستانەی دەوڵـەت بەرجەسـتە دەكـات. ئـەم تیۆرە هەوڵ دەدات دەوڵەت بەپێی ئۆرگانیزمی مرۆییانە ڕاڤە بكاتو بەئۆرگانێكی زینـدووی وەك ئـاژەڵ یـان ڕووەكـی دادەنێـتو ئـەو تاكانەشـی، كـە دەوڵـەت لـەوان پێكـدێت، وەك

کۆدەمارەکـانی ئـاژەڵ یـان رووەك بخاتـەڕوو. بـەپێی ئـەم تیـۆرە ئۆرگانـەکانی دەوڵـەت هاوبەنـدنو پەیوەنـدیی نێوانیـان وەك پەیوەنـدی یـەك یەکـەی ئۆرگـانی و بەشـەکانێتی. (لیکاك) ئـەو بابەتـەی بـاش روون کردۆتـەوەو وتویـەتی، کـە پەیوەنـدی نێـوان بەشـەکانی دەوڵەت وەك پەیوەندی دەستە بە جەستە یان لق بە قەدی درەخت و پەیوەندی مرۆڤـە بـە کۆمەڵگەوە.

**١- مێژووی تیۆری ئۆرگانیکی:**

تیـۆری ئۆرگـانیکی تیـۆرێکی دێرینـە. لـە رۆژانـی ئەفلاتونـەوە کـاری بـەراوردکاریی لـە لێکۆڵینەوە سیاسیەکاندا باوی هەبووە. ئەفلاتون دەوڵەتی بە وێنەیەکی گـەورەکراوی مـرۆڤ ئەژمار کردوەو هێڵێکی تەریبی هەڵسەنگێنراو لەنێوان ئەجندای دەوڵەت و ئەرکەکانی تاکدا دەکێشێت. پۆلێنکردنەکەی کۆمەڵگە بۆ فەیلەسوف، سەرباز و پیـشەوەران لەسـەر بنـەمای سێ هێزی مرۆییە، واتە هێزی ئەقڵ، هێزی توڕەیی و هێزی ئارەزوو. (ئەرستۆ)ش دەوڵـەتی بە جەستەی مرۆڤ چواندووە. بەهەمان شێوەش (سیسرۆ) بە بـەراوردکردنی دەوڵـەت و تـاك سـەرۆکی دەوڵـەتی بـەو گیانـە دانـاوە، کـە کـۆنترۆڵی جەسـتە دەکـات. لـە سـەدەکانی ناوەڕاستیشدا چەمکی ئۆرگانیانەی دەوڵەت ناسـراو بـوو، دەکرێـت لـەهزری (سـان تۆمـاس ئاکویناس، مارسـیلۆ پـادوا) دا ببینرێت. (سـان پـۆل) کڵێـسای بەجەسـتەیەکی نهێنیئـامێز چواندووە، کە مەسـیح سـەری بـوو. لـە لایـەکی دییـەوە سکۆلاریستەکان ئیمپراتۆریـان بـە سەرۆکی دەوڵەت دەزانی.

لەنێو بیریارە نوێیەکانیشدا دەکرێت ئاماژە بۆ (هۆبز) و (ڕۆسۆ) بکرێـت، کـە دەوڵـەتیان بـە مـرۆڤ بـەراورد کـردووە. (هـۆبز) دەوڵـەتی بـە (لیڤایەسـان)ی بونـەوەری زەبـەلاحی ئەفسانەیی چواندوەو سەرووەری دەوڵەتی بە رۆحی مرۆڤ، سەرۆك بە جومگـەکانی جەسـتە، کە هەموو جەستە دەخەنە جوڵەو پاداشت و سزادانیـشی بەرامبـەر بـە دەمارەکـان دانـاوە. هـەروەها لاوازییـەکانی دەوڵـەتی وەك نەخۆشـییەکانی مـرۆڤ بینیـوە. (رۆسـۆ) (دەسـتەی سیاسی) بە (جەستەی مـرۆڤ) بـەراورد کـردووە. بـەبڕوای ئـەو هـەردوکیان خـاوەنی (هێـزی

بزوێنەری) (فشار) و (ویست– ئیرادە)ن. هێزی یاسادانانی حکومەتی بە (دڵ) و هێزی راپەڕاندنیشی بە (مێشك) ی مرۆڤ چواندووە.

بەهۆی متمانە لەدەستدانی تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، ئەم دیدە، کە دەوڵەت بەرهەمی دەستی مرۆڤ نییەو بەڵکو گۆڕانێکی پلەبەپلەو نائاگایانەو ناچاریانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، خرایەروو، کە بووە هۆی ژیانەوەی تیۆری ئۆرگانێکی دەوڵەت. لەبارێکدا بیریارانی پێشوو لەوباوەڕەدابوون دەوڵەت لە ئۆرگانیزمێك دەچێت، هەندێك لە بیریارانی سەدەی نۆزدە لەوباوەڕەدابوون دەوڵەت ئۆرگانیزمە. لەنێو ئەو بیریارانەی ئەم تیۆرەیان لە فۆرمێکی نوێدا داڕشت دەکرێت، بە (فیختە، هربێرت سبینسەر، بلونشلی) و کەسانی وەك ئەمانە ئاماژە بکرێت. (فیختە) لەو باوەڕەدابوو، کە تاك لە خۆیدا هیچ گرنگیەکی نییە دوور لە کۆمەڵگەو بەشی بنچینەیی کۆی کۆمەڵگەیە. (بلونشلی) بیریاری ئەڵمانی، کە زۆر لە پێشڕەوان زیاتر رۆیشتووە، رایگەیاند، کە دەوڵەت هەمان (ئەندێشەی ئۆرگانیزمی مرۆڤ)ە. بە رادەیەك زیادەڕەوی کردووە، کە رایگەیاند دەوڵەت لە خەسڵەتدا نێرینەیە، لە کاتێکدا کڵێسا مێینەیە. لە دیدی ئەوەوە دەوڵەت (بەهیچ شێوەیەك ئامرازێکی بێ گیان نییە، ئامێرێکی مردوو نییە) بەڵکو ( بونەوەرێکی زیندوەو بەمپێیە سیستماتیکە)، وتویەتی:

**( وەك چۆن وێنەکێشان بە رەنگی زەیتی جگە لە تێکەڵکردنێکی رەنگەکان و پەیکەر جگە لە ریزکردنی پارچە مەڕمەڕەکان شتێکی دیکەیە، مرۆڤیش تەنها مشتێك دەمار و بڕێك خوێن نییە، هەروا‌ش چۆن نەتەوە تەنها کۆی هاوڵاتیان نییە، دەوڵەتیش تەنها کۆی دەستورو بڕیارەکان نییە)**[1].

بەمپێیە تیۆری ئۆرگانیزمی وەك ئۆرگانێکی زیندووی راستەقینە لەدەوڵەت دەڕوانێت. ئەگەر دەوڵەت لەلای لایەنگرانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی میکانیزمێکی دروستکراو بوو، کە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی هێنا، ئەوا تیۆری ئۆرگانیزمی بە دیاردەیەکی زیندووی دەزانێت، کە لەسەر یەکێتی راستەقینەو هاوبەندی بەشە پێکهێنەرەکانی راگیرە.

**٢- ڕاگەیاندنی سبینسەر:**

(هێربرت سبینسەر) لە پرنسیپەکانی سیۆسۆلۆژیا و نوسراوەکانی دیکەیدا لە ئینگلستان بە روونی تیۆری ئۆرگانیزمی شرۆڤە کرد. ئۆرگانیزم و دەوڵەتی پێکەوە بەراورد کردو رایگەیاند، کە دەوڵەت ئۆرگانێکە لە هیچ روویەکی بنچینەییەوە لەگەڵ ئۆرگانیزمە زیندووەکان جیاوازی نییە. دەوڵەتیش پاشکۆی هەمان یاسای گەشە و پەرەسەندنە، خولی لاوی، کامڵ بوون، پیری و مەرگ و وەك جەستەی مرۆڤ سیستمی پاراستن، دابەشکردنو سیستمی خۆی هەیە. سیستمی پارێزگاریکردن لەناو گروپی سیاسیدا ڕەگەزی بەرهەمهێنەرو ڕێکخەر لەخۆ دەگرێت. جوتیاران و کرێکارانی کانەکان، کارگە و کارخانەکان ئۆرگانی بنەڕەتی و بەرایی کۆمەڵگەن. سیستمی دابەشکردن لە گروپی سیاسیدا بریتییە لە فرۆشیارانی سەرەکی، نیمچە فرۆشیاران، کارمەندانی بانك، کرێکارانی هێڵی ئاسن و دەریاوانان. سیستمی ڕێکخستن لە گروپی سیاسیدا بریتییە لە حکومەت و سوپا ، کە چالاکییەکانی تاك ڕێکدەخەن.

وێڕای ئەوە (سبینسەر) بەراوردکاری دیکەی لە نێوان دەوڵەت و ئۆرگانیزمی زیندوودا ئەنجام داوە. پێداگری کردووە، کە دەوڵەت وەك جەستە گەشە دەکات و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. دەوڵەتەکان وەك گەشەی ئۆرگانیزمەکانی تاك لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان پەرەدەسێنن. دەوڵەت لە سەرەتادا لە ئەنجامی گردبوونەوەیەکی بچوکی دانیشتوانەوە پێکهات و ئێستا هەزاران جار لەوە گەورەترە، کە لە سەرەتادا هەبوو. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەگەڵ فراونبوونی ئاڵۆزیی دامەزراوەیدا هاوتەریبە. هەروەها دابەشبوونێکی بەرفراوانی کاریش لە نێوانیاندا روو دەدات، بەجۆرێك ئەندامانی دەوڵەت ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر وابەستەی یەکدی دەبن. ئەو هاوبەندییە هێندە زۆر دەبێت، کە هەندێکجار نەخۆشی ئەندامێك لەوانەیە سەرانسەری کۆمەڵگە ئیفلیج بکات. ئەگەر لە ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتیدا ئاسنگەران کارەکانیان رابگرن، کانزاچییەکان و بەرهەمهێنەرانی خۆراك یان دابەشکاران سەرپێچی لە کارە ئاساییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەن هەموو خەڵکی دوچاری زیان دەبن. هەروەها وتویەتی، کە هەم دەوڵەت و هەم ئۆرگانیزم لەبەردەم لەناوچوون و نوێبونەوەدان. وەك چۆن خانەو خڕۆکە سوورەکان لە ئۆرگانیزمێکدا لەکار

دەکەون و خانە و خرۆکەی نوێ جێیان دەگرنەوە، پیرو لاواز و نەخۆشەکان دەمرن و جێگا بـۆ نـەوزادەکان چـۆڵ دەکـەن. دەکرێـت دیـدی (سبینـسەر) لـە وێکـچواندنی دەوڵـەت بەئۆرگانیزمی تاك وەك ئەوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

١ـ مرۆڤ و دەوڵەت لە کۆمەڵی پێوەر بچوکەوە گەشە دەکەن.

٢ـ مرۆڤ و دەوڵەت چەندە زیاتر گەشە بکـەن دامەزراوەیـەکی ئـاڵۆزتر جێگـای سـەرەتای سادەی هەریەکەیان دەگرێتەوە.

٣ــ لەگــەڵ زیــادبوونی تازیارەکــان پەیوەنــدی هــاوڕێکی بەشــە پێکهێنــەرەکانیش پەرەدەسـێنێت، ژیـانو ئەنجامـدانی ئـەرکی ئاسـایی هەریەکـەیان هاوبەنـدی ژیـانی گـشتی دەبێت.

٤ـ ژیانی گشتی لە ژیانی بەشە پێکهێنەرەکانی زۆر سەربەخۆیانەتر دەبێت.

لەهەمان کاتیشدا (سبینسەر) سـەرنجی لـەوەداوە لـە نێـوان مـرۆڤ و دەوڵەتـدا جیـاوازی گرنگ هەیە:

١ـ دەوڵەت فۆرمێکی دەرەکیانەی تایبەتی نییە کە مایەی بەراورد بێت لەگـەڵ جەسـتەی مرۆڤدا.

٢ـ یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتێك وەك ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لـە جێگـای تایبـەتی خۆیاندا دانەنراون.

٣ـ یەکەکانی دەوڵەت لە یەکـدی جـودان و وەك خانـە ئۆرگانیزمـەکانی مـرۆڤ بـەجۆرێکی سروشتی پێکەوە نەبەستراون.

٤ـ دەوڵەت سەنتەرێکی هەستکردن یان (سەنتەری هەستی دەماریی) وەك ئەوەی مرۆڤی نییە. بەپێـچەوانەوەی ئۆرگانیزمێکـەوە هـەر بەشـێك لـە دەوڵـەت یـان کۆمەڵگـە هەسـتێکی جیاوازی هەیە.

لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییانە (سبینسەر) گەیشتۆتە ئەو ئەنجامـەی، کـە دەوڵـەت یـان کۆمەڵگە دەبێت بۆ سوودی ئەندامەکانی بێت، نـەك بـە پێـچەوانەوە ئەندامـەکان بـۆ سـودی کۆمەڵگە بن. ئەم دەرئەنجامەش کرۆکی بنەڕەتی تاکگەرایی (سبینسەر)ی پێکهێنا.

بیریـارانی دیکـەش ئاوڕیـان لـە پێوانـەکاری دینامیکیانـە داوەتـەوە. (ئـالبێرت شـافل ـAlbert Achaffle) ڕۆژنامـەنوس، سیاسـی و مافناسـی (نەمـسایی) ڕایگەیانـد، کـە کۆمەڵگـە ئۆرگانیزمێکـە مـرۆڤ خانـەکانێتی. (پاولۆلیلینفـد ـ Paoul Lilienfed)ی سۆسیۆلۆژیستی (ڕوس) لە تۆژینەوەیدا سـەبارەت بـە تایبەتمەنـدی ئۆرگـانیزمی کۆمەڵگـە تەنانـەت لـە (سبینـسەر) زیـاتر پێیـداگرتووە. (ئۆگست کۆنـت) و (ڕینـە ۆرمـس ـ Rene Worms) یش لە (فەرەنسا) لایەنگریان لە تیۆری ئۆرگانیکی کردووەو ڕاڤەیان کردووە.

**٣- بەهای تیۆری ئۆرگانیکی:**

تیۆری ئۆرگانیزمیانەی دەوڵەت لە هزری سیاسیدا تا ڕادەیەك سـوودبەخش کەوتۆتـەوە. دەکرێت سوودەکانی بەمجۆرە کورت بکرێنە:ـ

١ـ ئـەم تیـۆرە جـەختی کردۆتـەوە لەسـەر یەکپارچـەییو یـەکێتی دەوڵـەتو وابەسـتەیی مرۆڤەکان بەیەکدی و بەدەوڵەتیشەوە. دیدی (هۆبز) بەمجۆرەبووە کە:

**(ژیانی کۆمەڵگـەو ژیـانی تـاك لـە ڕووە تایبەتەکانـەوە وەك یەکـەو دەتوانرێت زاراوەی ئۆرگانیکی بە باشی بۆ ئەم یـان ئـەو بـەکاربهێنرێت، چـونکە ئۆرگـانیزمی گشتی بریتییە لە بەشی هاوبەندی یەکدی. هەربەشەو ژیانی تێدایەو ئەرکی تایبەتی خۆی ئەنجام دەداتو ژیانیش بە گشت دەبەخشێت. گشت بەش و بەشـیش گـشت دەپارێزێت.)**

٢ـ دەزانین کۆمەڵگە لـە گردبوونەوەیـەکی ئەبـستراکتی تاکـەکان زیـاترە، کـە بـەبێ هـیچ زنجیرێکی پێکەوەگرێدەر بەسستی لەپاڵ یەکدیدا ڕیز بووبن.

٣ـ تیۆری ئۆرگـانیزمی دەوڵـەت پێداگری لەسـەر گرنگیـی دیـدی پەرەسـەندنی دەوڵـەت دەکاتـەوەو لەبەرامبـەر تیـۆری میکـانیزمی سـەدەی هەژدەیـەم وەك ئەنتییـەکی کاریگـەر کاریکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تیـۆری بـەراوردکاری ئۆرگـانیزم زۆر زیـاد ڕۆشـتوەو لـە زۆر ڕووەوە لـە ڕوونکردنەوەدا داماوە:ـ

١ـ دەوڵەت وەك ئەوەی، كە مرۆڤ لە دایكبووە، نەهاتۆتە بونەوە. گردبوونـەوەی تـاك لـە دەوڵەتدا ناكرێت وەك پیتاندنی دوو سپێرم سەیر بكرێت. لـە بارێكـدا، كـە ئۆرگانیزمـەكانی تاك لەگەڵ هەماهەنگی دەروونی گەشە دەكەن، دەوڵەت بە فراوانبوونی سروشتیانەی بەشی نوێ یان بە كۆششی ویستی ئەندامە پێكهێنەرەكانی گەشە دەكات.

٢ـ بە یەكسانكردنی دەوڵەت و ئۆرگانیزم دوورە لە راستییەوە. خانە زینـدووەكانی مـرۆڤ پارچەی خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆی بیركردنەوە یان ویست نین و تەنها بۆ دروسـتكردنی ژیانێك وەك كۆ هاتونەتە ئاراوە. لە لایەكی دییەوە بەشەكانی دەوڵەت بونەوەری ئاسـایی و ئەقڵانین، كە هەریەكەیان ویستی تایبەتی خۆیان هەیەو هەریەكـەیان خـاوەنی بیركردنـەوەو پێشبینی خۆیـانن. لـەوەش بـترازێ كاتێـك تاكـەكان لـە دەوڵـەت جـودا ببنـەوە، دەوڵـەت ناتوانێـت وەك بوونـەوەرێكی زینـدوو بمێنێتـەوە. هـەروەك (یلینـك) دەڵێـت: (گەشـەكردن، پوكانـــەوەو مـــەرگ ئەگەرچـــی شـــتێكی دانـــەبڕاوی ژیـــانی ئۆرگـــانیزمن، بـــەڵام بەناچـــاری پرۆسەكانی ژیـانی دەوڵـەت نـین. زۆربـەی دەوڵەتـەكان بونیـان قـەزاوەگێڕی هێـزی سـوپاو جەنگە تا پڕۆسەی ئەفراندنو لەدایكبوون یان چەكەرەكردن، كە ئاژەڵان و رووەكـەكان لـەو رێگایەوە دێنەبوونەوە). (باركەر)یش وتویەتی، كـە دەوڵـەت خـۆی ئۆرگـانیزم نییـە، بـەڵكو وەك ئۆرگانیزمێكە"[٢].

٣ـ ئـەم تیـۆرە ئەركـەكانی دەوڵـەت روون ناكاتـەوەو دەتوانرێـت بـۆ پـشتگیریكردن لـە تیۆرەكانی تاكگەرایی یان سۆشیالیزم سودی لێوەربگیرێت. (هێربـرت سبینـسەر) زیـاتر بـۆ سنووردارکردنی ئەركەكانی دەوڵەت ئەو تیۆرەی بەكارهێناوە. لەلایەكی دییەوە هەنـدێك لـە بیریـارە ئەڵمانیـەكان بـۆ قەبـەكردنی گرنگـی دەوڵـەت بـەكاریان هێنـاوەو لەوبڕوایـەدابوون دواپێویستی بۆ گەشەكردنی كۆمەڵایەتی چالاكی بە كۆمەڵە.

(گتل) لـە كورتكردنـەوەی بـەهاو تخوبی تیـۆریی ئۆرگانیزمـدا ئامـاژەی بـۆ ئـەم خاڵانـە كردووە:ـ

١ـ ئەم تیۆرە باس لە گرنگی دیدگای پەرەسەندنی دەوڵەت دەكات.

٢ـ جەخت لەسەر كاریگەری ژینگەی سروشتی و كۆمەڵایەتی بەسەر دەوڵەتەوە دەكات.

٣ـ جەخت لەسەر دروستی وابەستەیی هاولاتیان و دەوڵەت دەکات.

٤ـ پێ لەسەر یەکێتی کۆمەلایەتی دەوڵەت دادەگرێت.

٥ـ دەلێت، دەوڵەت شتێکی زیاترە لە گردبوونەوەی ئەبستراکتی تاکەکان و بەئاشکرا ئەوە دەخاتەڕوو کە تاکەکان لە چەمکێکی تایبەتدا بە گشتەوە هاوبەندن.

٦ـ لەو باوەڕەدایە مرۆڤەکان بەپێی سروشت بوونەوەری (سیاسی)ن.

لەهەمان کاتیشدا زۆر لە بەراوردکارییەکانی نێوان ئۆرگانیزم و دەوڵەت دوورن لەراستییەوەو تەنانەت دژیشن:

١ـ ویستی دەوڵەت هەمیشە لەگەڵ ویستی تاکە پێکهێنەرەکانی هەماهەنگو یەکسان نییە.

٢ـ پەرەسەندنی ئۆرگانیزمی مرۆڤ سروشتیانەیە، بەلام پەرەسەندنی دەوڵەت ئاگایانەو لەژێر کۆنترۆڵی ویستدایە.

٣ـ تیۆری ئۆرگانیك وەك خودە ئامانجێك دەوڵەت قەبە دەکات و تاك دەکاتە قوربانی کۆمەڵگە.

٤ـ تاکەکانی دەوڵەت بوونەوەری بەئاگا و بەهەستن، بەلام خانە ئۆرگانیەکان هەستیان نییە.

٥ـ لەئەنجامی لەکارکەوتنی ئەندامی بنەڕەتی ئۆرگانیزمی سروشتی دەمرێتو لەناودەچێت، بەلام سەبارەت بە دەوڵەت بەوجۆرە نییە.

بەکورتی دەتوانرێت بوترێت، کە تیۆری ئۆرگانیزمی، بەوجۆرەی (هێربرت سبینسەر) باسی لێوە دەکات، نالۆژیکانەو گومڕاکارەو نەك تەنها خەیالی و بێمانایە، تەنانەت زیانبەخشیشە. بەبڕوای (ماکیڤەر) چەمکی دەوڵەت وەك ئۆرگانیزمێکی (بەراوردکاری مەترسیدار)ە. بەقسەی (بارکەر): (سبینسەر نموونەیەکی کلاسیکیانەی کارو فەرامۆشییە. ئەگەر دوو ئۆرگانیزم بەیەك بەراورد بکەیت دەبێت سەبارەت بە هەردوکیان بەئاگا بیت . (سبینسەر) لە ئۆرگانیزمی مرۆڤ بەئاگایە، کە بە ئاشکرا سروشتیانەیە، بەلام بەهیچ کلۆجێك ئاگای لە ئۆرگانیزمی کۆمەڵ نییە.)[٣]. هەرکاتێك تیۆری ئۆرگانیزمی سوودی بۆ

ئامانجەکەی هەبووبێت، پەسەندی کردوەو ئەگەر سوودی نەبووبێت رەتیکردۆتەوە. وادیارە (سبینسەر) فەرامۆشی کردبێت، کە وێکچوون بەڵگە نییەو دانانی تەریبیانەی دوو شت یان لێکچوونی ئەو دووانە پەیوەندی لۆژیکانە بەرهەم ناهێنێت. لەوانەیە دەوڵەت لە هەندێك رووەوە وەك ئۆرگانیزمێك دەرکەوێت، بەڵام لە زۆر رووەوە پێچەوانەیەتی. لەبەرئەوە نابێت زۆر جەخت لەسەر وێکچوون بکرێتەوە. هەروەك (گتل) وتویەتی، تیۆری ئۆرگانێکی (نەروونکردنەوەیەکی مایەی پەسەندکردنە بۆ بوون و ماهیەتی دەوڵەت نە رێنیشاندەرێکی جێمتمانەیە بۆ چالاکی دەوڵەت.)[٤]

### ٢ـ دەوڵەت: ئامانج یان ئامراز؟

بۆچی دەوڵەت هەیە؟ ئایا وەك هەندێك لە ئایدیالیستەکان بەڵگەی بۆ دێننەوە، خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە یان تەنها ئامرازێکە بۆ پەردەپۆشکردنی هەندێك لە ئامانجەکان؟ وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانە ئەرکی زانستە سیاسیەکانە.

#### أ/ دەوڵەت: وەك ئامانج

یۆنانیە دێرینەکان دەوڵەتیان بە بەرجەستەکاری بەرزترین فۆرمی ژیانی مرۆڤ دەزانی. (ئەرستۆ) لەو باوەڕەدابوو، کە تاك بەجیا لە دەوڵەت هیچ واتا یان بوونێکی نییە. وادیارە کۆمۆنیزمی (ئەفلاتون)یش لەسەر ئەو گریمانەیە بووبێت، کە دەوڵەت باڵاترین یەکەی کۆمەڵگەیە. بە بڕوای (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) دەوڵەت گەورەترین دامەزراوەی ئەخلاقییە، کە ئامانجی پەرەدانە بە ئەخلاقی مرۆڤ یان مەرجی (ژیانی باشتر)ە. بە بڕوای ئەمان دەوڵەت خۆی کامڵەو لەخۆیدا کۆی هەموو خواست و نیازەکانی مرۆڤەکانی هەڵگرتووە. هەروەها دەوڵەت لە پێش تاکەوەیە. لەمڕووەوەیە لێکدانەوەکان بەم دەرئەنجامە گەیشتووە: (چونکە دەوڵەت وەك بەرجەستەکارو خاوەنی هەموو ئاواتە کۆمەڵایەتیەکانی تاك سەیر دەکرێتو لەهەمان کاتیشدا دابینکاری پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە هەرئەو سکاڵایەی کە لەوانەیە تاك بەسەر دەوڵەتیەوە هەبێت، ئەوەیە کە دەوترێت لەسەر دەسەڵاتی رەها بەندە[٥]). لێرەدا دەکرێت بوترێت، کە بیریارانی یۆنانی کۆن جیاکارییان

لـەنێوان دەوڵـەتو کۆمەڵـدا نـەدەکرد. تەنانـەت لـە زمانەکەشـیاندا زاراوەیـەکیان نـەبوو ئاماژەیان بەجیا بۆ بکات. لەبەرئەوە ناکرێت دڵنیابین، کە ئایا لە راستیدا مەبەستیان بووە دەوڵەت لە کۆمەڵگە جیابکەنەوە یان پێکەوەیان ببەستن.

(رۆسۆ) لەسەدەی هەژدەو (هیگڵ) و ئەوانی دیکە لە سەدەی نۆزدەدا برەویان بەم هێڵە هزریە یۆنانیەدا. (هیگڵ) کەسێتی راستەقینەو ویستی بە دەوڵەت بەخشی. لە دیدی ئەمەوە دەوڵەت بالاترین قۆناغی (پرۆسەی جیهانیی) پێشکەش دەکات و (بـەرزترین بەیانکردنیـشی مۆراڵی کۆمەلایەتیە، کە سەردەمانێك بە هزری کۆمەلایەتی پێگەیشت و بەهێزبوو، لە پشتی ژیانی خێزانی و ژیـانی دیکـەی گروپـە کۆمەلایەتیـەکان و ژیـانی خـودی کۆمەڵـەوە حەشـار دراوە.)[٦] مرۆڤ تەنها وەك ئەندامێکی کۆمەلایەتی لـە توانایـدا بـووە بابەتیانـە لـەدەرەوەی خۆی بیر بکاتەوەو بۆ ئاستی بیرکردنەوەی خۆییانـە (خـودە دەروونـی) بـەرز بکاتـەوە. بـە بـڕوای (هـیگڵ) ژیـانی هاولاتیـان لـە پێنـاوی دەوڵەتدایـەو دەوڵـەت لەسـەرو یەکەیەکـەی خەڵکەوەیە، کە لەناویدا دەژین. لەبەرئەوەی دەوڵەت بەرجەستەکاری بەرزترین ئیرادەکـانی تاکە هەنگاوەکانی ئاڕاستەیەکی پەسندکراوی هەیە:

**(ولات – دەوڵـەت – ئاگایانـە لـەپێناوی مەبەسـتە گـشتیەکاندا تێدەکۆشـێتو ئاگاشی لە مەبەستە پێویستەکانی خۆشیەتیو هۆکاری کارەکانی خۆی دەزانێت. . کە وتمان ولات – دەوڵەت – دیاردەیـەکی مەعقولـە، مەبەسـتمان ئەوەیـە ولات – دەوڵەت – بەرهەمی گریمانەیی هێزە سروشتیەکان یـان ئـارەزووی مرۆڤانـە نییـە، بەڵکو دەرئەنجامی تەواو رەهای زەرورەتی ئەقڵی گشتی و بەرجەستەی رەهاییـە. ولات – دەوڵەت – ئامرازێك نییە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشبەختی تاك و لە بنەڕەتدا ئامراز نییە بۆ شتێك و بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجە، چـونکە ئامانجێکـە لـە تـاك بالاترە. دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش لە تاك بکرێت کەخۆی لـە پێنـاوی ویـستەکانی ولات – دەوڵەت – دا فیدا بکات[٧].)**

دەوڵەت لەمیانەی پەیوەندییە دەرەکیەکانیدا پاشـکۆی ئـیرادەی دەوڵـەتێکی دی نییـەو پرەنسیپی باوی ئەخلاقیش پابەندی ناکات. تاك ناتوانێت مافی بەسەر دەوڵەتـەوە هـەبێت. بەکورتی دەوڵەت خۆی لەخۆیدا ئامانجە.

لـه ئینگلـستان (بوسـانكه) بیرۆكـەی دەوڵـەتی (هـیگڵ)ی وەك هەسـتێكی ئـەخلاقی مەبەسـتدار پێشخـست و پێداگری كـرد، كـه مەحاڵـه لـه نێـوان تـاك و دەوڵەتـدا یەكسانی دامەزراوەیی هەبێت. دەوڵەت لە رووی ئەخلاقییەوە بالاترە، چونكە هەموو هاولاتیو كۆمەڵ لەخۆدەگرێت. دەوڵەت بەرزترین دامەزراوەی دەستكەوتی مرۆڤایەتیە. ئـەركی تـاك ئەوەیـه كـاری شارسـتانیانەی خـۆی بـەدڵ جێبـەجێ بكـات و لەگـەڵ ئـەو پرەنـسیپ و رێسایانەی دەوڵەت داینـاون و پیرۆزی كردوون، خۆی هەماهـەنگ بكـات و گوێڕایـەڵیان بێـت. دەوڵـەت هـەركارێكی، كـە بـۆ پێـشكەوتن و چـاكەی هـەمووان بـە پێویـستی دەزانێـت، دەتوانێـت ئەنجامی بدات. هەرچەندە (گرین) تا ئەم رادەیە نەڕۆشتووە، بەلام ئەویش جـەختی لەسـەر گەورەیی دەوڵەت كردۆتەوە. بەگشتی ئایدیالیستەكان دەوڵـەت خـۆی لەخۆیـدا بـە ئامـانج دەزانن.

بیریـارانی سـەر بـە رێبـازی (بـایۆلۆژی)، كـە وێكـچوونی نێـوان دەوڵـەت و ئۆرگـانیزمی سروشـتیان بەرهـەم هێنـا، دەوڵـەت بـە راسـتەقینەترو گـرنگتر لـەو كەسـانە دادەنـێن كـە پێكیـدێنن. كۆمەڵگـەراكانیش جـەخت لەسـەر گرنگیـی رێـژەیی دەوڵـەت دەكەنـەوە. ئـەو دەوڵەتەی مەبەستیانە بۆ بـەدیهێنانی ئامـانجی گشتی و هاوبـەش بەشـێوەیەكی بـەرفراوان بەرپرسیارێتی زیاتر لەئەستۆ دەگرێت. تەنانـەت لـە ولاتـە كۆمۆنیستیەكانیـشدا دەزگاكـانی دەوڵەت و حزب لە تاك گرنگتر بوون و ئێستاش هەروان. بە هـەمان شـێوەش فاشیـستەكان لە ئیتالیا و نازییەكان لە ئەڵمانیا دەوڵـەتیان لەسـەرو تاكـەوە دانـابوو، هەرلەخۆشـیدا وەك ئامانج سەیریان كردووە. دروشمی ئەوان ئەمەبوو: ( هەموو شت لـە پێنـاوی دەوڵـەت، هـیچ شتێك لە بەرامبەر دەوڵەت، هیچ شتێك لە دەرەوەی دەوڵەت.)

**ب ـ دەوڵەت: وەك ئامراز:**

زۆر لە بیریارانی كۆن دەوڵەتیان بە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی مرۆڤ زانیووە. لـە دیـدی ئەمانـەوە تـاك خـۆی لەخۆیـدا ئامـانج بـوو. زۆربـەی بیریارەكـانی كڵێـسایی لـە سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا دەوڵـەتیان بـە خراپـەكی پێویـستی دەرئـەنجامی كـەموكوڕی یـان گوناهەكانی مرۆڤ و لەسەروو كڵێساوە دەبینـی. لـەمڕووەوە لـە بـواری خۆچـاككردنی تاكدا

بەهای دەوڵەتیان بە نزمترین ئاست دەگەیاند. بیریارانی سیاسی سەدەکانی هەژدەو نۆزدە لە دژایەتیان بۆ پاشاکانی سەردەمی خۆیان دەوڵەتیان بە دەستکردی دەستی خودی مرۆڤ دەزانی. لە دیدی هەندێك لە مانەوە تاك لە رووی گرنگییەوە زۆر لە پێش دەوڵەتەوە بوو. لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی و لیبرالیزمدا دەوڵەت وەك ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانی تاك و چاکەی گشتی سەیرکرا. بۆنموونە، تاکگەراکان لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئەرکەکانی دەوڵەت و مەیلی بۆ دەستخستنە ناو ماف و ئازادی تاکەوە نەیار بوون. گشتگەراکانیش بانگەشەی حاکمیەتی دەوڵەتیان رەتکردەوەو ئۆتۆنۆمی گروپەکانیان لە مەیدانەکانی خۆیاندا راگەیاند. ئەنتەرناسیۆنالیستەکانیش بەو بەڵگەیەی، کە زۆرداری دەوڵەت بۆ ئاشتیو هاوکاری جیهانیی زیانبەخشە، دژایەتی دەکەن. ئانارشیستەکانیش دەوڵەت بە خراپەیەك دادەنێن، کە لەکۆمەڵگەدا، خێری بۆ تاك نییە. مارکسیستەکان دەوڵەت بە ئامرازێکی دەستی چینی سەرکوتکەرو چەوسێنەر دەزانن. بەمپێیە لە سەردەمی نوێدا بەرامبەر بە لەپێشدانانی دەوڵەت و گرنگی نەدان بە تاك کاردانەوە هەبووە.

راڤەکردنی ئەم دوو دیدە دەربارەی ئەوەی دەوڵەت ئامانجە یان ئامرازە، ئەوەی بەباشی ئاشکراکردووە، کە هەردوکیان یەك لایەنەن. ئایدیالیستەکان وا شیمانە دەکەن دەوڵەت خاوەنی، ویستی راستەقینەیەو ویستو بەرژەوەندیی کۆ بەرجەستە دەکات. سەلمێنراوە ئەم گریمانەیە دروست نییە. دیارە ئەم تیۆرەی، کە دەوڵەت ویستی تاکەکان لەخۆدەگرێتو بەرجەستەی دەکات، بۆ کۆمەڵگایەکی چینایەتی گونجاو نییە. ویستی دەوڵەت بە دەگمەن لەسەر هاورایی گشتییە، بەشێوەیەکی گشتی هیچ کاتێکیش بەپێی تێبینی ئەقڵانی دانەمەزراوە. بەهەمان شێوە هەمیشەو بەگشتی بۆ چاکەی کۆمەڵگە نییە. دەوڵەتی دەستکردی تێزو تەگبیری مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی هەندێ پێداویستی مادی ئەبستراکتیش نییە. پێویست ناکات لە قەبەکردن و بەرزتر دانانی دەوڵەتدا هاورای ئایدیالیستەکان بین، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین دەوڵەت نوێنەری ئەو بەشەی کۆمەڵگەیە، کە لە رووی سیاسییەوە رێکخراوە. لەم بارەدا دەوڵەت هەوڵ دەدات رەفتاری تاك و گروپ بۆ سوودی توخمە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە لە دیدی تاکێکەوە سیستماتیزە بکات. بە بڕوای (لاسکی) دەسەڵاتی دەوڵەت تەنها بەپێی ئەنجامدانی ئەرك و ئەو سوودانەی بە تاکی

دەگەیەنێت، مایەی بایەخپێدانە. بەمپێیە ئامرازێکە لە خزمەتی ئامانجێکدا نەك خۆی ئامانج بێت، هەرچەندە گەشەکردنی دەسەلات و بەرفراوانی ئەرکەکانی بەهاو گرنگییەکی زیاتر لە بەهاو گرنگی هەر گروپ یان کۆمەڵەیەکی دیکەی ناو کۆمەڵگەی پێدەبەخشێت.

### ٣. ئامانجەکانی دەوڵەت:

بیریارانی سیاسی جۆراوجۆر دەربارەی ئامانج یان مەبەستەکانی دەوڵەت دیدی خۆیان دەربڕیوە. بە بڕوای (ئەرستۆ) ئامانجی راستەقینەی دەوڵەت بەدیهێنانی ژیانی چاکە. (جۆن لۆك) لەو باوەڕەدابوو ئامانجی حکومەت (چاکەی گشتی) یان (جۆرە چاکەیەکی مرۆڤایەتی)ە. (ئادەم سمیت) لەو باوەڕەدابوو، کە دەوڵەت سێ ئامانجی گەورەی هەیە: یەکەم، پاراستنی دەوڵەت لە دەستدرێژی دەرەکی یان توندوتیژی نێودەوڵەتی. دووەم، پارێزگاریکردن لە تاکەکان لە بەرامبەر ناعەدالەتی یان سەرکوتکردن لەلایەن ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەوە. سێیەم، دامەزراندن و پاراستنی سمبولی تایبەت و دامەزراوەی گشتی، کە هیچ تاکێك یان گروپێك حەزیان بە دروستکردن و پاراستنیان نییە. بە گومانی (فۆن هولزندرۆف ـ Van Holtzendorff)ی بیریاری ئەڵمانی، دەوڵەت سێ ئامانجی هەیە: یەکەم، بەرفراوانکردنی هێزی نیشتمانی. دووەم، پاراستنی ئازادی تاك. سێیەم، پەرەدان بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی گشتی.

لەنێو توێژەرەوە سیاسیەکانی ئەمەریکادا (جان بورگس) ئامانجەکانی دەوڵەتی لەسەر شێوەی ئامانجی بەرایی، ناوەندی و دوا ئامانج ریزبەند کرد. ئامانجی بەرایی بریتییە لە بەرقەرارکردنو سیستماتیزەکردنی حکومەت و ئازادی. ئامانجی ناوەندی دەوڵەت کاملکردنی بنەمای نەتەوەیی و گەشەدان بەسەرکردایەتیکردنی نەتەوەییە. دوائامانجی دەوڵەت بریتییە لە گەیاندنی مرۆڤایەتی بەکاملبوون. بەلام هەروەك (گارنەر) وتویەتی، دژوارە ئەوە ببینرێت، کە چۆن جێگیریی دەوڵەت خۆی لەخۆیدا ئارمانج بوو بێت[٨]. ئەو لەو بڕوایەدایە ئامانجەکانی دەوڵەت زۆر جۆری هەیە. واتە ئامانجی بنەڕەتی و سەرەتایی، ئامانجە لاوەکیەکانو دوا ئامانج و بالۆکان. بەوتەی ئەو:

**(ئامانجی بنەڕەتی، سەرەتاو یەکەمی دەوڵەت پاراستنی ئاشتی، سیستم، ئاسایش و دادپەروەرییە لەنێو ئەو کەسانەی دروستیان کردووە. ئەم ئارمانجە پێویستی بە بەرقەرارکردنی ڕژێمێکی مافپەروەر هەیە بۆ دیاریکردن و پارێزگاریکردن لەمافەکانی تاك و دامەزراندنی قەڵەمڕەوێکی ئازاد بۆ تاك. دووەم، دەبێت زیاتر لە پێداویستیەکانی تاك بایەخ بە پێداویستیە زۆرەکانی کۆی کۆمەڵگە بدات. دەبێت چاودێری خۆشگوزەرانی گشتی بێت و ئەو کارانە ئەنجام بدات کە بەرژەوەندیی گشتی دەیسەپێنن، بەڵام بە هیچ کلۆجێك تاکەکان توانای ئەنجامدانی لەو جۆرەیان نییە یان بەگران دەتوانن وەك تاك یان بە گروپ ئەنجامی بدەن و گەشەکردنی نیشتمانی بەرەوپێشەوە ببات. دواجار ئامانجی کۆتایی و بەرزترین ئامانجی دەوڵەت بەرزڕاگرتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیەو لەم ڕێگەیەوە ئارمانجەکەی تایبەتمەندییەکی جیهانی و گشتگیر لەخۆ دەگرێت)**[٩].

بەمپێیە دیارە ناکرێت ئامانجەکانی دەوڵەت بەجۆرێك بەیان بکرێت کە جێگای پەسەندی هەموو لایەك بێت. (گتل) وتویەتی، لەمبارەیەوە دیدی تاکەکان (زیاتر پەیوەستە بە پلەی شارستانی، قۆناغی گەشەکردنی سیاسی و سروشتی پرسە هەنوکەییەکانەوە). ئەگەر چەمکی خاوەندارێتی دەسەڵاتی سیاسی یان چەمکی مافی خواوەندانەی پاشاکان لەبەرچاو بگیرێت، ئەوا ئەمنیەتو ئاسایشی فەرمانڕەوا یان ئەو کەسانەی راپەڕێنەری حکومەتن، دەبێتە تاکە ئامانجی دەوڵەت. خۆشگوزەرانی هەموو هاوڵاتیان لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانخواز و کۆمەڵگەیەکی کراوەدا لەوانەیە وەك ئامانجی دەوڵەت سەیر بکرێت. لەبەرئەوە ناکرێت بەجۆرێکی رەها ئامانجەکانی دەوڵەت دیاری بکرێت.

(فرانسیس گراهام ویلسۆن) بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی نوێ ئەم ئامانجانە دیاری دەکات:

١ـ رازیکردنی ویستەکان. ٢ـ بەدەستهێنانی پەرەپێدانی ئەخلاقی. ٣ـ بەدیهێنانی زۆرترین بەختیاری بۆ زۆرترین ژمارە. ٤ـ گەشەپێدانی کەسێتی تاك. ٥ـ پاراستنی مافەکان. ٦ـ هاوسەنگکردن و هەروەها پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکان[١١]. بەبڕوای (پینۆك -

Pennock) ئامانجــە بنەڕەتیــەکانی دەوڵــەتی نــوێ لەچــەمکی گــشتدا بــریتین لــە: دەستەبەرکردنی ئاسایش، دادپــەروەری، ئــازادی و خۆشــگوزەرانی. ئــەم ئامانجانــە بــوونی دەوڵــەت ئاڕاســتەو هــەروەها زەمینــەی ئــەرکی سیاســی فەراهــەم دەکــەن. بــەبڕوای ئــەو هەرچەندە (سیستم) و (خۆشگوزەرانی) لە رووی تاکایەتیەوە بە ئامـانجی گرنگـی دەوڵـەت ئەژمار دەکرێن، بـەڵام ئـەم چـەمکانە (بـەتاك یـان بـەکۆ) لـەخۆگری هـەموو مەبەسـتەکانی دەوڵـەت نـین. مەبەسـتی دیکـە، واتــە ئـازادیی و دادپــەروەریش، دەبێـت لـەنێو ئامانجـە سەرەکیەکانی دەوڵەتدا جێبگـرن. ئـەم ئامانجانـە هەنـدێکجار لەوانەیـە دژ یـان تەواوکـەری یەکدی بن. بۆ نمونە، ئامانجی خۆشگوزەرانی لەوانەیە دژ بەخواستی ئـازادی بێـت، چـونکە لـە پێنـاوی ئاسـایش، دادپـەروەری و خۆشـگوزەراندا لەوانەیـە ئـازادی سـنووردار بکرێـت. لەراستیدا لەوانەیە کات و هەلومەرج و قۆناغی سیاسی گەشەکردوش کاریگـەری زۆر لەسـەر ئەو رێژە دڵنیاییـە بەخـشراوەی هەردەوڵـەتێکی تایبـەت و لەسـەر هەریەکـە لـەو ئامانجانـە دابنێت. لەبەرئەوە گرنگترین ئامـانجی سیاسـی گـشتگیرانە دەبێـت دەسڕاگەیـشتن بێـت بـە باشترین و شیاوترین ئەگەری ئاوێتە کردنی هەموو ئەو ئامانجانە.

هەروەك (ویلسۆن) وتویەتی، لەرووی پراکتیکەوە هیچ کـام لـە ئامانجـەکانی دەوڵـەت نـا ئەخلاقیانــە نییــە. کــەس چــاکی و خراپــی ئامانجــەکانی دەوڵــەتی رانەگەیانــدوەو تــەنها (ئانارشیستەکان) لەوباوەڕەدان، کە ئامانجی دەوڵەت، پارێزگاریکردنە لە خراپە. سـەرەڕای ئەوە تا ئـەو کاتـەی ئامانجـەکانی دەوڵـەت (نەخرابێتـە چوارچـێوەی پراکتیکـەوە) ناچـێتە خانەی پرسی سیاسی پراکتیکانەوە. پاشان تێبینیکردنی ئەبستراکتانەی ئامانجەکان هەموو کــات ســودمەند نییــە. بۆنموونــە، تاکگــەراو سۆشیالیــستەکان لــە رووی دیدیانــەوە بــۆ ئامانجەکانی دەوڵەت لە پراکتیکدا جیاوازییان نییە، بەڵام لەمەیدانی راسـتەقینەو دروسـتیی چـالاکی دەوڵەتــدا دیــدی جیاوازیــان هەیــە. (لاســکی)یــش دیــدی پراکتیکانــەی هەیــەو ئامانجەکانی دەوڵەت لە نێو چوارچێوەی پراکتیکدا پێناسە دەکات. سـەبارەت بـە دەوڵـەت لەدیدی ئەمەوە (بەپێی رەفتارەکانی داوەری لەسەر دەکەن). بەمپێیە لەگـەڵ گەشـەکردنی دیموکراسی و چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران ئێستا بڕوا بەوجۆرەیە، کە دەوڵەت لەپێناوی دروسـتکردنی ئـازادترین هەلومـەرجی گونجـاوی گەشـەکردنو پـەروەردەکردنی داهێنـانی

ئەندامانی کۆمەڵگە لە ئارادایە. بەمپێیە دەبێت چالاکییەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر شتێکدا بخرێتە بەر داوەریکردن، کە ئەو توانایە بە کۆمەڵانی خەڵك ببەخشێت بۆ بەدیهێنانی خواست و هیواکانیان.

## پەراوێزەکان:


1. J.K Bluntchli، The Theory of the state، 3rd ed. (oxford:1895) p. 18-19.
2. Barker، The study of . . .op. cit. p91.
3. Ibid. p106.
4. Gettell، op. cit. p89.
5. Joad، Guied to the philosoply of Morals and Politics، cited in: Agarwal، op. cit. p140.
6. Barker، the study of . . .op. cit. p27 – 28.

٧. و. ت. ستیس، فەلسەفەی هیگل، ترجمە حمید عنایت، ٢ جلد، چاپی پێنجەم (تهران: شرکت سهامی کتابها جیبی ١٣٥٧) جلد دووەم، ص ٥٩٥.

8. Garner، Political Science . . .، op. cit. p27.
9. Garner، Introduction to . . .، p. 316 -317.
10. 10-Gettel، op. cit. p. 383.
11. 11- F. G. Wilson، the Elements of Modern Politics (Newyork: Mc Graw Hilb 1936). P141 – 159.

## -٩ -

# ( ســـــەروەری )

### ١- سروشتی سەروەری:

سەروەری (Sovereignty) یەکێکە لە توخمەکانی دامەزراندنی دەوڵەت. لە راستیشدا هەمان ئەو توخمەیە دەوڵەت لە کۆمەڵەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. لە هەموو دەوڵەتێکدا دەسەڵاتیدارێتییەك هەیە، کە ویستی ئەو دەسەڵاتە لە رووی یاساییەوە شتێکی ناچارییە بەسەر هەموو ئەو تاك و کۆمەڵانەی دەکەونە سنووری قەڵەمڕەوەکەی. بەوتەی (بارکەر) دەوڵەت، وەك کۆمەڵەیەکی یاسایی، پێویستە دوا چارەسەری هەموو بابەتە یاساییەکانی ناو سنوورەکەی خۆی لە پشکدا بێت. ئەوە راستە، کە ناتوانرێت دەوڵەت بێ سەروەری وێنا بکرێت. گروپگەلەکانی دی ناو کۆمەڵگاش خاوەنی کۆ ویستە تایبەتەکانی خۆیانن و لەفۆرمەلەکردنی هزردا رۆڵی گرنگ دەگێڕن، بەڵام لە تایبەتمەندییە پسپۆڕییەکانی دەوڵەت ئەوەیە ویستێکی باڵاتر و بەدەسەڵاتری بەسەر هەموو کۆمەڵەکانەوە هەبێت. ئەو یاسایانەی دایدەڕێژێت، دوا وتەیە بۆ ئەو بابەتانەی دەیەوێت بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. سەروەری دەوڵەت هیچ جۆرە سنووردارییەکی یاساییانەی نییەو بانگەشەی هیچ دەستەو تاقمێك پەسەند ناکات بیەوێت لە سنورەکەیدا سەروەرییەکەی پیادە بکات. دەشێت دەوڵەتێك هەندێك لە پشکەکانی خۆی بە گروپە لۆکاڵیەکان یان کۆلۆنیەکانی خۆی بسپێرێت و لەگەڵ ئەوەشدا حوکمڕانی خۆی پاراستبێت. دەوڵەت تەنها لە رووی یاساوە حوکمڕان و رەهایە. هەر وەك (لاسکی) وتویەتی: (دەوڵەت بە هەموو خەڵك و گروپەکانی ناو قەڵەمڕەوەکەی فەرمان دەدات و لە هیچ کام لەوانەشەوە فەرمان وەرناگرێت. ویستی پاشکۆی هیچ جۆرە سنوردارییەکی یاسایی نییە. هەر ئەو شتەشی دەیکاتە ئامانجی خۆی، بە راستی هەرئەوەش نیەتی راگەیەنراوێتی[1]). بەمپێیە سەروەری لە بنەماو بنچینەدا چەمکێکی یاساییە، کە دەسەڵاتی کۆتاو بێسنوری یاسایی پراکتیك دەکات.

لەکۆنـدا بـۆ دەربـڕینی سـەروەری زاراوەی دەسـتەی حـوکمڕان یـان دەسـەڵاتی بـاڵا بەکاردەهێنرا. بیردۆزدانەرانی یاسایی و سیاسیەکان ماوەیەکە وەك حوکمڕان ئاماژە بۆ ئەم دەستەی حوکمڕانەی ناو دەوڵەت دەکەن. هەڵبەتە ئەو وشەیە لەم رووەوە هـیچ ئاماژەیـەکی تایبەتی نییە بۆ پاشا، شاژن و دەسەڵات یان هەرشتێکی دیکەی سەروەری، کـە پەیوەسـتە بەئەندامانی دەوڵەت یان خەڵکەوە. ئەمڕۆ سەروەری لەخودی خەڵکـەوە دەناسـرێتەوە، کـە خەڵك حوکمڕانن.

**أ– سەروەری ناوخۆییو دەرەکی:**

بەشـێوەیەکی گـشتی لـە نێـوان رووە نـاوخۆیی و دەرەکیـەکانی سـەروەریدا جیـاوازی دەکرێـت. سـەروەری نـاوخۆیی واتــە پــشك و دەسـەڵاتی دانــان و پیـادەکردنی یاسـا لەسەرانـسەری قەڵـەمڕەوی دەوڵەتـدا. سـەروەری نـاوخۆیی دوا دەسـەڵاتی فەرمانـدان و چەسپاندنی پەیڕەویکردنەو پاشکۆی هیچ سنورداریەکی یاسایی نییە. سەروەری دەرەکیش بریتییە لەوەی دەوڵەت نەبێتە ملکەچ یان نەکەوێتـە ژێـر فـشار یـان هـەژموونی دەوڵـەتێکی دیکەوە. بەواتایەکی دی، سەروەری دەرەکی بەو مانایەیە، کە دەوڵەت لـە چارەسـەرکردنی پرسـە ناوخۆییەکانـدا لـە هـەر هـەژموونێکی دەرەکـی سـەربەخۆو ئـازاد بێـت و ئـیرادەی دەوڵـەتانی دیکـە کـۆنترۆڵی ئـیرادەی ئـەمیان نـەکردبێت. ئەگـەر لـەرەوتی پـەیمانێکی نێودەوڵەتی یان لەژێر رێسای یاسا نێودەوڵەتییەکانـدا دەوڵـەت بـە هەنـدێك سـنوردارکردنی ئازادی کارکردنی خۆی رازی بێت، ئەم سنوردارکردنە بەپێچەوانەی سەروەرییەکەوە نابێـت، چونکە دەوڵەت ئەو سنوردارییە بەپێی خواست و ئیرادەی خۆی دێنێتە کایەوە.

بەبڕوای (گتل) سەروەری راستەقینە تەنها ناوخۆییە.

**(ئەگـەر بەدروسـتی قـسەبکەین** سـەروەری **سـەروکاری لەگـەڵ پەیوەندییـە ناوخۆییەکانی دەوڵەت لەگـەڵ دانیـشتوانی نـاو قەڵەمڕەوەکـەی هەیـە،** سـەروەری **وشەیەکە پەیوەندی بە دەسـتورەوە هەیـە تـا وشـەیەك بێـت پەیوەسـت بـە یاسـا نێودەوڵەتییەکانەوە. چەمکێکی یاساییانەیەو تەنها لەگەڵ بابەتی یاسادا پەیوەندی هەیـە. ئەگـەر وشـەی** (سـەروەری) **بەشێوەیەکی ئاسـایی بـەو شـتە بوترێـت، کـە**

**سەروەری ناوخۆییەو وشەی (سەربەخۆیی) هەندێکجار بۆ سەروەری دەرەکی بەکاربهێنرێت، زیاتر بۆ بیر روناککردنەوەو لادانی زۆر مشتومڕ سوودی لێدەبینرێت.**[٢])

ئەگەرچی چەند بیریارێکی دیش دیدی هاوشێوەیان خستۆتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پەیڕەوی لە ریزبەندی نەریتیانە، واتە سەروەریی ناوخۆیی و سەروەریی دەرەکی دەکرێت.

**ب- پێناسەی سەروەری:**

وشەی سەروەری لەوشەی لاتینی (Superanus) وەرگیراوە، کە واتای بالادەستییە. بیریارانی سیاسی بەشێوەی جۆراوجۆر پێناسەیان کردووە. (ژان بودین) بەمجۆرە پێناسەی کردووە: ( دەسەلاتێکی بالاتری بێسنوری یاسایی دەولەتە بەسەر هاولاتیان و پەیڕەوانەوە). پێناسەی (گرۆسیۆس) ئەمەیە: ( هێزێکی سیاسییانەی بالایە، بەکەسێك دراوەو هەنگاوەکانی پاشکۆی کەسێکی دی نییەو ناکرێت ئیرادەی کۆنترۆڵ و هەژموون بکرێت). (بلۆکستۆن) پێناسەیەکی لەمجۆرەی سەروەری دەکات: (دەسەلاتێکی بالاتر، بێئاستەنگ، رەها، جڵەونەکراو، کە زۆرترین پشکی یاسایی خراوەتە ئەستۆی). (پلینك) بەمجۆرە پێناسەی سەروەری کردووە: (ئەو تایبەتمەندییەی دەولەتە، کە لەژێر رۆشناییەکەیدا ناکرێت دەولەت لە رووی یاساییەوە پابەند بکرێت، مەگەر بەویستی خۆی یان هێزێکی دەرەوەی خۆی سنورداری بکات). (دۆگی) وتویەتی، کە سەروەری (دەسەلاتی بەڕێوەبردنی دەولەتە. ویستی نەتەوەیە لەناو دەولەتدا رێکخراوە. سەپاندنی فەرمانی بێبەندوباوە بەسەر هەموو خەلکی سەرخاکەکەی یان قەلەمڕەوەکەیدا). لای (بورگس) سەروەری بریتییە لە: (دەسەلاتی بنەچەیی، رەهاو بێسنور بەسەر یەکیەکی پەیڕەوان و هەموو کۆمەلە پاشکۆکانیدا). پێناسەی (پۆلۆك) بەمجۆرەیە: (دەسەلاتێکە نەکاتی و نەمایەی بەلاوەنانەو نەئەوەشی بەهۆی رێسای تایبەتەوە بتوانرێت بگۆڕێت). بەبڕوای (فیلۆبی)، سەروەری ویستی بالاتری دەولەتە. لای (جنکس) سەروەری بریتییە: (لەو دەسەلاتەی، کە دواجار بەشێوەیەکی رەهاو بێچەندوچوون هەنگاوەکانی یەکبەیەکی

ئەنـدامانی کۆمەڵگـە لـەخۆدەگرێت). (گـۆرە دوومـالبرگ – Gorre de Malberg) وتویـــەتی، کـــە ســـەروەری (دەســـەڵات) نییـــە، بـــەڵکو (چـــۆنایەتی)یـــە: ســـەروەری (تایبەتمەندییەکی باڵای دەسەڵاتە– باڵا لەو رووەوە کـە ئـەم دەسـەڵاتە هـیچ دەسـەڵاتێکی لەخۆی باڵاتر پەسەند ناکات و هیچ دەسەڵاتێکی دیش ناتوانێت کێبـەرکێی بکـات). (دۆناڵـد راسل) یش بەمجۆرە پێناسەی سەروەری کردووە: (بەرزترین دەسـەڵات و دەسـەڵاتی بـاڵای دەوڵەتە، کە یاسا یان شتێکی دی ناتوانێت سنورداری بکات، چونکە گـەر وانـەبێت، نابێتـە بـاڵاو بـەرزترین). (سـلتون) وتویـەتی، سـەروەری جێبـەجێکردنی (دەسـەڵاتی ناچـارییانەی یاساییە لەلایەن دەوڵەتەوە).

**پ– تایبەتمەندییەکانی سەروەری:**

لـەو پێناسـانەی سـەرەوە دەکرێـت ئـەوە دەستنیـشان بکرێـت، کـە سـەروەری ئـەم تایبەتمەندییانەی هەیە: ١– رەهایە. ٢– گشتگیرە. ٣– هەمیشەییە. ٤– دانەبڕاوە .

٥– قۆرغکراوە ٦– مایەی دابەشبوون نییە.

**١– رەهایی بوونی حوکمڕانی:** لە دیدی یاساوە سەروەری رەهاو بێسنوورە. سـەروەری بەرزترین تایبەتمەندی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە. لە ناوخۆ و لەدەرەوەی دەوڵەت هیچ هێزێکـی یاسایی باڵاتر لە دەوڵەت بوونی نییەو دەوڵەت هیچ سنووردارییەك بە فەرمی ناناسێنێت. لـە رووی ناوخۆییـــەوە ســـەروەری باڵادەســـتیە بەســـەر هـــەموو تـــاك و گروپەکانـــدا. لـــەرووی دەرەکییـەوە سـەربەخۆیە لەهـەر زۆرلێکـردن یـان دەسـتدرێژییەکی دەوڵـەتانی دیکـە. ئـەو سنووردارییەی لە شێوەی بزاوتـی نـاوخۆیی دەوڵەتـدا هەیـە، جـۆرە سـنوردارییەکە خـودی دەوڵەت بەرقـەراری کـردووە. لـەرووی یاسـاییەوە دەسـەڵاتی دەوڵـەت رەهایـە، هەرچـەندە لەوانەیە هەندێك کاریگەری تایبەت لەسەر کارەکانی دەوڵەت کاریگەری دابنێن. لـەم رووەوە دەوترێت ئەم بابەتانە سەروەری دەوڵەت سنوردار دەکەن: ١– یاساکانی بنـەمای دەوڵـەت، کـە لـە دەسـتووردا هـاتووە. ٢– یاسـای نـاوخۆیی. (هنـری مـاین) وەك فاکتـەری گرنگـی سنوردارکردنی سەروەری دەوڵەت ئاماژەی بۆ داب و نەریتەکان کردووە(٣). بەڵام ئەمجۆرە سـنوودارییەو هاوشـێوەکانی تـەنها کارەکـانی سـەروەری سـنووردار دەکـات نـەك خـودی

سەروەری. لەگەڵ ئەوەشدا راستییە سیاسییەکان سەروەری ناچار بەدەستەبەرکردنی پێداویستی و خواستەکانی پەیڕەوان دەکات.

٢- **سەرتاسەری‌و گشتگیرییە:** سەروەری سەرتاسەری و گشتگیرەو هەموو تاك و ئەو کۆمەڵانە دەگرێتەوە لەناو بۆتەقەی جیۆگرافیاکەیدان. هیچ تاکێك یان گروپێکی ناو قەڵەمڕەوی دەوڵەت لە دەسەڵاتە گشتگیرەکەی رەها نییە. هیچ کەسێکیش ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات، کە وەك مافێکی خودی لەو دەسەڵاتە ئازادە.

ئاوارتەیی ئاشکرای گشتگیریی سەروەری تەنها بۆ نوێنەرانی دیپلۆماسی و باڵیۆزخانەکانە. ئەوانە پەیڕەوی لە یاسای دەوڵەتانی خانەخوێ ناکەن، بەڵکو لەپەیڕەوانی یاسای دەوڵەتانی خۆیانن. بەڵام ئەم پرسەش تەنها پەیوەستە بەرەفتاری نێودەوڵەتییەوە. هەموو دەوڵەتێك بەپێی سەروەرییەکەی خۆی دەتوانێت ئەو تازیارە سنوودار بکات یان بیسڕێتەوە. ئاوارتەبوونی باڵیۆزخانەکان بەهیچ شێوەیەك لە چەمکی یاسادا سەروەری دەوڵەت سنووردار ناکات.

٣- **هەمیشەییە:** لەبەرئەوەی دەوڵەت دامەزراوەیەکی هەمیشەییە سەروەرییەکەشی هەمیشەییە. هەتا ئەو کاتەی دەوڵەت بوونی هەیە سەروەرییەکەشی بەرقەرارە. هەڵوەشانەوەی سەروەری نابوتبوونی دەوڵەت لەخۆدەگرێت. ئەم دووانە لەیەك جودا ناکرێنەوە.

٤- **دانەبڕاوە:** هەروەك وتمان سەروەری یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی دامەزراندنی دەوڵەت، لەم رووەوە جیاکردنەوەی لەدەوڵەت، دەوڵەت لەباری سەربەخۆیی دەردەکێشێت. دەوڵەت بەبێ لەناوبردنی خۆی ناتوانێت سەروەری لەخۆی دابماڵێت. (رۆسۆ) دەیگوت: دەسەڵات دەکرێت بسپێرێت، بەڵام ناتوانرێت ویست بدرێت. سەروەری کرۆکی کەسێتی دەوڵەتە.

دەبێت بوترێت، کە دابڕانی سەروەری نابێت لەگەڵ بەستنەوەی بەشێکی دەوڵەتێك بەدەوڵەتێکی دیکەوە وەك یەك دابنرێت. کاتێك دەوڵەتێك بەشێك لە خاکەکەی، بەهەر هۆیەکەوە بێت، لە دەست دەدات، لە پراکتیکدا سەروەری خۆی بەسەر هەمان ئەو خاکە دابڕاوەدا لەدەست دەدات، ئەمەش بە واتای هەڵوەشانەوەی دەوڵەت یان دابڕانی تەواوی

سەروەری نییە. بەهەمان شێوە کەنارگیریی حوکمڕانێك بە واتای جیابوونەوەی تەواوی سەروەری نییە، بەڵکو تەنها گۆڕانکارییەکە لە حکومەتدا.

پرسی دابڕاوی و دانەبڕاوی سەروەری لە سەدەکانی شانزەو حەڤدەدا باش خرایە ژێر لێکۆڵینەوەوە. (سوارز، گروسیوس و هۆبز) لەو باوەڕەدابوون، کە کاتێك سەروەری گوازرایەوە بۆ حوکمڕان، وەرناگیرێتەوە یان هەڵناوەشێتەوە. لە لایەکی دیکەوە نەیارانی سیستمی پاشایاتی لەو باوەڕەدابوون، کە خەڵکی ناتوانن سەروەری لە خۆیان دابماڵن و بەمپێیەش خەڵك حوکمڕانی راستەقینەن، چونکە سەروەری بەپێی سروشتی خۆی دانەبڕاوە. بەرئەنجامی ئەم مشتومڕە هەرچییەك بووبێت ئەمڕۆ یاساناسەکان دەڵێن، سەروەری دانەبڕاوە.

٥- **تایبەتمەندە:** سەروەری تایبەتە بەدەوڵەت. لە هەموو دەوڵەتێکدا تەنها یەك سەروەری دەتوانێت بوونی هەبێت، کە لەرووی یاساوە دەسەلاتی ئەوەی هەیە هەموو کەسەکانی سنورەکەی ناچار بە پەیڕەوی لێکردن بکات. پەسەندکردنی لە یەك سەروەری زیاتر واتای رەتکردنەوەی دانەبڕاوی دەوڵەتەو ئەگەری پەسەندکردنی (دوو پاشایە لەیەك هەرێمدا)، کە پێکەوە ناگونجێن.

٦- **دابەش نابێت:** سەروەری بەپێی سروشتی خۆی دابەش نابێت. لە دەوڵەتدا دەکرێت تەنها یەك سەروەری هەبێت. سەروەری، کە بەرزترین ویست یان دەسەلاتی دەوڵەتە، ناتوانرێت بەبێ بوونی ویست یان هێزێکی دیکە، کە نەیاری سەروەری بێت، دابەش بکرێت. (یلینیك) باس لەوە دەکات، کە باوەڕیوون بە (سەروەری دابەشکراو، پەرشوبلاو، کەموکورت، سنووردارکراو و رێژەیی) نەشیاوە. بەهەمان شێوە (کالهۆن- Kalhon) وتویەتی: (سەروەری یەکپارچەیە، دابەشکردنی لەناوچوونە. سەروەری دەسەلاتی بالاتری دەوڵەتە، هەروەك چۆن ناکرێت باس لە نیوە چوارگۆشە یان نیوە سێ گۆشە بکرێت هەروەهاش ناتوانرێت باس لە نیوە سەروەری بکرێت). (گتل) نوسیویێتی: ئەگەر سەروەری رەها نەبێت هیچ دەوڵەتێك بوونی نییە، ئەگەر سەروەری دابەشکراو بێت، واتە زیاتر لەیەك دەوڵەت هەیە.

ئـەم بیرۆکەیـە، کـە دەوڵـەت یەکپارچـەیە، بابـەتی لێکۆڵینـەوەی هەنـدێك لـە بیریـارانی سیاسی بووە. (لاول) سەبارەت بەدەوڵەتی (فیدراڵ) رایگەیاندوە، کە: (لەوانەیە لەسەر یەك پارچـە خـاك دوو سـەروەری فەرمانـدەر بـۆ پرسـی جۆراوجـۆری یـەك پـەیڕەوان هـەبێت). بەهەمان شێوە (بریس) رایگەیاند، کە سەروەری یاسایی ( دەکرێت لـەنێوان دوو دەسـەڵاتی هەماهەنگدا دابەش بکرێت). ( دو توکویڤل– Detoqueville)، (ویتۆن– Wheaton)، (هالـك – Halleck)، (ئیـسمین– Esmein)، (دوگـی) و هەنـدێکی دیکـەش هـەمان تێڕوانینیان هەیە. لە ئەڵمانیاش هەندێك لە توێژەرەوە سیاسیەکانی وەك (بلوچلی) و (فـۆن موهـل– von mohl) و هەنـدێکی دیـش بیرۆکـەی دابەشـبوونی سـەروەریان پەسـەند کردووە.

ئەو بیریارانەی باوەڕیان بە دابەشبوونی سەروەری هەیە، وەك نموونە دەوڵەتانی فیدراڵی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان لەبەرچاوگرتووە، کە بە رای دیوانی بـاڵا، بـەپێی ئـەو پـشکانەی بـە حکومـەتی نیـشتمانی دراوە ویلایەتـە یـەکگرتوەکان حـوکمڕانی هەیـە و ویلایەتەکانیش بەپێی ئەو پشکانەی بۆیان ماوەتەوە خاوەنی سەروەرین. ئەم رایەی دیوانی باڵا لەلایەن یاسا ناسانی بەرجەستەی وەك (کوکی و ئستوری) و توێژەرەوەی سیاسـی وەك (ویتـۆن، هالـك، بلـیس و هـەرد)وە پەسـەند کـراوە. بـەبڕوای ئـەم بیریارانـە سـەروەری لـە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەنێوان نەتەوەو ویلایەتەکانـدا دابـەش بـوەو هەریەکـەیان بەپێی ئەو چوارچێوەیەی دەستووری فیدراڵ دیاریکردوە حوکمڕانن یان سەروەرییان هەیە.

بەڵام ئەمە بەهای دروستی پێگـەی سـەروەری ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا نییـە. ویلایەتە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا دەوڵـەتێکی کامڵـەو بـەو پێیـەش تـەنها یـەك سـەروەری تێدایـە. بـێ دودڵـی دەسـتوور پـشکەکانی لـەنێوان حکومـەتی فیـدراڵ و ویلایەتەکانـدا دابەشکردووە، بەڵام ئەمە لـە راسـتیدا دابەشـکردنی پـشکی حکومەتییـە نـەك دابەشـکردنی سەروەری. بەوتەی (گتل): (ئەوەی لە سیستمی فیدراڵیدا دابەش دەکرێت، سەروەری نییە، کە بەگشتی وەك یەك یەکە لەناو دەوڵەتدا هەیە، بەڵکو پیادەکردنی پشکی جۆراوجۆرە، کە بە هەماهـەنگ لەگـەڵ یـەك سیـستمی دەسـتووریدا لـەنێو ئۆرگانـە جیاوازەکـانی حکومەتـدا دابەشبووە) [٤]. بەهەمان شێوە (یلینك) وای بۆچـووە، کـە تیـۆری دابەشـبوونی سـەروەری

لەدەوڵەتی فیدراڵدا دەبێتە هۆی نیگەرانی سەروەری لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی. وتویەتی، ئەوەی دابەشبووە سەروەریو دەسەڵات نییە، بەڵکو ئەو بابەتانەیە، کە کەوتۆتە ژێر پیادەکردنی دەسەڵاتدارێتییانەوەو هەروەك (روسۆ)ش وتویەتی: ( دەکرێت دەسەڵات بەشبەش بکرێت، بەڵام هەرگیز ویست دابەش ناکرێت. ویست تەنهایەو یەکپارچە. ئەوانەی لایەنگری لە تیۆری دابەشکردنی سەروەری دەکەن، بەهەڵە لە سەروەریی حوکمڕانی گەیشتوون).

بەوجۆرە وادەردەکەوێت باشترین بیرۆکە ئەوە بێت، کە سەروەری دابەش ناکرێت، بەڵام ئەو پشکانەی وابەستەی سەروەرین دەکرێت دابەش بکرێن. (کالهۆن) نوسیویەتی: (هیچ لێڵییەك لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی دابەشکردنی پشکەکانی سەروەریدا نییە، چونکە لەوانەیە پراکتیزەکردنی بەشێك لە پشکەکان لە ئەستۆی ئەم و بەشێکی دیکەی لە ئەستۆی ئەو گروپی کارمەنداندا بێت. هەروەها هیچ گرفتێکیش لە تێگەیشتنی ئەم بابەتەدا نییە، کە چۆن دەتوانرێت پیادەکردنی سەروەری بەیەك یان چەند کەسێکی زۆر بدرێت، بەڵام ناتوانرێت وێنابکرێت، کە خودی سەروەری، ئەم هێزە باڵادەستە چۆن دەکرێت دابەش بکرێت). بەهەمان شێوە (کورتیس) وتویەتی: (ئاشکرایە لە کۆمەڵگەیەکدا دوو هێزی باڵا، ئەگەر بیانەوێت لەسەریەك بابەت کاربکەن، ناکرێت بوونیان هەبێت، بەڵام هیچ شتێك لە ماهیەتی سەروەری سیاسیدا نییە، کە رێگری لە دابەشکردنی پشکەکان لە نێو کارمەندە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئامانجی جۆراوجۆر بنوێنێت). بەسەرنجدان لەو راستیانەیە، وەك (لاسکی) وتویەتی: (دیاریکردنی سەروەری لە دەوڵەتی فیدراڵدا لەرووی پراکتیکەوە مەحاڵە)[٥].

لەو دواییانەدا پلورالیستەکان ئاوڕیان لە تیۆری یەکپارچەیی سەروەری داوەتەوە. ئەمانە لەو باوەڕەدان دەوڵەت بەتەنها سەروەری نییە، گروپی دیکەش لە دەوڵەتدا، وەك دامەزراوەی ئاینی یان گروپی ئابووری لە بۆتەی خۆیاندا حوکمڕانن. ئەگەر دیدی ئەمانە پەسەند بکرێت، بەو مانایە دەبێت، کە ژمارەیەك لە کۆمەڵەکان، خاوەنی سەروەری یەکسانن لە کۆمەڵدا، کە دەبێتە هۆی پشێوی و ئاژاوە، چونکە دوا دەسەڵات بوونی نابێت

تا دەسەڵاتێکی باڵاتر بەسەر هەموو کۆمەڵەکاندا پراکتیزە بکات. لە دوایداو لەهەمان ئەم بەشەدا تێگەی پلورالیزم دەخەینە ژێر باس و لێکۆڵینەوەوە.

### ٢- مێژووی سەروەری:

هەرچەندە تیۆری سەروەری لە سەرەتاکانی سەدەی نوێ، واتە لە (١٥٧٦) دا، کە (ژان بودین) چەمکی نوێی سەروەری راڤەکرد، هێدی هێدی خرایەڕوو، بەڵام بیرۆکەکەی بۆ (ئەرستۆ) دەگەڕێتەوە، کە باسی لە (دەسەڵاتی باڵاتر)ی دەوڵەت کردووە. بەبڕوای (ئەرستۆ) دەشێت ئەم دەسەڵاتە لە پشکی یەك تاکەکەس، چەند کەسانێك یان کەسانێکی زۆردا بێت. باڵاتربوون لە هزری سیاسی (ئەرستۆ)دا گرنگی زۆری هەیە، بەڵام ئەم باڵادەستییە سەروەری نوێ نییە. یاساناسانی (رۆما) ئەگەرچی چەندینجار دەربارەی (کاملبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت) قسەیان کردووە، بەڵام بۆچوونێکی لێڵیان بۆ ماهیەتی سەروەری هەبوو.

سەدەکانی ناوەڕاست هەلومەرجی پێویستیان بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی چەمکی سەروەری پێشکەش نەکرد. کۆمەڵگەی فیودالی سەدەکانی ناوەڕاست نەیتوانی یەکێتی دەسەلات بەدیبێنێت. کێشمەکێشی نێوان کلێسەو دەوڵەت ئەو پرسەی خستەڕوو، کە کام یەك لە دەسەڵاتی ئاینی یان دەسەڵاتی دنیایی باڵاترە. فیودالیزم لەسەر وەفاداری کەسێتی وەستابوو، لەو هەلومەرجەشدا سەرهەڵدانی تیۆری نوێی سەروەری مەحاڵ بوو. هەروەها بڕوابوون بەمافی سروشتی و مافی یەزدانی کە لەسەروو مافە مرۆڤایەتییەکانەوە دادەنرانو گەشەکردنی هزری نوێ سەروەری ناتایبەتمەندو یەکپارچەبوونی دەوڵەتی دەستەپاچە کرد. بەکورتی، بیرۆکەی سەروەری لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بوونی نەبوو. لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی یاسایی باڵا لەهەموو رووەکانەوە کارێکی ئاسان نەبوو، ئەگەر بەدەستیش بهاتایە، ئەوا لە پێشتردا دەسەڵاتی یاسایی بۆ برەودان، پراکتیزەکردنو لێکدانەوی یاساکان هەبوون.

ململانێی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییە تازە سەرهەڵداوەکان و خودانە فیودالییەکان هەلی سەرهەڵدانی تیۆری نوێی سەروەری فەراهەم کرد. پاشاکان بە توڕەییەوە دژایەتی

بانگەشـەی باڵادەسـتی کلێـسەیان دەکـرد. لـەو دژایەتیـەدا یاساناسـەکان و راوێـژکارەکانی دادوەری بەشیکردنەوەی شارەزایانەی بیرۆکەی باڵادەستی پۆستی پاشـایەتی پـشتگیرییان لەبانگەشەی پاشـاکان دەکـرد. یاسـازانە فەرەنـسیەکان یەکـەمین کەسـانێك بـوون زاراوەی نوێی (حوکمڕان) و (سەروەری) یان بەکارهێنا. (ژان بۆدین) (١٥٣٠–١٥٩٦) یەکەمین بیریار بوو جەوهەرو تایبەتمەندی سەروەری لە کتێبـی کۆماردا خـستە بەرتوێژینـەوە. سـەروەری، کە لە رابردوودا وەك سیفەتێکی کەسێتی پاشا سـەیر دەکـرا، لەسـەر دەسـتی (بـۆدین) بـوو بەتوخمێکی بنچینەیی دامەزراندنی دەوڵەت. مەبەست لە سەروەری بریتیبـوو لـە: (هێزێکـی باڵاتر بەسـەر هاوڵاتیـان و گـەل، کـە یاسـا سـنورداری نـەکردبێت). (بـۆدین) سـەروەری بـە سیفەتی هاوشانی پلەی پاشا زانیوەو جەختی لەسەر لایەنە ناوخۆییەکانی کردووە. بەبڕوای ئەو گـرنگترین ئـەرکی سـەروەری یاسـادانانە، بـەڵام خـودی حـوکمڕان لـەو یاسـایەی خـۆی دایناوە، ئازادە. لەگەڵ ئەوەشدا بەبڕوای (بۆدین) مافە یەزدانی و سروشـتییەکان حـوکمڕان پابەند دەکەن. لەم رووەوە (بۆدین) سەروەری بەسەرچاوەی بێسنووری مافە مەدەنییـەکان دەزانی. بەڵام چەمکی سەروەری (بۆدین) کەمێك مایەی نیگەرانییە. حوکمڕانەکـەی ئـازادەو لەهەمان کاتیشدا لـە پیـادەکردنی ئـەوەی دەیـەوێت، ئـازاد نییـە، چـونکە (بـۆدین) بـەمافی یەزدانی و سروشتی دەیبەستێتەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا تیۆرەکـەی (بـودین) بنـەمای رێبـازی نوێی سەروەری رۆنا، کـە لـەجیاتی بنـەمای سـیفەتی کەسـایەتی پاشـا گـۆڕی بـۆ سـیفەتی دەوڵەت. هەروەها ئەم تیۆرە نوێیە بنچینەی بۆ بانگەشەکانی زۆرداریی پاشا لە سـەدەکانی شانزەدا فەراهەمکرد. پاش ئەو (گرۆسیۆس) (١٥٨٣–١٦٤٥)ی یاساناسی هۆڵەندی جەختی لەسەر لایەنی سەروەری دەرەکی کردەوە. ئەم هەموو دەوڵەتەکانی بەیەکسان، سەربەخۆ و خاوەن دەسـەڵاتی بـاڵا دانـاوە لـەناوخۆی سـنوورەکانی خۆیـدا. لـە دیـدی ئەمـەوە لایـەنی دەرەکی سەروەری بەو مانایە بوو، کە دەوڵـەت بەشـێوەیەکی تـەواو سـەربەخۆو ئـازادە لـە دەسەڵاتی بێگانەکان.

(هـۆبز) (١٥٨٨–١٦٧٩) بیرۆکـەی مـافی سـەروەری یاسـایی کامـڵ کـرد. (هـۆبز) لەوباوەڕەدابوو، کە خەڵکی بـەپێی بڕیـارێکی کۆمەڵایـەتی هـەموو هێـزو پـشکەکانیان بـەبێ بەندوباو بە حوکمڕانێك بەخشیوە، کە ئـەو حوکمڕانـە لایـەنێکی ئـەو پەیمانـە کۆمەڵایەتیـە

نییە. ئەو سەروەری دایە دەست پاشاو کەسانێك یان چەند کەسانێکی زۆر. (هۆبز) لە گەورەترین بڕواداران بوو بە یەکپارچەیی و ڕەهایی دەسەڵاتی حوکمڕان. لە دیدی ئەمەوە حوکمڕان پشکی تەواوی بڕیاردانی لەسەر ڕێسا هەیە: (کە بەو هۆیەوە هەموو کەس دەتوانێت بزانێت خاوەنی چ جۆرە چاکەیەکەو دەتوانێت چ کارێك ئەنجام بدات بەبێئەوەی لەلایەن هاوشانەکانییەوە ڕێگری لێبکرێت). هەروەها حوکمڕان تاکە دادوەرە، کە بڕیار دەدات چی شتێك بۆ ئاشتی و بەرگریکردن لە پەیڕەوانی پێویستە. بەکورتی هێزی حوکمڕانەکەی (هۆبز) بێسنور، یەکپارچە، گشتگیر، دانەبڕاو و هەمیشەییە[٦].

لەکاتێکدا (هۆبز) لایەنگری لە ڕێبازی سەروەری یاسایی کرد، (لۆك) (١٦٣٢-١٧٠٤) چەمکی سەروەری سیاسی گەڵاڵە کرد. (لۆك)یش تیۆری سەروەرییەکەی لەسەر شیمانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕۆنا. ئەم لە لێکۆڵینەوەکەیدا خۆی لە بەکارهێنانی زاراوەی (سەروەری) بواردو تەنها باسی لە (دەسەڵاتی باڵا) کرد. لە دیدی ئەمەوە دەسەڵاتی باڵا وابەستەی حکومەتە. بەڵام بەگشتی لە پشت حکومەتەوەو لەویش باڵاتر دەسەڵاتی خەڵکی هەیە. بەمپێیە دوو دەسەڵاتی باڵا لە دەوڵەتدا هەیە: یەکێکیان لە حکومەتداو ئەوی دیکەیان لە خەڵکدا. بەڵام هەردوو دەسەڵاتەکە هاوکات پیادە ناکرێن. دەسەڵاتی خەڵك تەنها کاتێك پیادە دەکرێت، کە دەوڵەت چیدی لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانیدا دەستەوەستان بێت و سەرەنجام بەرکەنار دەکرێت. تا ئەوکاتەی حکومەت بەرقەرارە، دەسەڵاتی خەڵکی لەباری هەڵپەساردندایە. ئەم جیاکارییە لەنێوان دوو (دەسەڵاتی باڵا) لەسەدەی نۆزدەدا لە بە دوو تێگەی بێچەنوچوونی سەروەری سیاسی و سەروەری یاسایی گەیشت. (مریام) لە ڕوونکردنەوەی دیدی (لۆك)دا سێ جۆر حوکمڕان دیاری دەکات:

١- پاشایەتی (لە ئینگلستان) حوکمڕانی فەرمییە.

٢- دەسەڵاتی یاسادانان، حوکمڕانی حکومەتییە.

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی، سیاسی یان خەڵکی حوکمڕانی سیاسین.

دوا زادگای تیۆری نوێی سەروەری بۆ (ڕۆسۆ) دەگەڕێتەوە. ئەم لەگەل (بۆدین) و (هۆبز) هاوڕابوو، کە سەروەری ڕەهاو بێسنوورە، بەڵام سەروەری بەهاوبەندی ویستی گشتی خەڵك دەزانی نەك ویستی پاشا. هەرچۆنێك بێت، سەروەری ڕەهای (هۆبز)ی لەگەڵ سەروەری

سیاسـی (لـۆك) ئاوێتـە کـرد. بـەبڕوای (ڕۆسـۆ) سـەروەری لـە ویـستی گـشتیدایە، واتـە لەویستێکدا کە چاکەی گشتی بەڕێوە دەبات. ویستی گشتی مایەی گواستنەوە نییە، چونکە (دەکرێـت دەسـەڵات بـسپێرێت، بـەڵام هـەرگیز ویـست نـا). پێیوایـە ویـستی گـشتی مایـەی سپاردن نییە، لەبەرئەوە دەکرێت هەنگاوەکانی ویستی گشتی بەتەنها بە یاسا ناوببرێت.

دەکرێـت بەشـداری (ڕۆسـۆ) بـەکورتی بـەمجۆرە ڕوون بکرێتـەوە، کـە (ئـەوەی هـۆبز بـۆ پاشای ئەنجامدابوو ئەم بۆ خەڵکی ئەنجامدا). تیۆرەکەی (هـۆبز) گـشت کەسـێتی دەوڵـەتی لەدەسـتەی حوکمڕانـدا دەبـینی، لـە کاتێکـدا (ڕۆسـۆ) بەهـەمان لۆجیـك حکومـەتی کـردە پاشکۆی ویستی خەڵك. (بوسـانکە) بـە کورتکردنـەوەی تیۆرەکـانی (هـۆبز، لـۆك و ڕۆسـۆ) دەربارەی سەروەری نوسیویێتی: (لە دیدی (هۆبز)ەوە یەکێتی سیاسـی لـە ویـستێکدایە کـە کردارانەیە، بەڵام گشتی نییـە. لەدیـدی (لـۆك)وە یـەکێتی سیاسـی لەویـستێکدایە گـشتییە، بەڵام کرداری نییە. لەلایەکی دیکەوە (ڕۆسۆ) یەکێتی سیاسی بە ویستێك دەزانێت، کە هـەم کردارییەو هەم گشتی).

پاش (ڕۆسۆ) تیۆری سەروەری لە فۆرمە پراکتیەکەیدا پلەبەپلـە گەشـەی کـرد. (بنتـام و ئوستین) لە ئینگلتەرا تیـۆری سـەروەری یاسـایان چـێکرد. (بنتـام) یاسـاکانی بـە فـەرمانی دەسەڵاتی سیاسی باڵاتر پێناسە کرد. (ژان ئوستین) لایەنگری لە ڕاگەیاندنی کلاسـیکیانەی چەمکی سەروەری سیاسی کرد. ئەم لـەو بـاوەڕەدابوو، کـە لـە هـەموو دەوڵەتێکدا دەبێـت گروپێکـی دیـاریکراو خـاوەنی دەسـەڵاتی بـاڵاتر بێـت. لـە دیـدی ئەمـەوە یاسـا (ڕێـسای کەڵەکەبووە، کە خەڵکی لەباری باڵادەستی سیاسی، یان حوکمڕان بۆ خەڵکێك دایانڕشتووە، کە لەڕووی سیاسییەوە بە پەیڕەوان دادەنرێن). بەمپێیـە لـە هـەموو دەوڵەتێکدا دوو لایـەن هەیە، یەکێکیان کە فەرمان دەردەکـات و ئـەوی دییـان پـەیڕەوی لێـدەکات. یاسـاش جگـە لەفەرمانەکانی حوکمڕان شتێکی دی نییە. دەکرێت لەوەش زیاتر بووترێت، کـە لـە کاتێکـدا (هۆبز، بنتام و ئوستین) دیدی هەڵسەنگێنراویان بۆ سەروەری خـستەڕوو، (ڕۆسـۆ، هـیگڵ و بوسانکە) چەمکی سەروەرییان لە دیدێکی فەلسەفییەوە بە شـێوەیەکی بەرجەسـتە شـرۆڤە کرد. ئەم یاساناس و فەیلەسوفانە دەوڵەتیان وەك یەکەیەکی کامڵ وێنا دەکرد.

له دوادواییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی ئێستا (مەبەست سەدەی بیستە-و) قوتابخانەیەکی بیری سیاسی نوێ - بیری پلۆرالیزمی سەریهەڵدا، کە گومانی لە دیدی نەریتیانەی سەروەری کرد. بەپێی ئەم قوتابخانە نوێیە کۆمەڵ یەك نییە، کۆمەڵ فیدراڵ یان پلۆرالیزمە. لەبەرئەوە دەوڵەت و گروپە جۆراوجۆرەکانی دی ناو قەڵەمڕەوەکەی دەبێت لەسەروەریدا هاوبەشبن. پاشان لەم چەمکەی پلورالیزم بۆ سەروەری دەکۆڵینەوە.

## ٣- جۆرەکانی سەروەری:

زاراوەی زانستیانەی (سەروەری) بەواتای جۆراوجۆر بەکارهێنراوە. بۆ نەهێشتنی نیگەرانی دەبێت دوبارە بەکارهێنانی جۆراوجۆری ئەم زاراوە زانستییە پێناسە بکەینەوە.

### أ- سەروەری رووکەش و سەروەری راستەقینە:

(سەروەری رووکەش) بەواتای هەبوونی سەروەری رواڵەتی و تەنها بەناو. ئەم دەستەواژەیە بۆ پاشا یان پاشایەتییەك بەکاردەبرێت، کە مافی پراکتیزەکردنی واقیعانەی دەسەڵاتی نییەو تەنها نوێنەری دەوڵەتە. لە رەواڵەتدا لەوانەیە ئەمجۆرە پاشایە یان فەرمانڕەوایە خاوەنی پشکی زۆر بێت، بەڵام لە پراکتیکدا ئەم پشکانە کەسێك یان کەسانی دیکە، کە لەلایەن حوکمڕانەوە کاردەکەن، پیادەی دەکەن.

بەکارهێنانی وشەی (سەروەری) بەم واتایە بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە، کە پاشا حوکمڕانی راستەقینە بوو. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی هزری دیموکراسی لە تاکڕەوی پاشا کەمبۆوەو ناچاربوو هەماهەنگی لەگەڵ دیدی ئەو وەزیرانە بکات، کە بەرپرسی دەسەڵاتی یاسادانان بوون. بەمپێیە چیدی پاشا حوکمڕانی راستەقینە نەبوو، بەڵام هەروا وشەی سەروەری بۆ بەکارهێنرا. بۆ نموونە، ئێستاش لە ئینگلستان پاشا یان شاژن هەر بە(حوکمڕان) ناو دەبەن. لە رووی یاساوە پاشا یان شاژنی ئینگلستان حوکمڕان و سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتدارییەکە، بەڵام لەراستی ژیانی سیاسیدا سەروەری پاشا وەك میراتییەکی رابردووی لێهاتووە. (لاول) بەمجۆرە وەسفی پێگەی حوکمڕانی بەریتانیای کردووە: (بەپێی دیدی سەرەتایی دەستوور وەزیرەکان راوێژکارانی پاشا بوون.

ئەرکەکانیان بریتیبوو لەوەی دیدی راوێژکارانە پێشکەش بکەن و پاشا بڕیار بدات. ئێستا لایەنەکان جێگۆڕکێیان کردووە. پاشا دیدی راوێژکارانە دەدات و وەزیرەکان بڕیار دەدەن).

تاك یان گروپێك لە تاکەکان، کە دەسەڵاتی راستەقینە پیادە دەکات، بەحوکمڕانی راستەقینە دەناسرێن.

**ب- سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی:**

زۆربە لەنێوان سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسیدا جیاوازی دەکەن. لە سەروەری یاساییدا مەبەست لەو دەسەڵاتەیە، کە لە یاسادانان باڵاترە. حوکمڕانی یاسایی کەسێکە دەسەڵات و پشکی دەرکردنی بەرزترین فەرمانەکانی دەوڵەتی هەیە. تەنانەت ئەم دەسەڵاتدارێتییە ئەگەری ئەوەی هەیە لە ماف یەزدانی، بنەچەی مۆراڵی و خواستەکانی رای گشتی زۆر باڵاتر هەڵکشێت. ئەم دەسەڵاتدارێتییە هەر فەرمانێکی دەرکردبێت دەبێت دادگاکان وەك یاسا پەسەندی بکەن. یاسازان و دادگاکان تەنها (حوکمڕانی یاسایی) بەفەرمی دەناسن، جگە لەو ئەوانی دیکە رەت دەکەنەوە.

خەسڵەتە سەرەکییەکانی حوکمڕانی یاسایی بەمجۆرەیە:

١- دیار، دەستنیشانکراو، سیستماتیزەکراو، وردەو لە رووی یاساکانەوە ناسراوە.

٢- بەتەنها مافی دەرکردنی دوا فەرمانەکانی وەك یاسا هەیە.

٣- پەیڕەوی نەکردن لەفەرمانەکانی حوکمڕانی یاسایی سزای هەیە.

٤- هەموو مافە یاساییەکانی حوکمڕان دەبێتە ماف.

٥- دەسەڵاتی حوکمڕانی یاسایی بێسنورەو پاشکۆی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی پیادەکراوی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت نییە.

لە ئینگلستان شاژن لە پەرلەماندا حوکمڕانێکی یاساییەو بە گوتەی (دایسی) پەرلەمانی بەریتانیا: (لەرووی یاساوە خاوەنی دەسەڵاتێکی هێندە، رەهایە دەتوانێت منداڵ بگەیەنێتە تەمەنی باڵقبوون، دەتوانێت ئابڕوو بۆ ناپاکێك پاش مەرگی بگێڕێتەوە، مناڵێکی زۆڵ بکاتە

شەرعی یان ئەگەر بەچاکی بزانێت لە هەموو بابەتێکدا داوەری بکات [٧]). کەس ناتوانێت کارەکانی پەرلەمان نادیدە بگرێت یان هەڵیوەشێنێتەوە.

وێڕای ئەوەش بەواتایەکی دی پەرلەمانی بەریتانیا حوکمڕان نییەو ناتوانێت سەبارەت بە پرەنسیپە پیرۆزکراوەکانی ناو دەستوور یان ماف تایبەتی هەرچییەکی بوێت ئەنجامی بدات: (ئەگەر پەرلەمان ڤیتۆی ئەو جۆرە پرەنسیپە بکات، گەل کارەکەی رەت دەکاتەوە). ئەگەر ویستی گەل یان خەڵك نەتوانرێت بە یاسا بکرێت، ئەوا دەمودەست دەکرێتە ناوبژیوانی لیست و تێزە رەتکراوەکان و خودی پەرلەمان لە ئەندامانی لایەنگر چۆڵ دەبێت. پەرلەمان باڵاترەو دەتوانێت فەرمانی متمانەدار بدات تا ئەو رادەیەی کە خواستەکانی خەڵك بەرجەستە بکات یان بەلایەنی کەمەوە پێچەوانەی نەبێت. دەبێت پەرلەمان لەبەردەم ویستی گشتیدا کڕنوش بەرێت.

هیچ فەرمانڕەوایەك، تەنانەت داپلۆسێنەریش، ناتوانێت دەسەڵاتێکی رەها پیادە بکات. لەپراکتیکدا دەسەڵاتی تەنانەت زۆردارترین پاشاکان، بەهەمان شێوەش ئەنجومەنە بەدەسەڵاتەکان، سنوردار بووە. تەنانەت (تزار)ی روسیاش نەیتوانیوە بانگەشەی دەسەڵاتی بێسنور بۆ خۆی بکات.

**پێگەی سەروەری سیاسی.** وەك (دایسی) وتویەتی: (جگە لەو حوکمڕانەی، کە بە یاسایی دەناسرێت، حوکمڕانێکی دیش هەیە، کە دەبێت حوکمڕانی یاسایی سوژدەی بۆ ببات). ئەم حوکمڕانەش بە حوکمڕانی سیاسی ناسراوە. لە راستیدا لە هەموو دەوڵەتێکدا حوکمڕانی یاسایی هەست بە سەنگینی حوکمڕانی سیاسی دەکات. بە ئاسانی ناتوانرێت بوترێت، کە ئەم حوکمڕانە سیاسییە کێیە. (جیلکەریست) بەمجۆرە پێناسەی حوکمڕانی سیاسی کردووە: (کۆی هەموو کاریگەرییەکانی ناو دەوڵەتە، کە لە رەهەندەکانی یاسادا هەیە[٨])، بەڵام روون نییە ئەم کاریگەرییانە کامانەن. لەراستیدا چەمکی حوکمڕانی سیاسی لێڵ و نادیارە. هەندێك لە بیریاران حوکمڕانی سیاسی بەکۆی کۆمەڵگە، هەندێکی دی بەخەڵکێکی زۆر، یان ویستی گشتی و هەندێك بەرای گشتی دەچوێنن. لە هەریەك لەو دیدانەدا رەگەزێکی راستی هەیە، بەڵام بە گشتی هیچ کام لەوانە ناکرێت بە هەڵگری ئەم واتاو چەمکە بزانرێت. ئەگەر حوکمڕانی سیاسی ئەوانەن هەڵدەبژێرن یان دەنگدەرانن،

لەوبارەدا بەوە دەگەین، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەوانەی هاوبەشییەکی گرنگیان لە پێکهێنانی رای گشتیدا نییە لە دەرەوەی خولگەی حوکمڕانی سیاسی دەمێننەوە. هەروەها دەنگدەرانیش خاوەنی ویستی سەربەخۆ نین. ئەمانە لەژێر کاریگەری سیاسەتەکانی پارتدان و بەدەگمەن رای خۆیان سەربەخۆیانە دەدەن. هێندە دەسرۆیشتن و کاریگەری زۆر بەسەر دەنگدەرانەوە هەیە، کە بەدژواری دەتوانرێت بوترێت، دەسەڵاتی باڵاتر لە کوێدایە. لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکاندا هەڵبژاردن بوونی نییە، ئەگەر هەشبێت، دەنگدران ناتوانن کۆنترۆڵی ویستی دیکتاتۆر بکەن. ناشکرێت حوکمڕانی سیاسی لە نێو خەڵکێکی زۆردا هەبێت، چونکە خەڵکی هەموو مافی دەنگدانیان نییە. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە خەڵکی لە رووی ئایدیۆلۆژیا یان سیستەمەوە لەژێر کاریگەری هەندێك چیندا بن. ناتوانرێت رای گشتی بە حوکمڕانی سیاسی ناو ببرێت، چونکە چەمکی رای گشتی زۆر ئاڵۆزە، هەروەها چەمکی ویستی گشتیش.

لەبەرئەوە دیاریکردنی پێگەی سەروەری سیاسی سەختە. چەندی زیاترو قووڵتر بیپشکنین کەمتر بەدەستدێنین. لەراستیدا وادەردەکەوێت، کە فەرمانڕەوایانی راستەقینەی کۆمەڵگەو دەوڵەت شاراوەن. بەهۆی دژواری لە دیاریکردنی پێگەی حوکمڕانی سیاسی هەندێك لەتوێژەرەکان پێیان باشبووە کۆی چەمکەکە بەلاوەبنێن. بۆ نموونە، (گتل) وتویەتی، کە هەموو کۆششێك بۆ بەدەستهێنانی حوکمڕانی سیاسی لەسەروو حوکمڕانی یاساییەوە بەهای هەموو چەمکەکە لەناودەبات و - حوکمڕان بۆ لیستی جێبەجێکاران دەگۆڕێت.

بەڵام گومانی تێدانییە کە رای گشتی، ویستی گشتی، خواستەکانی دەنگدەران و شتی لەوجۆرە کاریگەرییان بەسەر بڕیارەکانی حوکمڕانی یاساییەوە هەیە. ئەگەری ئەوە هەیە حوکمڕانی سیاسی بەڕادەی حوکمڕانی یاسایی دیارو رێکخراو نەبێت، بەڵام واقیعیبوونی لەو کەمتر نییە. رێکخستنی سەروەری سیاسی بۆ سەروەری یاسایی دەگۆڕێت: (هەردوکیان رووەکانی سەروەری دەوڵەتن، بەردەوام کار لە یەکدی دەکەن) [٩]. لە دیموکراسی راستەوخۆدا دوو سەروەری هاوجووت دەبێت و پرسی ناکۆکی نێوان سەروەری یاسای و سیاسی سەرهەڵنادات. بەڵام لەدیموکراسی ناڕاستەوخۆ یان نوێنەرایەتیدا پەیوەندی نێوان

ئەم دوو سـەروەرییە زۆر گرنگـە. لـەمجۆرە دیموكراسـییەدا سـەروەری یاسـایی وابەسـتەی دەسەڵاتی یاسادانانە، لەكاتێكدا كە سەروەری سیاسی وابەستەی دەنگدەرانە. بەمپێیـە لـە دیموكراسی نوێنەرایەتیدا پرسەكە بریتییە لـە دۆزینـەوەی پەیوەندییـەكی دروسـت لـەنێوان حـوكمڕانی یاسـاییو حـوكمڕانی سیاسـی. بەگوتـەی (گتـل): (پەیوەنـدی دروسـتی نێـوان حوكمڕانی یاسایی و حوكمڕانی سیاسـی دوا پرسـی بنەڕەتییانـەی حكومـەتێكی باشـە). لـە باشترین حاڵەتدا پێویستە حوكمڕانی یاسایی نوێنەری حوكمڕانی سیاسی بێت، واتە دەبێـت یاسا لەگەڵ رای گشتیدا هەماهەنگ بێت: (پێویستە سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسـی لە رێگای جیاوازەوە یەك جۆر سەروەری هەمەڕەنگ بەرجەستەی بكات)[١٠]. هـەر بەگوتـەی (گارنەر): (بە واتایـەكی ورد، دەنگدەران حـوكمڕانی سیاسـین، بـەڵام بـە واتایـەكی فـراوان دەتوانرێـت بوترێـت هـەموو خـەڵك، لەوانـەش هـەر تاكێـك لـە فۆرمەلـەبوونی رای گـشتیدا هاوبەشی هەبێت، لەباری دەنگداندا بێت یان نا، حوكمڕانە)[١١].

**پ/ سەروەری گشتی:**

تێگەی سەروەری گشتی پایـەی ئایـدیۆلۆژی دەوڵـەتی دیموكراسـی نوێیـە. دیموكراسـی حكومەتێكـە تیایـدا سەرچـاوەی دوا دەسـەڵات خەڵكـە، كـە لـە وزەی گردبونەوەیانـدا حـوكمڕانن. بـە گوتـەی (بـریس): (سـەروەری خـەڵك پایـە و سمبـولی دیموكراسـییە). ئـەم تیۆرەی كە خەڵك سەرچاوەی سـەروەرین لـە دەربڕینـە گـشتییەكانی هەنـدێك لـە بیریـارانی سەرەتای ئیمپراتـۆریی رۆمـادا راگەیـەنراوە. بـۆ نموونـە، (سیـسرۆ) وتویـەتی: (دەسـەڵاتی دەوڵەت لە هێزی یەكگرتووی خەڵكەوە دێت). لەپاشاندا ئەو بـاوەڕە جێگـای ئـەم تیـۆرەی گرتەوە، كـە دوا دەسـەڵات خواوەنـدەو ئـەویش لـەجیهانی خاكیـدا دەسـەڵاتێكی بـاڵای بـە سالارێك بەخشیوە، جا پاپایەك بێت یان ئیمپراتۆرێك. بیرۆكەی سەروەری گشتی لە فـۆرمی نوێدا هەندێك لە بیریارانی دژ بە پاشـایەتی وەك (مارسـیلۆ پـاودا، ویلیـامی ئۆكـام، جـۆرج، بوخانان، تۆماس یاریكلی، فرانسیس هاتمـان و ئالتۆسـیۆس) رۆیاننـاوە. ئەمانـە هێرشـیان كردۆتە سەر سیستمی پاشایەتی زۆرداری سەردەمەكەیان و لایـەنگریان لـە سـەروەری گـەل كردووە، كە هۆمۆجینە لەگەڵ مافی سروشتی و پەیمانی كۆمەڵایەتی سەرەتایی. لـە سـەدەی

هەژدەدا (رۆسۆ) تیۆری سەروەری گشتی خۆی لە بڕیاری کۆمەڵایەتیدا خستەڕوو. بەبڕوای ئەم لەگەڵ بەرایی بڕیاری کۆمەڵایەتیدا خەڵکی بەهۆی توانای گردبونەوەیانەوە بوونە حوکمڕان و هەروا حوکمڕانیشن. تیۆرەکەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شۆڕشی ئەمەریکاو فەرەنسا داناو هەردوو ئەم شۆڕشەش ڕێگایان بۆ یەکەمین ڕێبازی سەروەری گشتی خۆشکرد. ئەم تیۆرە لە گەشەکردنی دیموکراسی لە سەدەی نۆزدە تەکانێکی باشتریداو وەك بنەمای لۆژیکانەی حکومەتی دیموکراسی نوێ پەسەندکرا. دەستەواژەکانی وەك (کۆنترۆڵی گشتی) و (حکومەتی گشتی) ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە خەڵکی بە گشتی، تا چەند دەسەڵات حوکمڕانی یاسایی سنوردار دەکەن.

**پێگەی سەروەری گشتی**. لەبارێکدا، کە سەروەری گشتی (پایەو سمبولی دیموکراسییە)، سەختە بوترێت، کە لەپراکتیکدا دەسەڵاتی باڵاتر دەکەوێتە کوێوە. کە دەوترێت خەڵکی سەروەری گشتی دێنەدی، لە پیادەکردنیدا بێتوانان. خەڵکی نادیارن: (زەبەلاحێکی فرە پەلن، کە ناتوانن هەنگاوی سیاسی کۆگەلی بنێن). تەنها کەسانێك دەتوانن دەسەڵاتی سەروەری پیادەی بکەن، کە یاسا مافی بەشداریکردن لە بەرجەستەکردنی ویستی پێبەخشیوون. ویستی خەڵك متمانەیەکی یاساییانەی نییە، مەگەر بە فۆرمێکی دروستی یاسایی و بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو بەرجەستەکرابێت. (گارنەر) وتویەتی: (رای گشتی ڕێکنەخراو چەندە بەهێز بێت، بەڵام سەروەری نییە، مەگەر بەرگی یاسایی پۆشیبێت). ئەم دیدەی، کە سەروەری لە کۆمەڵانی خەڵکی ڕێکنەخراو دوور دەخاتەوە، (لەگەڵ بنەمای دەوڵەت، کە کۆڵەکەی سەروەرییە، ناکۆکە)، چونکە تەنها ئەو خەڵکەی لە رووی سیاسییەوە ڕێکخراون، دەوڵەت پێکدێنن. بەگوتەی (ویلۆفبی): (خەڵکی ڕێکخراو لە رووی سیاسییەوە دەوڵەتە)[١٢].

سەروەری گشتی لەتێگەیەکی وردا واتای سەروەری ئەو بەشەی خەڵك دەگرێتەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە. بەواتایەکی دی، دەوترێت دەنگدەران پیادەکارانی راستەقینەی دەسەڵاتێکی باڵاترن. بەڵام لەراڤەکردنی یاساکانی هەڵبژاردنەوە ئاشکرا دەبێت لە زۆر رووەوە لە سەدا سی زیاتری هەموو دانیشتوان لە مافی دەنگدان بێبەشن و لە هەمانکاتیشدا خەڵکی خۆیان پیادەکاری راستەقینەی دەسەڵات نین. ئەمانە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن

و ئـەو نوێنەرانـەش ویـستی دەوڵـەت بەرجەسـتە دەکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا خـودی ئـەم نوێنەرانـەش دەکەونـە ژێـر کـۆنترۆڵی حیلـەبازی پارتایـەتی، سـکرتێری گـشتی پـارت یـان مەکتـەبی سیاسـی پارتـەوە. لـە دواشـیکردنەوەدا نـە دەنگـدەران و نـە نوێنـەرەکانیان پیادەکاری دەسەڵات نین، بەڵکو رابەرانی پارت زۆرینـەی ویـستی دەوڵـەتیان لـە پـشکدایە.

لەبەرئەوە ناکرێت سەروەری گشتی لەگەڵ سەروەری دەنگدەران بە یەکسان دابنرێت.

لەرووی شیکردنەوەی یاساییەوە رێبازی سەروەری گشتی ئەفسانەیە. زۆر لێڵ و نادیارە. بـەو جـۆرەی (رۆسـۆ) تێیـدەگات، سـەروەری گـشتی لەگـەڵ واقیعـەکانی ژیـانی سیاسـی دەوڵەتە نوێیەکان نەگونجاوە. وێڕای ئەوەش، لە دیموکراسـی نوێـدا دەسـەڵاتی خـەڵکی بـۆ جڵەوکردنی سیاسەتی حکومەت زۆر بەهێزە. ئامرازی جۆراوجۆری پێداچونەوەو جڵەوکردنی گشتیش لە دەوڵەتە نوێیەکاندا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام بەهۆی نیگەرانی بەردەوام سەبارەت بە پێگەی سەروەریی گشتی خەڵکانێك بەکاربردنی (کۆنترۆڵی گشتی)یان لە (سەروەری گشتی) پێباشـترە. دەسـەڵات یـان کاریگـەری خـەڵك لـە دەوڵـەتی دیموکراسـیدا بێگومـان رۆڵێکـی زیندوی هەیە، بەڵام سـەروەری چـەمکێکی دانـەبڕاوە، کـە نابێـت وەك کاریگـەری ئـەخلاقی خەڵك بەسەر ستایڵی رەفتاری حکومەتەوە لێکبدرێتەوە.

**ت- سەروەری یاسایی و سەروەری دیفاکتۆ:**

هەندێك جیاوازی لە نێوان سەروەری یاسایی و سـەروەری دیفـاکتۆدا دەکـەن. سـەروەری یاسا ئەو کەسەیە، کە پشتئەستوور بە یاسا توانای دەرکردنی بـەرزترین فـەرمانی دەوڵـەتی هەیـە. بەمپێیـە دەسـەڵات حـوکمڕانی یاسـایی بـە یاسـاوە بەنـدە. بـۆ حـوکمڕانێتی و بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی مافی یاسایی هەیە.

هەنـدێجار روودەدات حـوکمڕانی یاسـایی توانـای بەدەسـتهێنانی ملکەچـی خـەڵك و پیادەکردنی یاساکانی خۆی نییە. ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دۆخە لە سـەردەمی شـۆڕش یـان دەستدرێژی دەرەکیدا بێتە ئـاراوە، کـە دەسـەڵاتدارێتییەکی نـوێ پەیـدا دەبێـت و خـەڵکی ناچار بە ملکەچی فرمانەکانی خۆی دەکات. ئـەم دەسـەڵاتدارێتییە لەگـەڵ سـەقامگیربوونی دەبێتە حوکمڕانی دیفاکتۆ. دەسەڵاتی حـوکمڕانی دیفـاکتۆ لەسـەر یاسـا بەنـد نییـە، بـەڵکو

لەسەر بنەمای زەبروزەنگ. ئەگەری ئەوە هەیە هەیـە ئـەم حوکمڕانـە پاشـایەکی سـتەمکار، دیکتاتۆرێك، سوپاییەك یان هەر کەسێکی دیکـە بێـت. لـە هـەموو ئـەم رووانـەوە دەسـەڵات لەسەر زەبروزەنگ راگیرە تا لەسەر مافی یاسایی.

مێژوو نمونەیەکی زۆری کردارەکانی حوکمڕانی دیفاکتۆ پیشان دەدات. (ئۆلیـۆر کرامـول) پـاش داخـستنی پەرلـەمان بـۆ ماوەیـەکی زۆر بـوو بـە حـوکمڕانێکی دیفـاکتۆ. (نـاپلیۆن) پاشـئەوەی کـرا بـە بەڕێوەبـەر، بـوو بـە حـوکمڕانێکی دیفـاکتۆ. (فرانکـۆ) پـاش شکـستی کۆماریخوازەکان لە ئیسپانیا و کۆمۆنیستەکانیش پاش روخاندنی (تزار) بوون بە حـوکمڕانی دیفاکتۆ. کۆنفدراسیۆنی باشوور لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لـە سـەردەمی جـەنگی ناوخۆیی ئەمەریکا، جەنگەکانی جیابوونەوە، حوکمڕانی دیفاکتۆی پیادە دەکرد. لە سـاڵانی دواتردا ژەنەڕاڵ (نەجیب) و( ناسر) لە میسر (مەلیك فاروق) یان لادا. لە (پاکستان) (ئەیوب خان) کودەتایەکی سەربازی کردو دەسەڵاتی سیاسی کـۆنترۆڵ کـرد، پاشـان (یـەحیا خـان) جێگـای گرتـەوەو پاشـان (ضـیاءالحق) جێگـای (بۆتـۆ)ی گرتـەوە. لـە هەنـدێك لـە وڵاتـانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەك عیراق و سوریا، سەرکردەی سوپایی لە رێگای زۆرداریـیـەوە بـە حوکمڕانی گەیشتن.

بەمجۆرە حوکمڕانی دیفاکتۆ بەهێزترین زۆرداری دەوڵەتێکە، کە دەتوانێت ویـستی خـۆی پیادە بکات. هەرکاتێك لە نێوان حوکمڕانانی یاسایی و پراکتیکی ناکۆکی سەرهەڵبدا دەبێت یەکێك لەو دووانە بەرکەنار بکرێت یان یەکبگرن. حوکمڕانی دیفاکتۆ هەمیشە هەوڵدەدات لـە یەکەمین هەلدا خۆی بۆ حوکمڕانی یاسایی بگۆڕێت و رەزامەندی خەڵك بـە دەسـتبێنێت یـان بێدەنگیان بکات: (گەرچی هاتنە سەرکاری دیکتاتۆری بـە رەزامەنـدی و هەلهەلـەی خـەڵکی زۆر بینـراوە، بـەڵام تـەنها لـە بێـدەنگی خەڵکـدا دیکتـاتۆر لـە دەسـەڵاتدا ماوەتـەوە)[١٣]. بەگوتـەی (دال): (لـە سیـستمە سیاسـیەکاندا هەمیـشە هـەوڵی سـەرکردەکان بۆئەوەیـە کاریگەرییەکانی خۆیان بۆ دەسـەڵات بگۆڕن)[١٤]. حـوکمڕانی دیفـاکتۆ ئەگـەر نـەتوانێت بـە زوویـی بـۆ حـوکمڕانی یاسـایی بگۆڕێـت لـە نێـوان ئـەو دوانـەدا کێـشمەکێش و نـاکۆکی سـەرهەڵدەدات. (گارنـەر) وتویـەتی: (ئـەو حوکمڕانـەی سـەرکەوتوو دەبێـت لەپاراسـتنی دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی بەتێپەڕبوونی کـات لەگـەڵ بەدەسـتهێنانی رەزامەنـدی

خەڵك یان دوبارە ڕێكخستنەوەی دەوڵەت دەبێتە حوكمڕانی یاسایی، تا ڕادەیەك وەك ڕەفتاری پراكتیكی لە یاسا مەدەنییەكاندا، كە بەتێپەڕینی كات، بۆ خاوەنداریێتی یاسایی دەگۆڕێت[١٥]. حوكمڕانی دیفاكتۆ بەپێی ئەو تازیارانە دەجولێتەوە، كە زیاتر لە پیادەكردنی هێزێكی پشتئەستور بە مافی یاسایی بەدەستی دێنێت تا لە ڕێگای پیادەكردنی زەبروزەنگی فیزیكانەی ئەبستراكتەوە بانگەشەكانی بۆ مافی یاسایی بگۆڕێت، چونكە زیاتر پەیڕەوی لە دەسەڵاتێكی پشتئەستور بە یاسا دەكرێت تا دەسەڵاتێكی ڕۆنراو لەسەر زۆرداری ئەبستراكت.

هەندێك لە یاساناسانی وەك (ئۆستین) لەوباوەڕەدان، چونكە سەروەری چەمكێكی یاساییە دانانی جیاوازی لەنێوان سەروەری دیفاكتۆ و سەروەری یاسایدا دروست نییەو سەروەری تەنها یاساییە. سەروەری دیفاكتۆ ئەفسانەیەكی یاساییە. سەروەری دیفاكتۆ سەروەری نییە، مەگەر دەسەڵاتە یاساییەكەی پشت بە یاسا ببەستێت. ئەگەری ئەوە هەیە حكومەتێك لە دەوڵەتدا هەموو ئەو دەسەڵات و پشكانەی هاوشانی سەروەرییە، پیادەی بكات، بەڵام تا ئەو دەمەی دەسەڵات و پشكەكانی خۆی لەناو چەمكێكی یاساییدا پیادە نەكات، پێگەیەكی یاسایی بەدەستناهێنێت. لەبەرئەوە بە بڕوای (ئۆستین) واشیاوترە زاراوەكانی یاسایی و دیفاكتۆ بۆ حكومەت بەكار بێت نەك بۆ سەروەری. جێگیری و بەرژەوەندی سیاسی وا پێویست دەكات سەروەری یاسایی خاوەنی پێگەیەكی یاسایی بێت.

## ٤- سەروەری پلۆرالیزمی:

لەبەرامبەر تیۆری سونەتی سەروەریدا، كە دەوڵەت بە خاوەنی پشك و دەسەڵاتی باڵا و بێسنوور دەزانێت، كاردانەوە هەبووە. (لاسكی)، كە لە پەیڕەوانی تیۆری پلۆرالیزم بوو، لەوباوەڕەدابوو بە لاوەنانی هەموو چەمكی سەروەری بۆ زانستی سیاسەت بەسوودە[١٦]. تیۆری پلۆرالیزم بۆ سەروەری كەوتە بەرەی دژ بەم بیرۆكەیەی، كە دەسەڵاتی دەوڵەت لە یەك سەرچاوەدا چڕبۆتەوەو تەنها دەوڵەت بە خاوەنی سەروەری دەزانرێتو ڕایگەیاند، كە سروشتی مرۆڤ لە ژمارەیەك لە گروپەكانی (ئاینی، كۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی) پێكدێت. ڕیشەی ئەم گروپانە دەوڵەت نییە، بەڵكو خۆبەخۆ و سروشتیانە پەیدادەبن. بوونی ئەمانە

وابەستەی دەوڵەت نییە. هیچ پشکێکیش پیادە ناکەن، کە دەوڵەت پێیدابن. ئەم گروپانە بە ئەندازەی دەوڵەت بۆ مرۆڤ سروشتین. پێداویستی و خواستەکانی مرۆڤ دەستەبەردەکەنو ژیانێکی ناوەکیانەیان هەیە، کە بە رادەی دەوڵەت ئۆتۆنۆمە.

دەوترێت ئەم گروپانە لەبواری تایبەتی کارکردنی خۆیاندا هەڵگری سیفەتەکانی سەروەرین. بەمپێیە دەوڵەت، کە تەنها یەکێك لەو گردبوونەوانەیە، نابێت بانگەشەی سەروەری یان دەسەڵاتی رەها بەسەر گروپەکانی دی یان گردبوونەوەکانی دیکەدا بکات. بەکورتی، پلۆرالیستەکان کەمتر دەوڵەت وەك گردبوونەوەی تاکی جودا دەبینن و زیاتر وەك گردبوونەوەی ئەو تاکانەی دەبینن، کە پێشتر لە گروپی جیاوازدا یەکیان گرتوەو پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمیو ئازادی کارکردنی ئەم گروپانەو گردبوونەوەکان دەکەنو دەڵێن ئەگەر هەموو چەمکی سەروەری ناوخۆیی بەلاوە بنرێت بەسوودی زانستی سیاسەت تەواو دەبێت، بەڵام دەبێت بوترێت، کە پلۆرالیستەکان نایانەوێت دەوڵەت لەناو ببەن، تەنها دەیانەوێت لە بانگەشەی هەبوونی دەسەڵاتی رەها بێبەشی بکەن. ئەمانە لەوباوەڕەدان رێبازی سەروەری، کە لە سەردەمی ململانێ ناوخۆییەکان (لە نێوان فیوداڵەکان و کڵێسا) دا سەریهەڵدا، کە ئەمڕۆ جەخت لەسەر خۆشگوزەرانی نیشتمانی دەکرێتەوە، بەهای خۆی لە دەستداوە. بە گوتەی (لیندسی) ئەگەر لە راستییەکان بنوارین، ئاشکرا دەبێت، کە تیۆری سەروەری دەوڵەت یان دەوڵەتی حوکمڕان لەیەك دابڕاون. (ئارنەست بارکەر)یش وتویەتی، هیچ چەمکێکی گشتی سیاسی لەرێبازی دەوڵەتی حوکمڕانی بێسوود و بێسەمەرتر نییە. لە دیدی (کراب)وە دەبێت تیۆری سەروەری لە تیۆری سیاسیدا زایە بکرێت.

### أ- گۆڕانی تیۆری سەروەری پلۆرالیزمی:

پلۆرالیزم لە سەردەمی ململانێی بەرژەوەندی و وەفاداریەکاندا دیدێکی سروشتیانە بوو. ئەم ململانێیانە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەنێوان کڵێساو هاوڵاتیاندا بوو. لەهەلومەرجی نالەباری ئەو تافەدا گروپە جۆراوجۆرەکان (بازرگانەکان- کاسبکاران و پیشەوەران) گرنگیان بەدەستهێناو دەسەڵاتی سەربەخۆیان پێکهێنا. لە سەدەی نۆزدەدا گەشەکردنی بەرژەوەندی ئابووریو توانای گروپگەلی ئابووری لە نێوان ئەمان و دەوڵەتدا سەبارەت

بەدەسەڵاتی سیاسی ململانێی هێنایە ئاراوە. لەبەرئەوەی دەوڵەت نەیتوانی سیاسەتەکانی خۆی لەگەڵ هەلومەرج و دۆخی نوێ هەماهەنگ بکات و دەسەڵاتە بێسنوورەکەی مەترسیدار دەردەکەت، تێزەکانی پلۆرالیزمی هاتەکایەوە.

لە دژایەتیکردنی تیۆری باوی سەروەریدا بە شێوەیەکی سەرەکی سێ فاکتەر بەشداربوون: یەکەم، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئەرکەکانی دەوڵەت. تا ئەو کاتەی دەوڵەت بەئەرکی خۆپاراستن کاری دەکرد جەخت لەسەر توانا، فەرمان و دەسەڵاتەکەی دەکرایەوە. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی بیرۆکەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە جیاتی دەسەڵات توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بووە هێزی باڵادەست. لەوەبەدوا پێداگری لەسەر پێویستبوونی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نێوان دامەزراوە جۆراوجۆرەکان و دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆشگوزەرانی گشتی کرا. دووەم، هەست بە پێویستبوونێکی زۆری هاوکاری نێودەوڵەتی کرا. پێویستبوو سەروەری دەرەکی دەوڵەت تایبەت بێت بەسوودو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی. دەرئەنجامی ئەمەش وایکرد دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ بە ئەندازەی دەوڵەتەکانی سەدەی نۆزدە سەربەخۆیی کارکردنیان نەبێت. سێیەم، گروپ و جڤاتی جۆراوجۆر هەبوون، کە ئامانجیان دەستەبەرکردنی پێداویستی زۆری تاکەکان بوو. ئاشکرا بووە، کە گروپگەرایی جۆراوجۆر، کە ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە، لای مرۆڤەکان رەمەکییەو بە بەشێك لە مافەکان ئەژمار دەکرێن.

دەبێت لە نوسینەکانی (فۆن گیرکە– von gierke)ی مافناسی ئەڵمانیدا کرۆکی تیۆری پلۆرالیزمی بدۆزرێتەوە. (فۆن) لەوباوەڕەدابوو، کە هەموو گروپێك خاوەنی کەسێتیو ویستی راستەقینەیە. نوسیوێتی: (دەبێت دەوڵەت ئەم پێناسە گشتییە پەسەند بکات، کە جڤات و گردبونەوەکانی لە ئارادان، بەچاو پۆشی لەوەی دەوڵەت ئەوانە بە فەرمی دەناسێنێت یان نا، خاوەنی ماف و ئەرکن). (فیگس) وێڕای راگەیاندن و لایەنگریکردنی لە کەسێتی راستەقینەی گروپەکان نوسیوێتی: (خێزانەکان یان کڵێساکان دەوڵەتیان دروست نەکرد، تەنانەت لە هیچ چەمێکی راستیشدا ناتوانرێت بوترێت یانە یان سەندیکا کرێکارییەکانی دامەزراندوە یان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا توخمەکان یان سیستمی ئاینی، تەنانەت بە گرانیش زانکۆکان یان کۆلێژەکانی یەك دانیشگای دروست کردبێت.

هـەموو ئـەو گردبونـەوەو جڤاتانـە لـە رەمـەکی سروشـتی مرۆڤـەوە سەرچـاوەیان گرتـوەو دەسەڵاتی باڵای کۆمەڵگە دەبێت لەگەڵ هەموو ئەوانـەدا وەك خـاوەن ژیـانێکی راسـتەقینەو زامنکراو رەفتار بنوێنێت، دروست وەك رەفتار نواندن لەگـەڵ مرۆڤـەکان، کـە دەبێـت رام و رێنوێنی بکرێن....)[١٧]. بەبڕوای (فیگس)، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی (دەفری دەنکی تاکـەکان) نییە، کە بە یاریدەی دەوڵەت پێکەوە کۆکرابنەوە، بەڵکو (زنجیرەی پلەداری گروپـەکان)ە. (فیگس) تیۆری باوی سەروەری بە (وەهمە پیرۆزەکان) ناوزەد کرد.

ژمارەیـەك لـە بیریـاران لەگـەڵ تیـۆری بـاوی سـەروەری نـاکۆك بـوون و بـەرگرییان لـە ئۆتۆنۆمی گروپەکان کردووە. (ئەمیل دورکهـایم)ی سۆسیۆلۆژیـست لـە پێنـاوی رێکخـستنی ئابووری دەوڵەت بەرگری لە گروپـە پیـشەییەکان کـرد، چـونکە بـەبڕوای ئـەو دەوڵـەت وەك بەڕێوەبـەری گـشتی ژیـان توانـای گونجـاوی بـۆ لـە ئەسـتۆگرتنی ئەنجامـدانی ئـەرکی تایبەتمەندی جڵەوکردنی ئابووری نییە. (ئەرنـست باوکـەر) وێـڕای ئـەوەی تیـۆری کەسـێتی راستەقینەی گروپەکانی رەت کردەوە، بەڵام ئەوەی پەسـەند کـرد، کـە گروپـەکان تەنانـەت پێشئەوەشی هەنگاوی یاسـایی بـۆ پێکهێنـان یـان دروستکردنیـشیان نرابێـت، هەرهـەبوون. دەوڵـەتی بـە (گروپێـك لـە گروپـەکان) دانـاوە. (لیندسـی)، زۆربـەی گروپـەکانی بـەهۆی خەسڵەتی هۆمۆجینیانەوە لە پێش دەوڵـەتی بەهرەبەخـشی وەفادارییـەوە دانـاوە. (کـراب) لـەو بـاوەڕەدا بـوو، کـە بـەهۆی سـەرهەڵدانی گروپگـەلی ئـابووری گـرنگ، وەك سـەندیکا کرێکارییەکان، ئیدی دەوڵـەت ناتوانێـت وایـدەربخات، کـە بـەهێزترین خزمـەتگوزاری ژیـانی کۆمەڵایەتییە[١٨].

هەموو ئەم بیریارانە لەگەڵ دەسەڵاتی بێسنووری حوکمڕانی دەوڵـەت نـەیار بـوون، بـەڵام لەهەمان کاتیشدا پێگەیـەکی بـاڵاتری یاسایشیان بـۆ دەوڵـەت لەبەرچـاوگرت، کـە بـەبڕوای ئەمان تا ببێتە هۆی هەماهەنگی چالاکییەکانی گروپە جۆراوجۆرەکان.

(هاڕۆڵـد لاسـکی) پلۆرالیـستێکی چـاپوکتر بـوو. لایـەنگری لـە سیـستمێك دەکـرد، کـە ئۆتۆنـۆمی کـاملی گروپـەکان بـە فـەرمی بناسـێنێت و هـەموو بانگەشـەیەکی دەوڵـەت بـۆ سەروەری رەها رەت بکاتەوە. بۆچوونی گشتی ئەو بریتیبوو لەوەی، کە گروپ بە ئەندازەی دەوڵـەت راسـتەقینەیە. (دەوڵـەتی بێـسنوورو نابـەرپرس لەگـەڵ بەرژەوەنـدی مرۆڤایـەتی

سازگار نییە) و چەمکی حوکمڕانی دەوڵەتیش دەبێت وەك مافی خواوەندانەی پاشاکان هەڵبوەشێتەوە. بەبڕوای ئەو ڕێبازی سەروەری ڕەها ئەفسانەیەکی یاسایی و تێگەیەکی پوچ و بێسەمەرە. دەوڵەتی نوێ، بەپێی بڕوای (لاسکی)، دەوڵەتێکی پلورالی، پشتئەستوور بە دەستور و بەرپرسە، لە بەکارهێنانی زۆرداریدا سنوردارە، لەو حوکمانەی دەریدەکات ڕێنیشاندەرە نەك دەسەلاتخواز، لەگەڵ هەموو ئارەزوویەکی دەنگدەراندا لە گۆڕاندایەو هەمیشەیی نییە. دەسەلاتی دەوڵەت لەناو گروپە دیارو نادیارەکاندا پەرتوبلاوبوەو چالاکی و ئەرکەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەدا سنوردارەو مایەی پێداچونەوەیە. لە پراکتیکدا دەوڵەت گروپێکە لە گروپەکان لەگەڵ ئەرکی تایبەتی هەماهەنگکردنی چالاکییەکانیان. دەوڵەت دامەزراوەیەکە بۆ خزمەتگوزاری گشتی. (لاسکی) لە پاشاندا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە (چونکە کۆمەڵگە فیدراڵییە، دەبێت دەسەلاتیش فیدراڵی بێت).

(ماکیڤەر) لە دەوڵەتی نوێدا وەك پلورالیستێکی بەرجەستە دەرکەوت. بەبۆچوونی ئەم چەمکی یاساییانەی سەروەری بۆ ڕوونکردنەوەی ماهیەتی سەروەری شیاو نییە، چونکە تیۆری یاسایی بەپێی دەسەلات نەك ڕاژە قسە دەکات. دەسەلاتی دەوڵەت ڕەها نییەو بەوپێیەش چەمکی سەروەری ڕەها (درۆیەکی مەترسیدارە). (ماکیڤەر) یش دەوڵەت بە گروپێکی نێو گروپە زۆرەکانی کۆمەڵگە دادەنێت، کە بە ئەرکی زۆر تایبەت و تاکانە هەڵدەستێتو (سنوور، پشك و بەرپرسیارێتی دیاریکراوی هەیە). کۆمەڵەکانی دیکە (بەئەندازەی خودی دەوڵەت بەرهەمی خاکی کۆمەڵگەن)و دەوڵەت ئەفرێنەریان نییە. ئەرکی دەوڵەت تەنها ئەوەیە فۆرمێکی یەکێتی و تاکانە بە کۆی سیستمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ببەخشێت. بۆچوونی (ماکیڤەر) بۆ دەوڵەت لەسەر گروپەکان چڕبۆتەوە.

بەمجۆرە باش ئاشکرایە، کە بیریارانی جۆراوجۆری سیاسی لەگەڵ زۆر لایەنی جیاوازی تیۆری باوی سەروەری ناکۆك بوون. توخمی سەرەکی ئەم ناکۆکییانە ئەو باوەڕەیە، کە لەناو ناخی دەوڵەتدا گەلەك گروپ و کۆمەڵە هەن کە، ١- بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەشەیان کردووە. ٢- ئەرکی تایبەتی کۆمەلایەتی جێبەجێی دەکەن. ٣- لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییە کۆمەلایەتیەکاندا لە دەوڵەت باشتر خۆیان گونجاندووە. لەبەرئەوە دروست نییە دەوڵەت بانگەشەی سەروەری یەکپارچەو بێسنووری خۆی بکات.

وێڕای ئەمەش، هەروەك وترا، پلۆرالیستەکان خواستیان لەنێوبردنی دەوڵەت نەبوو. ئەمانە نیگەرانی مانەوەی دەوڵەت بوون، بەڵام تێکۆشان تا دەسەڵاتەکەی سنوردار بکەن. دەکرێت بنەمای بیرۆکەی پلۆرالیزم لەوتەی (گتل) دا ببینرێت، کە:

**(پلۆرالیستەکان ئەوە پەسەند ناکەن، کە دەوڵەت رێکخراوێکی قۆرخکراوی تاکە، لەو باوەڕەدان، کە کۆمەڵەکانی دیش بەهەمان رادە گرنگ و سروشتین، بەڵگە دێننەوە، کە ئەم کۆمەڵانە لە پێناوی بە دەستهێنانی ئامانجەکانیاندا بە رادەی دەوڵەت حوکمڕانن. جەخت لەسەر بێتوانایی دەوڵەت دەکەنەوە لە پیادەکردنی راستەقینەی ویست لە بەرامبەر نەیاریی گروپە تایبەتەکانی ناوخۆی و ئەوە پەسەند ناکەن، کە هەبوونی زۆرداری مافی باڵادەستی بە دەوڵەت بدات. جەخت دەکەنەوە لەسەر مافی یەکسانی هەموو گروپەکانی لەسەر پرەنسیپی وەفاداری ئەندامەکانیان فەرمان دەردەکەن و ئەرکێکی پڕ بەها لە کۆمەڵگەدا رادەپەڕێنن. بەمپێیە بە بۆچوونی ئەمانە زۆر لە کۆمەڵەکان لە سەروەریدا هاوبەشن. سەروەری پەکپارچە نییەو دەوڵەتیش باڵاتر یان رەها نییە[١٩]).**

رێبازی پلۆرالیزمی سەروەری تا رادەیەك بزاوتە پراکتیکیە نوێیەکانی خوازیاری چڕنەبوونەوەی جڵەوگیری کۆمەڵگە بەئەقڵانی دەکات. یاخیبوون و ناڕەزایی پلۆرالیزم پرسی گرنگی دوبارە رێکخستنەوەی دەوڵەتی نوێی دیموکراسی لە سیاسەتدا روون دەکاتەوە. تاکڕەوەکان یان لایەنگرانی تیۆری کۆنسەرڤاتیڤی سەروەری جەختیان لەسەر چڕبوونەوەی دەسەڵات لە تاکە سەنتەرێکدا کردبۆوە. ئەمجۆرە چڕبوونەوەیە بەڕێوەبردن لە کارامەیی دادەماڵێت و رۆحیەت دەکوژێت، چونکە پێشبینی داهێنان و دەرکەوتنی تاك رەتدەکاتەوە. لەبەرامبەردا پلۆرالیستەکان چاویان لەو دیموکراسییەیە، کە لەرەوتی بڕیارەکاندا لەسەر ئەرك و بەشداری چالاکانەی گروپەکان راگیرە. ئەمجۆرە چڕنەبوونەوەیەی ئەرکەکان ئامادەیە ژیانێکی نوێی بەبەر ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیدا بکات و باشترین توانا بۆ بەیانکردنی پێداویستییەکانی تاك فەراهەم بکات. دەوڵەتی نوێ لە گروپە پیشەییەکان مەعریفەی زۆرتری هەیەو بە والۆکردنی ئەرکەکانی یەکە لۆکاڵییە کارگێڕییەکان و زیادکردنی ئۆتۆنۆمی وزەیەکی نوێی پێبەخشیوون. دەوڵەتی نوێ لە رووی

یاسادانان، بەڕێوەبردن و لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا پێشوازی لە راوێژی گروپەکان دەکات و گروپەکان لە داڕشتن و راپەڕاندنی سیاسەتەکانی حکومەتدا کاریگەری زۆر پیادە دەکەن. هەروەك چالاکی ئەم گروپانە لەلای (لابیەکان) باش ناسێنراوە. لەو دوایيانەدا چەند ولاَتێك هەولَیانداوە چالاکی ئەو گروپانە بەو جۆرەی پلۆرالیستەکان وتویانە، هەماهەنگ و سیستماتیزە بکەن.

ئەو بابەتانەی پلۆرالیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، تا رادەیەکی زۆر راستە. ناتوانرێت نکۆلَی لەوە بکرێت، کە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلَگە راژەی پڕ بەها پێشکەش دەکەن و ناکرێت دەولَەت ئەفرێنەری ئەو گروپانە بێت. مرۆڤ نەك تەنها ئەندامی دەولَەتێك، بەلَکو ئەندامی خێزان، سەندیکای کرێکاری و یانە جۆربەجۆرەکانەو بەرامبەر بە هەموو ئەو گروپانەش، کە واتاو بەهایەك بە ژیانی دەبەخشن، وەفادارە. پلورالیستەکان بە توندی پێدادەگرن لەسەر گرنگی زۆری گروپە ناسیاسیەکان لە ژیانی کۆمەلاَیەتی و پێداویستی لێکدانەوەی راستییەکانی ژیانی سیاسی لە سیستمی کۆمەلاَیەتیدا، کە بەخێرایی لەباری گۆڕاندان. پلورالیستەکان مەترسی دەستدرێژی دەولَەت بۆناو ئەرکەکانی ئەم گروپانەشیان راگەیاندووە.

لەگەلَ ئەوەشدا پلۆرالیزم کەوتۆتە بەر رەخنە. رەخنەگران وتویانە پلۆرالیزم دوچاری شیزوفرینیا بووە. لە رووی تیۆرییەوە پلۆرالیستەکان لە دەسەلاَتو پشکەکانی دەولَەت کەم دەکەنەوەو لەگەلَ گروپە کۆمەلاَیەتییەکانی دیکە بەیەکسان ئەژماری دەکەن، لە کاتێکدا لە رووی پراکتیکەوە ئارەزوو دەکەن دەسەلاَت بە دەولَەت ببەخشن. بە تایبەتی لەکاتێکدا بەرژەوەندی گشتی لەسەر مەحەك بێت یان لەو باوەڕەدان، کە دەولَەت دەبێت ئەرکی دۆزینەوەی هەماهەنگی و رێکخستنی چالاکییەکانی کۆمەلَەکانی لە ئەستۆ بێت. لەلایەکی دیکەوە پلورالیستەکان ناتوانن ئەو شتەی دەیانەوێت، بە روونی دەستنیشانی بکەن و بلَێن کام یەك لەو ئەرکە تایبەتیانەی، کە تیۆری تاکگەرایی بۆ دەولَەت لەبەرچاوی گرتووە، پێویستە لێی بسەندرێتەوە. لەهەمان کاتدا دەرئەنجامی لۆژیکانەی پلۆرالیزم پاشاگەردانییە، چونکە بەبێ دەولَەت سیستم بوونی نابێت و بەبێ سەروەریش دەولَەتیش ناتوانێ بوونی هەبێت. دابەشکردنی سەروەری واتە سڕینەوەی. لەپێناوی هاوسەنگکردنی

پەیوەندییە ناوخۆیەکانی کۆمەڵەکان و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیکە دەبێت دەوڵەت باڵادەستی یاسایی هەبێت. هەروەها ئەگەر دەوڵەت ئامرازی هەماهەنگیکردنە دەبێت لەسەروو کۆمەڵەکانی دیکەوە بێت و خاوەنی دوا دەسەڵات راپەڕاندنی تیۆرەکانی خۆی بێت. (لاسکی)، کە سەردەمانێك دەمڕاستی جیهانی پلۆرالیزم بوو، لە قۆناغی دواتردا بەمجۆرە دەیخاتە بەر ڕەخنە، کە (پلۆرالیزم لە ئاشکراکردنی پەیوەندی چینەکان بە رادەی پێویست، جەوهەری دەوڵەت دیاری ناکات). گەیشتبووە ئەو دەرەنجامەی، کە دەوڵەتی حوکمڕان وەك ئەوەی پێویستە ناکرێت لەناوببرێت، مەگەر ئەوەی ئامرازی بەرهەمهێنان کۆمەڵایەتی کرابێت، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی بێچین. بەبڕوای ئەو دەبێت پلۆرالیزمی سیاسی لەگەڵ وێنای کۆمەڵگای بێچین هەماهەنگ بێت. ڕەخنەیەکی دی، کە رووبەرووی پلۆرالیزم بۆتەوە ئەمەیە، کە لەسەردەمی بەرنامەڕێژی و سەرهەڵدانی چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا پێویستی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت زۆر زۆر پەرەی سەندووە.

سەرەڕای هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو ڕەخنانەی سەبارەت بە سەروەری لە ئارادایە، دەتوانرێت بوترێت، کە تیۆری سیاسی ئەمڕۆ سەروەری بە بەشێك لە دەوڵەت دەزانێت و نایگەڕێنێتەوە بۆ هیچ گۆشەیەك یان خزمەتگوزارێکی حکومەت. لەهەمان کاتیشدا، لە هیچ چەمکێکی سیاسیدا بەرەهای دانانێتو باوەڕوایە، کە دەبێت سەروەری لەچوارچێوەی دەستورو هەماهەنگ لەگەڵ یاسادا پیادە بکرێت. سەرەڕای ئەوە، ئەمجۆرە پیادەکردنەی دەسەڵات دەبێت لەگەڵ بایەخدان بە مافو خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت. ناکرێت گرنگی گروپەکان لە کۆمەڵدا نادیدە بگرێت و دەبێت خاوەنی ئازادیەکی بەرفراوانی کارکردن بن، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە، کە دەبێت وەك دەوڵەت حوکمڕانییان هەبێت. تیۆری سیاسی دەڵێت، یاسا لەسەروو تاکەوە نییە، بەڵکو تەنها ئامرازێکە بۆ دیاریکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت، واتە خۆشگوزەرانی خەڵك و کۆمەڵگە. لەرووی دەرەکیشەوە چالاکیەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیە جۆربەجۆرەکانو هەروەها مافی نێودەوڵەتی سەروەری دەوڵەت سنوردار دەکاتو بەمپێیەش سەروەری دەوڵەت، لە رووی ناوخۆیی و لەرووی دەرەکیو لەدیدی سیاسییەوە رەها نییە.

## پەراوێزەکان :


1-Laski, A Garmmar of …, op. cit.p. 44
2-Gettell, op. cit.p.123
3-Barker, the study of… , op. cit.p.60
4-Gettell, op. cit.p.125
5- Laski, A Garmmar of …, op. cit.p. 53
6-Lucas, op.cit.p.27.
7-A.V Dicey, Introduction to the study of the law of the constitution, 10th ed, (London: Macmillan, 1965) p. 66
8-Gilchrist, op.cit.p.94
9-Lbid. 93
10-Gettell, op. cit.p. 128
11-Garner, political science… , op.cit.p. 160
12-Willvoghby, op.cit.p. 285

١٣– الن دوبنوا، (اصول دهگانه دیموکراسی متبنی بر مشارکت) ترجمه، بزرگ نـا درزاد، اطلاعاتي سیاسی ـ اقتصادی، سال هشتم، شماره ٦ و ٥ (بهمن واسفند ١٣٧٢) ص ٥٧

١٤–دال، پیشین، ص ٧٠

15-Garner, introduction to…, op.cit.p. 168
16-Laski, A Grammar of.. , op.cit.p. 44-45
17-Figgis, chvrches in the modern state, (London: Macmillan, 1962) p.45-46
18-Agrawal, op.cit.p. 161
19-Gettel, op.cit.p. 132

## -١٠-

# (ریزبەندی حکومەتەکان)

جاروبار هەوڵ بۆ ڕێزبەندکردنی حکومەتەکان دراوەو ئەو کۆششانە لە ئاستی جیاوازدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. هەندێك لە توێژەرە سیاسیەکان فۆرمەکانی حکومەتیان وەك فۆرمەکانی دەوڵەت ڕێزبەندی کردووە، بەڵام ئەم ڕێزبەندییە ڕاست نییە. دەوڵەت چەند فۆرمێکی نییە، جەوهەری هەموو دەوڵەتەکان یەکسانەو هەموویان خاوەنی رەگەزی سەرەکی خەڵك، خاك، حکومەت (دامەزراوە) و سەروەرین. جیاوازی ژمارەی دانیشتوان و فراوانی خاك جیاوازی لە پێگەی دەوڵەتمەداریدا دروست ناکات. هەندێکجار جیاوازی لە نێوان دەوڵەت – شار، دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیمپراتۆری جیهانیدا کراوە، بەڵام لەزانستە سیاسیەکاندا ئەم جیاوازیکردنە بەهایەکی نییە، چونکە ڕیزبەندکردنی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای خاكو خەڵك وەسفێکی مێژوویی ڕووت و سەفستەیەکی سەردەمی ئەرستۆیە، کە جیاوازی لە نێوان دەوڵەتو حکومەتدا نەدەکرا. ڕیزبەندی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای سەروەریش مومکین نییە. هەموو دەوڵەتەکان سەروەرییان هەیە و بەشێوەیەکی یەکسان حوکمڕانن و ڕیزبەندکردنی یەکسانەکانیش نالۆژیکانەیە.

بەڵام ڕێکخراوەی دەوڵەتەکان جیاوازن. ڕێکخراوی دەوڵەت حوکمەتەکەیەتی و بەهۆی حوکمەتەوەیە دەوڵەت ئامانجەکانی دادەڕێژێت، رایدەگەیەنێت و بەدیدەهێنێت. ئامانجی هەموو دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ یەکسانە، واتە خۆشگوزەرانی خەڵك و فۆرمی حکومەت نوێنەرو بەرجەستەکاری شێوەی بەدیهێنانی ئامانجی دەوڵەتە. ئەو هەلومەرجە پرسی دیاریکردنی سەرچاوەی دەسەڵات دێنێتە کایەوە: دەسەڵاتی دەوڵەت خراوەتە ئەستۆی کێ، تا چ رادەیەك پراکتیکانە سوودی دەبێت، لەپیادەکرنیدا ئەو ئامراز یان ئۆرگانەکانی بەرکارخراون کامانەن، ئەم ئۆرگانانە بۆ پیادەکردنی ئەرکەکانیان پەیڕەوی لەچ ڕێساو میتۆدێك دەکەن؟ جیاوازیەکان لەم دەوڵەتەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە گەورەن و ڕێکخراوەی دەوڵەتێك بۆ

یەکێکی دیکە ئەو دەوڵەتە زۆر دەگۆڕێت. بەمپێیە فۆرمی حکومەت کۆڵەکەی راستەقینەی رێزبەندێکەیەتی.

**دژواری ریزبەندیکردن**. ریزبەندی حکومەتیش دژواری خۆی هەیە. ریزبەندی کۆنی سەردەمی (ئەرستۆ) کەموکوڕی هەیە. ریزبەندی حکومەتەکان بۆ پاشایەتی، ئەرستۆکراسیو پلۆتۆکراسی یان فۆرمی گەندەڵی تیرانی (دەوڵەتی ستەمکار- و)، ئۆلیگارشی و دیموکراسی ئێستا ئیدی مایەی پەسەندکردن نییە. ئەمڕۆ دیموکراسی بە باشترین فۆرمی حکومەت دادەنرێت، لەکاتێکدا (ئەرستۆ) بە فۆرمی لادەر یان گەندەڵبووی حکومەت، واتە فەرمانڕەوایی دەستبەتاڵ و بێهونەرو خراپەکاری دەزانی[1]. لەگەڵ ئەوەشدا خودی دیموکراسی فۆرمی جۆربەجۆری هەیە - پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، سۆشیالیستی، کاپیتالیستی، تاك دامەزراوە - (ناوەندی یان یونیتەری- UNIPOLARITY-و) و فیدراڵی. شڵەژاوی هزری کاتێك زیاتر دەبێت، کە بزانین یەکێتی سۆڤیەتیش دیموکراسیەکەی خۆی تایبەت بەتاك و بە دیموکراسی بۆ"هەموو خەڵك" دادەنا، لەکاتێکدا بەپێچەوانەی هەموو پێوەرەکانی فەلسەفەی دیموکراسییەوە سیستمی سۆڤیەتی تاك حزبی بوو، سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست سەرۆکایەتی دەکرد. دیموکراسیەکەی یەکێتی سۆڤیەت شانازی بەوەوە دەکرد، کە مافی ئابووری بۆ خەڵك فەراهەم کردوەو دەوترا بەبێ یەکسانی ئابووری دیموکراسی هیچ واتایەکی نییە، بەڵام نەیارانی سیستمی سۆشیالیستی لەو باڕەوەدان، کە دیموکراسی سۆڤیەت دیموکراسییەکی راستەقینە نەبووە، چونکە خەڵکی سۆڤیەت لە مافی سیاسی و ئازادی مەدەنی بێبەش بوون.

بەهەمان شێوە دیاریکردنی حکومەتی ئینگلستان وەك پاشایەتی جۆرێکی تەواو گونجاو نییە. ئینگلیزەکان خۆیان بەدیموکراسیەکەیانەوە بادەدەن. ئەو وەزیرانەی خەڵکی هەڵیبژاردون، بەرپرسیارن لەبەردەم ئەنجومەنی عەوامدا - ئەنجومەنی خوار پەرلەمان - نەك لەبەردەم پاشادا، کە سەرۆك یان حوکمڕانی باڵای دەوڵەتە. بەوجۆرە ئینگلستان ئاوێتەیەکی سەیری پاشایەتی و دیموکراسی دەخاتەڕوو، کە هەڵگری ڕەگەزی ئەرستۆکراسیشە لەسەر شێوەی زنجیرەی پلەداری ئەنجومەنی لۆردەکان. بەهەرحاڵ،

لەگەڵ هەموو ئەو دژوارییانەی سەبارەت بە ریزبەندی لە ئارادایە، لەم لێکۆڵینەوەیەی خوارەوەدا ریزبەندی سیاسەتمەدارانی کۆن و نوێ روون دەکەینەوە:

### ١- ریزبەندی کۆن و نوێی حکومەت:

ئەرستۆ (٣٢٢-٣٤٨ پ.ز) یەکەمین و سەرەکیترین بیریار نییە کە حکومەتەکانی ڕێزبەند کردبێت. پێش ئەویش ( پیندەر، هیرۆدۆت، تۆسیدید، ئەفلاتون) ئەوکارەیان کردوەو سێ ریزبەندیان بۆ حکومەتەکان ئەنجامدا بوو. (ئەرستۆ) کاریگەری راستەقینەی لە پێداچونەوەی ڕێزبەندییەکاندا هەبوو، هەرلەبەرئەوەشە ڕێزبەندکردنەکان بەناوی ئەوەوە ناونراون.

(ئەرستۆ) ریزبەندییەکەی خۆی لەسەر دوو پرنسیپ دارشتبوو: یەکەم، هەندێك تاك و چینی کۆمەڵایەتی خاوەن هێزی سیاسی باڵاتر. دووەم، ئەو ئامانجانەی حکومەتەکان هەوڵدەدەن بەدەستیبێنن. بە سەرنجدان لە پرنسیپی دووەم ئەرستۆ وتویەتی، کە دەوڵەت یان دەبێت لە خزمەت " چاکەی گشتی"دا بێت، کە لەوبارەدا دامەزراوەیەکی دروست یان سروشتی و راستەقینەیە یان لە خزمەتی بەرژەوەندی کەسێتی یان گروپی فەرمانڕەوایاندا بێت و لەو حاڵەتەشدا دامەزراوەیەکی نا دروست، رفێژنیزم و گەندەڵ دەبێت.

لەبارەی پرنسیپی یەکەمەوە ئەرستۆ وتویەتی، کە فەرمانڕەوایی تاکەکەسێکە لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکانی پاشایەتی. فەرمانڕەوایی چەند کەسێك ئەرستۆکراسییە، جا هەندێکجار بەهۆی ئەوەی ئامانجەکە بەرژەوەندی گشتییە پێویستە باشترین کەس فەرمانڕەوایی بکەن. بەڵام لە هەرشوێنێك خەڵك بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە حوکمڕانی دەکەن، ئەوە پۆلیتی یان حکومەتی راگیر لەسەر دەستوورە. لە پۆلیتیدا ئەو هاوڵاتیانەشی دەبنە سوپا، خاوەنی مافی یاسایین [٢].

فۆرمە ریفێژنیزمەکانیش لەناو هەمان ئەو ڕێزبەندییەدان. (تیرانی) حکومەتی یەك تاکەکەسە لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییە کەسێتی. (ئۆلیگارشی) حکومەتی چەند کەسێکە لەگەڵ بایەخدان بە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەمەندو داراکان. دیموکراسیش حکومەتی زۆرینەیە لەگەڵ بایەخدان بە بەرژەوەندییەکانی چینی هەژاران، کە لەزاراوەی ئەمڕۆدا

بە(مۆبۆکراسی) یان دەسەڵاتی خەڵك ناودەبرێت(٣). لەو حاڵەتەدا جیاوازییەکان تەنها وابەستەی ژمارە یان چۆنایەتی نییە. پایەی سەرەکی تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە ئۆلیگارشی و دیموکراسیەوە، چینی کۆمەڵایەتیەو گروپی مەدەنی یان سیاسی گرێدراوی ئەوە. لە دیدی (ئەرستۆ)وە ئۆلیگارشی حوکمڕانی داراکانە، لە کاتێکدا کە دیموکراسی فەرمانڕەوایی هەژارانە. ژمارەی خەڵك تەنها رواڵەتە.

لەنێو حکومەتە سروشتی و نۆرماڵەکاندا پاشایەتی باشترین و (پۆلیتی) خراپترینی حکومەتەکانە. لەنێو حکومەتە رڤیژنیزم و گەندەڵەکاندا دیموکراسی باشترین و (تیرانی) خراپترین مۆدێلی حکومەتە. وادەردەکەوێت (ئەرستۆ) لەو باوەڕەودا بوو بێت، کە خولێك هەبێت، تیایدا ئەم فۆرمانەی حکومەت بەدوای یەکتردا دێن. وایدەزانی پاشایەتی، بەشیمانە، یەکەمین فۆرمی حکومەتە، کە زوو یان درەنگ بۆ (تیرانی) دەگۆڕێت. پاشان خەڵکی روو لە یاخیبوون دەکەنو حکومەتی باشترین پیاوان دادەمەزرێنن، بەڵام ئەم فۆرمەش بۆ ئۆلیگارشی دەگۆڕێت. خەڵکی دوبارە یاخی دەبنو (پۆلیتی) پێکدەهێنن، بەڵام (پۆلیتی)ش گەندەڵی تایبەت بەخۆی هەیەو بۆ دیموکراسی دەگۆڕێت. خەڵکی، کە لەوەش بێزاربوون جارێکی دی باشترین تاك هەڵدەبژێرنو دەیکەنە حوکمڕانو لەسەر ئەو ریتمە زنجیرەیەکی نوێی گەندەڵی و شۆڕشەکان دەستپێدەکات.

ریزبەندی ئەرستۆ بۆ حکومەتەکان:

| فۆرمی دامەزراوە | حکومەتی سروشتی خوازیارانی خۆشگوزەرانی گشتی | حکومەتی گەندەڵ، کە خۆشگوزەرانی گشتی نادیدە دەگرێت |
| --- | --- | --- |
| فەمانڕەوایی تاك | پاشایەتی | تیرانی |
| فەرمانڕەوایی گروپ | ئەرستۆکراتی | ئۆلیگارشی |
| فەرمانڕەوایی ژمارەیەکی زۆری خەڵك | پۆلیتی | دیموکراسی |

ریزبەندیەکەی (ئەرستۆ) ماوەیەکی دوورودرێژ بە لێڵی و تەمومژاوی مایەوەو لە سەدەی نۆزدەدا بەجدی کەوتەبەر گومان و پرسیار. بەلاّم متمانەو گرنگی ئەرستۆ هێشتا لەجێی خۆیایەتی، کە هەتا ئێستا هیچ ڕێزبەندییەکی دی بە مەبەستی ریفۆرمکردن لە خشتەکەی ئەودا نەکراوە. لەراستیدا لە لێکۆڵینەوە لە پایەی کۆمەڵایەتی حکومەت و بە ئاوڕدانەوە لەو ئامانجەی حوکمڕان چاوی تێبڕیوە، ئەرستۆ زۆر قوڵتر لەبڕیارانی دی حکومەت و ریزبەندیەکانی شیکردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزبەندیەکەی ئێستا بۆ کۆمەڵگەکانی هاوچەرخ کە زۆر ئاڵۆز بوون، نەگونجاون.

ئەرستۆ لەبەرئەوەشی جیاکاری لەنێوان دەوڵەت و حکومەتدا نەکردووە رەخنەی لێگیراوە. لەوبارەوە وتراوە، کە ڕێزبەندییەکەی بۆ (دەوڵەت — شار)ی بچوک باشە، کە لەوێدا بەشداری ئەنجومەنی هاولاّتیان لە حکومەتدا راستەوخۆ بووە، بەلاّم بۆ دەوڵەتە نوێیەکان نەشیاوە. بەگوتەی (لیکاک) ریزبەندی ئەرستۆ (لە سەرنجدان لە جیاوازی نێوان حکومەتی فیدراڵ و نافیدراڵ یان تاك دامەزراوەدا دەسەپاچەیە…). ریزبەندییەکەی بەپێی بەڵگەی جۆراوجۆری دیکەش بۆ دەوڵەتی نوێ نەگونجاوە: یەکەم، هەروەك (ماك ئەیواین) وتویەتی، لە دیدی ئەرستۆوە دەستور جۆرێك لەرووی ژیان ئاشکرا دەکات، کە دەوڵەت هەموو خەسڵەتە دیارەکانی خۆی لەوەوە بەدەستدێنێت. بەلاّم دەتوانرێت تەنها چەند بەشێکی دەزگای حکومەت یەك ریتم بەبێ گۆڕانی بنەڕەتیانەی لایەنی ژیان بگۆڕدرێت. دووەم. ڕیزبەندیەکەی ئەرستۆ تەنانەت واتاو گرنگی نوێی بەدەسهێناوە. (سیلی و ویلۆفبی) وتویانە، لە یۆنانی کۆندا تەنها چینە باشەکان ئەنجومەنی هاولاّتیانیان پێکدەهێناو تەنانەت لە دیموکراسی یۆنانیدا ئەوانە کەمینەی خەڵك بوون. بەمپێیە دیموکراسی یۆنان ئەرستۆکراسی یان ئۆلیگارشی رووت بوو، بەوجۆرەی ئەمڕۆ تێیدەگەین. بەلاّم پاشئەوە، لە یۆنانی کۆن، هەڵبژاردنی ئەرستۆکراسی دەکراو زۆر جێگای گومانە، کە ئایا ئەرستۆ حکومەتە نوێنەرایەتیەکانی هەنوکەیی وەك دیموکراسی پەسەند دەکرد یان نا. سێیەم، ئەگەر دیدی (گیتانۆ مۆسکا) پەسەند بکرێت، کە لەراستیدا لەهەموو کۆمەڵگەکاندا (چینی فەرمانڕەوا) هەیە، لەو حاڵەتەدا، بەپێی ریزبەندیەکەی ئەرستۆ، دەبێت ئەو کۆمەڵگایانە ئۆلیگارشی یان ئەرستۆکراسی بووبن. چوارەم، هەرچەندە ئەرستۆ ئاشنای هەموو جۆرە

دەستووره ئاوێتەكان بوو، كەچی نەیتوانیوه پێشبینی ئەگەری تێكەڵكردن و ئاوێتـه بـوونی پاشایەتیو دیموكراسی وەك ئەوەی بـەریتانیا بكـات. پێنجـەم، هەنـدێك لـه رەخنـەگران بـه بەڵگەی ئەوەی ڕێزبەندییەكەی ئەرستۆ نازانستی و چەندایەتییه رەخنەی لێدەگرن. بەبڕوای ئەمانه ئەرسـتۆ نـەیتوانیوه سـەرنج لـه تایبەتمەندییـه بنـچینەییەكانی فۆرمـه جیاوازەكـانی حكومەت بدات. ئەوەی كه یەك یان گروپێـك یـان ژمارەیـەكی زۆری تـاك لـه هێزێكـی بـالآتر سـودمەند دەبـن گرنگیـەكی زۆری نییـه، چـونكه تـەنها پایـەی چـۆنایەتی ڕیزبەنـدی حكومەتـەكان پایـەی راسـتەقینەیه، بـەڵام ئەرسـتۆ ئـەوەی نادیـده گرتـووه. لـه راسـتیدا رەخنەگرتنی لەوجۆره له ئەرستۆ دروست نییه. ریزبەندی ئەرستۆ بۆ حكومەتـەكان لەسـەر ڕەوشی ( دروستی و گەنـدەڵی) گەواهیـدەره كـه بنـەمای چۆنایەتی فـەرامۆش نـەكردووه. سـەرئەنجام ئەرسـتۆ بـەو هۆیـەوه كەوتۆتـه بـەر رەخنـه چـونكه گرنگیـەكی ئـەوتۆی بـه دیموكراسی نەداوه، كه لەبەر رۆڵە نا مێژووییەكەی، بـۆ گەنـدەڵی و شۆڕشـەكان دەگۆڕێـت، هـەروەها غەفڵەتبوونیـشی لـه سـەرنجدان لـه فۆرمـەكانی دی حكومـەت وەك تیوكراسـی، دیكتاتۆری سوپایی و پارتایەتی هۆیەكی دیكه بووه. ئەم رەخنانـه لـه ئەرسـتۆ گـیراون بـه ویژدانەوه نین، ناكرێت چاوەڕوانی ئەوەی لێبكرێت پێـشبینی ئـەو گۆڕانكارییانـه بكـات كـه لەسەدەی بیستدا روویانداوه. ئاشكرایه هەنـدێك لـەو رەخنانـه دەرئـەنجامی دەرككردنێكـی نادروسته بـۆ بیرۆكـەكانی. لەگـەڵ ئەوەشـدا ناشـتوانرێت نكـوڵی لـەو راسـتییه بكرێـت، كـه ریزبەندییەكەی، له دیدی پێداویـستیه هەنوكەییـه نوێكانـەوه نەشـیاو بـووه، گەرچـی هـەتا ئێستاش بنەمای مێژوویی هەموو ئەو ڕێزبەندیانەیه تاكو ئێستا ئەنجامدراون[٤].

(جەیمز هرینگتـۆن) سـامانی كردۆتـه پێـودانگی ریزبەنـدی حكومەتـەكان و لـه(١٦٥٦)دا لەكتێبی (زەریاكاندا) وتویەتی، له كۆمەڵگەدا دابەشبوون یان هاوسـەنگی نفـوز یـان سـامان لەهەرفۆرمێكدا بێت، ماهییەتی حكومەت و حوكمڕانی بەهەمان چۆنایەتی دەبێت:

**(هەركاتێك تاكێك بـه تـەنها خـاوەنی زەوییـەكی بـەرفراوان بـوو یـان داراییەكـەی لەبەرامبەر تاكەكانی دیكەی وڵاتدا ناهاوسەنگ بێت، بۆ نموونـه، خـاوەنی زۆربـەی خاكەكانی دەوروبەری خۆی بێت، لەوبارەدا به بەرهەمهێنـەر یـان خـودانی گـەوره**

**ئەژمار دەکرێت... لەو حاڵەتەشدا حوکمڕانییەکەی بە تەواوی پاشایانەی ڕەها دەبێت).**

هەرکاتێك کەسانێکی دیاریکراو یان چەند نەجیبزادە یان ئەشرافێك لەبەرگی پیاوی ئاینیدا یان دواجار هەندێك خاوەن زەوی بەرامبەر بە خەڵکی دیکە لە بارێکی دارابوندابن... حکومەتەکەیان ئاوێتەیەك دەبێت لە ئەرستۆکراسی و پاشایەتی.

هەرکاتێك تەواوی خەڵك خاوەنی زەوی بێت یان دابەشکردنی زەوی لەنێوانیاندا بەجۆرێك بێت، کە هیچ کەسێك یان گروپێك لەژێردەستی تاکێك یان گروپێکی دیدا نەبێت و ئەشرافەکان باڵادەست نەبن، لەوبارەدا حوکمڕانی لەسەر فۆرمی کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەندی دەبێت.

بەمجۆرە بەبڕوای (هرینگتۆن) دابەشبوونی دەسەڵات و بەرمەبنای جۆری حکومەت لەگەڵ جۆری دابەشبوونی سامان یەکسانە (کە لەسەر سوودمەندبوون لە زەوی یان خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵ ڕاگیرە[٥]).

(مۆنتسکیۆ) فۆرمی حکومەتەکانی بە بچوکی و گەورەیی خاکی دەوڵەتەوە دەبەستەوە: (خاسیەتی سروشتی خاوەنداری بچوك ئەمەیە، کە لەسەر فۆرمی کۆماریی (کۆماری خەڵك)، بەڕێوەببرێن. خاسیەتی سروشتی خاوەنداری ناوەند ئەوەیە، کە خەڵکەکەی ملکەچی پاشایەك بن. خاسیەتی سروشتیانەی ئیمپراتۆرە گەورەکان ئەوەیە، کە سوڵتانێکی زۆردار حوکمڕانی بکات[٦]).

سەرەڕای ئەم ڕیزبەندیانە لەنێو ئەو ڕێزبەندیانەی پێشتر خرانەڕوو ڕێزبەندییەکانی (بلونشلی و بۆرگس و ماریۆت – Marriot، لیکاك و سترۆنگ– Strong) مایەی ئاماژە بۆ کردنن. (بلونشلی) باسی لە چوارەمین فۆرمی حکومەت، واتە تیۆکراسی، کردووە، کە دەوترێت فەرمانڕەوا ئیرادەی خواوەند بەرجەستە دەکات یان گومان دەکرێت خودی خواوەندە فەرمانڕەوایی دەکات. وێنە یان فۆرمی لادەرانەی تیۆکراسی یان ئاینسالاری (بتسالاری)یە. ئەم پێشنیازە هێندەخوازراو نەبوو، چونکە دەوڵەت لە ئاین جیاکرایەوەو لایەنگرییەکی بە پەرۆش لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت کرا. جگە لەوەش ئاشکرا بوو

وەك (گارنەر) دەڵێت: ( پێناچێت هیچ تاكە بنچینەیەك یان تاكە پێودانگێكی یاساییانە یان شتێكی دیكە بوونی هەبێت، كە بەپێی ئەوە ریزبەندییەكی مایەی پەسەند كردن بۆ دەوڵەتەكان بكرێت). هەموو تەقەلۆكانی دوایی بۆ رێزبەندكردنی حكومەتەكان لەسەر بنەمای ناوكۆییە جیاوازەكانی نێوانیان ئەنجامدرا.

(بورگس) لە كتێبەكەیدا (زانستە سیاسیەكان و دەستور ـ ١٨٩٦) ریزبەندییەكی سەرنجراكێشی بۆ حكومەتەكان ئەنجامدا، كە شایانی بایەخپێدانە. چوار پرنسیپی جیاوازی پێشنیاز كرد: یەكەم، یەكسانی یان نایەكسانی دەوڵەت لەگەڵ حكومەت، كە لەسەر ئەو بنچینەیە حكومەتەكانی بۆ هەڵبژاردن یان نوێنەرایەتی ریزبەند كرد. دووەم، جەوهەری خولی لەسەركاری دەسەڵاتی راپەڕاندن، كە لەسەر ئەوبنچینەیە حكومەتەكانی بۆ میراتگریو هەڵبژێراو ریزبەند كرد. سێیەم، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی راپەڕاندن، كە لەسەر ئەو بنچینەیە جیاكاری لەنێوان فۆرمەكانی پەرلەمانیو سەرۆكایەتیدا كرد. چوارەم، چڕبوونەوە یان دابەشبوونی دەسەڵاتی حكومەت، كە لەسەر ئەو بنچینەیە حكومەتەكانی بە تاك دامەزراوە یان فیدراڵ زانیوە.

ئەم ریزبەندییە چەندەش مایەی پەسەندكردن بێت، ئاشكرایە بۆ پێداویستیەكانی ئەمڕۆ بە رادەی پێویست گشتگیر نییە. بۆنموونە، ئەم ریزبەندییانە سەرنج لە حكومەتە نادیموكراسیەكان نادات و تیشك ناخاتە سەر ئەو چینە كۆمەڵایەتیەی هێز پیادە دەكات و رابەرایەتی كۆمەڵگە دەكات یان ئەو ئامانجانەی دەوڵەت تەقەلای دەستەبەركردنیان دەدات.

(ماریۆت) پرنسیپی سێ لایەنەی ریزبەندی حكومەتەكان پەسەند دەكات. یەكەمین پایەی ریزبەندییەكەی دابەشكردنی هێزەكانو پشكەكانی حكومەتە لەنێوان سەنتەرو ویلایەتەكاندا. ئەگەر پشكەكان لە سەنتەردا چڕ بووبنەوەو حكومەتی ویلایەتەكان تەنها خاوەنی پشكە پێدراوەكان بێت بە حكومەت، بە تاك فۆرم دادەنرێت. ئەگەر بەپێی دەستور پشكەكان لەنێوان سەنتەرو یەكەكاندا دابەشبووبن و یەكەكان خاوەنی پشكە سەرەتاییەكانی خۆیان بن و لە ناوچەكانی خۆیاندا خاوەنی ئۆتۆنۆمی بن، فۆرمی ئەو حكومەتە فیدراڵی دەبێت. پایەی دووەمی ریزبەندییەكەی دەستووری رەق و نەرمی دەوڵەتێكی تایبەتە[٧]. ئەگەر حكومەت خاوەنی دەستوورێكی رەق بێت جیاوازییەكی

بەرچاو دەکەوێتە نێوان پشکی یاسادانانی ئاسایی، پشکی دەستووری گونجاو و ریفۆرمسازەوە. لە دەستووری نەرمدا دەسەڵاتی یاسادانان خاوەنی پشکی دەستووریشە.

پایەی سێیەمی ریزبەندی حکومەتی پاشایەتی یان سەرۆکایەتی، حکومەتی پەرلەمانی یان کابینەیی و حکومەتی ستەمکارە. لەمبارەدا پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن پێودانگە. ئەگەر دەسەڵاتی راپەڕاندن لە سەروو دەسەڵاتی یاسادانانەوە بێت، لە گروپی حکومەتی ستەمکار ریزبەندی دەکرێت. ئەگەر دەسەڵاتی راپەڕاندن لەگەل دەسەڵاتی یاساداناندا لە دەسەڵاتدا هاوشانبن بە حکومەتی سەرۆکایەتی دادەنرێت. ئەگەر دەسەڵاتی راپەڕاندن پاشکۆی دەسەڵاتی یاسادانان بێت فۆرمی حکومەت بە پەرلەمانی یان بەرپرسیارێتی دەناسرێت.

ریزبەندییەکەی (ماریۆت) هەڵگری هەمان کەموکورِی رێزبەندییەکەی (بۆرگس)ە.

(لیکاك) خۆی بەو فۆرمانەی حکومەتەوە دەبەستێتەوە کە هەن و هەموو فۆرمە مێژووییەکان لە رێزبەندییەکەی خۆی دەکاتە دەرەوە. ئەم لەسەرەتادا دەوڵەتەکان بۆ دوو گروپی ستەمگەرو دیموکراسی دابەش دەکات. لە دەوڵەتە ستەمکارەکاندا دەسەڵاتی باڵا لەپشکی تاکە کەسێکدایە، کە بەپێی ویستی خۆی و بەبێ هیچ بایەخدانێك بە خواستەکانی خەڵك فەرمانڕەوایی دەکات. لەلایەکی دیکەوە لە دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا دەسەڵاتی حوکمڕان لە پشکی خەڵکدایە. لە کرۆکدا دیموکراسی بۆ پاشایەتی سنوردار (سەڵتەنەتی مەرجدار) و کۆمارەکان دابەش دەکات. لە پاشایەتی سنورداردا (سەڵتەنەتی مەرجدار) پاشا بەپێی دەستوور فەرمانڕەوایەو دەسەڵاتێکی راستەقینەی نییە، هەرچەندەش هەموو هەنگاوەکان بەناوی ئەوەوە ئەنجام دەدرێن. نموونەی ئەمجۆرە حوکمەتەش بەریتانیایە. لە کۆماریدا ئەو کەسەی خاوەنی دەسەڵاتی باڵاترە راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراوە. هەریەکە لەم دوو فۆرمەی حکومەت دەکرێت لەسەر بنچینەی چڕبوونەوە یان دابەشبوونی دەسەڵاتی ناوەکی دوبارە لەناو خۆیدا بۆ فۆرمی تاك فۆرمی حکومەت و فیدراڵی دابەش بکرێت. (لیکاك) دەوڵەتی تاك فۆرم بەدەوڵەتێك دادەنێت، کە تیایدا هێزی حوکمڕانیکردن لە سەنتەردایە. ئەگەری ئەوە هەیە لە حکومەتی تاك فۆرمدا حکومەتی لۆکاڵیش هەبن و لەو دەسەڵاتەی پێیان بەخشراوە، سوودمەندبن. لەلایەکی

دییەوە حکومەتی فیدراڵی بەهۆی یەکێتیی ئەو دەوڵەتانەی، کە یەك حکومەتێکی سـەنتراڵی پێکدێنن و هەندێك لە پشکی خۆیانی پێدەبەخشن، لە کاتێکدا پـشکەکانی دیکـە بـۆ خۆیـان گل دەدەنەوە، ئەو حکومەتە سەرهەڵدەدات. لـەم فۆرمـەی حکومەتـەدا بـەپێی بەنـدەکانی دەستوور پشکەکان لە نێوان سەنتەر و ویلایەتەکاندا دابەش بووە.

دەوڵەتە تاك فۆرم و فیدراڵەکانیش دوبارە بۆ ناوکۆیی فـۆرمی پەرلـەمانی و ناپەرلـەمانی لەسەر بنچینەی پەیوەندییـەکانی نێـوان دەسـەڵاتی یاسـادانان و راپەڕانـدن دابـەش دەبـن. لـەفۆرمی پەرلـەمانی حکومەتـدا دەسـەڵاتی راپەڕانـدن لەبـەردەم دەسـەڵاتی یاسـاداناندا بەرپرسە، لەکاتێکدا لە فۆرمی نا پەرلەمانیـدا، (واتـە لـە فـۆرمی سـەرۆکایەتی) حکومەتـدا، دەسەڵاتی راپەڕاندن بەرپرسی دەسەڵاتی یاسادانان نییەو خاوەنی دەسەڵاتێکی هاوتـەریبی ئەوە.

بۆ روونکردنەوەی ریزبەندیەکەی (لیکاك) ، دەکرێت بەمجۆرە بخرێتەڕوو:

دەوڵەتی نوێ

|----------------------------------------|

ستەمگەری                                                      دیموکراسی

|-----------------------------------|

پاشایەتیسنودار(سەڵتەنەتی مەرجدار)                         کۆماری

|------------|                    |------------|

تاك فۆرم        فیدراڵی        تاك فۆرم        فیدراڵی

|--------|    |--------|    |--------|    |--------|

پەرلەمانی  ناپەرلەمانی  پەرلەمانی  ناپەرلەمانی  پەرلەمانی  ناپەرلەمانی  پەرلەمانی  ناپەرلەمانی

لەگەڵ هـەموو ئەمانەشـدا تەنانـەت ریزبەندییەکـەی (لیکـاك)یـش نـەگونجاوە. یـەکێك لـە گرنگترین جیاوازییەکانی ئەمڕۆی حوکمڕانییەکان، واتە حکومەتی تاك یـان فـرە پارتایـەتی، فەرامۆش کردووە. لەوانەیە پێودانگێکی گرنگی دی ئەوە بێت، کە ئایـا دەوڵـەت رەزامەنـدە لەسەر ئازادییە مەدەنی و سیاسـیەکانی هاوڵاتیـەکانی خـۆی و شـیمانەی سـەروەری یاسـاو پاراستنی قەزایی لە مافە مەدەنیەکان فەراهەم دەکات یان نا؟ سەرەڕای ئەوانـەش، لەسـەر

بنچینەی پێکهاتەی چینایەتی دەستەبژێرانی حوکمڕان و ئـەو ئامانجانـەی حکومـەت چـاوی تێبڕیوە، جیاوازی گرنگ لە ئارادایە. ئەم پرنسیپە ئەرستۆییانە جـارێکی دی لـە کۆمەڵگـەی ئـەمڕۆدا واتـا بەدەسـتدێننەوەو ناتوانرێـت نادیـدە بگیرێـن. دەکرێـت بـەمجۆرەش سـەیری پرسـەکە بکرێـت، کـە ئایـا حکومـەت بـەنیازەو لـە تێکۆشـاندایە بـۆ دەسـتەبەرکردنی کۆمەڵگەیەك، کە تیایدا بۆ هەموو هاولاتیان هەلی یەکسان و لانـی کـەمی ئاسـتی بـژێوی بـۆ زامن کرابێت یان نـا؟ لەواقیعـدا زانسـتە سیاسـیەکان بێمانـاو بێکـەڵك دەبێـت ئەگـەر خـۆی بەتەواوی بە دامەزراوەیەکی فەرمیەوە سنوردار بکات و ئـەو ئامانجانـە نادیـدە بگرێـت، کـە ئەم ئامرازە فەرمیانە دیاریدەکەن.

ریزبەندی (ئەسترانگ) پێشنیازی پێنج ناونیشان دەکات، کە لەسەر ئەوکۆڵەکانە دەکرێت ریزبەندی ئەو حکومەتانە بکرێت لەسەر دەستوری نویێ راگیرن:

١. جەوهەری حکومەت بەپێی دەستوور. لەژێر ئەم ناونیشانەدا حکومەتەکانی تاك فـۆرم و فیدراڵی " یان نیمچە فیدراڵی" ریزبەندی دەکات. لەناو ئەم ریزبەندییـشدا ئەگـەری بـونی ریزبەندییەکی زێرینیش هەیە، کە لەسەر بنەمای چڕبوونەوە یان لۆکالیبوونی حکومـەت یـان بوونی توخمێکی بەهێزی حکومەتی لۆکالی لەناو دەوڵەتە.

٢. جەوهەری خودی دەستوور، ئەوەی ئایا نەرمە یان رەقە.

٣. جەوهـەری دەسـەڵاتی یاسـادانان. لـەم رووەوە گرنگـی دەدرێـت بـە سیـستمی هەڵبژاردنەکان (مافی دەنگدان و سنووری دەنگدەران)، کە بەهۆیەوە دەنگدەران ئەنـدامانی ئەنجومەنی خوارەوە هەڵدەبژێرن" ماهیـەتی ئەنجومـەنی بـالا (هەڵبـژێراو، هەڵنەبـژێراو یـان نیوەهەڵبژێراو) و کۆنترۆڵە گشتیە راستەخۆکان (ریفراندۆم، بایکۆتی گشتی، لێپرسینەوە).

٤. جەوهـەری دەسـەڵاتی راپەڕانـدن. ئـەوەی ئایـا پەرلەمانیـە یـان ناپەرلـەمانی (واتـە سەرۆکایەتی)

٥. جەوهەری دادوەری. ئەوەی ئایا دەسەڵاتی راپەڕاندن پەیڕەوی سەروەری یاسایە یان سیستمێکی سەربەخۆ لەمافی بەڕێوەبردن پشتیوانی دەکات.

ئەم ریزبەندییە تا رادەیەك بەشێوەیەکی تەواو پەیوەندی بە فۆرمی فەرمیی دەوڵەتەوە هەیەو مەبەست و ئامانجەکانی روون ناکاتەوە، هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەی چینایەتی و جیهانبینی دەستەبژێرانی حوکمڕان روونکردنەوە نادات بەدەستەوە. لەم رووەوە هەمان ئەو رەخنانەی لەریزبەندی (لیکاك) دەگیرێت، ئاڕاستەی ئەمیش دەکرێت.

(جۆرج شوارزنبەرگەر) دەوڵەتەکانی بۆ نیشتمانیو چەند نەتەوەیی دابەشکردووە. دەوڵەتە چەند نەتەوەکانیش دوبارە بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەبن:

١- دەوڵەتی خانەدانەکان، وەك نەمسا ـ هەنگاریا پێش یەکەم جەنگی جیهان.

٢- دەوڵەتە ئاینیەکان، وەك (ئیمپراتۆری عوسمانی تا ١٩١٩).

٣- دەوڵەتە ئیمپریالییەکان.

٤- دەوڵەتە بەرژەوەند هابەشەکان.

٥- دەوڵەتە فیدراڵەکان.

٦- دەوڵەتە نیمچە فیدراڵەکان.

(ماکس ڤێبەر) لە ریزبەندی حکومەتەکاندا بایەخی بە پرسی رەواییان داوەو گوتویەتی: ( ئەگەری ئەوە هەیە ئەندامانی سیستم بانگەشەی رەوایی حوکمڕانی رابەرەکانیان لەسەر ئەم سێ لایەنەی خوارەوە پەسەند بکەن:

١- ترادسیۆنی .

٢- چۆنایەتی ئاوارتەیی کەسێتی.

٣- باری یاسایی.

چونکە لەنێوان رەوا بوونو دەسەڵاتداریێتیدا پەیوەندییەکی نزیکی بینیوە، واتە هێزی رەوایی بە دەسەڵات ناوبردووە. وتویەتی، کە هەریەکە لەو سێ کۆڵەکە سەرەکییەی رەوایی لەگەڵ یەکێك لە سیما (پوخت یان بیغەلوغەش)ەکانی دەسەڵات هاوبەندە: ١) دەسەڵاتی ترادسیۆنی. ٢) دەسەڵاتی کاریزمایی. ٣) دەسەڵاتی یاسایی (٩).

له ریزبەندیەکەی (ماکس ڤێبەر)دا حکومەتەکان لەسەر کۆڵەکەی جۆری رابەرایەتیکردن دابەشبوون:

١. حکومەتی راگیر لەسەر رابەرایەتی باو (ترادسیۆنی یان سونەتی). واتە رەوایی (دەسەڵات، حکومەت) بەندە بە بڕوابوون بەحورمەتی دێرینەی ترادسیۆنەکان و پێداویستی پەیڕەویکردن لەو رابەرانەی، کە دەسەڵاتەکان دەقاودەقی ترادسیۆنەکان پیادە دەکەن. بەگوتەی (ڤێبەر) حاڵەتێکی لەوجۆرە بەرایترینو گشتیترین باری دەسەڵاتدارێتییە.

٢. حکومەتی راگیر لەسەر سیفاتی نائاسایی کەسێتی ( کاریزمایی، شکۆمەندی). کە تیایدا رەوایەتی راگیرە لەسەر ملدان بۆ قەدەغەکراوە تایبەتو ئاوارتەکانو چالاکی قارەمانانە یان کەسێتی دیاری تاکێکی ئاوارتەو خاوەن پرنسیپی مەعنەوی یان سیاسی، کە لەخۆیدا بەرجەستەی دەکات یان بەجۆرێکی ئاسایی خاوەنێتی.

٣. حکومەتی پشت ئەستور بەیاسا. رەوایی پشت بەو باوەڕە دەبەستێت، کە دەسەڵات بەشێوەیەکی یاساییانە بەڕێوەبرێت. لەسەر کۆڵەکەی ئەم لایەنە لەرەوایەتی بڕیارە دەستورییەکان، یاساکانی وڵاتو هێزی پۆستە حکومیەکان بەتەواوی بەهۆی یاسایی بوونیانەوە دەبنە ناچارییو هەرهێندە بەشێوەیەکی یاسایی ئەنجامبدرێت، بە رەوا دادەنرێت.

## ٢- فۆرمە کلاسیکیەکانی حکومەت:

ریزبەندییەکانی (ئەرستۆ) بۆ حکومەتەکان چیدی بۆ جیهانی پڕ فۆرمە جۆربەجۆرەکانی حوکمڕانی ئەمڕۆ گونجاو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی بەڵگە مێژوییەکان جێگای خۆیەتی فۆرمە سەرەکیەکانی ئەوحکومەتانەی لە ریزبەندییەکەیدا باسی لێوەکراوە، بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە:

### أ- پاشایەتی:

پاشایەتی کۆنترین فۆرمی حکومەتە. ئەگەرچی فۆرمی حکومەتی پاشایەتی لە چاخی نوێدا بەهۆی سەرهەڵدانی خێرای دیموکراسییەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام لە وڵاتانی وەك بەریتانیا، نیپاڵ، بەلژیکا، عەرەبستانی سعودی و ژاپۆنو چەند وڵاتێکی دی هێشتا ماوە.

دەتوانین پاشایەتی دابەش بکەین بۆ : (۱) میراتگری. ۲) هەڵبژێراو. ۳) ستەمگەری — زۆرداریی. ٤) سنوردار یان پشتبەستوو بە دەستوور).

**۱- پاشایەتی میراتگر:**

جۆرێکی سروشتییە. لەمجۆرەدا پاشایەتیەدا پاشا بەپێی یاسای گەورەتر یان پرنسیپی پتەوی جێنشینی دەگاتە حکومەت، واتە ئۆتۆماتێکی گەورەترین کوڕ پاش مەرگی باوك دەبێتە جێنشین. چۆنیەتی ئەو جێنشینیە دەستور یان سیستمێکی تایبەت یان هەر رەوتێکی دیکە دیاری دەکات.

**۲- پاشایەتی بە هەڵبژاردن:**

پاشایەتی بە هەڵبژاردن گرێدراوی رابردووە. ئیمپراتۆرە بەراییەکانی رۆم و پاشاکانی پۆلۆنیا هەڵدەبژێران. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا پاشایەتی بە هەڵبژاردن باوبوو. لە ئێران (نادرشا) هەڵبژاێردراو بوو. بەتێپەڕبوونی کات پاشایەتی هەڵبژێراو بۆ پاشایەتی میراتگر گۆڕا.

**۳- پاشایەتی ستەمگەرانە:**

پاشایەتی رەها یان ستەمگەر شێوەیەکە، کە پاشا سەرۆکی راستەقینەی دەوڵەتەو دەسەڵات و ویستی خۆی بەپێی ویستی خۆی پیادە دەکات. (لویسی چواردە) دەیگوت، (دەوڵەت منم) و (یاساکانی دەوڵەت لە سینەی مندایە). نموونەی دیکەی پاشایەتی ستەمگەر زۆر زۆرە. پاشاو سوڵتانەکانی ئێران ، تزار — قەیسەر- ەکانی روسیا، پاشاکانی پروس، ئیمپراتۆرە عوسمانیەکان نموونەی ئەو جۆرە پاشایەتیەن. بەڵام زۆربەیان تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی لەناوچوون. لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیدا پاشایەتی ستەمگەر پاشەکشەیکردو ئێستا تەنها چەند دانەیەك دەبینرێت.

**٤-پاشایەتی سنوردار:**

کە بە سەڵتەنەتی مەرجداریش ناودەبرێت، جۆرێکە دەستوور دەسەڵاتەکانی سنوردار کردووە. لە هەندێك بابەتی تایبەتدا خەڵکی بە زۆر مافی دەستورییان لە پاشا زۆردارەکان سەندوەو لە هەندێك بابەتی دیکەدا پاشاکان بە دەستپێشخەری خۆیان دەستووریان بەخشیوە. بەمپێیە پاشایەتی سنوردار هەمان ئەو پاشایەتیەیە کە لەسەر دەستوور راگیرە.

تاکە جیاوازی لەنێوان پاشایەتی سنوردار و سیستمی کۆماری ئەوەیە، کە لەکۆماریدا سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندن بە هەڵبژاردن دەبێت، لەکاتێکدا لە پاشایەتیدا بەپێی دەستوور سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندن بە میرات دەبێت[11]. هەموو پاشماوەی پاشایەتیەکان لە ئەوروپاو هەندێك لە ئاسیاو ئەفریقا لەوجۆرەن [12].

لە پاشایەتی سنووردادا دەسەڵاتی پاشا، هەروەك وترا، بەپێی دەستور یان ئایدیۆلۆژیای بنەما تایبەت سنوردارکراوەو ئەو وەزیرانەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراون، بەناوی ئەوەوە دەسەڵات پیادە دەکەن. پاشایەتیە سنوردارەکان لە وڵاتانی وەك (بەرتیانیا و بەلژیکا) و چەند وڵاتێکی دیکەدا هەن. ئەمجۆرە پاشایەتیانە سوودە دیموکراسییەکانیان لەگەڵ تازیاری پاشایەتی میراتیان لەخۆدا کۆکردۆتەوە. بۆ نموونە، لە بەریتانیا هێشتا پاشا بە بەشێکی دانەبڕاوی دەوڵەت دادەنرێت، هێشتا ورشەیەك لە پیرۆزکراوی لە دەوری دەدرەوشێتەوە. لەم وڵاتەدا سودمەندیەکانی پاشایەتی سنوردار هۆکارێکی بنچینەییە بۆ مانەوەی. پاشای ئینگلستان مافی ئەوەی هەیە راوێژ بکات، هان بدات، پاڵنەر و ئاگادارکەرەوە بێت، بەڵام لەوە زیاتر چی مافێکی دیکەی نییە. هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی راستەقینە پیادە ناکات، حکومەت لە دەستی ئەو وەزیرانەدایە، کە لەدەسەڵاتی یاساداناندا نوێنەری زۆرینەن و دەسەڵاتی یاسادانانیش هەموو چوار ساڵ جارێك پاش هەڵبژاردنی گشتی بەرپرسیارێتی خۆی نوێدەکاتەوە. بەمپێیە پاشایەتی سنوردار هەلێکی راستەقینە بە خەڵك دەدات تا لە پرسە گشتیەکاندا بەشداری بکەن و ئەو بەڕێوەبەرانە هەڵبژێرن، کە بەخواستی ئەوان وڵات بەڕێوەدەبەن. لەپاشایەتی سنورداردا دوا دادوەری راستەقینە خەڵکن.

### ١- سوودەکانی پاشایەتی ستەمگەر:

لە رۆژگاری رابردوودا لە هەموو شوێنێك دامەزراوەی پاشایەتی بەربڵاوبوو. ئەو بەربڵاوییە ئاشکرایەی لە رابردوودا هەبووە، ئەوە دەخاتەڕوو کە دەبێت سوودی هەبوو بێت:

١. گونجاوی لەگەڵ ژیانی مرۆڤی سەرەتایی: خەڵکە سەرەتاییەکان دڕندەو بێبەزەیی بوون. تەنها کەسێکی بەهێز، کە دەستی بەسەر دامەزراوەی پاشایەتی، هەیبەتی ئاینی و هێزی سوپادا ڕۆشتبێت، توانیویەتی ئەو خەڵکە بخاتە ژێر رکێفەوە. ئاژاوەکانی لەناوبردو کۆمەڵگەی هەموار کرد. بە گوتەی (میل): (ستەمگەری شێوەیەکی رەوای حکومەتە بۆ لەعۆدە هاتنی دڕندەکان).

٢. ئامادەیی و توندوتۆڵیی کارکردن: پاشا بۆ راپەڕاندنی سیاسەتەکانی وابەستەی دیدو بیروڕای زۆرینە نییە. بەپێچەوانەی دیموکراسیەکانەوە، کە جوڵەو چالاکیەکی سستیان هەیەو کاتێکی زۆر بە لێکۆڵینەوەی دووردرێژ بەفیڕۆ دەدەن، پاشایەکی ستەمگەر بەئامادەییەکی تەواو توندوتۆڵەوە کار دەکات و بەهێزەوە روو بەرووی رووداوەکان بێتەوە.

٣. جێگیری حکومەت: پاشا وابەستەی هەوەسەکانی دەسەڵاتی یاسادانان نییە. هەروەها بەهۆی دەنگی نەیارەوە لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەرکەنار ناکرێت، لەمڕووەوە فۆرمێکی جێگیری حکومەتە.

٤. پایەداری و بەردەوامی سیاسەتەکان: کاتێك حکومەت پایەدارو جێگیر بێت، دەتوانێت لەناوخۆو دەرەوەدا سیاسەتی خۆی بەجۆرێکی بەردەوام درێژە پێبدات. ئالۆگۆڕو ناجێگیریی و حکومەتی چەندبارەیی، کە لەدیموکراسیەکاندا روودەدات، زۆرجار دەبێتە رێگر لەبەردەم بەردەوامی سیاسەتەکان.

٥. خزمەتگوزاری باشی کۆمەڵایەتی: لەبەرئەوەی پاشا کەسێکی بێلایەنە، دەسەڵاتی وابەستەی بیروڕای خەڵك نییە. وەك کەشتیوانێکی شارەزاو ئەزموونیدە بەبێ هیچ دژوارییەك و بە ئاسودەیی کەشتی گەورەی (حکومەت یان دەوڵەت) بەسەر شەپۆلەکانەوە رێنمایی دەکات. رژێمەکانی شاژنە (ئەلیزابێت) لە ئینگلستان، لویسی چواردە لە فەڕەنسا و (پترۆسی گەورە) لە روسیا گەواهی ئەو راستییەن، کە پاشایانی خێرخواز لە باشترین باری دەسەڵاتداری و جێگیریدا خزمەتیان بە خەڵکی خۆیان کردوە.

٦. رووبەڕووبونەوە دژ بەستەمگەری فیوداڵەکان: تزارەکانی روسیاو پاشایانی زنجیرە (تو) لە ئینگلستان دژ بەفیوداڵەکان پشتیوانیان لەرەعیەتەکان کردووە. لەبەرئەوە گوندنشینەکان لەژێردەسەڵاتی پاشاکانیاندا هەستیان بە ئارامی کردووە.

٧. ناسـینی ئامادەکاریـەکان: لەبەرئـەوەی پاشـاکان دەکەونـە سـەروو سیاسـەتی پارتەکانـەوە، دەتـوانن داوای راژەی هـاولاتی کاریگـەرو ئامادەکـار بکـەن تـا لـەکاروباری دەوڵەتـدا دیـدی راوێژکارانـە بخەنـەڕوو. لـە دیموکراسـیدا سـەرکردەی هەڵبـژێراوی خـەڵك ناتوانێـت لـە هەڵبـژاردنی یاریدەدەرانیـدا ئـازاد بێـت، چـونکە تێبینیـە حزبیـەکان بەسـەر هزریەوە کاریگەرن.

٨. پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئابووری: لایەنگرانی پاشایەتی بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ولاتـەکان لـە ژێـر سـایەی پاشـایەتیدا شـکۆفەیان کـردووە. پاشـاکان دۆسـتی هونـەر، تەلارسـازیو ئـەدەب بـوون. پـشکوتنی هـزری درامـاتێکی نوسـەرانی وەك (شکـسپیر) لـە سەردەمی شاژنە (ئەلیزابێت) پشتگیری ئەو بیروڕایە دەکات. لەو سـەردەمەدا پاشـا گرنتـی خاوەندارێتی دەکردو هانی پیشەسازی دەدا. پاشا لەنێو رەعیەتەکەیدا وەك باوك لـە نێـوان وەچەکانیدا دەژی و لەو رووەوە هەوڵیداوە ژیانێکی درەخشاوەی بەرزی ئابوری ببەخشێت.

(ئەرستۆ، دەیڤید هیۆم، تۆماس هۆبز) لـەو فەیلەسـوفە مەزنانـەن، لایـەنگری پاشـایەتی ستەمگەر بوون.

**٢- زیانەکانی پاشایەتی ستەمگەر:**

زۆر لەو سوودانەی بۆ پاشایەتی ستەمگەر ئەژمار دەکرێت، بە بەراورد لەگەڵ زیانەکانیـدا بێواتا دەبن:

١. **زۆرداری پاشایانە**: پاشای خێرخوازو کارامە زۆر دەگمەن بوون. مێژوو پڕە لەنموونەی پاشای گەندەڵ، بێدەسەلات، کینەدارو دڵڕەق. زۆربەی پاشاکان ئامرازی دەستی وەزیرانـی گەنـدەڵو دەسیـسەبازو شـاژنی فریوکـار بـوون. ژیـانێکی هـەرزەییان هـەبوەو زۆربـەیان زۆردارانە حوکمڕانی خەڵکیان کردووە.

٢. **رەتکردنەوەی حکومەتی لێوەشـاوە**: حکومـەتی بـاش رێگـری حکومـەتی لێوەشـاوە نییە. بەڵام پاشایەتی چەندە ئەگەری باشـەی هـەبێت پێچەوانەی حکومـەتی لێوەشـاوەیە. حکومەتی لێوەشاوە ئەو توانستە بەخەڵکی دەبەخشێت تایبەتمەندی گونجاو بۆ کۆمەڵگـەی

دیموکراسی بەدەستبێنن. پاشایەتی بە رەتکردنەوەی حکومەتی لێوەشاوە خەڵکی لە رووی سیاسیو هزرییەوە دەخەوێنێت.

٣. **نائەقڵانی بوونی جێنشینی:** لە خەوشەکانی پاشایەتی میراتگری ئەوەیە، ئەگەری ئەوە هەیە پاشایەکی ناکارامە، بێدەسەڵات، تەمەڵ و تەوەزەل، بچوك و زۆردار ببێتە جێنشینی پاشایەکی ئاقڵ، بەهێز، نەجیب، کامڵ و هۆشمەند. لویسی چواردە جێگای خۆی بە لویسی پانزە و شانزەدا، کە نەك تەنها ناکارامە، بەڵکو زۆردارو زاڵمبوون. لەو روەوە ئاشکرایە کە ئەم فۆرمەی حکومەت بۆشاییەکی زۆری بۆ رێکەوت و چانس تێدایە.

٤. **زیانباریی پاشای لاواز:** ئاشکرایە پاشای لاواز ئەگەر لە دیدی راوێژکاریی وەزیرانی ئاقڵ بێئاگا بێت و زیاتر لەسەر بنەمای هەوەس و ئارەزووەکانی خۆی کار بکات، لەوانەیە پێکدادان و زیانی زۆر بە دەوڵەت بگەیەنێت.

٥. **نائارامی حکومەتی پاشایەتی:** پاشا هەرگیز هەست بە ئارامی ناکات. هەمیشە نیگەرانی دەسیسە و چاوەڕاوەکانە. لەو روەوە بەردەوام سیاسەتێکی سەرکوتکارنە پیادە دەکات، بەڵام سەرکوتکردن نارەزایی زیاتر دەوروژێنێت و سەرئەنجام بە شۆڕش دوایی دێت.

٦. **حەزی ئیمپریالیستانەی پاشاکان:** زۆربەی پاشاکان هەوڵی زۆر بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و خاکی زۆرتر دەدەن. ئەو جۆرە سەرکێشیانە زۆرجار بۆ زۆرینەی خەڵك بەگشتی ماڵوێرانی بووە. هەندێك لە پاشاکان بە بزواندنی هزری خەڵکی بەناوی سەرکەوتنو پیرۆزیو دەسکەوتی جەنگەوە خەڵکیان تەفرەداوە، بەڵام ئەو جۆرە بەرنامە دەستدرێژییە پڕ مەترسییە زیانی لە بەرژەوەندی خەڵکداوەو مێژووش پڕە لە نموونەی لەوجۆرە.

**ب– ئەرستۆکراسی:**

وشەی ئەرستۆکراسی لە وشەی یۆنانی (ئەریستۆس– Aristos) وەرگیراوە، کە بەواتای باشترین دێت. زۆر لە بیریارە سیاسیە یۆنانییەکان ئەرستۆکراسییان بە باشترین حکومەتی هاوڵاتیان داناوە. (ئەرستۆ) نوسیوێتی: (حکومەتێك، کە چاکەی گشتی لەبەرچاو گرتبێت ... ئەگەر لەلایەن گروپێك لە خەڵکیەوە پیادە بکرێت بە ئەرستۆکراسی ناودەبرێت.

لەوانەیە لەبەرئەوەبێت کە باشترین خەڵکی (Aristio) تیایدا حکومڕانی دەکەن، یاخود لەبەرئەوەبێت، کە ئامانجی دەستەبەرکردنی باشترین چاکەکانە (Aristio) بۆ وڵات و ئەندامەکانی[١٣]).

بەپێی پێناسەی (گارنەر) ئەرستۆکراسی بریتیە لە (فۆرمێك لە حکومەت، کە تیایدا چەند کەسانێك دەسەڵاتی سیاسی پراکتیزە دەکەن[١٤]). بە دەربڕینێکی ورد دەکرێت بوترێت، کە ئەرستۆکراسی فۆرمێکی حکومەتەو تیایدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەندێکی کەم لە هاوڵاتیان لە دیاریکردنی پۆستی گشتی و داڕشتنی سیاسەتەکاندا ڕۆڵیان هەیە. بەبڕوای (یلینك) ئەرستۆکراسی ئەو شێوە حکومەتەیە، کە هەندێك لە چینی تایبەت ڕۆڵی دەسەڵاتدار دەگێڕن. ئەگەری ئەوە هەیە ئەرستۆکراسی لە پشکی پیاوانی ئاینی، سوپایی، پیشەوەرانو خاوەندارانی زەویدا بێت یان ئاوێتەیەك بێت لە هەموویان. ئەرستۆکراسی لەسەدەی چوارەم تا دووەمی پێش زانین لە ڕۆمادا باوبوو. هەتا ئەمڕۆش تۆخمی ئەرستۆکراسی لەئەنجومەنی لۆردەکانی بەریتانیادا دەبینرێت.

(ئەرستۆ) ئەرستۆکراسی بە فۆرمی سروشتی حکومەت و ئۆلیگارشی بەجۆری گەندەڵی حکومەت وەسفکردووە. بەوپێیەش ئۆلیگارشی بە حکومەتێکی گەندەڵی چەند کەسی پێناسەکراوە. (ڕۆسۆ) ئەرستۆکراسی بە سروشتی، هەڵبژێراو و میراتگریی داناوە. ئەرستۆکراسی سروشتی بە حکومەتی کەسانێك زانیوە، کە بەپێی سروشتی توانستی ڕابەڕایەتیکردن باشترین کەسانن بۆ حوکمڕانیکردن. ئەرستۆکراسی هەڵبژێراو حکومەتێکی بە ڕێژە کەمایەتیە، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراون. لەلایەکی دیکەوە ئەرستۆکراسی میراتگریی بە حکومەتێك دادەنێت، کە دەسەڵات لە ڕێگای باوکەوە بۆ وەچەکان دەگوێزرێتەوە.

ئەمڕۆ ئەرستۆکراسی ناوێکی دیکەیە بۆ ئۆلیگارشی، کە حکومەتی بەهێزەکانە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی کەسایەتی یان چینایەتی[١٥].

**١- سوودەکانی ئەرستۆکراسی:**

لــە ســەردەمە زۆر کۆنەکانــدا لەســەر ئــەم بنەمایانــەی خــوارەوە پــشتگیرییەکی زۆر لەئەرستوکراسی دەکرا:

١. **فـۆرمی سروشـتیانەی حکومـەت:** دەوتـرا کـە ئەرستۆکراسـی فـۆرمی سروشـتیانەی حوکمڕانییە، چـونکە بەشـێوەیەکی سروشـتی تەنانـەت لـە دیموکراسیـشدا گروپێکـی بـچوك لەخـەڵك دەسـەڵات پراکتیـزە دەکـەن و حـوکمڕانی هـەموو خـەڵك دەکـەن. هـەتا ئـەمڕۆش لەبەرتیانیا، کـە خـاوەنی دیموکراسـییەکی دێرینەیـە، درێـژەدان بـە ئەنجومـەنی لۆردەکـان بەردەوامەو ئاماژەیە بۆ گرنگی ئەرستۆکراسی.

٢. **ســوودی میانــڕەوی:** تــەگبیر وەرگــرتن و میانــڕەوی لــە تایبەتمەندییــەکانی ئەرستۆکراســین. بەگوتــەی (مۆنتــسکیۆ) میــانڕەوی راگــیر لەســەر چــاکەکاری رۆحــی ئەرستۆکراسییە. حکومەتی ئەرستۆکراسـی بەدەگمـەن گۆڕانکـاری بنـچینەیی یـان داهێنـان بەپێویست دادەنێت، چونکە لەوەنێگەرانە ئەوجۆرە گۆرانکارییانە بەشداریکردنی خەڵك زیاد بکـات و سـەرئەنجام لـە گرێژنـە دەربـچێت. هەڵوێـستی کۆنـسەرڤاتیڤانەی ئەرستۆکراسـی لەبەرامبەر هەڵچونەکانی خرۆشـاندن و هەسـتە سیاسـیەکان وەك ئاسـتەنگێکی بـاش کـاری کردوەو لەو روەوە ئەرستۆکراسی رێگری دیموکراسی بوو.

٣. **فۆرمی جێگیری حکومەت:** تایبەتمەنـدی کۆنـسەرڤاتیڤانەو میـانڕەوی خـۆی بـەهێز و حکومەتــەکانی ســەقامگیر کــردووە. (مۆنتــسکیۆ) (میــانڕەوی) بــە تایبەتمەنــدی بنــەڕەتی ئەرستۆکراسـی زانیـوە، کـە دەبێتـەهۆی جێگیریـی. ئەرستۆکراسـی هـەڵگری خەوشـەکانی پاشایەتی سـتەمگەر نییـەو دوورە لـەو حوکمڕانیـەی گشتی خـەڵکیش، کـە لەدیموکراسـیدا هەیە.

٤. **فێربوون لە ئەزموونەکانەوە:** لەبەرئەوەی ئەرستۆکراسی بڕوای بـە میـانڕەوی هەیـە، چاو لە رابردوو ناپۆشێت. لە راستیدا سوود لە ئەزموونـەکانی رابـردوو دەبینێـت و لـەبیریان ناکـات. پاراسـتن و درێـژەدان بـە نـەریت و ترادسـیۆنی دێرینـە یاریـدەی دەدات پەیوەنـدی لەگەڵ رابردوو نەپچرێت.

٥. **بایەخدان بە چۆنایەتی:** بەپێچەوانەی دیموکراسییەوە، کە گرنگی بە چەندایەتی دەدات، ئەرستۆکراسی گرنگی بە کەسێتی تاکەکان و چۆنایەتی کارەکان دەدات. لەئەرستۆکراسیدا تەنها هەل بە کەسانی پڕ بەهاو هۆشمەند دەدرێت حوکمڕانی وڵات بکەن. بە گوتەی (کارلایل)، (لە قازانجی گەمژەکانە لەژێر حوکمڕانی ئاقڵەکاندا بن).

**٢- زیانەکانی ئەرستۆکراسی.**

کارکردنی حکومەتی ئەرستۆکراسی ئەوەی پیشانداوە، کە فۆرمێکی سوودبەخشی حوکمڕانی نەبووە. لەبەرئەوە متمانە پێنەکراوەو پشتگوێ خراوە. زیانەکانی لەبەرئەم هۆیانەبووە:

١.**قۆرخکردن:** ئەرستۆکراسی دەبێتە هۆی قۆرخکردنی حوکمڕانێتی. چونکە ئەرستۆکراتەکان جگە لە چینەکەی خۆیان چینەکانی دی خەڵك نادیدە دەگرن. لەمڕووەوە، تەنها بیر لە بەرژەوەندەی خۆیان دەکەنەوەو گەندەڵ دەبنو سەرئەنجام بۆ ئۆلیگارشی دەگۆڕێن.

٢. **دژواری و چەقبەستن:** میانەڕەوی و سستی ئەرستۆکراسی بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ دژواری و چەقبەستن دەگۆڕێت. ئەم کارەش دەبێتە ئاستەنگی بەردەم پێشکەوتنی وڵات و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم.

٣. **زیادە خەرجی:** ئەرستۆکراسی بڕوای بەفریوکاری درۆزنانەو پلەوپایەو شکومەندی هەیە، کە لەسەر دەرامەتی خەڵك تەواو دەبێت. بێگومان وا خۆی دەردەخات پەرە بەشکومەندی حکومەت دەدات، بەڵام دەشبێتە هۆی زیادە خەرجی.

٤. **دژواری لە دانانی کەسی شایستە.** تەنانەت ئەگەر ئەوەش پەسەند بکرێت، کە ئەرستۆکراسی حکومەتی باشترین خەڵکە، ئەم پرسیارە لەجێی خۆیدایە، کە چۆن دەکرێت باشترین هەڵبژێرێت؟ لەدایکبوون لە خێزانێکی ئەرستۆکرات یان هەبوونی سامان پێوەدانگی دروست نییە بۆ هەڵبژاردنی باشترین. لە خێزانە گەورەکانیشدا خەڵکی لاواز و بێتوانا دێنە دنیاوە. سامان رۆشنبیری و هۆشمەندی، کە بنەمای حکومەتی چاکن، دەستەبەر ناکات.

لەراستیدا ئەرستۆکراسی راگیر لەسەر سامان و میراتگری بەشێوەیەکی ناچاریانە بۆ ئۆلیگارشی گەندەڵ گۆڕاوە.

٥. **پەروەردەنەکردنی سیاسیانەی خەڵك:** ئەرستۆکراسی بەگران رازی دەبێت خەڵکی پەروەردەی سیاسیانە بکرێن. خەڵکی تەنها کاتێك پەروەردەی سیاسیانە دەکرێن، کە خاوەنی هەلی یەکسانی هاوبەشیکردن بن لە کارەکانی حکومەتدا.

٦. **خەوشی ئاشکرای پرنسیپی میراتگریی:** دروست چۆن باسکردن لە میراتگری ماتماتیکزان کارێکی گەمژانەیە، بەهەمان شێوەش ئەقڵانی نییە، کە دەسەڵات بدرێتە دەست وەچەی ئەرستۆکراسەکان، بەو بەهانەیەی ئەوانە لە خێزانی ئەرستۆکراسیدا لەدایکبوون. بەگوتەی (گارنەر)، ئامادەیی و نەجابەتی سیاسی لەو سیفاتانە نین لە باوکەوە بۆ وەچەکانی بمێنێتەوە.

## ٣- دیکتاتۆری :

دیکتاتۆری لە (دەوڵەت – شار)ەکانی یۆنانی کۆن و لە رۆمادا هەبووە. لە یۆنان دەسەڵاتی رەهاو بێسنور بە (سینسیناتۆس) درابوو تا دەوڵەت لە قەیران رزگار بکات. هەموو سنووردارییەکانی بەردەم یاسا هەڵپەسێرابوون. لە رۆما دیکتاتۆری (سۆلا، ژولیو سیزار و ئۆگستۆس) نموونەی بەرچاون بۆ ئەمجۆرە حکومەتە. لە ئینگلستان (لۆرد کرامۆل) بەدڵنیاییەوە دیکتاتۆر بوو. (ناپلیۆن)، کە فەرەنسای لە نابووتبوون رزگار کرد، دروست بە (یەکەمین دیکتاتۆری مۆدێرن) وەسفکراوە.

لە سەدەی بیست، بە تایبەتی پاش یەکەم جەنگی جیهان، دیکتاتۆری زۆر بڵاوبوەوە. لە روسیای سۆڤیەتی لە (١٩١٧) دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەرقەرارکرا. لە تورکیا (کەمال ئەتاتورك) و لە ئێران (رەزاشا) وەك دکتاتۆر دەرکەوتن. لە ئیسپانیا، پورتوگال و چەند وڵاتێکی ئەوروپای رۆژهەڵات دیکتاتۆری دەوڵەتی پەیدابوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دیکتاتۆری ئەڵمان و ئیتالیا گرنگیان کەمتربوو.

له سەدەی بیستدا سێ جۆر دکتاتۆریی سەریانهەڵدا:

١- دیکتاتۆری فاشیستی له ئەڵمانیا و ئیتالیا و ئیسپانیا و پورتوگال.

٢- دیکتاتۆری سوپایی له هەندێك وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین .

٣- دیکتاتۆری پارتایەتی له یەکێتی سۆڤیەتی سۆشیالیستی و کۆماری گەلی چین.

دیکتاتۆری چییە؟ بەوتەی (فۆرد) دیکتاتۆری بریتییه له (بەدەستەوه گرتنی دەسەڵات بان یاسایی لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوه[١٦]). (ئەلفرێد کوبان) وتویەتی، دیکتاتۆری حکومەتی تاکه کەسە، کە پۆستەکەی نەك له رێگای میراتەوه، بەڵکو بە زۆرداری یان رەزامەندی یان تێکەڵەیەك له هەموویانەوه بەدەستهێناوه. دیکتاتۆری خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە، واته هەموو دەسەڵاتی سیاسی دواجار لە ویستی ئەوەوه سەرچاوه دەگرێت و بەرفراوانبونیشی سنوری بۆ نییه. هەروەها دیکتاتۆری لەسەر ریتمێکی دڵخوازیی فەرمان دەرکردن نەك لەسەر بنچینەی یاسا بەرێوەدەچێت. دەسەڵاتی دکتاتۆر پاشکۆو سەر بەهیچ دەسەڵاتدارییەکی دی نییه، چونکه پاشکۆیەتیەکی لەوجۆره لەگەڵ فەرمانرەوایەتی رەهای ئەو وێکنایەتەوه[١٧].

شرۆڤەکردنی پێناسەکەی (کۆبان) تایبەتمەندی دیکتاتۆری تاك پێشاندەدات:

١- فەرمانرەوایی یەك تاکه کەسە.

٢- لەسەر زۆرداری یان رازیبوون یان هەردووکیان راگیره.

٣- کەس خاوەنی هیچ دەسەڵاتدارییەکی دیکه نییه.

٤-پشك و دەسەڵاتەکانی رەهایە.

٥- لەسەر بنەمای فەرمان نەك یاسای دارێژراو حوکم دەکات.

٦- خولی دەسەڵاتدارییەکەی دیاریکراو و دەستنیشانکراو نییە.

ئەم تایبەتمەندیانه له دیکتاتۆری تاکانەی (ناپلیۆنو ئەتاتورك و رەزاشا) دا دەبینرێن، بەڵام دیکتاتۆرەکانی دی زۆربەیان دیکتاتۆری حزبین، کە شوێنگەی رابەر بەستراوه بەتوانای گرێدانی پارت بەخۆیەوه.

دیکتاتۆره نوێیەکان پاش یەکەم جەنگی جیهانیی بەهۆی شۆرشە نەتەوەییەکانەوه سەریانهەڵدا. یەکەم جەنگی جیهانی ئەو وێناکردنەی تێکدابوو، کە دیموکراسی دەتوانێت

ئاشتی هەتا هەتایی سەقامگیر بکات. بەگوتەی (ماکیڤەر): (قەیرانـەکانی بەرهـەمی جـەنگی ئـەورووپا لـەو وڵاتانـەی خـاوەنی ئـەزموونێکی کـەم یـان بـە رێـژە کـەمبوون لـە بـواری دیموکراسـیدا، خێرایـی بـە دیکتـاتۆری بەخـشی). زۆربـەی رژێمـە دیموکراسـیەکان لـەکاتی ڕووبەڕووبونـەوەیان لەگـەڵ پرسـەکانی نۆژەنکـاری، هەڵاوسـان، بێکـاری، چەقبەسـتن، کارامەیی و لێوەشاوەییان پێشان نەدا. پەرلەمانـەکان بـە (حـوجرەی پیـشەوەران) نـاوزەد کرابوون. ئەڵمانیا، کە بەهۆی سەپاندنی پەیماننامەی (ڤێرسـا)وە هەسـتی بەغـەدر دەکـرد، دەیویست خۆی لەوبارە رزگار بکات و هـەروەها ئـەڵمانیا پـاش ئـەو پەیماننامەیـە لـە ڕووی سیاسی و ئابوورییـەوە دوچـاری شکست و کـەوتبووە دەم لێـواری بێنـەوایی ئابوورییـەوە. لەبەرئـەوەبوو ئـەو وڵاتـە بـڕوای بـە بـەهاو نەریتـەکانی دیموکراسـی لەدەسـتداو (هیتلـەر) بەپاڵەوانی رزگاریبەخشی مەزنایەتی ئەڵمانیاو جەنگاوەری بەرژەوەندیـەکانی دانـرا. ئیتالیـا بۆقەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی پـشتیوانی لـە (مۆسـۆلینی) کـرد. دیکتاتۆری لە (ژاپۆن) دەرئەنجامی ئارەزووی فراوانخوازی بۆ زامنکردنی پێداویستی ڕوو لـە گەشـەکردنی دانیـشتوان بـوو. سـەرکەوتنی شۆڕشـی کۆمۆنیـستی لـە ڕوسـیای سـۆڤیەتی هەراسێکی وای لەنێو دەوڵەمەندەکاندا نایەوە، کە ئامـادەی هـەموو سەرکێشیەك بـوون بـۆ ریشەکێشکردنی کۆمۆنیزم . نارەزایی خـەڵك، کـە جـەنگی یەکـەمی جیهـانیی هۆکـەی بـوو، تێکەڵ بـەزرنگی (لینین) لەهەڵسەنگاندنی بـۆ خرۆشـاوی جـەماوەری ڕوسـی بـوو، دواجـار سەقامگیرکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریـای لـە ڕوسـیا لێکەوتـەوە. قـەیرانی ئـابووری دەیـەی (١٩٣٠) شۆکێکی گەورەی سـرەواندە ئـابووری جیهـان. هـەموو ئـەو ڕووداوانـە بوونـە هـۆی بێمتمانەکردنی سیستمە دیموکراسیەکان و سەرهەڵدانی هێزی دیکتاتۆری.

**أ- تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریی نوێ.**

**١- دامەزرانـدنی حکومـەتی تۆتالیتـاریی:** دیکتـاتۆری نـوێ بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی حکومەتی تۆتالیتاری. دروست وەك ئـەوەی یۆنانیـە کۆنـەکان بڕوایـان بـە جیـاوازی نێـوان دەوڵەت و کۆمەڵگە نەبوو، دیکتاتۆرە نوێیەکانیش هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان ئـەو دوانـەدا نەدەکردو بانگەشـەدەری رێکخـەری هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی بـوون. (هـەموو

شتێك لەناو خودی دەوڵەتدا، هیچ شتێك لەو باڵاتر نییەو هیچ شتێکیش لە دەرەوەی نییە).
ئەو دروشمە بوو (مۆسۆلینی) بەرزی کردبۆوە.

**٢- حوکمڕانی تاکە پارتێك:** دیکتاتۆری نوێ بڕوای بە فەرمانڕەوایی تاکە پارتێکەو بڕوای بە نەیاری و ناڕەزایەتی نییە.

**٣- بەخشینی زۆرداریی:** دیکتاتۆری لەناخۆو دەرەوەدا بڕوای بە بەکارهێنانی هێز هەیە. هیتلەر و مۆسۆلینی ستایشی جەنگیان کردو کاریان پێکرد: (جەنگ بۆ پیاو وەك دایکبوونە بۆ ژن). ئەمە دروشمی ئازیزیان بوو.

**٤- قۆرخکردن:** حکومەتی تۆتالیتار لە خەسڵەتدا قۆرخکارە. لایەنگری لە پاکیزەیی نەژادو زمان و ئەدەب دەکات. هەروەها بڕوای بە سیاسەتی خۆژێنی ئابووری هەیەو زۆرجار بەرگری لە هەندێك تیۆری باڵادەستی دەکات.

**٥- نەیاری لەگەڵ ئینتەرناسۆنالیزم.** دیکتاتۆری نوێ بڕوای بە فراوانخوازی و گەورەکردنی خاك هەیە. ئاشتیخوازی - خەونی ئایدیالیستیانە - و بەپاساوی ترسنۆکی دەزانێت. لە روانگەی دیکتاتۆرەکانەوە ئەنتەرناسیۆنالیزم کارێکی قۆشمەو فریودەرانەیە.

**ب- تواناکانی دیکتاتۆری.**

ئەو چاکانەی دەدرێتە پاڵ دیکتاتۆری نوێ، ئەمانەن:

**١- دامەزراندنی حکومەتێکی چالاك:** بە گشتی لەو ڕووەوە کە دیکتاتۆری فۆرمێکی لێوەشاوەی حکومەتە، بە شانوباڵیدا هەڵدەدرێت. لایەنگرانی ئەمشێوەیەی حکومەت دەڵێن، دیکتاتور کات لە لێکۆڵینەوەی بێهودەدا بەفیڕۆ نادات و لەبەرئەوە دەتوانێت دەمودەستانە کاربکات. (مۆسۆلینی) وتویەتی (بەرنامەی من کارکردنە نەك قسەکردن). (هیتلەر)یش بڕوای بەکارکردن هەبوو. ئابووری داغانبووی روسیای سۆڤیەتی، کە لەژێر چەکمەکانی رژێمی (تزار)دا دەینالاند، (لینین و ستالین) نۆژەنیان کردەوەو لەماوەیەکی کورتدا گەیاندیانە یەکێك لە زلهێزەکان.

**٢- ڕووبەڕووبونەوەی خێرای پێداویستیەکان:** دیکتاتۆر دەتوانێت بەخێرایی لە ڕێگای بڕیاری خێراو گردکردنەوەی دەمودەستانەی هێزە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەرەقەتی مەترسیيە

وێرانکارییەکان بێت. (هیتلەر) بەهەنگاوێکی بەهێزەوە ئەڵمانیای لەسەردابی رەزالەت و ناجێگیریی ئابووری دەرکێشا. دەوترێت حکومەتە دیموکراسەکان ناتوانن سەرکەوتووانە بەسەر قەیرانەکاندا زاڵ بىن، چونکە کاتێکی زۆر بەلێکۆڵینەوەو ڕاوێژکردنی ناپێوست دەکوژن.

٣- **گەشەکردنی ئەفسانەیی وڵات:** باڵادەستی نەژادیی یان مەزنایەتی وڵات خولیای دیکتاتۆرەکانی وەك (مۆسۆلینی و هیتلەر) بوو، کە دەسەڵاتێکی سوپایی گەورەیان لە ئەورووپا دروستکرد. لە سەردەمی (هیتلەر)دا ئەڵمانیا بە ترۆپکی گەورەیی خۆی گەیشت.

٤- **ناسینی ئامادەکارییەکان:** دیکتاتۆریی لەسەر ئەو بنەمایە ڕاگیرە، کە هەموو کەس توانای بەڕێوەبردنی حکومەتی نییەو تەنها بڕێکی کەمی هۆشمەندان لەعۆدەی حوکمڕانی دەوڵەت دێن. خەڵکی تەنها دەبێت فەرمان ڕاپەڕێنن و هەمیشە فەرمانەکانی سەروخۆیان پیادەبکەن و ملکەچی فەرمان بن.

٥- **زامنکردنی پێشکەوتن و مرادی ئابووری:** ڕژێمە دیکتاتۆرەکان سەرکەوتوویی ئابووری و پێشکەوتنی کاریگەرانەی هەمەلایەنە لە وڵاتدا دەستەبەر دەکەن. لە ئیتالیا بودجەکان جێگیرکران و خەڵکی مرادی ئابوورییان بەدەستهێنا. لە ئەڵمانیا (هیتلەر) گەندەڵی و خزمخزمێینەی حکومەتی لەناوبردو پێشکەوتنی هەمەلایەنەی زامنکرد.

پ- **خەوشەکانی دیکتاتۆری.**

نابێت هەندێك لە تواناکانی دیکتاتۆری لەبەرامبەر دواکەوتوییە شاراوەکانیدا کوێرمان بکات:

١- **گەشەنەکردنی کەسایەتیی مرۆڤ:** بێگومان دیکتاتۆری حکومەتێکی بەهێز دروستدەکات و ئاسایشی ئابووری بۆ خەڵکی دەستەبەر دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا دەبێت خەڵکی بەهایەکی گەورە ببەخشن. کەسێتیان لەناودەچێت. ئازادی ڕاگەیاندن، کۆڕوکۆبوونەوە، بزاوت و گردبوونەوە قەدەغە دەکرێن یان تەواو سنوردار دەکرێن. (هیتلەر) ڕاگەیاندنی خەفە کردو دەنگی خەڵکی سڕیەوە. (مۆسۆلینی) حوکمڕانی بەسەر ڕۆحی

خەڵکیدا کرد. بەمپێیە داهێنانی تاك لەناو دەچێت رۆحییەتی سەرکێشی مـرۆڤ دەکوژرێـت. بونی تاك لە حکومەتی توتالیتاریدا دەسڕێتەوە.

٢- **گۆڕانی دەوڵەت بۆ ئامانج:** لە سەردەمی هەنوکەدا دەوڵەت ئـامڕازی خۆشـگوزەرانی تاکە. بەڵام دیکتاتۆری وەك ئامانجی خۆی لـە دەوڵـەت دەڕوانێـت. لـەم روەوە لـە گـابۆڕی دەوڵەتدا تاك دەکاتە قوربانی. لە راستیدا لە حکومەتی دیکتاتۆریدا تاك تەنها بۆ مەزنایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەت بوونی هەیە.

٣- **شـــکۆمەندی دەســـەڵات:** دیکتـــاتۆری ستایـــشی زۆرداریـــی دەکـــات. لـــە رێگـــەی توندوتیژییەوە دەگاتە دەسەڵات و بە زۆرداریکردن پارێزگاری لێدەکات. بەگوتـەی (دوبنـوا) لەوانەیـە دیکتـاتۆری بـە رەزامەنـدی خـەڵکی پێکهاتبێـت، بـەڵام تـەنها لـەباری بێـدەنگیو سـەرکوتکردنیاندا دەتوانێـت درێـژەی هـەبێت. دیکتـاتۆر بێیەزەییـە، بـە مـشتی پـۆلاین نەیارەکانی سەرکوت دەکات. چیرۆکە دڵبزوێنەکانی زەجرو نەهامـەتی خـەڵك لـە ئـەڵمانیای سەردەمی هیتلەرو حوکمڕانی شمشێر لە ئیتالیای سەردەمی مۆسـۆلینی ئامـاژەن بۆئـەوەی کە دیکتاتۆرەکـان لـە پێنـاوی مانـەوەیان لـە دەسـەڵاتدا بڕوایـان بـە بـەکارهێنانی سـتەم و زۆرداریی هەیە. بەڵام زۆرداریـی بێڕەزامەنـدی سـەرئەنجام پایـەکانی حکومـەتی دیکتـاتۆری دەلەرزێنێت.

٤- **سیاسەتی خۆبەگەورە نواندن:** دیکتاتۆرەکان بڕوایان بـە سیاسـەتی خـۆ بەگـەوەرە پێشاندان هەیە. هـانی هاوڵاتیـان دەدەن بـۆ (فراوانخـوازی یـان مـەرگ). ئەمـەش وادەکـات مەیلەکانی خەڵك بۆ ئامانجی بێهودە بگۆڕن و ئـەو نەهامەتیانـە فـەرامۆش بکـەن دەکەوێتـە سەرشانیان.

٥- **بێهەستی خەڵك:** دیکتاتۆرەکان خۆیان بـە پـارێزەرانی پەرسـتگای (دلـف) دەبیـنن، کاتێك قـسەدەکەن، نابێـت کـەس زمـان هەڵبێنێتـەوە. وەك مێگـەل لەگـەڵ خـەڵکی رەفتـار دەکەن. هەموو خـەڵکیش لـەلای خۆیـەوە دوچـاری بێهەسـتی دەبـن. ئـەو ریتمـە شـڵەژاو و کوژەرەی دیکتاتۆر دەیسەپێنێ ژیانی هزری و مەعنەوی کۆمەڵگە دەسـڕێتەوە. خـەڵکی لـە گرنگیدانی هۆشمەندانە بە کارەکانیان پاشەکشە دەکەن، چونکە ئاگاداری ئەو راستیەن، کە هەوڵ و تەقەلۆکانیان بێسەمەرە.

**٦- دژایەتیکردنی ئینتەرناسیۆنالیزم.** سەردەمی هەنوکە، سەردەمی پێکگەیشتن و هاوڕێیەتی نێونەتەوەییە. دیکتاتۆرەکان بڕوایان بە حوکمڕانێتی ڕەها هەیە، کە بە بڕوای ئەوان پێچەوانەی ئینتەرناسیۆنالیزمە. دیکتاتۆرەکان لەو باوەڕەدان، کە ئینتەرناسیونالیزم گەلانی جیهان هەڵدەخەڵەتێنێت تا جیاوازییەکانی بەرامبەر کپ بکاتەوەو پرسەکانی خۆی لە ڕێگای ئاشتیەوە چارەسەر بکات. دیکتاتۆری (ئاشتی بە هەنجەتی ترسنۆك)ی دادەنێت و بەئاشکرا هانی جەنگ و خوێنڕێژی دەدات. دیکتاتۆرەکان بڕوایان بە مافی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان نییە.

**٧- بێتوانایی جێنشینانی دیکتاتۆرەکان:** دیکتاتۆرەکان خۆیان لەمێملەکانیان ڕزگاردەکەن. بە گشتی نەیارە جدیەکانیان بە تۆقاندن بەرکەناردەکەن و لەناودەبەن. لەبەرئەوە ئەو ڕژێمەی دیکتاتۆری بەرهەمهێناوە، لەگەڵ لەناوچوونی خۆشی لەناو دەچێت.

**٨- ناجێگیریی حکومەت:** حکومەتێك بەزۆری شمشێر دروست بوو بێت، هەرگیز بە پایەداری نامێنێتەوە. تەمەنی حکومەتی لەوجۆرە هێندەیە تا شمشێرەکەی بڕ دەکات.

**٩- ورە بەردان .** دیکتاتۆری توانای ڕووبەڕووبوونەوەی شکست یان بەدبەختیان نییە. لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین ئاماژەی بەدبەختی ورە بەردەدەن و دیمەنی چارەڕەشی دیکتاتۆری دەردەکەوێت و ورە لە دەستدەدات.

کەموکوڕی و خەوشەکانی دیکتاتۆری هەرچییەك بن ناتوانێت ئەو ڕاستیە نادیدە بگرێت، کە حکومەتی پیاوی بەهێزەو لە هەندێك وڵاتدا کارامەییەکی زۆری پیشانداوە. یەکێتی سوڤیەت لەنموونەی دیکتاتۆری سەقامگیربوەو سیاسەتی خۆشی بە دیموکراسی گشتی یان هەموو خەڵك زانیوە. چینی کۆمۆنیستیش نموونەیەکی دییەو کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتە دودڵ نین لە بانگەشەکردنیان بۆ لایەنگریکردن لە دیموکراسی. ئەمەش ئەوە دردەخات، کە تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش پەرۆشی دیموکراسین و دەیانەوێت بەرگی دیموکراسیەکان بپۆشن[١٨].

دیکتاتۆری لەگەڵ فاشیزمدا نەفرەتاویترین فۆرمی حکومەتەو بەگران مایەی پەسەندکردنە. بەڵام هەردەم قۆناغێکی زوو تێپەڕبووە.

### ٤- فاشیزم:

فاشـیزم فـۆرمێکی نادیموکراسـیانەی حکومەتـەو لـە هەنـدێك کۆمەڵگـەی سـەرمایەداریدا ئـەزموون کـراوە. ئەمـشێوە حکومەتـە لـە دەیـەی (١٩٣٠) بـە فـەرمانڕەوایی پـارتی نـازی لەئەڵمانیای هیتلەری و پارتی فاشیست لە ئیتالیای مۆسۆلینی بڵاوبوەوە. هەردوو ئـەم دوو دەوڵەتە فاشستیە لە دووەم جەنگی جیهانیدا لە بەرامبەر باقی وڵاتـانی جیهـان راوەسـتان. راگەیاندنەکانی سەردەمی جەنگ کۆمەکی بە جیهان کرد تـا خـەڵکی لـە ماهییـەتی فاشـیزم تێبگەن. لەبەرئەوەی فاشیزم دیاردەیەکی هاوەڵی سەرمایەدارییە و بنەماکەی یەکسانە بـەو بنەمایەی سیستمی بورژوازی دیموکراسی پەرلەمانی دیاریدەکات. لەگەڵ ئەوەشـدا فاشـیزم لــە خەسـڵەتیدا وەك دیکتـاتۆری دژ بــە دیموکراسـییەو ناتوانێـت سـەقامگیریو کـامڵی فەرمانڕەوایی بورژوازی بەدەسبێنێت. رێچکەیەکی لادەرانەیە، کـە رەوتـی قـایم و جێگیریـی بورژوازی لەیەك جیادەکاتەوە. بەڵام هەندێکجار فاشیزم بۆ سەرمایەداری دەبێتـە پێویـستی و تەنانەت دەرئـەنجامی پێشبینیکراوی سەرمایەداریشە، چـونکە لـە هەلومـەرجی قـەیرانی سەرمایەداریدا یـان لـەنێو گروپگـەلی دەسـەڵاتداری بـورژوادا فەرمانڕەواییـەکی سیاسـیانەی ئاوارتە پێشان دەدات. قەیرانە ناوخۆییەکانی سیـستمی سـەرمایەداری لەوانەیـە لەلایەکـەوە ببێتەهۆی شۆڕشی سۆشیالیستی، لەلایەکی دییەوە بە دەسەڵاتی فاشیزم دوایی بێت.

قەیرانە سیاسیەکان، کە دەبنە فاکتەری سەرهەڵدانی فاشـیزم، لـەم وڵات بـۆ ئـەو وڵات و بەپێی کات دەگۆڕێن، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندی گشتی هاوبەشن:

١- بوونی قەیرانی پەرلەمانی وەك دەرئەنجامی قەیرانی نوێنەرایەتی پارتایەتی.

٢- نـاجێگیری حکومـەت بـەهۆی نـاجێگیری و لەدەسـتدانی ویـستی سیاسـی دەسـتەی فەرمانڕەواوە، بوونی چەندین تۆڕی هاوشانی دەسەڵات لەلایەن پارتە سیاسـیەکانەوەو هـەر لە گروپەکانی فشارەوە بگرە تا میلیشیای تایبەت.

٣- نوێکردنەوەی رۆڵی زیندووی دەزگاکانی راپەڕاندن و یاسادانانی حکومەت و هاوشـان گرنگیدانێکی زۆر بەرۆڵی پۆلیس لەکارە سیاسیەکاندا.

٤- نەمانی دەسەڵاتی قەزایی و کاریگەری هێزە دژە دیموکراسیەکان.

٥- لاوازی پەیامی سەرکردەکردنی سەرمایەداری.

٦- بەتوانابوونی بەرچاوی ناوەکی و دەرەکی هێزەکانی چینی زەحمەتکێش .

٧- لاوازبـــوونی هـــزری و وەفـــاداریی زۆری خـــەڵك بەرامبـــەر حکومـــەتی بـــورژوازی و سەرئەنجام رزگاربوون لە فریودەریەکانی رژێم.

٨- گۆڕانی گەورەو بەرچاو لە هاوسەنگی دەسەڵات لەنێوان کـارو سـەرمایە بـە قـازانجی کار.

لەکاتی ئـەو قەیرانـە سیاسـیانەی سـەرمایەداریدا چـینی وردە بـورژوا، کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە رەگـەزەکانی نـاو بەڕێوەبەرایـەتی ئیـدارە، پـۆلیس و سـوپا پێکـدێن، دەبنـە بەرپرسـی گێڕانـەوەی مەزنایـەتی و دەسـەڵاتی سـەرمایەداری بەسـەر کـارداو ئـەم کـارەش لەسەروو بورژوازییەوە ئەنجامدەدەن، کە لەو سـەردەمەدا لـەبارێکی شـڵەژاوی پەرێشانی و رەهادا بەسەر دەبات. بەمپێیـە فاشـیزم دژ بـە خـەڵك و بەشـێوەیەکی تـەواو کۆنەپەرسـتە. زۆربـــەی دەســـکەوتە دیموکراســـیەکانی خـــەڵك لـــەناو دەبـــات و سیـــستمێکی تۆتالیتـــاری پێکدێنێت، کە پشت بەسەرکوتکردن و راگەیاندن دەبەستێت و پـەنا بـۆ خـراپترین رەمـەکی مرۆڤ لە دەمارگژی، ترس، نیگەرانی و وەفاداری کوێرانە دەبات.

فاشیزم خاوەنی پارتێکی شێوە جەماوەری، سروشت جەنگاوەر، تـەواو گـوێ لـە مـستی رابەرو شێوە ئەفسانەییە، کە ئەرکی خۆبەخشسازی هەمیشەیی خەڵکە. لە زۆر رووەوە تەنها بەشێکی هەڵبژێراو لە خەڵك خۆبەخش دەکرێن. بۆنموونە، لە ئـەڵمانیای نازیـدا تـەنها نـەژاد ئارییـەکان وەردەگـیران. لـەم سیستمەدا لقێکـی دەزگـای حکومـەت بەسـەر لقـەکانی دیـدا دەسەڵات پەیدا دەکات. ئەو لقەش نە سـوپایەو نـە بیرۆکراسـی حکومـەت، بـەڵکو پولیـسی سیاسییە. زاراوەی پۆلیسی سیاسی نەك تەنها ئاماژەیە بۆ گرنگیی سـەرکوتکردنی سیاسـی لەو رژێمەدا، بەڵکو ئاماژەشـە بـۆ رۆڵـی بنـچینەیی ئایدیۆلۆژیانـەی پـۆلیس لـە کۆمەڵگـەدا. فاشـیزم لـە دەسـەڵاتدا ئۆتۆنـۆمی دامـەزراوە جۆراوجۆرەکـانی کۆمەڵگـە لـەناو دەبـات و سیـستمێکی تۆتالیتـاری دەئافرێنێـت. ئـازادی دامـەزراوەی ئـاینی و خێـزان، جڤاتـە تایبەتەکانو بنەمای کەلتووریی هەڵدەتەکێت. کەرتـە تایبـەت و گـشتییەکان زیـاترو زیـاتر لەیەکـدی نزیکدەبنـەوە. دەستخـستنەناو کاروچـالاکیەکانی کۆمەڵگـە زۆر لـەوەش زیـاتر دەڕوات، کـە بـە سروشـت قـۆرخی سـەرمایەدارییە. لەپراکتیکـدا هـەموو لایەنـەکانی ژیـان

دەکەوێتـە بـەر هێرشـی پۆلیسی شـاراوەی ئامـادە لـە هـەموو شـوێنێك. سـیمای بنـەڕەتی فاشیزم واتە رۆڵی گەورەی لە سەرکوتکردنی فیزیکی بە بەشـداری پێخـۆری ئایـدیۆلۆژیا بـۆ رەوایدان بەو سـەرکوتکردنە. بۆنموونـە جـەنگی دژ بـە کۆمـۆنیزم یـان پاشمـاوەی رەگـەزی سپی لە ئەفریقای باشور هەردووکیان کۆڵەکەن بۆ ئایدۆلۆژییەکی رەوایسازی لەوجۆرە.

دواجـار فاشـیزم شـێوەیەکی ئاوارتـەی سیاسـەتی رژێمـی سـەرمایەدارییە. بـەڵام تاکـە فـۆرمێکی ئاوارتــە نییــە. لەبەرئــەوە نابێــت لەگــەڵ شــێوە ئاوارتــەکانی دیکــەی رژێمــی سەرمایەداری تێکەڵ بکرێت. یەکێك لەو فۆرمانەی دیکتاتۆری سوپایی ئەبستراکتە. لەوانەیە دیکتاتۆری سـوپایی وەك حکومـەتی فاشیـستی لەسـەر سـەرکوتکردنی سیاسـی ، پۆلیـسی نهێنی و راگەیاندن راگیربێت، بەڵام بە پێچەوانەی دەوڵەتی فاشستیەوە لە یەکـەم هـەنگاودا بەشێوەیەکی سـەرەکی لەسـەر هێـزی سـوپا وەسـتاوە. لەلایـەکی دییـەوە فاشـیزم لەسـەر پۆلیسی نهێنی و کەمتر لەسەر بیرۆکراسی حکومـەت و سـوپا بەنـدەو تـەواو بـە پێـچەوانەی دیکتاتۆری سوپایی بە رادەیەکی زۆر زیاتر هاوبەشیکردنی خەڵکی (دەنگدەر) ی تێدایە(١٩).

ئەمڕۆ مەترسی بوونی دیموکراسـی پەرلـەمانی بـە فاشـیزم زۆر واقیعیانـە دێتـە بەرچـاو. ئـەوەش بـەهۆی قەیرانـە بەردەوامـەکانی سـەرمایەدارییەوەیە لـەو کۆمەڵگانـەدا – قـەیرانی بەردەوامی ئابووری، قەیرانی پەرەوێزکردنی زۆرینە لە رژێمی سیاسیدا، بێ کەسـایەتیکردنی لادەرانـەی کۆمەڵگـەی سـەرمایەداری، قـەیرانی پەیوەندییـە دەرەکیـەکان بـە تایبـەت لـە سیستمی جیهانیداو لە دەستدانی ئاشکرای تیۆرو میتۆدی گونجـاو بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو قەیرانانە. سەرەڕای ئـەوەش هێـزە شۆڕشـگێڕەکانی سۆشیالیـستی دژ بـە سـەرمایەداری و ئیمپریالیـستی لەگـەل گەشـەکردنی پێبـەپێ بـەردەوام بـە هێزتـر دەبـن. تەنانـەت ئـەو گریمانەیەش لە ئارادایە کە ملهوڕی ئەو قەیرانانە ببێتـە هـۆی ئـەوەی فاشـیزم وەك فـۆرمی مۆدێلێکی رێکخراوی سیاسـی کۆمەڵگـە سـەرمایەدارییەکان جێگـای دیموکراسـی پەرلـەمانی بگرێتەوە.

## پەراوێزەکان:

1. Robert M.Maciver.The web of Government, (Newyork the Macmillan company 1947) p.149

٢. هەروەها بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ص ٨١-٨٣و دالی پێشوو ص ٨٤

٣. - p11,cit,op,Dillon. لەبەکارهێنانی نوێدا فۆرمی لادەرانەی دیموکراسی بریتییە لە مۆبۆکراسی (Mobocracy بالادەستی ئاژاوەگێڕی) یان ئۆکلۆکراسی ( ochlocracy حکومەتی گشتی خەڵك)ە " ماکیڤەر" گوتەنی (کۆمەڵناسان ئەوەیان بەئاشکرا دەرخستوە کە حکومەتی زۆربە بونی نییە، چونکە لەراستیدا هەموو حکومەتەکان حکومەتی چەند کەسێن یان لەراستیدا ئۆلیگارشییە) بڕوانە:

Maciever the web of….op.cio148.

4. Gilchrist, op,cit.p228

٥- سەرچاوەی پێشوو ص١١٩.

٦-منتسکیو، سەرچاوەی پێشوو ص٢٠.

٧-بۆ روونکردنەوەی دەستووری رەق و دەستووری نەرم دەتوانرێت بوترێت " کاتێك بتوانرێت دەستوور وەك یاسای ئاسایی بخرێتە بەر چاوپیاخشاندنەوە، بەگەڕاوە یان نەرم ناودەبرێت. لەمبارەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان دەستوور و یاسای ئاسایدا بوونی نییە، چونکە لەرووی زنجیرەی پلەدارییەوە لەپلەیەکی یەکساندان. دەستووری رەق یان نەگەڕاوە بەو یاسایانە دەوترێت کە چاوپیاخشاندنەوەی لەلایەن ئەنجومەنێکی تایبەتەوە دەبێت یان رەوشێکی تایبەتو جیاواز لەوەی بەسەر یاسای ئاساییدا دەچەسپێت پیادە بکرێت. لەم بارەدا دەستوور لەسەروو یاسای ئاساییەوەیەو لەرووی زنجیرەی پلەداریی یاساکانەوە لەپلەی یەکدا دێن) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو قازی، ص٩٨.

8. Leacock,opcit.p.117

٩- بڕوانە لێکۆڵینەوە لەدەسەلات، دەسەلاتدارییو شەرعیەتی لەبەشی چوارەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠-٨٥.

١٠–هەمان سەرچاوە لە٨٥ لەم کتێبەدا ڕیزبەندی تری حکومەت هەیە بروانە ل٨٦ تا٨٩.

11. Gilchrist , op.citp250

١٢. – هەروەها بڕوانە:

Dillon,op.citp12

١٣–سەرچاوەی پێشوو ل٨٢.

14. GARNAR,POLITICA Science….opcitp230
15. Kapvr.op.citp.323
16. .S.foeb,dictatorship in the Modern world (Newyork ;Univwesty Minnosota PRESS,1930)P27
17. Alpred Cobban , Dictatorship (Newyork ;cope,1939)p.26

١٨. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی دیکتاتۆری بڕوانە:

Agarwal op.cit.p.272-276 Dillon op.cit.p.28-97,kapur, op,cit.p398-40;and

19. Nnoli op.cit.p.122-124, and kapur,op cit.p.674-679

-١١-

# (ديموكراسـى)

ديموكراسى وشەيەكە لە دوو وشەى يۆنانى ديمۆس (demos) بەماناى خەڵك و كراسيا (cratia) يان (krato) بەواتاى دەسەڵات وەرگيراوە. (ديمۆس) لە بەكارهێنانى ئەسينايى يان يۆنانيدا بە واتاى جەماوەرى گوندنشينان بوەو لەم روەوە لە ئەسينا هەر گوندێكيان بە (demo) و دانيشتوانى ئەو گوندەيان بە (demotae) ناودەبرد. لە سەدەى پێنجى پێش زايندا گۆڕانێك بەسەر واتاى (ديمۆس) هات و ئـەم وشـەيە بـەكۆى هـەموو خـەڵكى ئەسـينا وتراوە، كە بۆ راپەڕاندنى كارە حكومييـەكان كۆدەبونـەوەو وتووێـژيان دەكـرد. بـەم واتايـە ديمۆس هەردوو گوندنشينان و شارنشينانى دەگرتەوە. لە سـاڵى (٥٠٩ى پ.ز) لـە ئـەنجامى ريفۆرمەكانى (كليـستين)ى ياسـادانەرى (ئەسـينا) بـەڕێوەبردنى كۆمـەڵگاى ئەسـينا كەوتـە دەسـت گوندنـشينەكان و لـەوە بـەدواوە حكومـەتى ئەسـينايان بـە ديموكراسـيا (demokratia) ناوزەد كرد، واتە حكومەتى لادێييەكان. ئەم واتايـەش وردەوردە فـراوان بـوو تـا ئـەوەى ديموكراسـى بـوو بـە نـاوێكى گـشتى بـۆ ئـەو حكومەتانـەى لەلايـەن هـەموو خەڵكەوە بەڕێوەدەبرێن. بە كورتى ديموكراسى واتاى دەسـەڵاتى خـەڵكى لـەخۆگرت. بـەڵام هەروەك (فاينەر) وتوويەتى: (ديموكراسى واتاى جۆراوجۆرى وەرگرتووە، هەندێ لەوانە زۆر لەيەك جياوازن، بۆ ئەوەى ئەم وشەيە نەبێتە هۆى خراپ حاڵيبوون، لە مشتومڕى بێهـودە و بەپێى توانا لە ناكۆكى تەواو شاراوە دوور بخرێتـەوەو رێوشـوێنە خوديـيە جۆراوجۆرەكـانى دامەزراوەكەى ئاشكرا بكرێت، پێويستە بە وردى شيبكرێتەوە[1] ).

ديموكراسـى لـە سـەردەمانێكى زۆر كۆنـەوە لـە كۆمەڵگـەى مرۆڤايەتيـدا بـرەوى پەيـدا كـردووە. (پرەنـسيپى ديموكراسـى بـەپێى ئـەم واتايـەى، كـە پێويـستە بـۆ هەنـدێك بـارى پێويـستييە بنەڕەتييـەكانى كۆمەڵگـە بەسـوود بێـت، ڕێـز بـۆ هەنـدێك لـە خواسـتە تـەواو

گشتییەکان بنێت، لەگەڵ پێودانگە دیاریکراوە گشتییەکاندا گونجاو و لەسەر رادەیەك لەچاکەی گشتی بنیات نرابێت، کاریگەری لەسەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی داناوە[٢]).

دیموکراسی لە چەمکی بەشداریی کاریگەرانە لە بەڕێوەبردنی کارە گشتییەکاندا بوونی هەمیشەیی هەبووە، بەڵام کەموزۆر لە مەیدانەکانی حکومەتی لۆکاڵی و ئەرکدا سنوردار ماوەتەوە. تەنانەت لەم سنورەشدا کۆیلەکان یان غولامەکان، توێژەکان یان چینەکانی خوارەوە، ژنان و زۆربەی کۆچەرەکان لە دەرەوەی بەشداری لە دەسەڵاتدا بوون. پرنسیپی دیموکراسی بەدەر لەم بوارە سنووردارانە نەریتێکی باو نەبووە، چونکە سەختیی پەیوەندییەکان، بێنەوایی، نەخوێندەواری و هەستی سوکایەتی خەڵك و نەگونجاوی و بێمتمانەیی نێوانیان ڕێگر بوو لەبەردەم پەسەندکردنی پرەنسیپی دیموکراسی لە سەنتەری حکومەتی دەوڵەتەکاندا[٣]. تەنها لە سەردەمەکانی دواتردا بنەمای ڕاست بۆ پراکتیزەکردنی کاریگەرانەی دیموکراسی لەسەر ئاستی سەنتەری حکومەت ڕۆنرا.

دیموکراسی دژ بە (حکومەتی زۆرداری و دیکتاتۆری) سەریهەڵدا، بەڵام هەموو لایەنگرانی یەك بیرو بۆچوونیان نییە. هەندێکیان (ئازادی) بە ئامانجی سەرەکی حکومەت دەزانن. هەندێکی دیکە (یەکسانی) بە داخوازی تەواوی دیموکراسی لێکدەدەنەوە. (فاینەر) لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە زۆر لە دیموکراتەکان ئازادییان بە تەنها (ئامڕازێك بۆ ئامانجەکانی دیکە) زانیوە. هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕی گروپ و چینە جۆراوجۆرەکان ئەوە ئاشکرا دەکات، کە (بیروباوەڕی ئەوانە بەشێوەیەکی سەرەکی – نەك بە گشتی – بەرهەمی بەرژەوەندییەکانیانەو تا ئەو رادەیە ئامادەی بەرەوپێشەوە چونن کە پێویست بووبێت بۆ دابینکردنی ئەو بەرژەوەندییانە نەك لەوە زیاتر). هەروەها (فاینەر) بەو ئەنجامە گەیشت، کە تا سەدەی هەژدە بنچینەی ویستی دیموکراسی نارەزایی ئامێزو شۆڕشگێرانەو ڕەتکەرەوە بووە. (لەوەی کە دەبوو جێگای شتێکی دیکە بگرێتەوە، هۆشیارییەکی کەم) هەبوو. بەڵام کاتێك ئەرکی پێویستی وێرانکردنی تەواو ئەنجامدرا، پرسی چارەسەر گرنگی پەیداکردو دەرئەنجام ئەوەبوو، کە لە دوای ساڵی (١٨٤٨)وە سەردەمی (دیموکراسی بە واتای ئازادی کۆتایی هات و سۆشیالیزم جێگای گرتەوە).

ئەو کەسانەی ئازادی بە ئامانجی سەرەکی دەزانن، لەو باوەڕەدان بنەمای دیموکراسی بریتییە لە (فەرمانڕەوایکردن لە ڕێگای باس و گفتوگۆوە — واتە هاندان بۆ فەرمانڕەوایی بەسەرداکردن — رادەستدانی بەرەبەرەی گروپەکانی فەرمانڕوایان بە فەرمان بەسەرداکراوەکان، کە شانبەشان بێت لەگەڵ دڵدانەوەی کەمایەتیەکان، هاونیشتمانیان، تاکەکان و بەوردی چاودێریکردنی ویژدان و خاوەنداریێتی[٤]). بەڵام لە ئەنجامی ریفۆرمی بەرفراوانەوە بەناچاری خواستی نوێ و سەرهەڵداو هاوشانی ئەو ئەنجامە بووە، کە زۆر لەو شتانەی بەڕیز دادەنران، دەبوو لەناوبچن. بە قسەی فاینەر (دەوڵەتە نوێیەکان لە پراکتیدا وێڕای بەلاوەنانی زۆرلێکردن، بڕوای ڕێگرتن لەخوێنڕشتن و پاراستنی دامەزراوە دیموکراسییەکان روو بە رووی ئەرکی قورسی دابینکردنی خێراو ئینجا پاراستنی ژمارەیەك لە ریفۆرمەکانی سەربارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆتەوە (٥)). (فاینەر)، بە سەرنجدان لە ناکۆکی توندی ئایدیۆلۆژیای پەیوەست بە ئامانجێکەوە کە دەبوو پیادە بکرێت، وتویەتی ئەگەری بەردەوامبوونی کۆمەڵگەی سیاسی پێویستییە. (هەردوولا پێویستە ئەوە بزانن، کە تەنها یەکێکیان راست نییە، بەڵکو هەموویان پێکەوە راستن). بەواتایەکی دیکە، بەهۆی ناکۆکی بیروباوەڕی مرۆڤەکانەوە ململانێ و لەوانەیە هەڵوەشاندنەوە ببێتە شتێکی ناچاریی، مەگەر ئەوەی پێویستبوونی دروستکردنی دامەزراوەی سنوردارکار بەشێوەیەکی تەواو پێناسە کرابێت.

## ١- واتاو پێناسەی دیموکراسی:

هەندێك لە توێژەرانی سیاسی، دیموکراسی نەك تەنها بە شێوەیەك لە حکومەت بەڵکو بە شێوەیەك لە دەوڵەتیش دەزانن. هەندێکی دیکی وەك فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بۆ دەکەن. بە باوەڕی (هیرنشاو– Hearnshaw) لە حکومەتی دیموکراتیدا سەراپای کۆمەڵگە خاوەنی دەسەڵاتی باڵاترەو دوا هەژمونیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە. (دیموکراسی وەك فۆرمێك لە دەوڵەت کتومت شێوەی دامەزراندن، بەڕێوەبردنو بەرکەنارکردنی حکومەتە). (دایسی) ئاوا پێناسەی دیموکراسی کردووە: (لە دیموکراسیدا بەشێکی زۆر لە کۆی گەل لەدەستەی فەرمانڕەوایە). بەوتەی (ئەبراهام لنکۆڵن) دیموکراسی (حکومەتی خەڵك، لەلایەن خەڵکەوە بۆ خەڵکەو بۆ هەموانەو لەلایەن هەموانەوەیە). لە

پێناسەکەی (بریستدا) بۆ دیموکراسی هاتووە (ئەو فۆرمەی حکومەتە، کە تیایدا دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەت بەشێوەیەکی یاسایی، نەك تەنها بە چینێك یان چەند چینێکی تایبەت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ سپێردراوە. واتە لەو کۆمەڵگایانەی هەڵبژاردنی تێدایە، فەرمانڕەوایی بەدەست زۆرینەوەیە، چونکە بۆ دەستنیشانکردنێکی ئاشتیانەو یاساییانەی ئیرادەی کۆمەڵگەیەك، کە هاودەنگییان تێدا نییە، هیچ شێوەیەکی دیکە لە ئارادا نییە[٦].

وێڕای ئەوەش، هەروەك (ویڵسون) وتویەتی، دیموکراسی لە هیچ دوو وڵاتێکدا یەکسان نییە. (لە پێناوی پەرەپێدانی نیشتیمانی و بۆ یارمەتیدانی بەدیهاتنی فۆرمێکی دیموکراسیانەی حکومەت دامەزراوەی جیاوازو زۆر جۆراوجۆر هێنراونەتە ئاراوە. ئەوە راستە، کە دەربارەی تایبەتمەندێتی بنەمای دیموکراسی هاوڕایی هەیە، بەڵام بیروباوەڕی جیاوازیش زۆرە. بە باوەڕی (ماکیڤەر): (دیموکراسی تەنها رێچکەی دیاریکردنی حکومەتی زۆرینە نییەو بەس، بەڵکو لە بنچینەدا رێچکەی دیاریکردنی ئەوەیە کە دەبێت کێ حوکمڕان بێت و لەپێناو کام ئامانجانەدا[٧]).

بەقسەی (لینین) دیموکراسی بریتییە لەو: (فۆرمە لە رێکخستنی سیاسیانەی کۆمەڵگە، کە دواجار لە خزمەتی بەرهەمهێناندا بووەو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵ دیاریی دەکات).

فراوانترین و گشتگیرترین چەمکی دیموکراسی (چارلس مەریام) بەیانی کردووە: (دیموکراسی زنجیرە رێسا یان کۆمەڵە تێزێك لە رێکخستن نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکە بۆ بیروڕا و شێوەی کارکردن، کە بە ئاڕاستەی چاکەی گشتییە، بەجۆرێك کە ویستی گشتی ڕاڤە و رێنمایی دەکات[٨]).

بەمشێوەیە دیموکراسی هەم فۆرمێکە لە حکومەت و هەم فەلسەفەی پێکەوە ژیانە. حکومەتێکە  تیایدا خەڵك یان زۆرینە سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکانی سیاسەتی گشتی خاوەنی دەسەڵاتی کۆتایی بڕیاردانن. حکومەتێکی لەوجۆرە خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی زۆر گرنگتر – ژیانی باش بۆ هەموو دانیشتوان، زۆرترین رادەی ئازادی بۆ تاکەکەس لەگەڵ گرەنتی گشتی، سیستم و خۆشگوزەرانی،

زۆرترین توانست بۆ هەموان، گەشەکردنی تەواوی کەسێتی تاکەکان و بەشداری چالاکانەی زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیان لە حکومەتدا[٩]. بەواتایەکی دیکە، دیموکراسی سیستمێکی سیاسی و فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە زیاتر لەهەر سیستم یان فەلسەفەیەکی دیکە، هەمەڕەنگی بیروباوەڕ پەسەند دەکاتو تیایدا دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەرێگەی ئاشتیخوازانە ئەنجام دەدرێت و ئامانجەکەی دابینکردنی لایەنی کەمی خۆشگوزەرانییە بۆ هەمووان.

## ٢-بنەماکانی حکومەتی دیموکراسی:

تا پێش سەدەی نۆزدە دیموکراسی وەکو سیستمی بونیادە سیاسییەکان سەریهەڵنەدابوو، بەڵام لەوکاتە بەدواوە بونیادە بنچینە سیاسییەکانی لەخۆگرت. یەکەمین بونیادی سیاسی دەستووری نوسراو بوو، کە دیموکراسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو لەکاتی شۆڕشەکانی ئەمەریکاو فەڕەنسادا وەکو پێویستییەك بۆ حکومەت دەرکەوت و پۆشینی فۆرمی حکومەت ئاماژەی سەرەکی گەشەکردنی بوو. حکومەتی دیموکراسی بۆ بەرجەستەکردنی داخوازی حوکم بەسەرداکراوەکان پێویستە خاوەنی دەزگایەکی دیاریکراوو سەقامگیر بێت و دەستوورە تۆمارکراوەکان ئەم ئەرکە پراکتیزە دەکەن. هەڵبەتە لە هەلومەرجی تایبەتی مێژووییدا تەنانەت دەستووری تۆمارنەکراویش، وەکو هی بەریتانیا، دەشێ لە خزمەتی ئامانجەکانی دیموکراسیدا بێت. دووەمین بیرۆکەی گرنگ دەربارەی حکومەت لە سیستمی دیموکراسیدا گەڕانە بۆ لایەنگریکردن لە حکومەتی یاسا، کە واتای سەروەری یاسا دەگەیەنێت نەك سەروەری خەڵك. دەستووری نوسراوەو سەروەریی یاسا کۆڵەکەی بنچینەیی هەماهەنگی حکومەت لەگەڵ ویستی خەڵك پێکدەهێنن. سێیەمین پێویستی بنچینەیی دیموکراسی وەك شێوەیەك لە حکومەت بریتییە لە گەڵاڵەنامەیەکی یاسایی بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادی تاکەکان. چۆنایەتی ئەم یاسایانە بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەو هێزە مێژووییەکانی بەدیهێنەری کۆمەڵگە شەقڵی پێدەبەخشن. بۆنموونە، دیموکراسی ئەمەریکا لە نێوان یەکسانی سیاسی و یاسایی و نایەکسانی ئابووریدا ناتەبایی نابینێ، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئاسایی و لاواز نایەکسانی کۆمەڵایەتی بە ناپەسەند

دەزانرێـت. لەلایـەکی دیکـەوە، دیموکراسـی سۆشیالـستی موڵکایـەتی تایبـەتی سەرچـاوە سروشتییەکان و پیشەسازییە سەرەکییەکان پەسەند ناکات، هـەروەها حـەزی بـە ململانێـی ئازاد نییە وەك فاکتەری پێشکەوتنی ئابووری. سـەرئەنجام بـوونی رێکخـراوەی دیموکراسـی حکومەت پێویستە، چونکە بەشداریکردنی زۆربـەی ئەندامـە پێگەیشتووەکانی کۆمەڵگـەی سیاسـی دابـین دەکـات. لایەنـەکانی رێکخـراوەی حکومـەت بـریتین لـە مـافی دەنگـدان، فەرمانڕەوایی زۆرینە، حکومەتی نوێنەرایەتی (لـەو شـوێنەی دیموکراسـی راسـتەخۆ نییـە). (ویڵـسون) وتویـەتی، کـە ئـەو لایەنانـەی حکومـەت بـەجیاو بـەبێ بـوونی حکومـەتی دیموکراسیش هـەبوون و پەرەسـەندن و برەویـان وەك پێویـست بـەواتای بـوونی حکومـەتی دیموکراسی نەبووە. بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە پەیوەندی لەگەڵ بونیادەکانی دیکەی باسکران، کۆڵەکەکانی حکومەتی دیموکراسی پێکدێنن.

### أ/ دیموکراسی وەك فەلسەفەی کۆمەڵایەتی:

پرسی بایەخدان بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای خەڵك یان رای گشتی لایەنێکی فەلـسەفەی کۆمەڵایـەتی دیموکراسـییە. دیموکراسـی نـوێ جیاوازییـەکانی رای گـشتی وەك شـتێکی بنـچینەیی پەسـەند دەکـات، کـە تـەنها نیـشاندەری جیـاوازی ماهیـەتی بەرژەوەندییـە گشتییەکانی هـەموو تاکـەکان نییـە. تـاك و گروپـەکان ئامانجگـەلێکیان هەیـە و دەیانـەوێت حکومەت دەستەبەریان بکات. لەناو حکومەت یـان دەوڵەتیـشدا بەرامبـەرکێ بـەو مەبەسـتە هەیە، کە (سەرنجی حکومەت بۆ ئامانجگەلێکی کۆمەڵایەتیانەی بەرژەوەندییە رێکخراوەکان رابکێشێت). بەمپێیە، ئامانجی کۆمەڵایەتیانەی دیموکراسی سیاسی لە تافێکی دیـاریکراودا، هاوسەنگی یان یەکسانی سیاسییە.

تەواوی خواستەکانی ئازادی، یەکسانی و برایەتی بەئاشکرا پێداگری لەسـەر فەلـسەفەی کۆمەڵایەتیانەی پەیوەست بە حکومەتی دیموکراسی دەکـات. دیموکراسـی بنیـاتنراو لەسـەر دەستوور دەقاودەق بەپێی یاسا مۆڵـەت بـە ئـازادی دەدات و پێویـستە یاسـاش (بەرهـەمی پـشتیوانی سیاسـییانەی ئەنـدامانی کۆمەڵگـە بێـت). یەکـسانی، کـە لـە رووی مێژوییـەوە هاوشانی دیموکراسی بووە، یەکسانبوونە لە پێشەنگی یاساو یەکـسانییە لـە دەرفەتەکانـدا،

بەڵام ئەمجۆرە یەکسانییە زۆر نەگونجاوە. بڕوای گشتی ئەوەیە، کە پێویستە پرنسیپی یەکسانی بکشێتە ناو مەیدانی ژیانی ئابوورییەوەو دەبێت حکومەت لەم بارەیەوە بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت. هۆشیاری روو لە گەشەکردن سەبارەت بە پرەنسیپی برایەتی ئەوەیە، کە تەواوی خواستەکانی دیموکراسی تەنها لە کۆمەڵدا توانای رەنگدانەوەیان هەیە. (ئەگەر پێویستە خەڵك ئازاد بن پێویستە لە رێگای ژیاندا هاوبەش بن. ئەگەر پێویستە یەکسان بن، دەبێت لە هاوکاری و هاریکاری برایانەی کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بۆ یەکسانی بگەڕێن). (هەنوکە تەواوی داخوازی دەوڵەتی خۆشگوزەران بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەدەسێنێ‌و خۆشەویست دەبێت. وادیارە دیموکراسی سیاسی رێچکەی (شەپۆلی هەڵکشاوی رەوتی دیموکراسی کۆمەڵایەتی) دەکاتەوە تا ئازادی، یەکسانی و برایەتی کە رای گشتی چاوی تێبڕیوە، دەستەبەر بکات.

رەنگە مایەی سەرنج بێت بزانین، کە کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت وتویانە، لە وڵاتەکەیاندا دیموکراسی گشتگیر (شمولی) یان دیموکراسی بۆ هەموانیان دامەزراندووەو ئەو بانگەشەیەی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە راگەیاند، کە یەکسانی کۆمەڵایەتی، نەژادی و ئابوورییان بەرادەیەك بەدیهێناوە کە لەسەردەمی ئێستادا (سەدەی بیست–و) لە هیچ جێگایەکی دیکەدا هەرگیز بەدی نەهاتووە. کۆمۆنیستەکان دامەزراوەکانی پەرلەمان و رەوتە دیموکراتەکانی خۆرئاوایان لە کۆمەڵگەی چینایەتییدا بە بێواتا دەزانی، کە تیایدا کۆبونەوەی دەسەڵاتی ئابوری بەدەست چەند کەسێکەوەیە. لەلایەکی دیکەوە باوەڕیان وابوو، کە سیستمی سۆڤێتی بەشداریکردنی تەواوی خەڵك لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ژیانیان فەراهەم دەکات و چەندان دەرفەتی فراوان بۆ داهێنانی تاکەکەس و چالاکی داهێنەرانە دەکاتەوە[١٠]. سەرئەنجام خەڵکی سۆڤیەت بەرەبەرە بەهای سەروەری یاساو خواستی ئازادییان بۆدەرکەوت.

لەرووی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە دیموکراسی سێ لایەنی هەیە: کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی. دەوترێت هەتا کاتێك ئەم سێ لایەنە لە کۆمەڵدا نەبێت، دیموکراسی کامڵ نابێت. مەبەست لە لایەنی کۆمەڵایەتیانەی دیموکراسی ئەوەیە، کە نابێت جیاوازی لەسەر بنەمای چین، توێژ، مەزهەب و ئاین، رەنگی پێستو رەگەز هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەوترێت

هەموو پیاوان و ژنان، داراو نەدار بە چاوپۆشی لە هەرجۆرە داوەرییەکی لەپێشینەی چینایەتی لەرووی چینایەتییەوە یەکسانن و دەبێت بەیەکسانی رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. لەلایەنی ئابوورییەوە دیموکراسی ئەو واتایە دەبەخشێت، کە پێویستە دابەشکردنی شیاوی سامان لە کۆمەڵدا هەبێت و جیاوازی گەورە لەسەر بنەمای سامان لە نێو بچێت. دیموکراسی ئابووری مافی کار، پشودان، کرێی دادپەروەرانەو ئەوپەڕی مافی سودمەندبوون لە ژیان بەفەرمی دەناسێنێت. لایەنی سیاسی دیموکراسی ئاماژە بۆ بوونی مافە سیاسیەکان دەکات، واتە مافی دەنگدان، مافی رەخنەگرتن لە هەڵبژاردن و مافی گەیشتن بە پلەو پایە گشتییەکان. لەپێناو پراکتیزەکردنی کاریگەرانەی ئەم مافانە پێویستە تاک لە ئازادی رادەربڕین، ئازادی رۆژنامەگەریی و کۆڕوکۆبونەوەو هەموو ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکە بەهرەمەند بێت.

فەلسەفەی نوێی دیموکراسی، وەك هەموو قوتابخانەیەکی دیکەی سیاسی، سەبارەت بە جەوهەری مرۆڤ و کۆمەڵ بوونی پرەنسیپ بە ئاسایی دەزانێت. وێڕای ئاماژەکردن بۆئەوەی، کە لەوبارەیەوە لە نێوان توێژەرە سیاسیەکاندا جیاوازی بیروڕا هەیە، دەتوانرێت بە کورتی ئەو پرەنسیپانە بژمێردرێت. (هیرینشاو) ئەم پرەنسیپانەی خوارەوەی وەکو پرەنسیپی ئاسایی دیموکراسی ئەژمار کردووە: ١) هەموو مرۆڤەکان وەك پێویست خاوەنی ئەقڵێکی تەندروستن تا وەك هاوڵاتیەکی هۆشیار رۆڵی خۆیان ببینن. ٢) مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی چاکەکارەو دەتوانرێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت بەباشی کارو ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێت. ٣) هەستێکی بەهێزی هاوبەندی لەنێوان خەڵکدا هەیە. ٤) ویستی گشتی هاوبەش لەنێوان خەڵکدا هەیە. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پرەنسیپی دواییەوە هەیە، پێویستە لەرووی بەرژەوەندییەوە بوونی بەرژەوەندی جیاواز لە کۆمەڵگەدا بە راشکاوی و بە فەرمی بناسێنرێت. بەمپێیە دیموکراسی پرسی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییەو هزرە هەژمونگەراکانی ئامانجی دیموکراسی لەهەر کاتێکی دیاریکراودا ئاماژەی هاوسەنگی بەرژەوەندییەکانە.

(ڕودی) و هاوکارانی وێڕای جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی وەك سیستمێکی حکومڕانی ناتوانێت چاوپۆشی لە پرنسیپەکانی فەلسەفەی دیموکراسی بکات،

ئەم پرنسیپانەیان بەمجۆرە ئەژمار کردووە: ١- پەیڕەویکردنی مرۆڤ لە ئەقڵ و لۆجیک. ٢- پەیرەویکردنی مرۆڤ لە مۆراڵ. ٣- یەکسانی مرۆڤەکان. ٤- توانستی پێشکەوتنی مادی و مەعنەویانەی مرۆڤ. ٥- پێداویستی حوکمڕانێتی خەڵک. ٦- پرنسیپی ئازادی[11].

**٣- جۆرەکانی دیموکراسی:**

دیموکراسییەکان لەرووی مێژووییەوە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ (نوێنەرایەتی) بوون. دیموکراسی راستەوخۆ لە (دەوڵەت — شار)ەکانی یۆنان و رۆمای سەردەمی کۆندا هەبوون. ئەمڕۆ دیموکراسی راستەوخۆ سەر بە رابردوو دادەنرێت. دیموکراسی راستەوخۆ تەنها لەو دەوڵەتە زۆر بچوکانەدا مایەی پراکتیزە کردنە، کە ژمارەی دانیشتوانیان چەند هەزار کەسێکەو بەسانایی دەتوانن لەجێگایەکدا کۆببنەوەو سیاسەتەکان بخەنە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە و رێکیبخەن. لەهەندێ لە کانتۆنە بچوکەکانی سویسرادا، کە هێشتا (کۆبوونەوەی هەڵبژاردن)یان تێدایە، هاولاتیانی پێگەیشتوو لەو پیاوانەی ناو کۆبوونەوەکانی یەکشەممە لە نیسان یان لە مایسدا کۆدەبنەوەو بەدەست بەرزکردنەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن و هەروەها ئەو هەنگاوانەشی کە پێویستە، دەنگی بۆ دەدەن.

لەئێستادا دیموکراسی راستەوخۆ لە دامەزراوەکانی ریفراندۆم و داهێنانی جەماوەریدا بوونی هەیە. ئەو دەزگایانەی کە بەهۆی بونیانەوە تاکەکان دەتوانن بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی لەکارو نوێنەرایەتی لەپەرلەمان لەسەر شانیان لابدەن، لەسویسراو هەندێ لەویلایەتەکانی ئەمەریکادا هەن. دیموکراسی راستەوخۆ لەدوای یەکەم جەنگی جیهانی لە(لاتڤیا، ئەڵمانیا، ستوانیا، روسیای سۆڤیەتی و ئیرلەندا) سەریهەڵدا، بەڵام بێجگە لەیەکێتی سۆڤیەت لەشوێنەکانی دیکەدا فەرامۆش کرا. لە یەکێتی سۆڤیەت بە پێی دەستوور بە دەسپێشخەری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لەمەسەلەی یاسادانانندا ئەگەری پەنابردنە بەر ریفراندۆم هەبوو، ئەگەرچی هەرگیز کاری پێنەکرا.

دیموکراسی ناڕاستەوخۆ (یان دیموکراسی نوێنەرایەتی) لەو دەوڵەتە تازانەدا پیادە دەکرێت، کە رووبەریان فراوانە و ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە. بەمپێیە ئیدی دیموکراسی راستەوخۆ مایەی وێناکردن نییە. لەراستیدا لەم دەوڵەتانەدا خەڵک بەشێوەی ناڕاستەوخۆو

لەرێگــەی نوێنــەرە هەڵبــژێردراوەکانی خۆیانــەوە حــوکمڕانی دەکــەن. خــەڵك بەشــێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنـەرە باوەڕپێکراوەکـانی خۆیانـەوە ویستی دەوڵـەت ڕێکدەخـەن و بەرجەســتەی دەکــەن. پرنـسیپی ئــەمجۆرە دیموکراسـییە لەســەر ئــەو کۆڵەکەیەیــە، کــە سەرەڕای ئەوەی سەروەری هــی خەڵکــە، نوێنــەرەکانیان پراکتیــزەی دەکــەن. نوێنــەرەکان بەشێوەی دەوری هەڵدەبژێردرێن و لەبەرامبەر ئەو خەڵکەدا بەرپرسیارن، کە دەتوانن ئەگەر بــەپێی چــاوەروانییەکانی ئــەوان کــار نەکــەن، لەهەڵبــژاردنی داهــاتوودا دەنگیــان نــەدەنێ و کەنارەگیریان بکەن. بەمجۆرە، نوێنەرەکان وەکو باوەڕپێکراوی خەڵك فــەرمانرەوایی خــەڵك دەکــەن، بــەڵام دەبێــت لەبەرامبــەر رای گــشتییدا هەســتیاربن، بۆئــەوەی لــە هەڵبــژاردنی داهاتوودا لە نوێنەرایەتی نەخرێن.

شایانی باسە، کە لە دیموکراسی نوێنەرایەتیدا پارتەکان رۆڵێکی زیندوویان هەیە، چونکە ویــستی خــەڵك ڕێکدەخــەن و وەکــو کــەناڵێکی پەیوەنــدی لــەنێوان حوکمڕانــان و حــوکم بەســەرداکراواندا کاردەکــەن. لەبەرئەوەیــە وتــراوە، کــە دیموکراســی نوێنەرایــەتی و پارتــە سیاسیەکان دوانەن.

## ٤- کارایییەکانی دیموکراسی:

دیموکراســی بــەربڵاوی و لایەنگرییــەکی زۆری لــە جیهانــدا بەدەســتهێناوەو هــەموو وڵاتــە گرنگەکان دیموکراسـییان هەڵبـژاردووە. هەنـدێك لـەو تازیارانـەی بـووە بـەهۆی دەرکـەوتنی ئەمانەن:

١- **کارایی حکومەت**: یــەکێك لــە گــرنگترین پێوەرەکــانی بــەهێزی یــان لاوازی فــۆرمێکی تایبــەت لــە حکــومڕانی کارامــەبوونی ئــەو حکومەتەیــە. کارامــەیی حکومــەت لەهەلومــەرجی ئاسایی و نائاسایی یان قەیراناویدا بەشێوازی کـارکردنی ئـەو حکومەتـە هەڵدەسـەنگێنرێت. راستیان وتووە، کە (هەڵبژاردنی گشتی، کۆنترۆڵی گشتی و بەرپرسـیارێتیی گشتی) زیـاتر لەسیستمەکانی دیکەی حکـومڕانی کـارایی دیموکراسـی دابـین دەکـات. حـوکمڕانی خۆمـاڵی جەماوەر بەرەو دیسپلینکردن کێشدەکات و هەستی بەرپرسـیارێتییان تێدا دروسـتدەکات و دەیانکات بە هاوڵاتی فیداکارو لەخۆبووردوو.

٢- **دابینکردنی ئازادییەکانی تاك**: دیموکراسی تاکە فۆرمێکی حکومەتە، کە ئازادییەکانی تاك دابین دەکات و لەرێگەی دەستوورەوە مافی هاولاتیان دەستەبەردەکات. (جۆن ستیوارت میل) لەسەر هەمان کۆڵەکە پشتیوانی لە دیموکراسی کرد. ئازادی باوەڕو بیروڕا دەربرین، رۆژنامەگەری و کۆڕوکۆبوونەوە هەندێك لە مافە مەدەنییە گرنگە دەستەبەرکراوی خەڵکە. دیموکراسی تاك بە بەهادار دەناسێنێت و دڵنیای دەکاتەوە، کە دەرفەتی بەشداریکردنی لە گەشەکردنی کۆمەڵدا دەبێت. بە رای (لاول) لە دیموکراسی کامڵدا هیچ کەسێك سکالا لەوە ناکات کە دەنگی نابیسترێت. بە وتەی (هیرینشاو) (دیموکراسی زنجیرە دەمارێك بە هەموو تاکێکەوە دەبەستێت. لە نێوان سەنتەرو ئەودا پەیوەندی دروست دەکات) و گرنگی بە بۆچوونی هەموو کەسێك دەدات.

٣- **دابینکردنی یەکسانی**: دیموکراسی لە هەردوو بواری ئابووری و سیاسیدا خوازیاری یەکسانییەو بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیکردنێك لەسەر بنەچەی چین، رەنگی پێست، ئاین یان رەگەز مافی دەنگدان، رەخنەگرتن لە هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی پلەوپایە گشتییەکان پەسەند دەکات. تازیاری تایبەتی قبولّ ناکات. لە بواری ئابووریدا یەکسانی دەرفەتەکان و ئاسایشی ئابووری بۆ خەڵك زامن دەکات. لە دیموکراسییەکی راستەقینەدا هەموو کەسێ لانی کەمی پێویستییەکانی ژیان و ئاسایشی کۆمەلایەتی هەیە.

٤- **فێرکردنی خەڵك**: دیموکراسی بە راستی ئەزموونێکی فراوانی لە فێرکردنی خەڵکدا هەیە. ململانێی هەڵبژاردن لە راستیدا فێرکردنێکی سیاسییە. لە هەڵبژاردنە گشتیەکان یان لە هەرجۆرە هەڵبژاردنێکی دیکەدا بێت پرسە گشتیەکان، کاندیدە جۆراوجۆرەکان و دەنگ کۆکەرەوەکانیان دەخەنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. بلاوکراوە بە شێوەیەی بەرفراوان بلاودەبێتەوە. لەو کۆبونەوانەی ئەنجام دەدرێن سیاسەت و بەرنامەی پارتە جیاوازەکان روون دەکرێتەوە. لەم رێگایانەوە خەڵك بەگشتی لە رووی هزری سیاسییەوە هۆشیاری پەیدا دەکەن و دەنگدانی ئەوان نیشانەی بایەخدانیانە بەو پارت و کاندیدانەی سیاسەت و ئەجنداکانیان بەدڵە. ئەمجۆرە هۆشیاری و بەشداریکردنە ئاستی هزری خەڵك بەرز دەکاتەوەو توانای تێگەیشتنی هاولاتیان لە کاروباری ولات زیاد دەکات. بەوتەی (بورنس-

Burns): (هەموو حکومەتەکان شێوەیەکن لە فێرکاری، بەڵام باشترین فێرکاریی خۆفێرکردنە. واتە باشترین حکومەت حکومەتی خۆماڵییە، کە دیموکراسی بێت).

**٥- پتەوکردنی نیشتمانپەروەری:** دیموکراسی بە برەودانی بە هەستی خۆشویستنی وڵات نیشتمانپەروەری لە خەڵکدا بەهێز دەکات. کاتێك بوار بە خەڵك دەدرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیان، هەستدەکەن لە وڵاتەکەیاندا جێگایەکیان هەیە. فەرەنسییەکان تاکو شۆڕشی (١٧٨٩)، کە مۆڵەتیان پێدرا لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتی باوباپیرانیاندا بەشدارییەکیان هەبێ، هەرگیز برەویان بە خۆشەویستی وڵاتەکەیان نەدابوو. هێرشی عیراق بۆ سەر ئێران هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی ئێرانی بەجوانی نیشاندا، کە لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧-١٩٧٩ چارەنووسی وڵاتەکەیان بەدەستەوە گرتبوو.

**٦- دابینکردنی سەقامگیریی حکومەت:** دیموکراسی لە مەترسییەکانی شۆڕش پارێزراوە، چونکە حکومەتی هاندان و رەواج پێدان، وتووێژو دیالۆگە. کاتێ خەڵك بتوانن لەرێگەی (متمانە لێسەندنەوە) یان لەرێگەی دەنگدانەوە حکومەتەکەی خۆیان بگۆڕن، ئیتر پێویست ناکات پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لە دژی ئەو حکومەتەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. دیموکراسی بە هەوڵدانی بۆ نەهێشتنی نایەکسانی ئابووری ئەگەری ناڕەزایی ناهێڵێ و کۆمەڵیش لە شۆڕش بەدوور دەگرێت.

**٧- سیستم و پێشکەوتن:** دیکتاتۆریی سیستم دابین دەکات، بەڵام پێشکەوتن و پەرەپێدان پشتگوێ دەخرێن. دیموکراسی تاکە فۆرمێکە لە حکومەت، کە تیایدا جگە لەپاراستنی ئاسایش و سیستم لە وڵاتدا، بەختەوەری خەڵك ئامانجێتی و ئەو توانایەیان پێدەبەخشێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا پێشبکەون.

**٨- بەهای خەڵك:** دیموکراسی بە پەسەندکردنی بەهای تاك هانی پێشخستنی دەسپێشخەریو داهێنان دەداتو هەستی بەرپرسیارێتی لای تاك پەروەردە دەکات. بەوتەی (جۆن ستیوارت میل): (دیموکراسی لە حکومەتەکانی دیکە باشتر فۆرمی باشترو بەرزتری خەسڵەتی نیشتمانی دێنێتە ئاراوە). مافی مەدەنی و سیاسی مەزنایەتی بە تاك دەبەخشێت. بەوتەی (بێرکەر): (دیموکراسی ویست و هزری خەڵك پەروەردە دەکات و داوای یارمەتییان لێدەخوازێت و لەو رێگایەوە وەك تاکێك کۆمەك بە شییاوییان دەکات[١٢]).

خۆدروستکردن هێندەی لە فۆرمی حکومەتی دیموکراسیدا سانایە، لە هیچ فۆرمێکی دیکەی حکومەتدا ئاسان نییە. بەرای (لاول): (باشترین حکومەت ئەو حکومەتەیە، کە لە درێژترین ماوەدا، بەشێوەیەکی تۆکمە لە بواری ئەخلاق، راستی و دروستی، هەوڵ و کۆشش و پشت بەخۆبەستندا خەڵك رابێنێ). بێگومان دیموکراسی هەموو ئەم ئەرکانە رادەپەڕێنێت.

٩- **حکومەتی بیرۆکراتەکان و نوێنەرانی خەڵك:** کارامەیی بەتەنیا بەس نییە. حکومەتی بیروکراتی هزر گومڕا دەکات و لای ئەو کەسانەی جڵەوی حکومەتیان بە دەستەوەیە، برەو بە هزری دۆگمایی و چەقبەستوو دەدات. دیکتاتۆرو پاشاو ئەستۆکراتەکان پشت بە ئەو بیرۆکراتانە دەبەستن، کە بە دەگمەن ئاگایان لە پێویستییەکانی خەڵکەو هیچ هەولێکیش نادەن بۆ ئەوەی بزانن خەڵك چۆن بیردەکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە، دیموکراسی دەتوانێت سوود لە دیدی شارەزایی بیرۆکراتەکان وەرگرێت، هەرچەندە بڕیاری کۆتایی لە ئەستۆی نوێنەرانی خەڵکدایە. کارمەندانی وڵات لە ژێر چاودێری ئەو وەزیرانەدا کاردەکەن، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون. ئەم بارودۆخە خەڵك والێدەکات سوود لە خزمەتگوزاری پسپۆران وەرگرن، بەڵام بڕیاری کۆتایی بەدەست ئەو وەزیرانەوەیە، کە خەڵك هەڵیبژاردون و رای خەڵك دەزانن. لەم حاڵەتەدا پەیوەندی بەهادار لە نێوان حکومەت و خەڵکدا دێتە ئاراوە. لە راستیدا حکومەتێکی خۆماڵی هەزاران جار لە حکومەتێکی باش و کارامە باشترە، کە رەگەزی نوێنەرایەتی تێدا نییە.

١٠- **فێرکردنی هاوڵاتیان:** (ئەلێکسی دوتوڤویل)ی بیریاری بەناوبانگی فەڕەنسی جەختی لەوە دەکردەوە، کە یەکێك لە گرنگترین تازیارەکانی دیموکراسی ئەوەیە وەکو قوتابخانەیەکی فێرکاری هاوڵاتیان کاردەکات. دیموکراسی مافی دەنگدان و ناڕەزایی دەربرین لە هەڵبژاردنەکان دەستەبەر دەکات و بەکارهێنانی راست و دروستی مافی دەنگدان و ناڕەزابوون لە هەڵبژاردنەکاندا فێری هاوڵاتیان دەکات. هیچ فۆرمێکی دیکەی حکومەت ئەمجۆرە دەرفەتە فەراهەم ناکات. (گیتیل) نوسیویەتی: (گرنگترین بەراوردی هەر فۆرمێك لە حکومەت، بریتییە لە بەهێزکردنی چاکەکاری و هێزی هۆشمەندی خودی خەڵك و یەکەم تێبینی لە بڕیاردانەدا سەبارەت بە سیفەتە باش و شایستەکانی شێوەیەکی دیاریکراوی

حکومەت ئەوەیە، کە تا چ رادەیەك دەیـەوێت تایبەتمەنـدی هـزری و مـۆراڵی لـە هاوڵاتیانـدا پەروەردە بکات).

١١- **فۆرمی شیاوی حکومەت:** دیموکراسی لەسەر ئەو پرنسیپە راگیرە، کە هیچ کەسـێك لە هەڵە بێبەری نییەو ئەگەری ئەوە هەیە هەموو کەسێ هەڵە بکات" بەهەمان شێوە کە هیچ کەسێ ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە بێخەوشـە. دیموکراسـی رەوتـی دیـالۆگ و رەخنـە قبولێ دەکات. (کارل پۆپەر) وتویەتی: هەڵوێستی گونجاو (هاوشانی ئەو بیرکردنەوەیـە، کـە هەموو کەسێ قابیلی هەڵەکردنەو بە رەخنەگرتنی کەسانی دیکـە دەتـوانێ پـەی پێبـەرێت. بەمپێیە نابێ هیچ کەسێك دادوەری خۆی بێت). رەوتی بەردەوامی دیالۆگ و وردبینی وەکـو ریفۆرمسازێکی پێویست بۆ رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی یان رێگرتن لـە بەهەڵەداچـوون لـە داوەرییدا بەکاردێت و خەسڵەتی ئەقڵانی حکومەتی دیموکرات دەسەلمێنێت.

١٢- **پیرۆزنەکردنی دەسەڵات:** (ماکیڤەر) لەوباوەڕەدایە، کە دیموکراسـی پەیوەنـدی بـە سایکۆلۆژیای دەسەڵاتەوە نییە. دیموکراسی چاودێری هەمەلایەنە پەسەند دەکات و نایەڵێت هەستی دەسەڵاتخوازی لای چینی فەرمانڕەوا برەو پەیدا بکـات. لـە دیموکراسـیدا حکومـەت تاکە ئەمیندارێکە، لەبەر ئەوە چینی فەرمانڕەوا دوچاری کەڵکەڵەی ئـەوە نابێـت دەسـەڵات بپەرستێ و پیرۆزی بکات.

دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دیموکراسـی پـارێزەری مافـەکانی خەڵکـە، بزوێنـەری گەشەکردنی هزرییانە، رێگرە لـە خـراپ بـەکارهێنانی دەسـەڵات و بانگەشـەدەری چـاخێکی سەقامگیری ئاسایش و بەختەوەریی ئابوورییە.

### ٥- خەوشەکانی دیموکراسی:

لەگەڵ ئەوەشدا کەوا دێتە بەرچاو شایستەیی و تواناکانی دیموکراسی تەواو پڕ بایـەخن و خۆشەویستیە تایبەتەکەی لە جیهاندا وایلێدەکات لە فۆرمی حکومەتەکانی دیکە لە پێـشترو بـاڵاتر بێـت، بـەڵام لـە رەخنـەلێگرتنیش بـەدەر نییـە. لـەخوارەوە لـە هەنـدێ لـە کەموکورتییەکانی دیموکراسی دەکۆڵینەوە:

**١- حکـومڕانی نــەزانی:** (ئەرسـتۆ)ی بـاوکی زانـستە سیاسـیەکان دیموکراسـی وەکـو شێوەیەکی گەندەڵ و گومڕای حکومەت و جۆرێك لـە حکـومڕانێتی خـەڵکی نـەزان مـەحکوم کرد. (ئەفلاتون)ی مامۆستای (ئەرستۆ) دیموکراسی بە حکومڕانی نەزانەکان ناوبرد. (لێکی – Lecky) ئـاوا وەسـفی دیموکراسـی کـردوە: (حکومـەتی هـەژارترین و نـەزانترین و بێتواناترین کەسانێکە کە بە ناچاری ژمارەشیان زۆرە). لە دیموکراسیدا دەنگەکان دەژمێرن نـەك ئـەوەی هەڵیانـسەنگێنن. زۆرینــە لــە کۆبوونــەوەکان، ئەنجومەنــەکانی داوەریــی و کابینەکاندا بەشێوەیەك بڕیـار دەدەن، کـە ڕەنگـە هۆشمەنـدان بـبن بـە کەمینـەو گۆشـەگیر بکـرێن و گێلـەکان کارەکـان بەڕێوەبـەرن. هـەروەها نوێنـەرە هەڵبـژێردراوەکانی خـەڵك پیشەوەرێکی بێدەسەڵات و بێئـەزمونن، شـارەزایی بـەڕێوەبردن و هۆشـیاریی پراکتیکییـان نییە.

**٢- خواستی سامان:** زۆربەی دیموکراسییە نوێکـان سـەرمایەدارین. ئـەم دیموکراسـییانە پـشتیوانی لـە چـینە موڵکـدارەکان دەکـەن. دەنـگ کاڵایەکـە قـابیلی فرۆشـتنەو بـراوەی زیادکردنەکـە دەتوانێـت بیکڕێـت. بەئاشـکرا کۆمـەڵێ لـە دەوڵەمەنـدان یـان بازرگانـان و سـەرمایەدارە گـەورەکان دەیکـڕن و لـە کۆتاییـدا حکومەتـەکان دەخەنـە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەمانە چاپەمەنی و تریبۆنەکان (سەکۆی وتاردان-و) بەکاردەهێنن تا پشتیوانی بۆ سیاسەتەکانی خۆیـان بەدەسـتبێنن. پارتـە سیاسـیەکان بـە پـارەی ئـەمان کاردەکـەن. زۆربەی سیاسەتمەداران ئامرازێکی گونجاون بەدەست دەوڵەمەندەکانەوە. (بریس) ئامـاژەی بۆ ئەنجامی زیانبەخشی (دەسەڵاتی دراو لـە سیاسـەت)دا کـردوەو جـەختی کردۆتـەوە، کـە دراو ڕێگـری لـە کارەکـانی دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن و دەسـەڵاتی یاسـادانان دەکـات و دیموکراسی گەندەڵ دەکات(١٣). مارکسییەکان دیموکراسی ئەمەریکایان ناوناوە (دیموکراسی پەرستنی دۆلار). (لینین) لە هەمبەر مافی دەنگدانی دیموکراسـی سـەرمایەداریدا وتویـەتی: (لـە کۆمەڵگـەی چـینایەتیدا مـافی دەنگدان تراویلکـەو سەرچـاوەیەکی نادروسـتە، ئـەوەی راسـتەقینەیە، دراو و سـەرمایەیە. بەواتایـەکی دیکـە، لـە دیموکراسـیدا فـۆرمی سیـستمی سیاسـی دیموکراسـییە، بـەڵام کرۆکەکـەی حکومـەتی دەوڵەمەنـدان و سـەرمایەدارانە). بـەباوەڕی مارکـسییەکان دیموکراسـی راسـتەقینە تـەنها لـە جێگایـەك دەپـشکوێ، کـە

سەرمایەداری لەناوچوبێ و نایەکسانی نێوان سەرمایەداران و هەژاران بە نزمترین ئاست گەیشتبێت.

٣- **نەبوونی حکومەتی زۆرینە:** رەخنەگران لە دیموکراسی باوەڕیان وایە دیموکراسی چیتر حکومەتی زۆرینە نییە. جاری واهەیە ژمارەی ئەو دەنگانەی کە پارتی دەسەڵاتدار بەدەستی دێنێت، لە ژمارەی دەنگەکانی پارتی ئۆپۆزسیۆن کەمترە. بۆنموونە، پارتی کاری بەریتانیا، کە لە راپرسی دوای دووەم جەنگی جیهانیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لە پارتی پارێزگاران دەنگی زیاتری نەهێنا. بەمپێیە رەنگە دیموکراسی هەمیشە حکومەتی زۆرینە نەبێت.

وێڕای ئەوەش، چەند بەرپرسێکی بەهەژموون دەسەڵاتی پراکتیکی بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن، کە (فەرماندەی باڵا) و (کۆمیتەی پارت) یان مەکتەبی سیاسی پارت پێکدێنن، لە کاتێکدا باقی ئەندامەکانی تری پارت تەنها بەشوێن پێی ئەواندا دەڕۆن. (کارلایل) دیموکراسی بە حکومەتی (هەلپەرستان و فێڵبازەکان) ناوبردووە. (گۆدوین – Godwin) دیموکراسی بە (حکومەتی دیماگۆگی و مشەخۆرو سەرۆکی پارتەکان) ناوبرد. رەخنەگرێك لە دیموکراسی، دیموکراسی بە (حکومەتی سیاسەتمەداران لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە بۆ سیاسەتمەداران) وەسف دەکات. بەبڕوای (رۆبەرت میشێلز– Robert Michels) کارو رێکخراوی پارتەکان پەیڕەوی (لە یاسای ئاسانینی ئۆلیگارشی) دەکات. (میشێلز)، کە لە پێشڕەوانی کۆمەڵناسی سیاسییە، لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی خۆیدا بۆ سیاسەتی ناوەوەی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیاو پارتە سیاسیەکان دەستەواژەی (یاسای ئاسانینی ئۆلیگاریشی) بەکارهێناوە. ئەم دەستەواژەیە بەشێکە لە بیری گشتی (میشێلز)، کە هەموو گروپە رێکخراوەکان، دەوڵەتخواز، پارتە سیاسیەکان، سەندیکا بازرگانیەکان یان هەرچی هەبێت خۆبەخۆ نا دیموکراسین. بەڵگەهێنانەوەکەی ئەوەیە، کە بۆ کارکردنی کاریگەرانە لە کۆمەڵگەدا رێکخراو پێویستەو رێکخراو بەناچاری بیرۆکراسییەو بیرۆکراسیش دەسەڵات لەچنگی ژمارەیەکی کەم لە ترۆپکی هەرەمی پلەداریدا چڕدەکاتەوە. بەڕای ئەو (دیموکراسی بەبێ رێکخراو قابیلی وێناکردن نییە) و بەمپێیە داگەڕان بۆ ئۆلیگاریشیبوون

لەدیموکراسیدا بوونی هەیە. هـەروەها دەربـارەی پـەیوەنـدی نێـوان دیموکراسـی و ڕێکخـراو نوسیویەتی:

**(ئەو چینەی کە لەبەرامبەر کۆمەڵدا ئاڵای پروپاگەندە تایبەتییەکانی خۆی بەرز دەکاتەوەو سوورە لەسەر ئەوەی کۆمەڵێك لـە جیهـانبینی یـان بیرۆکـەکانی خـۆی بگەیەنێتە قۆناغی بەدیهاتن، کە لە کـردە ئابوورییـەکانی ئـەو چـینەوە سەرچـاوە دەگرێـت، بەناچـاری پێویـستی بـە ڕێکخراوێکـە. بـەدەر لـەوە، کـە پروپاگەنـدەی ئابووری یان سیاسی لە ئارادابن، وادەردەکەوێت ڕێکخراو تاکە ئامرازێك بێـت، کـە دەتوانێت ببێتە هۆی بـەدیهێنانی خواسـت و ئامـانجێکی گشتی. لـەوێوە کـە ئـەو خواستە کۆییە لەسـەر بنـچینەی بـەکارهێنانی هەرچـی کـەمتر وەسـتاوە یـان بـەو واتایەی، کە باس لە دەستپێوەگرتن لە ئارادایە، ڕێکخراو بەدەستی لاوازەکانـەوە وەکو چەکێك بۆ خەبات لە دژی دەوڵەمەندەکان بەکاردێت**[١٣].

بەمپێیـە، ئـەو کەسـانەی هـەژموون بەسـەر ڕێکخـراودا دەکـەن، حکـومڕانی دەکـەن و لەهەلومەرجێکی ئاوادا قسەکردن لەسەر حکومەتی زۆرینە بێهودەیە.

**٤- گومـانکردن لـە پرنـسیپی نوێنەرایـەتی لـە دیموکراسـیدا:** دیموکراسـی بـاوەڕی بـە هەڵبـژاردنی نوێنـەر لەسـەر پرنـسیپی دابەشـکردنی وڵات هەیـە. گومـان هەیـە ئـەو ئەنـدام پەڕلەمانەی لە بازنەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنـدا هەڵبـژێراون، نوێنـەری هـەموو یـان زۆرینـەی دەنگدەرانی ئەو بازنەیەبن، بەڵام بەلای ئەو نوێنەرەوە لە پراکتیدا ئەوە کـارێکی نەشـیاوە، کە لە هـەموو پرسـەکاندا، نوێنـەری هـەمووان بێـت. لـە باشـترین حاڵەتـدا تـەنها دەتوانێـت نوێنەری پیشەکەی خۆی یان هی چینەکەی خۆی بێت. یاسازانێك چۆن دەتوانێـت نوێنـەری مامۆستایان و ئاسنگەران یان پێڵاوفرۆشان بێت. دەتوانرێت ئـەوە پەسـەند بکرێـت، کـە لـە هەندێ لایەنی ژیـانی کۆمەڵایەتییـدا، ئـەو کەسـە نوێنـەری ئەمانەیـە، بـەڵام ئایـا دەتوانێـت لەهـەموو پرسـەکاندا نوێنـەریان بێـت؟ لەبەرئـەوە وتویانـە نوێنەرایـەتی پیـشەیی دەبێـت لەجێگەی نوێنەرایـەتی لەسـەر بنـەمای دابەشـکردنی وڵات بێـت و لـەجیاتی یـەك پەرلـەمان دەبێت چەند دانەیەك هەبێت، کە هەریەکەیان سەروکارییان لەگەڵ لایەنێکی تایبـەتی ژیـانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت. بەمپێیە تەنها نوێنەرایەتی پیشەیی ڕاستەقینە و دیموکراسین.

٥- **خراپ بەکارهێنانی پرەنسیپی یەکسانی:** لە دیموکراسیدا زۆر پێداگری لەسەر یەکسانی دەکرێتەوەو لەسەر ئەو شیمانە درۆینە بنیات نراوە، کە هەموو مرۆڤەکان لەئامادەییاندا بۆ بەشداریکردن لە حکومەت، چەندەش بەهای راستەقینە یان توانای هزریان هەبێت، لەگەڵ یەکتر یەکسانن. لەبەرئەوە، مافی دەنگدان بە هەمووان دراوەو لەدیاریکردنی سیاسەتەکانی حکومەت یان هەڵبژاردنی کاربەدەستاندا رای کەس زیاتر لەوی دیکە بەهای نییە. ئەم جۆرە یەکسانیە لە رووی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵەوە چارەنوسسازە، چونکە بایەخ نەدان بە فێرکردن و زانستی پسپۆڕی دیموکراسی بۆ حکومەتی نەزان و نەشارەزاو بێتواناکان دەگۆڕێت.

٦- **فێرکردنی درۆزنانە:** رەخنەگران دەڵێن، کە دیموکراسی دەبێتە هۆی فێرکردنێکی مەدەنیانەی ناڕاست. ململانێکانی هەڵبژاردن زۆربەیان ساختەن. راستییەکان ئاوەژوو یان زۆرجار دەشێوێنرێن. دەنگدەران بەدەگمەن سەبارەت بە بەرنامەی پارت و سیفەتەکانی ئەو رێبەرەی داوای پێگەیەك لە دەزگای یاسادانان یان کابینەدا دەکات، وێنەیەکی دروست بەدەستدێنن. لە راستیدا دیماگۆگییە زیرەکەکان، کە بەقسەی جوان و پڕ هاشوهوش، بەلام زۆر جار بێماناو بێبنەما، خەڵك بۆ دەنگدانی پۆزەتیف و نێگەتیف بۆ ئەم یان ئەو پارت بانگهێشت دەکەن، ئەو خەڵکە گێل دەکەن. بەهەمان شێوەش لەناو ئەو خەڵکەدا هەستێکی درۆزنانە سەبارەت بە یەکسانی و هەڵەی هزری دەهێننە ئاراوە، کە گوایە بۆ حکومکردنی ولات وەکو هەموو کەسێکی دیکە گونجاون.

٧- **رێگری لە پێشەکەوتنی زانست، هونەرو ئەدەب:** خەڵك، کە بەشێوەیەکی گشتی روانینێکی موحافیزەکارانەیان هەیە، لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیانەی ولات نەیارن. خەڵك زۆر بەدەگمەن گوێ بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و هونەر و تەلارسازیی دەدەن. بەڕای (بورنس) (هەر شارستانییەك کە دیموکراسی دەئافرێنێت، بێبایەخ، ناوەنجی و لێڵ و تاریك)ە.

٨- **گومان لە بەهای ئەخلاقی دیموکراسی:** دیموکراسی لە رووی ئەخلاقیەوە خەڵك مایە پوچ دەکات. ئەو ململانێ پڕ ساختەکاری و بوختان ئامێزەی پارتە سیاسیەکان دەستیدەدەنێ، نەك تەنها مەسەلەکان سوك دەکات، بەڵکو گەندەڵیش زیاد دەکات.

دیموکراسی وا لە ڕێبەران دەکات پرەنسیپ یان مەرامی ئەخلاقی لە دەست بدەن و جەماوەریش دەکات بە مرۆڤی ڕۆبۆتی. دەزگای بەڕێوەبردنیش گەندەڵ دەبێت. (بریس) لەبەشێکی نوسینەکەیدا بەناونیشانی (دەسەڵاتی دراو لە سیاسەتدا) سەبارەت بە کاریگەری گەندەڵی ئامێزی دراو لە دیموکراسیدا بەسەر دەنگدەران و یاسادانەران و کاربەدەستە ئیدارییەکان و تەنانەت دادوەرەکانیشەوە باسێکی دورودرێژی هەیە.

٩- **نەیاریی تاکێتی و ئازادی:** دیموکراسی ڕێگری لە ئازادی بیرکردنەوەو ئەقڵ زایە دەکات. لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بیریاری راستەقینە گاڵتەی پێدەکرێت یان نادیدە دەگیرێت. (سوکرات) لەسەر داوای پێڵاودرووییەك دادگایی کراو ناچار بە ژەهر نۆشین کراو (چەرم بەسەر زانستدا سەرکەوت). (گاندی) لەلایەن هیندۆسێکی رەگەزپەرستەوە تیرۆرکرا، کە نەیاری بەرنامە دژە نەژادییەکەی بوو. بەمپێیە دیارە، کە جەماوەر یان خەڵکە رەشۆکەکە ئەو کەسانەیان خۆشناوێ، کە پایەندی پرنسیپن. تەنانەت ئەگەر کەسێك بیەوێ سوود لە پارتێك وەربگرێت، دەبێ شوناسی خۆی لەو پارتەدا بتوێنێتەوە.

١٠- **باڵادەستی بەرژەوەندی ناوچەیی بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی:** بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پشتیوانی گەلەك زیان بەخۆشگوزەرانی میللەت دەگەیەنێت. نوێنەرەکان لەپێناوی دابینکردنی زۆرترین بەرژەوەندی بۆ بازنەی هەڵبژاردنەکەی خۆیان لەگەڵ یەکتریدا ململانێ دەکەن و بەمپێیە لەپێناو بەدەستهێنانی تازیاری ناوچەییدا بەرژەوەندی گشتی و هاوبەشی نەتەوە نادیدە دەگیرێت.

١١- **خەرجی زەوەندی حکومەت:** وتراوە کە دیموکراسی پرخەرجترین شێوەی حکومەتە. پارەیەکی زۆر بۆ بانگەشەو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان خەرج دەکرێت. لەوڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو ئەمەریکادا ملیۆنەها دۆلار لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارو ئەنجومەنی پیراندا خەرج دەکرێت. لە وڵاتە تازەپێگەیشتووە هەژارەکانیشدا بارودۆخەکە لەسەر هەمان ریتمە. ئەو پارە زۆرەی بۆ هەڵبژاردن و نوێنەرەکان خەرجدەکرێت، دەتوانرێ باشتر سوودی لێوەربگیرێ و لە بواری بەرهەمهێنانی نیشتیمانیدا سەرمایەگوزاری پێبکرێت.

١٢- **دژایەتیکردنی پەرەسەندن:** وتراوە، کە دیموکراسی دێوزمەیەکی بایۆلۆژییە. چەندە گەشە بکات زیاتر چڕ دەبێتەوەو ڕێ لە پەرەسەندنی هەمەلایەنە دەگرێت. سیستمێکی

کۆدەماریی سەنترالّی نییە. لە بونەوەرە زیندووەکاندا مێشك شوێنێکی دیاریکراوی هەیە. لە دیموکراسیدا، مێشك لە هەموو جێگایەکدایە. مەبەست لەوەیە، کە نابێت جڵەوی حکومەت بەدەست هەموانەوە بێت و پێویستە بە کۆمەڵێ کەسی هۆشیار بسپێردرێت، کە توانای بیرکردنەوەو بەرنامەڕێژیان هەیە. دیموکراسی بە خەڵکانێك دەسپێردرێت کە نائاگان و توانای سیاسیان نییە. لەم ڕووەوە دیموکراسی بۆ ئاینی کەسانی بێ دەسەلاّت دادەبەزێت.

قوتابخانەی بایۆلۆژی بۆ سیستمی دیموکراسی خاسیەتێکی نازانستی دیاریدەکات. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە جیاوازییە هۆشمەندی و ئەخلاقییەکانی خەڵك وا لێکدەدەنەوە کە لە بۆماوەوە سەرچاوە دەگرێت و باوەڕیان وایە نایەکسانی کۆمەلاّیەتی و ئابووری ڕەنگدانەوەی جیاوازی سروشتی تواناکانە. (ماك دوگال) وتویەتی: (توانستی گەشەکردنی هۆش و هزر خۆڕسك و بۆماوەیەو هەروەها پەیوەندییەکی نزیکی بە پێگەی کۆمەلاّیەتییەوە هەیە). بەپێی ئەم بۆچوونە نابێ هەموو کەسێ بە یەکسان ببینرێ و لەبواری سیاسەتدا یەك پێگەی یەکسان بۆ هەموان دابنرێت. مافی هەموان بۆ دەنگدان بە چاوپۆشی لە نابەرامبەری کۆمەلاّیەتی و ئابووری ڕەنگدانەوەی یەکسانبوونی هەموانە.

١٣- **حوکمڕانێتی ڕەشۆك:** دیموکراسی حوکمڕانێتی خەڵکی ڕەشۆکە. لە دیموکراسیدا بە دەنگی زۆرینە بڕیار لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان دەدرێت. کابینەکان و ئەنجومەنەکانی دادوەری و دادگاکان بە دەنگی زۆرینە بڕیار دەدەن. پارتە سیاسیەکانیش لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتوون بە دەنگی زۆرینە بڕیاردەدەن. ئەو کەسانەی لە گروپێکدا دەنگ دەدەن، یان دەنگ بە گروپێك دەدەن تایبەتمەندییە ڕاستەقینەکانی خۆیان لە دەست دەدەن و خۆیان لە گروپەکەدا دەتوێننەوە.

١٤- **ناجێگیریی حکومەت:** دیموکراسی تا ئەو کاتە جێگیرە کە خەڵك لەگەڵیدابن. هۆشمەندی پێشبینی نەکراوی جەماوەر ڕەنگە لە هەرکاتێکدا لە دژی حکومەت ڕاپەڕێ و لەسەر تەختی دەسەلاّت لایبەرێت. حکومەت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی سیستمی فرە پارتایەتییان تێدایە، بەردەوام دەگۆڕێت. وتراوە (فەڕەنسییەکان وەك چۆن زوو زوو کراس دەگۆڕن، وەزیریش دەگۆڕن). تەمەنی درێژی وەزارەتێك لە فەڕەنسا تەنها نۆ مانگە.

(هێنریٚ ماین) باوەڕی وابوو، کە لەوکاتەوەی دیموکراسی سەریهەڵداوە، هەموو فۆرمەکانی حکومەت لە جاران ناسەقامگیرتر بووە.

١٥- **هاندانی ململانێی چینایەتی:** کاتێ دەوڵەمەندەکان لەبەرامبەر هەژاران و بێنەوایاندا بوەستنەوە، هەڵبژاردن دەبەنەوە. کاتێکیش لە دەسەڵاتدابن چەند یاسایەك پەسەند دەکەن بە قازانجی سامان کۆکردنەوە بێت. ئەم رەفتارە بە قازانجی چینی سەرمایەدارانەو ململانێی چینایەتی توندو نەهامەتییەکانی ژیانی هەژاران زیاتر دەکات. دیموکراسی تۆوی ناڕەزایی لەنێو جەماوەری هەژاراندا دەچێنێ و ئەم ناڕەزاییە ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕش.

١٦- **خراپەی سیاسەتی پارت:** پارتە سیاسیەکان بۆ دیموکراسی پێویستن، بەڵام بەبێبەشکردنی کەسانی بەتوانای ناو پارتەکانی دیکە بۆ گەیشتن بە پلەوپایە سەرەکیەکانی وڵات و دانانی ئەندامانی ناوخۆی پارت لەو شوێنانە، تەنانەت ئەگەر مەیسووریش بن، رۆڵێکی خراپ دەگێڕن. ئەم کارانە، کە وەك لەکەیەکی نەنگییە بەسەر ناوی دیموکراسییەوەو بەشێوەیەکی فراوان پرۆتستۆ کراوە دەبێتەوە هۆی لەوناوچونی سیستم. بە رای (بریس) پارتە سیاسیەکان برەو بەپوچی و ریاکاری دەدەن و پێوەرە ئاکارییەکان لەناو دەبەن. (میشیلین) باوەڕی وابوو، کە پارتەکان یاسای ئاسنینی ئۆلیگاریشی بەپێویست دەزانن، واتە رێبەران بڕیار دەدەن و ئەندامانی پارت بەئاسانی رادەست دەبن. ئەمجۆرە بە ئامرازبوونەی جەماوەر لە بەرامبەر رێبەراندا دیموکراسی بەرەو گاڵتەجاڕی دەبات. بانگەشەی هەڵبژاردنەکان خەڵك گومرا دەکات. گیانی پارتایەتی کوێرانە برەوی پێدەدرێت و بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان زیانیان بەردەکەوێت. دەنگدەران ناچارن لەنێوان دوو یان چەند کاندیدێکدا یەکێك هەڵبژێرن، کە رەنگە ساختەچی یان گێل بن یان لەبنەڕەتدا نەشیانناسن. لەم رووەوە دەنگدان دەبێتە شتێکی میکانیکی یان رەتدەکرێتەوە. بەبڕوای هەندێ کەس دیموکراسی شێوەی حکومەتێکە، کە تیایدا مافی هەڵبژاردنی شوان بە مەڕەکان دەدرێت، بەڵام مەڕەکان هەر بەمەڕی دەمێننەوە.

١٧- **ئاڵۆزبوونی بڕیاردان:** دیموکراسی باوەڕی بەجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکەی حکومەت هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و دواکەوتنی ناپێویست لە بڕیارداندا.

هەرکاتێك بۆ بڕیارێك راوێژ بەویستی جۆراوجۆر بکرێ، رەوتی بڕیـاردان دوورودرێـژ دەبێـت. لەلایەکی دیکەوە لـەم روەوە لـە دیکتاتۆریـدا بـەهۆی تـاکێتی دەسـەڵاتەوە بـەزوویی بڕیـار وەردەگیرێ.

(بـریس)، کـە توێژینــەوەی کۆمەڵایــەتی ســەبارەت بــە پراکتیزەکردنــی شــێوازەکانی دیموکراسی لە جیهاندا کردووە، کەموکورتیە سەرەکییەکانی دیموکراسی لەم خاڵانەدا کورت کردۆتەوە: ١- دەسـەڵاتی دراو دەبێتـە رێگـر لەبـەردەم کـارکردنی دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکردن. ٢- مەیلێك هەیە تا سیاسەت بکات بە پیشەیەکی بەسـوود. ٣- زیـادەڕەوی لـە گرنگیـدان بـە پرەنـسیپەکانی بەڕێوەبردنـدا دەکرێـت. ٤- بـەخراپ سـوود لـە رێبـازی یەکسانی وەردەگیرێت و ڕێز لە بەهاکانی پەیوەست بە شارەزایی بەڕێوەبردن ناگیرێت. ٥- رێکخـستنی پـارت دەسـەڵاتێکی ناپێویـست پەیـدا دەکـات. ٦- نوێنـەران لـە دەسـەڵاتی یاسادانان و کاربەدەستانی سیاسی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بۆ پەسەندکردنی یاسـاکان گەمە بە دەنگەکان دەکەن و لەبەرامبەر تێکچوونی سیستمدا نەرمونیانی دەنوێنن(١٤).

لێکۆڵینـەوە لـە کەموکورتییـەکانی دیموکراسـی مـرۆڤ دەخاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی، کـە دیموکراسی هێشتا کامڵ نەبوەو ئەوەشی نیـشان نـەداوە کـە دەرمـانی هـەموو دەردەکانـە. دیموکراسی نەیتوانیوە هەستی هاودەردی لەنێو خەڵکدا پەرە پێبدات، نایەکسانییە مەخابن ئاوەرەکانی نێوان (دارا) و (نـەدار)ەکـان لـەناو بـەرێت و سیاسـەت لـە پۆخڵییـەکان خـاوێن کاتـەوە. زۆر بـەخاوی کاردەکـات و بـۆ لـە ئەسـتۆگرتنی بەرەنگاییـە خێراکـانی سـەردەمی ئامێرو سەردەمی دەسەڵاتی ئەتۆمی زانیاری گشتی پێویستی نییە. بەڵام ئـەو پرسـیارە لـە ئارادایـە، کـە ئایـا ئەڵتـەرناتیڤێکی باشـتر هەیـە؟ جیهـان شـێوەکانی دیکـەی حکومـەتی تاقیکردۆتەوەو هەموویان کەموکورتییان هەیە. پاشایەتی، ئەرستۆکراتی، دیکتاتۆرییـەکانو رژێمە فاشستەکان بـۆ بەژەوەنـدی خـەڵك زۆر زیـان بەخـشبوون. ئازادییـە تاکەکەسـییەکان قاچی پاشا زۆردارو دیکتاتۆرە ستەمکارەکانی راکێشاوە. بەمپێیـە خـەڵکی بـەهۆی ئـەوەی هێشتا دیمەنێکی باشترو پرشنگی ئومێدی دیموکراسـی دەبیـنن، رسـتێك خـەون و خـەیاڵ و خەوشی جیهانی دیموکراسیان پێباشترە.

ئەگـەر نەشـتوانیت بەهەشـت بەدەسـتبێنیت، کـارێکی گێلانەیـە لـە پێنـاوی رزگـاربوون لەدۆزەخدا هەوڵ نەدەیت. بێبەزەییەکانی (هیتلەر) لە ئەڵمانیاو مەیلی فراوانخوازیی نـازی و فاشیستەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، ستەمکاریی و تاوانە حکومیـەکان لـە شـوێنانی دیکـە مـرۆڤ دەگەیـەنێت بـەو ئەنجامـەی، کـە دیموکراسـی وێـڕای هـەموو بێتوانـایی و کەموکورتیـەکانی شـێوەیەکی زۆر باشـترە لـە حکومـەتی دیکتـاتۆری فاشـستی میلیتـاریزمی یـان پاشـایەتی زۆردار، بەڵام کاری سەرکەوتوانەی لە بواری کۆمەڵایـەتی و سیاسـیدا بەشـێوەیەکی گونجـاو پێویـستی بـە چـەند سـەرەتایەکی دیـاریکراو هەیـە کـە لەلاپـەرەکانی داهـاتوودا دەخرێتـە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ رەخنەگران لە دیموکراسی بکرێ بەچوار گروپەوە:

١- لایـەنگرانی حکومـەتی پاشـایەتی رەهـا یـان ئـەو ئەرسـتۆکراتانەی زۆر حـەزیان لـە دیموکراسی نییـە. ٢- لیبرالـە میانڕەوەکـانی لـە زیادەڕەوییـەکان، ئەگـەری ناسـەقامگیری دیموکراسی و هەوڵەکانی بۆ بەرقەرارکردنی یەکپارچەیی و یەك ریتمی کۆمەڵایەتی نیگەرانن. ٣- ئەو سۆسیالستانە کە دیموکراسی تەنها وەك لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان پەسـەند دەکـەن. ٤- ئـەو فاشـستانەی بـەهۆی ناکارامـەیی، کـات بـەفیڕۆدان، دودڵـی و نـەبوونی رێبازەوە رقیان لە دیموکراسییە.

هیچ کەسێك بانگەشەی ئەوە ناکات دیموکراسی کەموکورتی نییە. لەمبارەیەوە (بورنس) وتویەتی: (کەس نکوڵی لەوە ناکـات ئەنجومەنـەکانی یاسـادانان کـەموکوڕییان نییـە، بـەڵام ئەگەر ئۆتۆمبیلێك باش کارنـەکات، کـارێکی ژیرانـە نییـە پـەنا بـۆ عەرەبانـە ببرێـت). تاکـە چارەسەری نەخۆشییەکانی دیموکراسی، دیموکراسی زیاترە. دەتوانرێت ئەوە ببینرێت، کـە لەدوای دووەم جەنگی جیهانیەوە، دیموکراسی متمانەو رێزێکی زیاتری بەدەستهێناوە. نـەك تەنها دەوڵەتە تازە سەربەخۆکان جـۆرە فـۆرمێکی دیموکراسـیان پەسـەند کـردووە، بـەڵکو تەنانـەت ئـەو حکومەتانـەی دیموکراسـی نـین، پێیـان خۆشـە بـە دیموکراسـی بناسـرێن. دیموکراسی، بەوجۆرەی لـە وڵاتـە جۆراوجۆرەکانـدا پیـادە دەکرێـت، پێویـستی بـە دوبـارە خوێندنەوەی بنەڕەتیانە هەیە بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییـەکانی، کـە لەوڵاتـە دیموکراتەکانـدا بەهۆی نابەرامبەری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

**٦- هەلومەرجەكانی سەركەوتنی دیموكراسی:**

(بونی پوراساد) دوای لێكۆڵینەوەی وردی هەموو ئەو بەڵگە مێژووییانەی لەبەردەستدان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە: (هێشتا هیچ وڵاتێ نەگەیشتۆتە چەمكی كامڵ و قوڵی دیموكراسی) و دیموكراسی (هێشتا وەكو ئامانجێك ماوەتەوەو نەك ئەوەی بووبێتە شتێكی راستەقینە). هەركاتێ لە سەردەمی كۆن و نوێدا ئەزموونی دیموكراسی دەستیپێكردووە (لەنێو دەورووبەرێكی ناپێویستی- میلیتاریزمی، هەژاری، نەزانین و نیفاقی كۆمەڵایەتی)دا بووە. كەواتە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، كە بۆسەركەوتنی دیموكراسی كام هەلومەرج پێویستە؟ دیموكراسی لە كاتێكدا سەركەوتووانە كاردەكات، كە كۆمەڵ لەم هەلومەرجانەی خوارەوەدا بێت :

**١- نەبوونی میلیتاریزمی:** دیموكراسی لەوڵاتانێكدا ئەركی خۆی جێبەجێ دەكات، كە بەشێوەیەكی رێژەیی، لە میلیتاریزم رزگار بن. دیموكراسی حكومڕانێتی زۆرداری قبوڵ ناكاتو لەسەر بەهاداری مرۆڤ تا فراوانترین دەرفەتی شیاوی گەشەكردن، پەرەپێدان و بەمپێیە لەسەر پرنسیپی ئازادی بۆ هەموان راگیرە. لەلایەكی دیكەوە، میلیتاریزمی ناوەندێتی دەسەڵاتی لەگەڵدایەو زۆرداری بەپێویست دەزانێت. بەوتەی (پوراساد) میلیتاریزم یەكێكە لە كۆسپە سەرەكییەكانی بەردەمی دیموكراسی و لێرەوە ئاشكرا دەبێت، كە بۆچی دیموكراسی زۆر بەدەگمەن لەمێژوودا بەدیهاتووە. (پوراساد) جەخت لەوە دەكاتەوە هەتا كاتێ میلیتاریزم بەردەوامبێ هەرگیز دیموكراسی لەمەترسی پارێزراو نابێت، چونكە ئەو نەریتی بیركردنەوەو هۆشمەندییەی دیموكراسی پێویستی پێیەتی لەگەڵ میلیتاریزمدا هاوئاهەنگ نییە، كە فەرمان و ملكەچی دەخوازێت.

**٢- نەهێشتنی نایەكسانی لە ساماندا:** دیموكراسی لەو وڵاتانەدا بەئاسانی پیادە دەبێت، كە نەك تەنها لە میلیتاریزم بەدوورن، بەڵكو لە زیادەڕەوییەكانی سامان و هەژاریش ئازادبن. لە وڵاتێكدا، كە ژمارەیەكی زۆری خەڵك هەژار بن و ژمارەیەكی كەمیش دەوڵەمەند، دەزگا ئازادە دیموكراتەكان ناتوانن سەركەوتووانە كار بكەن. بوونە هاوڵاتی بەهۆشیاریی و هۆشمەندییەوە، كە بەبێ ئەوە هیچ دیموكراسییەك تواناى سەركەوتنی نییە، تەنها لە جێگایەكدا ئەگەری هەیە، كە تیایدا هاوڵاتیان بەشێوەیەكی رێژەیی لە گرفتارییەكانی ژیانی

ڕۆژانە ئازاد بن و خاوەنی زۆر بوار بن تا بتوانن لە کاری گشتیدا بەشداری بکەن. ئەمڕۆ توانای ئەوە هەیە کە بەشێوەیەکی وا سەرچاوە زانستی و تەکنەلۆژییەکان بەکاربهێنرێن کە بـژێوی و دەرفـەتی زۆر بـۆ هـەمووان فەراهـەم بێـت. ئەگـەر کۆمـەڵگاکان لەسـەر بنـەمای بـەکارهێنانی زانـست و تەکنـەلۆژیا و ئاسـتی ژیـانێکی باشـتر نـۆژەن بکرێنـەوە، بنـەمای ئـابووری و دیموکراسـی زیـاتر دەچەسـپێت و هەلومـەرجی پێویـست بـۆ هـەمووان فەراهـەم دەبێت تا پشت بەخۆیان ببەستن و لە کاری بە کۆمەڵدا بەشداری کاریگەریان هەبێت.

٣- **یەکـسانی کۆمەڵایـەتی:** یەکـسانی کۆمەڵایـەتی پرەنـسیپێکی دیکـەی گـرنگ و بنەڕەتییە، کە دیموکراسی پێویستی پێیەتی. جیاوازی چینایەتی و جیـاوازی نێـوان ئـەم و ئەو دیموکراسی نابووت دەکات. جیاوازی زمـان و ناوچـەکان و بوغزانـدن خـۆرەی زینـدووی پرەنسیپەکانی دیموکراسـین. بەمپێیـە بـۆ سـەرکەوتنی دیموکراسـی پێویـستە هـەمووان بـە دەرفـەتی یەکسان و بـەبێ هـیچ جیاوازییـەك بەشـداری لـە دیموکراسـیدا بکـەن. یەکسانی کۆمەڵایەتی نابێـت تەنیا بە قسە بێت، بەڵکو پێویستە پراکتیزە بکرێت.

٤- **فێرکردنـی بـەهاکانی دیموکراسـی:** دیموکراسـی بـاوەڕی بـە چـەند بەهایـەکی وەکـو بەهاداری مرۆڤ، هەڵکردن لەگەڵ بیروڕا جیاوازەکان و بڕیاردان لە ڕێگەی گفتوگۆوە هەیـە و پێداگرییان لەسەر دەکاتەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەو باوەڕە دروستەی یۆنانییـە کۆنەکانـە، کە پێویستە فێرکردنی هاوڵاتیان لەگەڵ شـێوەی هەڵبـژێراوی ژیانیـان هاوئاهـەنگ بێـت. بـۆ بەدەستهێنانی ئەم هاوئاهەنگییە پێویستە هۆشە ناکاملەکان و ئەوانـەی لـە گەشـەکردندان، بەگیانی هاودەردی، ئـارامگرتن، نـەریتی پێکـەوە گونجـان، ڕێزگـرتن لـە هەسـت و بـاوەڕی کەسانی دی پەروەردە بکرێت، کە بەبێ ئەمانـە کـاری کۆمـەڵی دیموکراسـی ئەگـەری نییـە، چجای ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

٥- **فێرکاری دروست:** سەرکەوتنی دیموکراسی نەك تەنها پێویـستی بەنـەمانی نەزانییـە، بەڵکو پێویستی بەوەشە کە بەشێوەیەکی گونجاو هاوڵاتیان فێربکرێن. بێئاگـایی و نـەزانین دەبنـە کۆسـپ لەبـەردەم پەسـەندکردنی هەڵوێـستی دروسـتی هـۆش و بـەر بـە ریفۆرمـە بەرفراوانەکان دەگرێت. گـەر زانـست پەرەنەسـێنێ و بـڵاو نەبێتـەوەو لەناوەنـدێکی بـچوکدا قـەتیس بێـت، ئەگـەر جـەماوەر لەخـەوی غەفڵـەت و هەڵەبووندابن، هـیچ پێـشبینییەك بـۆ

سەرکەوتنی دیموکراسی لەئارادا نابێت. بەوتەی (پوراساد) لەکۆنەوە زانست و زانیاری پێستی نەزانین و هەڵەی داڕنیوەو زەمینەی بۆ سیستەمە زانستییە پاڵاوتەو خاوێنەکان خۆشکردووە. ئەوەی کە دەبێت ئەنجام بدرێت ئەوەیە، کە پێویستە زانست ببرێتە هەموو ماڵەکانەوە، کەلتور بەجیهانی بکرێت، هۆش پەروەردە بکرێت و خوی (سوکرات) فێری خەڵك بکرێت.

فێرکردن هێزی هۆش تیژ دەکات و تێگەیشتنی راستی شتەکان دەگونجێنێت. هاووڵاتیان دەکات بەچاودێرو هۆشیاریان دەکاتەوەو بۆ رەخنەگرتن لەهەنگاوە ناڕاست و زیانبەخشەکانی حکومەت جەسوریان دەکات. توانای ماق دروستی دەنگدان لە خەڵکدا بەهێز دەکات. بەوتەی (پریس) (بەهرەی مافی دەنگدان ئیرادەی بەکارهێنانی دەئافرێنێت... بەهرەی زانستی توانای بەکارهێنانی دروستی مافی دەنگدان دەخوڵقێنێ).

٦- **ئازادی چاپەمەنی:** چاپەمەنی ئازاد کتێبی پیرۆزی دیموکراسییە. پێویستە خەڵك دەربارەی پرسە ناوخۆی و دەرەکییەکان دەستی بگاتە زانیاری راست و دروست و بێلایەنانە. کاتێك حکومەت چەند سیاسەتێکی گرنگ پیادە بکات، بەڵام ئەو سیاسەتانە نەخاتە بەردەم رای گشتی، خەڵك دوچاری چاواشەکاری دەبن و هەست بەبێبەشبوون دەکەن. چاپەمەنی ئازادو بێ لایەن نەك تەنها پەیوەندی لەنێوان خەڵك و چالاکییەکانی حکومەت دروست دەکات، بەڵکو سکاڵاو زوڵمکردن لە خەڵکیش دەخاتەڕوو. لەم رێگەیەوە پەیوەندی سوودمەندانەی نێوان خەڵك وحکومەت لە رێگای چاپەمەنی بە راست بێلانەوە دروست دەبێت و گەشە دەکات.

٧- **هۆشیاری هاوڵاتیان:** پێویستە هاوڵاتیان بە ئاگاو هۆشیاربن و لە کاری گشتییدا بەشداری بکەن و یارمەتی کەسانی دیکەش بدەن لە کاری رەواو ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا. پێویستە هاوڵاتی بەوپەڕی نیازپاکییەوە هاوکاری حکومەت بکات و هەرکاتێ هەست بکات حکومەت بەشێوەیەکی ناڕاست کاردەکات رەخنەی لێبگرێت. هۆشیاری خودی بەهای ئازادی و دیموکراسییەو تەنها هاوڵاتیانی هۆشیار دەتوانن چاودێرییەکی راست و دروستی کارەکانی حکومەت بکەن. (لاسکی – Laski) سەردەمانێك وتبووی، دیموکراسە نەزان و بێ ئاگاکان ناتوانن داکۆکی لە دیموکراسی بکەن. ئەمانە کاتێك لە مەترسی سەر

ئازادییەکـەی خۆیـان بەئاگادێنــەوە، کـە بـۆ ئەنجامـدانی هــەنگاوی قەرەبووکردنــەوە، زۆر درەنـگ بـووە. هـەروەها (لاسـکی) هۆشـیاریداوە، کـە بۆئـەوەی هۆشـیاری کاریگـەر بێـت، پێویـستە سیـستماتیزە بێـت. بـە رای (تۆمـسون – Thomson) بـوونی بیرۆکـەو وێنـای دیموکراسـی، کـە بەهرەبەخـشی کـاری راسـتەقینەی هاولاتیانـە، بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجـە دیموکراسییەکان و بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی پێویستە.

٨– **ئاکـاری بــەرز:** ئاکـاری بــەرزی خــەڵك لــە فاکتــەرە دانــەبڕاوەکانی ســەرکەوتنی دیموکراسییە. بەبێ بوونی رێبەری بەڕێز لەسەر کاروبارەکان دیموکراسی لەبەردەم شکستدا دەبێت. بەڵام نابێت خەڵکیش گەندەڵی پەسەند بکەن. ئەوە لە خەڵك چاوەڕێ دەکرێـت کـە خۆشگوزەرانی گشتی بخەنە پێش بەرژەوەندی تایبەتی و تاکە کەسییەوەو لەبـەر چاکەی ئایندە دژوارییەکانی ئێستا بە ئارامییەوە لەکۆڵ بگرن.

٩– **پێکهاتن لەسەر پرسە بنچینەییەکان:** بەشێوەیەکی گشتی بیروبۆچوون بەوجۆرەیە، کە پرۆسەی سەرکەوتووئامێزی دیموکراسی سـەبارەت بەپرسـە هـەرە گرنگـەکانی کۆمەڵگـە پەیوەندی بەبوونی ئاگاییەوە هەیە. لە دیموکراسیدا رێبەران دەتوانن هەموو جۆرە کـارێکی باش یان خراپ ئەنجام بدەن. لـەم رووەوە پێویـستە کەسـەکان خـاوەن تێگەیـشتنی بـەرز و داوەری راست و دروست و کەسێتی لە هەژان نەهاتووی بە هێزو داهێنـەری بەرجەسـتە بـن. لـەم بارەیـەوە پێویـستە بوترێـت، کـە خـودی رەوتـی دیموکراسـی لـە مـاوەی درێژخایەنـدا یارمەتی سەرهەڵدانی جۆری راست و دروستی رێبەر دەدات.

١٠– **بەڕێوەبردنی دروست:** بەڕێوەبردنی دروست یەکێکی ترە لە پێویستییە گرنگـەکانی دیموکراسیو بۆ سەرکەوتنی پێویستە، بەجۆرێك ئەگەر ئەو بەڕێوەبردنە دروستە نەبێت، بـە دژواری دەتوانرێـت چـاوەڕوانی پـشتیوانی لــە خــەڵك بکرێـت. ئەگـەر دیموکراسـی لەگـەڵ گەندەڵی و بەڕێوەبردنی خراپ ئاوێتە ببێت، خەڵك باوەڕیان پێی نامێنێت.

١١– **پاشکۆیەتی پسپۆڕانو سوپا:** لە کاتێکدا، کە بە ئاشکرا پسپۆڕانی خاوەن ئەزموون پێویـستی بنـەڕەتین، بـەڵام ئەمانـە دەبێـت ملکەچـی عـەقڵی سـاغڵەمی رابـەرانی بـاڵابن. پێویستە وەکو کارمەندان و کەسانی سوپا رەفتار لەگەڵ پسپۆڕاندا بکرێت. سـوپاش نابێـت دەسـتێکی بـاڵاتری لـە وەزیـرە مەدەنییـەکان هـەبێت. بەتایبـەتی پێویـستە جـەخت لـەوە

بکرێتەوە کە تا زەمانێ سوپا پاشکۆی دەسەلاتی مەدەنی و سیاسی نەبێت، دیموکراسی ناتوانێ کاربکات.

١٢- **گروپی نەیاری بەهێزو کاریگەر:** بوونی گروپی نەیاری بەهێزو کاریگەر یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسی پەرلەمانی. ئەگەر گروپی نەیاری هۆشیارو چاودێر نەبێت، کە چاودێری هەڵەکانی حکومەتی دیموکراسی بکات و بیانخاتەڕوو، حکومەتی دیموکراسی دەکەوێتە بەردەم ناوردبینیەوەو دەسەلاتی خۆی خراپ بەکاردێنێ. زۆرجار تەنها ئەگەری رەخنەگرتن بەسە بۆئەوەی حکومەت بخاتەوە سەر رێڕەوێکی دروست. ئەوجۆرە گروپە نەیارانەی لە شوێنانی وەکو بەریتانیادا هەن، دیموکراسی بەهێز دەکەن و متمانەو بڕوای زیاد دەکەن.

١٣- **ئۆتۆنۆمی لۆکاڵی:** بۆسەرکەوتنی دیموکراسی پێویستە دامودەزگای دیموکراسی لەسەر ئاستی هەرێمیش دابمەزرێنرێت. ئەنجومەنە لۆکاڵییەکان وەك نوێنەرانی دەسەلاتی یاسادانان بە پێوەرێکی بچوکتر کاردەکەن. رابەرانی لۆکاڵی فێری هونەری رابەری دەبن و خەڵکی هەرێمەکەش فێردەبن چۆن مافی دەنگدانی خۆیان بەکاربێنن. دامەزراوە ئۆتۆنۆمییە لۆکاڵییەکان وەکو دامودەزگای سەرەتایی بۆ گەیاندنی شیاوییەکانی مەدەنیەت کاردەکەن و کۆمەك بە هاولاتیان دەکەن تا ببنە نەتەوەیەکی هۆشیارو دیموکراس. لەراستیدا هاولاتیانی حکومەتی دیموکراسی پێویستە لە هەموو روویەکەوە پەیوەست بن بەحکومەتەوە، بەجۆرێك کە بیرو بۆچونەکان بەردەوام لە ئالوگۆڕدابن.

١٤- **بەرنامەڕێژی نیشتمانی بۆ خوشگوزەرانی:** بەرنامەڕێژی نیشاندەری هەوڵ و کۆششی چڕوپڕە بۆ خێرایی بەخشین بە رەوتی دیموکراسی، کە پێویستە بە گرنگیدان بە هەموو تواناکان ژیانێکی باشترو ئەگەری سودوەرگرتنێکی فرە لە هەموو سەرچاوەکان فەراهەم بکات. پێویستە بەرنامەڕێژی پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی و فێرکردن لەخۆبگرێتو بەتەواوی و بەشێوەیەکی خێرا سوود لە تواناکانی زانست وەربگرێت.

١٥- **خاوەندارێتی تایبەتی:** خاوەندارێتی تایبەتی، کە پێویست ناکات بێ سنوور بێت، بۆ کاری سەرکەوتووانەی دیموکراسی بنچینەیە. بەلام دیموکراسی لە جێگایەك باشتر و بەهێزتر کار دەکات، کە مافی خاوەندارێتی تایبەتی بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەموان

لەئارادا بێت. وادیارە لە نەرویج، سوید، دانیمارك و سویسرا، کە زۆر جیاوازی دەوڵەمەندی هەژارییان لەناوبردوە، دیموکراسی باشتر دابینکراوە. ئەم جیاوازیانە لە چەند وڵاتێکی دیکەی وەکو ئیتالیا هێشتا هەیەو ئاشکرایەو بەوپێیە دیموکراسی رەوتێکی خاو و هێواشی هەیە.

**٧- رێچکەکانی دیموکراسی راستەوخۆ:**

ملیۆنەها کەس لە چوارچێوەی دیموکراسی نوێدا دەژین. لەمڕووەوە، جگە لە چەند کانتۆنێکی سویسرا، دیموکراسی راستەوخۆ، بووە بە بەشێك لە رابردوو. بەڵام هەندێ رێوشوێنی دیموکراسی راستەوخۆ، وەکو ریفراندۆم، دەستپێشخەریی گشتی، لێپێچینەوەو پلێبیست (پلێبیستیۆم) لەلایەن هەندێ وڵاتەوە بەپلەی جۆراوجۆر بەکارهاتوون. پەرەسەندنی پەیوەندیگرتنی خێرا توانای بەسەرکردنەوەی هەموو هاوڵاتیانی بۆ مەبەستی سنوردارو دیاریکراو فەراهەم کردووە. بەڵام ئەم رێوشوێنانە یان ئەم رێچکانە بریتی نین لە درێژەدان بە دیموکراسی راستەوخۆ، بەڵکو هاوئاهەنگی نوێن بۆ دابینکردنی پێداویستییە تازەکانو لەبنەڕەتدا لەبەرئەوە قبوڵکراون، چونکە ناڕەزایەتی دەربارەی کاری سیستمەکانی هەڵبژاردن و دەزگاکانی نوێنەرایەتی پارتە سیاسیەکان هەبووە. ئەم رێچکانە لەلایەنی پۆزەتیڤەوە پشتگیری لەحکومڕانی خەڵك دەکات وەك دوا دەسەڵاتو ملکەچی میکانیزمی ئاسایی حکومەت بۆ خواست و ویستی دەنگدەران بەبێ دەستێوەردانی حزبە سیاسیەکان.

**أ/ پلێبیسیت یان (پلێبیستیۆم) یان (حوکمی خەڵك).**

زاراوەی پلێبیسیت لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی فەرەنسییە، بەڵام لە زاراوەی لاتینی (plebiscitum) وەرگیراوە، کە لە هەردوو زاراوەی حکوم (seitum) و خەڵك (plebis) پێکهاتووە. بە باوەڕی (لیکۆك– Lecock) پلێبیسیت لە هەموو جۆرە دەنگدانێکی گشتییدا بۆ پرسێك بەکاردێت. بەڵام (سترۆنگ – strong) باوەڕیوایە تەنها لەپرسە سیاسییە گرنگەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەویش بەشێوەیەکی سەرەکی بەمەبەستی

خولّقاندنی هەلومەرجی سیاسی کەموزۆر هەمیشەیی. بەمپێیە، پلیبیسیت پەیوەندی بە یاسادانانەوە نییە. هەروەکو بەشێکیش نییە لەرەوتی ئاسایی یاساو تەنها شێوازێکی دیموکراسییە بۆ ئاشکراکردنی بیروڕای خەڵك دەربارەی بابەتێکی سیاسی، کە گرنگییەکی گشتی هەبێت.

لەسەردەمی نوێدا (ناپلیۆن) لەساڵی (١٨٠٤) دا پلیبیسیت – ی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بەفێڵ بەسەر دەستووردا باز بدات. لەوەبەدواوە ئەم شێوازە چەندینجار بەکارهاتووە. لەدوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە بۆ ئاشکراکردنی بیروڕای خەڵك یان بەشێك لە خەڵك سەبارەت بە مافی ئۆتۆنۆمی بەکارهێنرا. سەرانی سیاسیش هەرکاتێ رەوایی کارەکەیان بووبێتە جێگای گومان بۆ راستی بیروڕای خۆیان بەکاریان هێناوە. لە دیدی (لیکۆك)ەوە ئەنجامی پلیبیسیت دەبێت (دەربڕینی بیروڕا بەبێ ئەنجامەکانی یاسا) بوو بێت. بەڵام دژوارە ئەوە بەدی بکرێت، کە حکومەت چۆن لە ئەنجامە یاساییەکانی پلیبیسیت خۆی دەدزێتەوە یان لەبەرچاوی ناگرێ، مەگەر حکومەتێکی دیکتاتۆری بوو بێت.

**ب– ریفراندۆم:**

وشەی ریفراندۆم بەواتای (گەڕانەوەیە). ریفراندۆم شێوازێکە لە رێگای گەڕانەوەی راستەوخۆ بۆ لای خەڵك و دەتوانرێت بیروڕای گشتی بزانرێت. پرۆسەیەکە تیایدا سەبارەت بە هەنگاوێکی ئاسایی یان پەیوەست بەدەستوور پرس بە رای خەڵك دەکرێت. بەگوتەی بروگس: (لە ریفراندۆمدا ئەنجوومەنی دەنگدەران دەتوانن ئەو هەنگاوە رەتبکەنەوە کە ئەنجومەنی یاسادانان پێشتر پەسەندی کردووە). (مۆنرۆ) ریفراندۆم بە شێوازێك دەزانێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت رێگا لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بگیرێت، کە لەلایەن دەزگای یاسادانانەوە دانراون و خراونەتە بەردەستی خەڵك و لەکاتی راپرسیدا پەسندیان کردووە.

ریفراندۆم بۆیەکەمجار لە سەدەی شانزە لە (سویسرا) بۆ زانینی رای خەڵکی دروستکەری ئەو وڵاتە سەبارەت بە پرسە گرنگەکان بەکارهێنراوە. بەرکارخستنی ریفراندۆم سەبارەت بەپرسەکانی پەیوەستی دەستوور یەکەمجار لە ئەمەریکا و پاشان لەسویسرا دەستپێکرد.

بەڵام بەکارهێنانی بۆ یاسای ئاسایی لەو دوو وڵاتەدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی دیاردەیەکی نوێیە.

ریفراندۆم دوو جۆرە: ١- ناچاریی یان ئیلزامی، ٢- پشکداری یان بە هەڵبژاردن. ریفراندۆم کاتێ ناچارییە، کە هەموو ئەو یاسایانەی لە جۆرێکی دیاریکراون، پێویستە بۆ پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی بەرلەوەی ببێ بە یاسا بە ناچاری رای خەڵکی لەسەر وەربگیرێت. ئاشکرایە شێوەی ناچاریانەی ریفراندۆم دیموکراسییە، چونکە سەبارەت بەهەموو یاسایەك پێویستی بە دەربڕینی رای گشتی هەیە. لە سویسراو ئوسترالیا بۆ هەموو ریفۆرمێکی پەیوەست بە دەستوور پەنا بۆ ریفراندۆمی ناچاریی دەبرێت. لە هەندێك کانتۆنی سویسرا، تەنانەت سەبارەت بە گەڵاڵەنامە ئاساییەکان مەرج بۆ ریفراندۆمی ناچاری هەیە. هەرکاتێك یاسای دانراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە بەپێی داخوازی ژمارەیەکی دیاریکراوی هاوڵاتیان بۆ راپرسی کۆتایی بدرێت بە خەڵك بە (ریفراندۆمی پشکداری) ناودەبرێت. ئەگەر زۆرینە پۆزەتیڤانە دەنگیان لەسەردا، دەبێ بە یاسا، جگە لەم هەڵوێستە بڕیارەکەی دەسەڵاتی یاسادانان متمانەی نامێنێت. لە سویسرا سی هەزار هاوڵاتی یان دەسەڵاتی یاسادانانی هەشت کانتۆن دەتوانن داوای ریفراندۆمێکی لەمجۆرە بکەن یان ئەنجومەنی فیدراڵی سویسرا وەکو حاڵەتێکی ناچاریی رایگەیەنێت.

(ستڕۆنگ) بەچاکی سوودەکانی ریفراندۆمی کورت کردۆتەوە: (یەکەم، ریفراندۆم کەمتەرخەمی دەسەڵاتی یاسادانان چاك دەکات، کە رەنگە دوچاری گەندەڵی بووبێت یان بەپێچەوانەی ئەرکی سەرشانیانەوە جوڵابێتەوە. دووەم، پەیوەندییەکی بەسوود لەنێوان کاندیدەکانو دەنگدەراندا دروست دەکات. پەیوەندییەك کە هەمیشە لە رێگەی خولی هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە دابین نابێت. سێیەم، ریفراندۆم گرەنتی ئەوە دەدات کە هەر یاسایەك لەگەڵ رای گشتیدا ناکۆك بێت، پەسەند ناکرێت[١٦]).

خەوشەکانی ریفراندۆم دەتوانرێت بەمشێوەیە ئەژمار بکرێت: پێگەو دەسەڵاتی یاسایی دەزگای یاسادانان نابوت دەکات. پشکدارییەك بە خەڵکانێك دەدات، کە خاوەنی هەلومەرجی پێویست نین بۆ پراکتیزەکردنی. ناتوانێت بەڕاست و دروستی رەنگدەرەوەی رای گشتی بێت، چونکە ئەو دەنگدەرانەی لە ریفراندۆمدا بەشداری دەکەن زۆر جار کەمن.

لـه پرسـه زیندووەکانـدا دەبێتـە هـۆی دواکـەوتنی ناپێویـست و زیانبـەخش. گومـان لـە سـوودمەندیی ئاکـاری ریفرانـدۆم هەیـە. جەوهـەری بەشـداری خـەڵك تیایـدا زیـاتر لایـەنی نێگـەتیڤی هەیـە تـا پـۆزەتیڤ. کەموکورتیـەکانی سیـستەمی پارتایـەتی زیـاد دەکـات. بیرکردنەوەی راستەقینەی خەڵك لەخۆناگرێت. شێوازێکی پڕ خەرجییەو سەرئەنجام بۆ وڵاتە فراوانەکان لەبار نییە.

### ج/ دەستپێشخەری گشتی:

لایەنگرانی یاسادانانی راسـتەوخۆ رازی نـین بـەمافی دەنگدانێك، کـە سـەبارەت بـە ئـەو گەڵاڵەنامەیـەی دەزگـای یاسـادانان پەسـەندی کـردووە، لـە ئارادایـە. ئەمانـە پـشتیوانی لەشێوازی دەستپێشخەری گشتی دەکەن بۆئـەوەی خـەڵك بتـوانن خۆیـان یاسـا دابنـێن. لـە سویسرا هەر پەنجا هەزار هاوڵاتیەك دەتوانن داخوازییەك ئیمزا بکەن و تیایدا ئەو هەنگاوانـە دیاری بکەن، دەیانەوێت ببێتە یاسا. لە جێگەی خۆیدا پێشنیاز بۆ رای خەڵك دەکرێت و بـە پەسەندکردن‌و رازیبوون لەسەر ئـەو بڕیـارە وەکـو یاسـایەکی دانـراوی لێـدێت. لـە سویـسرا (دەستپێشخەری گشتی) کانتۆنەکان، هەم سەبارەت بەهـەنگاوی ئاسـایی و هـەم سـەبارەت بـەو پرسـانەی پەیوەسـتن بـە دەسـتورەوە، پراکتیـزە دەکرێـت. ژمـارەی ئیمزاکـەرانی پێشنیازێکی لەوجۆرە لە کانتۆنێکەوە بۆیەکێکی دیکە جیاوازە.

لەنێوان دەستپێشخەری گشتی و سکاڵادا جیاوازی هەیە. یەکەم جیاوازییان ئەوەیـە، کـە دەستپێشخەری گـشتی فـەرمانی تێدایـەو نـاتوانرێ رەت بکرێتـەوە. دووەم، لـەو خەڵکـەوە سەرچاوە دەگرێت کە حوکمڕانن و پێویستە پێبەپێی ئەوە کار بکرێت. سێیەم، تەنها لەگەڵ پرسـەکانی یاسـادانان سـەروکاری هەیـە. لەکاتێکـدا، کـە سـەبارەت بـە هـەموو پرسـێك دەتوانرێت سکاڵا بنوسرێ و سەرئەنجام دەزگای یاسادانان ئەو ئـازادیی و کارکردنـەی نییـە هەرچۆنێکی دەوێ مامەڵە لەگەڵ (دەستپێشخەری گشتی)دا بکات و دەبێ پێشنیاز بکات بۆ رای خەڵك یان خۆی دەنگی بۆ بدات. بـەڵام سـەبارەت بـە سـکاڵا دەزگـای یاسـادانان ئـەو مافەی هەیە چۆنی بوێت، ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

دەستپێشخەری گشتی دوو جۆرە: ١- نوسراو ٢- نەنوسراو (واتە شاراوەی ناو دەربڕینی گشتی). دەستپێشخەری گشتی نوسراو لە هەموو رووپەکەوە بە شێوەی گەڵاڵەنامەیەك کاملە. لەمڕووەوە دەزگای یاسادانان ناچارە یان پەسەندی بکات یان بۆبڕیاردان لەسەری بیخاتە بەردەم رای خەڵك. لە هەرجێگەیەك داخوازی بە وتەی گشتی دەربڕا بێت یان نەبووبێ بەرەشنوسێکی تەواو، بە دەستپێشخەری گشتی نەنوسراوە ناوزەد دەکرێت. لە سویسرا دەزگای یاسادانان پێشنیاز پەسەند دەکات، ڕەشنوسەکەی ئامادە دەکات و بۆ بڕیاردان دەیخاتە بەردەستی خەڵك. ئەگەر ئەنجومەنی فیدراڵی سویسرا پەسەندی نەکرد، پرسەکە بۆ لای خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ پێداچوونەوە. ئەگەر زۆرینەی هاوڵاتیان پەسەندیان کرد، ئەنجومەنی فیدراڵ دەبێ هەنگاوە پێشنیاز کراوەکە پەسەند بکات و بیخاتە ئەستۆی خەڵك.

سەبارەت بە داخوازی پیاچوونەوە بە دەستوردا شێوازەکە کەمێك دەگۆڕێت. لەحاڵەتێکی لەوجۆرەدا بۆ دیاریکردنی پێویستی پێداچوونەوە بڕیاری گشتی پێویستە. ئەگەر زۆرینەی هاوڵاتیانی سویسرا داوای پیاچوونەوەی گشتی بە دەستوردا بکەن، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی فیدراڵ رادەگەینرێت. ئەنجومەنی فیدراڵی هەڵبژێردراوی نوێ بە شێوەیەکی پێشنیازکراو رەشنوسی دەستوری نوێ ئامادە دەکات و دوای پەسەندکردنی دەیخاتە بەردەم رای گشتی خەڵك. ئەگەر زۆرینەی خەڵك و کانتۆنەکان پەسەندیان کرد، دەستوری تازەی هەموارکراو پراکتیزە دەکرێت. پرۆسەی دەستپێشخەری گشتی لەکانتۆنەکانی سویسراش کاری پێدەکرێ، بەڵام ژمارەی واژۆی پێویست بۆ کارێکی لەوجۆرە لە کانتۆنێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت.

**د/ لێپێچینەوە:**

لێپێچینەوە ڕێگایەکی دیکەی دیموکراسی راستەوخۆیە. لێپێچینەوە لە هەرجێگایەك هەبێت، دەنگدەران مافی ئەوەیان هەیە هەر پۆستێکی هەڵبژێراو یان نوێنەر بانگهێشتی لێپێچینەوە بکات، کە کەموکورتی هەیە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی. ئەم سیستمی (لێپێچینەوەیە) لە هەندێ ویلایەتی خۆرئاوای ئەمەریکا وەکو ئەریزۆنا، مونتانا، لویزیانا،

كانزاس، واشنتۆن، كاليفۆرنيا ، ئەركانزاس و چەند ويلايەتێكی تردا هەيە. لە ويلايەتی ئەڤرگان تەنانەت دەتوانرێت لێپێچنەوە لەگەڵ حاكمەكانيش بكرێت ، بەڵام لە ويلايەتی واشنتۆن ناتوانرێ ئەوە بكرێت(١٧).

## پـــەراوێـــزەکـــان:

1-Finer , op, Cit ,p , 123
2-Beni prasad , op cit,227
3-Finer , op Cit p.128
4-Lbid.
5-lbid.
6-James Bryce , Modern Democracies, Vols.2 (NewYork: The Macmillan Co 1921) vol, 1,p.20
7-Robert Maclver , The Web of Govermment , of .cit.p.198
8-Charles E . Mrriam.The New Domocracy and the New Desperation (Chicago university press1939) p.44

9- ك.ك رودی، ت.ج. اندرسن و ك.ك كريستول ، اشنايی باعلم سياست ، ترجمـه بهـرام ملكوتی، ٣ جلد چاپ دووەم
( تهران: كتابهای سيمرغ ، ١٣٥١) ج١ ، ص١٠.

١٠– بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دیدی کۆمۆنیستی بۆ دیموکراسی بڕوانە:
Yuri p.Frontsev , Commonism and Freedom of the lndividual Moscow: Foreign Languges publishing House n.d: and kopur ,op.cit .p.330

١١– بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پرەنسیپانە بنواڕە: رودی ،پێشوو ،١١٠–١٢٢

١٢– بۆ زانیاری دەربارەی ڕۆڵی پارە لەسیاسەتدا بڕوانە: دوورژە پیشین ص١٦١–١٦٤.
13-Barker , The Study of op .cit.p207

١٤–روبرت ميخلز . جامعه شناسی احزاب، ترجمه احمد نقيب زاده ( تهران: نشر قومس، ١٣٦٩ ) ص٢٣.
15- Bryce, op.cit.vol.2,p.504

١٦– بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی دیموکراسـیو بنـەماکانی حکومـەتی دیمـوکرات و تواناکانی سەرکەوتنی بروانە:
Dill,op.cit,Chaps 4 and 5,p.41-80. and Agarwal, op. cit. p.277-295.
C.F. Strong, Modern Political Constitutions (London:Sigwick and Jackson 1966) p229.

١٧- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتەکانی ئەم بەشە بروانە:

Arun Bhattaharjee, An Introduction to Poitical Science (New Delhi: S.B. Nangia1991) pp.144-152: Dillon, op. cit. pp. 41-81: Kapur,op.cit.327-342: Agarwal,op.cit. pp. 277-304, and Ponton, op.cit.pp.30-48.

## -١٢-

# ( حكومەتە سەرۆكايەتی و پەرلەمانیەكان )

بەمشێوەیە حكومەتەكان لەسەر بنچینەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی راپەڕاندن ڕیزبەندی كراوە. ئەگەر دەسەڵاتی راپەڕاندن لە بەرامبەر پەرلەمان یان دەسەڵاتی یاساداناندا بەرپرسیار بێت، ئەو حكومەتە بە پەرلەمانی یان كابینەیی ناوزەد دەكرێت. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی راپەڕاندن بەرپرس نەبێت لەبەردەم پەرلەمان، سیستمی حكومەت دەبێتە سەرۆكایەتی. لە سیستمی سەرۆكایەتیدا دەسەڵاتی راپەڕاندن لەپەرلەمانەوە نەهاتووە یان پەرلەمان ناتوانێت لەكاری بخات. بەواتایەكی دیكە، حكومەتی پەرلەمانی یان كابینەیی لەسەر هاوكاری و كوالیسیۆنی دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن وەستاوەو حكومەتی سەرۆكایەتیش لەسەر جودایی تەواوی ئەو دەسەڵاتانە راگیرە. بەریتانیا نموونەی كلاسیكی حكومەتی پەرلەمانیو ئەمەریكاش نموونەی حكومەتی سەرۆكایەتییە.

بۆ ناسینی وردتری سیستمی حكومەتی پەرلەمانی و سەرۆكایەتی پێویستە ئۆرگانەكانی حكومەتو جیاكردنەوەو هاوسەنگكردنی دەسەڵاتەكان روون بكرێتەوە.

### ١- ئۆرگانەكانی حكومەت:

هەروەك لە باسی پەیوەست بە توخمە پێكهێنەرەكانی دەوڵەتدا وترا، حكومەت كارگوزارێكە بەهۆیەوە ویستی دەوڵەت سیستماتیزە دەكرێتو دادەڕێژرێت، رادەگەیەنرێت و پاشان دەچێتە قۆناغی پراكتیزەكردنەوە. حكومەت ئامرازێكی پێویستە بۆ خزمەتكردنی ئامانجەكانی دەوڵەت. دەتوانرێت لەرووی خاك، دابەشبوونی وڵات یان لەڕووانگەی كاركردنەوە لە رێكخستنی حكومەت بڕوانرێت. لە رووی خاكەوە حكومەتەكان لەسەر دوو ئاستی جیاوازن: سەنتراڵی، هەرێمایەتی یان لۆكاڵی. لەرووی پراكتیكەوە حكومەت

بەشێوەیەکی نەریتیانە بۆ سێ لق دابەش دەبێت: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دەسەڵاتی داد[1]. لقی یاسادانان ئیرادەی دەوڵەت دادەڕێژێت. لقی ڕاپەڕاندن دەیخاتە بواری پراکتیکەوەو لقی دادیش ئەو ویستە ڕاڤە دەکات و چاودێری دروست پراکتیزەکردنی دەبێت.

هەموو لێکۆڵیاران لەسەر دابەشکردنی سێ لایەنەی ئەرکەکانی حکومەت کۆك نین. (ویلۆبی) پێیوایە، کە دەبێت دوو دەسەڵاتی دیکەشی بۆ زیاد بکرێت. یەکێکیان ڕێکخستنی ئیداری و ئەویدیان لیژنەی دەنگدەرانە. (فاینەر) وتویەتی، بۆ هەنگاوی بێکەموکورتی حکومەت دووشت پێویستن: بڕیاردان و پیادەکردن. بۆ لقی بڕیاردان ناوی (گروپی دەنگدەران، پارتە سیاسیەکان، پەرلەمان، کابینەو سەرۆکی دەوڵەت)ی هێناوەو لە لقی پیادەکردنیشدا باس لە (کابینە، سەرۆکی حکومەت، کارمەندان و دادگا) دەکات و گوتویەتی لە پێناوی هەنگاوی بێکەموکورتی حکومەتدا هاوکاری نێوان ئەم سەنتەرە سەرەکییانەی چالاکی سیاسی پێویستە. ئەم دیدە هێشتا لەلایەن گشتەوە پەسەند نەکراوە. بەڵام لقی ڕێکخستنی ئیداری، کە لەناخی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە هاتوەو نوێنەری (کوالیسیۆنی دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن، بەشی بەڕێوەبردن و دادە)، هەتادێت، خۆی وەك دەستەواژەی (لقی چوارەمی دەوڵەت) پیشان دەدات. گومانی تێدانییە دەستەی دەنگدەران و پارتە سیاسیەکان سەنتەرێکی گرنگی چالاکی سیاسین. لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرگانە ئاساییەکانی حکومەت پێکناهێنن.

ئەم ئۆرگانانە چۆن پێکەوە کاردەکەن؟ لە وڵاتە پەرلەمانیەکانی لەچەندین پارتی سیاسی پێکهاتووە بڕیارەکان لەسەر ئاستی پارت و وەزیرەکان وەردەگیرێن و پاشان وەك لیست بە دەسەڵاتی یاسادانان دەدرێت. لەوانەیە ئەم لیستە بۆ کۆمیتەکان یان کۆمیسیۆنەکانی دەسەڵاتی یاسادانان ڕەوانە بکرێت و پاشان لە قۆناغی جیاوازدا لە یەك یان دوو کۆبوونەوەی یاسادانەراندا دەنگی لەسەر بدرێت. ئینجا دەگاتە بەردەم واژۆی بەرپرسان و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەبێتەوەو هێزی پراکتیزەکردنی دەبێت. پێویستە ڕاسپاردەیەك سەبارەت بەشێوەی پیادەکردنی ئەو یاسا قبوڵ کراوە وەك ڕێنمایی یان ڕوونکردنەوە بە کارمەندان بدرێت. ئەو کەسانەی پەیڕەوەی ناکەن، لەلایەن پۆلیسەوە

دەستگیر دەكرێن و دەدرێن بە دادگاو بۆ سزادان بەند دەكرێن. بەمجۆرە ئاشكرایە، كە بەڕێوەبردن پێویستی بە هاوكاری نزیك و هاوئاهەنگی نێوان لقە جۆراوجۆرەكانی حكومەتە. ئەگەر یەكێك لەو لقانە كەموكورتی لە بەجێهێنانی ئەركەكانیدا بنوێنێت یان خۆی لەهاوكاری ببوێرێت، شلەژان و ئاژاوە دێتە ئاراوە. ئەگەر ئۆرگانە جۆراوجۆرەكانی حكومەت خۆیان لە هاوكاری یەكدی بەدوور بگرن یان دەستبخەنە ناو كاروباری یەكدییەوە، ژیانی ڕێكخراو و شارستانی دەكەوێتە بەرمەترسی. بۆ بەڕێوەبردنێكی لێوەشاوە پێویستە ئۆرگانەكانی حكومەت یەكگرتووانە كاربكەن و ملكەچی ئەو بڕیارانە بن، كە بۆ دەستەبەركردنی ئامانجەكانی دەوڵەت پێویستن تا ئازادی تاك بەدی بێت.

## ٢- جیاكردنەوەی دەسەڵات:

(مۆنتسكیۆ) لەوباوەڕەدابوو بۆئەوەی مرۆڤەكان ئازادبن، پێویستە سێ دەسەڵاتەكە لە یەكتری جیابن. بەواتایەكی دی، ئازادی مرۆڤەكان پێویستی بەجیاكردنەوەی سێ دەسەڵاتەكەیە لەیەكدی[٢]. ئەم تیۆرە بەو واتایە دێت، كە سێ ئەركەكەی حكومەت لەلایەن گروپی جیاجیاوە ڕاپەڕێنرێت و هەریەك لەو گروپانەش دەبێت لەبواری كاری خۆیدا سنوردار بێت و لەوكایەدا سەربەخۆو باڵادەست بێت.

زۆربە تیۆری جیاكردنەوە یان لێكدابڕینی دەسەڵاتەكان بۆ (ئەرستۆ) دەگێڕنەوە، كە ئاماژەی بۆ سێ ئەركی: ڕاوێژكردن، پیادەكردن و دادوەری كردووە. ئۆرگانە ڕاوێژكارییەكەی (ئەرستۆ) پرسەكانی جەنگ و ئاشتی، دانانی یاسا، پێكهێنانی یەكێتیەكان، سەپاندنی سزاكان، دوورخستنەوەو دەسبەسەراگرتنی داراییەكان و هەروەها دانانی پۆستەكانی جێبەجێكردنە. ئۆرگانی جێبەجێكردنیش ئەركی لە جۆری تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ئۆرگانی ڕاوێژكاری لەو زیاتر پشكدارترە. سەرئەنجام ئۆرگانی دادوەری بریتی نییە لە گروپێك دادوەر، بەڵكو دادگا گشتیەكانە. بەمپێیە تیۆری (ئەرستۆ) لە جیاكردنەوەكانی (مۆنتسكیۆ) یان میتۆدی نوێ زۆر جیاوازترە.

لە سەدەی شانزەدا (ژان بۆدین) پێشنیازیكرد، كە (میر) نابێت ئەركی بەڕێوەبردنی دادپەروەری لە ئەستۆ بگرێت و بەڵكو پێویستە رادەستی دادگایەكی جیاوازی بكات.

جیانەکردنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە، راپەڕاندن و داد، بە واتـای (ئاوێتـەکردنی راسـتەوخۆی دادپەروەری و بە بەزەیی بوون، رەچاوکردنی وردی یاساو نادیدەگرتنی خواستەکانی) دێت.

لە سەدەی حەڤدەدا ئاماژەکانی ئەم تیۆرە دەتوانرێت لە نوسینێکی (جۆن لۆک)دا لـەژێر ناوی (حکومەتی مەدەنی) ببینرێت، کە ئاماژە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ یاسـادانان، راپەڕاندن و فیدراسیۆن دەکات. بەبڕوای (جۆن لۆک) ئەم ئامرازانە لـە کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا بە تایبەتی بۆ پاراستنی مافە سروشتیەکانی ئەو مرۆڤە دروستکراون، کە وەك بوونەوەرێکی ئاقڵ خۆبەخۆ ئەو مافانەی هەیە. (جۆن لۆك) لـەوباوەڕەدابوو لـەو کۆمەڵگـە بەرژەوەندییـە هاوبەشانەی، کە باش رێکخراوە، پێویستە دەسەڵاتی یاسـادانان لـە راپەڕانـدن جـودا بێـت. لەهەمان کاتیشدا هەماهەنگی بە پێویست دەزانێت و جەختی لەسەر کردۆتەوە.

تیۆری کلاسیکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەلایەن (مۆنتسکیۆ) لە نوسینێکیدا بەناوی (رۆحـی یاسـاکان)ەوە خراوەتـەڕوو، کـە لـە(١٧٤٨)دا بڵاوکراوەتـەوەو بـەناوی ئەمـەوە بەناوبانگە. کۆڵەکەی تیۆرەکەی (مۆنتسکیۆ) لەسەر هەڵسەنگاندنی جـۆرە هۆشمەندییـەکی سـایکۆلۆژی دەسـەڵاتخوازی مـرۆڤ راگیـرە. لێکدانـەوەی میکـانیزمی دامـەزراوەی سیاسـی بەریتانیا (مۆنتسکیۆ)ی گەیاندە ئەو باوەڕەی، کە ئینگلیزەکان بەوهۆیـەوە بـە شـێوەیەکی سەرەکی توانیویانە بەرامبەر بەیەك سود لە ئازادی ببینن، چـونکە دەسـتورەکەیان بنـەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی بەرزو پیرۆز نرخاندووە. لێـرەوە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی، کـە بـۆ بەدستهێنانی ئازادی، نابێت دەسـەڵات چـڕکراوە بێـت. بـەڵام بەگـشتی بـڕوای (مۆنتـسکیۆ) ئەوەبوو، کە ئـەو رۆحـە رزگـار دەکـات لـە رەهەنـدی حکومەتدایـە نـەك لـە سیـستمەکەیدا. بەبڕوای ئەو تەنها لە حکومەتە میانرەوەکاندا ئازادی هەیە، ئەوەش تـەنها لەبارێکـدا هەیـە، کە خراپ سوود لە دەسەڵات وەرنەگیرێت. بـۆ رێگـرتن لـەو خـراپ بەکارهێنانـەش پێویـستە هەموو شتەکان بە دروستی جێگایان دیاری بکرێت، دەسەڵات بە دەسەڵات کۆنترۆڵ بکرێت. دەبێت دەستور بەجۆرێك دابڕێژرێت، کە هیچ کەس ناچار بە هەڵسوڕاندنی کارێك نەبێت، کە یاسا پێینەسپاردبێت یان ئەو کارانە ئەنجام بدات، کـە یاسـا مۆڵـەتی ئەنجامـدانی نـەداوە). بەمپێیە بنەمای تیۆرەکەی بۆ دابەشکردنی سێ لایەنی ئەرکەکانی حکومەت نییە، بەڵکو بـۆ دابەشـکردنی دەسـەڵاتە (لـەنێوان بەرپرسـانێکدا کـە لەوانەیـە نـەیار بـن). دوائامـانجی

جیاکردنـــەوەی دەســـەڵاتەکانی (مۆنتـــسکیۆ) یـــان میانـــەڕەوی و ئەنجامەکـــەی ئـــازادی مرۆڤەکانە.

ڕاگەیەنراوی دیدەکانی (مۆنتسکیۆ)، کە زۆر باسدەکرێت، ئەمەیە:

**(ئێستا دەبێت لەوە تێبگەین ئەگـەر یـەکێك لـەو سـێ دەسـەڵاتە دەسـتبخاتە نـاو کاروباری ئەوانی دیکەوە یان هەرسێ دەسەڵاتەکە لە دەستی یەك تاکە کەس یـان ئەنجومەنێکـدا بێـت یـان دەسـەڵاتی یاسـادانان و ڕاپەڕانـدن تێکـەڵ بکـرێن یـان دەسەڵاتی داد لە پشکی یەك لەو دوو دەسـەڵاتەی تـردا بێـت یـان بەپێـچەوانەوە، دەبێت دامەزراوەی دەوڵەت و هەلومەرجی ژیانی خەڵکی چی بەسەر بێت؟**

**کاتێك دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن تێکەڵ کران کەوتنە دەسـت پـشکی تاکـە کەسێك یان ئەنجومەنێکی جڵـەودار، ئیـدی ئـازادی بـوونی نامێنێـت، چـونکە ئـیتر دەبێت سڵ لەوە بکرێتەوە، کە ئەم تاکە کەسە یان ئەو ئەنجومەنە یاسای زۆردارانە دابڕێژرێت و زۆردارانەش بیخاتە بواری پراکتیزەکردنەوە. هەروەها ئەگەر دەسەڵاتی داد لە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن جودا نەبێت، دوبارە ئازادی بوونی نابێت، چونکە پشکی ژیان و ئازادی تاکەکان خۆپەرستانە دەبێـت و کاتێـك دادوەر خـۆی یاسادانەرو خۆشی جێبەجێکار بوو، دەسەڵاتدارییەکەی زۆردارانە دەبێت.**

**ئەگەر تاکێك یان دەستەیەك، کە لە پیاوانی ناسراو و ناودار پێکهاتبێت، لە هەمان کاتدا ئەم سێ دەسەڵاتەی پێکەوە لەژێر چنگدا بێت، واتە هەم یاسا دابنێت و هەم بڕیاری گشتی بخاتە بواری پراکتیکەوەو هەم کێشەو گرفتی نێوان خەڵك چارەسەر بکات و سزای تاوانبارانیش بدات، ئەو دەمە هەموو شتێك لەناو دەچێت[٣]).**

بەمجۆرە (مۆنتسکیۆ) نەیاریی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان بوو لە دەستی یەك تاکەکـەس یان دەستەیەکداو لەوبڕوایەدابوو، کە ئەرکـەکانی هەرسـێ ئۆرگانەکـەی حکومـەت پێویـستە لەئەســتۆی کەســانی جیــاوازدابن. بەوتــەی (فاینــەر)، (مۆنتــسکیۆ) (لەپــشکنینیدا بــۆ ئامڕازگـەلێك بـۆ سـنورداركردنی پاشـا، داڕشـتنی دەسـتوور، دۆزینـەوەی ئـەو ڕێـچکانەی بەهۆیانەوە نەك لەسەرەوویانەوە دەسەلات پراکتیزە بکرێت دروستکردنی (لیژنەی ناوبژیوان)

بوو، بۆ رێگری لە ئەگەری زۆرداری و زیادە رەویکردن لە دیموکراسی[٤]). سەرنجراکێشە ئەوە بزانرێت، کە (مۆنتسکیۆ) بەپێچەوانەی ئەوەی وێنادەکرا، هەرگیز لە بیری جیاکاری تەواو و رەهای دەسەڵاتدا نەبوو، بەڵکو تەنها چاوی لە هەموارکردنی چڕبوونەوەی دەسەڵات بوو. لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر بەرێوەبردنی دامەزراوەیی رایگەیاند، کە ئازادی بەرهەمی رۆحی ئازادو میانڕەوە. وێڕای ئەوەش (مۆنتسکیۆ) لە خستنەڕووی تیۆری جیاکاری دەسەڵاتەکاندا ئەوەی دیاریکردووە، کە رەنگە ببێتە هۆی (باری راوەستاو و چەقبەستن)، بەڵام تا رادەیەك بەسەر ئەم نیگەرانیانەی خۆیدا زاڵ بوو: (بەڵام لەوێوە، کە بە حوکمی جوڵەی شتەکان، ناچار بەجۆڵەن، ناچاردەبن هارمۆنی و هاوئاهەنگ بجولێن). (سابارین)یش لەو بڕوایەدایە، کە (مۆنتسکیۆ) جیاکارییەکی سنوردار یان رێژەیی دەسەڵاتی لەبەرچاو گرتووە: (لەراستیدا مۆنتسکیۆ مەبەستی جیاکاری رەهای سێ دەسەڵاتەکەی نەبووە. دەسەڵاتی یاسادانان پێویستە بەپێی خواستی دەسەڵاتی راپەڕاندن کۆببێتەوە، دەسەڵاتی راپەڕاندن ماف ڤیتۆکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بۆخۆی دەپارێزێت و دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت پشکی دادوەری نائاسایی پیادە بکات[٥]).

### ٣- کۆنترۆڵ و هاوسەنگیەکان:

وەك تیۆری جیاکاری دەسەڵاتەکان تیۆری کۆنترۆڵ و هاوسەنگیەکانیش لە هزری (مۆنتسکیۆ)وە سەریهەڵداوە. جدیی بوونی (مۆنتسکیۆ) لە دەستەبەرکردنی ئازادی مرۆڤەکان بەرەو ئەو رێچکەیەی برد، کە نابێت تەنها بە سێ ئۆرگانی (یاسادانان، راپەڕاندن و داد) وە خۆیبەستێتەوە، بەڵکو دەبێت لەسەر هەریەك لەم ئۆرگانانەی حکومەت کۆنترۆڵیش دابنرێت. (مۆنتسکیۆ) دەیویست دەسەڵات رام بکات و بەرامبەر بە خراپ بەکارهێنانی فلتەر دابنێت. لە راستیدا، دەسەڵات بە دەسەڵات رام بکات. ئەوەی لە هزریدا بوو، شتێکی لە جۆری وەك سیستمی ( کۆنترۆڵ و هاوسەنگیەکان) بوو.

تێزی کۆنترۆڵو هاوسەنگیەکانو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەمەریکا لە کاتی داڕشتنی دەستووری ئەو وڵاتەدا پەسەندکرا. حکومەت نەك تەنها بۆ کۆنگرێس (پێکهاتەی ئەنجومەنی نوێنەران و سێنەت senate)، سەرۆکایەتی کۆمارو دادگای فیدراڵی دابەشبوو،

بەڵکو ئەم ئۆرگانانەی حکومەتیش بوونە خاوەنی کۆنترۆلکردنی یەکدیش، بەجۆرێك تا هیچ کامیان بۆ دیکتاتۆریی نەگۆڕێن.

دەستووری ئەمەریکا لەگەڵ تایبەتمەندکردنی تەواوی هەریەك لە دەسەڵاتەکان بە لقێکی حکومەتەوە (بەواتای بەشی شێر) بەشێکی بچوکتریشی لە هەریەك لەوانە بە لقی حکومەت بەخشی[٦]. لە هەموو لقەکانی حکومەت چاوەڕوان دەکرا خۆیان لەو سنووردا بهێڵنەوە، کە دەستور دیاریکردووە. کۆنترۆڵەکان لە ئەمەریکا بەمجۆرەن:

١- **کۆنترۆڵەکانی سەر دەسەڵاتی راپەڕاندن.** دەسەڵاتدارییەکی تایبەتی راپەڕاندن بە سەرۆك کۆماری ئەمەریکا دراوە. پشکدارییەکانی زۆرەو بەرپرسیارییەکانی قورسە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵگای ئەمریکی ویستویانە دڵنیابن لەوەی سەرۆکی کۆمار نابێتە دیکتاتۆرێك. لەبەرئەوە مافیان بە ئەنجومەنی (سێنەت) داوە پەیماننامەکان و گرێبەستەکانی دەوڵەت بخاتە بەردەنگدان یان بیروڕا لەسەر پۆستە بەرزەکانی وڵات دەرببڕێت. هەموو پەیماننامەکانی ئەمەریکا دەبێت دوو بۆ سێی ئەنجومەنی سێنەت دەنگی بۆ بدات. سێنەتی ئەمەریکا پەیماننامەی بەناوبانگی (ڤێرسای) رەتکردەوەو ئەو وڵاتە نەیتوانی ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. وێڕای ئەوەش هەرکاتێك سەرکۆمار بە ئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن کۆنگرێسەوە بکەوێتە بەر پرۆسەی تاوانبارکردن. مەترسی راگەیاندنی تاوانبارکردن وەك شمشێری (دیمۆکلیس) بەسەر سەرۆکی ئەمەریکاوە هەڵواسراوە. دیوانی باڵاش وەك کۆنترۆڵێك سەبارەت بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە کاردەکات. ئەم دیوانە دەتوانێت هەنگاوەکان و فەرمانەکانی سەرکۆمار بە پێچەوانەی دەستوور دابنێت و لەو رێگایەوەو لە رووی یاساییەوە رایگەیەنێت کە مایەی جێبەجێکردن نییە.

٢- **کۆنترۆڵەکانی سەر کۆنگرێس** (دەسەڵاتی یاسادانان). دەستووری ئەمەریکا پشکدارییەکی تایبەتی یاسادانانی بە کۆنگرێس بەخشیوە. رێگا بە سەرۆك کۆمار نەدراوە بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆنگرێس بکات، بەڵام بۆ رێگەگرتن لە ئەگەری دیکتاتۆری کۆنگرێس مافی ڤیتۆ بە سەرۆك کۆمار بەخشراوە. لە زۆر بواردا مافی ڤیتۆی هەڵپەساردنی سەرۆك کۆمار کارامەیی خۆی پیشانداوە. ئەو داخوازییەکی سەرۆك کۆمار پاش ڤیتۆکردنی

دوباره بۆ لێکۆڵینـەوه ڕەوانـەی کۆنگرێسی دەکاتـەوەو بـۆ دوبـاره دەنـگ لەسـەردانەوەی پێویستی بە دوو بۆ سێی دەنگەکان دەبێت و زۆرینـەی دوو بـۆ سێش بەئاسـانی بەدەست نایەت. بۆ سەرۆك کۆماریش هێنده دژوار نییـه تـا دەنگـی ( ١+ ١|٣)ی دوو ئەنجومـەن بـه دەسبێنێت تا مەیلی کۆنگرێس بۆ زاڵبوون بەسەر ڤیتۆی سەرۆك کۆمار پوچەڵ بکاتەوه.

سەرەڕای بوونی ڤیتـۆ و هەڕەشـەی بـەکارهێنانی، سـەرۆك کۆمـار دەتوانێـت لـه ڕێگـای پەیامــەکان، کۆنفرانــسه نافەرمیــەکان لەگــەڵ ســەرۆکی ئەنجومــەن، لەگــەڵ ســەرۆکی فراکسیۆنەکانی پارت له ئەنجومەن و کەسـایەتیه گرنگـەکانی دیکـەی کـۆنگرێس کاریگـەری لەسـەر کـۆنگرێس پیـاده بکـات. لـەو ڕێگەیـەوه کـارتێکردنی سـەرۆك کۆمـاری ویلایەتـه یەکگرتوەکان له کۆنگرێس به تەواوی فره ڕەهەنده. سەرۆك کۆمار بەبوونی ماف دەرکردنـی فـەرمانی ڕاپەڕانـدنیش لـه کـاتی قەیرانـەکان یـان ڕووداوه پێـشبینی نەکراوەکانـدا ڕۆڵـی یاسادانەر دەگرێت. دیوانی باڵاش وەك کۆنترۆڵێکی سەر کـۆنگرێس کاردەکـات و دەتوانێـت ئەو یاسا دەنگ بۆ دراوانەی کۆنگرێس پوچەڵ بکاتەوه، کـه ئـەم وەك پێچەوانەی دەسـتور دیاریدەکات. هەمان ئەو پشکەش بەسه تا کۆنگرێس زیادەڕەوی نەکات.

٣- **کۆنترۆڵـەکانی سـەر دەسـەڵاتی داد.** ئەگـەر چـی دەسـەڵاتی دادگـای فیـدراڵی بەسەربەخۆ ناسراوه، بەڵام لەدەسەڵاتی کـۆنگرێس پـارێزراو نییـه. کـۆنگرێس مـاف ئـەوەی هەیه دژ به دادوەرەکان تاوانبارکردن ڕابگەیەنێت و لەلایەکی دیشەوه، دانانی دادوەرەکـانی فیـدراڵ لەلایـەن سـەرۆك کۆمـارەوه بـه ڕەزامەنـدی (سـێنەت) ئـەوه پیـشان دەدات، کـه دەتوانێـت هــەرکاتێك لــه پێکهاتــەی دادگــای فیدراڵــدا پۆسـتێك بــەتاڵ بێـت، ڕۆڵێکــی یەکلۆکـەرەوه ببینێـت. کـۆنگرێس مـاف دانـانی ژمارەیـەك لـه دادوەرەکـان و دیـاریکردنی موچـەیانی هەیـه. هـەروەها کـۆنگرێس دەتوانێـت دەسـەڵاتی تێهەڵـچونەوه (ئیـستئناف)ی دادگای فیدراڵی سنوردار بکات.

سەبارەت به میکانیزمی تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵات له بـەریتانیا دەبێـت بوترێـت لـه دیموکراسی پەرلەمانیدا تیۆری جیاکردنەوەی ڕەهای دەسـەڵات بـەکارێکی مـەحاڵ زانـراوه، چونکه دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن لـەناو دەسـەڵاتی یاسـادانانەوه هەڵدەبـژێرێتو لەبەرامبەریـدا بەرپرسیاره. پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانەو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنو ئینجـا دەسـەڵاتی داد،

که سەربەخۆیە لە دەسـەڵاتی راپەڕانـدن، لـەژێر سـێبەری خۆیـدا کۆدەکاتـەوە. بـەڵام ئـەم سـادەکردنەوەیە زیـاد لەپێویـست واقیعییـە. سیـستمی کابینـەیی زیـاتر لـە جیاکردنـەوەی دەسەڵاتەکان ئاماژە بۆ چڕبوونەوەی دەکات. کابینە هێڵێکی پەیوەندییە کـە وەك زنجیرێك بەشەکانی راپەڕاندنو داد پێکەوە گرێدەدات. ئەو کابینەیەی لە ئەنجومەنی عەوامدا لەلایەن زۆرینەوە پشتگیری بکرێت، دەتوانێت بەهۆی دەستوورەوە چـی بخوازێـت ئـەنجامی بـدات. ریشەی کۆنترۆڵو هاوسەنگی لە دەزگا سیاسـیە بالۆکـانی بـەریتانیادا شـایانی پیـادەکردن نییە. ئەنجومەنی لۆردەکان بەرزترین دادگای تێهەڵچونەوەیە. (لۆرد چانسەر) یان سـەرۆکی ئەنجومەنی لۆردەکان ئەندامی کابینەی بەریتانیایـە، کاتێك ئەنجومـەنی لۆردەکـان دەبێتـە دیوانی تیهەڵچونەوەی بەریتانیا، ئەو دەبێتە دادوەری یەکـەم. بەمپێیـە جیاوازییـەکی روون لەنێوان پشکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان ، راپەڕاندن و داد لەبەریتانیا نابینرێت.

پاش ئەم لێکۆڵینەوە کورتەی ئۆرگانەکانی حکومەت و تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵات و روون کردنـەوەی پوختـەی کۆنترۆڵـەکانو هاوسـەنگیەکان، ئێـستا دەکرێـت لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـە دوو سیـستمی پەرلـەمانیو سـەرۆکایەتی حکومـەت دەسـپێبکرێت و لـەژێر رۆشنایی ئەو بابەتانەدا کە باسکران، دوبارە پێناسە بکرێنەوە.

## ٤- فۆرمی حکومەتی پەرلەمانی:

لـە فـۆرمی پەرلەمانیانـەی حکومەتـدا هاوبەندییـەکی گەلـەك نزیـك لـەنێوان دەسـەڵاتی راپەڕاندن و دەسەڵاتی یاساداناندا هەیەو (تیایدا خولی وەرگرتنی پۆستی پلەی پیادەکردنی راسـتەقینە پەیوەسـتە بەویـستی دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە). ئـەم فۆرمـەی حکومـەت لەبەرئـەوەی تیایـدا کابینـە خـاوەنی دەسـەڵاتی حکومڕانیـەو بەشـێوەی کـۆ لەبـەردەم ئەنجومەنی یاسـادانانی هەڵبـژێراوی خـەڵکی بەرپرسـە، بـە فـۆرمی خـاوەنی بەرپرسـیارێتی حکومەتیش ناوبراوە. لەم فۆرمی حکومەتـەدا دەسـەڵاتی یاسـادانان باڵادەسـتی مافـداری و یاسـایی بەسـەر دەسـەڵاتی راپەڕاندنـدا هەیـەو لانـی کـەم لـە رووی تیۆرییـەوە بـڕیوڕای پێچەوانەی دەسەڵاتی یاسـادانان دەتوانێـت کابینـە بڕوخێنێـت، کـە دەسـەڵاتی راپەڕانـدنی راستەقینەی وڵاتە. لەم سیستمی حکومڕانیەدا پلەی راپەڕاندنی فەرمی یان (ئیفتخار)یانـەی جیـا لـە کابینـەش هەیـە. کابینـە دەسـەڵاتی یاسـایی خـۆی بـەناوی پۆسـتی راپەڕانـدنی

فەرمیەوە پراکتیزە دەکات. پۆستی راپەڕاندنی فەرمیی کابینەکەی لەنێو پارتی زۆرینە یان (کوالیسیۆن)ی پارتەکان لە دەسەڵاتی یاسادانان‌دا پێکدێنێت‌و بەرپرس دەبێت لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان لەرێگای جۆراوجۆری وەك: پێشنیازی سەرزەنشتکردن، دەنگنەدان بۆ داواکاری دارایی یان بودجە، رەتکردنەوەی ئاسایی لیستەکانی پێشکەشکردنی وەزیرەکان، کە دەبێتە ئاستەنگی بەردەم پێشنیازەکان یان پرسیارکردن و روونکردنەوە، کە بەفەرمی رای متمانە نەبەخشین کابینە دەروخێنێت. لە بەرامبەردا کابینە ئەو مافەی هەیە پەنا بۆ لیژنەی هەڵبژاردنەکان بەرێت تا دواپرس روون بکرێتەوە.

ئەم فۆرمی حکومەتە لەپێش هەموو شوێنێکەوە لە بەریتانیا سەقامگیربوو. لەوەبەدوا هەندێك لە وڵاتەکانی وەك فەرەنسا، کەنەدا، ئوسترالیاو هەندێك لە وڵاتانی ئاسیایی وەك هندستان پەسەندیان کرد. دەتوانرێت بوترێت، کە چرۆی فۆرمی پەرلەمانیانەی حکومەت توانیویێتی لەبەردەم تۆفانە توندوتیژە سیاسیەکان لە بەریتانیا و وڵاتە هاوبەرژەوەندەکاندا بەرگری بنوێنێت‌و شکۆفە بکات، هەرچەندە لە هەندێك وڵاتانی دیدا نەیتوانیوە لە بەرامبەر هێرشی زریانەکانی دیدا خۆی رابگرێت‌و جێگای بۆ دیکتاتۆرەکان چۆڵ کردووە.

فۆرمی پەرلەمانیانەی حکومەت تەنها لە ژینگەیەکی گونجاودا توانای گەشەکردنی هەیە. (نیومەن) دروستی وتوە کە: (پێشمەرجی تایبەت هەیە، کە بەبێئەوانە، ئەگەری ئەوە هەیە بە ئاسانی حکومەتی کابینەیی بۆ شتێکی تەواو جیاواز بگۆڕێت). هەندێك پێشنیازی پێویستی فۆرمی پەرلەمانیانەی حکومەت بەمجۆرەیە:

١- **بوونی سەرۆکێکی فەرمی:** بوونی پۆستێکی راپەڕاندنی باڵا یان سەرۆکی دەوڵەت بە یەکەمین پێشمەرجی فۆرمی حکومەتێکی پەرلەمانی دادەنرێت. کابینە بەناوی سەرۆکی دەوڵەتەوە دەسەڵاتی راپەڕاندنی حکومەت پراکتیزە دەکات. کابینە پێویستە بەشێوەیەکی گشتی متمانەو پشتیوانی زۆرینەی دەسەڵاتی یاسادانانی لە پشتەوە بێت. لەرووی مافەوە سەرۆکی دەوڵەت کابینە دادەنێت‌و دەشتوانێت کەنارەگیری بکات، بەڵام لەرووی سیاسییەوە شتی لەوجۆرە مایەی وێناکردن نییە، مەگەر پێشتر کابینە متمانەی دەسەڵاتی یاسادانانی لەدەستدابێت. پاشای بەریتانیاو سەرۆك کۆماری ئەڵمانیا لە نموونەکانی سەرۆکی یاسایی دەوڵەتەکانن. کابینەی هەریەك لەوانە بەسەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران یان

(سەدری ئەعزەم) دەسەڵاتی راپەڕاندنی راستەقینە پێکدێنن. لەو رووانەوە سەرۆك وەزیر یان (سەدری ئەعزەم) بە سەرۆکی حکومەت دەناسرێن. سەرۆکی دەوڵەت لە خولە نێوەندیەکان یان ئەو کاتانەی کابینە دەستی لە کارکێشاوەتەوەو کابینەی نوێ لەرەوتی فۆرمگێریدایە، هەموو دەسەڵاتەکان بەدەستەوە دەگرێت. لەم خولە نێوەندانەدا لەو دەوڵەتانەی سیستمی فرە پارتایەتی تێدایەو هیچ کام لەپارتەکان ناتوانن لە دەسەڵاتی یاساداناندا زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر بکەن، ئەگەری ئەوە هەیە چەند رۆژێك یان چەند هەفتەیەك درێژە بکێشێت.

٢- **بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵ:** وەزیرەکان، کە لە فۆرمی حکومەتی پەرلەمانیدا، دەسەڵاتی راپەڕاندنی راستەقینە پێکدێنن، لەبەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەراندا بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵیان لە ئەستۆیە. پرنسیپی (هەموو لە پێناوی یەکێك و یەکێك لە پێناوی هەمواندا) لەفۆرمی کابینەیی حکومەتدا بەکاردەبرێت. کاتێك کابینە سیاسەتێکی تایبەتی دارشت، دەبێت وەزیران لەبەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان و هەموو خەڵکدا بەرەیەکی یەکگرتوو پێشکەش بکەن. سەبارەت بەوەی وەزیرێك ئەو سیاسەتەی بەدڵ نەبێت و بەتەواوی نەیاری بێت، پێویستە کابینەکە بەجێبێڵێت. لەبەرهەمان هۆ لەساڵی (١٩٣٨) (ئەنتۆنی ئایدن)، کە رازی نەبوو بە سیاسەتی دەرەکی (چەمبرلین)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، لە کابینەکە دەستی لە کار کێشایەوە. لەوبارەیەوە ئەگەر وەزیر نەیاری سەرۆك وەزیران بێت و لەکابینەکەشی دەست نەکێشێتەوە، بڕیارەکانی کابینە دەبێتە ناچاری و پێویستە جێبەجێی بکات. لەمبارەدا دەبێت لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا بەرگری لەسیاسەتەکانی حکومەت بکات و لەبابەتێکدا کە دەسەڵاتی یاسادانان پێداگریەکی نەیارانە دەکات، لەگەڵ وەزیرەکانی دیکە دەست لە کار بکێشێتەوە. بەمپێیە کابینە سیاسەت دادەرێژێتو بەشێوەیەکی بە کۆمەڵیش لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەدا بەرپرسیارە.

٣- **بەرپرسیارێتی تاکەکەسی:** هەریەك لە وەزیران، کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی وەزارەتێکن، لەپێناوی شێوازێکی کاریگەرانەی ئەو وەزارەتەدا لەبەردەم دەسەڵاتی یاساداناندا بەرپرسیارییەکی تاکانەیان لە ئەستۆیە. ئەم بەرپرسیارێتیە بەشێوەیەکی ئاسایی لەبەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەراندایە. لەو بابەتانەی، کە وەزیرێك رووبەڕووی

رەخنـەی نـەیارانی ئەنجومـەن دەبێتـەوە، ئەگـەر پێویـست بێـت، لـەپێناوی تێوەنـەگلانی هاوکارەکانی خۆی کەنارەگیر دەکات. هەڵبەتە نابێت ئەمجۆرە بابەتانە زۆر گشتگیر بکرێن.

٤- **هەماهەنگی سیاسی:** کابینە لە ئەندامانی هەڵبژێراوی یەك پـارتی سیاسـی پێکـدێت، کـە خـاوەنی زۆرینـە بێـت لـە دەسـەڵاتی یاسـاداناندا. ئـەم ئەندامانـە دەبێـت گروپێکـی هاوئاهـەنگ پێکبێـنن. ئەگـەر کابینـە لـە پـارتی سیاسـی جیـاوازی خـاوەن ئایـدیۆلۆژیای دژبەیەك‌و شێوەی جیـاوازی کـارکردن بـەپێی بیروبـاوەڕی سیاسـی جۆراوجـۆر پێکهاتبێـت، بەدژواری کارەکانی هاوئاهەنگ دەبێت. هەندێك لە وڵاتـەکانی وەك فەڕەنـسا لەبارێکـدا، کـە فۆرمی کابینەیی حکومەتی تیایدا پایەدارە، ڕووبەڕووی ئـەم گرفتـە دەبنـەوە، چـونکە هـیچ کام لە پارتەکان ناتوانن لە دەسەڵاتی یاساداناندا زۆرینە بەدەسـتبێنن و دەبێـت حکومـەتی کوالیسیۆنی پێکبێت. ئەمجۆرە حکومەتانە زۆرجار لەو پارتانە پێکدێن، کـە دیـدی سیاسـی جۆراوجۆریـان هەیـەو چـونکە هەمیـشە ئەگـەری دروسـتکردنی پێکهـاتنێکی دیکـە لـەنێوان پارتـەکان لـە ئارادایـە تـا ببنـە زۆرینـە، کوالیـسیۆنی سـەقامگیر زۆر دەگمەنـە. حکومەتـە کوالیـسیۆنیەکان تـەنها لـەکاتی قەیرانـە نەتەوەییـە توندەکانـدا، کـە پـارت و گروپـەکان جیاوازیـەکانیان لـەپێناوی بەرژەوەنـدی وڵات بەشـێوەیەکی گـشتی دەخەنـەلاوە، دەتـوانن بەبێ دژواری کار بکەن.

٥- **ئەندامێتی پەڕلەمان:** ئەنـدامانی کابینـەو وەزیرەکـانی دیکـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی ئەندامی پەڕلەمانن یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێت ببنـە ئەنـدامی پەڕلـەمان. ئـەمبارە ئەو توانستەیان پێدەبەخشێت بەشداری لە لێکۆڵینەوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بکەن و لە کاروباری یاسادانان، بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیاسـەت ڕێنـوێنی کارەکـان لەئەسـتۆ بگـرن. ئەم حاڵەتە هەروەها توانا بە پەڕلەمانیش دەدات لە ڕێچکە جۆراوجۆرەکـانی بەردەسـتیەوە چاودێری کارەکانی حکومەت بکات.

٦- **نهێنی شێوازی کارکردن:** ئەو کابینەیەی لە یەك پارت پێکهاتبێت نەك تەنها خاوەنی گونجاوییـە، بـەڵکو نهێنـی گفتوگۆکانیـشی بـە پـارێزراوی دەهێڵێتـەوە، کـە ئـەوەش پێـشمەرجێکی دیکـەی فـۆرمی پەڕلەمانیانـەی حکومەتـە. لـە هەنـدێك لـە وڵاتەکانـدا بـۆ ئاشـکرانەبوونی نهێنیـەکانی حکومـەت یاسـا هەیـەو کەسـانێك کـە پێـچەوانەی ئـەوە

دەجولێنەوە، سزا دەدرێن. لە سەردەمی ئێستادا پاراستنی نهێنیـەکان بەمـەرجی بنـەڕەتی سەرکەوتنی حکومەتی پەرلەمانی دادەنرێت، کە وڵاتەکان لەوێدا جدیتر هەوڵـدەدەن لـەوانی دیکە باشترو باڵاترین.

٧- **ڕێبەرایەتی سەرۆك وەزیران:** لە فۆرمی پەرلەمانیانـەی حکومەتـدا سـەرۆك وەزیـران رابەری کابینەیە. ئـەو (کۆڵەکـەی دامـەزراوەی کابینەکەیـە)و وتەبێـژی سـەرەکی حکومەتـە لەناوخۆو دەرەوەی پەرلەمان، وتەکانی وەك راگەیاندنی متمانەداری سیاسـەتی کابینەکـەی سەیر دەکرێت. سەرۆك وەزیران لە ئاستی رابەرایەتی گروپی کابینەدا نەك تەنها گروپەکـەی خـۆی رێکـدەخات، بـەڵکو چـالاکیەکانی هاوئاهـەنگ دەکـات و ئاراسـتەی پێویـستی پێدەبەخشێت. تا رادەیەکیش ئازادە گۆڕانکاری لە دامەزراوەی کابینەکەی خۆیدا بکات.

٨- **ئۆپۆزسیۆنی تەندروست و کارا:** کاتێك دەوترێت ئۆپۆزسـیۆنی تونـدوتۆڵ و کارامـە واتـە حکومـەتی ئەڵتـەرناتیڤ، کـە روح و جەسـتەی دیموکراسـی پەرلەمانیـشە. بـەبڕوای (لاسـکی) ژیـانی دەوڵـەتی دیموکراسـی لەسـەر سیـستمی پارتایـەتی بینـاکراوە. قسەکردن سەبارەت بە دیموکراسی پەرلەمانی بەبێ ئۆپۆزسیۆن مایـەی وێنـاکردن نییـە. ئۆپۆزسـیۆن بەومەرجـەی تەندروسـت و چـاپوك بێـت، پـارتی دەسـەڵاتدار لەسـەر رێـچکەیەکی دروسـت دەهێڵێتەوەو بوار نادات خراپ سوود لە دەسەڵات وەرگرێت و ببێتە زۆردار.

سەبارەت بەخاڵە درەوشاوەکانی سیستمی پەرلەمانیانەی حکومەت دەکرێ ئامـاژە بـەم بابەتانـە بـدرێت، وەك: هاوئاهـەنگی نێـوان دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی راپەڕانـدن، بـوونی ئاسـتەنگ لەبـەردەم گـۆڕانی دەسـەڵاتی راپەڕانـدن بـە دەسـەڵاتێکی سـتەمگەر، حکومەتێکی هاوبەشـی پیـاوان و ژنـانی بـەتوانا، ئاسـانی لـە بڕیـاردان، بـەئاگابوونی تـەواو لەبیروڕا باوەکانی نێوان ئەنجومەن و خەڵکی، بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز کـە بەحکومـەتی ئەڵتەرناتیڤ دەناسـرێت، هـەبوونی وەڵام لـە بەرامبـەر رای گشتی، توانـای منـاوەرەکردن، بـــەهای پەروەردەیـــەکی بـــەرفراوان، بەدیموکراســـیبوونی پاشـــایەتیەکان (سیـــستمە مۆنارشیەکان)و داهێنان لە یاسادانانادا.

لەگەڵ ئەوەی سیستمی پەرلـەمانی خـاوەنی خـاڵی درەوشـاوەیە، لـە رەخنـەش بـەدوور نییە: کەموکورتی لـە جیاکـاری دەسـەڵاتدا، فـۆرمێکی نـاجێگیری حکومەتـە، بـەردەوامی و

هەمیشەیی لە سیاسەتەکاندا بوونی نییە، ولات بەرەو ئاژاوە کێش دەکرێت، دەسەلاتی راپەڕاندن سەرەڕۆ دەبێت، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نادیدە دەگیرێن، قەیرانە نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەر ناکرێن، ئەگەری ئەوە هەیە هاوکاری نێوان دەسەلاتی یاسادانان و دەسەلاتی راپەڕاندن زیانبار بێت، بیرۆکراسی پەرە دەسێنێت و ناکۆکی تەنها بۆ دەرخستنی ناکۆکبوون سەرهەلدەدات، دەسەلاتی راپەڕاندن لەبەردەم دەسەلاتی یاساداناندا دەبێتە ژێردەستە، هەروەها حکومەتی پەرلەمانی حکومەتی سیاسەتکارەکانە.

لەگەلّ ئەمەشدا حکومەتی پەرلەمانی خۆشەویستییەکی زۆرو گەلەك سەرکەوتنی بەدەسهێناوە. لەراستیدا لەبارەی کەموکوڕی حکومەتی کابینەییەوە زیادەڕۆیی کراوە. دیموکراسیە پەرلەمانیەکان نەبوونەتە هۆکاری پشێوی ولاتەکان. بەهۆی خۆگونجاندنی ئەمجۆرە دیموکراسیانەوە توانیویانە لەکاتی قەیرانەکاندا دەمودەست و توندوتۆلانە کاربکەن. ئەگەر ئەم فۆرمەی حکومەت کارامە نەبوایە، زۆر لە پێشتردا کەنارەگیری پێدەکرا. لە فۆرمی پەرلەمانیانەی حکومەتدا لە ولاتانی وەك بەریتانیادا لە جیاتی جێگەی گەرموگوڕی پیلان و پلانگێڕی، حکومەتێکی پارتایەتی هاوسەنگ و یەکسان هەیە. ئۆپۆزسیۆنیش بەشێوەیەکی ئاسایی رۆلّی دروستکار دەگێرێت. سەرەڕای ئەوەش ئەو ولاتانەی خاوەنی سیستمی دوو پارتن حکومەتە پەرلەمانیەکان بەتەواوی سەقامگیربوون. تاکرەوی کابینە راستیەکی نکولّی لێنەکراوە، بەلام ئەگەر پەرلەمان ئەو کابینەیەی کردبێتە تاکرەو، بەوتەی (لاول)، ئەو سەرەڕۆییەیە کە بەحەزێکی زۆرەوە لەژێر رێژنەی بەردەوامی رەخنەکاندا کاری کردووە. پەسەندکردنی بەرفراوانی فۆرمی پەرلەمانیانەی حکومەت لەولاتە تازە سەربەخۆکان ئاماژەی گشتیبوون و بەسوودێتی.

### ٥- فۆرمی حکومەتی سەرۆکایەتی:

سەربەخۆیی و دابڕانی تەواوی ئۆرگانەکانی دەسەلاتی یاسادانان و راپەڕاندن خەسلەتی تایبەتی فۆرمی حکومەتی سەرۆکایەتیە. لەمجۆرە فۆرمەدا سێ ئۆرگانی حکومەت (دەسەلاتی یاسادانان، دەسەلاتی راپەڕاندن و دەسەلاتی داد) لەیەك جوداو لە دەسەلاتدا

هاوڕێـژەن. لـەم ڕووەوە هەریەکـەیان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆو لـە بـواری تایبـەتی خۆیـدا کاردەکات. لەم فۆرمی حکومەتەدا سەرۆکی ڕاپەڕاندن سەرۆکێکی ڕواڵەتی نییە، بەڵکو هـەم سەرۆکی دەوڵەتەو هەم سەرۆکی حکومەتە. کابینەکەی پێکدێت لـەو ڕاوێـژکار، یاریـدەدەرو هاوکارانـەی بەتـەواوی پـەیڕەوی لێدەکـەن و لەبـەردەم ئـەودا بەرپرسـن نـەك لەبـەردەم دەسەڵاتی یاسادانان. لەڕاستیدا ئەندامانی کابینەکەی نـاتوانن لـەنێو ئەنـدامانی دەسـەڵاتی یاساداناندابن. ئەم کەسانە بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتین و مافی پێشنیازکردنی یاسایان نییەو لەدەسـەڵاتی یاسادانانیـشدا نـاتوانن ڕابەرایـەتی شـێوازی داڕشـتنی یاسـا بکـەن. سـەرۆکی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدنیش ئەنـدامی دەسـەڵاتی یاسـادانان نییـەو مـافی بەشـداریکردنی کۆبونەوەکانیـشی نییـەو کـاتی پۆسـت وەرگرتنەکەشـی، کـە دیـاریکراوە، پەیوەنـدی بـە دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە نییـە. بۆ لێپێـچینەوە لـە سـەرۆکی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن بـەپێی دەستور شێوازێکی تایبەت هەیە.

ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا فـۆرمی حکومـەتی سـەرۆکایەتی پەسـەند کـردووە. ویلایەتە پێکهێنەرەکانیشی خاوەنی سیستمێکی سەرۆکایەتیانەی حکومەتن.

### ٦- بەراوردکردنی نێوان حکومەتی پەڕلەمانی و سەرۆکایەتی:

دەکرێت لەچـەند ڕوویەکـەوە فـۆرمی پەڕلەمانیانـەی حکومـەت بـە فـۆرمی سـەرۆکایەتی بەراورد بکرێت:

یەکەم، لە فۆرمی سەرۆکایەتیانەی حکومەتدا سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕانـدن سـەرۆکێکی ڕواڵەتی نییە، وەك لەوەی لەفۆرمی پەڕلەمانیدا هەیە. ئەو سەرۆکی ڕاستەقینەی حکومەتە. دەسـەڵاتی جێبـەجێکردنی حکومـەت لـە ڕووی یاسـایی و پراکتیکـەوە بـەو سـپێردراوە. لەلایەکی دیکەوە لە فۆرمی پەڕلەمانیانەی حکومەتدا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەت دوو کەسی جیاوازن. سەرۆك وەزیران سەرۆکی حکومەتە، لە کاتێکدا کە پاشا لە (بەریتانیا) فەرماندەی گشتی و (لـە کەنـداو و ئوسـترالیا) یـان سـەرۆك کۆمـار (لـە ئـەڵمانیا) سـەرۆکی ڕواڵەتیانەی دەوڵەتەکانی خۆیانن. لەبەر هەمان هۆیە کە سیستمی پەڕلەمانی بـە سیـستمی دوو سەرۆکیش ناودەبرێت، لەبەرامبەردا سیستمی سەرۆکایەتی یەك سەرۆکییە.

دووەم، سیستمی سەرۆکایەتی پشت بەتیۆری جیاکردنەوەی رەهای دەسەڵاتەکان دەبەستێت لە کاتێکدا فۆرمی حکومەتی پەرلەمانی لەسەر یەکێتی و ئاوێتەکردنی دەسەڵات یان جیاکاری رێژەیی دەسەڵاتەکان راگیرە.

سێیەم: لە فۆرمی سەرۆکایەتیدا سەرۆکی دەسەڵاتی راپەراندن بەپێی دەستور لەدەسەڵاتی یاسادانان سەربەخۆیەو ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت لەرێگای دەنگدانی لێسەندنەوەی متمانەوە کەنارەگیری بکات یان بیروخێنێت. لە سیستمی پەرلەمانیدا کابینە گرێدراوی دەسەڵاتی یاسادانانەو ئەم دەسەڵاتە دەتوانێت بەپێشنیازی سەرزەنشتکردن رێگری لە هەنگاوەکانی بکات یان بە دەنگدان بۆ سەندنەوەی متمانە کەنارەگیری بکات.

چوارەم: لە سیستمی سەرۆکایەتیدا کابینە سەرۆك کۆمار پێکیدێنێتو ئەندامەکانی بەشێوەیەکی تاکانە لەبەرامبەریدا بەرپرس دەبن نەك لەبەردەم دەسەڵاتی یاساداناندا. لەلایەکی دییەوە لەسیستمی پەرلەمانیدا وەزیرەکان لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ( پاشا یان سەرۆك کۆمار) بەپێی خواستی سەرۆك وەزیران دادەنێت، بەڵام ئەوانە لەبەردەم دەسەڵاتی یاساداناندا بەرپرس دەبن و راوێژکارە تایبەتەکان یان ئەوانەی پشتی پەردە سیستمی سەرۆکایەتی پێکناهێنن.

پێنجەم، ئەندامانی کابینەی سەرۆکایەتی لەبەرئەوەی ئەندامی دەسەڵاتی یاسادانان نین، ناتوانن یاسادانەرین یان لە دەسەڵاتی یاساداناندا رێنوێنی پرۆسەی دەنگدان بکەن. لە فۆرمی پەرلەمانی حکومەتدا بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەوەیە. وەزیرەکان نەك تەنها ئەندامی دەسەڵاتی یاسادانانن، بەڵکو دەتوانن هەموو یاسایەکی گرنگ دابهێنن و لە پەرلەماندا چاودێری دەنگ لەسەردانی بکەن.

شەشەم، لە فۆرمی سەرۆکایەتیدا خولی پۆست وەرگرتنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاریکراو و جێگیرەو بۆ کەنارەگیرکردنی میتۆدێکی تایبەت لە ئارادایە. لەلایەکی دییەوە لە فۆرمی پەرلەمانی حکومەتدا درێژەی خولی کابینەکە وابەستەی پشتگیری دەسەڵاتی یاسادانانە.

فۆرمی سەرۆکایەتی حکومەت هەم خاوەنی پنتی باش و هەم خەوشی هەیە، کە دروست خالی بەرامبەرە لەگەڵ باشەو خەوشەکانی فۆرمی پەرلەمانی حکومەت. دەکرێت

تازیارەکانی فۆرمی سەرۆکایەتیانەی حکومەت بەمجۆرە کورت بکرێنەوە: گرنتییە بۆ سەقامگیری حکومەت، سیاسەتێکی بەردەوام و هەمیشەیی پیادە دەکرێت، سەرۆکایەتی کۆمار کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراوەو لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانانددا بەرپرس نییە، ئاستێکی شیاوە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکان، باشتر سوود لە خزمەتی پسپۆڕان دەبینرێت، بۆ ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەتنیکی جیاوازن، باشترین جۆری حکومەتە، دڵنیایی سیاسەتەکان دەستەبەرکراوە، رۆحیەتی پارتایەتی بە نزمترین ئاست دەگات.

لەخەوشەکانی سیستمی سەرۆکایەتی دەکرێت ئاماژە بەم بابەتانە بکرێت: سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندن سەرەڕۆ دەبێت، سەختگیریەکانی ناهێڵێت لەگەڵ سەردەمدا هاوهەنگاو بێت، بڕیارەکان لە دواخستنێکی نائاساییدا وەردەگیرێن، بۆ وڵاتێکی خاوەن فراوانیەکی ناوەند نەگونجاوە، بەرپرسیاریەکان گرنتی نەکراوە.

سیستمی سەرۆکایەتی لەگەڵ بوونی دواکەوتوویی و سنورداریەکانی لە ئەمەریکا زۆر سەرکەوتوو بووە. رووداوە مەترسیدارەکان نەیانتوانیوە پایەکانی دیموکراسی سەرۆکایەتی لەو وڵاتەدا بلەرزێنن. لە راستیدا پاش هەر قەیرانێك بەهێزتر بووە، بەڵام ئەم فۆرمی حکومەتە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین هێندە سەرکەوتوو نەبووە[٧].

## پەڕاوێزەکان :

1. Finer,op,cit.p.244
2. willoughby,op,cit.p.305
3. strong,op,cit.p.63
4. Garner, Introdction to…,op,cit.p.378
5. Lasky,Agrammar of…,op,cit.p.101
6. Garner, Introdction to…,op,cit.p.382

٧. Leacock, op.cit.p184 بۆزیاتر لێکۆڵینەوە دەربارەی حکومەتی تاك بونیاد و فیدراڵ بڕوانە: قاضی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١٠-٢٤١

## -١٣-

# حكومەتە تاك فۆرم و فیدرالْیەكان

ئەگەر دەسەلاتی یاسایی حكومەت لە یەك جێگادا چڕبووبێتەوە، حكومەت تاك فۆرم دەبێتو ئەگەر لەنێوان سەنتەرو چەند یەكەیەكی لۆكالْیدا دابەش بوو بێت، حكومەت فیدرالْی دەبێت.

### ١- حكومەتی تاك فۆرم:

لە حكومەتی تاك فۆرمدا حكومەتێكی سەنترالْی بە دەسەلاتدارییەكی تەواوەوە لە ئارادایە. بۆ ئاسانكاری بەڕێوەبردن لەوانەیە ولات بۆ چەند یەكەیەكی پارێزگا، دەڤەرو ناوچەكان دابەش بوو بێت، بەلام بوون و پشكەكانیان پەیوەستە بەخواست و ویستی سەنتەرەوە. هەركاتێك سەنتەر بخوازێت، دەتوانێت ئەو یەكانە بسڕێتەوە یان ئەگەر بەچاكی بزانێت، یەكەی نوێ لە جێگایان دابمەزرێنێت. (فاینەر) بەمجۆرە پێناسەی (دەولەتی تاك فۆرم)ی كردووە: (دەولەتێكە هەموو پشك و دەسەلاتدارییەكان تیایدا لە تاكە سەنتەرێكدا كۆكراوەتەوە، كە ویست و كارمەندەكانی بە شێوەیەكی یاسایی لە سەرانسەری ولاتدا ئامادەییان هەیە[١]). بەبڕوای (فیلۆبی) لە فۆرمی حكومەتی تاك فۆرمدا: (هەموو پشكدارییەكانی حكومەت هەر لە سەرەتاوە بە حكومەتێكی تاك فۆرمی سپێردراوەو ئەم حكومەتە ئازادی تەواوی هەیە بەپێی بەرژەوەندیەكانی خۆی ئەو پشكدارییانە بەسەر بەشەكانی ولاتدا دابەش بكات[٢]). بەوتەی (سترانگ): (دەولەتی تاك فۆرم خاوەنی حكومەتێكی سەنترالْی ڕێكخراوە، هەموو پشكی ناوچە جیاجیاكانی یەك ولاتی ژێر ئیدارەی حكومەتێكی تاك فۆرم بەپێی دیدی ئەو حكومەتە پێیان بەخشراوەو دەسەلاتی سەنترالْی بێئەوەی لە ئەنجامی بەخشینی پشكداری تایبەت بە ناوچەكان بە جۆرێكی یاسایی سنوردار ببێت، لە سەرانسەری ولاتدا بالادەستی هەیە[٣]). بەبڕوای (گارنەر): (لەهەر شوێنێك بەپێی

دەستوور هەموو پشکدارییەکانی حکومەت بەیەك یان چەند ئۆرگانێکی سەنتراڵی درابێت و حکومەتە لۆکاڵیەکان هەموو دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی و لە راستیدا بونیان لەو دەسەڵاتەوە وەربگرن، ئەو سیستمە حکومەتی تاك فۆرم دەبێت(٤).

شرۆڤەکردنی ئەم پێناسانە ئەوە دەردەخات، کە لە حکومەتی تاك فۆرمدا، حکومەتی سەنتراڵی خاوەن هەموو پشکەکانەو یەکپارچەیی دەوڵەت دەپارێزێت. یەکەکانی دیکە تەنها رۆڵی ناوەنجیان هەیەو ئەو ئەنجومەن یان کارمەندانەی پاشکۆی سەنتەرن، کە بەپێی خواست و لە روانگەی بەرژەوەندی حکومەتی سەنتەرەوە دروستبوون، لەوانەیە بەرمەبنای پێداویستی بەرێوەبردن پشکی دیاریکراویان پێدرابێت. بۆنموونە، لەبەریتانیا بەرپرسە لۆکاڵیەکان دەسەڵاتداری تەواون، بەڵام دەسەڵاتەکەیان لەسەنتەرەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەگەری ئەوە هەیە لێیان زەوت بکرێت. بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، بەلژیکا، ژاپۆن و ئێران لە نموونەی حکومەتە تاك فۆرمەکانن.

### أ/ شایستەیی حکومەتی تاك فۆرم:

حکومەتی تاك فۆرم ئەم لێوەشاوەییانەی هەیە:

١- **کاریگەرترین فۆرمی حکومەت:** بڕیار دەربارەی هەموو بابەتە گرنگەکان لە یەك سەنتەری گشتیدا دەدرێت. چڕبوونەوەی دەسەڵات زیاتر لە پەرتوبڵاوبوونی گرنتی حکومەتێکی بەهێز دەکات.

٢- **سادەیی رێکخراوەیی:** دەستوور ئەرکی دیاریکردنی فۆرمی حکومەتی لە سەرانسەری وڵاتدا لە ئەستۆدایە.

٣- **گونجاویی زۆر.** حکومەتی تاك فۆرم بە بەراوردکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی توانای گونجاوی زۆرتری هەیە. بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی سەردەم بە ئاسانی مایەی ریفۆرمسازییە. لەلایەکی دییەوە، فۆرمی فیدراڵی حکومەت تا رادەیەك سەختەو هەمیشە لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمدا توانای هەماهەنگیکردنی نییە.

٤- **یەکترنەبڕین یان ناکۆکی دەسەڵاتەکان.** فۆرمی حکومەتی تاك فۆرم بەهۆی یەکبونیەوە مایەی سەرنج لێدانە. هەموو تازیارەکانی حوکمڕانێتی لە سەنتەردا چڕبۆتەوە.

ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حکومەت بەشی دانەبڕاوی یەك پارچەی میکانیزمی بەڕێوەبردن پێکدێنن. لەو ڕووەوە پرسی یەکتربڕین یان ناکۆکی دەسەڵات لەئارادا نابێت. لە سەرانسەری وڵاتدا یەك ریتمی یاساو بەڕێوەبردنی هەیە. لەلایەکی دییەوە، حکومەتی فیدراڵ یەکێتی ئامانج و ڕێکخراوەیی نییە.

٥- **بەهێزی سیاسەتی ناوخۆی و دەرەکی:** لەبەرئەوەی هەموو پشکەکان لە سەنتەردایە، ئەگەری ئەوە هەیە لێبڕاوانە سیاسەتە ناوخۆیی دەرەکیەکان دابڕێژرێت و بەنەترسیەوە پیادە بکرێن. لەم فۆرمی حکومەتەدا بڕیاری دەمودەستانەو خێرای کارکردن زۆرە.

٦- **تێچوونی کەم:** حکومەتی تاك فۆرم بەشێوەیەکی ڕێژەیی تێچوونی کەمە، چونکە لەسەر ئاستی ناوچەیی چەند هێندەی دامودەزگای سیاسی بوونی نییە.

٧- **گونجاوە بۆ وڵاتە بچوکەکان:** دەوترێت کە حکومەتی تاك فۆرم بۆ وڵاتانی بچوك و کەم دانیشتوانی خاوەن یەکپارچەیی و کەلتوری وێکچوو شیاوترین فۆرمی حکومەتە.

٨- **یەکپارچەیی وەفاداریی هاوڵاتیان:** بە پێچەوانەی فۆرمی فیدراڵی لە حکومەتی تاك فۆرمدا وەفاداریی هاوڵاتیان بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە. لە حکومەتی فیدراڵیدا هاوڵاتیان هەم بۆسەنتەرو هەم بۆ هەرێمەکەی خۆشیان وەفادار دەبن. سیستمی لەوجۆرە تۆوی جوداخوازی لەناو یەکەکاندا دەچێنێت. سیستمی تاك فۆرم لەو مەترسیانە دوورەو هاوڵاتی تیایدا دابەش نابن.

**ب/ خەوشەکانی حکومەتی تاك فۆرم:**

حکومەتی تاك فۆرم خەوشیشی هەیە، لەوانە:

١- **پایەماڵکردنی دەسپێشخەری لۆکاڵی:** چڕبوونەوەی بەرفراون و نزمبوونەوەی یەکە لۆکاڵیەکان بۆ پێگەیەکی کارمەندانەی رووتی سەنتەر دەسپێشخەری لۆکاڵی لەناو دەبات و زیان بەتوانستی ژیانی حکومەتە لۆکاڵیەکان دەگەیەنێت، کە بۆسەرکەوتنی دیموکراسی بنچینەیین، چونکە حکومەتی سەنتراڵی ئاگایەکی تەواوی سەبارەت بە پرس و پێداویستیە لۆکاڵیەکان نییە.

٢- **تاکرەوی سەنتەر:** دەسەلاّت حەزی بە گەندەڵیەو دەسەلاّتی رەها بە شێوەیەکی رەها گەندەڵ دەبێت. بەخشینی دەسەلاّتی رەها بە سەنتەر زۆرجار کاریگەری گەندەڵبوونی لەسەر دروستکردوەو سەنتەر بەرەو تاکرەوی پاڵ پێوەدەنێت. بەوتەی (لاسکی): (... چڕبوونەوەی زۆر لە دەوڵەتی نوێدا دوژمنی گەورەی ئەو سیستمە یاساییەیە کە پێویستە، چونکە تەنها لە جێگایەکدا، کە دەسەلاّت بەفراوانی بلاّوبووبێتەوە، سنورداریەکی کاریگەری بەسەر خاوەنەکانیەوە هەیە[٥]).

٣- **بێدەسەلاّتی سەنتەر بەرامبەر پرسە لۆکاڵیەکان:** لەم چەرخی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیەدا چالاکیەکانی حکومەت لایەنی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. حکومەتی سەنتراڵی کاتی تەواوی لەبەردەستدا نییە بۆ لە ئەستۆگرتنی پرسە لۆکاڵیەکان. لەمڕووەوە ئەو پرسانە لەبەردەم ئەگەری پشتگوێخستندان. بەواتایەکی دیکە، سەنتەر سەبارەت بە پرسە پەرەسەندووەکانی بوارە لۆکاڵیەکان ئاگایی تەواوی نییەو سەرئەنجام بوارەکان دوچاری زیانی گەورە دەبن. (لاسکی) دروست ئەوەی دەربڕیوە، کە: (ناکرێت تەواوی سوودەکانی حکومەتی دیموکراسی بەدەست بێت، مەگەر ئەوە پەسەند بکرێت، کە هەموو پرسەکان سەرتاسەری یان سەنتراڵی نین و بۆ چارەسەرکردنی ئەوجۆرە کێشانەی پەیوەندییان بە سەرانسەری ولاّتەوە نییە دەبێت، لەو ناوچەیەدا کەسانێك چارەسەری بکەن کە هەست بەقوڵی کێشەکە دەکەن).

٤- **هەڵوەشاندنەوەی ئاسان:** رەخنەگران دەرکیان بەوە کردووە، کە سیستمی تاك فۆرم لەوانەیە لەژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا بە ئاسانی هەڵبوەشێت. لەبەرامبەر مەترسیەکی لەوجۆرەدا بوونی چەند سەنتەرێکی دەسەلاّت وەك پارێزەرێکە، کە تەنها لە فیدراڵیدا هەیە نەك لە حکومەتی تاك فۆرمدا.

(گارنەر) بۆ پوختەکردنی کەموکوڕییەکانی حکومەتی تاك فۆرم وتویەتی: (حکومەتی تاك فۆرم دەسپێشخەری لۆکاڵی سەرکوت دەکات و لەبری هاندان بۆ گرنگیدان بە پرسە گشتیەکان، لەناوی دەبات و زیان بە ژیانی حکومەتە لۆکاڵیەکان دەگەیەنێت و ئاسانکاری بۆ فراوانبوونی بیرۆکراسی چڕبۆوە دەکات[٦]).

**٢- فيدراڵ و كۆنفيدراڵ ( فيدراسيۆن و كۆنفدراسيۆن ):**

وشەی فيدراڵ لە وشەی لاتينی (Foedus) وەرگيراوە، كە بەواتای پەيمان يان ڕێكەوتن دێت. فيدراڵ كاتێك پێكدێت، كە دوو يان چەند وڵاتێكی سەربەخۆ ڕێكدەكەون دەوڵەتێكی نوێ پێكبێنن و حوكمڕانێتی خۆيانی پێ بسپێرن يان كاتێك، كە يەكە ئيدارييەكانی بەشێك لە وڵاتێكی ژێر دەسەڵاتی حكومەتێكی تاك فۆرم ڕەزامەندی سەنتەر بۆ ئۆتۆنۆمی خۆيان بەدەستدێنن. ڕەوتی يەكەم بە (تێكەڵكردن)و ڕەوتی دوەم بە (دابەشبوون) ناوزەد كراوە.

كاتێك هەندێك وڵات لەڕووی دواكەوتوويی ئابووری يان لاوازی سەربازييەوە خۆبەخشانە ڕازی دەبن يەك بگرن، ئەوا يەكێتيەكی فيدراڵی پێكدێنن. يەكێتيەكی لەو بابەتە بە پەيمانێك يان ڕێكەوتننامەيەك دروست دەبێت، دەوڵەتێكی نوێ پێكدێت و لايەنە هاوپەيمانەكان حوكمڕانێتی خۆيانی پێدەبەخشن. هەندێكجاريش دەوڵەتانی بەهێزيش فيدراڵی پێكدێنن. ويلايەتە يەكگرتوەكانی ئەمەريكا نموونەی ئەو جۆرە فيدراسيۆنەيەو وڵاتانی ديكەی وەك ئەڵمانيای فيدراڵ، كەنەدا، ئوستراليا و هيندستان لەو گروپەن. ئەگەر ڕەوتی يەكێتی ئەوروپا بەردەوام بێت ئەگەری ئەوە هەيە لە ئايندەدا ويلايەتە يەكگرتوەكانی ئەوروپا پێكبێت. لە حكومەتی فيدراڵيدا حكومەتی سەنتەر سەبارەت بە پرسە گشتيەكانی وابەستەی بەرژەوەندی گشتی يان هاوبەش، وەك پرسەكانی سوپاو ئاسايش، ئابووری و دارايی و پرسە دراويەكان، سمبولە نيشتمانيەكان و سياسەتی دەرەكی بڕيار دەدات و هەنگاو هەڵدەگرێت و يەكە لۆكاڵيەكان يان پێكهێنەرانی فيدراسيۆن ئەو كاروبارانە ئەنجام دەدات، كە لە ڕووی لۆكاڵييەوە گرنگن. دابەشكردنی پشكەكان لەنێوان سەنتەرو يەكەكاندا پەيماننامەی پێكهێنانی فيدراسيۆن يان دەستووری فيدراڵی دياری دەكات. لەم جۆرە فيدراسيۆنەدا جيابوونەوە تەنها لە ڕێگەی پرۆسەيەكی ياسايی و فەرمی بڕيار لێدراو لە دەستورەوە مەيسەر دەبێت.

هەروەك وترا، فيدراڵی لە ڕێگەی پرۆسەی (دابەشبوون) يشەوە دێتە ئاراوە. كاتێك دەوڵەتێكی تاك فۆرمی خاوەن خاكێكی بەرفراوان بيەوێت لە ڕيگای پەسەندی جۆراوجۆرەوە يەكێتی سەرتاسەری بپارێزێت يان كاتێك بەشەكانی خوليای ئۆتۆنۆميان هەبێت، فيدراڵی دێتە ئاراوە. حكومەتی سەنتەر پرسەكانی هاوبەندی بەرژەوەندييە

گشتیەکان بۆخۆی گلدەداتەوەو لە کاتێکدا پشکەکانی دیکە بە یەکە ئۆتۆنۆمەکان دەدات. ئەو دۆخە بەهۆی دەستوورێکەوە دێتە ئاراوەو تەنها لە رێگەی ئاسایی هەموارکردنی دەستوورەوە مایەی گۆڕانکارییە. (کەنەدا)ی فیدراڵ نموونەی ئەو جۆرە فیدراسیۆنەیە.

فۆرمی فیدراڵی هەرجۆرێك بێت، تێکەڵبوون یان جیابوونەوە، سیستمی فیدراڵی دوو جۆر حکومەتی هەیە: حکومەتی سەنترالی، حکومەتە لۆکاڵیەکان. لە فیدراڵەکاندا بەرمەبنای دەستور پشکەکان لە نێوان سەنتەرو هەرێمەکاندا دابەشکراوەو ناتوانرێت ئەم دابەشکردنە یەك لایەنە بگۆڕێت.

(مۆنتسکیۆ) بەمجۆرە پێناسەی فیدراڵی کردووە: (پەیمانێکە، کە بەهۆیەوە چەند دەوڵەتێکی بچوك رەزامەندی دەردەبڕن ببنە ئەندامی دەوڵەتیکی گەورەتر، کە خۆیان دەیانەوێت پێکیبێنن). بەبڕوای (گارنەر) حوکمەتی فیدراڵی حکومەتێکە، کە (حوکمڕانێتی یان دەسەڵاتی سیاسی تیایدا بەجۆرێك لە نێوان حکومەتی سەنتەرو حکومەتە لۆکاڵیەکاندا دابەشکراوە، کە هەریەکەیان لە چوارچێوەی خۆیدا سەربەخۆیە لەوی دیکە[٧]).

بەرلەوەی درێژە بە لێکۆڵینەوەی حکومەتی فیدراڵ بدەین، پێویستە بەچەند خاڵێك ئاماژە بە جیاوازی نێوان فیدراڵی و کۆنفدراڵی بدرێت. فیدراڵی سویسرا ناونیشانە فەرمیەکەی ( کۆنفدراڵی سویسرا)یە. لەو روەوە لەوانەیە ببێتە هۆی شڵەژانی هزری. بەڵام ئەو دووانە، واتە فیدراڵی و کۆنفدراڵی، ناکرێت و نابێت لەجیاتی یەکدی بەرکاربهێنرێن. هەندێك لە لێکۆلیارانی وەك (داسیی) جیاوازی نێوان ئەو دووانەیان لەبەرچاو نەگرتووە. فیدراڵی و کۆنفدراڵی لە سێ روەوە لە یەکتری دەچن: ١) هەردوکیان لەیەك ریشەی (foedus) وە هاتوون. ٢) هەردوکیان یەکگرتنی نێوان دەوڵەتانی سەربەخۆو حوکمڕانن. ٣) هەردوکیان یەك سەنتەری هاوبەش پێکدێنن. بەڵام هاوشێوەیی نێوان ئەم دووانە هەر لەوێدا کۆتاییان دێت و جیاوازی گرنگیش لەنێوانیاندا هەیە:

**یەکەم**، کۆنفدراڵی یەکێتی دەوڵەتانی سەربەخۆ و حوکمڕانە، کە بۆ هەندێك مەبەستی هاوبەش یەکیانگرتووە. لەدیدی یاساییەوە هەریەکە لەو دەوڵەتانە هەرکاتێك بیانەوێت، مافی جیابوونەوەیان هەیە. بەواتایەکی دی، کۆنفدراڵی هەمیشەیی نییەو مایەی هەڵوەشاندنەوەیە، بەڵام فیدراڵی یەك دەوڵەتەو یەکەکانی پێکیدێنن تەنانەت ئەگەر پێش

پێکهێنانی فیدراسیۆنەکەش سەربەخۆو حوکمڕان بووبن، لەوەودوا حوکمڕان و سەربەخۆ نین. یەکێتیەکی لەوجۆرە لە رووی یاساییەوە مایەی هەڵوەشاندنەوە نییە.

**دووەم**، لە فیدراڵیدا حوکمڕانیەکی نوێ سەرهەڵدەدات. کاتێك دەوڵەتەکان دەست لە حوکمڕانێتی تاکانەی خۆیان هەڵدەگرن و فیدراسیۆنێك پێکدێنن، حوکمڕانیەکی نوێ سەرهەڵدەدات. لە کۆنفدراڵیدا بەوجۆرە نییە، چونکە یەکەکانی پێکیان هێناوە، حکومڕانێتی تاکانەی خۆیان دەپارێزن، لەبەرئەوەیە کۆنفدراڵی بەیەکگرتنی دەوڵەتانی سەربەخۆو حوکمڕان دانراوە.

**سێیەم**، لە کۆنفدراڵیدا یاساکانی هەر دەوڵەتێك هەرچۆنێك بێت، وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە فیدراڵیدا یاسای نوێ دادەنرێت. بەوتەی (لیکاك): (لە کۆنفدراڵیدا یاسای کۆنفدراڵی بوونی نییە. هەموو جۆرە بڕیارێکی گشتی و هاوبەش لەلایەن لیژنەیەکی سەنتراڵی کۆنفدراسیۆنەوە دادەرێژرێت و پیادەکردنی لەلایەن هاولاتیانی هەموو دەوڵەتەکانەوە ناچارییە. لەو روەوە ناچارییە چونکە هاوڵاتیانی ناو دەوڵەتی ئەندام وەك یاسا پەسەندیان کردووە[٨]).

**چوارەم**، لە کۆنفدراڵیدا هاوڵاتی تاك هەیە، چونکە هەموو تاکێك وەك هاوڵاتی وڵاتەکەی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە فیدراڵیدا هاوڵاتی جمك دروست دەبێت. لەگەڵ ئەوەی تاك هاوڵاتی یەکەی پێکهێنەری فیدراسیۆنە هاوڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی تازە پێکهێنراویشەو خۆبەخۆ لەهەمان کاتدا ئەرك و مافی نوێی لەناو دەوڵەتی نوێدا دەبێت. لە بەرامبەردا تاك لە کۆنفدراڵیدا هیچ مافێکی نابێت و چاوەڕوانی ئەرکیشی لێناکرێت.

**پێنجەم**، لە فیدراڵیدا دەوڵەتی نوێ دروست دەبێت. بەمپێیە بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەو فیدراسیۆنە پێکدێنن، ئیدی سەربەخۆ نابن و حکومەتێکی هاوبەش سەرهەڵدەدات. دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی راپەڕاندنی هاوبەش دروست دەبێت. بەڵام کۆنفدراڵی بەتەواوی گردبوونەوەی دەوڵەتەکانەو دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندنی هاوبەش پێکناهێنن. ویست و خواستی کۆنفدراڵی ئەنجومەنێکی هاوشێوەی یاسادانان لە چوارچێوەی رێسایەکدا بەرجەستەی ناکات، بەڵکو ئەو ویستە لەلایەن لیژنەیەکی دیپلۆماسی یان کۆنفرانسێکی دیپلۆماسی باڵوێزان یان نوێنەری ئەو دەوڵەتانەی

کۆنفدراسیۆنەکەیان پێکهێناوە لە فەرمانێك یان ڕێکەوتننامەکاندا بەرجەستەی دەکەن. ئەنجومەنەکانی نوێنەران بەپێی ڕێسای حکومەتەکانی خۆیان دەنگ دەدەن. ڕێکەوتنە دەنگ بۆ دراوەکانیان ناچاری نین و ئەو گوتارانەی بۆ ئۆرگانەکانی دەوڵەتانی ناو کۆنفدراسیۆنەکە دەرچوون، بەشێوەیەکی ئاسایی تا ئەو دەمەی هەریەك لە دەوڵەتە ئەندامەکان بەپێی ڕێچکەی یاسایی دەنگی بۆ نەدەن، پیادە ناکرێن.

لە مێژوودا گەلێك نموونەی کۆنفدراڵی هەبووە. بەگشتی دەوڵەتە هاوسێکان (بۆ ئامانجی بەرگری و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی هاوبەش) ئارەزوویان لە یەکگرتن کردووە. لەیۆنانی کۆندا گەلێك کۆنفدراڵی هەبووە. بۆنموونە، کۆنفدراڵی دلۆس، کۆمەڵگای ئاژەو کۆنفدراڵی لیسیا.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵگای هانسیاتیك ناسرا. لە (١٥٧٦) پێنج ویلایەتی هۆڵەندا کۆنفدراڵییەکیان دژ بە ئیسپانیا پێکهێنا. کۆنفدراڵی (١٨١٥– ١٨٦٧)ی ئەڵمانیا، (١٧٨١– ١٧٨٩) لە ئەمەریکا، کۆنفدراڵی سویسرا لە (١٨١٥– ١٨٤٠) لە نموونە زەقەکانی کۆنفدراڵین.

لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوە کورتە دەربارەی کۆنفدراڵی لە درێژەی باسکردنی فدراڵیدا دەکرێت بوترێت، کە فۆرمی فیدراسیۆنی حکومەت لە وڵاتە گەورەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە. لەمجۆرە وڵاتانەدا هەمەجۆری کەلتورو زمانەکان، خواستە سیاسیەکان و ئامانجە نەگونجاوەکانی خەڵکی لەپاڵ یەکیتی نیشتمانیدا ئۆتۆنۆمی ناوچەییشی دەکردە کارێکی پێویست. لەوەش زیاتر، فیدراڵ سەرچاوەی پەروەردەکردنی سیاسیانەی خەڵکەو ئەنگێزەیان بۆ پرسەکانی خۆیان دەبزوێنێت. تازیارە ئابوریەکانی فیدراڵیش مایەی جەخت لەسەرکردن و ئاوڕلێدانەوەیە. متمانەی نێودەوڵەتی وڵاتە گەورەکانی وەك ئەمەریکاو کەنەدا بەهۆی یەکێتی فیدراڵە گەورەکەیانەوە پارێزراوە.

زۆربەی نیگەرانیەکانی ڕەخنەگرانی فیدراڵی بێبنەما بووە. هیچ گۆڕانێك بەسەر سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکادا نەهاتووەو هیچ شڵەژان و ناهەمواریيەکی ناوخۆیی لەماوەی ئەو ساڵانەی دامەزراوەی فیدراڵی تێدا دروستکراوە، نەبینراوە. لە ئەمەریکا ویلایەتەکانی

باشور هەوڵیان بۆ جیابوونەوە یان دابڕان داوە، بەڵام بێهودە بووەو چاوی ویلایەتەکانی دیکەی کردۆتەوە. لەبەرئەوە ترس لە دابەشبوون خەیاڵیەو دەکرێت بەو دەرئەنجامە بگەین، کە فۆرمی فیدراڵی حکومەت نەك تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانەی ئەو فۆرمەیان هەڵبژاردووە سوودبەخش بووە، بەڵکو بۆ جیهانێکی نارێکخراو، کە دواجار لەوانەیە بە بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە دەوڵەتە سەربەخۆو حوکمڕانەکان بیرۆکەی حوکمڕانێتی جیهانی پەسەند بکات، مەشخەڵی هیوایەکی هەڵکردووە[٩].

## پەراوێزەکان:

1. Dillon,op.cit.p.115
2. lbid.p116

٣.منتسکیۆ، پێشوو، ل١٦٠

4. Finer, op.cit.p.161
5. Sabine, op.cit.p.152
6. Kapurm op.cit.p.416

٧. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی سیستمە پەڕلەمانی و سەرۆکایەتیەکان بڕوانە :

قاضي، پێشوو ل ٣٧٨–٣٨٤ ابوالحد، مبانی سیاست ، پێشوو ل ١٩٦–٢١٠و

هەروەها،

Ballm op.cit.p.41-44. Kapurm op.cit.p.378. Agrawal, op.cit.p.326-338.

8. Leacock,op.cit.p.184.

٩.بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی حکومەتە تاك فۆرمو فیدراڵیەکان بڕوانە:

سەرچاوەی پێشوو، قاضی ص٢٩٣–٢٤١

## -١٤ -

# ( پارتە سیاسیەکان، گروپەکانی فشار )

سەردەمەکەمان سەردەمی دیموکراسی نوێنەرایەتییە. ئەم جۆرە دیموکراسییانە بەبێ بوونی کەسانی هاوبیر، کە هاوکارانەو هەماهەنگ کار بکەن، بەگران دەتوانن ئەرکەکانیان راپەڕێنن. تا ئەو دەمەی نوێنەرانی خەڵك لەپارتە سیاسیەکاندا رێکنەخرابن، ئەنجومەنی یاسادانان لە کەسانێك پێکدێن کە ناتوانن بەشێوەیەکی گونجاو و رێکوپێك کاربکەن. لەراستیدا حکومەتی نوێنەرایەتی لەپێودانگی نەتەوەییدا بەبێ بوونی پارتی سیاسی رێکخراو مایەی وێناکردن نییە.

### ١- پێناسەو جەوهەری پارتە سیاسیەکان:

پارت لە چەمکی گشتیدا گردبوونەوەی ئەو کەسانەیە، کە سەبارەت بە هەندێك پرس دیدی هاوبەشیان هەیەو دەیانەوێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان هاوکارانە کار بکەن.

(ئەدمۆند بورك) بەمجۆرە پێناسەی پارتی سیاسی کردووە: (گروپێك خەڵکە، کە لە پێناوی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی نیشتمانی بە کۆششی هاوبەش لەسەر بنەمای هەندێك پرەنسیپی سیاسی هاوڕا یەکیانگرتووە[١]). بەبڕوای (گتل): (پارتی سیاسی لە گروپی هاولاتیانی کەموزۆر رێکخراو پێکهاتووە، کە وەك یەکەیەکی سیاسی کاردەکەن و بە بەکارهێنانی مافی دەنگدانی خۆیان دەیانەوێت دەسەلات بگرنەدەست و سیاسەتە گشتییەکانی خۆیان پیادە بکەن[٢]). بەبڕوای (جیل کریست) پارتی سیاسی (گروپێکی رێکخراوی هاولاتیانە، کە خاوەنی دیدی سیاسی هاوبەشن و بە کارکردنیان وەك یەکەیەکی سیاسی هەولدەدەن دەسەلات بگرنەدەست. ئامانجی بنەڕەتیانەی پارتێك ئەوەیە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتەکانی خۆی لەسەر ئاستی سیاسی پەرەپێبدات[٣]). لە روانگەی

(لیکاك)ـەوە پارتی سیاسی: (ئەو گروپە کەموزۆر رێکخراوەی هاوڵاتیانە، کە وەك یەکەیەکی سیاسی پێکـەوە کاردەکـەن، لـە پرسـە گشتییەکاندا ئایدیۆلۆژیای هاوبەشیان هەیـەو بـە بـەکارهێنانی مـافی دەنگـدان لەبەرامبـەر ئامـانجی هاوبەشـدا هەوڵـدەدەن دەسـەڵات بگرنەدەست[٤]). (ماکیڤەر) بەمجۆرە پێناسەی پارتی سیاسی کردووە: (گردبوونەوەیەکی رێکخراوە لەپێناوی پاراستنی هەندێك پرنسیپ یان سیاسەتەکان، کە لـەرێگای یاساییەوە هەوڵدەدەن حکومەت بگرنەدەست[٥]).

(مـاکس ڤێبـەر) لەگـەڵ ئـەوەی جیاکـاری لـەنێوان گروپـەکانی دەسـەڵاتخوازو پارتـە سیاسـیەکاندا کـردووە، لـەو بـاوەڕەدابوو، کـە پارتـە سیاسـیەکان کـراوەن، واتـە پارتـە سیاسیەکان کراوەیە بە رووی هـەموو کەسـێك کـە بیـەوێت ببێتـە ئەنـدام، بـەڵام سـەبارەت بەگروپی دەسەڵاتخوازەکان پەسەندکردنی ئازادانە بوونی نییە. (رۆبەرت میشێلز) وتویـەتی: (هەموو رێکخراوێکی سیاسی لەسەر بنچینەی دیموکراسی نوێنەری دەسەڵاتی ئۆلیگارشییە. لە هەموو شوێنێك دەنگدەران و دەنگپێدراوان دەبینین، هـەروەها لـە هـەموو جێگایـەکیش دەبینین، کە دەسەڵاتی رابەرە هەڵبژێراوەکان بەسەر دەنگدەرانـدا تارادەیـەك بێسنوورە). (میـشێلز) لـەو بـاوەڕەدابوو، کـە تەنانـەت لـەناو پارتـە دیموکراسـییە کۆمەڵایەتیـەکان یـان سۆشیال دیموکراتەکانیـشدا حـەزو ئـارەزووی ئۆلیگارشـیانە هەیـە، کـە سـەرەنجامی ئـەوە شوێنگەی رابەرەکان لە پەیوەندییاندا لەگەڵ پەیڕەوکانیان بـەهێز دەبێـت. بەڵگـەی بـوونی ئەم ئۆلیگارشیە لەلایەکەوە تەکنیکییە (رێکخراو بەپێی پێویست واتە بوونی ئۆلیگارشـی) و لەلایەکی دیکەوە سایکۆلۆژییە (بۆ نموونە، هاوبەندی و وەفاداری چینی کرێکار).[٦] بەوتـەی (جۆزیف شومپیتەر)، یەکەمین و گرنگترین ئامانجی هەموو پارتێکی سیاسی ئەوەیە بەسـەر ئەوانی دیکەدا (تاك یان پارت) باڵادەست بێت تا بگاتە دەسەڵات یان تیایدا بمێنێتەوە.[٧]

لەسەر بنچینەی پێناسەکانی سەرەوە دەکرێت بنەماکانی پارتە سیاسـیەکان بـەمجۆرەی خوارەوە دیاریبکرێت: ١- هاودیدییەکی دیاریکراو سەبارەت بە پرنسیپی بنـەرەتی لـەنێوان ئـەو کەسـانەی پـارتی سیاسـی پێکـدێنن. ٢- رێکخراوبـوونی خـەڵك و هـەبوونی پێکهاتـەو فەلـسەفەیەکی تـەواو گونجـاو. ٣- تەقـەلادان بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجـەکان لـە رێگـا دیاریکراوەکـانی دەسـتورەوە. ٤- هەوڵـدان لـەپێناوی گەشـەکردن و دەسـتەبەرکردنی

بەرژەوەندی نیشتمانی نەك بەرژەوەندی لۆكالّی یان ناوچەیی. ٥- ململانیٚ بۆ وەرگرتنی دەسەلاّتی سیاسی لەپێناو دەستەبەركردنی بەرژەوەندی گشتی. ٦- بوونی رابەرێكی كاریزمی و ئولیگارشی لەناو خودی رێكخراوی پارتدا. پارتە سیاسیەكان هەولّدەدەن دەسەلاّت بۆ رابەرەكان زامن بكەن و لەو رووەوە لە سیستمی پارتایەتیدا سەركردایەتی رابەران جیاناكرێتەوە.

هەندێك لە لێكۆلّیاران بۆ پێكهێنانی پارت چەند مەرجێكیان بە پێویست داناوە، لەوانە (جۆزیف لاپالومبار) و (مایدۆن وینەر) رایانگەیاندوە، كە بۆ پێكهێنانی پارت چوار مەرج پێویستە: ١- بوونی رێكخراوی پایەداری سەنترالّی. ٢- بوونی جۆرە لقێك كە گرێدراو و هاوبەندی سەنتەر بن. ٣- پشتیوانی خەلّكی. ٤- هەولّ و تەقەلا بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاّتی سیاسی.[٨] بەوتەی (بێلّ) ئەوە ئامانجی گەیشتن بە دەسەلاّتی سیاسییە كە پارتە سیاسیەكان لە گروپەكانی دیكەی سیستمی سیاسی جیادەكاتەوە. هەرچەندە ئەم جیاكارییەش هەندێكجار روون نییە بە تایبەتی سەبارەت بە گروپەكانی فشار.[٩]

بە وردبوونەوە لەو بنەماو مەرجانە دەكرێت پارتی سیاسی بەمجۆرە پێناسە بكرێت: پارت گردبوونەوەیەكی پایەداری گروپی خەلّكە، كە خاوەنی ئایدیۆلۆژیای هاوبەش و پێكهاتەی رێكخراون و بەپشتیوانی خەلّكی لە پێناوی گەیشتن بە دەسەلاّتی سیاسی لەرێگای یاساییەوە ململانیٚ دەكەن.

### أ- ئاخیزگای پارتە سیاسیەكان:

پارتی سیاسی داینەمۆی ئامێری دیموكراسییە. هەرچەندە پارتە سیاسیەكان پێشینەیەكی دوورتریان لە دیموكراسی نویٚ هەیە، بەلاّم گەشەكردنیان هاوكاتی پەرەسەندنی دیموكراسی بووە. سەبارەت بە دێرینەیی پارتەكان، بۆ نموونە، دەتوانرێت بوترێت، كە لە رۆما خەلّكی بەسەر دوو گروپی پارتریسین و پلەبین دابەش ببوون. تەنانەت لە سەدەكانی ناوەڕاستیشدا دوو گروپی گلفەكان و گیبیلینەكان ئەلّمانیایان بۆ دوو كامپی دژبەیەك دابەشكردبوو. گلفەكان لایەنگریان لەپاپاكانو گیبیلینەكان لە ئیمپراتۆرەكانی ئەلّمانیا دەكرد. ناشبێت چاو لەوە بپۆشرێت، كە گروپە نەیارەكان، بەجۆرێك لە جۆرەكان

هاوبەندی دەزگا حوکمڕانییەکانی حکومەت بوون. هەروەها ئەوانە لە جەوهەردا زیاتر گروپ بوون تا پارت وەك چەمکە نوێیەکەی. لە رووی تەکنیکەوە سیستمی پارتایەتی نوێ و حکومەتی پارتی نوێ وابەستەی بەشداریکردنی بەریتانیایە لە سیاسەتدا. لە رووی مێژووییەوە سیستمی پارتایەتی لەگەڵ گەشەکردنی دەستووری ئینگلستان و لە بنەمادا لەگەڵ بزاوتی ئارەزووکردن بۆ دەستوور پەیوەندییەکی نزیکی هەبوو. لەمڕووەوە سیستمی پارتایەتی لە ئینگلستان وەك پێشڕەوی پارتی سیاسی نوێ سەیر دەکرێت. لە دیدی هەندێك لە توێژەران لە سەردەمی شاژنە (ئەلیزابێس)دا (پیوریتاکان) وەك گروپێکی خاوەن سیاسەتی ئاینی و سیاسی تایبەت پارتی سیاسییان پێکهێنابوو. بەڵام هێڵی ئاشکرای پارت لەسەردەمی (ستیوارت)ـەکان، کە پاشاو پەرلەمان رووبەڕووی یەکدی ببوونەوە، فۆرمەلە بوو. لەکاتی ئەو رووبەڕوو بوونەوەیەدا سەرانی کڵێساو دەوڵەت نەیاری حکومەتی ستەمگەر بوون. بەڵام (شوالیە)کان پشتگیری حکومەت و دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی پاشا بوون و بەخێرایی لە جەنگی ناوخۆیدا گروپگەلی نەیاریان پێکهێنا. زۆر زوو هەرپاش گێڕانەوەی چارلزی چوارەم ئەو گروپانە بەناوی (ویگەکان) و (تورییەکان) ناسران. (ویگەکان) دەیانویست پاشا لەڕێگای پەرلەمانەوە سنوردارو مەرجدار بێت، لەکاتێکدا (تورییەکان) بڕوایان بە پاشایەتی ستەمگەر هەبوەو لە دامەزراوەو ئەرکەکانی حکومەتدا داخوازی هیچ گۆڕانێك نەبوون. لەگەڵ سەرهەڵدانی پاشایەتی زنجیرەی (هانۆڤەر)دا (ویگەکان)، کە تا ئەو دەمە دژ بە پاشای ستەمگەر بوون، بۆ لایەنگرو وەفاداری پاشایەتی نوێ گۆڕان. لەلایەکی دیکەشەوە، (تۆرییەکان) کەوتنە بەرەی بەرامبەرەوە. بۆ ماوەیەك پارتەکان وەك گروپگەلی رووت دەرکەوتن. بەڵام لەسەردەمی جۆرجی سێیەمدا پارتە لیبرال و محافیزەکارەکان پێکهاتن. پارتی لیبراڵ لایەنگری لە ریفۆرم و پێشکەوتن کردو داوای بەرفراوانکردنی دەنگدان، سڕینەوەی ئاستەنگە ئاینی و سنووردارییەکانی سەر پیشەسازی و بازرگانی و بەدەنگ گەیاندنی یاسای باشترکردنی ژیانی کرێکارانی دەکرد. لەلایەکی دیکەوە، پارتی پارێزگاران لایەنگری لە سیستم و ئاسایش و سیاسەتێکی دەرەکی توندوتۆڵ کرد. محافیزەکارەکان داکۆکیان لە خاوەن تازیارو بەرژەوەندییەکان کردو لەبەرامبەر تازەگەریە مەترسیدارەکاندا بەرگرییان نواند. پشتیوانییان لە سەرمایەداری کردو رێزی لەرادەبەدەریان

بـۆ پاشـا هــەبوو. لــە ســەرەتای ســەدەی بیــستدا پــارتێکی دی وەك نوێنــەری دیــدی سۆشیالیستی سەریهەڵداو سەرەنجام پاشەکشەیان بە لیبڕالەکان کرد. لەو ڕووەوە ئێستا لـە ئینگلستان دوو پارتی سەرەکی (پارتی کـار) و (پـارتی پارێزگـاران) لـەباری ململانێـدان بـۆ بەدەستهێنانی ڕای جەماوەر.(١٠)

دانەرانی دەستوری ئەمەریکا نەیاری دامەزراندنی پارتی سیاسی بوون. (جـۆرج واشـنتن) ئاماژەیـداوە بەکاریگـەری خراپـی ڕۆحیـەتی پـارت لەسـەر کـاری حکومەتـە دیموکراتـەکان. سـەرکردەکانی دیکـەی ئەمـەریکا پـارتی سیاسـیان بـە سەرچـاوەی سـەرەکی پەرێـشانی و لاوازی سیاسی– کۆمەڵایەتی داناوە، بەڵام هەرزوو پاش فۆرمگیری دەستوور پارتی سیاسی لە ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سەریانهەڵدا. بەمپێیە سیـستمی پارتایـەتی لـە ئەمـەریکا گەشەکردنێکی نافەرمی هەبوو. لـەو وڵاتـەدا هـیچ جیاوازییـەکی ریـشەیی لـە نێـوان هـەردوو پارتی سەرەکی (دیموکرات، کۆماریخوازەکان)دا نییە.

لــە یــەکێتی ســۆڤیەت پــاش ڕووخــانی حکومــەتی تــزاری و دەســپێکردنی ســەردەمی سۆشیالیستی سیستمی تاکە پارت بەرقەرار کـرا. پـارتی کۆمۆنیـست تاکـە پـارت بـوو مـافی بـوونی هــەبوەو چارەنووسـی سیاسـییانەی ڕوسـەکانی دیاریـدەکرد. مۆڵـەتی کـارکردن بـە پارتەکانی دی نەبەخشراوەو ئەم وڵاتە تاکە وڵات بوو بەپێی دەستور سیـستمی تـاك پـارتی پەیڕەو کـرد. ئـەم سیـستەمەش تـا ماوەیـەك بـەر لـە هەڵوەشـاندنەوەی یـەکێتی سـۆڤیەت بەردەوام بوو.

لە فەڕەنسا سیستمی پارتایەتی لەگەڵ سەقامگیری دیموکراسی لەو وڵاتەدا هەبوو، بـەڵام زۆربەی ئەو پارتانە تەنانەت لەسەر پرەنسیپێکی دیاریکراوی سیاسی ڕاگیرنین.

**ب– کۆڵەکەکانی پارتی سیاسی:**

بۆ پێکهاتەی پارتە سیاسیەکان پێنج پرەنسیپ و کۆڵەکەی جیاواز گەڵاڵە کراوە:

١– **سروشتی مرۆڤ:** حەزو ئارەزوو بۆ پێکهێنانی پارتی سیاسی پەیوەسـتە بـە سروشـتی مرۆڤــەوە. هەنــدێك کــەس خۆبــەخۆ پارێزگــارن، بــەڵام هەنــدێکی دی پێــشکەوتوخوازن. لەمڕووەوە خەڵکی بەهۆی جیاوازییـەکان و حـەزە کـاتی و ئاکارییەکانـەوە بـۆ ئـەم یـان ئـەو

پارت کێش دەکرێن. پارێزگاران لە دەوری یەکدی گرد دەبنەوەو پارت پێکدێنن، کە هـزری پارێزگارانەو تیۆری ئەرتەدۆکسی پەرەپێدەدات، لە کاتێکدا کەسانێك کە حەز بـە ئـاڵوگۆڕی سیاسی دەکەن، پارتی لیبراڵی یان سۆشیالیستی پێکدێنن.

٢– **بەرژەوەندی ناکۆکی ئابووری:** ئەم پرەنسیپە پایەی راستەقینەی پارتی سیاسـییە. بەوتەی (ئارتۆر هالکامبڵ – Arthur Holcomble): (مەحاڵە پارتی نەتەوەیی بـەهۆی ئەنگێزەی تێپەڕ یان پێداویستی کاتییەوە بە پایەداری بمێنێتەوەو دەبێت راگیر بێت لەسەر بەرژەوەندی گشتی و لەهەمووی گرنگتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەمیـشەیی ئـابووری). لـە هەلومـەرجی هەنوکەیـدا پـارتی نوێنـەری بەرژەوەنـدی چـینە جۆربـەجۆرەکان دەکرێـت نوێنەری گوندنشینان، خاوەن موڵکان، کرێکاران یان سـەرمایەداران بێـت. بەمانایـەکی دی، چەوسێنەرانو چەوساوەکان درەنگ یـان زوو لـەرێگای پێکهێنـانی پـارتی خۆیانـەوە لەیـەك جودا دەبنەوەو رووبەڕووی یەکدی دەوەستنەوە.

٣– **فاکتەری دەورووبەر:** دەورووبەریش تاك ناچار دەکات بەدوای ئەندامێتی ئەم یـان ئـەو پارتەوەبن. دروستیان وتوە، کە مرۆڤ بەگشتی دەبنـە میراتگری سیاسـەت و ئـاین. خێـزان زۆرجار کاریگەری زۆری لەسەر مەیلی تـاك بـۆ ئـەم یـان ئـەو پـارت هەیـە. بـاوان بـەردەوام ئایـدیۆلۆژیای پــارتێکی دیـاریکراو بــەگوێی رۆڵەکانـدا دەدەن. بـۆ نموونــە، لەئەمــەریکا ئێرلەندییەکان وەك باوە لایەنگری لـە پـارتی دیموکراسـی دەکـەن، لـە کاتێکـدا ئەڵمانـەکان بەردەوام پەیوەستن بە پـارتی کۆماریخوازەکانـەوە. ئەگـەر بـاوان و نـەوەکان سـەر بـە دوو پارتی جیاوازبن لە نموونە کەم و دەگمەنەکانی ئـەو وڵاتەیـە، ئـەوەش لەوانەیـە شـتێك بێـت لەوڵاتەکانی دیدا نائاسایی نەبێت.

٤– **هەسـتی نـەژادی:** هێشتا هەسـتی نـەژادی کاریگـەری خراپـی بەسـەر سیاسـەتەکانی پارتەکانەوە هەیـە. بۆ نموونـە، لـە کەنـەدا فەڕەنـسییەکان لـە پارتێکـداو ئینگلیزەکـانیش لەپارتێکی تردا خۆیان رێکخستووە. لە ئەفریقای باشور پارتی ناسیۆنالیست، کە سیاسەتی ئاپارتایدی پیادە کردبوو، بە گشتی لە گەلانی هۆڵەنـدی ئەنـدامی هـەبوو، لەبارێکـدا پـارتی یەکگرتوو، کە خاوەنی جیهانبینییەکی لیبراڵی بوو، بەشێوەیەکی گـشتی لەبەریتانیاییـەکان پێکهاتبوو.

**٥- زەمینەی ئاینی و مەزهەبی:** ئەگەری ئەوە هەیە ئەم بنەمایانە لە دیموکراسی نۆبەرە یان لەباری هەڵوەشانەوەدا زەمینەی پێکهێنانی پارتی سیاسی بن. لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا پارتی سیاسی کەمورزۆر لەسەر بنەمای ئاینی یان مەزهەبی پێکنەهاتوون، بەڵام لە هەندێك لە وڵاتانی جیهانی سێدا پارتەکان بەتەواوی لەسەر بنەمای ئاینی و سیاسی فۆرمەلە بوون. ئەم جۆرە پارتانە لە وڵاتە فرەمەزهەبەکاندا ریشەی دیموکراسی هەڵدەتەکێنن‌و یەکێتیی نیشتمانیی نابووت دەکەن.

لەنێو ئەو پرنسیپ و کۆڵەکانەی پێکهاتەی پارتدا لە ئێستادا پایەی سەرەکی پارتی سیاسی ئابوورییە. تەنانەت ئەو پارتانەشی لەسەر زەمینەی ئاینی و فاکتەری لەوجۆرە پێکهاتوون دەبێت خاوەنی بەرنامەیەکی ئابووری بن، کە ئەگەری ئەوە هەیە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەریشەی بیروباوەڕی مەزهەبیانەوە نەبێت، بەڵام تاکە رێگاشە بۆئەوەی بتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە پایەداری بمێننەوە.

## ٢- ئەرکەکانی پارتی سیاسی:

پارتە سیاسیەکان بۆ کاری حکومەتی دیموکراسیيە نوێیەکان پێویستن: پارتەکان برِبڕەی پشتی دیموکراسین. بەگوتەی (بێل) گرنگترین ئەرکی پارتە سیاسیەکان یەکگرتووکردن، ئاسانکاری‌و سەقامگیرکردنی رەوتی ژیانی سیاسییە[١١]. ئەو ئەرکانەی پارتە سیاسیەکان جێبەجێی دەکەن، بەهایەکی فرەی هەیە. (مەریام) پێنج ئەرکی بۆ پارتەکان دیاریکردووە: ١) دیاریکردنی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان. ٢) داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان. ٣) رەخنەگرتن لە حکومەت. ٤) پەروەردەی سیاسی. ٥) میانجیگەریکردن (وەسیت) لەنێوان تاك‌و حکومەتدا. (مۆنرۆ)ش بەهەمان شێوە ئاماژەی بەو ئەرکانە کردوەو هەروەها وێڕای ئەوانەش باسی لە بەرقەرارکردنی بەرپرسیارێتی سیاسی بەکۆمەڵ (دەستەجەمعی) و بەردەوامیشی کردووە. دەتوانین دیدەکانی (مۆنرۆ) بەم جۆرەی خوارەوە بەکورتی بخەینەڕوو:

**١- ململانێی هەڵبژاردن بە ئامانجی سەرکەوتن:** پارتەکان بۆ مەبەستی ململانێی هەڵبژاردن لە ئاراداں. یەکەمین ئەرکیان ئەوەیە پاڵێوراوی شیاو دەستنیشان دەکەن، کە

بەهای پشتیوانیکردنی پارتیان هەبێت و بتوانن لە دەسەڵاتی یاسادانانندا کورسی زیاتر بۆ پارت دەستەبەر بکەن. لەوبارەیەوە پارت وەك بێژنگێکی گەورە کاردەکات و لەو رێگایەوە ئەو کەسانەی ململانێ دەکەن، لە بێژن دەدرێن و دواجار پاڵێوراوی کۆتایی پەسەندکراو دەستنیشان دەکرێت. ئاساییە پارتەکان کۆمەکی دارایی پێشکەش بەو پاڵێوراوانە دەکەن، کە توانای تێچونی هەڵبژاردنەکانیان نییە.

٢- **دارشتنی سیاسەتە گشتییەکان:** پارت لەسەر بنەمای لیستێك لە ئەجندەو پروپاگەندە بەشداری ململانێی هەڵبژاردنەکان دەکات تا دەنگدەران زانیاریی تەواو لەسەر پرسە بنەرەتی و هەروەها سیاسەت و بەرنامەکانی پارت بەدەستبێنن. لەمروەوە پارتە سیاسیەکان بە تەگبیر وەرگرتنێکی زۆرەوە سیاسەتەکانی خۆیان دادەرێژن و پاشان لەرێگەی بڵاوکراوەو کۆڕو کۆبونەوەکانی خۆیانەوە روون و بڵاویدەکەنەوە. پۆستەر ئامادە دەکەنو پەخشی دەکەنەوە، وێنەکان ئامادە دەکرێن. بۆ ململانێ دژ بە پارتە نەیارەکان و پاڵێوراوەکانیان سوود لە بەیاننامەو بڵاوکراوە وەردەگرن، لەو رێگایانەوە سیاسەتەکانی پارتە جۆراوجۆرەکان دەکەونە بەردیدەی دەنگدەران. پارتە نەیارەکان سەبارەت بە پرسی جۆراوجۆر رەخنە دەگرن یان وەڵامی رەخنەکان دەدەنەوە.

٣- **رووبەڕووبونەوەو رەخنەگرتن لە حکومەت:** پارتی زۆرینە حکومەت پێکدێنێت و پارتی کەمایەتیش ئۆپۆزسیۆن. بوونی کەمایەتی ناهێڵێت زۆرینە لەرێچکەی دیاریکراو دەربچێت. ئەو پارتەی حاکمە، پێویستە زۆر ورد بێت لە داهێنانی یاسا لەگەڵ خستنەرووی لیست بۆ دەنگدان لەناو دەسەڵاتی یاسادانانندا. هەمووجۆرە بزاوتێکی ناتەندروست لەبەردەم خەڵکدا بێمتمانەی دەکات و ئەو توانایە بە پارتی نەیار دەبەخشێت جێگای بگرێتەوە. بەمپێیە دەبێت پارتی حاکم هەوڵبدات خۆی لەو سەرەنجامە بەدوور بگرێت. چاودێریی پارت کارامەیی بەڕێوەبردن زامن دەکات. پارتی نەیار تەنها رەخنە لە حکومەت ناگرێت، بەڵکو ئەجندەی جێنشینیو حکومەتی ئەڵتەرنالتیڤیش دەخاتەروو. لەراستیدا رۆڵی سەگی پاسەوانی سیاسەتی (حکومەتەکان) دەگێڕێت و لەو بوارەشدا رۆڵی دروستکەری هەیە.

٤- **پـەروەردەی سیاسـییانەی خـەڵك:** ململانێـی هەڵبـژاردن لـە مـاوەی هەڵبژاردنـدا جۆرێکیـشە لـە ململانێـی فێرکـردن. بەگـشتی خـەڵك بەرامبـەر بەچـالاکییەکانی حکومـەت بێهەسـت و کەمتەرخـەمن. دەبێـت تـەکانێك بـەو خەمـساردی و خامۆشـییەیان بـدرێت و پێویستە پارت ئـەو رۆڵـە زینـدووە بگێڕێت. لـەرێگای بڵاوکراوە، کۆبوونـەوەو پەیوەندییـە کەسـایەتییەکانەوە لایـەنگری پـارت بـۆ کەسـەکان بەرجەسـتە دەبـن و لـەو رێگەیەشـەوە دەنگدەر فێردەکرێت. لەو رێیەوە پارت ژمارەی ئەندام، هەوادارو دەنگدەران بۆ خـۆی زیـاد دەکات.

٥- **میانجیگـەری نێـوان حکومـەتو خـەڵك:** پـارت خـاڵی پەیوەنـدی نێـوان خـەڵك و حکومەتـە. ئـەو هێڵـی پەیوەندییـە، کـە دوو شـت بەیـەك دەگەیـەنێت. ئەڵقەیەکـە تـاك بەحکومەتـەوە دەبەسـتێت. سـەرانی پارتـەکان هـەنگاوەکانی حکومـەت بـۆ خـەڵك روون دەکەنەوەو کاردانەوەکانی خەڵك بۆ حکومەت دەگوازنەوە.

٦- **ئاسانکاری بۆ کاری حکومەتی پەرلەمانی دەکات:** حکومەتی پەرلەمانی بەو هۆیەوە سـەرکەوتوانە کاردەکـات کـە زۆرینـەی پـارتی دەسـەڵاتدار پـشتیوانی لێـدەکات. بـەبێ پـشتگیرییەکی لـەوجۆرە دەسـەڵاتی راپەڕانـدن، کـە لـە دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە هـاتووە، دەبێت رووبـەڕووی ئـەو گروپـە رێکنـەخراوەی ئەنـدامانی پەرلـەمان ببێتـەوە، کـە دەتـوانن حکومەت دوچـاری گرفتـاری بکـەن. لـە حاڵـەتی لـەوجۆرەدا حکومـەت دەبێتـە دەسـکەلای گۆڕانکاری بەردەوام و کارو ئەرکەکانی نەگونجاو دەبێت.

٧- **هـاوبیران لـەدەوری یەکـدی کۆدەکاتـەوە:** تـا ئـەو دەمـەی پـارت لـە توانایـدا بێـت ئەندامـەکانی خـۆی بپارێزێـت، هاوخواسـت و هـاوبیر بێـت، رێکخـراو و بـە دیـسپلین بێـت، دەتوانێت بەجۆرێکی کاراو تـەواو ئەرکـەکانی راپـەڕێنێت. لـەمڕووەوە چوسـتی و تونـدوتۆڵی رێکخراوەیی بنچینەی جێبەجێکردنی ئەرکە سیاسیەکانی دیکەیە.

ئەم ئەرکانەی پارتـە سیاسـیەکان رۆڵیـان لـە دیموکراسـی نوێدا تـەواو روون دەکاتـەوە. لەراستیدا بەبێ بوونی پارتی سیاسی نوێنەرایەتی دیموکراسییانە لەدەوڵـەتی نوێدا مـەحاڵ دەبێت. دیموکراسی بەبێ پارت وەك بەلەمی بێ سەوڵ یان کەشتی بێ کەشتیوانە.

ئەو ئەرك و میتۆدانەی کە پارتە سیاسیەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی یان درێژەدان بەو دەسەڵاتە دەیگرنەبەر، پەیوەندییەکی نزیکی بە دامەزراوەکانی پارتە سیاسیەکانەوە هەیە. ئەو پارتانەی خوازیاری پشتیوانی زیاتری هەڵبژاردن و چالاکین لەسەر ئاستی پەرلەمان، پێویستیان بە دامەزراوەیەکی جیاواز لە دامەزراوەی پارت هەیە، کە ناچار بووە بەهۆی بوونی سانسۆرو سنووردارییەکانەوە خەباتی ژێرزەمینی یان ئۆپراسیۆنی پارتیزانانە لە بنکەی دەرەوەی شارەوە دژ بە دەستەبژێرە سیاسیەکانی کە لە شارەکاندا کۆبوونەتەوە، ئەنجام بدەن. ئەو پارتانەی دەخوازن بەشدارییەکی زیاتری دیموکراسی هەبێت، وەك بەرفراوانکردنی مافی دەنگدان، دەشێت دامەزراوەیەکی جیاوازیان لەو پارتانە هەبێت، کە دەیانەوێت دەسەڵاتی ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی هەیە، بکەنە هەمیشەیی. (مۆریس) گرنگترین شرۆڤەی بۆ دامەزراوەی پارت کردوەو ریزبەندییەکی چوارپلەیی بۆ ستراکتۆری پارت ئەنجامداوە.[١٢]

بۆ لێکۆڵینەوە لە ستراکتۆری پارت دەبێت ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو بگیرێت:

١- رۆڵی رابەرایەتی و رەوشی هەڵبژاردنی رابەر

٢- پلەی دیسپلینی رێکخراوەیی

٣- دەسەڵاتی رابەرایەتی لە پەیوەندیدا لەگەڵ زنجیرەی ئاستەکانی پارت، رادەی پشکەکانی دیسپلین، چۆنیەتی بەشداریکردن لە بڕیارەکان و داڕشتنی سیاسەتەکان

٤- رامکردنی بیرۆکراسیی ناو پارت

٥- پەیوەندیی باڵی پەرلەمانی پارت لەگەڵ هەموو پارت

٦- پایەو رادەی ئەندامێتی لە پارتدا.

ئەم فاکتەرانە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا، دامەزراوە حکومەت، ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی- ئابووریی، کەلتووری سیاسی و رووداوە مێژووییەکان دیاریدەکرێن.[١٣]

### ٣- شایستەیی و خەوشەكانی سیستمی پارتایەتی:

ئاماژە بەگرنگی پارتەكان بۆ سەركەوتنی دیموكراسی نوێنەرایەتی كرا. ئێستا تازیارو خەوشەكانی بەكورتی باس دەكەین. دەتوانرێت تازیاری پارتەكان بەمجۆرە ئەژمار بكرێت: بوونی پارت لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا هاوئاهەنگە. سەركەوتنی دیموكراسی پێویستی بەبوونی پارتی سیاسییە. وڵات لە ئاژاوە رزگاری دەبێت. لە مەترسییەكانی لاوازی راستەوخۆیانەی یاسا دوور دەگیرێت. پارت ستەمگەریی دەسەڵاتی راپەڕاندن جڵەو دەكات. متمانەی دەسەڵاتی یاسادانان زیاد دەكات. هەڵبژاردنەكان ئاسان دەبن. هەماهەنگی لەنێوان ئۆرگانەكانی حكومەتدا دروست دەبێت. حكومەتی چینەكان بۆ حكومەتی خەڵك دەگۆڕێت. بەهایەكی گەورەی فێركردنی هەیە. برەو بە رۆحیەتی دیسپلین دەدات.(١٤)

سیستمی پارتایەتی ئامانجی رەخنە ئاژنكردن بووە. (رۆسۆ) لەو بڕوایەدا بوو، كە ویستی گشتی یان رای گشتی راستەقینە ناتوانێت لە وڵاتێكدا، كە پارت یان گروپ چالاكیان هەیە، خۆی بەرجەستە بكات. ئەوەشی لە خوارەوە دێت، بە خەوشەكانی بوونی پارتەكان دادەنرێت: دیاردەیەكی سیاسی ناسروشتیانەیە. سیستمی پارتایەتی گروپگەرایی دەئافرێنێت. تاكی لێوەشاوەی سەر بە پارتی نەیار نادیدە دەگیرێت. بەرژەوەندی پارت دەخرێتە پێش بەرژەوەندی گەلەوە. برەو بە ریاكاری و دووڕوویی دەدات. تاكگەرایی و شوناسی مرۆڤ دەهاڕێت. ئەندامەكان كورتبین دەكات. سیستم وێڵ دەكات. سەرەنجام دەكەوێتە ژێر چنگی ئەنجومەنەكانی پارت یان گروپی تایبەتەوە. خەڵكی دەكرێنە پاشكۆیەكی لاتەریك. خەڵكی پەروەردەیەكی سیاسییانەی ناتەندروست وەردەگرن. كاریگەرییەكی پێچەوانەی بەسەر ژیانی لۆكاڵییەوە هەیە. حكومەت ناجێگیر دەكات. پارت رێكخراوی ناپاكیی كۆمەڵایەتیە. لە ئاست وەڵامدانەوەی پێویستییەكاندا لاوازە. بەفیڕۆدانی پارەیەو هەلێكە بۆ هەلپەرستان.(١٥)

لێكۆڵینەوەی رەخنەگرانە لە كەموكوڕییە ئاشكراكانی سیستمی پارتایەتی لە بواری پراكتیكیدا ناچار بە رامانمان دەكات. زۆربەی خەوشەكانی سیستمی پارتایەتی لەو وڵاتانەدا بەدیاردەكەون، كە ئاگاییەكی سیاسییانەی نییەو دیموكراسیش لە قۆناغی سەرەتاییدایە. لەزۆر روەوە خەوشەكانی سیستمی پارتایەتی رەنگدانەوەی لاوازییە ئەخلاقییەكانی كۆی

مرۆڤایەتین. بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی گروپێکی تەمەڵ دەنرێت، کە جۆش و خرۆش و زەوقی سیاسییان تەنها لەگەڵ نزیکبوونەوەو دورکەوتنەوەی کاتی هەڵبژاردنی گشتی بەرزونزم دەکات. لەو بارەیەوە خەڵکە رەشۆکەکەش بەڕادەی دامەزراوەکان پێویستییان بە ریفۆرم دەبێت. هەرهێندە خەڵك لە رووی سیاسییەوە گەشە بکەن، گومڕاکردن یان پشتگوێخستنیان رۆژ بەڕۆژ دژوارتر دەبێت و دەرەنجامی ئەوجۆرە سیاسەتانەش دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئەو پارتانەی ئەو کارانە پراکتیزە دەکەن. لە راستیدا جۆری دروستی پەروەردەی سیاسی و ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئاگایی گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەتوانێت کەموکورتییەکانی سیستمی پارتایەتی تا رادەیەکی زۆر لەناو ببات و ئەو بەشە دانەبڕاوەو پێویستەی دیموکراسی لە جێگای دابنێت.

### ٤- سیستمەکانی پارتایەتی:

لە وڵاتە جیاوازەکاندا سیستمی پارتایەتی جۆربەجۆر هەیە: سیستمی دوو پارت، سیستمی فرە پارتایەتی و سیستمی تاکە پارت. روونکردنەوەیەکی کورتی ئەم سیستمانە بەمجۆرەیە:

#### أ/ سیستمی دوو پارت:

سیستمی دوو پارت لە ئینگلستان سەریهەڵدا. بوونی نەجیبزادەی سەرکردەو شەوالیەکان، پاشان هاویگ و تورییەکان، ئینجا لیبراڵ و پارێزگاران و سەرەنجام پارتی کارو پارتی پارێزگاران ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە سیستمی دوو پارت کەموزۆر لە ئینگلستانەوە گەشەی کردووە. بەڵام سیستمی دوو پارت ئەگەری بوونی پارتی سێیەمی بچوکتر یان کوالیسیۆنە کاتیەکانیش نادیدە ناگرێت. بۆ نموونە لە ئینگلستان ئێستاش پارتی لیبراڵ هەیە، وێڕای ئەوەشی لە ئەنجومەنی عەوامدا گرنگی ئەوتۆی نییە. لە ویلایەتە یەکگرتوەکان دیموکراس و کۆماریخوازەکان دوو پارتی بنەڕەتی پێکدێنن، هەرچەندە هەندێك پارتی ناگرنگیش هەن.

**١– شايستەیی سیستمی دوو پارت:**

لە سیستمی دوو پارتدا چونكە هەموو وەزیرەكان سەر بەیەك پـارتن، كـە ئـەویش پـارتی زۆرینەیـە، كابینـەی سـەقامگیر پێكـدێت، جێگیریـی حكومـەتیش كارامـەیی ئیـداریی و بـەردەوامی سیاسـەت لـە وڵاتـدا دەسـتەبەر دەكـات. حكومـەتی دیموكراسـیانە بەواتایـەكی راستەقینە پێكدێت و پارتی نەیاریش رۆڵی دروستكەرانە دەگێڕێت. (لاسـكی) تازیارەكـانی سیـستمی دوو پـارتی جـوان كـورت كردۆتـەوە: (تاكـە شـێوەیەكە، كـە خـەڵكی بەهۆیـەوە دەتوانن لە خولی هەڵبژاردنەكانـدا راسـتەوخۆ حكومـەتی خۆیـان هەڵبـژێرن. سیـستمی دوو پارتی ئەو توانستە بەو حكومەتە دەبەخشێت سیاسەتەكانی خۆی لە قاڵبی یاسـا بهاوێـت و دەرەنجامی شكستی سیاسەتەكانیشی ئاشكراو هەستپێكراو دەكـات. سیـستمی دوو پـارتی هەر زوو حكومەتی ئەڵتەرناتیڤ بەرهەم دێنێت).[١٦]

**٢–خەوشەكانی سیستمی دوو پارت:**

كەموكوڕییـە ئاشـكراكانی ئـەم سیـستمە بەمجۆرەیـە: بەتونـدی متمانـەی دەسـەڵاتی یاسادانان دەسڕێتەوە. دەبێتە هۆی باڵادەستی دەسـەڵاتی راپەڕانـدن بەسـەر یاسـادانانـدا. هەڵبژاردنی پرۆسەی دەنگدان تەنها بۆ دوو پارت قۆرخ كراوە. دابەشبوونی كۆمەڵگە بەسـەر دوو پارتدا دەبێتە هۆی نادیدەگرتنی بەرژەوەندیی دیكە، كە ناكەونـە ناوخولگـەی ئـەو دوو پارتەوە. ئەم سیـستمە بـەهۆی رێزلێنـان و هەڵبـژاردنی نـاوخۆوە خۆپەرسـتییەكی كوێرانـە دەئافرێنێـت. رابـەرو سـەركردەكان گرنگییـەكی ناپێویـست بەدەسـتدێنن و پـەیڕەوانیش شوناس و تاكایەتی خۆیان لەدەستدەدەن.

**ب– سیستمی فرە پارتایەتی:**

لە وڵاتـانی كیـشوەری ئـەورووپادا سیـستمی فـرە پارتایـەتی بـرەوی هەیـە. لـە فەڕەنـسا هەندێك كات ژمارەی ئەو جۆرە پارتانـە گەیـشتونەتە بیـست پـارت. لـە ئـەڵمانیا، ئیتاڵیـا و سویسراش سیستمی فرە پارتایەتی هەیە. بەشێوەیەكی گشتی لە سیستمی فرەپارتایەتیـدا دەسـتەی وەزیـران بەناچـاری كوالیـسیۆنی دەبێـت، چـونكە هـیچ پارتێـك زۆرینـەی رەهـا

بەدەست ناهێنێت. چەند پارتێك یان گروپێك هاوكار دەبن تا زۆرینە پێكبێنن. بەمپێیە، ئەمجۆرە حكومەتی پارتانە وابەستەی ئەو گروپ و پارتانە دەبێت، كە بە كوالیسۆن كردن پێكیانهێناوە. ئەگەر پارتەكان لەو كوالیسیۆنەدا بمێنن، حكومەتیش پایەدار دەبێت، گەر وانەبێت، حكومەتێكی دی بەپێكهاتەیەكی نوێ لەسەر بنەمای كوالیسیۆنێكی پارتی تازە پێكدێت. لەمجۆرە حكومەتانەدا هەر وەزیرێك خۆی بە سەرۆك وەزیری ئایندە دەبینێت.

**١- شایستەیی سیستمی فرە پارتایەتی:**

لەگەڵ ئەوەشی سیستمی فرە پارتایەتی بەگشتی گرنگی خۆی لەدەستداوە، بەڵام باشەی خۆشی هەیە. لە راستیدا خەوشەكانی سیستمی دوو پارت تازیاری سیستمی فرە پارتایەتین: ئەگەر حكومەتی كوالیسیۆنی پێكبێت، دیكتاتۆری دەسەڵاتی راپەڕاندن یان كابینەیی مەحاڵ دەبێت. بواری هەڵبژاردنی دەنگدەران فراوانە. ئەگەر چەند پارتێك لە وڵاتدا هەبن، بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەكان، كە هەر پارتێك هەیەتی، بەشێوەیەكی گونجاو دەستەبەر دەكرێت، تاكەكانی هەلیان بۆ دەرەخسێت پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بكەن و لە دیدی خۆیانەوە ئەو پارتە هەڵبژێرن، كە لەگەڵ ئاواتەكانیان دەگونجێت.

**٢- خەوشەكانی سیستمی فرە پارتایەتی:**

ئەم سیستمە لەسەر بنەمای ئەم زەمینانەی لای خوارەوە مایەی رەخنەلێگرتنە: ئەم سیستمە دەسەڵاتی یاساdانانی وڵات بۆ كوانووی دەسیسەبازی و مەیدانی كێشمەكێشی گروپەكان دەگۆڕێت. ناجێگیری حكومەت و سیستمی فرە پارتایەتی هەمیشە هاودەمی یەكترن. ناجێگیری حكومەت زیان بە كارامەیی بەڕێوەبردن دەگەیەنێت و كاریگەری زۆر لەسەر كاركردنی ئاسایی میكانیزمی حكومەت دادەنێت. ئەگەر ژمارەیەكی زۆر پارتی سیاسی لە وڵاتدا هەبن و هیچیان زۆرینەی رەهایان نەبێت، نەیار یان ئۆپۆزیسیۆنی رێكخراو و تەندروست، كە بۆ دیموكراسی پەرلەمانی پێویستە، ناتوانێت گەشە بكات و فراوان ببێت. هەلپەرستان جڵەوی حكومەت بەدەستەوە دەگرن، كە بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانیاندا

نییەو بەڵکو لەو ڕێگەیەوە دەتوانن دەسەڵاتداربن. سیستمی فرە پارتایەتی هەڵگری چەندین ئاڵۆزییە، کە لە هەڵبژاردنی ڕێگاچارە بۆ کێشەکان خەڵك سەرگەردان دەکات.

**پ- سیستمی تاکە پارت:**

سیستمی تاکە پارت (یان بەرەی یەکگرتووی پارتەکان) لەو وڵاتانەدا هەیە، کە خاوەنی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستین. یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی یەکەمین وڵات بوو، کە بە پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار، سیستمی تاکە پارتی هەڵبژارد. پارتی کۆمۆنیست کرۆکی ڕێنیشاندەری هەموو ڕێکخراوەکانی پێکهێناو هەروەها بووە پێشەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشانی یەکێتی سۆڤیەت. سەرەنجام بەهۆی پێداویستییەکانی جەنگی ناوخۆیی و دەستدرێژی دەرەکییەوە ئەگەری هاوکاریکردنی لەگەڵ پارتەکانی دیکە لەنێو چوو، چونکە دەوترا بەرژەوەندییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی سۆڤیەتی مایەی دانوستان نییە. شانازیی پێشکەوتن و سەرکەوتوویی ئابووری سۆڤیەتی بۆ چاودێری ڕاستەوخۆی پارتی کۆمۆنیست گەڕێنرایەوە. (لینین) یەکەمین ڕابەری سۆڤیەتی لەپێش هەموو ڕابەرەکانی دی سۆڤیەتەوە بوو. پاش ئەو (ستالین) ڕابەرایەتی پارت و وڵاتی بەدەستەوە گرت و لە سەردەمی ئەمدا مەیل بۆ دەستوور و بەیاسابوون وەك ڕاپەڕینێکی لێهات. (ستالین) وتویەتی: (تەنها یەك پارت، پارتی پرۆلیتاریا، پارتی کۆمۆنیستی ڕابەرایەتی دەوڵەت، ڕابەرایەتی سیستمی دیکتاتۆری پرۆلیتاری بەدەستەوەیە، کە نابێت و ناتوانێت لەو ڕابەرایەتیکردنەدا هاوبەشی ئەوانی دیکە بێت). چینی کۆمۆنیست، یوگسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا، ڕۆمانیا، بولگارستان، نەمساو چەندین وڵاتی دی سۆشیالیستی سیستمی تاکە پارت یان بەرەی یەکگرتوویان بە ڕابەرایەتی پارتی کۆمۆنیست پەسەند کرد.

پاش یەکەم جەنگی جیهانی تورکیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، پورتوگال و چەند وڵاتێکی دی سیستمی تاکە پارتیان هەڵبژارد. لە ئەڵمانیا پارتی ناسیۆنال سۆشیالیست، کە سەرەتا بە کورتکراوەی (نازی – سوزی) و پاشان بە(نازی) ناسرا، بە ڕابەرایەتی هیتلەر و لە ئیتاڵیا پارتی فاشیست بە ڕابەرایەتی (مۆسۆلینی) تا کاتی شکستیان لە دووەم جەنگی جیهانیدا جڵەوی وڵاتیان بەدەستەوە بوو. هیتلەرو مۆسۆلینی پارتەکانی دییان لە وڵاتەکەیاندا لەناو

برد. هیتلەر پاش نابوتکردنی پارتەکان، جگە لە پارتی نازی، کەخۆی سەرکردایەتی دەکرد، لە (٩ی ژوییەی ١٩٣٩)دا وتویەتی: (ئێستا سەرەنجام پارتە سیاسیەکان لەنێوچوون، ئەمە روداوێکی مێژوویی گرنگەو کاریگەریی دوورمەودای دەبێت، کە هێشتا لای هەمووان ئاشکرا نییە. ئێستا دەبێت خۆمان لە پاشماوەی دیموکراسی قوتار بکەین. ئێستا پارتی ناسیۆنال سۆشیالیست بۆتە دەوڵەت). (مۆسۆلینی)ش هەموو پارتە سیاسیەکانی هەڵوەشاندەوە. ستایشی خۆی دەکرد، کە (من پارتی فاشیستم دروستکردو هەمیشە بەسەریدا باڵادەست بووم). ئەم رژێمە سیاسییانەو هاوشانەکانیان لە ئیسپانیاو پورتوگال بە پشتیوانیکردنی رابەرانی پارتەکانی دیکە لە بنەڕەتدا دیکتاتۆری تاك سەرکردە بوون، ئازادییە مەدەنییەکان سەرکوتکرا، زمانی راگەیاندنەکان بەسترا، بۆ لادانی سەرنجی خەڵکی لەسەر پرسە ناوخۆییەکان رووداوە دەرەکییەکان، بۆ شانازی نەتەوەیی گەورە کران. (فاینەر) لە بواری راڤەکردنی سیستمی تاکە پارتیدا وتویەتی: (پارتە دیکتاتۆرەکان پارت نین، بەڵکو زۆرداری ئاینی یان کەسێتین. ئەم پارتانە هان و برەو بە رابەرایەتیکردن نادەن و بەڵکو قۆرخی دەکەن).(١٧)

یەکێتی سۆڤیەت لەژێر چەپۆکی تاکە یەك پارتدا پێشکەوتنی خێرای بەخۆوە بینی و بووە یەکێك لە دوو زلهێزەکەی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی (ستالین) ئازادییە مەدەنییەکان نابوتکران و رەوشێکی تۆتالیتاریانە بۆ درێژەدان بە باڵادەستی پارت و رابەرایەتییەکەی گیرایەبەر. وادەردەکەوت ئەنجومەنەکانی یاسادانان رووکەشانە بێت، لە راستیدا ئۆپۆزیسیۆن سەرکوت و نابوت کرا، پارت بووە تاك سالار. لەو رێگایانەوە ئۆتۆریتاریانیزم (مەیلی دەسەڵاتخوازی) بەتەواوی باڵادەست بوو. تیورسینانی تاکە پارتی یەکێتی سۆڤیەت بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد، کە سیستمی سۆڤیەتی دیموکراسی کۆمەڵایەتی و نەژادی و هەروەها ئاستی بەرزی بژێوی خەڵکی زامن و دەستەبەر کردووە. پەروەردەکردن بەخێرایی گەشەی کردو ژمارەی کەسانی بەشدار لە کاروباری گشتیدا رووی لە زیادبوون کرد.

ئەوە دروست نییە هەموو حکومەتە تاکە پارتەکان مەحکوم بکرێت. بۆ نموونە تورکیا بەهۆی رابەرایەتی دەسەڵاتخوازانەی (کەمال ئەتاتورك)ەوە رێگای لەبەردەم فۆرمێکی نوێی

دیموکراسی حکومەتدا والۆکرد. بەهەمان شێوەش زۆربەی دەوڵەتە روو لە گەشەکردنەکانی ئاسیا، ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین، کە گرفتی نوێسازی و بەپیشەسازیبوونی لەو جۆرەیان هەیە، دیموکراسی فەرمی یان (رەوشێك)ی لەو جۆرەیان بەزیان بەسەردا نەشکایەوە.[١٨] نەخوێندەواری خەڵك، پەرتوبڵاوی پارتەکان، نەبوونی بەڕێوەبەرانی فێرکاریی بەئەزموون، نەبوونی ترادیسیۆنی ئازادیخوازو جیاوازی گەورەی سامان و دەسکەوت گەلەك دژواری بێچارەسەری لەو وڵاتانەدا دروستکرد. وادیاربوو بۆ دەرچوون لەو دۆخە سیستمی تاکە پارت لەسەر شێوەی نموونەی وڵاتە سۆشیالیستیەکان کاریگەر بێت. پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە ئێستا مەیلێکی بەرفراوان بۆ (دیموکراسی راستەقینە) هەیە، کە لەوانەیە گەشەکردنی ئابووری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مۆدێرنیزم لەو وڵاتانەدا زامن و دەستەبەر بکات.[١٩]

### ت- رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەدیموکراسیدا:

لە پەرلەمانێکی دیموکراسیدا ئۆپۆزیسیۆن رۆڵێکی زیندوو دەگێڕێت و لەبەرامبەر ئەگەری زۆرداری پارتی دەسەڵاتدار رۆڵی جڵەوکردنی لە ئەستۆدایە. کاتێکیش لە دەسەڵاتی یاسادانانیدا هەموو فراکسیۆنەکان دەربارەی بابەتێك گفتوگۆ بکەن، باڵادەستی ئەنجومەن دەستەبەر دەبێت. ئۆپۆزیسیۆنێکی کارامە دەتوانێت رێگری لە داڕشتنی یاسایەك بکات، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە هزرو بیری رابەرانێکی دوچار بە نەخۆشی دەسەڵاتەوە هاتبێت و لە قۆناغی دەنگ لەسەردانیدا ئەنجومەن بە جۆشوخرۆشی دەنگدەرانەوە لایەنگری بکات. وێڕای ئەوە، ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بێتواناییەکانی وەزیرانی پارتی زۆرینە لەئەنجومەندا ئاشکرا بکات دەسەڵاتی راپەڕاندن ناتوانێت زۆردار بێت. سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن لە راستیدا سەرەك وەزیرانی ئەڵتەرناتیڤ و پارتی ئۆپۆزیسیۆنیش (حکومەتی داهاتوو)ە. لە بەریتانیا ئۆپۆزیسیۆن بە (ئۆپۆزیسیۆنی خاوەنشکۆ شاژن)ـەوە ناودەبرێت. لە خەزێنەی بەریتانیا موچەی بڕیارلێدراو بە رابەری پارتی ئۆپۆزیسیۆن دەدرێت و وەك وەزیرێك ئەژمار دەکرێت. بەگشتی سەرۆك وەزیران لە پرسی گرنگی سیاسیدا راوێژی پێدەکات. دروستیان وتووە، کە

ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست رۆحی دیموکراسی پەرلەمانیە. ئۆپۆزیسیۆنێکی لەوجۆرە دەتوانێت بە ئاسانی لە سیستمێکی دوو پارتدا کار بکات.

لە دیموکراسی سەرۆکایەتی وەك ئەمەریکاشدا ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت رێگری لەبەرزەفڕی سەرۆك کۆمار بکات و لە کۆنگرێسدا داوای رووبەڕووبوونەوەی پارتی زۆرینە بکات. بەمپێیە، دیموکراسی پەرلەمانی بێت یان سەرۆکایەتی، ناتوانێت بە دیموکراسی دابنرێت ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن وەك شمشێرەکەی (دیمۆکلیس) بەسەر ئەو سەرۆکانەوە نەبێت، کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە هەڵبژێراون. ئەگەر رەنگدانەوەی هەموو رای گشتی بواری راگەیاندنیان لە مەیدانی ئەنجومەندا بۆ برەخسێت، ئەنجومەنی یاسادانانیش دەتوانێت مرۆڤدۆست بێت. لەمڕووەوە لە دیموکراسیدا گرنگی ئۆپۆزیسیۆن ناکرێت نادیدە بگیرێت.(٢٠)

### ٥- گروپەکانی فشار:

(رۆسۆ) و بیرمەندە سیاسییە ئایدیالیستەکانی دی پێیانوابووە، کە دەبێت هاوڵاتیان ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیان سەرکوت بکەن و لەجیاتی ئەوە برەو بەهەست و ئاگایی هاوبەش بۆ خێروخۆشی گشتی بدەن. بەڵام ئەمڕۆ بەگشتی ئەوە پەسەند کراوە، کە چەمکی (خێروچاکەی گشتی)، ئاڵۆزو لێڵەو راستەقینە نییە، چونکە زۆر بە ئاشکرا دەزانرێت، کە بەرژەوەندی کۆمەڵگە پێویستی بەهاوسەنگی و وەکیەکی بەرژەوەندیی تاکەکانە نەك قوربانیدان بە بەرژەوەندی یەکێك بۆ ئەوانی دیکە. هونەری سیاسەت لەوەدایە، کە بە هاوسەنگکردنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا هەموو ئەوانە لە باشترین رادەی رەزامەندیدا دەستەبەر بکرێ.

جگە لە پارتە سیاسیەکان ئێستا گروپ و ئەنجومەنی رێکخراوی دیکە هەن، کە لەپێناوی دەستەبەرکردنی (بەرژەوەندییەکانی) ئەندامەکانیدا دروستبوون. لەهەموو شوێنێکدا رێکخستن لەناو کارگەکان، هۆبەی دارایی، خزمەتگوزاریی بازرگانی و ئاڵوێرکردن، لەنێوان کرێکاران، گوندنشینان، پزیشکان، مامۆستایان، پیشەوەرانی دی و هونەرمەندانیدا هەیە. گەورەترین گروپی خاوەن بەرژەوەندیی لەو جۆرە رێکخراوانە بە ئاشکرا لە ئەمەریکادا

هەیـە. زۆربــەیان خزمــەتگوزارو کارمەنــدی هەمیــشەییان لــە (واشــنتۆن)دا هەیـە تــا کــار لەسیاسەتەکانی حکومەت بکەن. ئـەم گروپانـە بـە (گروپـەکانی فـشار) نـاودەبرێن، چـونکە ئامانجیان ئەوەیە لەسەر ئاستی جیاواز فشار بخەنە سەر حکومەت و هەندێك بەرێوەبـەرێتی تا هەنگاوی یاسایی و بەرێوەبردنی هاوشانی بەرژەوەندییەکانیان بهاوێژن و هیچ شتێك، کـە بە زیان بۆ بەرژەوەندییـەکانیان بگەڕێتـەوە، ئـەنجام نـەدرێت. سـەبارەت بـەکارکردنی ئـەم گروپانەی فشار لە ئەمەریکا لێکۆڵینەوەی زۆر بەئەنجام گەیـەنراوە. نـوێترین توێژینـەوەکان دەریخستووە، کە لە بەریتانیاو شوێنەکانی دیش، ئەو جۆرە گروپانە هـەن. بـیرورای گشتی بەمجۆرەیە، کە خـاوەن پـارەو بەرژەوەندییـەکان دەتـوانن کاریگـەرییان بەسـەر وەزیـران و بەرێوەبەراندا هەبێت و فشاری هەستپێکراو و شاراوەش بەکاربخەن، کە ئاماژەیە بـۆ خـراپ پیادەکردن و ناکاریگەری سیاسەتەکان. چالاکی و کاریگـەری گروپـە خـاوەن بەرژەوەندییـە هاوبەشەکان یان وەك فشاری ژووری بازرگـانی، سـەندیکای بازرگـانی و هاوشـێوەی ئەوانـە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئەو جۆرە نیگەرانیانە هەیە. لەبەرئەوە بیریـارانی سیاسـی وتویانە، کە چیدی کەس ناتوانێت بانگەشەدەری نوێنەرایەتی سیاسـی بەرژەوەنـدی گشتی بێـت. گروپــەکانی فـشارو خـاوەن کاریگەرییــەکان لــە وڵاتــە پێـشکەوتووەکاندا لــە رووی ئابوورییەوە هەمەڕەنگترو چالاکترن لەچاو وڵاتە هەژارو دواکەوتووەکاندا.

### أ‌- واتاو جەوهەری گروپەکانی فشار:

هەندێك گروپەکانی فشارو دەستڕۆشـتوانیان بـەمجۆرە پێناسـە کـردووە: (گردبوونـەوەی کەسانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشە، کە لە رێگای هەنگاوی سیاسییەوە بۆ کاریگەریدانان لەســـەر سیاســـەتی گـــشتی هـــەوڵی بـــەدیهێنانی ئامانجـــەکانیان دەدەن). (ماکیڤـــەر) لەوبڕوایـەدابوو، کـە هـەرکاتێك هەنـدێك بـۆ بـەرگریکردن، پاراسـتن و گەشـەدان بـە هـەر پێگەیەکی کەموزۆر پایەدار یان تازیـاری هاوبـەش یـەکبگرن، زۆرجـار بـۆ ئەوانـە و هۆکـاری یەکگرتنەکەیان زاراوەی (گروپـی بەرژەوەندییـەکان) وەك کـۆ بـەکاردەبرێت تـا ئـەو واتایـە بگەیەنێت، کە بـۆ بـەیانکردنی نـاکۆکی یـان یەکسانبونی بەرژەوندییـەکان گروپـە جیـاوازە هاوتوانـا یەکـسانەکان لــەدەوری یەکـدی گردەبنــەوەو بەرامبــەر بــەو گروپــەکانی دیکـە

کاریگەری دروست دەکەن. ئەم جۆرە بەرژەوەندییانە هەڵگری خەسڵەتی ئابووریی یان سیاسین. (زیگلەر) سەبارەت بە پێناسەی بۆ گروپەکانی فشار وتویەتی: (خەڵکێکی رێکخراون کە تەقەلا دەدەن کاریگەرییان بەسەر بڕیارەکانی حکومەتەوە هەبێت، بەبێئەوەی هەوڵبدەن ئەندامیان لە پۆستی فەرمی حکومەتدا هەبێت).[٢١] بەمپێیە لایەنێکی گرنگی چالاکی گروپەکانی فشار ئەوەیە، کە ئەم گروپانە بەشێوەیەکی جێگیر بەشێکن لەپرۆسەی سیاسی و هەوڵدەدەن ئاراستەو هەڵوێستی سیاسەتی حکومەت بەهێز بکەن یان بیگۆڕن، بەڵام نایانەوێت وەك گروپی فشار جڵەوی حوکمڕانی بەدەستەوە بگرن.[٢٢]

بەمجۆرە دەتوانرێت بەو ئەنجامە بگەین، کە گروپەکانی فشار میانجیگەرێکن بەهۆیەوە خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکان هەوڵدەدەن کاریگەریی لەسەر رێچکەی کاروبارە گشتییەکان دابنێن. بەوتەی (وینز): (مەبەست لە گروپی فشار هەموو جۆرە رێکخراوێکی خۆبەخشی دەرەوەی دامەزراوەی حکومەتە، کە هەوڵدەدات لە ئاڵوگۆڕو دانانی پۆستەکانی حکومەت، داڕشتنی سیاسەتی گشتی و پیادەکردنی یان ریفۆرمسازیدا کاریگەریی هەبێت). بەمپێیە، گروپەکانی فشار کاریگەری لەسەر حکومەت دادەنێن تا ئەو یاسایانە بەدەنگ بگەیەنن، کە لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا جووتە. لەبەرئەوە گروپە دەسڕۆیشتووەکان یان فشارەکان جۆرە رێکخراوێکن، کە بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگی بەسیاسەت دەدەن و لە رێگای ئاساییەوە بۆ ناساندنی ناوزەدکراوەکان لەسەر شانۆکە ئامادە نابن. بەوتەی (دوڤێرژێ): (گروپە دەسڕۆیشتووەکان وێڵی ئەوەن کاریگەری لەسەر بەرپرسان دابنێن، نەك ئەوەی خەڵکی خۆیان لە ترۆپکی دەسەڵاتدا دابنێن – بەلایەنی کەمەوە بە فەرمی، چونکە لە راستیدا بەشێك لە گروپە بەهێزەکان خاوەنی کارمەندن لە ئەنجومەن و حکومەتەکاندا، بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی و شاراوە).[٢٣] واتە گروپەکانی فشار دیاردەیەکی نوێی ناو سیاسەت نین. بەڵام لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیە لە بواری زانستی سیاسەتدا رابردوویەکی هێندە دووری نییەو زیاتر لەژێر ناوەکانی وەك (گروپەکانی فشار)، (گروپە دەسڕۆیشتووەکان)، (لۆبی – کاریگەردانەران) و تەنانەت (گروپی سیاسی) توێژینەوەیان لەمەڕکراوە.[٢٤]

**ب– تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گروپەکانی فشار:**

لێکۆڵینــەوەی تایبەتمەندییــە بنــچینەییەکانی گروپــەکانی فــشار بــواری کــارکردن یــان ڕەهەنــدی چــالاکییان لــە سیــستمی سیاســی نوێــدا ئاشــکرا دەکــات. تایبەتمەندییــەکانیان بەمجۆرەیە:

١– **بەرژەوەنــدی کەســێتی**: بەرژەوەنــدی کەســێتی ریــشەی پێکهاتــەی گروپــی فــشارە. کەسانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لە دەوری یەکدی کۆدەبنەوە تا گروپێك پێکبێنن، کە لــەپێناوی بەرژەوەندییەکانیانــدا ململانــی بکــەن. بەوتــەی (میلــەر): (بــەو گروپــە ڕێکخــراوە تایبەتە دەوترێت، کە نەك تەنها نوێنــەری ئــەو کەســانەیە بەراســتی تیایــدا ئەنــدامن، بــەڵکو نوێنــەری ئــەو کەسانەشــە بــەهۆی بــوونی هەنــدێك تایبەتمەنــدی هاوبەشــەوە بــە ئەنــدامی راستەقینەی ئەو ڕێکخراوە ئەژمار دەکرێن).

٢– **ســیمای سیاســییانەی شــاراوە**: گروپــەکانی فــشار نایانــەوێت بەئاشــکرا ســیمای سیاســییانە پیــشانبدەن. هەنــدێکجار تەنانــەت بەئاشــکرا لەچــوونە سەرشــانۆی سیاســی شەرمیش دەکــەن: (سیاســەتەکانی گروپــی فــشار ڕەنگدانــەوەی نەکــەمترە لەسیاســیبوونی هەموو گــروپ، نــە زۆرتریــشە لــە ناسیاســی بوونیــشی: ئاســتێکی ناوەنــدە لەچــالاکی نێــوان سیاسی و ناسیاسیدا). بەگشتی ئەم گروپە بەپێی پێویــست ســیمای سیاســیان دەردەخــەن یان دەشارنەوە.

٣– **جیـــاوازی گروپـــەکانی فـــشار لەگـــەڵ پارتـــە سیاســـیەکان**: پـــارتی سیاســـی گردبوونەوەیەکی گەورەترەو بەئاشکرا لە سیاسەتەکانی وڵاتدا ڕۆڵی زیندوو دەگێڕێت، بەڵام گروپــەکانی فــشار گردبوونەوەیــەکی ســنورداری هەیــەو لەپــشت پــەردەوە سیاســەتەکانی جێبەجێ دەکات. پارتی سیاسی لــە سیاســەتدا هاوبەشــی هەیــە، چــونکە جەوهــەری خــۆی سیاسییانەیە، بەڵام گروپی فشار تەنها لەکاتی پێویستدا بــەوجۆرە ڕەفتــار دەکــات. پــارت دەیــەوێت بگاتــە دەســەڵاتی سیاســی، بــەڵام گروپــی فــشار ئامــانجی لــەوجۆرەی نییــە. (دوڤێرژێ) وتویەتی: (پارتەکان لە تەقەلای ئــەوەدان بگەنــە دەســەڵات و پیــادەی بکــەن... گروپە دەسرۆیشتووەکان بە پێچەوانەوە ڕاستەوخۆ بۆ گەیشتنە دەسەڵات و پراکتیزەکردنی هاوبەشی ناکەن، بەڵکو لەگەڵ مانەوەیان لە دەرەوەی دەسەڵات کاریگەری لەسەر دادەنێن

و فـشاری دەخەنەسـەر).[٢٥] دەربـارەی جیـاوازی نێـوان گروپـی فـشارو پـارتی سیاسـی نوسیوێتی:

**(پارتی سیاسـی جـۆرە رێکخـراوێکن تایبـەت و بەشـێکن لـە جـۆری رژێمـەکانی – دیموکراسی خۆرئـاوایی– لـە خـولێکی دیـاریکراوی مێـژوویی –سـەدەی بیـست–. بەپێچەوانەوە گروپە دەسرۆیـشتووەکان لەهـەموو رژێـم و رۆڵەکانـدا دەبینـرێن... سنوری – گروپە دەسرۆیشتووەکان – بەروونییەکی کەمتر لەچاو سنوری – پارتـە سیاسیەکان– دیاریکراوە. لەراستیدا پارتەکان جۆرە رێکخراوێکن تەنها بۆ چالاکی و هەنگاوی سیاسی دروستبوون، پارت تـەنها پارتـە. بەپێچەوانەوە زۆربـەی گروپـە دەسرۆیشتووەکان رێکخراوی ناسیاسـین، کـە چـوونە نـاو دەسـەڵات سـەرەکیترین چالاکیان نییە).**[٢٦]

٤– **گروپــەکانی فـشار سیاسـی یـان نیمـچە سیاسـین:** هەنـدێك گروپـی فـشار کاتێـك بەرژەوەندییــەکی ســتراتیژانە لەبەرچــاو دەگــرن، سیاســین و هەوڵــدەدەن لــەپێناوی دەسـتەبەرکردنی تازیـارە هاوبـەش و هەمیـشەییەکانی ئەندامـەکانی خۆیانـدا لـە پرۆسـەی سیاسیدا بەشداری بکەن. بەڵام هەندێك لـەو گروپانـە لـەپێناوی پاراسـتنی ئایدیۆلۆژیایـەکی تایبەت – مەزهەبی یان مرۆڤدۆستانە – بەشێوەیەکی کـاتی پێکهـاتوون و جموجوڵـەکانیان وابەستەی پرۆسەی چالاکییەکانی حکومـەت نابێـت. ئەگـەر دەسـتەی یەکـەمی گروپـەکانی فشار نوێنەری بەشێکی کۆمەڵگەو داکۆکیکاری بەرژەوەندییـەکانی ئەندامـەکانی بێـت، واتـە جوتیاران، کرێکاران، بازرگانان، بانکداران و سەرمایەداران، ئەوا دەستەی دووەم داکۆکی لە پرەنسیپێك یان ئایدیۆلۆژیایەك دەکەن و تێدەکۆشن لە پێنـاوی دەسڕاگەیـشتن بـە ئامانجـە نائابورییەکانی وەك هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، پاراستنی ژینگە (گروپی ئاشـتی سەوز) و هاوشێوەکانیان .

٥– **جیهانگیریی:** گروپەکانی فشار جیهانگیرین و لە هەموو وڵاتەکاندا هەن. ئەم گروپانـە زۆر جـۆری رێکخـراوی وەك بازرگانـان، کرێکـاران، جوتیـاران، بنـەما ئاینییـەکان و گروپـە ئابووریی و پیشەییەکانی دیکە لەخۆدەگرێت.

**پ- ڕۆڵی سیاسیانەی گروپەکانی فشار:**

گروپەکانی فشار هەم لە حکومەتە دیموکراسییەکان و هەم لە حکومەتە تۆتالیتارییەکانیشدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. لە حکومەتی دیموکراسیدا چالاکی گروپەکان روو لە حکومەتە، بەڵام لە حکومەتی تۆتالیتاردا تەواو پێچەوانەیە. بەکورتی دەکرێت ڕۆڵیان بەمجۆرە لێکبدرێتەوە:

**١- گروپەکانی فشارو هەڵبژاردن:** گروپەکانی فشار گرنگییەکی زۆر بە هەڵبژاردنەکان دەدەن، چونکە لەرێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانن کەسی مەبەست هەڵبژێرن و لەرێگای ئەوانەوە کاریگەریی لەسەر میکانیزمی کارگوزارییەکانی حکومەت دابنێن. گروپەکانی فشار لەسەر ئاستی جۆراوجۆری پرۆسەی هەڵبژاردن چالاکی دەنوێنن، وەك ناساندنی پاڵێوراوان، چالاکی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ململانێی هەڵبژاردن و پشتگیریکردنی ئەو کەسانەی مەبەستیانە تا لە دەسەڵاتی یاساداناندا کورسییان بۆ دەستەبەر بکەن. بەڵام ئەم گەمەیە لە پشتی پەردەوە ئەنجامدەدەن. ئەگەری ئەوە هەیە گروپەکانی فشار لەپێناوی پاڵێوراوێکیاندا پشتیوانییەکی سیستماتیزەکراو لە پارتێکی سیاسی بکەن، چونکە دەنگدەری زۆریان لە پشتە و بەئاسانی دەتوانن گفتوگۆ لەگەڵ پارتەکان بکەن و کەسانی جێمەبەستیان وەك ئەندامی ئەم یان ئەو پارتە بناسێنن. هەندێك لە گروپەکانی فشار، کە زۆر بە توانان، ئەگەری ئەوە هەیە هاوکاریی یەکدی بکەن و پارتێکی سیاسی ناچار بکەن ئەو پاڵێوراوانەیان پەسەند بکات، کە باشترین بەرگریکارە لەبەرژەوەندییەکانیان. تاکی هەڵبژێرراو بەهۆی پشتیوانیکردنی گروپی فشارەوە بەگیان و دڵەوە دەکەوێتە راژەی ئەوانەی پشتیوانییان لێکردووە. کەسی دەسەڵاتخواز لەپێناوی زامنکردنی دوبارە هەڵبژاردنەوەی هەمیشە لەسەر هێڵی ئەو گروپانە دەڕوات. لەبەرئەوە دەبینرێت، کە کەسانی بەرجەستەی دەسەڵاتی یاسادانان و وەزیران دەکەونە داوی نەبینراوەوە. چەندە گروپەکانی فشار گەورەبێت، ئەو بەندو باوانەش گەورەتر دەبن.

**٢- گروپەکانی فشارو دەسەڵاتی یاسادانان:** ئەو کەسانەی بە پشتیوانی گروپەکانی فشار هەڵدەبژێرێن سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەم گروپە کاریگەری زۆریان بەسەر

بڕیارەکانی حکومەتەوە دەبێت. (بارمن) سەبارەت بە دەسڕۆیشتنی ئەم گروپانەی فشار لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا دەڵێت: (ئەندامانی کۆنگرێس بە تایبەتی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران زۆربەیان خۆیان لە بندەستی گروپەکانی فشاردا دەبیننەوەو ناچار دەبن پێشنیازەکانیان بە توانایەکی زیاتر لە ئەندامەکانی دیکەی کۆنگرێسەوە ئەنجامبدەن، کە ئەرکیانە بە پێی فەرمانی پارت کار بکەن). لە زۆربەی وڵاتەکاندا گروپەکانی فشار بە بەکارهێنانی ئامڕازەکانی دەرەوەی دەستوور کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان دادەنێن.

پێکهاتەی گروپەکانی فشاری لە حکومەتە نوێنەرایەتیەکانی چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لەبەرچاوگرتووە چالاکترن لەچاو دەوڵەتی تۆتالیتاری، کە بڕوای بە دیسپلین و چڕبوونەوەی دەسەڵاتە لە دەستی یەك دیکتاتۆر. (لەسیستمی سیاسی تۆتالیتاریدا، کە پارت بەتەنها بانگەشەدەری سەرکردایەتی کردنی ئاستەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، چەمکی گروپی فشار پێویستی بەجۆرێك لە روونکردنەوەیە، چونکە پارتە تاکڕەوەکان بوونی ئەو جۆرە رێکخراوە زۆر تایبەتمەندانە رەتکەنەوەو ئەگەرەکانی سەرهەڵدانیان بەتەواوی دەسڕنەوە.)

**٣- گروپەکانی فشارو دەسەڵاتی راپەڕاندن:** گروپەکانی فشار کاریگەری خۆیان بەسەر دەسەڵاتی راپەڕاندندا پراکتیزە دەکەن، کە سیاسەتی گشتی دادەڕێژێت. لە فۆرمی حکومەتی پەرلەمانیدا گروپەکانی فشار لە رێگای دەسەڵاتی یاسادانانەوە کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی راپەڕاندن دادەنێن. ئەندامانی هەڵبژێراوی گروپەکانی فشار لە دەسەڵاتی یاساداناندا بە پرسیارکردن، روونکردنەوە، هەڵپەساردنی کاتی دانیشتنەکانی ئەنجومەن، پێشنیازی فەرمی لەلایەن کۆمیتەکانی راوێژکاریی خودی دەسەڵاتی یاسادانانەوە فشار دەخەنەسەر دەسەڵاتی راپەڕاندن. لە ئەمەریکا گروپەکانی فشار بە هەڕەشەکردن لە هەڵپەساردنی کاتیانەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی (سێنات) سەرکۆمار دەهاویژنە ژێر فشارەوە تا کەسانی دەستەبژێری خۆیان بۆ هەندێك پۆستی سیاسی، سەربازی یان دیپلۆماسی بەئەنجومەنی (سێنات) بناسێنێت. لە هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمەریکادا

بەرپرسان ئەندامانی ئەنجومەنـەکانی یاسـادانان رادەسـپێرن تـا وەك کارمەنـدی پەیوەنـدی ئەمان لەگەڵ گروپەکانی فشار لە پەیوەندیگرتندابن.

٤- **گروپەکانی فشارو دەسەڵاتی دادوەری:** دەسەڵاتی دادیش لە کارتێکردنی گروپەکانی فشار پارێزراو نییە. لەگەڵ ئەوەشی دەسەڵاتی قەزا لـە رووی سیاسـییەوە بێلایەنـە، بـەڵام گروپەکانی فشار لە رێگای هێرشی کاریگەرانـەی رای گـشتییەوە کاریگـەری لەسـەر رەوتـی قەزا دادەنێن. خستنە ژێر فشاری دادوەرەکان یان ئاستەنگ خـستنەبەردەمیان بەپێویـست نازانرێت، بـەڵام دروسـتکردنی رای گـشتی رێگەیـەکی دیموکراتییانەیـە بـۆ کاریگـەری دانـان لەسەر دادوەرەکـان. دیـوانی بـاڵای وڵاتـیش دەکەوێتـە ژێـر فـشاری وتـارو دیـدی رۆژنامـەو گۆڤارەکانەوە. (سـەروتاری گـرنگ، هەنـدێك لەباشـترین دیـدی یاساناسـانەی وڵات دەخاتـە بەردەسـت دادوەرەکـان). لـە ئەمـەریکا لـەکاتی هەڵبـژاردنی دادوەرەکـان هەنـدێك تێبـینی سیاسـی گەڵاڵـە دەکرێـت. گروپـەکانی فـشار دەسـتدەخەنە نـاوی تـا پـاڵاوتنی دادوەرێـك رەتبکەنەوە یـان دەسـتەنێژەیەکی خۆیـان زامـن بکـەن. لـەم رێگایـەوە رۆڵیـان لـە گێڕانـی کاریگەری بەسەر قەزاوە بە ئاشکرا دیارە.

٥- **گروپەکانی فشارو رای گشتی:** گروپـەکانی فـشار لـە فۆرمەلـەبوونی رای گـشتیدا لـە هـەموو سیـستمە سیاسـیەکاندا رۆڵیـان هەیـە. بەوتـەی (چـایلدز) گروپـەکانی فـشار بـۆ کارتێکردن لە هۆشی خەڵك سیّ جـۆر سـتراتیژیان هەیـە: ١) پـەنا بـۆ توانـاو ئـەقڵی خـەڵك دەبـەن و ئـەوەش لـە رێگـای بڵاوکـراوەو راگەیانـدنی تایبـەت، وتـارو کۆبوونـەوە، بەسـتنی کۆنفرانـسی رۆژنامـەوانی و لێکۆڵینـەوەی وردەوە ئەنجامـدەدەن. ٢) لـە رێگـەی هاندانـەوە هەستی نەفرەت، ترس، عیشق و هەرجۆرە سۆزێکی دی دەخرۆشێنن تا بیروڕایـەك بگـۆڕن. ٣) لەپێناوی گرنگیدان بەخواستەکانی خـودی خـۆی تـاکتیکی ئەفرانـدنی خۆشەویـستبوون بەکاردەهێنن و بەهۆی راگەیاندن و خواسـتی تایبەتـەوە کـار لـە رای دەنگـدەران دەکـەن و کاریگەریی لەسەر پرسەکانی سیاسەتی گشتی دادەنێن.

بەمپێیە دەکرێت بگەینـە ئـەو دەرەنجامـە، کـە گروپـەکانی فـشار لـە فـۆرمی حکومـەتی دیموکراسـیدا رۆڵـی سـەرەکی دەگێـڕن، بـەڵام هـەر کاتێـك بیانـەوێت بـەبیّ هەسـتکردن بـە بەرپرسیارێتی دامەزراوە سیاسیەکان بخەنە ژێر فـشاری قورسـەوە تـا بەرژەوەندییـەکانیان

دەستەبەر بکەن، دوچاری زیان دەبن. کاتێکیش زیان بە ریشەی دیموکراسی، واتە بەرژەوەندی گشتی و خۆشگوزەرانی گشتی بگەیەنن، دەبنە مەترسی بۆ سەر حکومەتی نوێنەرایەتی.[٢٧]

## پەراوێزەکان :


1-Edmond Bruke, thoughts on the couse of present discontents in the works of Edmond Bruke, vol2,(London: half & knopt, 1949) vol 2. p82

2-Gettell, op.cit. p289

3-Gettell, op.cit. p327

4-Leacock, op.cit. p311

5-Maclver, the Modern state, op.cit. p390

6-Robert Michels, political parties (New York: free press, 1949) p. 418, and p.Medding, (a framework for the anqlysis of power in political parties) political studies, vol. 18(march 1970) plzy, and ball, op.cit.p. 88

7-J.A.Schumpeter, capitalism, socialism and democracy 5th ed-London, Allen & unwin, 1950) p. 279

٨-ابو الحمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٥-٤٠٦

9-Ball, op.cit. p. 79, and Bhattacharjee, op.cit. p. 219

10-Kapur, op.cit. p. 566-569, and Agarwal, op.cit. p. 451-452

11-Ball, op.cit. p. 81

١٢-موریس دوورژە، احزاب سیاسی، ترجمە رضا علومي، تهران انتشارات امیر کبیر ١٣٧٥

13-Ball, op.cit. p. 88, 91

١٤-بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی تازیارەکانی سیستمی حزبی بڕوانە: ابو الحمد، سەرچاوەی پێشوو ٤٣١-٤٣٧و Agarwal, op.cit. p.455-458

١٥-بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر بڕوانە: ابو الحمد ٤٣٧-٤٤٢ و

Agarwal, op.cit. p.458-461.

16-Laski, A Grammar of politics, p. 314

17-Finer, op.cit. p.362

١٨-بۆ شرۆڤەکردنی سیستمی تاکەحزبی لەجیهانی سێ بڕوانە:

Julius K.Nyerere (one-party system) spearhead; the pan-africanreview, No.1 (January 1963) pp.11-22

١٩–سەبارەت بەسیستمە حزبییەکان و پارتە سیاسیەکان و سیستمەکانی هەڵبژاردن بڕوانە:

Ball, op.cit. p.91-100, Kapur, op.cit. p.563-587, agarwe, op.cit. p. 450-471

٢٠–دەربارەی پارتە سیاسیەکان و سیستمە سیاسیەکان بڕوانە: دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧–١٥١و

Nnolim op.cit. p.139-147, and Kapur, op.cit. p.579-587

21-H.Ziegler and G.wagbe peak, interest groups in American society 2nd ed. (Englewood clifls, N.J.Prentic Hall, 1972) p. 30

22-Ball, op.cit. p.103

٢٣–دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٥٢

٢٤–سەبارەت بەبەکارهێنانی هەریەك لەو زاراوانە بڕوانە:

Ball, op.cit. p.103-105

٢٥– دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشوتر.

٢٦– هەمان سەرچاوە، ل ١٥٢–١٥٣و هەروەها بڕوانە: Ball, op.cit. p.106

٢٧– دەربارەی گروپەکانی فشارو پارتە سیاسیەکان و ئاستی چالاکییەکانی گروپەکانی فشار، هۆکارەکانی دەسەڵاتی گروپەکانی فشار بڕوانە: دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٥١–١٥٦و

6, p. 103-120, Kapur, op.cit. p.587-593 –Ball, op.cit. chop

## -١٥-

# ( رای گشتی و میدیاکان )

(خۆسێ ئۆرتێگا – Jose Ortega) وتویەتی، هەرگیز کەس نەبووە لە جیهاندا حوکمڕانێتی کردبێت (ئەگەر ئەو حوکمڕانییەی پشتی بەشتێکی وەك رای گشتی نەبەستبێت). بەڵام ریشەو ئاخێزگای زاراوەی زانستیی (رای گشتی – هزری گشتی) بە نهێنی ماوەتەوە. رۆمیەکان زاراوەی زانستیانەی (کۆدەنگی – Consensus populi) یان زیاتر بۆ چەمکی قەزایی بەکارهێناوە تا ناوەڕۆکە سیاسیەکەی. یۆنانیەکانیش بۆ هاوواتایەکی لەو جۆرەیان بەکارهێناوە. (ماکیاڤیلی) لە (تێزەکاندا) بەپشتبەستن بە دروشمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست (Vox populi, vox dei) دەنگی خەڵکی بە (دەنگی خوا) ناوبرد. دواتر ئەم زاراوە زانستییە (رای گشتی) لەلایەن سیاسەتمەدارانی ئەوروپاییەوە وەك فاکتەری سنوردارکردنی سیاسەتی گشتی پەسەندکراوەو بەکاریانهێناوە. (رۆسۆ) لەسەروبەندی شۆڕشی فەرەنسادا بۆ یەکەمجار ئەم زاراوە زانستیەی بەکارهێنا. لەو قۆناغەی گەشەکردنی دیموکراسیدا رەفتاری سیاسی لەژێر رۆشنایی بیروڕاو رای گشتیدا پراکتیزە دەکرا. (ماکیڤەر) نوسیویێتی: (چالاکی بێکۆتایی رای گشتی دینامیکیەتی دیموکراسییە). لەرووی رای گشتیەوە لە هەلومەرجی ئێستای حکومەتە دیموکراسی و حکومەتە نادیموکراسیەکاندا جیاوازی فراوان هەیە. لە حکومەتی نادیموکراسیدا هەموو ئەو شتەی حکومەت دەیەوێت رادەستبوون یان رەزامەندی پۆزەتیڤانەی خەڵکە، بەڵام حکومەتی دیموکراسی چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت بەپێی رای گشتی بجوڵێتەوە.

### ١- رای گشتی چییە؟

بیروڕای خەڵکی لە تیۆرەکان یان رەوتە جۆراوجۆرە هەستیارەکانەوە سەرهەڵدەدات. (بریس) وتویەتی، کە هەندێك لەم رەوتانە (لە رەوتەکانی دیکە خێراتر گەشە دەکەن،

چـونکە لـە پـشتیەوە بـیروڕای زۆر یـان بـەهێزتر هەیـەو هـەر کاتێـك بیروڕایـەك بەئاشـکرا بەهێزترین بیروباوەڕ بێت، بە رای گشتی ناوی دەبـەن..). کەواتـە رای گـشتی هزرێکـە، کـە خەڵکی بەگشتی لە کاتێکی دیاریکراودا بەرامبەر بە دۆزێکی وابەسـتەی بەرژەوەنـدی گـشتی هەیانە.

بەڵام ئەم راگەیاندنە دۆزەکە چارەسەر ناکات، چونکە دەکرێت پرسـیار بکرێـت: خـەڵکی کێن؟ بە بڕوای (سایت) ناتوانرێت هـەموو ئـەو کەسـانەی لـە کۆمەڵگـەدا هـەن، بـە کاریگـەر لەسەر پێکهاتنی رای گشتی دابنرێت. دەبێـت کەمایـەتی بـەلاوە بنرێـت و سـەرەڕای چـەند ئاوارتەییەکی دیکە، وەك پەناهەندەکان، کۆی پێگەیشتووان، بەدەر لەوەی ماڤی دەنگدانیان هەیە یان بە هاوڵاتی دادەنرێن، دەبێت لە پێکهێنانی رای گشتیدا بەشداربن[1].

(فاینەر) لەوبڕوایەدابوو، کە پێناسەکردنەکانی رای گشتی ئاماژە بۆ یەکێك لـە سـێ شـت دەکات: ١) ئاگاداربوونی پێشوەخت لە رووداوێـك. ٢) بـاوەڕ. ٣) خواسـت. رای گـشتی وەك راگەیاندنێکی پێشوەخت لە روداوێك تەنها بـە بـەیانێکی سـادە ئامـاژەی بـۆ دەکـات، وەك: (فلانە ولات بـۆمبی بـەهێزی تاقیکردۆتـەوە). رای گـشتی وەك باوەڕێـك، ئاماژەیـەکی رووت نییە وەك خاڵی یەکەم، بەڵکو هەڵسەنگاندنێتی و لە راستیدا پێشبینی رەوتـی رووداوەکـانی ئایندەیە، وەك (لەو ولاتەدا جەنگی ناوخۆیی روو نادات). رای گشتی وەك خواستێك جـەخت لەسەر رەوتی کارێك دەکاتەوە، بۆ نموونە، کاتێك پرسیار دەکرێت کـە (ئایـا فلانـە ولات بـۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەبێت لەگەڵ فیـسارە ولاتـدا بکەوێتـە جەنگـەوە یـان نا؟) ئەو واتایە لەخۆ دەگرێت، کە بەدواداچوونی رەوتی کارێك بەهادارە.

یەکێك لە پرسە گرنگـەکانی جـێ سـەرنجی گـشتی ئەمەیـە، کـە زۆر ئایـدیۆلۆژیاو تیـۆری جیاواز هەیە، کە هەندێکیان ئـاڵۆز، دژبەیـەك و نـارێکخراون. لێکۆڵینـەوەو روونکردنـەوەکان ئـاڵۆزی و جیاوازیـەکانی کـەم کردۆتـەوە، بـەجۆرێك تیـۆرە پەیوەندیـدارەکان فـۆرمێکی دیاریکراو بەدەستدێنن. لەنێو ئەو تیۆرانەدا، ئەو تیۆرەیەی لای زۆربەی هاوڵاتیان هەیە، بـە رای گشتی ناودەبرێت. بەبڕوای (لاول) هەموو هزرەکان بـریتین لـە هەڵبـژاردنی نێـوان دیـدە جۆراوجۆرەکـان، کـە دەکرێـت بەشـێوەیەکی لۆجیکانـە وەربگیرێـن. بـەڵام هەنـدێك لـەو

بڕوایەدان، کە رای گشتی دەکرێت ئـەقڵانی بێـت یـان پـشت بـە باوەڕێك ببەسـتێت یـان لـە هەست و ئەنگێزەیەکەوە سەرچاوەی گرتبێت.

لەنێو فاکتەرە جۆربـەجۆرەکانی پێکهێنـەری رای گـشتیدا، خـەڵکی بـە یەکـەمین فاکتـەر دادەنرێت. لـەنێو خەڵکیـدا هەنـدێك رۆڵـی گـرنگتر لـەوانی دیکـە دەگێـڕن، کـە دەکرێـت بـە داڕێـژەرانی رای گـشتی دابنـرێن. ئـەم کەسـانەش وەك نوێنـەرانی خـەڵك لـە دەسـەڵاتی یاسادانان، رۆژنامەنوسـان، بەڕێوەبـەران یـان سیاسـەتمەدارانی پرۆفیـشناڵ، بەشـێوەیەکی جدی لەگەڵ پرسە گشتیەکاندا پەنجە نەرم دەکـەن. دەتوانرێـت بیریـاران و توێـژەرەوانیش بخرێتە سەر ئەو لیستە، کـە لـە روانگـەی تایبەتـەوە گرنگـی بـە پرسـە گـشتیەکان دەدەن. هەروەها ئەمجۆرە کەسانە بە پیشاندانی کاردانەوە بەرامبەر بە سیاسەت و ئەو رووداوانـەی روودەدەن، رای گشتی دەسـازێنن و چوارچێوەو فـۆرمی پێدەبەخـشن. ئـەم جـۆرە تاکانـە کەسانێکن، کە مەیل و ئارەزوو یان هەستی ئەرکی سیاسـی و مـەدەنی ئامـادەی کـردون تـا دەستوپەنجە لەگەڵ پرسی گـشتی نـەرم بکـەن و هەڵبەتـە بـەپێی بەرژەوەندیـەکان رەنگـە جیاوازی لە نێوان هزرەکاندا بکەن. هەروەها رەنگە کۆمەك بە گەشەکردنی هزرێك بکەن، کە خواستیانەو دەیانەوێت. بەڵام زۆرینەی هـەرە زۆری خـەڵك بەرامبـەر بـە پرسـە گـشتییەکان بێباکن! کەمتر دەخوێننەوەو تەنانەت کەمتر لـەوەش بـیری لێدەکەنـەوە. پێداویـستیەکانی ژیـانی رۆژانــە لــەناو کۆمەڵگەیــەکی پــشتئەستور بــە ململانــێ یــان لــەناو سیــستەمی سەرمایەداریدا، کاتێکی ئەوتۆیان بۆ ناهێڵێتەوە تا سەرنج لە مەسەلە گشتییەکان بـدەن یـا بەشێوەیەکی گشتی بیروڕایەکی گشتی ئامادە لە کەسانی دییەوە وەردەگرن، کە رەنگە ئەو کەسە رابەر یان دراوسێ یان کەسێکی دیکە بێت، کە جێی سـەرنجی ئـەون. ئـەم گروپـە لـە خەڵك (بیریارانی سازێنەری هزر، ریفۆرمخواز یان بەرزکەرەوەی ئەو بیرو هزرانە نـین، بـەڵکو تەنها قەبارەکەی گەورە دەکەن). بەمپێیە، هزری لـەمجۆرە لەچـەند کەسـێکەوە سەرچـاوە دەگرێت و هەندێکی زۆریش پەسەندی دەکەن و دەیکەن بە رای گشتی.

بەڵام دەتوانرێت پرسیار بکرێت بۆچی لەجیاتی ئەم رایە رایەکی دیکە پەسەند دەکرێـت؟ ئەم پرسیارە گرنگە، چونکە هەموو بیروڕاکان لە کۆمەڵگـەدا پـەرش و بـڵاون، بـەجۆرێك کـە هەر کەسەو زۆرترین لیستی فراوانی هەڵبـژاردنی لەبەردەسـتدایە. وەڵامـی (سـایت) بـۆ ئـەم

پرسیارە زۆر راستی بینانەیە. ئەو لەو بڕوایەدابوو، کە هەموو کەسێك ئەوە وەردەگرێت، کە بۆ خۆی دەگونجێت، ئەو شتەش ئەوەیە، کە ئەنگێزە و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەباشترین شێوە تێر بکات.

**٢- میدیا:**

هەمیشە بیرۆکەی ئامادەو ساز لەبەردەست خەڵکانێکدا نییە کە پێویستیانە، بەڵکو هزرەکان لە رێگای راگەیاندنێکی لێزانانەوە دەخرێنەڕوو. گروپی زۆری جۆراوجۆر هەن، کە بۆ سوودی ئەم یان ئەو بابەت، پڕوپاگەندە دەکەن و شێوازەکانیان هەندێکجار ئاشکراو راستەوخۆو هەندێکجاریش شاراوەو گومانلێکراوە. بەبڕوای زۆرێك ئامانجی سەرەکی راگەیاندن ململانێی سیاسی نێوان گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو بۆ دروستکردنی یەکپارچەییە. (دۆڤرژە) وتویەتی: (ئامانجی میدیا ململانێی نێوان چین و گروپە کۆمەڵایەتیە پێکهێنەرەکانی نەتەوە نییە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە بە رواڵەتیش بێت، باس لە یەکێتی نەتەوەیی دەکات. میدیا چەکێك نییە بۆ جەنگی سیاسی یان بەلایەنی کەمەوە دەوڵەت بەوجۆرە بانگەشەی بۆ دەکات... میدیا ئامرازێکە بۆ هەماهەنگی یان نیمچە هەماهەنگی کۆمەڵایەتی)[٢]. بەڵام بەوجۆرەشی، کە خۆی دانیپێدادەنێت، لە راستیدا حکومەت بەشێوەیەکی ئاسایی لە دەستی چینێکی کۆمەڵایەتیدایەو سوود لە میدیا وەردەگرێت بۆ لێدانی کاریگەری چینەکانی دیکە. بەبڕوای (ڤاڵتەر لیپمن) گرنگترین شۆڕش لە سەردەمی ئێستادا ئەو شۆڕشەیە کە لە هونەری ئەفراندنی رەزامەندی نێوان جەماوەردا روو دەدات. لە ژیانی ئەو نەوە نوێیەی ئەمڕۆدا، کە لە زۆر رووەوە لەژێر کۆنترۆڵدایە، هاندان و بزواندنی هەست و سۆزەکان بۆ هونەرێکی هۆشیارانەو میتۆدێکی باو یان بۆ حکومەتی گشتی گۆڕاوە. میدیا ئامرازێکی کارای بەدەستهێنانی جەماوەرە. (ئەندرێ سیگفرێد) وتویەتی: (هزرە خراپەکان زۆر زۆرن و چەکەکان زۆر کاران). (سیگفرێد)، کە سەبارەت بە ئەگەری مەترسییەکانی میدیا لە ئەمەریکا قسەی کردووە، رایگەیاند، کە رای گشتی چەکێکی ترسناکە: (میتۆدەکانی رێکخستنی میدیا، فۆرمەلەکردنی و هەڵئاوسانی تا خاڵی خرۆشان و هیسترییایی هێندە باش ناسراوەو هونەرەکانی بە رادەیەك کامڵ بووە، کە وا

دەردەکەوێت، بەهۆی نەرمونیانی و گونجاوی خەڵکەوە هیچ ئاستەنگێك بۆ ئاڕاستەکردنیان لە ئارادا نییە).

بەڵام دەکرێت لەگەڵ (سایت)دا هاوڕابین، کە سنورداریی هەیەو ناکرێت خەڵکی لەپشت ئەو سنوردارێتیە ئاڕاستە بکرێن: (ڕاگەیاندن تەنها بۆ ماوەیەکی کورت کاریگەرە، مەگەر لەگەڵ جۆرێك لە پێشینەی ڕای گشتی یان خولیای کۆمەڵایەتی هۆمۆجین و ئاوێتە بێت، ئەگەر دژ بە پێشینەو خولیای کۆمەڵایەتی بێت سەرکەوتوو نابێت)[٣]. بەمپێیە ڕەنگە بەهای ڕاگەیاندن کورتخایەن بێت. بەوتەی (سایت): (هەر کاتێك ڕاگەیاندن لەگەڵ خولیای ئامادە پێچەوانە نەبێت، لەوانەیە بۆ ماوەیەك لەناو ڕووداوە تازەکاندا ببێتە هۆکاری ڕەزامەندی خەڵك، بەڵام بەهەمان شێوەی کە ئەفلاتون و ئەرستۆ بڕوایان وابوو، وادیارە مێژووش گەواهیدەری ئەوە بێت، کە توندڕەوی تۆوی کاردانەوە دەچێنێت..)[٤]. ئایا (لینکۆڵن) ڕاست نەبوو، کە وتبووی ناتوانرێت تاسەر هەموو خەڵك فریو بدرێت، درەنگ یان زوو ڕاستی دەردەکەوێت: (کاتێك هیچ دەنگێك بۆ نەیاربوون نوزەی نەیەت و کاتێك نەتوانرێت ڕاستی جیابکرێتەوە، درۆکردن ئاسانە. لە کاتێکیشدا درۆکردن بەگران تەواو دەبێت، کە دەنگی دیکە بگەنە بەرگوێ و دەنگەکانی دیکە ساز بکەن)[٥].

میدیا لە مەیدانی جیهانی سیاسەتیشدا بەفراوانی بەکاردێت و هەموو دەوڵەتەکان بۆ کارتێکردن لەو گروپە تایبەتانەی جێمەبەستن لە دەوڵەتەکانی دیکەدا، پەنای بۆ دەبەن. لەمڕووەوە لە نێوان بەرژەوەندی نیشتمانی وڵاتە نەیارەکاندا سازش ناکرێت، بەڵکو ئامانج دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ئەو وڵاتەیە پڕوپاگەندە دەکات[٦].

أ) **بڵاوکراوەکان:**

ڕۆژنامە بە تایبەتی و بڵاوکراوەکان بە گشتی لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا زۆر کاریگەرن. (بۆ دەرخستنی گرنگی سیاسیانەی بڵاوکراوەکان ناوی (دەسەڵاتی چوارەمی — دیموکراسی) یان لێناوە[٧]. (لیپمن) ڕۆژنامەی بە (کتێبی پیرۆزی دیموکراسی) ناوبردووە. ڕۆژنامە سەرچاوەیەکە خەڵکی بەهۆیەوە ڕاستیەکان بەدەستدێنن. ڕۆژنامەکان بەهۆی میتۆدی ڕەنگدانەوەی هەواڵەکان، بەو دەستکاریەی لە هەواڵەکاندا ئەنجامی دەدەن و

بـەهۆی ئـەو توێژینەوانـەی لـەبارەی رووداو و سیاسـەتی گروپـە سیاسـیە جیاوازەکانـەوە دەیکەن، لەهەوڵی ئەوەدان کار لە رای گشتی بکەن. خوێنەری ئاسایی رۆژنامە، کە زانیـاری پـسپۆڕانەیان نییـە، لـە کـاتی بەتاڵیـدا بـەردەوام رۆژنامـە دەخوێنێتـەوەو مـەیلی بـەلای پەسەندکردنی ئەو تیۆر و هەڵوێستانەدا دەچێت، کـە بـۆ مەبەسـتێك سـازکراون. شـێوازی هونەریانەی پێدانی هەواڵیش بڵاوبوونەوەی جۆرێك لە رۆشنبیری راستەقینەش لەنێو خەڵكدا فەراهەم دەکات. هەندێك سیستمی هەواڵ هەوڵدەدەن خەڵك لە جیهـانێکی داخـراو و لەسـەر ئاستێکی هزری زۆر نزم بهێڵنەوە. ئامانجی ئـەو سیـستمانە ئەوەیـە خـەڵك (نـەزان) بکـەن. لـەمجۆرە سیـستمانەدا بـەهۆی میـدیا گـشتییەکانەوە هەوڵـدەدرێت خـەڵکی لـە ژینگەیـەکی وەهمـی، دروسـتکراو، سـەرنجڕاکێش و پوچـدا بمێننـەوەو لـەو رێگایـەوە لـەدۆزە واقیعـی و راستەقینەکانی کۆمەڵگە گومڕابن. بەڵام ئەگەر سیستمی راگەیاندن لە سانسۆری راگەیانـدن و بەرژەوەندیپەرسـتی ئـازاد بێـت، دەتوانێـت چـالاکی پـەروەردەیی و رۆشـنبیرییەکی مرۆڤدۆسـتانە وازی بکـات و شـوێنەواری بـە (نـەزانکردن)ی هەنـدێك سیـستمی راگەیانـدن بسڕێتەوە.

رۆژنامە لە دەوڵـەتی دیموکراسـی نوێدا هێزێکـی سەرسـوڕهێنەرە. بەوتـەی (دۆڤێـرژێ): (سەرهەڵدانی بڵاوکراوە لە سەدەی رابردوودا (سەدەی نۆزدە —و) بەشدارییەکی گەورەی لە گەشەکردنی دیموکراسیدا هەبوو). رۆژنامەکان ئەو توانایە بە حکومەت دەبەخشن درێژە بە پەیوەنـدیکردنی بـە خەڵکـەوە بـدات و پێـشنیاز و رەخنـەکان بـۆ چـاککردنی کاروبارەکـان بخەنـەڕوو. رۆژنامـەکان نـەك تـەنها سـکاڵۆکان تێناپـەڕێنن، بـەڵکو هەوڵـدەدەن ببنـە ڕەنگدەرەوەی هەسـت و دیـدەکانی خـەڵك بـەوجۆرەی تێیدەگـەن. بـە رەچـاوکردنی رۆڵـی گرنگیان لە فۆرمۆڵەبوونی رای گشتی دەبێت هەوڵبدرێت ئەو ئامرازی ڕاگەیاندن و میدیایانـە نەکەونە ژێر چنگی خەڵکی خاوەن بەرژەوەندییەوە. بەگشتی ئەو دیدە کۆدەنگی لەسـەرە، کە بڵاوکراوەی ئازادو بێلایەن بۆ سەرکەوتنی حکومەتی دیموکراسی پێویستە. لـە هـەمووی گـرنگتر دەبێـت هەواڵـەکان دروسـت بخرێنـەڕوو تـا ئـەو توانایـە بـە هاوڵاتیـان ببەخـشن دادوەرییەکی دروست و تەندروسـت بکـەن. بـەڵام بـۆ گەیـشتن بـەم ئامانجـە هـیچ رێگەیـەك پێناسە نەکراوە.

بڵاوكراوەكـان بـەهۆی وابەسـتەیی بـە تیـۆرو بەرژەوەندییـەكانی راگەیاندنـەوە دوچـاری ڕەخنە لێگرتن بوون. هەروەها بەهۆی پەنابردنی بۆ سانا خرۆشاندنی خوێنەرەكانی خـۆی و بە رەچـاوكردنی زۆربـوونی ژمارەیـان لەوانەیـە بكەونـە بـەر سەرزەنیـشت كـردن. بـەلاَم لـە روانگەی (سایت)ەوە ئەم رەخنەلێگرتنەی دواییان ڕەوا نییە: (خاوەنی رۆژنامە دەبێت وەك كاندیدی ئاستێكی سیاسی هونەرەكانی شەیداكردنی كۆمـەڵ بـەكاربهێنێت. رۆژنامەنوسـی و سیاسەت رەنگدەرەوەی میزاجی گشتییە. رۆژنامە ئـەو شـتە بەخوێنـەران دەبەخـشێت كـە خواستیانەو مافی ئەوەیان هەیە بیزانن)[٨]. خەڵكی ئاسایی توانای تێوەگلانیان لەگەڵ پرسە ئاڵۆزەكانی حكومەتدا نییە. (لیمپن) و (نۆرمان ئەنجل)یـش لـەو بـاوەڕەدابوون هـەموو ئـەو شتەی خەڵكی دەتوانن و دەبێت ئـەنجامی بـدەن ئەوەیـە، كـە تـەنها دەرئـەنجامی كۆتـایی پەسـەند بكـەن. هـەروەها بەشـێوەیەكی گـشتی چـینی سـەرمایەدار خـاوەنی بڵاوكراوەیـەو رێنوێنیش دەكـات و لەراستیـشدا هـەر لەبـەر ئەمەیـە لێكۆڵینەوەیـەكی زۆر كـراوە لـەبارەی قازانجی سەرمایەداران و سیستەمی سەرمایەداری لە بڵاوكراوەكان و بەشێوەیەكی گشتی لە میدیاكاندا. بۆ نموونـە (مـۆریس دۆڤێـرژێ) لـەو بارەیـەوە وتویـەتی: (سیـستمی میـدیاكانی سەرمایەداری دەیەوێت هاوڵاتیان لەباری ئاساییدا، كـە پێویـستە بێـدار و وریـابن، سـست و خـەواڵوو بكـات و كـاتێكیش، كـە خرۆشـاو و پەشـۆكاون و پێویـستە ئارامیـان بكاتـەوە، دەیانبزوێنێت..)[٩]. (كوری) لەوباوەڕەدابوو: (پەیوەندی ناهەمواری بازرگانی و دیموكراسی بەهۆی بڵاوكراوەكانـەوە هەڕەشـەیەكی راستەقینەی دیموكراسـییە). (فاینـەر) نوسـیوێتی: (رادەی كۆنكرێتی هەواڵی دروست و هزریی یەكسان بەگشتی كەمـەو بڵاوكراوەكـان زیـاتر بەهۆی گەورەكردن و كەمتر بەهۆی ریفۆرمی كەموكوڕییەكانیـەوە دەسـەلاَتێكی نائاسـاییان بەدەسـتهێناوە)[١٠]، بـەلاَم ئەگـەر خـەڵكی بـاش فێربكـرێن و رۆشـنبیر بـن، بـاش لـە خـراپ جیادەكەنەوە.

**ب) كۆبوونەوە گشتییەكان:**

كۆبوونەوە گشتییەكان بۆ رابەرەكان هەلێكی گونجاون تـا پەیوەنـدی راسـتەوخۆ لەگـەڵ خـەڵك ببەسـتن. سـازدانی ئـەمجۆرە كۆبوونەوانــە بـۆ ئــەو وڵاتانـەی كـە بەشــی زۆری

دانیشتوانەکەی نەخوێندەوارن یان هێشتا خوێندەوارەکانی خوێندنەوەی رۆژنامە نەبۆتە نەریت لەلایان و هێشتا ئامارەیەك بۆ گۆڤار و نوسراو نەکراوە، ئەمجۆرە کۆبوونەوانە گرنگن. ئەمجۆرە گردبوونەوانە یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ دەسڕاگەیشتن بە خەڵك و ئەرکێکە بۆ پەروەردەکردنی سیاسییانەیان. بۆ کاریگەریی دانان لەسەر رای گشتی سوود لە شێوازی زمان وەردەگیرێت. رابەرانی وتاربێژ سەبارەت بە دۆزە سیاسییە زیندووەکان رای گشتی دەبزوێنن. بەلام بۆئەوەی ئەمجۆرە کۆبوونەوە گشتیانە ببنە فاکتەری پێکهێنانی رای گشتی کاریگەر، پێویستە ئازادییە مەدەنییەکانی وەك ئازادی کۆڕوکۆبوونەوەو راگەیاندن بۆ خەڵکی دەستەبەر بکرێت.

**پ) پارتە سیاسیەکان:**

پێشتر بەشێوەیەکی دوورودرێژ باسی رۆڵی پارتی سیاسی لە ژیانی سیاسی و پێکهێنانی رای گشتیدا کرا. پارتەکان لە پێناوی پاراستنی هزرو سیاسەتی تایبەتدا پێکهاتن. بەشێك لەئەرکەکانیان بریتییە لەوەی سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکان بیروڕا دەربڕن و لایەنگر بۆ دیدەکانیان دروست بکەن. دەبێت لایەنگرانیش بڕوایان بە دروستی هەڵوێستی پارت لە بارەی پرسە جۆراوجۆرەکانەوە هەبێت.

**ت) دەسەلاتی یاسادانان:**

دەسەلاتی یاسادانان بە ئاوێنەو قاڵبی رای گشتی وەسفکراوە. لێکۆڵینەوەی گەرموگوڕ دەربارەی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ولات، مشتومڕی توند لە دانیشتنەکانی دەنگدان لەسەر بودجە، هەڵپەساردنی کاتیانەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن، رەخنەگرتن و نەبەخشینی متمانە لە رێگا بەرچاوەکانن بۆ کاریگەری دانان لەسەر رای گشتی خەڵك و ئەو توانستەیان پێدەدەن تا لەبارەی پرسە گرنگە زیندووەکانەوە فۆرمەلەی بیروڕا بکەن.

**ج) دامەزراوەكانی پەروەردە:**

دامـــەزراوە پەروەردەییـــەكانی وەك قوتابخانـــە، زانكـــۆ، دامـــەزراوەی لێكۆڵینـــەوەو توێژینەوەش كاریگەری راستەوخۆیان بەسەر رای گشتیەوە هەیە. لە راستیدا ئەم دامەزراوە فێركـاری و توێژینەوانـە هاوڵاتیـانی ئاینـدە ئامـادە دەكـەن. لـە قۆنـاغی فۆرمگیریـشدا هۆشیارییە مەدەنیەكانی ئەوانی تێدا گەشە پێدەدرێت. لە ماوەی ئەو قۆناغـەدا جیهـانبینی تایبەتیان تێدا پەروەردە دەكرێت و دواجار وەك هاوڵاتی هۆشیارو خاوەن دیدی سـەربەخۆو هزری پەیوەست بەخودەوە گەورە دەبن.

**چ) رادیۆ، تەلەفزیۆن و سینەما:**

رادیـۆ، تەلـەفزیۆن و سـینەما میـدیای كۆپەیوەنـدین، كـە بەهۆیانـەوە كاریگـەری زۆر دەخرێتە سەر خەڵك. ئەوەی رۆژنامە دەینوسێت ئامرازە بێسیمەكان بەشـێوەیەكی زارەكـی بـە خــەڵكی دەگەیــەنن. لــە رێگــەی پەخــشكردنی هــەواڵ و تیۆرەكانــەوە خــەڵكی نەخوێندەواریش ئاگادار دەكرێنەوەو لەوەی لەناو وڵات و جیهاندا روو دەدات، بەئاگا دەبـن. لە راستیدا تەلەفزیۆن و رادیۆ پەیوەندییەكی زیندوو لـە نێـوان خـەڵك و حكومەتـدا دروسـت دەكـەن. (كـوری) نوسـیوێتی: (هەنـدێك لـە چـاودێران تـا ئـەو رادەیـە دوور رۆشـتوون، كـە پێیانوایـە رادیـۆ دوبـارە ئـەو پەیوەندییـە راسـتەوخۆیەی لـە نێـوان رابـەرانی سیاسـی و لایەنگرانیان بەرقەرار كردەوە، كە ئاماژەی دیـاری دیموكراسـی یۆنـان بـوو). (دۆڤێـرژێ)ش نوسـیوێتی: (ئـەمرۆ میـدیا بیـستراوەكان (ڕادیـۆ) و بینراوەكـان (تەلـەفزیۆن، سـینەما و هەفتانەی وێنـەدار) بەهـەمان رادەی چاپەمەنی نوسـراو كاریگـەرن: ئەوانـەش بەشـێكن لـە دەسـەڵاتی چـوارەم. وا بـڵاوە رێگاكـانی گەیانـدنی هـەواڵ و بیروراكـان، كـە دەرئـەنجامی شێوەی هونەری نوێیە، بە (ئامرازی هەواڵی گشتگیر) ناوزەد كـراوە، كـە چـەكێكی سیاسـی زۆر كاریگەر پێكدێنن)[١٢]. بەڵام گوتراوە كـە نابێـت رادیـۆ چـەكی پڕوپاگەنـدەی حكومـەت بێت: (ئاساییە لە حكومەتـە سـتەمكارەكاندا ئامرازەكـانی هـەواڵی گـشتگیری لـەژێر چـنگی دەوڵەتدایە. ئەم ئامرازانە راگەیەنراوەكانی دەوڵـەت پـەخش دەكـەن، راگەیانـدنێكی لەگـەڵ

پۆلیسدا بە کۆڵەکەی بنچینەیی دەسەڵات دادەنرێن. ئامانجی ئەو پروپاگەندانەش گردکردنەوەی کۆدەنگی هاوڵاتیانە بۆ حکومەت)[١٣].

ح) **خزمەتگوزارییەکانی دیکە:**

ئەنجومەنە جۆربەجۆرەکان و گروپە دەسرۆیشتووەکانیش تێدەکۆشن کاریگەربن و رای گشتی بەپێی خواستی خۆیان لە قاڵب بدەن. جگە لە رۆژنامەکان و ئەنجومەنەکان لە پێناوی ئەو تاکانەی جێمەبەستن کتێبی زۆر نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە. ئامانجی ئەمجۆرە چالاکییانە ئەوەیە، کە لەپێناوی راپەڕاندنی سیاسەتێك یان پەسەندکردنی تیۆرێك ژینگەیەکی گونجاو دروست بکرێت.

خ) **ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهاتنی هزری تەندروست:**

ئەو شتەی دەبێتە رێگری بەردەم کارکردنێکی سەرکەوتووانەی دیموکراسی، دەشبێتە ئاستەنگی بەردەم دروستبوونی رای گشتیی تەندروست. بەڵام دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێك فاکتەری گرنگ دیکە بکرێت، وەك: ئەو بڵاوکراوانەی هیچ پەروای چاکە و خراپە نین یان دەغەڵکارن، ئەو بەرپرسانەی زانیاری ناڕاست دەدەن، محافیزەکاری وەهمپەرستی و مەزهەبی، جیهانبینی دەستەگەری و گروپچی و نەبوونی ئازادیی مەدەنی، نەبوونی پەروەردە، پێنەگەیشتوویی سیاسی و جیهانبینی هاوسەنگ و یەکسانی سیاسی. رێگەی دروستبوونی رای گشتی تەندروست ئەوەیە هەوڵ بۆ لەناوبردنی فاکتەرەکانی زیانگەیاندن بە رای گشتی بدرێت.

د) **چۆنیەتی دیاریکردنی رای گشتی:**

بەبڕوای (بریس) بۆ ناسینی رای گشتی چاپەمەنیەکان رێنیشاندەری باش نین، چونکە هەڵسوڕانی کارەکەی وەك پێویست ئاماژە نییە بۆ پەسەندکردنی دیدەکانی. کۆبوونەوە گشتیەکانیش ئاماژەی باش نین، چونکە لە سەنتەرە قەرەباڵغەکاندا هەموو گروپێکی پڕ وزە دەتوانێت جەماوەری زۆر کۆبکاتەوە. بەبڕوای ئەو باشترین رێگەچارەی ئازادانە لەنێو

خەڵکدا وەرگرتنی دیدوبۆچوونیانە سەبارەت بەدۆزە گشتیەکان. بـەبڕوای (بـریس) بـیروڕای زۆرینە رای گشتی نییە، هەروەها بیروڕای گروپێك یان ناوچەیەکیش بەهەمان شێوە ناکرێـت بە رای گشتی ناوببرێت. بۆ ئـەوەی ببێتـە رای گـشتی، پێویـستە پـەی بـە ئـەقڵ و لـۆژیکی ئامانجی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ببرێت. بەمپێە (بریس)یش رای گشتی وەك ویستی گـشتی (رۆسۆ) لێڵ و ئاڵۆزو دواجار بۆ هەموو مەبەستێکی پراکتیکی بێسوودی دەکات.

بەهۆی برەودان بە شێوازی ئامار لە پێوانەکردنی رای گشتیدا میتۆدی نموونە هێنانەوەی سەرتاسەری برەوی پەیدا کرد. ئاشکرایە بـەهای ریفرانـدۆمی لـەوجۆرە وابەسـتەی میـتۆدی نموونـــەگیری، فـــۆرمی پرســـیار، هەلومـــەرج و بـــارودۆخ و هـــەروەها رەوتـــی ئـــەنجامی چاوپێکەوتنەکەیە. ناکامبوونی هەندێك دامەزراوەی گەورەی ریفرانـدۆمی لـە پێـشبینیکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی (ترومان) لە (١٩٤٨) بۆ سەرۆکایەتی کۆمـاری ئەمـەریکا خـستنیە بـەر رەخنـــەی تونـدو بـووە هـۆی لاوازی و دواکـەوتنیان. ئـەم رەوشـانە لـەباری چـاکبوون و کامڵبوندان تا زانیاری متمانەدارتر سەبارەت بە هەڵوێستی گشتی بەدەسبێنن.

پێشئەوەی بەشێك لە رای گـشتی بتوانێـت لـەرووی سیاسـییەوە حـساب بـۆ کـراو بێـت، پێویستە کاریگەری خۆی ئاشکرا بکات. ئەوەی زانـراوە ئەوەیـە، کـە رای گـشتی لەهەمبـەر زۆر پرسـی سیاسـی گـشتیدا دابەشـبوەو پەرشـوبڵاوە، لـە راسـتیدا بـەڕادەی ئەگـەرەکانی پەیوەست بە بابەتێکەوە لەوانەیە بیروڕای جیاواز هـەبێت. جیـاوازی بـیروڕا راسـتیەکە، کـە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت. رووبەڕووبوونەوەی هزری یان مـشتومڕ مەیدانـەکانی هـاوڕابوون یـــان نـــەبوون و فەرامۆشـــکردن ئاشـــکرا دەکـــات و ئەمـــەش بەرپرســـیارێتی دامـــەزراوە دیموکراسییەکانە، کە بۆ بەدەستهێنانی کۆدەنگی یـان دروسـتکردنی هاوسـەنگی لـە نێـوان بـیروڕا جیاوازەکـان و بەرژەوەندیەکانـدا بـە شـێوازێکی وا کاربکـەن، کـە لایـەنی زۆریـی رەزامەندی خەڵك دەستەبەر بکەن.

## پەراوێزەکان:

1-Edward M. Sait, political Institution; A proface (New york: Appleton Contury, 1938) p. 502.

٢-دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشو ل ١٦٥

3-Sat,op. Cit. p.511.

4-Ibid. p.516.

٥-دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پیشو ل ١٦٥.

٦-بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەربارەی ڕاگەیاندن وەك ئامڕازێکی کرداریی دەوڵەتەکان، بڕوانە: فرانکل، پێشو ل ١٨٠-١٨٦.

٧-دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشو.

8-Sait. Op. cit. p517.

٩-دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩.

10-Finer, op. Cit. p 385.

11-J.A. Corry, Democratic Government and politics (Toronto: University of Toronto press, 1947) p. 377.

١٢-دوورژە، اصول علم سیاست، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

١٣-هەمان سەرچاوە.

## -١٦-

# ( دەوڵەتی خۆشگوزەران )

چەمکی دەوڵەت وەك کارگوزارێکی خۆشگوزەرانی مرۆڤ یادگارێکی رابردووە. (ئەرستۆ) وتویەتی: (دەوڵەت لەپێناوی ژیاندا دێتە ئاراوەو لەپێناوی ژیانێکی باشتردا بەردەوام دەبێت). لە دیدی هەندێك لە بیریارانی ئەخلاقیشەوە دەوڵەت پێویستە بەردەوام رەفتاری باشە پەروەردە بکات، ژیانی مۆراڵی مرۆڤ ریفۆرم و کۆنترۆڵ بکات و خاك و ئاو بۆ ژیانی مرۆڤ ساز بکات و بیگونجێنێت. هەر لە کۆنەوە دەوڵەت وەك دامەزراوەیەك و رێنیشاندەرێکی ئەخلاقی و لە قاڵبدەری ژیانی ئەخلاقی تاکەکان سەیرکراوەو لە پێناوی بەرزراگرتنی چۆنایەتی مرۆڤ رۆڵی گرنگ و سەرەکی لە دارمانی جەستەیی و ئازاری رۆحیدا گێڕاوە. دەوڵەت بەهۆی پەرەپێدانی فێرکارییەوە لە رووی پەروەردەکردنی هێزی هۆشمەندییەوە رۆڵێکی زیندووی گێڕاوە، دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستەبەرکردووەو بەختیاری لە نێوان هاوڵاتیاندا زیاتر کردووە.

ئەرکەکانی دەوڵەت یان حکومەت پلەبەپلە زۆرتر بووە. لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا حکومەت پۆلیسێك بوو. تاکگەرایی تا رادەیەکی تەواو بوونی هەبوو، رێگای نەدەدا حکومەت یان دەوڵەت کەمترین بەشداری لە کارەکاندا بکات. (جۆن ستیوارت میل) نووسیوێتی: (پێویستە رێگری لە زیادبوونی خراپەکاری دەسەڵاتی دەوڵەت بکرێت. هەر کارێکی نوێ بۆ کارەکانی دەوڵەت زیاد بکەین، دەبێتە هۆی زیادبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر ترس و ئومێدەکانی خەڵك و بە تێپەڕبوونی کات تاکی چالاك و بەهیمەت بۆ کەسانێك دەگۆڕێت کە پشت بە دەوڵەت ببەستن و ببنە نانخۆری یان پشت بە پارتێك ببەستن، کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستەوە بگرێت)(1). بەڵام زۆر درێژەی نەکێشا، کە تێڕوانین بۆ دەوڵەت یان حکومەت گۆڕانی بەسەرداهات. لە سەدەی بیستدا حکومەت بۆ جۆرێك هاوکاری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی گۆڕاو ئیدی تەنها وەك پۆلیسێك

ئەژمار نەدەکرا. رۆڵی مامۆستا، پەرستار، بەڕێوەبەرو گەورە پیشەکارانی لەخۆگرت. لە ئەستۆگرتنی ئەم ئەرکانە بووە هۆی دەرکەوتنی سەردەمی سۆشیالیزم. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی سۆشیالیزمیان هەڵنەبژارد، بیرۆکەی خۆشگوزەرانیان گەڵاڵە کرد. لەم رێگەیەوە چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران هاتە ئاراوەو چەمکی دەوڵەتی تاکگەرای مەحکوم کرد، کە ئامانجی پاراستن بوو نەك پێشکەوتن. هەروەها چەمکی دەوڵەتی کۆمۆنیستیشی رەت کردەوە، کە تیایدا خۆشگوزەرانی بە لە دەستدانی هەموو ئازادییە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دەهاتە دی. تێگەی دەوڵەتی خۆشگوزەران خەوشە سەرەکیەکانی هەردوکیانی بەلاوەناو لەهەمان کاتیشدا بووە خاوەنی چاکە و باشەکانیان. بەمجۆرە نموونەیەکی باڵا لە دەوڵەتی نوێ خرایەڕوو، کە چاکەو باشەکانی دیموکراسی و سۆشیالیزمی زەق دەکردەوە. (هابمن) دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە دەرئەنجامی: (پێکگەیشتنی تاکگەرایی سەدەی نۆزدە و سۆشیالیزمی سەدەی بیستەم) وەسف کرد. (گوپتا)ی توێژەرەوەی هندستان نوسیوێتی: (چیرۆکی پەرەسەندنی ئەرکەکانی دەوڵەت لە کارگوزارێکی یاساو سیستمەوە بۆ کارگوزارێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چیرۆکی بە واقیعیبوونی کەسێتی مرۆڤە)[٢]. بیریارانی ئینگلیزی لەو باوەڕەدان، کە بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەران سەرەتا لە ئینگلتەراوە سەری هەڵداوە. (هابمن) وتویەتی: (هەڵەیە گەر بەوجۆرە وێنا بکرێت، کە چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران، وەك خوانێکی ئامادە لە ئاسمانەوە بەسەر هزری خەڵکی چاوەڕواندا رژا بێت. دەوڵەتی خۆشگوزەران بەری رەنجی پەیوەندی ئارەزووی سیاسی بەریتانیاو گەشەکردنی پلەبەپلەی ئەو درەختە بووە، کە چوار سەدەو نیو لەوەوبەر لە (شۆڕشی شکۆمەندی ١٦٨٨) نێژرابوو)[٣].

### ١- دەوڵەتی خۆشگوزەران چییە؟

بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەران ئەوەیە، کە کۆڵەکەی سەرەکی دەوڵەتی خۆشگوزەران تاکەو دەوڵەتی خۆشگوزەران لە پێناوی گەشەپێدانی هاوئاهەنگی ئەودا گەڵاڵە کراوە. بەمپێیە ئامانجی دەوڵەتی خۆشگوزەران دەستەبەرکردنی رادەی بەرزی پێشکەوتن و خۆشی تاکە. هەموو چالاکیەکانی بە خۆشگوزەرانی گشتییەوە بەندە. (کوڵ) نوسیوێتی:

(دەوڵـەتی خۆشـگوزەران کۆمەڵگەیەکـە بەلایـەنی کەمـەوە ئاسـتی ژیـان و هـەل تیایـدا ڕەخساوەو لە پـشکی هـەموو هاوڵاتیانـدا دەبێـت). (ئـارتۆر شـلزنیگ) بـەمجۆرە پێناسـەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کردووە: (سیـستمێکە حکومـەت بـەڵێن دەدات ئاسـتی دیـاریکراوی کار، دەرامەت، پەروەردە، کۆمەکی تەندروستی و دابینکردنی کۆمەڵایـەتی و نیـشتەجێبوون بـۆ هـەموو هاوڵاتیـانی دەسـتەبەر بکـات)[٤]. بـە بـڕوای (هێربـرت لەهمـەن): (دەوڵـەتی خۆشگوزەران دەوڵەتێکە خەڵکی تیایدا ئازادن توانا تاکایەتیەکانی خۆیان پـەروەردە بکـەن و لە بەرامبەر ڕەنجەکانیاندا پاداشتێکی ڕەوا وەرگرن و بەدوی خۆشبەختی و بەختیارییەوە بن بێئەوەی ترس لە برسێتی، بێلانەیی یان ستەمکاری بەهۆی نـەژادو بیروبـاوەڕو ڕەنگـەوە ڕێگـر بێـت)[٥]. بەوتـەی (کۆنـت): (دەوڵـەتی خۆشـگوزەران ئـەو دەوڵەتەیـە زنجیرەیـەکی بەرفراوانی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیانی دەکات). بـەبڕوای (ئـەبراهام): (دەوڵـەتی خۆشگوزەران کۆمەڵگەیەکە دەسەڵاتی دەوڵـەت بـۆ هاوسـەنگکردنی کـارکردنی ئاسـاییانەی هێـزی ئـابووری بەشـێوەیەکی هەڵـسەنگێنراو بـەرکار دەخرێـت تـا دابەشـکردنێکی باشـتری دەرامەت و لانی کەمی بنچینەیی، بە چاوپۆشی لە بـەهای بـازاڕی کـارو دارایـی، بـۆ هـەموو هاوڵاتیان بەدەست بێت)[٦].

(مارشاڵ) تاکگەرایی سەرپەڕو گشتگەراییەکەی بـە تایبەتمەنـدی بنەڕەتیانـەی دەوڵـەتی خۆشگوزەران دادەنێت. تاکگەریی ئاماژە بۆ مافی ڕەهای تاك بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی دەکات و گشتگەرایش ئەرکێك لە ئەستۆی دەوڵەت دەهاوێت تا هەموو کۆمەڵگە بەرەو پێش ببات و بیپارێزێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆی خواستەکانی تاك باڵاتر بێت [٧].

(پیـت تیـۆنس – Piet thoenes) لـەوباوەڕەدابوو دەوڵـەتی خۆشـگوزەران فـۆرمێکی نوێی کۆمەڵگەیە، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ دەوڵەتی لیبرال، کە پێش ئەو هـەبووەو دەوڵـەتی سۆشیالیستی، کە نەیاری بووە. دەتوانرێت تا ڕادەیەك بەهۆی تایبەتمەندێتی دیموکراسی و بەهۆی ئەو کەمـە جەختکردنـەی بـۆ گـشتگەرایی هەیـەتی، لـە خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایـەتی فۆرمەکانی کۆمۆنیستی و فاشیزم جودا بکرێتەوە. بەواتایەکی دی (تیۆنس) وەك (مارشـاڵ) دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە تێکەڵەیەك لە نیوە سۆشیالیستی و نیوە لیبرالیزم زانیوە.

راڤەكردنی ئـەو پێناسـانەی سـەرەوە پـیشانیدەدات، كـە دەوڵـەتی خۆشـگوزەران، ئـەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

١- لە دەوڵەتی خۆشگوزەراندا تاك پێگەیەكی خولگەیی هەیە.

٢- لانیكەمی ژیان و دەرفەت بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر دەكـات، بـەبێ گوێـدان بـە نـەژاد، بیروباوەڕ یان ڕەنگ

٣- خزمەتگوزاری بەرفراوان و هەمەچەشنە بۆ هاوڵاتیان دابین دەكات

٤- دابەشكردنێكی دادپەروەرانەی دەرامەت بۆ هاوڵاتیان دەستەبەردەكات.

لەم سەدەیەدا دەوڵـەتی خۆشـگوزەران لایەنگرییـەكی زۆری بەدەسـتهێناوە. هەنـدێك لـە دیموكراسییە دواكەوتووەكان و ئەوانەشی لەباری گەشەكردندان، بـەپێی بیرۆكـەی دەوڵـەتی خۆشگوزەران دەسـتیان پێكـردووە. لەبەرئـەوە (ئارنۆڵـد تـوینبی) مێژوونووسـی هاوچـەرخ پێشبینی كرد: (كە سێ سەدە دوای ئێستا، سەدەی بیـستەم لـە یادەوەریـدا دەمێنێتـەوە، ئەوەش نەك بەهۆی جەنگەكان، تۆقین و تاوانەكانیـەوە، بـەڵكو بـەهۆی ئـەو راسـتیەی، كـە یەكەمین خولی مێژووە مرۆڤ بوێریی ئەوەیان كردووە بیر لەوە بكەنەوە، كـە ئەگـەری ئـەوە هەیە هەموو نەژادەكانی مرۆڤ لەو شارستانیەتەی هەیە، سوودمەند بن).

## ٢- ئەركەكانی دەوڵەتی خۆشگوزەران:

دەوڵەتی خۆشگوزەران تەنها كارو ئەركی پاراستن یان پۆلیـسانە هەڵناسـوڕێنێت، بـەڵكو جەخت لەسەر ئەركەكانی خۆشگوزەرانیش دەكاتەوە. دەوڵەت یان حكومەتی خۆشگوزەران تەنها وەك پۆلیس ناجولێتەوە، بەڵكو وەك فیزیكزان، ئەندازیار و مامۆستاش خزمـەتگوزاری پێشكەش دەكات. هەروەك ئاماژەی بۆ كرا، لێكۆڵینـەوەكان دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانیان بـە پێگگەیشتنی بنەڕەتیانەی نێوان تاكگەرایی سەدەی نۆزدەو سۆشیالیزمی سەدەی بیـستەم وەسف كردووە.

أ- تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران.

١- تایبەتمەندی پارێزگاریکردن.

أ) پاراستنی حوکمڕانێتی لە بەرامبەر ئاژاوەی ناوخۆیی و دەستدرێژی دەرەکی. ب) داڕشتنی یاسایەك لە پێناوی پاراستنی دەسەڵات و پەرەدان بە ملکەچی و فەراهەمکردنی هەلومەرجی ئاسایشی تەواو. پ) پاراستنی دامەزراوەکانی وەك خێزان و خاوەنداریێتی. ت) رێکخستنی بارکردن و گواستنەوەو پەیوەندییەکان، دروستکردنی بیناو پاراستنی رێگاکان، ئەنجامدانی کاری پۆستەو گەیاندن بە باشترین شێوە. ح) رێکخستنی کاروباری بازاڕەکان و بەدواداچوونی باری کێش و ئەندازەکان. ج) پاراستنی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە. چ) گردکردنەوەی دارایی و سزادانی ئەوانەی خۆیان لە باجدان دەدزنەوە.

٢- تایبەتمەندی خۆشگوزەرانی.

دەوڵەتی نوێی خۆشگوزەران خۆی تەنها وەك گردکەرەوەی باج یان پۆلیس نابینێت، بەڵکو برەو بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیش دەدات. (رایسۆن) سەبارەت بە ئەرکەکانی خۆشگوزەرانی نوسیوێتی: (لەنێو هەموو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکاندا خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی فراوانترین پانتایی داگیرکردووە، چونکە تا رادەیەك هەموو تاکە بێبەشەکان، هەر لە بێوەژنانەوە بگرە تا منداڵانی مەحروم، لە پیرانی بە تەمەنەوە کە توانای چاودێری کردنی خۆیان نییە بگرە تا ژنانی تەڵاقدراوی خاوەن منداڵ، لەزیندانیانی پێشووی بێکار بگرە تا کەسانی نەخۆشی جەستەیی و سایکۆلۆژی، لە کۆچبەرانی بێ نیشتمان بگرە تا خێزانی گرفتاوی لە خۆدەگرێت)[٨]. لە هەلومەرجی لەو بابەتەدا دەوڵەتی خۆشگوزەران ئەم ئەرکانە رادەپەڕێنێت:

أ- گەشەکردنی کەسێتی تاك: هەروەك وترا دەوڵەتی خۆشگوزەران هەوڵدەدات گەشەیەکی هارمۆنی بە کەسێتی تاك بدات. ئەم دەوڵەتە یان حکومەتە هەموو تاکەکان یەکسان دەبینێت و دەرفەتی گونجاو بۆ خەڵك دەستەبەردەکات. هیچ ئاستەنگێکی

دروستکراو لەبەردەم گەشەکردنیان بە ڕەوا نازانرێت. ئاوڕێکی تایبەت لە بەشە هەژارەکەی خەڵکی دەدرێتەوە.

ب- وێڕای ئەوە: هەمووان دەتوانن خاوەنی ئازادی بنەڕەتی بن، واتە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی ڕاگەیاندن، ئازادی بیروڕا و هاوشێوەکانیان و ئازادی کۆبوونەوە بۆ گەیشتنە ئامانج و مەبەستە هاوبەشەکانیان. ئەم سوودمەندبوونە لە ئازادییە بنەڕەتییەکان ئەو توانستە بە مرۆڤ دەبەخشێت هێزی داوەریکردنی خۆی لە پێناوی چاکەی گشتیدا بخاتەکار.

دەکرێت بە کورتی ئەرکە گرنگەکانی خۆشگوزەرانی دەوڵەت بەمجۆرە روون بکرێتەوە:

١- **چاککردنی باری تەندروستی:** دەوڵەت لە پێناوی دەستەبەرکردنی تەندروستی بۆ خەڵك هەنگاوی پێشوەختانەو خۆپارێزی دەگرێتەبەر. بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت، کە تاکی بەهێز و تەندروست دەتوانن وڵات گەورەو بەهێز بکەن. لەبەرئەوە وەزیرانی تەندروستی هەوڵی چڕوپڕ دەدەن تا ڕێگری لە نەخۆشییە پەتاییەکان و بڵاوبوونەوەی بکەن یان لەباری هەبووندا ڕووبەڕووی ببنەوە. لە پێناوی کۆتایهێنان بە چەوساندنەوەی کرێکاران و چاکترکردنی هەلومەرجی گشتی شوێنگەی کار یان یاسای سەعاتی کارکردن و هەموارکردن دابڕێژرێت. بۆ نموونە، کارکردنی مێردمنداڵانی خوار چواردە ساڵ لە کارخانەو مانیفاکتۆرە مەترسیدارەکاندا قەدەغە بکرێت.

٢- **پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکاری:** دەوڵەتی خۆشگوزەران هەوڵدەدات پەروەردەو فێرکردن بۆ هەمووان فەراهەم بکات. لەمجۆرە دەوڵەتەدا فێرکاری تایبەت بە خێزانی دەوڵەمەندان نییە، هەمووان بەلایەنی کەمەوە لە خوێندنی سەرەتایی سوودمەندن و خوێندنی باڵاش بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە توانای هزرییان هەیە. بەرنامەی پێدانی کۆمەك بۆ خوێندن پیادە دەکرێت تا تاکە شایستەکان بەجۆری پەروەردەی دروست پڕچەك بکرێن. ئەوە تەواو سەلمێنراوە، کە بەبێ پەروەردەو فێرکاری تاکەکان بە دواکەوتوویی و نەزانی دەمێننەوەو کەسایەتی تاك گەشە ناکات. لەمڕووەوە دەوڵەتانی خۆشگوزەران یاسا بۆ کۆی سیستمی پەروەردەو فێرکاریی - سەرەتایی و باڵا، گشتی و هونەریی - دادەڕێژێت تا هەموو کەسەکانی ئارەزووی خوێندن و فێربونن، بتوانن بە خواستەکانیان شاد بن.

٣- **ئاسایشی ئابووری:** ئەگەر وەزعی خەڵکی لە رووی ئابوورییەوە باش نەبێت، ئەوا دەوڵەتی خۆشگوزەران وەك وەهمێك دەمێنێتەوە. جیاوازی گەورەی نێوان هەژار و دەوڵەمەندان پێویستە کۆتایی بێت و بۆ هەموان مادەی خۆراکی گونجاو، جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێ بۆ گوزەران و پشودان فەراهەم بکرێت. دەبێت هەژاریی لەناوبچێت. بە بڕوای (رایسن): (لەنێوبردنی راستەقینەی هەژاریی ئامانجی سەرەکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانەو هەر دەوڵەتێك ئەو توانایەی هەبێت و جێبەجێی نەکات، ناتوانێت وەك دەوڵەتێکی خۆشگوزەران رێز بەدەست بێنێت). تا ئەوپەڕی توانا هەوڵ بۆ لەناوبردنی بێکاریی بدرێت و هەلومەرجی کرێکارانیش چاك بکرێت. سەعاتەکانی کارکردن کەم بکرێنەوەو کرێکانیان گونجاو بکرێن. دەبێت ژینگەی کارەکان تەندروست بن و بۆ بێتواناو بە تەمەنان بڕیاری گونجاو دەربکرێت. دەبێت کۆتایی بە چەوساندنەوەی کرێکاران لەلایەن خاوەن کارگەو بازرگانە گەورەکانەوە بهێنرێت. جوانکاری و خۆدەرخستن بۆ گروپێکی بچوك و بەدبەختی و چارەڕەشیش بۆ پاشماوەی کۆمەڵگە کۆتایی پێبهێنرێت. (هاکرس – Hackers) سەبارەت بە ئەرکەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران وتویەتی: (دەوڵەتی خۆشگوزەران قۆناغی بەرایی سۆشیالیزمی پێرفێکتەو لە ئەمڕۆدا ئەڵتەرناتیڤی نێوان کاپیتالیزم و سۆشیالیزمە).

٤- **خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:** مەرجی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی شیاو ئەرکێکی دیکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانە. وڵاتە خۆرئاواییەکان لەو بوارەدا نموونەی باڵایان هەیە. فەڕەنسا و ئەڵمانیا لە وڵاتە گەورەکان بوون کە سیستمی پەروەردەو فێرکاریی دەوڵەتیان هێنایە بەرکار. بەریتانیا بیمەی بێکاری نیشتمانیی ناچاریی بەرقەرار کرد. راپۆرتەکەی (بێڤەریج – Lord Beveridge) سەبارەت بە بیمەی کۆمەڵایەتی، کە لە (١٩٤٢) دا بڵاوکرایەوە، یەکێکە لە بەڵگەنامە هەرە گرنگەکانی هاچەرخ. (بێڤەریج) ئەو راپۆرتەی لە بەریتانیا ئامادەکردبوو، کە زۆر خزمەتگوزاری و کۆمەکی لەخۆگرتبوو لەوەی دەبوو دەوڵەت بۆ گروپە مەحروم و بێتواناو بێکارەکانی خەڵك دەستەبەری بکات.

پێشەکی یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٩٤٦)ی فەڕەنسا جەخت لەوە دەکاتەوە کە: (بۆ هەموو خەڵك و بە تایبەتی بۆ منداڵان، دایکان و کرێکارانی بەتەمەن دەبێت چاودێری تەندروستی، ئاسایشی مادی، پشودان و کاتی بە تاڵی فەراهەم بکرێت).

ئامانجی یاسای (نیودیل – تێزی نوێ)، کە (روزفلت) بە دەنگی گەیاند، بریتی بوو لە چاککردنی خۆشگوزەرانی لە سەرانسەری ئەمەریکادا. هەروەها وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکانیش تێزی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیان بە ئامانجی چاکترکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی خەڵك پیادە کرد.

وێڕای ئەوانەش، دەوڵەتی خۆشگوزەران گرنگی بە هونەرەکان دەدات و ئاسانکاری بۆ نڤاری هونەری دەکات. هەرچەندە گەلەرییە هونەرییەکان، مۆزەخانەو کتێبخانەکان لە زۆر کۆنەوە هەبوون، بەڵام ئەمڕۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی نوێ لە فەراهەمکردنی ئەو توانستانەی دەبنە هۆی سڕینەوەی نیگەرانی و توندوتیژیەکان، زۆر پێشکەوتووە. دەوڵەتی خۆشگوزەران نەك تەنها ئەرکی پارێزگاریکردنی لە ئەستۆیە، بەڵکو لە پێناوی چاکترکردنی تەندروستی، هەوڵ دەدات بۆ برەوپێدانی پەروەردەو فێرکاری، دەستەبەرکردنی ئاسایشی مادی لە رێگای رێکخستنی چالاکیە ئابوورییەکانەوەو لەناوبردنی دژوارییە کۆمەڵایەتیەکان. ئەرکی راستەقینەی دەوڵەتی خۆشگوزەران راییکردنی سوودمەندبوونی هاوڵاتیانە لە ئازادیی راستەقینە.

هەروەها رێگرو ئاستەنگیش لەسەر رێگای چالاکی دەوڵەتی خۆشگوزەران هەیە. ئاستی نزمی بەرهەمهێنانی نیشتمانی، زیادبوونی دانیشتوان، نەدانی باج و نیگەرانی لە باجی زۆرو وەفاداری تەسکبینانە لەوانەیە ببنە ئاستەنگی بەردەم دەوڵەتی خۆشگوزەران.

هەندێك رەخنەیان لە دەوڵەتی خۆشگوزەران گرتوەو گوتویانە، کە دەوڵەتی خۆشگوزەران بۆ وڵاتە هەژارەکان شیاو نییە، چونکە دەبێتە هۆی تێچونێکی زۆر بەسەر دەوڵەت یان حکومەتەوە، سەربەخۆیی تاك لەناو دەبات و هزرێکی بێناوەڕۆکی بۆ دەئافرێنێت. بەجۆرێکی ناڕەوا بیروکراسی لە وڵاتدا تەشەنە دەکات و حکومەت بەبێ تێبینیکردن دراو بەخەرج دەدات، کە زیان بە جێگیری ئابووری دەگەیەنێت. مارکسیستەکانیش رەخنە لە دەوڵەتی خۆشگوزەران دەگرن و بە دەوڵەتێکی سەرمایەداری

دادەنێن، کە ئامانجی چەوساندنەوەی چینە زەحمەتکێشەکانەو دەیەوێت کۆنترۆڵیان بکات. لەدیدی ئەمانەوە دەوڵەتی خۆشگوزەران جگە لە کۆمیتەیەکی راپەڕاندنی بورژوازی شتێکی دیکە نییە.

## پەڕاوێزەکان:


١-جان استوارت میل، در ازادی، ترجمه محمود صناعی (تهران: سازمان کتابهای جیبی، ۳٤۰) ص ۲٥٥.

2-B.D, Gupta, welfarestate in India (New Delhi: chand and Co; 1963) p.2.

3-D. L. Hobman, The welfare state 2nd ed (London: Allen and unwin, 1971)p. 10.

4-Ibid. p 10.

5-Ibid. p 9.

6-Agarwal, op. cit. p 48.

7-T.H. Marshall, Socology at the Cross Road (New york: the Me Millan Co. 1963) p. 284.

8-william Arobson, welfares state and welfares society: (I llasion and Reality newyork: Mac Millan Co. 1957) p. 31.

# سەرچاوەکان

## ( فارسی )

ابوالحمد، عبدالحمید. حقوق اداری ایران، چاپ چهارم، تهران: طوس، ۱۳۷۰.
______ . مبانی سیاست، چاپ ششم تهران: طوس، ۱۳۷۰.
ارسطو. سیاست، ترجمهٔ حمید عنایت، چاپ سوم، تهران: شرکت سهام کتابهای جیبی، ۱۳۶۴.
بارنز، هـ. ا. و هـ. بکر. تاریخ اندیشهٔ اجتماعی، ترجمه و اقتباس جواد یوسفیان و علی اصغر مجیدی، چاپ دوم، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، ۱۳۵۸.
بنوا، آلن دو. «اصول دهگانهٔ دموکراسی مبتنی بر مشارکت»، ترجمهٔ بزرگ نادرزاد، اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی، سال هشتم، شماره ۵ و ۶ (بهمن و اسفند ۱۳۷۲).
پالمر، مونتی، لاری اشترن، چارلز گایل. نگرشی جدید به علم سیاست، ترجمهٔ منوچهر شجاعی، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی، ۱۳۶۷.
جونز، و. ت.. خداوندان اندیشهٔ سیاسی، ترجمهٔ علی رامین، جلد دوم، قسمت اول، تهران: انتشارات امیرکبیر، ۱۳۵۸.
دال، رابرت. تجزیه و تحلیل جدید سیاست، ترجمهٔ حسین ظفریان، تهران: نشر مترجم، ۱۳۶۴.
دوورژه، موریس. احزاب سیاسی، ترجمهٔ رضا علومی، تهران: انتشارات امیرکبیر، ۱۳۵۷.
______ . اصول علم سیاست، ترجمهٔ ابوالفضل قاضی، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، ۱۳۴۹.
راسل، برتراند. قدرت، ترجمه نجف دریابندری، تهران: انتشارات خوارزمی، ۱۳۶۷.

رودی، ک.ک.، ج. آندرسن، ک. ک. کریستول. آشنایی باعلم سیاست،
ملکوتی، ۲ جلد، چاپ دوم، تهران: کتابهای سیمرغ، ۱۳۵۱.

روسو، ژان ژاک. قرارداد اجتماعی، ترجمهٔ غلامحسین زیرک‌زاده، چاپ ششم، تهران: شرکت سهامی چهر، ۱۳۵۸.

ساباین، جرج. تاریخ نظریات سیاسی، ترجمهٔ بهاءالدین پاسارگاد، چاپ دوم، تهران: انتشارات امیرکبیر، ۱۳۵۱.

ستیس، و. ت.. فلسفهٔ هگل، ترجمهٔ حمید عنایت، ۲ جلد، چاپ پنجم، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، ۱۳۵۷.

ضیایی بیگدلی، محمدرضا. حقوق بین‌الملل عمومی، چاپ پنجم، تهران: گنج دانش، ۱۳۷۱.

طباطبایی، سیدجواد. درآمدی فلسفی برتاریخ اندیشهٔ سیاسی در ایران، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی، ۱۳۶۷.

عنایت، حمید. بنیاد اندیشهٔ سیاسی در غرب؛ از هراکلیت تا هابز، تهران: انتشارات فرمند، ۱۳۴۹.

غزالی، امام محمد. نصیحة الملوک، به تصحیح جلال‌الدین همایی، تهران: انتشارات بابک، ۱۳۶۱.

فرانکل، جوزف. روابط بین‌الملل در جهان متغیر، ترجمه عبدالرحمن عالم، چاپ سوم،
تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی، ۱۳۷۳.

فیلیپس، جان ال.. تفکر آماری، ترجمهٔ کاظم ایزدی، تهران: انتشارات دانشگاه علامهٔ طباطبایی، ۱۳۷۱.

قادری، حاتم. اندیشهٔ سیاسی غزالی، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی، ۱۳۷۰.

قاضی، ابوالفضل. حقوق اساسی و نهادهای سیاسی، جلد اول، مبانی و کلیات، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، ۱۳۶۸.

لائوست، هانری. سیاست و غزالی، ترجمهٔ مهدی مظفری، ۲جلد، تهران: انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، ۱۳۵۴.

لاپیر، ژ. و.. قدرت سیاسی، ترجمهٔ بزرگ نادرزاد، تهران: کتاب زمان، ۱۳۶۲.

مقتدر، هوشنگ. حقوق بین‌الملل عمومی، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی، ۱۳۷۲.

منتسکیو. روح‌القوانین، ترجمهٔ علی اکبر مهتدی، چاپ سوم، تهران: بنگاه مطبوعاتی

صفی‌علیشاه، ۱۳۳۴.
میخلز، روبرت. جامعه‌شناسی احزاب، ترجمهٔ احمد نقیب‌زاده، تهران: قومس، ۱۳۶۹.
میل، جان استوارت. در آزادی، ترجمهٔ محمود صناعی، تهران: سازمان کتابهای جیبی، ۱۳۴۰.
وینسنت، اندرو. نظریه‌های دولت، ترجمهٔ حسین بشیریه، تهران: نشرنی، ۱۳۷۱.

## ۲. انگلیسی

Agarwal, N.N., V.Bhushan, V. Bhagwan *Principles of Political Science*. 13th ed. New Delhi: R. Chand and Co., 1991.

Almond G.A and G.B. Powell, *Camparative Politics: A Developmental Approach*. Boston: Little Brown and Co., 1978.

Almond, G. A. and Sidney Verba, *The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations*. Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1963.

Ball, Alen R., *Modern Politics and Government*. London: Oxford University Press, 1951.

Barker, E., *The Study of Political Science and it's Relation to Cognate Studies*. Combridge: Cambridge University Press, 1928.

Beni Prasad, C. F., *The Demorcatic Process*. London: Oxford University Press, 1932.

Bhattacharjee, Arun, *An Introduction to Political Science*. New Delhi: S.B. Nangia, 1991.

Binder, Leonard, *Crises and Sequences in Political Development*. Princeton: Princetion University Press, 1971.

Bluntschli, J. K., *The Theory of the State*. 3rd ed., Oxford: 1895.

Brown, Ivor, *English Political Theory*. London: William Hodge, 1929.

Bryce, James, *Modern Democracies*. NewYork: The Macmillan Company, 1921.

___________. *The American Commonwealth*. NewYork: the Macmillan Co., 1891.

Buckle, *History of Civilization in England*. Vols. 3, London: 1936.

Burke, Edmund, «Thoughts on the case of present Discontents in *The Works of Edmund Burke*, Vols, 2, London: Holfman & knopf, 1949.

Catlin, G., *A Study of the Principles of Politics*. London: Allen & Unwin, 1970.

__________ . *Systematic Plitics*. Toronto: Toronto University Press, 1962.

Corry, J. A., *Democratic Government and Politics*. Toronto: University of Toronto Press. 1947.

Dahl, Robert A., *Modern Political Analysis*. 5th ed. N. J. Englewood Cliffs: Prentice- Hall, 1991.

Deutsch, Karl, *Politics and Government*. 3rd ed., Boston: Hooghton Mifflin, 1980.

Dicey, A.V., *Introduction to the Study of the Law of the Constitution*. 10th ed., London: Macmillan, 1965.

Dillon, C., C. Leiden, P. Stewart. *Introduction to Political Science*. NewYork: D. Van Nostrand Co., 1965.

Easton, David, *A System Analysis of Political Life*. NewYork: Wiley, 1965.

Figgis, A., *Churches in the Modern State*. London: Macmillan, 1962.

Finer, Herman, *The Theory and Practice of Modern Government*. 4th ed., NewYork: Methuen, 1965.

Forbes, Ian, Steve Smith, *Politics and Human Nature*. London: Frances Pinter Pub. 1983.

Ford, G.S., *Dictatorship in the Modern World*. NewYork: University of Minnesota Press, 1939.

Frantsev, Yuri P., *Commonism and Freedom of the Individual* Moscow: Foreign Longuage Publishing House, n.d.

Garner, J. W., *Introduction to Political Science*. NewYork: American Book Co., 1932.

__________, *Political Science and Government*, NewYork: Harper and Row 1952.

Gettell, Roymond G., *History of Political Thought*. NewyYork: Ginn and Co., 1924.

Gilchrist, R.N., *Principles of Plitical Science*. 6th ed., London: Longman. Green

and Co. Ltd., 1938.

Ginsberg, m., *The Psychology of Society.* 8th ed., London: Oldhams Press, 1951.

Gould, J.A.and V.V. Thursby (eds.), *Contemporary Political Thought: Issues in Scope, Value and Direction.* NewYork: Holt, Rinehart and Winston, 1969.

Gupta, B. D. *Welfare State in India.* New Delhi: Chand and Co., 1963.

Hill, Ronald J., *Soviet Politics, Political Science and Reform.* Oxford: Martin Roberston and Co. Ltd., 1980.

Hobbes, Thomas, *Leviathan*, ed. by John Plamenatz, London: Fontana, 1962.

Hobman, D. L. *The Welfare State*, 2nd ed. London: Allen and Unwin, 1971.

Jenks, Edward, *A Short History of Politics.* London: Duckworth, 1949.

__________. *The State and the Nation.* London: J. M. Dent & Sons Ltd., 1982.

Johari, J. C., *Comparative Politics.* 13th ed., New Delhi: Sterling Publishers Private Limited, 1991.

Jouvenal, Bertrand de, *The Pure Theory of Politics.* Cambridge: Combridge University Press, 1963.

Kahn, Hans, *The Idea of Nationalism: A Study in it's Origins and Background.* NewYork: The Macmillan Co. 1945.

Kalvelage, Carl and Morley Segal, *Research Guid in Political Science.* 2nd ed. N. J, Morristown: Greneral Learning Press, 1976.

Kapur, A. C., *pinciples of Political Science.* 17th ed., London: C. Allen & Unwin Ltd., 1987.

Laski, Harold, *A Grammar of Politics.* 5th ed., London: C. Allen & Unwin Ltd., 1967.

__________. *The State in Theory and Practice.* London: Allen and Unwin, 1935.

Lasswell, H. D. and A. Kaplan, *Power and Society: A Framework for Political Analysis.* NewHaven: Yale University Press, 1950.

Leacock, Stephen, *Elements of Political Science.* London: Constable, 1924.

Leftwich, A., (ed.), *What is Politics*. Oxford: Basil Blackwel, 1984.

Lenin, V.I. *Selected Works in Two Volumes*. Moscow: Progress, 1946.

Lipmann, Walter, *Preface to Politics*. New York: 1913.

Lipset, Seymour M. (ed.), *Politics and the Social Sciences*. London: Oxford University Press, 1969.

Lipson, Leslie, *The Great Issues of Politics: An Introduction to Political Science*. 4th ed., Englewood Cliffs, N. J.: Prentice Hall, 1970.

Locke, John, *Two Treaties on Civil Government*. London: Halfner Press, 1947.

Lucas, J. R., *The Principles of Politics*. Oxford: Clarendon Press, 1985.

MacIver, Robert M. *The Modern State*. NewYork: Oxford Unversity Press, 1964.

_______. *The Web of Government*. NewYork: The Macmillan Company, 1947.

Mackenzie, W.J.M., *Politics and Social Science*. Baltimore, Md.: Penguin Books Inc., 1964.

Manheim, Jarol and Richad Rich, *Empirical Political Analysis, Research Methodes in Political Science*. 2nd ed., London: Longman Inc., 1986.

Marshall, T. H., *Sociology of the Cross Roads*. NewYork: The Macmillan Co., 1963.

Mclenan, J. F. *Primitive Society*. 1867.

Medding, P., «A Framework for the Analysis of Power in Political Parties» *Political Studies*, Vol. 18, (March 1970).

Merriam, Charles E., *The New Democracy and the New Desperation*. Chicago: Chicago University Press, 1939.

Michels, Robert, *political Parties*. NewYork: Free Press, 1949.

Mill, J. S., *A System of Logic*. 8th ed. London: 1900.

_______. *Utilitarianism, Liberty and Representative Government*. New ed., London: Dent, 1979.

Morgan, L. H. *Studies in Ancient Society*, 1878.

Morgenthau, Hans J., *Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace*.

NewYork: Alfred A. Knopf, Inc., 1972.

Myrdal, Gunnar, «The Relation Between Social Theory and Social Policy» *British Journal of Sociology,* (September, 1953).

Nagel, Jack H. «Some Questions About the Concept of Power» *Behavioral Science,* Vol. 13, No. 2 (1968) pp. 129 - 137.

Nnoli, Okwadiba, *Introduction to Politics.* Essex: Longman Group Ltd., 1990.

Nyerere, Julius K., «One - Party System» *SPEARHEAD: The Pan - African Review,* No. 1 (Jan. 1963) pp. 11 - 22.

Pennock, Ronald and David Smith, *Political Science.* NewYork: Macmillan, 1964.

Polsby, N. and R. Dentlar and P. Smith (eds.) *Politics and Social Life.* Boston: Littell Brown, 1963.

Ponton, Geoffery and Peter Gill, *Introduction to Politics.* Oxford: Basil Black Well Ltd., 1987.

Pye, Lucian and Sidney Verba (eds.) *political Culture and Political Development.* Princeton N. J.: Princeton University Press, 1965.

Pye, Lucian W., *Aspects of Political Development.* Boston: Little Brown, 1966.

__________, *Communications and Political Development.* Princeton: Princeton University Press, 1963.

__________, *Self - Government in Modernizing Nations.* N. J.: Prentice - Hall, 1964.

Raphael, D.D., *Problems of Political Philosophy.* 2nd ed., London: Macmillan, 1990.

Riggs, Fred W., «Further Considerations of Development» *Administrative Change,* Vol. 4, No. 1 (1976).

Robson, Willam A. (ed.), *The University Training of Social Sciences: Political Science* (A Report of Behalf of the International Political Association) Unesco, 1954.

__________, *Welfare State and Welfare Society: Illusion and Reality.* NewYork: Macmillan Co., 1957.

Rodee, C. C., T. J. Anderson, K. Christol, *Introduction to Political Science*, NewYork: McGraw - Hill, 1957.

Roseman, C. and C. G. Mayo, F.B. Collinge, *Dimentions of Political Analysis, An Introduction To the Contemporary Study of Politics*. N. J. Englewood Cliffs: Prentice Hall, 1960.

Rousseau, J. J., *The Social Contract*. London: Everyman's Library, 1953.

Rubinstein, A. And G. Thumm, *The Challenge of Politics; Ideas and Issues*. 3rd ed. Englewood cliffs N. J.: Prentice - Hall, Inc., 1970.

Runciman, W. G. *Social Science and Political Theory*. Cambridge: Combridge University Press, 1965.

Sabine, G., *A History of Political Theory*. 3rd ed., NewYork: Holt, Rinehart and Winston, 1961.

Sait, Edward M., *Political Institutions: A Preface*. NewYork: Appleton Century, 1983.

Samuel, Herbert, *Practical Ethics*. London: Allen & Unwin, 1935.

Sathyamurthy, T. V. *Nationalism in the contemporary World: political and Sociological Perspective*. London: Frances Pinfer publishers, 1983.

Schuman, F. *International Politics* NewYork: McGraw Hill, 1948.

Schumpeter, J. A., *Capitalism, Socialism and Democracy* 5th ed. London: Allen & Unwin, 1950.

Seeley, John R., *Introduction to Political Science*. London: George Allen & Unwin, 1923.

Sidgwich, Henry, *The Elements of Politics*. London: Macmillan, 1920.

Sigel, Robert, «Assumption About the Learning of Political Values» *The Annual of the American Academy of Political and Social Science*. Vol. 36 (Sep. 1965).

Stalin, J. V., *The National Question and Leninism*. Moscow: Progress, 1950.

Strong, C. F. *Modern Political Constitutions*. London: Sidgwick and Jackson, 1966.

Tullock, Gordon, *Toward a Mathematics of Politics*. Michigan: Michigan University

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

(٢٠١١ - ٢٠١٢)

| ز | بابەت | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگــەی میــدیا لەهەڵبــژاردنی ســەرۆکایەتی ئەمریکادا، ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاکتەرو گرفتـەکانی دیموکراسـی، ژ. ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیــسلامو مۆدێرنــە، ئیــسلام لەبــەردەم ئەگــەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | نوسینی. محمد رەزا شالگونی وەرگێڕانی. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روســیای قەیــسەری بەرامبــەر بــەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطــات، اثــرت في حيــاة الكــورد وحركــاتهم القومية | بقلــم: عبــدالرزاق محمــود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | نوسینی.<br>مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٨ | كوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنی ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاین و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسی و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار) ترجمة ومراجعة: د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە کورتەباسێکی مێژوویی | نوسینی. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گوروون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوللا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێكۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندكریێ سێیەمین كۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی رێكخستنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئالآ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگەری قەرزە گشتیەكانی ئەمریكا لەسەر ئابووری ئەمریكاو جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا<br>(روسی — كوردی) | ئامادەكردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | كورد لەسوریاو ئازەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نامیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. رێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەركەكانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێكەوتنێكی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەكردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مباديء العدالة | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەلاٌتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ و. لەئەلٌمانیەوە: هەلٌۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئالٌوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەلٌ هەڤالٌ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەلٌبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدءً من جنوبها | المحامی شيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەلٌمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەلٌبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسی و دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالكريم مجيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٤٤ | ديموكراسى لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشيارى ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئينتەرناسيۆناليزمى دينىو ديياردەى فرە نەتەوەيى، ز. هۆشيارى، ژمارە (٤٢) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژوى نەوتى كەركوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشورى سودان، ز. هۆشيارى ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية، ز. هۆشيارى، ژ(٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاكراد والديمقراطية والاندماج، ز. هۆشيارى، ژ(٤٥) | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانى كوردى لەدەستورەكانى عيراقدا، ز. هۆشيارى، ژ(٤٦) | خەليل عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥١ | رۆڵى ژنان لەپەرەپێدانى كارى رێكخراوەييدا (ى. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشيارى، ژ(٤٧) | جەميلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشيد<br>نيگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵى لەبزووتنەوەى سياسيدا | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپكە گوڵ: قەفتەيەك ژ سەروەرىو هەڵوستێن ئێكەتى نيشتمانى كوردستان، زنجيرە هۆشيارى، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عيدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبزو فلسفته السياسية | احسان عبدالهادى النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و رێكخراوە سياسييەكان | محمد فاتيح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دريڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنى ستراتيجى عيراقو سێ كوچكەى بەعسيان | ئەمين قادر مينە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆيسترۆيكا بن لادنو مۆنيكا | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزى كورد لەنەخشەى رۆژهەلاتى ناوەڕاستدا | دكتۆر خەليل ئيسماعيل محەمەد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦٠ | دەوڵــــەتی عوسمـــــانیو عەشــــیرەتە کوردەکـــــان لەکوردستانی باشور | خالد محمود کریم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکـەی کـورد لەمیـدیای جیهانیـدا، ژمارە (٤) | وەرگێڕانی: ڕەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعيـة في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الأمريكي في بناء الـشعوب مـن المانيـا إلى العراق | ت: نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |
| ٤٦٧ | دەربـــارەی شـــێوەی ئاســـیایی بەرهـــەم هێنـــان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید ڕەسوڵ | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆماتو دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الدعـائم الأساسـية للدولـة الفدراليـة، نامیلکـەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگـەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسین | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیـــەك بـــۆ ئاسایـــشی نیـــشتمانی هـــەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | النظم الأنتخابية ونظام انتخاب مجلـس المحافظـات العـراق واقلـيم كردسـتان، نامیلکـەی هۆشـیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧٥ | ئیـــدارەی کـــوردی و ئۆپۆزسـیۆن، نامیلکـــەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعيل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالبـــاني وجـــائزة نوبـــل للـــسلام، نامیلکـــەی هۆشیاری (٥٦) | يوناتا ديوخ موسى | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتايبەتيكردن وەك ميتۆدێكی ريفۆرمی ئـابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەيسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیـــسلامو مۆدێرنێتـــەی سیاســـی، نامیلکـــەی هۆشیاری(٥٨) | مۆريس بارييە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیمـوکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدين فەقێ عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | ملحوظات عامـة ودروس مـستنبطة مـن معـارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ | دلاوەر عثمان مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |

چاپ: چاپخانەی حەمدی